# کانیی خومان

هەقایەت و ئەفسانەی کوردی

(ناوچەی خۆشناوەتی)

هەواڵنامەی کتێب

کۆکردنەوە و پەراوێزی

هێمن عومەر خۆشناو

بڵاوکراوەکانی ئیستیتیوتی کەلەپووری کورد-سلێمانی

2013

## پێرست

پێشەکی.......................................................9
کورتەیەك لە سنووری جوگرافیای خۆشناوەتی...........................13
فەقیر.........................................................17
ڕدێن ڕەش و ڕدێن سپی..........................................39
سولّتان و شای پەرییان............................................65
ئەحمەد پاشا....................................................81
فەقیری دان کەسك و چل برا......................................91
خورشیدی خاوەر زەمین..........................................105
فەقێ ئەحمەدی تارانێ............................................121
کاروباری مارێ ژن بەڕێوابا.......................................135
کەچەری قازەوان................................................167
سەگەبۆر.......................................................175
هەرچی خوا نەکا ناکرێ..........................................181
ئەحمەدی خویندەوار.............................................187
لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری...................................207
فاتمێ حەفت برایان...............................................231
سێ کۆسە......................................................233
کوڕە پاشا و سەرقافلّەچی.........................................237
شێخ و مەرقەدی جاشکەکەرێ.....................................241
حوسێنی غازی..................................................243
نەخشەی شێوەزاری خۆشناوەتی....................................297

## پێشەکی

جیهانی فۆلکلۆر و ئاخاوتنی پێشینانمان، جیهانێکە کە لە زۆر لایەنەوە نەقشی لەسەر دیواری بیر و زانیاریمان دروست کردووە، ئەم کاریگەرییە بە جۆرێکە کە دەتوانین بڵێین وەك سەرچاوەی زۆربەی هەوڵەکانی نووسینە لە زۆر باری جۆراوجۆردا. بەرهەمی بیری پێشینانمان، ئەوەندەی بەسەرزارەوەیە و دەوترێتەوە، کەمتر ئامادەی مەیدانی توێژینەوەیە. ئاشکرایە کە بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار و گۆڕانی نەوەکان، ئەم بابەتەش هێدی هێدی بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات و سیمای کەمتر لە بیرۆکەی پاراستندا بەرجەستە دەکات، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ کۆکردنەوەیان بدرێت، لە گەڵێ ئاراستەوە کەڵکی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەم هەوڵدانە بۆ ئەوەبێت کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە.

زۆربەی گەلان لە بواری کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆریدا، خاوەنی ئەرشیڤێکی نووسراوی دەوڵەمەندن و بەرهەمەکانیان بۆ زمانانی تر وەرگێڕاوە و بە گەلانی تریشیان ئاشنا کردووە. گەلی کوردیش وەك ئەم گەلانە خاوەن بەرهەمێکی زۆری فۆلکلۆرییە و گەنجینەیەکی لە ئەفسانە و داستان و پەندی پێشینان و... تد هەیە، کە بەداخەوە تا ئێستا وەك پێویست کۆ نەکراوەتەوە و خزمەت نەکراوە.

کۆکردنەوەی ئەم دەقانە و ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی گۆیندەکانیەوە، کارێکە گرنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە لەم بەرهەمەدا کە لە ڕێگای کاسێت و تەسجیلەوە هەقایەتەکانمان وەرگرتووە، جگە لەوەی کە بەرهەمەکەمان وەك خۆیان و بێدەستکاری خستووەتە سەر پەڕە و نووسیومانەتەوە، ڕێگەشمان بۆ پاراستنی شێوەزار و دەیان و سەدان وشە کردووەتەوە کە جارێکی تر خۆیان لە زمانەکەدا بخەنەوە ڕوو. بەمانایەکی تر، جیاکردنەوەی دەقەکان لەسەر بنچینەی شێوەزار و ناوچەکان، دەرگایەکی دیکە بە ڕووی خوێنەردا دەکاتەوە تا لە ڕووی زاراوە و ناونانی کەرەستەکانەوە شارەزایی زۆرتر پەیدا بکات.

ناونانی ئەم کۆمەڵە هەقایەتە بە (کانیی خومان) بۆ ئەوەبووە کە بە ناوی هەقایەتەکانەوە نەبێت کە ئەمڕۆ بووە بە ڕێچکەیەك لە چاپکردنی کتێبەکاندا کە بۆتە باو لە زۆربەی کتێبە چاپکراوەکاندا ناوی یەکێك لە چیرۆکەکان بووە بە ناونیشانی بەرگی کۆمەڵە هەقایەتێك. ناوی ئەو کۆمەڵە هەقایەتەی کە لەم کتێبەدا هاتووە، بەناوی ئەو شوێنەوە ناونراوە کە هەقایەتبێژ لە میانی گێڕانەوەی هەقایەتەکەدا ناوی

**بردووە کە بریتییە لەکانییەك کە دەکەوێتە ناوەندی خۆشناوەتی لە شەقڵاوە، ئەویش (کانیی خومان)[1]ـە.**

**لە کۆکردنەوەی ئەم دەقانەدا کە لە ماوەی نێوان ساڵی 2006–2008 دەست بە کۆکردنەوەیان کراوە، بە پلەی یەکەم مەبەست پاراستنە لە فەوتان و کۆکردنەوەیانە لە چوارچێوەی شێوەزارێکی دیاریکراو و ناوچەیەکی دیاردا کە ناوچەی خۆشناوەتییە، لەم ڕووەوەشەوە هەوڵ دراوە گۆیندەکان جیاواز بن واتە لە ناوچە جیاوازەکانی شێوەزاری خۆشناو بن، ئەمەش زۆرتر یارمەتی لێکۆڵەری بواری زارەکان دەدات تا هەست بە جیاوازی فرە گۆڤەری شێوەزاری خۆشناوەتی بکرێت.**

**یەکێك لەو گرفتانەی دێتە سەر ڕێگای ئەو کەسانەی کە بە کۆکردنەوەی ئەم هەقایەتانەوە خەریکن، مەسەلەی ناوونیشانی دەقەکانە, بە جۆرێك زۆر جاری وا هەیە هەقایەتبێژ ڕاستەوخۆ دەست بە گێڕانەوەی هەقایەتەکە دەکات و ناوی هەقایەتەکە لەبیردەکات و یان هەر خۆی تەنیا ناوەڕۆکەکە دەزانێ و ناوێکی دیاریکراویان نییە, بۆیە لە کۆی ئەم هەژدە هەقایەتەش هەست بەوە دەکرێ هەندێکیان ناوی ڕەسەنی خۆیان هەیە، جا ناوەکە ناوی کارەکتەرێکە وەك (حوسێنی غازی) یان ناوی کارەکتەرێك و وڵاتەکەیەتی وەك (فەقێ ئەحمەدی تارانێ)، یان خەسڵەت و**

---

1– کانی خمان–کانی خومان، ناوی سەرچاوەیەکی کوێربووەوەی ئاوە لە شارۆچکەی شەقڵاوە، کە کەوتۆتە داوێن گردی (دێر)یێ، خوار گۆڕستانی کریستیانەکانی شەقڵاوە، ئەم پێگەیە لە ڕووی جوگرافیاوە حاڵی حازر وەکو سنوورێکی نادیارە لەنێوان کریستیانی و موسڵمانەکان کە دانیشتوانی شەقڵاوەی لێ پێکدێ، هەرچەندە پێشتر ئەم سنوورە شوێنی قشلەی شەقڵاوە بوو.لە کۆندا کە جولەکەکان لە کوردستان نیشتەجێبوون، زۆربەیان بە کاری بازرگانی و بەشێکیشیان بە کاری دەستی و کارە خزمەتگوزارییەکانەوە خەریك بوون، یەکێك لەو کارانەی کە خەریکی بوون کاری خمچییەتی بوو، ئەو کەسەی ئەو کارەشی دەکرد پێیان دەگوت خمچی، ئەم کارەش بریتی بوو لە (لەخمنانی جلوبەرگ) ئەو سەردەمە خەڵك هەژار بوو، جلی پیاوانە زۆربەیان کەوا و سەڵتە بوو، بەشێکی جلوبەرگەکانیش لە کاتی هەژاریدا لە قوماشێك دروست دەکران کە پێی دەگوترا (خام) ئەم خامە ڕەنگێکی سپی مەیلەو زەردی هەبوو، ئەو کاتانەی کە کەسێکی ئازیز لە بنەماڵەیەك کۆچی دوایی بکردبایە، خەڵکەکە پارەی ئەوەیان نەبوو کە جلی ڕەش لەبەر بکەن، هەربۆیە بە پارەیەکی زۆر کەم جلە کۆنەکانی خۆیان دەبردە خمخانە و لە خمیان دەنا، ئەمجارە ڕەنگەکەی دەبوو بە ڕەشێکی بۆز، بەم شێوەیە دیار بوو کە ئەو کەسە یەکێك لە کەسە نزیکەکانی لەدەستداوە، ئەمەش لەو ناوچەیە بۆتە دوعایەك زۆر جار تا ئێستاش لە منداڵەکان دەکرێت لە لایەن دایك و داپیرەوە، پێیان دەڵێن (ڕەبی خۆت لە خمێ نێی). زۆربەی خمخانەکان دەبوایە لە نزیك سەرچاوەکانی ئاو بن، چونکە ئەو سەردەمە ئاو بەسەر ماڵەکاندا دابەش نەکرابوو لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئاو، هەربۆیە ئەو کانیە ببوە دابینکەری ئاوی خمخانەی شەقڵاوە و ناوی بوو بە کانی خمان، بە تێپەڕبوونی کات ناوەکەی گۆڕاوە بۆ کانی خومان. (دڵشاد خۆشناو)

تایبەتمەندی کارەکتەرەکانە وەك (ڕدێن ڕەش و ڕدێن سپی)، یان دەبەریەك ڕاچوونی دوو کارەکتەرە وەك (سوڵتان و شای پەرییان)...تد, تەنیا ئەمانە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گەرەکە و کە پرسیاریش لە هەقایەتبێژەکە دەکەی لەبارەی ناوی هەقایەتەکە، هەندێ جار ڕووبەڕووی وەستان دەبێتەوەو پێگەی کام کارەکتەر لە پالەوانێتی نزیك بێت, ئەم دەکاتە ناوونیشان، کە ئەمەش گرفت دەخاتەوە بەوەی مەرج نییە هەر تەنیا پاڵەوان ببێتە ناوونیشان و دەشێ ناوی شار، یان سیفەت، یان وتەیەك وەك (هەرچی خوانەکا ناکرێ) ببێتە ناوونیشانی دەق.

لەبەر ئەوەی کە بەرهەمی فۆلکلۆری لەکاتی وەرگرتنیدا چۆنە، دەبێت بەوشێوەیە بنووسرێتەوە و دەستکاری تێدا نەکرێت، نەتوانرا ئەو هەڵە و ناتەواوییە ڕێزمانیی و ڕستەسازییانە چاك بکرێنەوە کە لە هەقایەتەکاندا هاتبوون. دانانی فەرهەنگۆکێکی سادەش لە شێوەی پەراوێزدا بۆ واتای هەندێ لە وشەکان، هەوڵێکە بۆ زیاتر شارەزابوون لەو شێوەزارە و ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی باشتر لە هەقایەتەکان.

لەکۆتاییدا سوپاس و پێزانینم بۆ هەریەك لە (کاك قەهار قادر) کە لە کۆکردنەوەی هەندێك لە هەقایەتەکاندا هاوکارم بوو، هەروەها مامۆستا (عەزیز گەردی) کە هانیدام بۆ ئەم کارە, کاك (بوار نورەددین)یش هەندێك پەراوێزی بۆ زیادکردم... بەو هیوایەی بەم کارەمان، خزمەتێکی بچووکی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیمان کردبێت.

هێمن عومەر خۆشناو

بەهاری 2009

کاوانیان- شەقلاوە

هەوارنامەی کتێب

# کورتەیەك لە سنووری جوگرافیای خۆشناوەتی

خۆشناو وەك هۆز و خۆشناوەتی وەك ناوچە، لە جوگرافیای کوردستاندا خۆی بەرجەستە دەکات. ئەگەر سەرەتا لە خودی هۆزەکەوە دەست پێبکەین، ئەوا بە گوێرەی گوتەی پێشینان: هۆزی خۆشناو لە کوردستانی سەر بە ئێراقدا بە دووەم هۆز دێت لە دوای هۆزی جاف لە ڕووی چەندییەوە.[1]

ئەم هۆزە، لە ڕوانگەی میر و دەسەڵاتدارەکانییەوە، دابەشی سەر سێ تیرە کراوە، ئەوانیش: تیرەی میروسویی (میروسی)[2] و تیرەی میرمەحمەڵی[3] و تیرەی میرئاودەڵی (پشت گەڵی)ن[4] کە دابەشی سێ ناوچەی دیاریکراو بوون, واتە بە گوێرەی هەوادارانی ئەم میرانە، ناوچەکە دابەش کراوە.

خۆشناوەکان دەکەونە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیی و کە پارێزگای یەکەمیان، زۆرترین ناوچەی خۆشناوان لە خۆدەگرێت و لە چوار قەزای ئەو دوو پارێزگایەدا هەن, کە بە پلەی یەکەم قەزای شەقڵاوە وەك ناوەندێکی سەرەکی خۆشناوەکان -واتە خودی شاری شەقڵاوە- بە تێکڕایی بە خۆشناو دادەنرێن و پاشان قەزاکانی ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی و قەزای کۆیە و سۆران لە پارێزگای هەولێر، چەند ناحیە و گوندێك لەخۆدەگرن و بە ڕێژەیەکی بەرچاو خۆشناویان تێدا نیشتەجێیە.

لەڕووی جوگرافییەوە، سنووری خۆشناوەتی لە دەوروبەری پیرمامەوە لە گوندی سێوەکەی نزیك بەستۆرەوە بەرەو ڕێگای کۆیە درێژ دەبێتەوە، کە لێرەدا، سنووری خۆشناوەتی لە گەردییەکانەوە نزیکە تا دەگاتە گوندی دەربەندی گۆمەسپان و لەوێوەشەوە بە گوندەکانی بناری سەفیندا و لەگەڵ گوندەکانی کێشکە و ونکە و عەلیاوەدا درێژ دەبێتەوە، کە سەر بە ناحیەی دێگەڵەی قەزای کۆیەن. ئەمانە دوا

---

1- ئامارێکی تەواو لەبەردەستدا نییە، بەڵام لەمێژە لە نێو ڕیش سپیی و دیوەخانی عەشیرەتاندا وا گوتراوە.

2- مەڵبەندی سەرەکیی نیشتەجێ بوونیان شەقڵاوە بووە -بێگومان لە ڕووی ئیدارەی میرایەتییەوە- دەنا دەشێ هەندێ میروسویی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرمەحمەڵی بن.

3- مەڵبەندی سەرەکیی نیشتەجێبوونی دەسەڵاتەکەیان لە بالیسان بووە. ئەگەرچی میروسویشی لێنە.

4- مەڵبەندی سەرەکیی نیشتەجێبوونیان گوندی بێتواتەیە. هەریەکە لە شەقڵاوە و بالیسان و بێتواتە، بە جیا میرێك بەڕێوەی بردوون.

سنوورن لەم لایەوە هەتا گوندی سماقوڵی و گوندی کرۆژ, واتە کرۆژ خۆشناو نین و بە نێوانی خۆشناو و کۆیە دادەنرێت.[1]

هەر لە دەوروبەری پیرمامەوە بە دیوی شەقڵاوەدا، لە گوندی زیارەتی مەلا نەبیان دەست پێدەکات کە لەم لایەوە سنوورەکەی لەگەڵ هەرکیی و زراریيان لە خۆشناوەتی جیا دەبنەوە, لە زیارەتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دێت، تا دێتە کۆڕێ و شەقڵاوە و دۆڵی هیران و ناحیەی سکتان و لە بەری دەستەڕاست دواهەمین گوند, گوندی جەلییە و لە بەری دەستە چەپیشەوە، دواهەمین گوند گردگۆرانە لە نزیك هیزۆپ.

لە بەشی لای ڕۆژهەڵاتەوە، لە شارەدێی سەروچاوەوە کە مەڵبەندی ناحیەی بێتواتەیە –سەروچاوە ئاوەکە کردویەتە دووبەشەوە–، بەشێکیان بۆڵییەکانی لێن و خۆشناو نین و بەشەکەی تر بە خۆشناوەتی دادەنرێت, لەم لایەشەوە بۆ دۆڵی بالیسان درێژ دەبێتەوە و لەسەر ڕێگای دواهەمین گوند (گوندی خەتێ)یە کە لە خەتێ بەولاوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا لەگەڵ سنووری (هەرووتی)یان دەبنە دراوسێ, دوای چەند گوندێکی هەرووتییان دووبارە سنووری شێوەزاری خۆشناو و خۆشناوەتی لە دۆڵی مەلەکان لە باکووری (خەتێ)وە دەست پێدەکات کە دواهەمینیان گوندی مەلەکانە و سەر بە ناحیەی خەلیفانی قەزای سۆرانە.

لە ناحیەی (باسرمە)یش دوایین سنووری خۆشناوەتی گوندی باشوورەی سەرووە[2] کە لێرەوە لەگەڵ خەیلانی و سورچی دەبنە دراوسێ و لە باکووری شەقڵاوەش دوایین سنوور گوندی ماوەرانە کە نزیکترین گوندی سنوورییە.

---

1– شێوەزاری نێو شاری کۆیە، لە خۆشناوەتی نزیکترە تا هەولێر، ئەم پێکچوونی شێوەزارە، لەم سەردەمەدا گۆڕانیی بەسەرداهاتووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کۆیە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە هەولێر بووە، چونکە ئەگەر تەماشای نووسینەکانی هەشتا ساڵ لەمەوبەر بکەین، زۆربەی قسەی کۆییان لە خۆشناوەکانەوە نزیك بووە (ئەگەرچی خودی شاری کۆیەش خۆشناوی زۆر لێ نیشتەجێن و بە تێپەڕبوونی کات بوونەتە کۆیی)، ئەوەتا (مەلای گەورە) لە تەفسیرەکەی دا دەنووسێت: گوێ و لێ بی، لێرە قسەیان کرد... حیکایەت خوانەکان کلك و گوێی بۆ ئەکەن، ڕێکی ئەخەن... (تەفسیری کوردی– لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە، بەرگی دەیەم، ل589) دەبینین جێناوی (و) لە (گوێ و)دا لەباتی جێناوی (تان)ی کەسی دووەمی کۆ هاتووە.

2– دەبلیو ئار هەی، کاپتنی سیاسی ئینگلیزەکان لە هەولێر، لە کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان)دا، گوندی (باشوورە)ی بە دواهەمین سنووری خۆشناوەتی داناوە لە بەری ناحیەی باسرمەوە کە لەگەڵ سورچییەکان لەلایەك و خەیلانییەکان لەلایەکی تر، جوێ دەبێتەوە. بڕوانە: دوو ساڵ لە کوردستان– گەشتێکی نهێنی بۆ میزوپۆتامیا، نووسەر: دبلیۆ ئارهەری (حاکمی سیاسی هەولێر لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا)، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، چ (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، 2010

ئەگـەر بـە شـێوەی دۆڵـیش دابـەش بکـرێن، هـەروەك لـە زۆربـاردا هـەر دۆڵـەو شێوەئاخاوتنەکەی تاڕادەیەکی کەم لەگەڵ دۆڵەکەی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییەش دەبێ پسپۆڕانی بواری زارناسی لێی بکۆڵنەوە، بەم دۆڵانەی خوارەوە ناسراون:

1- دۆڵی زیارەت کۆڕێ
2- دۆڵی تەوسکەو قەلاَسنج
3- دۆڵی سماقولی.. ئەم سێیانە هەمویان لەپشت چیای سەفین و بەری پیرمامن.
4- دۆڵی هیران
5- دۆڵی بالیسان
6- دۆڵی مەلەکان

هەواڵنامەی کتێب

# فەقیر[1]_[2]

ئەریٚ فەقیرەك هەبوو، ژنەکی بڕەك قیتەکۆکە[3] و لیٚوەشاوەشی هەبوو، هەر گوندیٚ ئەچویٚ، جاحیٚر و ماحیٚران دەورەی ماریٚ[4] ئەگرت، ناچار ئەیگۆتە حورمیٚ:[5] ئیٚرە کەلکیٚ مەی[6] بڕا، با بچینە جیٚیەکی دی. شەویٚیان بارە کرد و ئەچوونە جیٚیەکی دی. چەند گوندیان کرد، چەند جیٚیان کردن. کابرا تەبعەن بەو نەوعەی هەر خەفەتان هەرەگری، هەر پووت[7] و غەریب ئەبی.

ئەریٚ ڕۆژەکی یەك دوو ڕدیٚن سپی لە بن دیواریٚ مزگەفتیٚ دانیشتبوون، گۆتیان: ئەریٚ کاکە، ئەمە فکر لە توو کردیە، ئەتوو هەتا ڕۆژ ئەچی خراتری،[8] هەروا کز ئەبی و غەریب ئەبی و برسی... تیٚنی، چتە؟ نەخۆشی؟

وەڵاهی گۆتی: کاکۆ[9]! ئەمن نە نەخۆشم،نە برسیمە نە تیٚنیمە. ئەمما ژنەکی بڕوکۆکەك لیٚوەشایەوەم هەیە، بەخۆش[10] کابرایەکی فەقیرم، هەر گوندی ئەچمیٚ، ئەبینی دوو مانگان لەویٚ بم، جاحیٚر و ماحیٚری گوندی دەورەی ماریٚن بەر نادەن... ئیٚ مەجبوورم ئەمیش دەبی خەم و خەفەتان پیٚ هەربگرم.

---

1- ئەم هەقایەتەم لە دەمی (ئەنوەر حەسەن عومەر گەرەوەیی) لە شەقلاوە لە 26-4-2007 وەرگرتووە.ناوبراو لە ساڵی1938 لە گوندی گەرەوانی خۆشناوەتی لەدایك بووەو لە حەفتاکان هاتونەتە شەقلاوەو نەخویٚندەوارەو پیشەکەی کاسب بووەو ئیٚستا لەسەر جیٚگا کەوتوە و نەخۆشە.

2- بۆ ناوونیشانی ئەم هەقایەتە, سەرەتا هەقایەتبیٚژ دەستی بە گیٚڕانەوەی هەقایەتەکە کرد بیٚ ئەوەی ناوونیشانەکەی بڵیٚ، دوای ئەوەی لەخۆبۆوە, لیٚم پرسی ئەو هەقایەتە ناوی چ بوو؟ کەمیٚك داماو گوتی هەقایەتیٚ فەقیری.

3- قیتەکۆکە: کەمیٚك قیت، بڵندۆکە، کەمیٚك باڵادریٚژی نەچەماوە.

4- مار: ماڵ

5- حورمیٚ: ئەم وشەیە بۆ ژنان بەکاردیٚت

6- مە: ئیٚمە

7- پووت: کز و لاواز

8- خراتری: خراپتری

9- کاکۆ: بۆ بانگکردن و دواندن لە هەندیٚ ناوچەی خۆشناوەتیدا بابۆ، دایۆ، کاکۆ بەکاردیٚت.

10- بەخۆش: بۆ خۆشم، خۆشم

ئێکی گۆ: گۆتی[1] بابم وەرە ئەمن تەگبیرێت لۆکەم.

گۆتی: فەرموو.

گۆتی: هەڕووە[2] بەغدایێ سوڵتان مەحموود حوکمی تیژە، کەس ناتوانێ دەرکێ[3] کەس بکاتەوە، یان بەسەر مارێ عالەمێ دا تێ بنۆڕی.[4] ڕۆژێ هەرکەس لۆ خۆی ئەچتە کاسبیێ، هێواران دێتۆ مارێخۆ[5]. هەڕوو سەبر سەبرە بە قۆناغ، لۆخۆ هەڕوە بەغدایێ.

ئەرێ بجگوڕۆکەی[6] ئۆندی[7] هەبوون، لۆخۆ قۆناغ بە قۆناغ لێیان دا چوونە بەغدایێ، بگەڕێ بسوڕێ. کابرایەکی دوو هۆدە[8] خانی لەوێ هەبوون، حەوشەکی هەبوو. چووە کنی، گۆتی: برا! کابرایەکی فەقیرم، دەستکورتم لێم قەومایە، هۆدە خانیۆکەکم بدێ، کرێشت چییە، ڕۆژێ ئەچمە ئیشێ، ئەوی خوای بە نسیب کرد، کرێیەکەت ئەدەمێ.

ئەویش گۆ: گۆتی: بابم مادەم هەر بە خۆ بە ژنێی، وەرە ئەو هۆدێهێ[9] با لۆ توو بی.

کابرا لەوی بەولایوە[10] ئیسراحەتی کرد. ڕۆژێ لۆ خۆ ئەچووە کاسبیێ و ئەوی خوای دابا، لۆ خۆ لە مارێی سەرفەکرد و دەیهینا و دەهاتەوە. ڕۆژەك نەبوو، دە نەبوو، مانگەك نەبوو دوو نەبوو، مەمنووعیشە، کەس دەرکێ[11] کەس ناکاتەوە، کەس نایێ دەرکێ بکاتەوە، ئەوە چییە، یان ئەوە چاکە یان ئەوە خراپە؟!

---

1–ئێکی گۆ گۆتی: بۆ زیاتر تام و چێژ بەخشین بە گوتنەکە, لە خۆشناوەتیدا ئەم دوو وشە هەندێك جار پێکەوە بەکاردێن, بۆنموونە: ئازادی گۆ (قسەکەر کەمێك دەوەستێ و هەناسەیەك دەداتەوە)، ئینجا دەڵێ: گۆتی، هەروەها بۆ جەختکردنەوەش بەکاردێت و ئێمە لەبەر پاراستنی دەقەکە، وەك خۆی نووسیمانەوە.

2– هەڕوو: بڕۆ

3–دەرکێ: دەرگا

4– تێ بنۆڕی: چاوگەکەی تێ ڕوانین–ە، تەماشاکردن، سەیرکردن

5– مارێخۆ: مارێ خۆی، ماڵی خۆی

6– بجگوڕۆکە: هەندێك لە پارچە دۆشەك و تەژگ و بەڕ یان پێخەف، کە بە پارچە پێخەفێکی خراپی هەژاران ناودەنرێت.

7– ئۆندی: ئەوەندی، ئەوەندەی

8– هۆدە: ژوور

9– هۆدێهێ: ئەو هۆدەیە، ئەو ژوورە

10– بەولایوە: بەولاوە، بەولاترەوە، لەولاتر

11– دەرکێ: دەرگە، زۆربەی ئەو وشانەی کۆتاییان بە (ە) دێت، بەتایبەتی لەناوی شوێندا، دەبێتە (ێ)، وەك بەحرکە: بەحرکێ، شەقراوە: شەقراوێ، ... تد

ئەرێ ڕۆژەکی خێزانێ وی کۆری[1] ئەکرد، ئەویش دەرکەی زەلاند[2] تەشتێ ئاوێی هینا و بە جۆگەی داڕێشت، عاجییەك بە وێدا هات، چاوی وێکەت،[3] عاجی شێت بوو، ژنە چۆوە ژۆرێ و دەرکەی پێوەداوە، عاجی ناتوانی دەرکێ بکاتەوە. ئەو عاجییە وەکی شێتانی لێ هات، لەوسەری جادەی ئەڕۆیی لۆولای،[4] لەولای ئەگەڕاوە، داخوە قەت جارەکی دی ئەو ژنە دەرکەی ناکاتۆ،[5] بەتەواوی ببینی.

پیرەژنەکی جادوکار، ئیختیار! چاوی لە عاجی بوو کە عاجی موفتەلە. بانگی کردێ گۆتی: عاجی وەرە ئەتوو چت بەسەراتییە؟ هەر فکرم لە توو کردییە، ئۆتی[6] چێشتەنگاوی، ئۆ نوێژە ئەتوو ئەچییە ئەوسەری و ئەگەڕێیەوە. ئەچیە ئەوسەری و ئەگەڕێیەوە.

وەڵاهی گۆتی: ئافرەت! ژنەك لەو مارەی هاتە دەرێ ئاوی ڕێشت لۆ سەر جادەی. ئۆتی چاوم وێکەتییە ئەمن لۆ ئەو ژنەی ئارامم لێ هەرگیرایە.

جا گۆتی: باشە ئەگەر سەت لیرەم بدەیێ، ئەمن، شەو و ڕۆژەك مابی، دەستی ئەو ژنەی (شەرت و پەیمان) دە دوڕ[7] دەستێت بنێم، دە خواحافیزت بی، پەنجام بدێ ئەلعان،[8] کەنگیشم لۆ ڕێکخستی پەنجای تیکەشم[9] بدێ.

حاجی گۆ: ما[10] مەمنونت نابم.

ئەرێ کیسەی کردۆو پەنجا لیرەی دا پیرەژنێ و ئەجا[11] گۆتی: هەڕۆوە، ڕۆژێ جارەکی بێرەدا وەرە و تێپەڕە هەتا عیشارەتت ئەدەمێ.

گۆتی: باشە.

عاجی ڕۆیشت.

---

1- کۆر: کوڵ، جل شووشتن

2- زەلاندن: لە ڕێسمە بردن، ترازاندن

3- وێکەت: پێکەوت، پێکەت

4- لۆولای: لۆ ئەو لای، بۆ ئەو لای، دەچوو بۆ ئەوسەر...

5- ناکاتۆ: ناکاتەوە، هەندێك جار لە خۆشناوەتی و بەتایبەتی لەناو خودی ناوەندی قەزای شەقلاوەدا ئەم پاشگری دووبارەبوونەوە (ەوە)یە، دەبێتە (ۆ)، وەك هاتمەوە دەبێتە هاتمۆ.

6- ئۆتی: ئەوەتەی، لەوەتەی

7- دوڕ: ناو

8- ئەلعان: ئەلئان (ع)، ئێستا، هەنووکە، هەنکە

9- پەنجای تیکەشم: پەنجایەکی کەشم، پەنجایەکەی دیکەشم، پەنجایەکەی ترم

10- ما: چما، بۆچی

11- ئەجا: ئەوجا، ئینجا، ئەوکات

عاجی ڕۆیی، ژنه ڕۆژێ پاشتر سبەینه بوو، بەیانی بوو، ئەگەر چێشتەنگاو بوو، چوو له دەرکەی ماریێ ژنێی دا، ژنه دەرکەی کردۆوه و پیرەژنیێ ئامێز هاویتیێ[1] و دەستی به گریانیێ کرد: ئای ڕۆره[2] به قوربانت بم، ئەی داکت دەبەمری.[3] ئەی جەرگم خرا[4] بی!

ئیێ گۆتی: پیرەژن دەوەره دانیشه چت لیێقەومایه؟!

هەئهوو هەئهوو... گۆتی: ڕۆره، پیێشی مارۆکیێ[5] خۆم بیێته ئیێرانه، کیژۆرەکم هەبوو دوور بی له توو یاڕەببی، له شکل، له سەر و صوڕەت، له قەدو قافەت، عەینی ئەتووی. که چاوم وەتو کەتییه به من نییه ئاگرم تیێبەر بووه، شەرمیشم ئەکرد غەریبەنه، هەموو ڕۆژیێ بیێمه ئیێره.

گۆتی: ئەجا ئەمنیش حورمەکم بەتەنیێ، میێردم هەموو ڕۆژیێ ئەچته کاسبییێ... هیێوارانیش دیێتەوه، مەمنوونیشت ئەبم سبەینان وەختی چیێشتەنگاوی وەره لۆ خۆ ڕائەبیێرین تا هیێواریێ و هیێواریێش هەڕۆوه.

گۆتی: دەبەرت مرم به قوربانت بم، دەبەر جەرگت مرم ڕۆره.

ئەریێ پیرەژنیێ وەلەخۆ کرد، خۆی کرده خاك و خۆر. هەموو ڕۆژیێ دانیشت هەتا بەره بەری هیێواریێ، ماری بەوبەری جادەی وەبوو پیرەژنیێ، هیێواریێ ئەچۆوه ماریێ...

ڕۆژیێ پاشتر هات، دیسا[6] هات، ڕایانبارد هەتا کەیفیان هینا، هەنگیێش[7] دیسان پیرەژن چۆوه. ئەوا مەسەله و نەزیرۆکەی[8] لۆ ئەگۆتن و فرمیێسکی به چاوی دائەباراندن.

ئەریێ ڕۆژیێ سیێش،[9] بەیانی سعات حەفت یان هەشت، که عەمەله ئەڕۆن لۆ ئیشی، پیرەژن دەو کاتی هات، کابراش دەرکەی ئەکردەوه لۆ خۆ بڕوا لۆ ئیشی، پیرەژنیش له دوڕ دەرکیێ ڕاوەستا بوو.

---

1- هاویتیێ: هاویشتیێ. له شیێوەزاری خۆشناوەتی دا وەك شیێوەزاری بادینی دەنگی (ش) له هەندیێ کرداری ڕابردووی وەك (فرۆشتی)دا نامیێنیێ و دەبیێته (فرۆتی).

2- ڕۆره: ڕۆڵه

3- دەبەمری: دەبەرت مری، لەبەرت مری. واته ببیێته قوربانت یان له پیێناو تۆ بمری، لەناوچەی شەقڵاوه و هەندیێ گوندی دەوروبەری دەنگی (ر)ی (دەبەر) دەگۆڕدریێت.

4- خرا: خراپ

5- مارۆکیێ: ماڵۆکه، بۆ بچوککردنەوەی وشەی (ماڵ)ه.

6- دیسا: دیسان، لیێرەدا (ن)ی کۆتایی وشەکه نەهاتووه، ئەمەش له هەندیێ ناوچەی خۆشناوەتیدا، بۆ ئاسانکردنی دەربڕین، بەدی دەکریێت، وەك: پیێشان دەبیێت به پیێشا.

7- هەنگیێش: هەنگینیێش، ئەوکاتیش، ئەوساش

8- نەزیره: چیرۆکی کورت، سەرگوزشته

9- سیێش: سیێیەمیش

**کابرای گۆتی: دایە خێرە ئەوە ڕاوەستای؟**

**گۆتی: وەڵاهی ڕۆرە[1] ئەچمە کن منداروکێنگۆ[2] بە تەنێیە و ئەویش سێبووری دێ و ئەمیش سێبووریم دێ و لەبەر هەندێ ڕاوەستایمە هەتا ئەتوو دەرکێم لێکەیوە[3]**

**کابرا خۆی تێکنەدا و پیرەژن چۆوە ژۆرێ و ئەویش دەرکەی پێوەداوە و ڕۆیشت.**

**دانیشتن و کەتنە قسە و گفتوگۆ.**

**گۆتی: ڕۆرە سوئالەك؟**

**گۆتی: برێ[4] دایە!**

**گۆتی: ئێکی بۆرەکۆکە لە دەرکێ هات چووە دەرێ، چی ئەو ئافرەتەیە؟[5]**

**وەڵا گۆتی: دایە ئەوە مێردیتی.**

**گۆتی: گەردەنم خرا بی، کۆرەبم لۆ تو، حەیاتم لێ برێ ڕۆرە، بە خودای ئەتو و ئەو فەقیرەیان نەگۆتییە!**

**ئـەویش گـۆتی: دایـە ئـەوە قسـمەتی خوایـە و نسـیبی خوایـە، خـوای چ قسـمەت کردبی[6] ئەوهەی دانایە.**

**وەڵا گۆتی: وێیە و وەشنییە[7]. خوا بژارد و ئیختیاری خستیتە بەر دەستی عەبدی، ئەگـەر بێـت و وەعـدەم پێبـدەی وەڵـڵا دەتهێخمـە جێیـەکی لەسـەر تـەختی دابنیشـی، کێلکەرت[8] لۆ بگیرێن، ئاوێت لە گەردەنی بکا، هەموو شتت لە غران و بڕان بی.**

---

1- ڕۆرە: ڕۆڵە

2- منداروکێنگۆ: مندارەکەی ئینگۆ، منداڵەکەی ئێوە

3- لێکەیوە: لێکەیەوە، لێبکەیتەوە

4- برێ: بڵێ

**5- لێرەدا هەقایەتخوان بۆ جوانکردنی گێڕانەوەکە، شێوازی کەسی سێیەم بەکاردێنێت و وەك ئەوەی ڕوو لە ژنەکە بکات و دەستی بۆ درێژ بکات و پرسیاری لێ بکات, لەبەرئەوەی هەر ئەم دوو کەسەشن, بۆیە زۆر بە ئاسایی بە کەسی سێیەم پرسیاری لێ دەکات و ئەمیش هەر بە کەسی سێیەم وەڵامی دەداتەوە. زۆر جار ئەم شێوازە لە گفتوگۆیە لەناو ئاخاوتنی خەڵکیدا بەکاردێت، بەتایبەتی بۆ سەرنج ڕاکێشانی قسە، بۆ نموونە: ئازاد دەگاتە دارا و وەك گۆڕینی شێواز لێی دەپرسێت: دەبێ ئەم پیاوە چۆن بێت؟ (مەبەستیشی دارایە) ئەویش زۆر بە ئاسایی دەڵێ ئەو پیاوە هەر زۆرباشە. یان دەڵێت ئەو منداڵە چی دارایە؟ داراش دەڵێت ئەوە کوڕیەتی (مەبەستیشی خۆیەتی)**

**6- خوای چ قسمەت کردبی: خوا چی قسمەت کردبی, لە شێوەزاری خۆشناودا ئەم جێگۆڕکێیە ڕوودەدات، وەك ئازادی نان خوارد، واتە ئازاد نانی خوارد، دەبینین لە ڕستەی یەکەم دا (ی)ی کەسی سێیەم هاتۆتە دوای ناوی ئازاد و لە ڕستەی دووەمیشدا کەوتووەتە دوای نان کە بەرکارەکەیە.**

**7- وێیە و وەشنییە: وایە و واش نییە.**

**8- کێلکەر: خزمەتکاری یان خزمەتچی ئافرەت، بەڵام زۆرتر بۆ ئەو ئافرەتە خزمەتکارانە بەکاردێت کە لە ماڵان و ماڵە پاشا و ئاغایان کاردەکەن.**

گۆتی: ئاخر دایە، قسمەتم وایە و چارەنووسم هەر هەندەیە.

گۆتی: ڕۆرە وێیە و وەشنییە، وەعدەم پێبدە ئەگەر نەمناردیە جێیەکی وە، کە یەعنی هەتا ئەمری، فەوقەلعادە ئەتوو دە ئیسراحەت دابی.

دە گۆتی: دایە ئەوە خۆم هاویتە بەختی تو (ژن سەنە، ژنیان پیێ ئیخفالەبن)[1]

گۆتی: ڕۆرە هەستە عەبای لەخۆدە، با بڕۆین.

ژنەی، عەبای لەخۆ دا و پیرەژن وەپێش کەت و عاجی لەسەرێ کۆرانێ بوو ئیشارەتی دایێ و دەستی ژنێی دە دوڕ دەستێ عاجی نا و پەنجا لیرەی دیشی لێ وەرگرت و پیرەژنێ لێی دا ڕۆیی.

هێوارێ کابرا هاتەوە، ئەبینی قاپ و قاچاغی سبەینێ کە نانیان تێدا خواردیە، لەو گۆڕەی ماینە، ئێ ئەچتە دەرێ بەغدایە! لە سعاتێ هەزار کەس تێپەڕی، هەزار کەس دێ.

گۆتی: ئێ خودایە ئەمن چ بکەم؟

بانگی مارێ جیرانێی کرد دیوارۆکەیان بەین بوو، گۆتی: ئەرێ منداریمە لە مارێ نگۆ[2] نییە؟

گۆتیان: لۆ؟

گۆتی: وەڵاهی دەرکە پێوەدرایە و ئەشمەکیش[3] کو[4] لەو گۆڕەی هەر لەو گۆڕەیە. لێم مەعلوومە چووبیتە بازاڕی بزر بووە.

خوایە چ بکەم تەگبیر چییە؟

ئەرێ، ئەوێ شەوێ، کابرا هەتا سبەینێ هەندی کردی، نەیزانی کو خەوی لێکەوی... سبەینێ هاتە دەرێ لەو کۆرانی لۆ ئەو کۆرانی، لەو کۆرانی لۆ ئەو کۆرانی، نزانی[5] سوئاڵێ لە کێ بکا؟! ئەرێ کابرا ناچار دەستی بە گریانێ کرد. بگریێ و بگریێ، ڕۆژەك نەبوو، دوو نەبوو، سێ نەبوو، ئەوە ئیش وکارێ وی، لە بن دیوارۆکەکی دائەنیشت، ئیللا[6] ئەگریا.

---

1- لەهەندێ شوێندا هەقایەتبێژەکان لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە دەرچوون و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ گوێگردا کردووە، لەبەرئەمە زۆربەی ئەو قسانەمان خستووەتە ناو کەوانە ی () وە...

2- نگۆ: ئنگۆ، ئەنگۆ، ئێوە

3- ئەشمەکیش= ئە+ شمەك+یش: (ئە) لە هەندێ بەکارهێناندا پێشگرێکی بێ واتایە، هەندێ جاریش لەبری (ئەوە- ئەمە) بەکاردێت. (شمەك) بە واتای کەلوپەل و قاپ و قاچاغ دێت.

4- کو: چۆن

5- نزانی: نازانی

6- ئیللا: هەر، ئامرازی ئیستیسنای عەرەبی

ئەریٚ، ڕۆژەکی ئێکی کەچەرۆکەی لیٚ ڕاستهات، گۆتی: مامە مامە!
گۆتی: چارێی[1] بابە؟
گۆتی: ئەتو چت بەسەرهاتییە؟ ئەوە دوو ڕۆژ سێیە ئەمن ئەتوەبینم[2] هەر ئەگرییێی؟
گۆتی: وەئهو وەئهوو[3] کەچەر! حەزت لە قسانە و ئەمیش بە دریٚ[4] بە خەم و بە مار وێرانی و، تاقەتیٚ قسانم نییە و...
کەچەری گۆتی: مارت کۆرنەبیتۆوە،[5] دە قسیٚ خۆ بکە، بزانم چت لێقەومایە!
گۆتی: کوڕە ژنەکی بڕەك قیتەکۆکە لەو شکلەی و لەو ڕەنگەم هەبوو، تەگبیریان لۆ کردم گۆتیان: بابم لۆ خۆ هەڕوە بەغداییٚ، لەویٚ کەس دەرکەی کەس ناکاتۆوە. ئەمیش ئەوە تەقریبەن دوو مانگە، یان سێیە هاتیمە بەغداییٚ، ڕۆژیٚ لۆ خۆ ئەچوومە ئیشی و هێواران دەهاتمەوە[6] مارەکی گەرم و ڕۆنۆکە[7] و بە خۆ بە کابانیٚ لۆ خۆن ڕائەبارد. دونیٚ هێواریٚ هاتیمەوە قاپ و قاچاغ کو لە ماریٚ بەجێمایەنە، هەر ئوهە[8] بە جێمایە و دەرکە پێوەدرایە و ئیٚ بەغداشە!! ئەمن سوئالیٚ لەکیٚ بکەم، بریٚمە کیٚ کاکە خێزانیٚ منت نەدیتیە؟ کیٚ ئەریٚ، ئەمن دیتیە؟
کەچەری گۆ: هۆو وەئهۆ بابم! ئاخر لەسەر ئەو کەللەڕەقییەی ئەتو هەر مارویٚران بووی. سولٚتان مەحموود حوکمی تیژە بڕۆ داد و خوای بە، ئەگەر دنیایە خزمەتکارانیش گێڕایەوە، دەست بە گریانیٚ بکە و خۆ دە خۆریٚ وەردە و سولٚتان لە پەنجەریٚ چاوی لێیە، بانگیان ئەکاتیٚ: ئیزنی دەن بابیٚ.

---

1- چارێی: چ دەڵێی، چ دەرێی
2- ئەتوەبینم: ئەتۆ ئەبینم، دەتبینم
3- وەئهو وەئهو: هەئهوو هەئهوو، ئامرازێکە بۆ سەرسوڕمان بەکاردێت.
4- در: دڵ
5- کۆرنەبیتۆوە: کوێر نەبێتەوە، وێران نەبێت.
6- دەهاتمەوە: ئەهاتمەوە، هەقایەتخوان لەم هەقایەتەدا پێشگری (ئە)ی ڕانەبردوو لە جیاتی پێشگری (دە) بەکاردێنێت، بەڵام لێرەدا (دە)ی بەکارهێناوە، ئەمەش زیاتر لە کاری (دەهاتمەوە) دێت، چونکە زیاتر دەگوتریٚ:داتمەوە، چونکە لێرەدا کە دە+هات+م+ەوە، کە بزوێنی (ە) لەگەڵ پیتی (هـ) لە تەنیشت یەکتر دێت، بەرەو سوان دەچن و دەتوێنەوە، پێش بزوێنەکەش ناکرێت (ئـ) بێت و ببێتە ئاتمەوە، بۆیە لەم جۆرە وشانە نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو گۆدەکرێت.
7- ڕۆن: ڕوون، جووتە وشەی (گەرم و ڕۆن) زیاتر وەك ئیدیۆم بەکاردێت کە سیفەتی ئاوەدان دەبەخشێت، لێرەشدا بچوککراوەتەوە بە مەبەستی ماڵێکی سادەی هەژارانە.
8- ئوهە: ئەوهە، وەها

هەڕوو داد و خوای لە کن بکە و برێ حار و حیساب ئەوهەیە، سوڵتان خۆشبی، ئەلعانیش خێزانم بزر بووە و دەبی ئۆندی توانات هەبی، عیلاجەکم لێ بکەی.

گۆتی: ئەجا لەبیر نەکەی ئەمن ئەواڕۆم،[1] ئەتووش بڕۆ ئەلعان لۆ سەرای.

ئەرێ کابرای فەقیر بە گریان لێی دا ڕۆیی لۆ سەرایێ، گەییە دەرکەی حەرەسان: کێوە[2] کابرا بۆرەکەی پیسەکە؟ کێواچی؟

گۆتی: ئەمن داد و خوام هەیە لە کن سوڵتانی.

گۆتیان: کوڕە بڕۆ پیس و بێزەلەتی[3] وەکی تو چییە بچتە کن سوڵتانی!؟

ئەرێ، دەستی بە گریان و هاڕەهاڕێ کرد. سوڵتان ئوهەی کردێ لە پەنجەرێی تەماشای دایێ،[4] فەقیر دە دەستی حەڕەسان دابوو. گۆتی: کوڕە ئیزنی دەن با بێ.

ئیزنیان دا، چووە ژۆرێ سەلامی کرد و سەلامی لێ وەرگرتۆوە و گۆتی: بابم خێرە چت لێقەومایە؟

گۆتی: وەڵاهی سوڵتانم خۆشبی حار و مەسەلە و حیساب، ئەوهەم لێقەومایە. ئەلعانیش خێزانم بزر بووە، بەغداشە، ئەمیش پرسیارێ لە کێ بکەم غەریبەینە، نە شارەزاینە.

سوڵتانی گۆتی: جیرانی کێ بووی؟

گۆتی: وەڵا جیرانی فران ماری بووم.

– ڕەقەمی دەرکێی چەندە؟

گۆتی: وەڵا ڕەقەمی دەرکێی ئەوەندەیە.

بانگی دوو جەندرمانی کرد، گۆتی: وەرن دەگەر فەقیری بڕۆنە مارێ جیرانی، قابیل نییە جیران هاگای[5] لە جیرانی نەبی. گۆتی: ڕایانهێخن[6] ژنەکەی و پیاوەکەی، هەتا ئیعتیڕاف ئەکەن، نەخۆوەیان[7] لێ بکەن دە بن مەترەقانیاندا تەواوکەن.

---

1– هەڕوو: بڕۆ

2– کێوە: بۆ کوێ

3– بێزەلەت: بێتام، لەگەڵ وشەی پیس پێکەوە دێن و وەك جووت وشە وان, دەگونجێ لە بنەرەتدا لەزەت (چێژ، تام) بووبێت و بە جێگۆڕکێی دەنگ بووبێتە زەلەت، واتە بێتام و بێچێژ.

4– تەماشای دایێ: چاوگەکەی (تەماشادان)ـە. تەماشای کرد, سەیری کرد.

5– هاگا: ئاگا، هایی

6– ڕایانهێخن: مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ لێدان وایان لێبکەن وەك مافوور ڕایانهێخن

7– نەخۆوەیان: نەخۆ وایان لێ بکەن. لێرەدا وشەی نەخۆ بە مانای (ئەگەرنا) دێت.

ئەریٚ، کابرای فەقیر وەپێش کەت و دوو جەندرمەکە تەق تەق لە دەرکێی ماریٚ کابرایان دا.

گۆتی: کاکە چییە؟

گۆتیان: ئەنگۆ بەخۆزانن[1] ژنیٚ ئەو فەقیرەی بزر بووە، وەڵاهی ئەمریٚ سوڵتانیە یان دەبن مەترەقان و دا ئەکوژین یان دەبی ئیعتیراف کەن ئەو ژنەی چ لێهاتییە!

گۆتیان: کورە بە خودای ئەوی مار لەودیویە و ئەمە مارن لەودیوەیە و بکەن لە ڕاهی خوای لە ڕاهی پێغەمبەری...

ئەریٚ ڕایان کێشانە دەریٚ لێدە بوکتە[2]...

ئەی هاوار هەی لە ڕێی خوای، هەی لە ڕێی پێغەمبەری!

گۆتیان: ئەوە پارەی ناکا.

ئەریٚ ئاخیری ژنەکەی گۆ: بابە خوا قبور[3] ناکا چیدین[4] لێمەدەن، پیرەژنەك ماری ئۆتێهیٚ[5] بەوبەری جادەیوە، سیٚ ڕۆژ بوو ئەو پیرەژنەی هاتوچۆی کن ئەو ژنەی ئەکرد، ئەو ژنە لە ماوەی ئەو سیٚ ڕۆژانە بزر بووە. ئەوجا ئەمە نازانین چی بەسەرهینایە یان چی بەسەرهاتییە!

کانی[6] ماریٚ پیرەژنیٚ؟

ئەریٚ ئۆوەتە[7] بەو بەریوەیە.[8]

چوون، تەپ تەپ لە دەرکێیان دایە، پیرەژن هاتە دەریٚ، کەچە[9] جلکەکی لەبەر کردبوو خۆتڕ و شەپڕێو گۆتی: ڕۆرە، بەقوربانو بم، چو[10] دەویٚ؟

---

1- بەخۆزانن: بەخۆتان دەزانن.

2- بوکتە: بکوتە، بە زۆری لە گۆکردندا جێگۆرکێی دەنگ دەکرێت، وەك بکوژە، لە خۆشناوەتیدا بە بوکژە گۆ دەکرێت.

3- قبور: قبول

4- چیدین: چیترمان

5- ئۆتێهیٚ: ئەوەتانیٚ، ئائەوەتا، ئائەمەتا،ئەمەتا لەوێیە

6- کانی: کوانیٚ، کوا

7- ئۆوەتە: ئا ئەمەیە

8- بەو بەریوەیە: بەو بەریەوە، بەو بەرەوەیە، لەو بەرە.

9- کەچە: وشەیەکە بۆ سیفەتی خراپ و بیٚ کەڵك بەکاردێت، دەکەوێتە پێش ناو و دوای ناویش، وەك جلکێکی کەچە، کەچە جلکێك، واتە جلێکی بێکەڵك و خراپ.

10- چو: چ+و، چی+تان، چیتان

گۆتیـان: قوربـان و موربـان پـارەی ناكـا. وەڵا وەبیلاهــی ئـەمریٚ سـوڵتانییە، ئـەتو هاتوچۆییٚ ئەو مارەت كردییە لەماوەی ئەو سیٚ ڕۆژانە، ژنیٚ ئەو كابرایەی بزر بووە، یان دە بن مەترەقانت ئەكوژین، یان دەبی ئیعتیراف كەی، ئەو ژنەی چی بەسەر هاتییە!

– كوڕە هەی هاوار، كوڕە لە ڕیٚی خوای، كوڕە لە ڕیٚی پیٚغەمبەری، ئەمن ڕۆژیٚ ئۆ[1] ناگەمە بازاڕی لۆ خۆ بچم دوو ئەستوركۆكان[2] بینم، ئەمن حیسابیٚ چی و ئەمن كەنگیٚ[3] چوویمە ماریٚ وان؟!

گۆتیان: ئەوە پارەی ناكا، لیٚدە.

هەی هاوار هەی هاوار! بووە هاوار هاوار لەسەر جادەی. چەند قەومیٚ ئەو گەڕەكەی هەیە، ئەریٚ[4] هەمووی وەسەگەڕان:[5]

– كوڕە بابم ئەنگۆ لۆوە لە ئەو پیرەژنەی ئەكەن، ئەو پیرەژنە قوڕوەسەرە و...

عاجی لەسەریٚ كۆرانیٚ ئەولای، چاوی لیٚ بوو و كو پیرەژنیان گرتبوو دە قۆرتیٚیان وەردا و لیٚیانەدا. وەڵا هەر گەیشتنیٚ پارەكی بەوی وەنا و ئیٚكی بەوی وەنا و گۆتی: بـرام! ئـەنگۆ چ خـوا قبـوور ئـەكا و چ پیٚغەمبـەر و لیٚ هـەرەگری. ئـاخر ئـەو پیرەژنـە قوربەسەرە چی كردییە؟

گۆتیـان: كاكـە ئـەوە حیسـابەكی دوورە، ژنـیٚ ئـەو فـەقیرەی بـزر بـووە، پیرەژنـیش هاتوچـۆییٚ ئـەو مـارەی كردیـیە، ئـەمریٚ سـوڵتانییە وەڵاهـی یـان دەبـن مـەترەقانی دا ئەكوژین یان دەبی ئیعتراف كا.

ئیٚهە! ئەریٚ دەستی گەیاندە باغەریٚ،[6] ئیٚكو پـەنجا لیرەی دا هـەردوو زەبتییـەكان و گۆتی: ها هـەر نـەبی پیرەژن ئـەهلی شارییە، كابرا كابرایـەكی بیٚگانەیە. هەڕوونە كن سوڵتانی بریٚن ئەو كۆرانەن[7] هەموو داركاری كرد چش،[8] چ سەرو شونن نەدیتەوە خۆ چو لیٚ كم نابی!

---

1– ئۆ: ئەوە

2– ئەستورك: كولیٚرە، ئەستوك، نانە سیٚر، پشت بەسیٚر

3– كەنگیٚ: كەی، كەینیٚ

4– ئەریٚ: ئەڵیٚ، دەڵیٚ

5– وەسەگەڕان: بەسەر گەڕان، بەسەرداكەوتن، هاتن

6– باغەر: باخەڵ، باغەڵ، گیرفان

7– كۆران: كۆڵان

8– چش: هیچ

کابرای فەقیر دە عارەبیێ ناگا. ئەویش بە عارەبی پێ ئەگۆتن. ئەرێ پیرەژنیان بەرەڵڵا کرد و پیرەژن بە لەقە لەق[1] چۆوە مارێ و ئەوانیش ڕۆیشتنەوە کن سوڵتانی.

سوڵتانی گۆت: ها کوڕم چو کرد؟

گۆتیان: وەڵا سوڵتانن خۆشبی، ئەو گەڕەکەن هەموو دارکاری کرد، ئەو عالەمەن هەموو دەقوڕێ وەردا، بە هیلاکن دان، چ سەرو شوونی نەبوون.

سوڵتانی گۆتە فەقیری: بابم لۆخۆ هەڕۆوە ناو شاری، کارەك کاسبییەکی بکە، شەرتبی لە شەرتێ پیاوان ئەمیش لەو ڕۆوە حەول بدەم تا لە جێیەکی سۆراغەکی پەیا بکەم.

کابرا دەستی بە گریانێ کرد، هات لەو کۆرانی لۆ ئەو کۆرانی، ناردی لەو کۆرانی لۆ ئەو کۆرانی، چ نەبوو؟ کابرا هەر ئەگریا.

ئەرێ کەچەری گەیشتێ، گۆتی: ها فران کەس چت کرد؟ وەرە حیسابێ خۆم لۆ بگێڕەوە. ئەتوو چت کرد لە کن سوڵتانی؟ سوڵتانی چ پێگۆتی؟[2]

وەڵاهی گۆتی: کەچەر حارو مەسەلە و حیساب ئەوە بوو:

کوڕە گۆتی:[3] چووم لۆ کن سوڵتانی، سوڵتانی گۆتی بڕۆ لۆخۆ ئیشەك کاسبییەکی بکە، ئەمیش شەرت بی قسور نەکەم[4] هەتا لایەکی لێ وەدیار ئەکەوی.

یاڕەببی خوایە!

کوڕە گۆتی: خوا بتگری ئەوە دیتیتەوە و...

گۆتی: کوڕە لە کێم دیتیتەوە بابم؟

گۆتی: هەڕوو بڕۆ کن سوڵتانی هەڕوو داد و خوای. وەبرێ بابە، ئەوانە دیتیتیانەوە، ئەمما عاجیبەك هاتییە ئیخفالی کردن و هاتنەوە و ئەمیش دە عارەبیێ ناگەم، نەخۆ سەری ئەوا پێیا[5] بووە.

ئەرێ بانگی دوو زەبتییانی[6] کرد گۆتی: وەرن، بڕۆن ئەو پیرەژنەی پەتکەکی دە هەوکێ[1] کەن، ئێك لێیدەن ئێکیش لە دوو خۆی ڕاکێشن هەتا دەیهیننە ئێرە، یان ئیعتیرافەکا دەرێ ئەو ژنە ئەوهەی بەسەر هات، یان...

---

1- بەلەقەلەق: بە لاکەلاك، بە هێواشی

2- پێگۆتی: پێ گوتی، چی پێ گوتی؟

3- دەربڕینی (کوڕە گۆتی) دووبارە کردۆتەوە بۆ چیچڕ بەخشین بە گێڕانەوەکە، بەتایبەتی لێرەدا کەمێك دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە.

4- قسور نەکەم: کەمتەرخەم نەبم

5- پێیا: پەیدا

6- زەبتی: زابت، ئەفسەر

دیسان وەگەری کەتن برا! تەق لە دەرکیٚ ماریٚ پیرەژنێیان دا، پیرەژن هێشتا لە دەردی جاریٚ دی چاتر نەبووە. ئەو جارەش لە دەرکەیان دا، چووە دەریٚ: ها گۆتی: ڕۆرە بە قوربان و بم دەبەرومرم، چوو[2] دەویٚ لە من؟ ئەمن کوەگەمە[3] کۆرانان و؟![4]

گۆتیان: پیرەژن ئەوە پارەی ناکا، بەو خوایەی هەر هەیە و نامری، ئەمریٚ سوڵتانییە و ئەلعان پەتکەکت دە هەوکیٚ ئەکەین، یەکت لە جادەی لە دوو خۆ ڕاکێشین. ئێکیش بە قامچییان و دار حەیزەرانان لێتەدەین، هەتا ئەتبەینە پێش دەرکیٚ سوڵتانی.

ئەوجا گۆتیان: ئیعتیراف کە، ئەو ژنەی چ بەسەر هات؟

دیسان زۆریان لێدا دە قوڕێیان وەردا، ئیعتیرافی نەکرد، ئاخیری گۆتی: بابە خوا قبور ناکا چیدی لێم مەدەن، مەمکوژن، فران عاجی، ژنیٚ ئەو کابرایەی برد.

ئەریٚ بەریان دا و چوونەوە کن سوڵتانی.

سوڵتانی پێی گۆتن: ها چ بوو؟

وەڵا گۆتیان: پیرەژن ئیعتیرافی کرد، گۆتی فران عاجی برد، ماری لە فران محەلەیە، ڕەقەمی دەرکەشی ئەوەندەیە. عاجی ژنیٚ فەقیری برد.

گۆتی: فەقیر لۆخۆ دانیشە ئەتوو. بانگی دوو جەندرمەی دیکەی کرد. گۆتی: بڕۆن عاجی بە خۆ بەو ژنەی پەتکیان کەن هەتا دەیانهیننە ئێرانە.

(بەخۆ زانی ئەجا ئەگەر ئینزیباتیش ئەگەر ئەشتەکی[5] بەدەست وەگرت هەتا ئێرە[6] دەستان هەرەکا)[7]

فەقیریان وە پێش کەت و لێیاندا ڕۆیشتن و چوونە ماریٚ عاجی: تەق تەق لە دەرکێیان دا.

عاجی هاتە دەریٚ، گۆتی: ها بابم خێرە چ بووە؟

---

1- هەوك: ئەوك، قورگ

2- چوو: چیتان، چ شتێکتان

3- کوگەمە: کو بگەمە، چۆن بگەمە

4- لێرەدا هەقایەتبێژ دەوەستیٚ، دەیەویٚ بڵیٚ چۆن دەگەمە کۆڵان و بازاڕ و دەرەوەی ماڵ؟ ئێمە بۆ پاراستنەکە بێدەستکاریی و هەر وەك خۆی نووسیمانەوە.

5- ئەشت: شت

6- هەقایەتبێژ لێرەدا ئاماژە بۆ قۆڵ و باسکی خۆی دەکات.

7- قسەی هەقایەتبێژە.

کاکە گۆتیان: چ بووە چ نەبووە نییە، ژنیٚ ئەو فەقیرەی ئەتوو بردیە، ئەوە ئەمریٚ سولٚتانییە، وەلاهـی یان دەبن مەترەقانت دا ئەکوژین یان پەتکو[1] ئەکەین، ئەتوو و ژنەی، دەبی بووبەینە پێش سولٚتان مەحموودی.

– کورە لە ڕێی خوای ئەمن دونیٚ لە ماریٚ خوای هاتیمۆوە و ئەمن دەورەمەندم و ئەمن ئەگەر تەماعیم دە ژنهینانیٚ بی، سەد ژن هەیە، ژنیٚ لۆ خۆ دینم و ئەمن و ئەوەیان گۆتییە؟!

گۆتیان: ئەوە پارەی ناکا، دایانە بەر شڕە حەیزەرانان و هینایان لۆ پێش دەرکەی. فەقیریش ئۆ لە کن سولٚتانی دانیشتیە.

گۆتی: بە قوربانت بم سولٚتان وەلا ئەوە خێزانی منە.

سولٚتانی گۆتی: کورە مەعلووم ئەوە ئیٚ تووە؟

گۆتی: ئەرێوەلٚلا.

دە گۆتی: عاجی بانگ کەنە ژۆریٚ، با بیٚ؟

هاتە ژۆریٚ، گۆتی: عاجی!

گۆتی: ها

گۆتی: ئەتوو کابرایەکی عاجی و چوویە ماریٚ خوای، ڕاست بریٚ، بەو خوایەی نەخۆ[2] ئەلعان بەو شیرەی سەرت ئەبڕم.

گۆتی: سولٚتانم خۆشبی، چ برێم خێرە؟

گۆتی: ئەو ژنە ژنیٚ تووە یان ژنیٚ فەقیرییە؟

حەککو حەککو![3] گۆتی: سولٚتانم خۆش بی، ئەمن بە خۆ بەو کەشیدەی بەو سەرو ڕیشەی بەو دەورەمەندییەی و ئەمن ئەگەر مەخسەدم ژن بی، هەزار ژن لە شارییە. ژنیٚ لەو ژنەش کۆکتر هەنە و ئەمن کو بەو ئاخیری عومری ماریٚ خۆ کۆرەکەمۆوە؟[4] ژنە ژنیٚ منە.

سولٚتانی گۆتی: فەقیر! ژنە ژنیٚ تووە؟

گۆتی: سولٚتانم خۆش بی ژنیٚ منە.

عاجییان وە دەریٚ نا. گۆتی: بانگی ژنیٚ کەن.

---

1– پەتکو: پەتکتان، پەتك کردن:واتە بەستەوە بە پەتك

2– نەخۆ: نەوەك

3– حەککوو: پەککوو، ئامرازێکی بۆ سەرسوڕمانە

4– کۆرەکەمۆوە: کۆر دەکەمەوە، کوێر دەکەمەوە، وێرانی دەکەم.

بانگی ژنێیان کرد، گۆتیان: عافرەت[1] ڕاستیێن قسە لۆ بکە، نەخۆ بەو خودایەی بەو شیرەت سەریەبڕم. ڕاست قسەکەی بکەی، ئەتوو خێزانی ئەو فەقیرەی، یان ئی ئەو عاجییەی؟

گۆتی: حەککو سوڵتانم خۆش بی، ئەمن ئەو قاحپەبابەم هەر نەدیتییە، ئەو پیس و بێزەلەتە، خوا بزانی کوڕی کێیە و لە کێندەر ڕا هاتییە و ئەمن هەر نەمدیتییە، لە عەمباریانیشم[2] نەدیتییە.

ئەهە.. گۆتی: فەقیر ئەتوو چارێی؟[3]

گۆتی: وەڵا بە قوربانت بم سوڵتان. بە خوای ئی منە.

گۆتی: کاکە بیاندەنە مەحکەمەی، بیانبەنە کن قازی.

ئەرێ فەقیرو ژنە و عاجی، بردنیانە کن قازی. قازی لە کابرای سوئال کرد.

عاجی گۆتی: قازییەفەندی خێزان خێزانی منە.

دە گۆتی: بانگی ژنەش کەن.

بانگی ژنەیان کرد، حاکم گۆتی: ئەتوو خێزانی ئەو کابرایەی یان خێزانی عاجی؟

گۆتی: سوڵتانم خۆشبی ئەمن و ئەو کابرایە! ئەمن هەر نەمدیتییە هەر نەیناسم...

ئەوجا لەنۆپاش[4]، مادەم وەبی هەر کابرایەك بێ ژن بوو، فەقیر بوو، با ملی خانمەکی بگری و برێ ئۆ ئێ منە.[5]

گۆتی: فەقیر ئەتوو چارێی؟

گۆتی: وەڵاهی قازییە فەندی بە خودای ئەوە خێزانی منە.

ئێ گۆتی: بابم ژنە ئەرێ هەو نییە، عاجی ئەرێ هەو نییە، ئەتووش دڕنەگەت[6] لێداگرتییە، بە کیهان بڕوا بکەم؟ وەرن ئێکی تەوزیع کەن و عاجی ئەتوو ژنێ خۆ ببۆوە و خوا حافیزت بی.

ئەرێ ئەو جارە لە پێش چاوی فەقیری، عاجی دەستی دە دەستێ ژنێ گرت و لێی دا ڕۆیی و کابراش دەستی بە گریانێ کرد.

---

1- عافرەت: ئافرەت، هەندێ جار دەنگی (ئ) دەبێتە دەنگی (ع) وەکو قورئان: قورعان

2- عەمباری: حەممالی

3- چارێی: چ ئەڵێی، چیی دەڵێی؟

4- لەنۆپاش: لەمەودوا

5-ئێمنە: هی منە، لەنێو هەموو خۆشناوەتیدا تەنها شەقڵاوە و چەند گوندێکی دەوروبەری (ئێ) بەکاردێنن و ئەوانی تر (ئی)بەکاردێنن و دەیکەنە (ئی منە) نەك (ئێ منە)

6- دڕنەگە: دەرنەك، دڕنە، یەخە بەرنەدان، وازی لێ نەهێنان.

ئێهـ... کەچەری چ کرد؟

هەرستا هێوارەکێ، منداری خڕکردنەوە و سەحرایەکی گەورە بوو هەندی ئەو ناوەی.[1]

گۆتی: وەرن ئەمە ئەوشۆ[2] گەمەکی ئەکەین.

گۆتیان: گەمێ چاکەی کەچەر؟

گۆتی: ئەنگۆ وەرن.

ئەرێ کورسییەکی پێیا کرد و سێ دولکەی[3] تێك هەرکێشان و کندرۆکەکی پێوە کرد و کورسییەکی لەبن داناو کەئەننەما ئەوە هەرامە...[4]

گۆتی: ئەمن سوڵتان مەحموودم.

گۆتی: ئەنگۆش، ئێکی کردە ژنێ کابرای و ئێکی کردە عاجی و ئێکی کردە قەوازەکان[5] و هەمووی تەوزیع کردن، هەمووی کۆمەر کۆمەر دانان و ئێکیشی کردە فەقیر.

سوڵتان مەحموودیش بەخۆ بە هەیاسی و حەسەن مەمەندی گوێی دایێ، شەوێ ئەگەڕا بزانە چاکە خراپەی شاری، وکی[6] گوێی دایێ، گۆتی: حەسەن مەمەندی خۆ بدە تاریکایێ ئەوە ئەشتەکی تێدا ئەبی.

بەینەك پێچوو، ئەوی بە فەقیری دانابوو، هات داد و خوای کرد و گۆتی: سوڵتانم خۆش بی بە قوربانت بم و حار و حیسابم ئەوەیە و لێم قەومایە و ئەلعانیش خێزانم بزر بووە و...

گۆتی: بابم جیرانی کێ بووی ئەتوو؟

وەڵا گۆتی: جیرانێ مارێ فران کەسی بووم و...

گۆتی: ڕەقەمێ دەرکێیان چەندە؟

وەڵا ئۆندەیە.

---

1- هەقایەتبێژ لێرەدا دەستی بۆ ناوەندی ژوورەکەی درێژ کرد.

2- ئەوشۆ: ئەوشەو. لە خۆشناوەتی وەك هەندێ ناوچەی تری کوردستان، پاشگری (ەو) یان (ەوە) دەبێتە (ۆ) وەك: دەچمەوە: دەچمۆ

3- دولکە: دارێکی جووت سەرە

4- لێرەدا هەقایەتخوان مەبەستی لە سێدارەیە، بەڵام وەك ئەوەی گوێگرەکان بزانن بە (هەرامە: هێن، وانەك..) ناوی هێناوە.

5- قەواز: ئەو کەسانەی کەوانیان لە دەستە

6- وکی: وەکی، بە واتای (کە گوێی دایێ)

بانگی دوو لە قەوازەکانی کردیٚ و گۆتی: بڕۆن کابرای بینن، بەخۆ بە ژنیٚ دەبن مەترەقانی بکوژن یان ئیعتیرافەکا، یان دەبی بزانی ژنیٚ ئەو فەقیرەی چی بەسەر هاتییە! مادەم جیرانی وانە.

سوڵتان مەحموودیش ئۆ چاوی بەخۆ لێیە. غاریان دا و ئەریٚ چوون ژنەکە و کابرای جیرانیان هینا و وەریانگەڕانیٚ بە شوڕکان:[1]

کوڕە هەی هاوار، کوڕە لە ڕێی خوای، کوڕە لە ڕێی پێغەمبەری چ بووە؟

گۆتیان: کاکە ئەو فەقیرە جیرانینگۆ[2] بووە. ئەلعانیش ژنی بزر بووە، ئەنگۆ جیرانیٚ وینە، یان دەبی ئیعتیراف کەن ژنیٚ ئەو فەقیرەی چی لێهاتیە؟! یان ئەمریٚ سوڵتانییە بەو خودایەی دەبن مەترەقان و ئەکوژین.

ئەویتکە[3] کە بە ژنیٚ کابرایان دانابوو، گۆتی: بابە چیدین[4] لێمەدەن، خوا قبور ناکا فران پیرەژنی دوو سیٚ ڕۆژ بوو هاتوچۆی ئەو مارەی ئەکرد، ئەو ژنە لەبەینی ئەو سیٚ ڕۆژەی بزر بوو.

– کا[5] ماریٚ پیرەژنیٚ؟

ئەوی بە پیرەژنیان دانابوو، جلۆکەکیان لەبەر کردبوو پەڕۆکەکیان لەسەری ئاراندبوو، چارۆگەکیان[6] بەسەری دا دابوو، غاریاندا، ڕووبوونە[7] پیرەژنیٚ، لێیان دا و بە شوڕکان... کوڕە هەی هاوار کوڕە لە ڕێی خوای... چ بووە چ قەومایە؟

گۆتیان: ژنیٚ ئەو فەقیرەی بزر بووە، ئەوە سیٚ ڕۆژە هاتوچۆییٚ وێندەریٚ کەی، لە بەینی ئەو سیٚ ڕۆژانە ئەو ژنە بزر بووە. ئەمریٚ سوڵتانییە، وەڵاهی یان دە بن مەترەقانت دا ئەکوژین یان دەبی ئیعتیراف کەی، ژنیٚ ئەوفەقیرەت چ لێکردیە؟

– کوڕە حاشا لە ڕیٚ خوای کوڕە، هەی هاوار!

ئەریٚ –ئەوی بە عاجییان دانابوو–، پەڕۆکەکی زەردیان لەسەری نابوو، لەو لایان دانابوو، کە چاوی وێکەت... هات. هەر ئێکی پارەکی پێوەنان و وێیەگۆ:[1]

---

1–شوڕك: شوڵك، شوو، لق و قەدە داری باریك کە لە کاتی ڕاوەشاندندا دەنگی لێوە دێت.

2– جیرانینگۆ: جیرانی ئەنگۆ، دراوسێی ئێوە

3– ئەویتکە: ئەوەی تر، ئەوەی دیکە. لە خۆشناوەتی هەردوو دەربڕینی (ئەوی دیکە و ئەویتکە) بەکاردێن، چونکە زۆر جار دەنگی (د) دەبێتە (ت)

4– چیدین: چیترمان

5– کا: کوا

6– چارۆگ: چارۆك، پارچە قوماشێکە ژنان بەسەر شانیان دا دەدەن.

7– رووبوونە: ڕۆبوونە، پەلاماریان دا.

کوڕە بابم ئەنگۆ لۆ وە لە ئەو پیرەژنە غەریبەی ئەکەن؟

بانگی مندارەکەیان کرد –ئەوی بە ژنێ کابرایان دانابوو– گۆتی: ئەتوو ژنێ فەقیری، یان ژنێ عاجی؟

گۆتی: بابە، سوڵتانم خۆش بی، خۆ ئەمە هەموو ڕۆژێ بەر و مەحکەمەکن پێ ناکرێ دەگەر فەقیری، ئەمن ئەو کابرایەم هەر نەدیتییە.

دە گۆتی: بیانبەنە کن قازی.

قازیش پەڕۆکەکی لەسەری نابوو لێرێهێ[2] دانیشتبوو، چوونە کن قازی و بانگی فەقیری کرد و گۆتی: فەقیر!

گۆتی: بەرێ[3]

گۆتی: ئەو ژنە ئێ توە یان ئێ عاجییە؟

گۆتی: بە قوربانت بم بەخوای ئەوە خێزانی منە.

دە گۆتی: ئەتوو هەڕوە دەرێ. عاجی وەرە. عاجیش هات (پارەی دایتێ پێش هەنگین)[4] وەرە گۆتی: ڕاست برێ، ئەو ژنە، ژنێ تووە یان ئێ فەقیرییە؟

گۆتی: قازی، ئەگەر ئەمیش قسێ نەکەم، ئاخر فەقیر! کوت ئەو قسە کرد؟

قازی گۆتە فەقیری، فەقیر بە شەرع و بە قانوون، دوو شاهێد شاهێدەکی ئەخوا. ژنە ئەرێ حاشا، عاجی ئەرێ حاشا، ئەتوش ئەرێی ئێ منە، بە شەرع و بە قانوون خێزانێ عاجییە. ئەلعانیش عاجی ژنێ خۆ ببەوە و خوا حافیزت بی.

ئەرێ کابرا دەستی مندارەکەی گرت –ئەوی بە ژنێ فەقیریان دانابوو– هاتن ئێرە و ئێرێهێ ڕۆیشتن، کەچەری بانگی دوو قەوازانی کرد. گۆتی: بڕۆن بیانگێڕنەوە.

ئەرێ چوون: ڕاوەستە عاجی ڕاوەستە.

– ها بابم چ بووە؟

گۆتیان: سوڵتان ئەمرەکا بگەڕێنەوە.

هاتن سەلاموعەلەیکوم!

– عەلەیکومەسەلام بەخێربێن.

گۆتی: عاجی!

گۆتی: بەرێ

---

1– وێیەگۆ: وای دەگوت

2– لێرێهێ: لەوێ، لەولاتر، لەولاوە

3– بەرێ: بەڵێ

4– هەنگین: هەنگی، ئەوسا، ئەوکات

گۆتی: بەرێ و مەرێت لە هەردوو چاوان بێتە دەرێ، هەی گەواد، هەی بێشەڕەف، ژن ژنێ فەقیرییە. ئەتوش چ ئاین و ئۆینت[1] دامەزراندییە، جارێ چ مەکە عاجی ببەن بە دارێی وەکەن.

ئەرێ عاجییان برد کندرۆکەیان دە هەوکێ کرد و پێلەقەکیان لە کورسیێ دا و سوڵتانیش لە تاریکێ چاوی لێیە ئۆ تەماشاکا. دە بینن[2] سەرێ ئەو قەوازانە پەل دەن، ئەوی بەرتیلیان وەرگرتییە و بڕۆن پیرەژنێ سەرببڕن و دەبڕۆن ئەوەی ئەوهە لێ بکەن... دە و تێکەو لێکەی پێوە خەریك بوون، ئەرێ مندارەکەی بە دارێیان وەکردبوو، خنکا.

غاریاندا کوڕە گۆتیان: غاردەن ئەو مندارە هەنکە خنکایە!

غاریاندا، وکی چوون مندارەکە تەواو ببوو. منداریش بەخۆ زانن ئەگەر زەڕەکیان[3] کرد، هەر بابایە هەرات لۆ مارێ خۆ.

سوڵتانی گۆ، گۆتی: حەسەن مەمەندی ئەشەدەمبیللا حوکم ئەوهەیە، ئەوە قانوونە ئەوە حوکمە، بڕۆ بچین مەیتەکەی لە دارێ بکەینەوە. مەیتەکەیان لە دارێ کردۆوە و بانگی حەڕەس و مەڕەسانی کرد گۆتی: وەرن ئەو مەیتەی بانگ ڕابێرن ئێ کێیە داخوە؟

بانگیان کرد: کاکە مندارەك مردییە و لە مەیدانێ و ساحەی و لە گەمان، ئێ کێیە و ئێ کێ نییە؟

ئەرێ پیرەژنەك هات، ئەوەندە تاقە کوڕەی هەبوو، مەیتەکەیان بردۆوە و بەو شەوەی کەس نییە، شکایەتێ لە کێ بکا. ئەرێ پیرەژن هات قوڕی لەسەرێ خۆ دانا کە بڕۆ بچی لە کن سوڵتانی شکایەتێ بکا.

سوڵتانیش سبەینێ دەگەر بەیانی بانگی ئینزیباتانی کرد، گۆتی: ئەو کەچەرەم لە عەرد و بەردێ خوای بی، دەمهەوێ؟

دوو لۆ وێ[4] ڕۆین، دوو لۆ وێ ڕۆیی، دوو لۆ وێ ڕۆیی، هەتا چێشتەنگاوی ئەوە هەر لە دوو کەچەری بوون. ئەرێ تەماشایان کردێ لەپێش فڕنی ڕاوەستابوو، نانی ئەخوارد: کوڕە کەچەر کوڕە کەچەر!

گۆتی: چییە بابم؟

کوڕە گۆتیان: دنیان لە دوو تو لێك دایتەوە، سوڵتانی ئەمر کردییە ئەلعان بگاتە ئێرە.

---

1- ئاین و ئۆین: فرو فێڵ، مەکر

2- بینن: بیهێنن، بێنن

3- زەڕ: کەتن، زەرەرلێدان

4- لۆ وێ: بۆ ئەوێ، بۆ ئەولاولا، ئەملاو و ئەولا

گۆتی: دە بڕۆن بڕۆن سوڵتان چیشی[1] بەمنە، کابرایەکی وەکی من فەقیر و ئۆ ئەمبینن ئەستورکەکیان بە خێراخۆ دایمیێ[2] ئەخۆم، چ ئیشم لە کن سوڵتانییە، سوڵتانی چیش[3] بەمنە؟!

دوان خۆ دا بن پیلی و هەریان گرت و بە غار هینایان لۆ پێش سوڵتانی، دایان نا.

سوڵتانی گۆتی: کەچەر!

گۆتی: بەریێ سوڵتانم خۆش بی.

گۆتی: دەمهەویێ گەمەکی وەکی شەویێ دی دابنێی.

کوڕە گۆتی: دە بڕۆ بڕۆ، ئەو گەمە بە من دامەزرێتەوە؟!

سوڵتانی گۆتی: وەڵا وەبیلاهی دانەمەزرینی، کوت شەویێ دی ئەو گەمە دامەزراندییە، ئەلعانیش ئەوهە دامەزرینی، نەخۆ بەو خوایەی سەرت ئەبڕم.

گۆتی: وەڵا منەتت لێ هەرناگرم.

– کوڕە داکت چا، بابت چا؟

گۆتی: هەنکە[4] سوڵتان ئەو حەیرانانە لۆ من مەریێ، ئەگەر ڕاستەکەی بەرگی خۆ لەبەرکە شیری عەدالەتم لە ڕۆخ دانێ، بڕۆ لە ناو پێراوانیش دانیشە، ئەجا ئەمن مەحکەمەکەت لۆ ئەکەم دەنا...

سوڵتانی گۆتی: بەسەر چاوان.

برندی کرد و بەرگی غەزەبێی دەبەر کەچەری کرد و شیری عەدالەتی لە ڕۆخ دانا و لەسەر کورسییێ. بە خۆش چوو لەناو پێراوان دانیشت. کەس نزانی سوڵتان لە گۆڕێیە![5]

ئەمری کرد، گۆتی: بڕۆن لە فران مەحەلەی ژنەك و عاجییەك هەنە، دەمهەویێ ئەلعان بیانهیننە ئێرە.

غارە دیسان. ژنە و پیاوەکەیان گرت و هینایان و پیرەژنیان هینا و وەقازەکان لێرێهێیان[6] ڕاگرتن و لەو دەمیش پیرەژنێ کوڕ کوژرای، گەیشتە وێندەریێ، هەندە قوڕەی لەسەرێخۆ دانابوو.

---

1– چیش: چ ئیشێك

2– دایمیێ: دایتەمن. داویە بە من

3– چیش، چ ئیش، چ کار

4– هەنکە: هەنووکە، ئێستا

5– لە گۆڕێیە: لەو گۆڕەیە، لە سەر زەوی دانیشتییە، واتە لەسەر تەختی هاتووەتە خوار

6– لێرێهێیان: لەوێیان، لەو ناوەیان

گۆتی: سوڵتانم خۆش بی، ڕەببی بە قوربانت بم، ڕەببی ئێك لە منداره بەغداییان نەمینیٚ، تاقانە کوڕیژگەکم هەیە، ئەویش شەویٚ دیکە[1] چووینە لە مەیدانیٚ بە دارێیان وەکردیە، کوڕیژگەیان لیٚ خنکاندیمە. ئەوجا داد و خوام هینایتە بەرەتوو، کە ئەو حەقەم لۆ بستینی.

گۆتی: پیرە داك وەرە! گۆتی: مەحکەمەی ڕاگرن جاریٚ.

مەحکەمەیان ڕاگرت.

بانگی خەزنەداری کرد گۆتی: پیرەژنیٚ دەگەرەخۆ بە، هەتا گوش[2] ئەگری لە خەزێنەی لیرانی تێباویٚ و عەمبارەکی بگرن و لۆی بەنەوە دوڕ ماریٚ.

ئەوجا گۆتی: پیرەژن وەکی ئەوەت بردۆوە هەنگیٚ وەرەوە.

ئەریٚ چوون گوشە لیرەکیان لۆ پیرەژنیٚ برد و لۆیان لە ژۆریٚ دانا و دەرکەی کلیل دا و وەگەر ئینزیباتان کەت و هاتۆوە لۆ سەراییٚ و هەنگیٚ کەچەریٚ، خۆ لە کورسییٚ هەردا خواریٚ، گۆتی: داپیرە شەویٚ دی کوڕی توو، ئەمن ئیعدام کرد. فەرموو گەردەنیشت ئازابی ئەوە شیری عەدالەت لە جیاتی کوڕیٚ خۆ، سەرم ببڕە.

ئەجا گۆتی: بە قوربانت بم، دەبەرت مرم، ما[3] دە کوڕم هەبانە ئۆندی[4] ئەتوو دایتە من هەندە ئیستیفادەیان لۆمن ئەبوو؟! گەردەنت لە ڕیٚی خوای ئازابی. ئەوە گەردەنم ئازا کردی دەبەرت مرم سوڵتان، ئەمن ژنیٚ هەندێمە سەری سوڵتانی ببڕم؟

دە گۆتی: داپیرە دەنا خواحافیزت بی، بڕۆ هەتا مای لۆ خۆ، سەر دە خەزێنەی نیٚ، ئەگەر لێشت بڕا وەرۆوە[5]

ئەریٚ ئەوجا بانگی عاجی کرد گۆتی: وەرە عاجی! ئەو ژنە ژنیٚ تووە یان ژنیٚ فەقیریە؟

گۆتی: سوڵتانم خۆش بی، حەیام چوو لە بەغداییٚ، ناموسم چوو... ئەوە سێیەم جار ئەتوو ئەو مەحکەمەی دەگەرە من بکەی. ئەو ژنە ئەگەر ڕازییە ئەلعان تا تەراقی دەم لە فەقیری مارە بکەم. بەرا[6] با ئەو بەرایەم[7] لە کۆر بیتەوە.

---

1- شەویٚ دیکە: شەوی ڕابردوو، دوێنیٚ شەو، بەڵام لە خۆشناوەتی (شەوادی)یش بۆ پێریٚ شەو، بەکاردێت.

2- گوش: گووش، گونیە، گوێنی تێلیس. تەلیس

3- ما: چما

4-ئۆندی: ئەوەندی: ئەوەندەی

5- وەرۆوە: وەرەوە.

6- بەرا: بەڵام

7- بەرا: بەڵا

سوڵتانی گۆتی: ئافرەت ئەو فەقیرە مێردی تووە یان ئەتوو ژنیٚ عاجی؟

گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، حەیام چوو نامووسم چوو، ئەوە سیٚ جار ئەنگۆ بانگی مەحکەمەن بکەن، ئەمن فەقیرم هەر نەدیتییە.

گۆتی: بیانبەن لێرێهێیان ڕاگرن.

بانگی پیرەژنێی کرد، بە جلانیان بە دوو خۆ ڕاکێشایە، گۆتی: وەرە پیرەژن ڕاست بریٚ، ژنیٚ ئەو فەقیرەی کیٚ برد؟

وەڵاهی گۆتی: بە قوربانت بم سوڵتان! ئەو عاجییەی برد.

ئەوجا گۆتی: بینن مەحکەمەی دانێن، عاجی جاریٚ ببەن بەپەتکی وەکەن.

عاجییان برد بەپەتکێیان وەکرد، سەریٚ پیرەژنێیان بڕی، سەریٚ قەوازەکانیان بڕی، لە دوو کەونە ژنیٚ عاجیشی نارد. گۆتی: بڕۆن بیهینن.

ئەریٚ کەونە ژنیٚ عاجیشیان هینا گۆتی: ئافرەت! ئەتوش ناویٚ خوا و پێغەمبەران بینە تا لە فەقیرت مارەکەم. بڕۆوە سەر گەز و خەزنیٚ خۆو سەر مار و حاریٚ خۆ.

وەڵاهی گۆتی: لە ڕاهی خوای لەسەر دەستی توو ئەوە مێردم بە فەقیری کرد. نەعلەت لێدرای، باشە نانی نەبوو، ژنی نەبوو، چوو ئەوەی بەرا توشی[1] خۆ کرد؟! ژنیٚ عاجیشیان لە فەقیری مارە کرد و گۆتی: بابم خوا حافیز و بی و بڕۆنە سەر مار و حاریٚ خۆ.

ئەمیش کەراشم دڕا و گەڕامەوە.

---

1- بەراتوش: بەڵاتوش، تووشی بەڵا

# ڕدێن ڕەش و ڕدێن سپی[1-2]

ئەریٚ جومعە بوو، سوڵتان مەحموود عادەتی ئەوە بوو، بە شەوان ئەگەرا، لە کۆرانان لە محەلان،[3] داخوا ئایا چ هەیە، چ نییە؟! کە جومعەی ئەکرد بە خۆ بە حەسەن مەمەندی، وەزیری بوو، بە کۆرانان دائەچوون، تەماشای ئەو خەرکەیان[4] ئەکرد و داخوا وەزعی عالەمیٚ کوە و چییە و چ نییە. ئەریٚ گەییە پێش مارەکی، تەماشای کردیٚ، ئێکی ڕدێن سپی لە دەرکیٚ ڕاوەستابوو، بەرگی دەروێشیان دەبەردایە، نازانن سوڵتان مەحموودە، ئەریٚ سەلامی کرد و سەلامی لێوەرگرتەوە ڕدێن سپی، گۆتی: بابە دەروێش فەرمووو!

جومعە بەربووە و عالەم دێتەوە لۆ نان خواردنیٚ و سوڵتان مەحموود بەخۆ بە حەسەن مەمەندی چوونە ژۆریٚ و تەماشایان کرد ئێکی ڕدێن ڕەش لەلای سەرۆوە دانیشتبوو، بالیفەکی درابووە پاریٚ[5] و سەلامیان لیٚ کرد و سەلامی وەرگرتۆوە و یەکپێیان[6] لەبەر برندبوو: یاخوا بەخێر بێن بابە دەروێش. فەرموو دانیشن.

ئەریٚ دانیشتن، ئەوی ڕدێن سپییەکە چوو دەستشۆری هینا و مەسینەی هینا و دەستی شووشتن و چووە لای ماریٚ و خوانچەی[7] هینا و ئەوجا ئەوی خوای بە نسیب کردبوو، لەبەریێ[8] دانان.

ڕدێن ڕەش هاتە پێش گۆتی: بابە دەروێش فەرموون!

گۆتی: وەڵاهی ئەمن ئەو نانەی ناخۆم.

کوڕە بابە دەروێش ئەنگۆ مێوانن، ئاخر لۆ نانی ناخۆن؟

گۆتی: کاکە! ئەمن لۆییٚ ئەو نانەی ناخۆم، چ مەعنای نییە ئەوە ڕدێن سپییە و ڕدێنی وەك کولیٚ[9] بەفرێیە، ئەتوش ڕدێنت ڕەشە کولت هەندە ئەستوورە، ئەتوو لە لای

---

1- ئەم هەقایەتە لە دەمی (مام ئەنوەر حەسەن عومەرگەرەوەیی)یەوە لە ڕێکەوتی 2007/4/13 لە شەقڵاوە وەرگیراوە.

2- لە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە 33ی ساڵی 2008 بڵاوبووەتەوە.

3- محەل: شوێن (عەرەبییە)

4- خەرك: خەڵك

5- پار: پاڵ

6- یەکپێیان: یەکسەر، دەستبەجیٚ

7- خوانچە: سفرەی نان

8- بەریٚ: بەردەم. بەر: بەمانای (خوار، خوارەوە – بەردەم-)یش دێت.

9- کول: کلۆ، کلۆتە، پارچە و پزیە بەفری زۆر سپی. دەکریٚ (شەکری کلۆ)یش لەمەوە هاتبێت.

سەرەوە دانیشتی، ئەو ڕدێن سپییەش خزمەتی ما کا.[1] ئەمن ئەگەر لۆم ڕۆن نەکەنەوە ئەو مەسەلە چییە، ئەو نانەی ناخۆم؟

ئەریٚ ڕدێن سپییەکەی گۆ:[2] بابە دەروێش نانی خۆ بخۆن ئەجا چ هەبوو لە ئسوولی عادەت، ئەمن دێم دائەنیشم وەسفەکە و بەتەواوی لۆ ئەگێڕمەوە...

ئێه... گۆتیان: باشە.

نانیان خوارد و دەستشۆری هینا و دەستیان شووشتن و پەشتەماری هینا و دەستی خۆیان خاوێن کردۆوە و دەگۆتی: ڕدێن سپی وەرە دانیشە.

گۆتی: بابە دەروێش ئەوە برا گەورەی منە، ئەو ڕدێن ڕەشە. ئەمن برا گچکەی ویمە،[3] ئەو مار و عایلەی هەبوو، ئەمن بیٚ مار و عایلە بووم، جاحێر بووم تازە گەنج بووم، بەبەر هەرەچووم،[4] ڕۆژیٚ ئەچوومە مەیدانیٚ ئەگەر کابرایەکی گۆتبا، وەرە کاکە ئەو ڕۆژە ئیشەم لۆ بکە، ئەچووم ڕۆژە ئیشەکەم ئەکرد و هێواریٚ پارەکەم دیناوە، وە برام ئەداوە لۆ مەسرەفیٚ ماریٚ.

ڕۆژەکی چوومە مەیدانیٚ، جووەك لە مەیدانیٚ ڕاوەستابوو، گۆتی: کی بی لەو عەمەلانە بیٚ، دە شەوانم لە کن بی، ئەمن شەوو لیرەی ئەدەمیٚ؟

ڕۆژەعەمەلەش داخوە بە ڕیەکی بووە، بە دوو دەرەمان[5] بوو بە چەندی بوو بی.

ئەمیش گۆ: وەڵاهی فران، ئەوە ئەشتەکی زۆر چاکە.

وەڵا گۆتم: جووە ئەمن دێم.

گۆتی: دێی ؟

گۆتم: بەریٚ دێم.

وەڵا جوو وەپێشکەت و لۆ ماریٚ ڕۆیی و دەرکەکە دوو دەری بوو، کردییۆوە و لە دوودەری چووینە ژۆریٚ، وەکی چووین، کچەکی زۆر نەوجەوانی هەبوو، نانی ئەکرد لە دوڕ دەرکیٚ، کە چاوی وەمن کەت، ئاخەکی هەرکێشا. ئیٚ گۆتم باشە خۆ ئەو نە ئەمنی دیتییە و نە ئەمن ئەو دیتییە و ئەو کیژە جووە و باشە خۆ حەزێم لیٚ ناکا!

1– خزمەتی ما کا: خزمەتی ئێمە بکات. ما: ئێمە. کا: بکا، بکات

2– گۆ: گوتی

3– ویمە: ئەویمە، ئەوم

4– بەبەرهەرە چووم: بەبەرهەڵ دەچووم، خورت بووم، تازەپێگەیشتبووم.

5– دەرەم: درهەم. لە خۆشناوەتیدا لە ژمارە یەك زیاتر (ان)ی نیشانەی کۆ وەردەگریٚت. جگە لە ناوهێنانی ژمارەش، کەرەستەکانیش ئەگەر لە یەك زیاتر بن، دەبن بە کۆ، وەك: ئەچمە ماریٚ حەمەد و مەحموودان.

چووینە ژۆریێ و نان و چێشت و تەعامیان هینا و نۆ شەو و نۆ ڕۆژان خزمەتیان کردم، خزمەتەکی فەوقەلعادە[1]...

ئێـﻪ گـۆتی: بابـە دەروێـش! شـەوی نـۆییێ کـە دەی بەسـەر دادیێ، جـووی گـۆتی: بسولمان سبەینیێ سەفەرن هەیە وەخۆکەوە.[2]

ئەمیش گۆتم: ئامادەمە. هەموو هێواران، بە هێوارانیش لیرەکی ئەدا من، هێواریێ گـۆتی: هـەڕوو دە هێسـتران بینـە و هـەڕوو دە جۆڕکـان[3] پـڕی ئالیـك کـە[4]، هـەر دە هێسترانیش تێریان کە، سبەینیێ بەیانی ئەدا و نادا، ئەڕۆین.

ئیێ گۆتم: باشە.

تەرتیباتەکەم کرد و دە جۆتە خرارن[5] لە وراغەکان بەستن و بە گوریسی و جۆڕکن بە تەنیشتی وراغان وەکرد و جوو سواری هێسترەکی بوو، ئەمیش سواری هێسترەکی بووم. ملی لێنا (برێین گەریەکی وکی گەری شێخ وسو ڕەحمانی[6] ئەوهە لە دووری شاری) جوو دە پێشدا ڕۆیی لۆ گەریەکەی و لەویێ وەسەکەتین[7] لۆ سەریێ، گۆڕایی بوو.

گۆتی: بسولمان وەرە خواریێ وراغەکان بەستەوە، خرارەکان بینە، جۆڕکانیشیان وەسە بێخە.

وەڵا گۆتی: بابە دەروێش ئەمیش جۆڕکەکانم وەسە وراغان هێخست و گوریسم دە جۆتە گوریس بوون، هینام دامنان و تەرتیباتەکەن حازرکرد و تەماشام لێکردیێ، زێر زەمینەك[8] هەنکی[9] ئەو ناوەی لە گۆڕاییێ بوو.

دە گـۆتی: ئـەوجا وەرە بسـولمان! گوریسـان دەسـە یـەك دێخـم هـەڕوە خـواریێ، بە گێرەی ئەوەی کە لەسەریێ ئەمن پێم هەربکشیێ[10] تێکە و دەرکیان بەستە و دە کندری باویێ و ڕاوەشینە، ئەمن هەرەکێشم هەتا تەواوەبی..

---

1-فەوقەلعادە: بیێ سنوور، لە غایەبەدەر، بیێ ڕادە

2- وەخۆکەوە: خۆت ئامادە بکە.

3- جۆڕك: تەلیسێکی بچووکە، لە لموزی وڵاخ دەبەستریێ و کاو جۆی تێدەکریێ.

4- پڕی ئالیك کە: پڕیان بکە لە ئالیك

5- خرار: لە جۆڕك گەورەترە، بۆ تێکردنی ئازووقە و دەغڵ و دان بەکاردێت.

6- گەری شێخ وسو ڕەحمان: ئەشکەوت و نزرگەی شێخ وسو ڕەحمانی لێیە، کەوتووەتە سنووری شەقڵاوەوە. دیانەکان (ڕەبەن بۆیا)ی مسوڵمانەکانیش (شێخ وسو ڕەحمان)ی پیێ دەڵێن.

7- وەسە: وەسەر، بەسەر

8- زێر زەمین: ژێرزەمین، لە هەندیێ ناوچەی خۆشناوەتی لەم وشەیەدا دەنگی(ژ) دەبێتە (ز)

9- هەنکی: هەندی، هێندەی

10- هەربکشیێ: هەڵبکشیێ

وەڵا گوتی: بابە دەروێش، ڕۆیشتمە خوارێ، ماوەکی گەییمە بنی و نازانم چی تێدایە. جووی خرارەکانی ئێك ئێك هەرەدان و ئۆندی ئەمزانی تاقەتم هەیە و پێم برند ئەکرێ و ئەویش هەرەکێشی، پڕم ئەکرد و دەرکم ئەبەست و کندرم لە زارکی داراند و کندرم ڕائەوەشاند، هەریەکێشا، هەتا دە بارەکە تەواو بوون. ئەجا گوتی: بسولمان دەخۆ بێخە وەرە وەسەکەوە.

وەڵا گوتی: بابە دەروێش کندرم دەخۆ هێخست و وەسەکەتم و وراغم هینان و هەر دە بارم دەگەر بار کردن و گوریسێ سەرباری مابوو کە پێی هەرکەین. گوتی: بسولمان ئەمن ئیشەکی غەرەتم[1] کرد.

ئەمیش گۆ: کو، جووە؟

گوتی: بابە ئەتوو کابرایەکی فەقیری هەڕوو کیهە[2] جۆڕکی هێستران گەورەیە، بینە، کندرت تێدێخم هەڕووە خوارێ، لۆ خۆ پڕکە و ئەوجا وەسەرت دێخمەوە و ئەڕۆین.

ئەمیش گۆ: برا! خوا لە نەبوونێ شتەکی ئەوهالە[3] بدا، ئەوە هەمووی زێڕ و زیوە ئەو مادده، وەڵا گوتی: بابە دەروێش لە خەنی و خۆشییان کندرم دە خۆ هێخست و ڕۆییمە خوارێ، جۆڕکم بردن و هەتا پڕ بوو، هەر دامەکوتا هەتا پر بوو. دەرکم[4] بەست و کندرم تێ هێخست و ڕاموەشاند و جۆڕکەکەی هەرکێشا، هەریکێشاوە بانگم کرد، بە حەستەم دەنگم ئەگاتەوە سەرێ: جووە کندری دابێرە[5] هەتا وەسەبکەومەوە.

گوتی: وای بوسڵمان! گەلەکی وکی تەوو لە وێندەرێنە ئەتوو لۆ خۆ هەڕووە کنە وان[6] هەتا ئەمری.

– کوڕە، جووە لۆ خاتری خوای، لۆ خاتری پێغەمبەری!

گوتی: باوەڕکە ئەوە لە گۆڕێ نییە، هەرچی وەسە بێخمۆو،[7] بێ، ئەسراری ئاشکرا بکا، ئەو مارە کو بەمنە خورێ؟

ئەجا گوتی: بابە دەروێش، جووی لەوێ بە جێ هێشتم. (یاڕەبی خوایە!) ڕۆژ وکی دادەهات بەحەستەم تریسکایێ لە سەرێ دەهات، نەخۆ تاریك و تاریك! مام

---

1- غەرەت: هەڵە

2- کیهە: کامە

3- ئەوهالە: وەها، ئیوهە، ئیوهالە، ئاوها، ئاوا

4- دەرك: زارك، زار، دەرگا

5- دابێرە: دایبهێڵە، شۆڕی بکەوە خوارێ.

6- کنە وان: کن ئەوان، لای ئەوان

7- وەسە بێخمۆو: بەسەری بخەمەوە، سەری بخەمەوە.

لەوێندەری، چەند شەوو چەند ڕۆژان مام بە برسییەتی، بە تێنییەتی و تەماشا کەمێ ئەشکەفت هەموو پڕی هێسکە زەلامن، چەند کەسانی دیکەی بەو نەوعەی هینابنە ئەو مەلعوونەی لەوێی بەجێ هێشتینە.

وەڵا گۆتی: بابە دەروێش! شەوەکی دانیشتبووم تەماشام کردێ، بنەمن دائەکەت. ئەمیش گۆ ئەوە مەعلووم ئەشتەکە. وەڵا سبەینێ بووە ڕۆژ بڕوکۆکەك،[1] ئاهەهە هەوایەك هەبوو، هێسکەکانم بەولاو بەولا وەنان و پێداچوومە خوارێ هەتا گەییمە بنی. تەماشام لێکرد، هوردە[2] هێسکی لێکەتینە. هێسکەکانم وەکی غەرێ[3] لێکردن لە کونۆکەکی، کونەکی تێدابوو بە قەیاسی[4] ئەوەندەی، لە ڕۆخی کونێ، هێسکەکانم بە پێشەخۆ وەنان و خۆم مات کرد.

هات شەو ڕاشکا، توشی شەوێ هاتم، شەوێ گێم لێبوو هەستەك دەهات لۆ ژۆرێ، گۆتم بەرێ[5] ئەو دەعبە[6] لەسەر دنیایێ ڕا دێ، وەڵا گۆتی: هات لە من تێپەڕی، لە پشتڕا ڕویبوومە هەردوو لاقان و گرتم. کە گرتم، ئەو گەڕاوە لۆ کونێ، گۆتی: بابە دەروێش، لە هەندەك جێیان هەموو پیستم لە قەلبی بە کەلی دەهات هەتا تێوا چووم. لە هەندەك جێیان فەراح بوو، لە هەندەك جێیان تەسك تەسك بوو، بڕۆ چەند ماوەکی زۆر، پاشان بەرم نەدا ئەو دەعبە، لە کاتەکی هاتە دەرێ و ئەمیش ئەوە لە دوو ویمە، ڕاست ڕووناکاییم لۆ پەیدا بوو، تەماشام کردێ برقە برقی[7] ئەستێران بوو. شەوەکی خۆش، گۆتم ئەلحەمدولیلا خوایە نەجاتت دام. وەڵا گۆتی: دەستم لێبەردا لە دەعبەکەی و دەعبە دەرپەڕی و ڕۆیی، نازانم بە کێدا. ئەمیش ئەوە لە ناوەندێ لاتی[8] شاخیمە.

سبەینێ بووە ڕۆژ و ڕۆژ هەرات و تەماشێی[9] خوارێ ئەکەم بەحرە، ئەوبەر و ئەوبەری گرتییە، خوا بە خۆ نەبی، کەس نزانی ئەو بەحرە بەرینی چەندە. لەولایە

---

1- بڕوکۆکەك: بڕێك، کەمێك

2- هوردە: وردە

3- غەر: کەڵەکە بەرد. کۆمەڵە بەردێکە بەسەریەکەوە لە شێوەی بازنەیەکدا، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە بەردەی کە بەدەوری گلکۆیەکەوەن.

4- بە قەیاسی: بە ئەندازەی، بە قەدەر، بە بڕی

5- بەرێ: لێرەدا بە مانای بەڵێ نایەت، بەڵکو بە مانای لەوانەیە، یان ڕەنگە دێت.

6- دەعبە: دەعبا، گیاندار

7- برقە برق: ڕووناکایی و تریسکانەوەی ئەستێران.

8- لات (لاتە شاخ):لە نێوان شاخێکی سەخت، شوێنێکی تەختە لە شێوەی ڕێگایەکی تەسکدایە، بەڵام زۆر گەورە نییە.

9- تەماشێی: تەماشای، سەیری

سـوڕێم ڕێ نییـه وەسـەکەوم، لەولایـە تەماشـاکەم ڕێ نییـە وەسـەکەوم، لەولایـە تەماشاکەم ڕێ نییە وەسەکەوم، یارەببی خوایە چ بکەم؟ چارەم چییە؟

وەڵا گۆتی: بابە دەروێش شەوەك دوو شەوانیش لەوێ مامەوە و بە برسییەتی و تێنییەتی، غەریب. گۆتم برا! ئەمن هەرەمرم، مادام هەر بشمرم، وەڵاهی بە تەمای خوای خۆ هەرەدەم لۆ بەحرێ. وەڵا تەماشام کردێ تەختەدارەکی هەندی برێین نیوەی ئەو غورفەی، بە بەحرێ دا دەهات، گەڕایی[1] بوو دەهاتۆوە بن شاخی و لەوێندەرێ ئاو جەولەی پێ ئەکردۆو[2] دەهاتۆوە وێندەرێ.

تەماشام کردێ ئەشتەکی بۆرەکۆکەی[3] لەسەر بوو، دوورە تەواوەك، گۆتم بە تەمای خوای: خوایە هەر ئەتوو خالیقی، وەڵڵاهی ئەو جارە ئەو تەختەدارە ڕاستبی، خۆ تێهەرەدەم، ئەگەر کەتمە بەحرێ، ئەوە ڕۆیشتم، ئەگەر کەتمە سەر تەختەداری، ئەوە هەر ڕۆیشتیمە، ئەمما مادەم هەر ڕۆیشتیمە، ئەجا بە تەمای توو خوایە، ئەو فرسەتەی ئەکەم. وەڵا گۆتی: بابە دەروێش، تەختەدار هات دەگەرم ڕاست بوو، ناوێ خوام هینا و خۆم تێهەردا، لەو هەزاری بەر هەزارییەی،[4] خوا وەیهینا کەتمە سەر تەختەداری. تەماشاکەم، پیرەمێردەکی ئیختیار، ڕدێنی هەندە هاتییە، مووی بن کەوشان،[5] ئی سەری هەمووی تێکەر بووە لەسەر چۆکانیشە. دەگەر ڕمبژنی[6] ئاوڕەکی لە من داوە.

گۆتی: بابم ئەتوو چی؟

وەڵڵاهی گۆتم: کاکە بنیادەمم، بەرا[7] ئەتوو چی؟

وەئهوو وەئهوو! بە خودای گۆتی: ماریَ توو کۆربۆوە دەگەر ماریَ من. قوڕم وەسەری بوو.

– ئێ باشە مامە ئەو تەختەدارە چییە؟

پیرەمێردی پەنجەکی هەندەی دە دەستی دابوو، بەین بەینە دە دەوی[8] خۆی ئەناو ئەیمژی.

---

1– گەڕایی: ئەو شوێنەی کە ئاوی ڕووبار تێیدا پێچ دەکاتەوە.

2– جەولەی پێ ئەکردۆو: جەولەی پێ دەکردەوەو

3– بۆرەکۆکە: بچووککردنەوەی وشەی (بۆر)

4– لەو هەزاری بەر هەزارییەی: لەو هەزار بە هەزارە کە بۆ شوێنی سەخت و دژوار بەکاردێت

5– کەوش: پیل، هەنگڵ

6– ڕمبژن: گرمژن، دەنگی گەورە، ڕمبەی گەورە

7– بەرا: بەڵام

8– دەو: دەم، دم، زار

وەڵاهی گۆتی: کوڕم ئەمە لەشکریٚ شای ئەسکەندەری بووین، هاتین، لیٚرە کەتینە ئەو گەڕەی، ئەوە بەحرە ئەڕوا لۆ ئەوسەری و بە بای دیٚتەوە لە چ جیٚیان ئەو ئاوە و ئەو تەختە دارە دەرناچن. ئەمە هەشتا کەس بووین، لەو هەشتا کەسەی کە لیٚرە ئوهەن بەسەرهات، ماینەوە لە برسان چارەن نەما، ملن دەبەر ملی ئیٚکدی نا، کیهە لە هەمان بە قەوەتتر با، ئیٚکی لە عاردییە دا و گۆشتەکەن ئەخوارد و هیٚسکەکەشن فڕادانە بەحریٚ.

ئەلئاخیر[1] ئەمن بە خۆ بە برای مام، کە لەوان بە قەوەتتر بووین. ناچار بە خۆ بە براشن ئامیٚز هاویتە ئیٚکدی و برایەکەی خۆشم لە عاردی دا و ملم دەبە گۆشتی نا، گۆشتی ویشم خوارد. ئەوە حەفت سارە ئەمن ئەو پەنجەم دە دەستی دایە، ئی برام ویٚمایە. سیٚبووریەکەم بە ڕەحمیٚ خوای و بە پەنجیٚ ئەو برایەی و بەین بەینە دە دەویٚ خۆ نیٚم و ئەمژم و سیٚبوورییەکەم پیٚچی.

ئەجا گۆتم خوایە ئەمن لە چ داو بەربووم تووشی چ بووم! چەند ماوەکیش لە کنەوی مامەوە، برسی، تیٚنی، خوا ڕۆژەکی وەی هینا، بایەکی لیٚدا لەو گەڕەی، تەختەدار (ناوەوەی جزیرگەیە،[2] هەزاری بەر هەزارییە) بای لیٚدا لۆ بن جزیرگەی چوو، کە گەییمە ڕۆخیٚ جزیرگەی، هیٚشتا تاقەتم مابوو وەکی پیرەمیٚردی شڕ[3] نەبووم. بنە پرچکەك[4] بەسەر ڕۆخی ئاویٚدا شۆڕبووبۆوە و خۆم تیٚهەراویت[5] و خۆم دە پرچکەکەی گرت: یا مەولوودیٚ پیٚغەمبەری، خوایە نەجاتم دەی.

بە هەر حارەکی هەبی نەجاتم بوو، وەسەکەتم. چیایە چۆل و واحید و قەهار، هەر چار دەورەی بەحرە. وەلا ویٚم هەرکرد[6] بەین بەینە ڕووە بوومە[7] بڕکە گیایەکی ئەمخوارد و بڕوکۆکەکی[8] دی ئەڕۆیشتم و بڕکەکی دیم ئەخوارد هەتا وەسەکەتم، وەسەرکەتم تەماشام کردیٚ هەندە زندم[9] لیٚ وەدەرکەتن.

---

1- ئەلئاخیر: ئاخیری، لە کۆتایدا، لە دوماهیدا

2-جزیرگە: دوورگە

3- شر: بیٚهیٚز، پەریٚشان

4- پرچك: پچك، بنکیٚك، چیلك

5- خۆم تیٚهەراویت: خۆم تیٚهەڵدا، خۆم تیٚهەراویشت، خۆم تیٚهەردا

6- ویٚم هەرکرد: ملم پیٚوەنا، ڕۆیشتم

7- ڕووە بوومە: ڕۆ ئەبوومە، ڕۆ دەبووم، دەستم بۆ دەبرد، دەمڕنی.

8- برۆکۆکەك: بڕوکەك، تۆزوکەك، تۆزیٚك، نەختیٚك

9- زند: زنج، کۆریت، ئەو ژوورەی لە شاخان لە دارو پرچك دروست دەکریٚ. لە خۆشناوەتیدا و لەنیٚو ڕەزە دیٚمییەکانی شاخاندا، زنج دروست دەکریٚن کە لە شیٚوەی ژووریٚکدایە و دیوارەکەی بە بەرد و سەرەکەیشی بە لق(کەد) دارکی میٚو دادەپۆشریٚ و بە کەڵەکەبوونی لەسەر یەك ڕیٚگای ئاوی باران نادا بیٚتە ژوورەوە.

گۆتم: ئاخ ئاهـ! کوڕە خۆ ئێرە دیارە ئەو جزیرگە ڕێیەکی لۆ دیٚ، ئێرە جێی هاوینەهەوارە، ئیٚ ڕەوەندانە[1] ... ئیٚ خەبیرانە... ئیٚ کێیە؟

ئەوە گەییمە ئێرانە،[2] ئیسراحەتەکی ئەکەم و هەتاوەکونیٚ[3] بوڕکۆکە[4] گیاومیای ئەخۆم و تاقەتەکەم پەیابی، هەنگێن تەبعەن ڕێیەکی هەیە. بە ڕێیەکەی دا ڕۆم. وەڵا لەو کۆڕیتی هەڕوە ئەو کۆڕیتی، ئەبینم مەیتەك ئۆ لەوێیە هیشکە، ڕەق و هیشك بووە. ئەچمە ئەوی دی، ئەوی دی ئوهە، پێی ناویٚ هەر بەینی کۆڕیتانیش ئێرە و ئەوەندێهێیە، دەبوو دانیشبام بڕکە گیایەکم بڕی باوە[5] و خواردبام، ئەوجا ئەگەیشتمە ئەو کۆڕیتەی.

گۆتی: بابە دەروێش! ئاخیری گەیشتمە کۆڕیتەکی تەماشام لێکردن، پیرەمێردەکی غەریب، ئیختیار، ڕدێنی هەندە هاتییە، کورکیٚ[6] سەری و بەری و هەموو تێکەر بووە و لەسەر چۆکانیتی.

وەڵا گۆتی: ئەمیش سەلامم لێکرد، چاوی برند کرد و سەلامی پیٚ وەرنەگیراوە: کاکە ئەتوو چی لێرە؟ ئەتوو کی؟ لێت قەومایە؟

تەرکی تەکەللوم.[7]

گۆتم بەریٚ ئەوە هەندی گیا خواردییە، هەند سارە لێرەیە، ئەوە نوقبی[8] گیرایە و زمانی ئەستوور بووە. گەڕام سووڕام تیخە بەردەکم دیتەوە، پیرەمێردم لە عاردی دا، زمانم دەرینا. زمانم ڕنی... ڕنی هەتا خوینی لێهات. کابرا بەربۆوە و بیٚ هۆش بوو. ناویٚ خوام هینا و گۆتم ئەوە تەواو بوو. ماوەکی زۆر پێچوو کابرا هەشیاری بۆوە و چاوی هەرینا و گۆتی: ئەریٚ بابەکەم ئەتو دوژمنیٚ منی، حیزرائیلی منی، ئەتو لۆ وەت لە من کرد؟

---

1- ڕەوەند: ئەو خاوەن مەڕوماڵاتانەی کە کوێستان و گەرمێنان دەکەن.

2- ئێرانە: ئێرەکانە، ئێرووکانە، ئێرە

3- هەتاوەکونیٚ: هەتاوەکینیٚ، هەتاوەکو

4- بوڕکۆکە: بوڕکۆکەك، برێکی کەم

5- بڕی باوە: بمبڕیایەوە, چاوگەکەی بڕینەوە یە

6- کورك: کوڵك، موو

7-تەرکی تەکەللوم: نوتق گیران، قسەنەکردن، بێدەنگ بوون

8- نوقب: نوتق (لێرەدا هەقایەتبێژ بە هەڵە وای بەکارهێناوە)، گۆکردن

**کوڕە گۆتم! کاکە ئاخر باشە ئەمن ئۆندی سوئال و جوابم لە تو کرد ئەتو چ جوابت پێنەدراوە، ئەلعانیشم لۆییٚ وە لە تو کرد، کە زمانەکەت برغی[1] لەسەر لابکەوی و وەقسە بێیەوە. ئەتو چی لێرە؟**

**وەڵا گۆتی: کوڕم ئەمن چمە؟ ئەمە لەشکریٚ شای ئەسکەندەر بووین، ئەوی تاقەتی هەبوو وەسەرکەتین و بارای جزیرگەن کرد،[2] ئەوی تاقەتیشی نەبوو لەسەر تەختە داری مانەوە و ئێستاش نزانین چەند مردینە و چەند ماینە!**

**گۆتی: ئەدی ئەو چیایە ڕێیە... جێیە؟[3]**

**گۆتی: بابم هەر چار دەورەن نۆڕییە، ئۆندی توانان هەبی، هەر چار دەورەی بەحرە. ڕۆژ لە بەحریٚ هەردیٚ لە بەحریٚ ئاوابی. ئەوجا ئەوی مردییە ئەوە خەلاص بووە و مایمەوە ئەمن. ئەمیش ئەوڕۆ سبەی دەمەکی دی، دوو دەمی دیکە، هەر بەو حارەی.**

**یارەبی خوایە زۆر شوکر، بابە دەروێش وەرە لەویٚ قوتاربە.[4] لە بەحریٚ قوتار بە، لە وێندەریٚ ئەوهە مامەوە. وەڵا حەفتیەکی لەویٚ مامەوە، لە کن پیرەمێردی. ڕۆژیٚ ئەچووینە دەورەی زنجۆکیٚ بڕکە گیا و میان ئەخوارد و هێواریٚ داتینەوە کۆریتۆکەی. یاڕەبی خوایە زۆر شوکر چ بکەم؟!**

**ڕۆژەکی گۆتم بە تەمای توو خودایە، وەڵاهی چیا و چیا ئەڕۆم، بزانم داخوا کلکەی چیای لە کێندەرە، ڕێیە... جێیە. وەڵا بابە دەروێش! لێمدا ڕۆیشتم، هەر هەنکی ئێرە و ئۆندێهیٚ ڕۆیشتم، بڕکە گیایەکم ئەخوارد تاقەتم دەبەر نەمایە. ڕۆییم هەتا لە سەری ئەولای گەییمە سەر ڕۆخی بەحریٚ. دوو بنە داری لێبوون، کەشەنگم[5]... لێم بڕایە. لەبن دارەکان پارم داوە. بە خوای بابە دەروێش ئەگەر بەینەك بوو ئەگەر دوو بەین، تەماشام کردیٚ سیٚ کۆتر هاتنە سەر دارەکان، ئێکی گۆتە ئێکی: خوشکم ئەگەر بێت و ئەو کابرایە نەمردبی و زەینی لە خۆ بی و خەوی لێکەتبی، هەنکاویٚ[6] ئەمە ئەفڕین،**

---

1- برغ: توێکڵ

2- بارای جزیرگەن کرد: لە جزیرگەی پەڕینەوە، باڵای جزیرگەمان کرد.

3- لێرەدا هەقایەتخوان مەبەستی ئەوەیە چیایەکە ئاوەدانی لێیە، یان شوێنی حەوانەوەی لێیە، یان ڕێگای بۆ دەچێت.

4-قوتاربوون: ڕزگاربوون، نەجات بوون

5- کەشەنگ: ماندوو، شەکەت

6- هەنکاویٚ: هەنکانیٚ، هەنگاویٚ، هینگانیٚ، ئەوکاتە، ئێستا، هەنکە، هەنووکە، ئەلحان، ئەلعان

دەگەر فڕینێ مە، پەلك[1] لەو دارەی هەرەوەرێن[2]. بێت و ئەو پەلکەی بوکتی، لەبەری پێی خۆ بدا، وەسە بەحرێ ئەڕوا و ناکەویتێ... ئۆ ئەمیش هەشیارم و گوێم لێیە.

بەینەك پێچوو بابە دەروێش! تەیرەکە هەرفرین، هەرستام[3] پەلك و مەلکم خڕکردەوە و هەندەکی دیکەم لەولا و لەولا لێکردۆوە[4] و هینام لەسەر بەردی، جوانم کوتان. هینام دەبەری پێیێ خۆم داو قەناعەت ناکەم! بەرە بەرە پێیەکەم هاویتە سەر بەحرێ، هەندی ئوهەم کردێ پێم ڕوونەچوو. پێی دیکەم ڕانا، ڕووناچوو. ئاخیری ترسم لێشکاو وەسەر بەحرێ دا هاتم، پەڕیمۆوە: ئاخ ئای خوایە هەر ئەتوو سێبووری، ئەوا نەجاتم بوو خۆ ئێرە وەلەو[5] دەشت و بەریایە، کەس، دەنگێ تەیراوری[6] لێنایێ. ئەمما هەنەبی بڕکە گیایەك بڕکە کەنگرەك، ئەشتەك سەبر سەبر ئەخۆم و ملی لایەکیش ئەگرم، هەتا یان ئەمرم، یان بەرکی[7] ئەگەمە ئاوەدانییەکی.

که له بەحرێ پەڕیۆوە و کەتە دەشت و مەزرایێ و واحیدولقەهار چۆل و هۆل. نە بەشەر نە تەیراورەك نە ئەشتەك. وەڵاهی گۆتی خوایە مادەم ئەمن لەو نسیبەتانە نەجاتم بوو، لەو دەر و دەشتەی ملی لایەکی ئەگرم بە تەمای توو خوایە. ئەجا ئەگەر گەییمە چ ئاوەدانییەکی ئەگەر نەگەییمێ!

ئەرێ چەند شەوو چەند ڕۆژان، ملی ناو ئەو پووش و پاوان[8] و ئاقارەی گرت، دەشتەکی کاکی بە کاکییە.

ڕۆژەکی تەماشێی کردێ، ڕێچکەك دیار بوو، ڕێچکێ ماراتی[9] بوو. گۆتی بەرێ ئەو ڕێچکە لۆ ئاوەدانییەکی ئەچی. وەڵا گۆتی بابە دەروێش، هوردە هوردە برسیمە، تێنیمە، بە لاقە لاق ملی ڕێچکەکەم گرت، وەختی چێشتەنگاوی بوو، گەروو بوو بە

---

1- پەلك: گەڵا

2- ئەم شێوازە کە باڵندە بێتە سەر دار و قسە بکات، لە زۆر ئەفسانەی جیهانیشدا هەیە و لە هەریەکەیاندا بە شێوازێکە.

3- هەرستام: هەڵستام

4- لێکردۆوە: لێکردەوە

5- وەلەو: ولو(عەرەبی)، ئەگەرچی

6- تەیراور: تەیروتار، باڵندەکان

7- بەرکی: بەڵکو، بەڵکی

8- پاوان: ڕووبەری زەوییەك کە هی ماڵێك یا کەسێك خاوەنی بێت، کەس بۆی نییە، بچێتە ناوی و سنوور ببەزێنی، واتە زەوییەك کە خاوەنی هەبێت. لەخۆشناوەتی بەزۆری بۆ زەوی دێمەکار دێت، بەتایبەتی لەنێو شاخدا.

9- مارات: ماڵات

گەرووڵێ[1] وەسەرکەتم، شارەکم لێ وەدەرکەت: ئەلحەمدولیلا خوایە، خۆ هەنەبی لەو شارەی ئەگەر هەنەبی لۆ خۆ دەرۆزێش بکەم نانەکم پێ پەیا هەرەبی، قەناعەت پێ بکەم. ڕۆیشتم، کۆرانەیە ئەوبەر و ئەوبەر بازاڕە و تەماشام کردێ پینەدۆزەك لە پێشەوە بوو، ئەمیش چووم سەلامم لێ کرد، سەری برند کرد سەلامەکی زۆر بەگەرمی لێ وەرگرتمەوە، سەرو ڕدێن هاتی، غەریب.

گۆتی: دانیشە بابم ئەتوو ئەرێی خەرکی ئەو مەملەکەتەی نی؟

گۆتم: ناوەڵا مامە ئەمن خەرکی ئەو مەملەکەتەی نیمە.

– ئەدی خەرکی کێندەری؟

وەڵا گۆتم: خەرکی بەغداییێمە.

گۆتی: کاکە بەغدا هەیە؟

گۆتم: ئەرێوەڵا عێراق شارە و مەملەکەتەکی گەورەیە و بەغدا شارەکی گەورەیە و...

– ئەدی کو ئەتوو کەتییە ئێرانە؟

گۆتم: مامە لە حیسابێ من گەڕێ، ناگەڕێتەوە.[2]

ئێهـ گۆتی: کوڕم گەلەك بەخێر بێی.

وەڵا نیوڕانێ بانگی دا و دەرکی توکانێی[3] پێوە نەدا، گۆتی: وەرە با بچین نوێژێ بکەین. وەڵا دەگەری چووم، چووینە مزگەفتێ و بانگی دا و نوێژن کردن و وەپێش کەت و لۆ ماری چووینەوە و لە دەرکەی دا، پیرەژن هات دەرکەی کردۆوە. بێ مندار، پیرەمێرد.

بانگی کرد گۆتی: پیرەژن!

گۆتی: ها

گۆتی: خوای کوڕەکی بە حازری دا.

– کوڕە پیرەمێرد کوڕێ کو؟

گۆتی: حورمێ لێگەڕێ، لە ئیشی خوای گەڕێ.

چووینە ژۆرێ دانیشتین و ئەوی خوای دا، هینای خواردن و ئەوجا گۆتی: کوڕم ئەتوو خەرکی ئەو مەملەکەتەی نی، ئەمەش بێ دوایی و بەرایی نە.[4] ئەتوو کوڕ ئەمیش باب، ئەوەش داك، ئەگەر ڕازی؟ ئەگەر ڕازیش نی، بزانە لۆ خۆ چ دەکەی بکە.

---

1– گەرووڵێ: گەرووێکی بچووك، دۆڵێکی تەسکی بچووك

2– ناگەڕێتەوە: ناگێڕدرێتەوە.

3– توکان: دوکان، تکان

4– بێ دوایی و بەرایی: وەجاغ کوێر، منداڵی نییە

گۆتم وەڵاهی مامۆ[1]! ئەمن مەمنوونی ئەو پێراوەیمە کە دەپێی توو دایە، کە ئەتوو ببیە بابی من ئەوەش ببتە داکیٚ من، لەوەی چاتر چابی[2]، کە من لێم قەومایە و غەریبەمە و...

لەوی بەولایوە سبەینان دەهاتینە تکانیٚ[3] و تکانۆکەی ئەکردۆوە و پێرا و مێراویان دینانە کنی و پێراوی لۆ کابرای چاکە کرد و ئەیگۆ حەقم چەندە؟ ئەیگۆ فاتیحەکە. فاتیحەکی ئەخویند و کابرای پێراویٚ خۆ دەبەرەکردۆو لێی دا ڕۆیی. بەین بەینە ئەو ئەچوو کە ئەشمەکی[4] لێئەبڕا، گۆتی ئەچوو ئۆندی ئیمکانی بایە، دەیهینا و دەیهاویتە تکانیٚ و هەر بە فاتیحە.

سارەك نەبوو دوو نەبوو بەو حارەی ڕابارد. هۆدیلۆکەکی جودایان هەبوو هەر هەندوکۆکەکە، جێیۆکەیان لۆ من لەویٚ ڕاهێخستبوو. پیرەمێردیش بە خۆ بە پیرەژنیٚ لە هۆدۆکیٚ خۆ ئەنووستن.

بابە دەروێش، ماوەکن لەویٚ ڕابارد، لە پاشان گۆتی: کوڕم ئەتوو تەبیعاتت لەسەر ژنیٚ نییە؟

ئەجا گۆتم بابۆ، ئەجا باشە ئەمە نانی ئیللەلاییێن[5] لە ماریٚ دا نییە، باشە ئەمن با تەبیعاتیشم لە ژنیٚ بی. بە چ بینم؟

گۆتی: کوڕم سەهلە سەهل، ئەگەر ئەتوو تەبیعاتت لە ژنیٚ بی ژن سەهلە.

– ئیٚ کو سەهلە؟

گۆتی: کوڕم سبەینیٚ ئەچینە بازاڕی، سێوەکت لۆ هەرەگرم، سێوەکەی دە دەستی خۆ بگرە بڕۆ لە شاری بڕۆ دەریٚ، سڕە گیرایە، سڕەی ژنان گیرایە، ئەجا هەیە کامرەکیژە[6] و هەیە تازە پیٚ ئەگا و کیهەت ئاقرەگری، سێویٚ خۆی هەردە کۆشیٚ و ئەتوو بگەڕێوە و حاقت لە چی دی نەبی.

وەڵا سبەینی سێوەکی هەندەی لۆ لەبەر تکانیٚ هەرگرتم.

---

1– مامۆ: مامە، بە هەمان شێوە ئەو پاشگری (ۆ)یە بۆ بابیش دەبیٚ وەك باب: بابۆ

2– چابی: چی ئەبێ، چ دەبێ

3– تکان: دوکان

4– ئەشمەك: شمەك، شتومەك

5– نانی ئیلەڵلاٚ: ئیدیۆمێکە بۆ هەژاری بەکاردێت، واتە یەك لەتە نانیشیان نییە بیخۆن.

6– کامرەکیژ: کامڵەکچ، کچێکی تەمەن وەناوکەتی، تەمەنی نزیکەی سی تا چل ساڵ بێت.

ئەجا گۆتی: کورِم بەو ڕێیەی دا بڕۆ هەتا ئەگەییە وێندەرێ. وەڵا لە شاری چوومە دەرێ، برا تەماشاکەم دوو سەفتە ژن دانیشتینە!! تاقمەك[1] لەوبەری تاقمەك لەوبەری. ئەنواع و ئەشکال ژنیشی لێیە. ڕۆییم[2] هەتا لە سەفتەی چوومە دەرێ، لەوسەری گەڕامەوە و کیهەی ئاقرم گرت، سێوەکم هەردا کۆشێ و ئەوبەروئەوبەر هەمووی لێکڕا برند بوون: یاخوا خوا موبارەکی کا، خوا موباڕەکی کا.

هاتمۆوە گۆتم: ئاخر بابۆ ئەمە نابی بچینە داخوازییەکی بزانە کیژێ کێیە!

گۆتی: کورِم ئەوە خەمی توو نییە.

وەڵا زۆر پێنەچوو کابرایەك هات: سەلاموعەلەیك!

گۆتی: عەلەیکەسەلام بەخێر بێی، یاخوا بەخێر بێی.

ناردی چایەکی لۆ هات، کاکە گۆتی: ئەوڕۆ کوڕی توو کیژێ منی داخوازکردییە.

بابیشم گۆ گۆتی: فران[3] کەس مارەیی چەندە؟

وەڵا گۆتی: دە فاتیحەنە. دە فاتیحەن خویندن و هێواریێ چووینەوە و گۆتییە پیرەژنێ وەخۆکەوە ئەچین جلکان لۆ ژنێ ئەکەین.

– ئێ کوڕە بابۆ ئەمە عانەکن نییە، درهەمەکن نییە؟

کوڕە گۆتی: ئەوە ئیشی توو نییە. سبەینێ پیرەمێرد وەپێش کەت و ئەمن کەتمە دوو پیرەمێردی و پیرەداکیشن کەتە دوێ[4] و چووینە تکانەکی دانیشتین و فران ئەوەی بینە و ئەوهەی بینە و ئەوێهێ بینە و هەتا جلك بە کامری[5] بڕان و دەناو بوقچەکی نران، عازر و بزر.

بابی گۆ گۆتی: فران کەس حەقت چەندە؟

گۆتی: وەڵا دە فاتیحەنە.

وەڵا دە فاتیحەن خویندن و جلك و بوجگڕەکەن دەناو قانە قوماشەکی نان و داکێ لە خۆ هەردان و بردنیەوە و ئەمەش هاتینەوە تکانێ.

دوو ڕۆژ پێچوو، جلکەکەی بردبوو لە خەیاتی دووری بوون و ئەجا گۆتی: کوڕم ئەوڕۆ بوکێ ئەگۆزینەوە...

---

1–تاقم: دەستە

2– ڕۆییم: ڕۆیشتم

3– فران: فلان

4–کەتە دوێ: کەوتە دوای

5– کامر: کامل، تەواو

یاڕەبی خودایە ئەمن بوکێ بە چ بگۆزمەوە؟ نە نانە و نە شیوە و هەمووی هەر فاتیحەیە؟!

گۆتی: کوڕم ئەوە خەمێ توو نییە.

بابی هەندەك قەومی خڕکردەوە و هەندەك پڕو پیرەژن دەستیان تێك گرت و دەستیان بە شایی و هەرپەڕینێ و ئەوەی کرد. وەڵا بووکیان هینا و تەسمیلی[1] مارێیان کرد و گۆتی: کوڕم ئەوجا ئەوە خێزانێ تووە. هۆدیلۆکەش و ئەوا هەیە و شەوێ لۆ خۆ، بە خۆ بە خێزانێ خۆ، هەڕونە هۆدیلۆکێ خۆو، ئەمیش بەخۆ بە پیرەژنێ خۆ لێرە پارەدەمەوە...

ئێه..

ئەجا بابە دەروێش! لەوێ لۆ خۆ کەتمە ئیسراحەت، خوایە هەر شوکرانێ توم لەسەرە. ئەجا ئەگەر مانگەك، ئەگەر سارەك ئەگەر دوو سار، ڕۆژەکی لەبەر تکانێ دانیشتبووین، مندارەك هات بەغار، گۆتی: مامە مامە!

گۆتی[2]: ها.

گۆتی: وەرەوە لە مارێنگۆ[3] شاییە.

یاڕەببی شاییێ چ ئاخر؟ وەڵا ئەمەش بە پەلە پەل ئەشمەکۆکەن خڕکردۆوە و دەرکێ تکانێن پێوەدا و چەقوێ پینەدۆزیم هەر دەبەر پشتێ دابوو. لۆ مارێ هاتینەوە، وەکی هاتینەوە برا، شایی و بەزم و ڕەزمەك بوو لە پێش دەرکێ، تیرێ چۆپێی تێ ناکرد.[4] کاکە ئەوە چییە؟

وەڵا گۆتیان: خێزانت ئەمرێ خوای کردییە.

ئێ کوڕە بابە لەباتی شین و گریان و لەباتی وانەکێ![5]

گۆتی: بابم عادەتی مە ئەوهەیە ئەوی بوو لۆی ئەگرییێن، ئەوی مرد شاییێ لۆ ئەکەین، کە خوا ئەو کەسەی پێویست بوو بردیەوە.

---

1- تەمسیل: تەسلیم، ڕادەست، ئەم وشەیە وەك چەند وشەیەکی تر جێگۆڕکێی دەنگی تێدا کراوە.

2- لە دەربڕینی پێشتر کوڕەکە خۆی گێڕەرەوە بوو، بەڵام بۆ جوانکردنی گێڕانەوەکە لێرەدا دەبێتەوە کەسی سێیەم و هەقایەتخوان دەبێتەوە گێڕەرەوە.

3- مارێنگۆ: ماری ئینگۆ، ماڵی ئێوە

4- تیرێ چۆپێی تێ ناکرد: ئەمە وەك ئیدیۆمێکەو بە واتای قەرەباڵغ دێت، واتە تیرێك کە بە دەستی چەپەی بهاوێی کە نیشانەشکێنیشە لە قەرەباڵغیان ناپێکێ.

5- وانەك: وانێك، هەرامە، واك، هین، ئەوە

وەڵا جەنازەکەیان خست و لە دارە بازێیان قەیم کرد، جەڕە[1] ئاوەکیان هینا و لە پشتێیان قەیم کرد و دەگەر دوو سیٚ نوردیە[2] نانان و خوایە ئەوە لۆ چییە؟ بە ئەڵڵاهوئەکبەر بە ئەڵڵاهوئەکبەر... چیا بوو، وێیان هەرکرد.

چووین لەویٚ زێر زەمینەك بوو، مەیتیان لەناو دارە مەیتیٚ هینا دەریٚ و تێیان هەردا.

یاڕەببی خودایە!

وەڵا ڕووبوونە پیلێمیش.[3] گۆتم کاکە ئەنگۆ چاکەن؟

گۆتیان: کاکە عادەتی مە ئەوەیە ئەوی خێزانی مرد، مێردی دەگەر هەرەدەین، ئەوی مێردی مرد خێزانی دەگەر هەرەدەین.

ئیٚ کوڕە لۆ خاتری خوای، کوڕە لۆ خاتری پێغەمبەری، ئاخر ئۆ کەنگین زەمیرە[4] و ئۆ کەنگی!

گۆتیان: کاکە ئەمە ئیشی خۆ تێك نادەین، عادەتی خۆیتن.

وەڵا بابە دەروێش پیلی میشیان گرت و هەریاندامە خواریٚ، کەتمە بنی ماوەکی لەخۆچووم، نازانم نە شەوە و نە ڕۆژە. یاڕەببی خودایە ئەلحەمدولیلا... برالە لەو سەدەمانە[5] دەرچووم خوایە دیسان تووشی چ بومۆوە...

بابە دەروێش! ئەوا چەقولۆکیٚ وانەکێشم[6] ئەوا دەبەر پشتیٚ دایە، نان و ئاوەکەم لە پشتیٚ خۆ کردەوە و قورنیسکۆکە[7] بوو، بردم لە قورنیسکێم دانا و ما بگرییٚ و عاجز و غەریب و مار وێران...

تەماشاکەمیٚ مەیت هەموو بە گیسە[8] ئەوا کەتینە سەر یەکدی، نە سەری دیارە و نە بن. سەرێشی هەزاری بەر هەزارییە. هەر ئۆندە ئەزانی بڕەك ڕۆناکی هەیە و یان نا.

---

1- جەڕە (جەڕەئاو): گۆزەی ئاو، شەربە

2- نوردی: چەند نانێکی قەدکراو (دەق کراو) و هەڵگیراو

3- پیلێمیش: پیلی منیش

4- زەمیر: ویژدان

5- سەدەم: بەڵا، ڕووداوێکی لەناکاو

6- چەقولۆکیٚ وانەکێشم: چەقۆ و وانێکیشم (وانێك= هەرامە= هین) بۆ شتێکی نەزانرا و یان فەرمۆشکراو لە وتن و زۆر بەکارهێنانی تردا بەکاردێت.

7- قورنیسك: قورنیچك، سووچ، گۆشە، قورنە، کۆڕنە، زاویە، قورنیسکۆکە: سوچێکی بچووك

8- گیسە: گیشە، کۆکردنەوەی دەغڵ بە سەوزی، یان کۆمەڵ کۆمەڵ کردن.

بابە دەروێش، ڕۆژێ بەینا ڕۆژێ، نیو پەرداغە ئاوم ئەخواردۆوە و دەگەر سێ پەلکە نانان، کە لە برسان نەمرم. بەین بەینە هاشەی مەیتەکی دەهات و ئێکی ساغیشیان دە دوو هەرەدا و ئەمیش لێی برندەبووم[1] نەمدەهێشت وەخۆکەویتەوە، سەرمەبڕی و نان و ئاوەکەم لێ ئەکردەوە و دەمهینا کنە خۆ. بەو حارەم ڕۆژ ڕائەبارد. ڕۆژەکی تەماشام کردێ کورە جاحێرەکی گەنجی کۆك هەر زێنەت و زێنەتکار بوو دەو کەسەی وەڕامینی،[2] هاشەی هات و هەریاندا خوارێ. زۆری پێنەچوو، ژنەکیشیان دە دوو هەردا. ژن چ؟ دەرێی خونچە گورە. لە تۆقێ سەری زێڕی پێوە، هەتا بەری پێیان.

چوومە سەری تەماشام کرد، توخوا حەیف نییە، ئەمن لۆ جەڕە ئاوەکی لۆ چار پێنج نوردیە نانان ئەو ئافرەتەی بکوژم. وەڵاهی خوایە مردنی با لەگەرەمن دابی، ژینیشی با لەگەرەمن دابی. وەڵا دەرمهینا سەرم هینا سەر کۆشێ خۆو بەینەکێ، دوو چاوۆکەم سڕینەوە و ژنە وەخۆ هاتۆوە و گۆتی: کاکە ئەتوو چی؟

گۆتم: وەڵاهی ئەمیش وەکی توو لێقەومایە. ئەلعانیش چ دران[3] لە درێ مەدە. هەتا ئێك ئێکی ئەشێرینەوە ئەمن برا، ئەتوش خوشك. پیلم گرت و چووینەوە قورنیسکۆکەیی و قومە ئاوەکم دایێ و پارچە نانەکی خوارد و ڕۆژێ بە ڕۆژێ ماوەکی زۆر ئیدارەن بەو حارەی بوو، هەرچی هەریانەدا و بە نان و ئاوەکەی قەناعەتن پەیا کرد و چەند ماوەکیش لەوێ ماینەوە.

ئەجا ئەگەر مانگەك بوو، یان سارەك یان نیو سار، هەرچەندەکی هەبوو، تەماشام لێکرد دیسان بنەمە مەیت دائەکەت، ڕۆژێ بە ڕۆژێ، گۆتم بەرێ ئەوە ئەگەر هەبی دەعبەکی سەر دنیایێ یە.

گۆتم: خوشکم وەرە.

گۆتی: چاکەی برا؟

گۆتم: وەرە. ئەو هێسکانە بە هەردووکان بەولاو بەولادا هەردەین، تا ئەگەینە بنی، ئایا بزانین ئەو هێسکە دەعبەکی دەبندا لێ ئەخوا؟ لۆیێ دائەکەوی.

ملن دەبەرنا،[4] بابە دەروێش، هێسکەکانن بەولاو بەولایداوە هەردان و هەتا گەیشتینە بنێ و تەماشان کردێ، هەموو هوردە هێسك بوون، گەڕاین سووڕاین، کونەکی ئەهەندەش دەبنێ زێرزەمینێ دابوو. وەڵا هەرستاین مەیتەکانن هەندەك وکی

---

1– برندەبووم: بڵند دەبووم (یەکێك لە "د"کان ون بووە)، بۆی هەڵدەستان، لێی ڕاست دەبوومەوە.

2– وەڕامینی: لێی ڕابمێنی، تەماشای بکەی

3– در: دڵ

4– ملن دەبەرنا: ملمان دەبەرنا، ملمان لەبەرنا، خۆمان بۆ ئامادە کرد.

عایلەی لێکردن و ئەجا گۆتم خوشکم دانیشە بێدەنگ، بزانین بەشکو خوا ڕەحمەکن پێبکا. شەو ڕاشکا! دیسان دەعبەك هات لە من تێپەڕی، ڕووبوومە لاقی، گۆتم خوشکم نەترسێی، ئەمن ڕاست بەدوو ئەو دەعبەی دا ئەچم بەرکی خودا و مەولوودیٚ پێغەمبەری ئەکا، نەجاتن ئەبی. هەر دەمیٚ ئەو دەعبە وەسەر دنیاییٚ کەت، ئەمن دەستی لێبەرەدەم و ئەگەڕێمەوە کونیٚ. نەکەی ترسیٚ لەخۆ غارب[1] کەی.

گۆتی: برام هەڕوو بە تەمای خوای، خوا بەرکی چەپارەن[2] ئەدا.

بابە دەروێش، دیسان لاقیٚ ئەو دەعبەم بەرنەدا، چەند ماوەکی لە هەندەك جێیان بە قایمە تێواچووم،[3] لە هەندەك جێیان فەراحی، لە هەندەك جێیان بجگوڕم[4] لەبەر ئەبۆوە، هەتاوەکونیٚ تێواچووم. لەکاتەکی ئەو دەعبە هاتە دەریٚ، تەماشاکەم دنیایەکی خۆش و فەراح و شەو تاریك...

گۆتم ئەلحەمدولیلا خوایە، لەوێش بە غار گەڕامەوە لۆ کن خوشکیٚ. بەین بەینەم بانگەکرد خوشکم نەترسێی ئەوە هاتم. خوا بزانی داخوا ئێرەو کانی خمانیٚ[5] دوور بووە.

هاتم لە زێر زەمینیٚ وە نێزیك کەتم، بانگم کرد: خوشکم!

گۆتی: هاتی برام؟

گۆتم: هاتم نەترسێی ئەوە هاتمۆوە. وەرە خوا نەجاتن ئەدا ئیشاڵڵا. وەڵا بە خۆ وەپێش کەتم، گۆتم خوشکم لاقیٚ من بگرە، جیٚ هەیە تەسکە تێوەناچین، جیٚ هەیە، فەراحە تێواچین... وەرە دوو برایی خۆ، هەتا لە لایەکی وەسەرەکەوین. بە هەر حارەکی هەبوو لۆ پێشی بەیانی، هات بەیانی بدا و نەدا، وەسەر دنیاییٚ کەتینۆ: ئاخ... ئای... خوشکم ئەوە خوا نەجاتی داین، با ئیسراحەتەکی بکەین. چەند شەو و چەند ڕۆژە لە غەمان لە برسان، لە عاجزیان خەون نەبووە.

وەڵا گۆتی: بابە دەروێش، پشتۆکیٚ[6] خۆن[7] وێکدا خەون لێکەت، سەردەمەکی وکی هەستاین، نوێژیٚ هێواریٚ بوو، گۆتم خوشکم: وەرە توو...

---

1– غارب: غالب: زالٚ

2– چەپارە: چەپەر، پەنایەکی سەلامەت

3– تێواچووم: تێوەدەچووم

4– بجگوڕ: لێرە بە مانای جلوبەرگی کۆن دێت و لە خۆشناوەتیدا مەسەلەیەك هەیە دەڵێت: بجگوڕی لیٚ بەبا بوون. کە بۆ کەسێکی هەژار بەکاردێت.

5– کانی خمان: ناوی کانییەکە لە شەقڵاوەو ئێستا وشك بووە.

6– پشتۆکیٚ: پشت، بۆ بچوککردنەوە و سادەکردنەوە بەکارهاتووە.

7– خۆن: خۆمان

وەپـێش کـەتم و خوشـکم کەتـە دویّ و سـەبر سـەبرە لێـرە بـڕۆ ئێرێهـیّ،[1] هـەتا هـات بـەرە بـەری پـێش مـەغریبیّ داهـات، پـێش مـەغریب بـوو، گـەروو بـوو لـە گـەرویّ وەسـەرکەتین، شـارەکی قـەرەبارغ، شـارەکی بـە هـەڕمێن، گـۆتم ئـەوە شـارە، ئـەوە خـوا ڕەحمـی کـرد گـەیشـتینیّ، هـەر نـەبی ئـەمن کەسـابەتیّ ئەکـەم و ئـەتوش پـارە نانـەکی عازرکە. هەتا ئێك ئێکی ئەشێرینۆوە.[2] گۆتم خوشکم ئەمن بەو نەوعەی ئەلعان ئەتوو بدەمە دوو خۆ، بە نەشارەزایی، کە ژنەکی هەندە کۆك و بابیّ دوو سیّ ملیۆنان هەر زێـڕت دەبـەردا و سـبەینیّ دوو خـوێری تـەماعیان لێگرتینـەوە، ئـەمنیان کوشـت و ناموسیّ توش ببەن!

جا گۆتی: برام ئەدی تەگبیر چییە؟

قەبرسـتانەك لـە ڕۆخ گونـدی بـوو، غـەرەکی لیّ بـوو، گـۆتم خوشـکم ئـەتوو لـەناو ئـەو غـەرەی دانیشـە، ئـەمیش ئەواچـمە نـاو شـاری لـە هـەر کێنـدەریّ، دوو نـانم وە مسـت کـەتن،[3] نانـەکان دینمـۆوە لێرانـە پێکـەوە ئـەخۆین هـەتا شـەو تاریکـەبی، هەنگێکـە[4] ئەچینە شاری و ئیشەك کاسبیەکی لۆ خۆ ئەبینینەوە. گۆتم خوشکم نەترسێی.

گۆتی: برام ناترسێم، کوە ترسێم!

وەڵا بابە دەروێش! هاتم لۆ ناو شاری، کۆرانە بوو، تەماشـام کـردیّ سـۆفییەکی ڕدێـن گەورە، ڕدێنی ئەهەندە! مەندیلەکی لەسەری نابوو، کە تەماشات ئەکرد، نووری لیّ ئەباری.

ئەمیش گۆ: سەلاموعەلێك مام دەروێش.

سـەری برنـد کـرد گـۆتی: وەی عەلەیکەسـەلام، وەرەحمـەتوڵڵاهی وەبـەرەکاتوهو، بـە خێربێی، ها چت دەویّ؟

وەڵاهی گۆتم: ئەمن هاتیمە ئەگەر لە ڕاهـی خـوای نانـەکم بـدەنیّ، نانـەکی لـۆ خـۆ بـە هیشکی بی، بە هەر حارەکی بی، ئەخۆم.

هەوو[5] و کوڕم هەرزانییە، خوا ڕوحمی کردییە بابی من. وەرە دووم.

---

1- لێرە بڕۆ ئێرێهیّ: لێرە بۆ ویّ، لێرە بۆ ئەویّ

2- ئێك ئێکی ئەشێرینۆوە: یەکێکمان ئـەوی دیکـەمان دەشـارینەوە، واتـە یـەکێکمان دەمرێت و ئـەوی دیکـەمان دەنێژێت.

3- وە مست کەتن: وە دەست کەتن، بەدەست کەوتن

4- هەنگێکە: هەینێش، ئەو کاتە، هەنگینێکە

5- هەوو: هەئهوو، وەئهوو، بۆ سەرسوڕمان بەکاردێت.

وەڵا بابە دەروێش خەلیفەم وەپێش کەت و گەیشتینە دوو دەرییەکی، لە دەرێ کلیل درا بوو. کلیلێ هاویتێ و کردیۆوە و چووینە ژۆرێ و لە ژۆرێش کلیلی هاویتە دوو دەرییەکەی کلیلی داوە و بانگی کرد فران کەس!

گۆتی: ها؟

گۆتی: هینام.

– یاڕەببی خودایە چی هینا؟

وەڵا کابرا هات پیلی گرتم، گۆتی: برسیتت؟

گۆتم: ئەرێوەڵا کاکە برسیمە.

گۆتی: وەرە بابە وەرە، چ زۆرە نان زۆرە و شیو زۆرە... چووینە هۆدێ و لە هۆدێ دەرکی لە ژۆرێدا قەیم کرد و شیرەکی ڕووت ئەوە بە دارێوە و مەنجەرەکی گەورە هەندی ئەو ناوەی، ئەوە لەسەر ئاگریە و برق و هۆڕیتی. ڕوو بووە تەختەکی، تەختەکە گەورە بوو هینایە خوارێ داینا و ئەسکوەکی لێ گیر کرد و هینای دە تەشتێی کرد و چەلاو[1] و هەموو سەرکێ زەلامان و...

یاڕەببی خودایە... گۆتم: کاکە ئەوە چییە؟

گۆتی: بابم ئەوە قسمەتی تووە بخۆ. هەنکانێ ئەتوش ئەچیە ناو ئەوەی. جارێ ئەتوو نانی بخۆ.

کوڕە گۆتم خوا بوگری،[2] بکەن لە ڕاهی خوای لە ڕاهی پێغەمبەری، ئاخر ئەوە کەنگێ ئیسلامەتییە؟[3]

گۆتیان: کاکە زۆران لۆ کمان مەرێ، ئەگەر ئەخۆی بخۆ، ئەگەر ناخۆی هەنکاوێ سەرێ توو بەو شیرەی ئەبرم و شەق شەقتەکەم و دەتهاوێمە ناو ئەو مەنجەرەی.

یاڕەببی خوایە... خوایە ئەمن لە چەند دەستی نەجاتم بوو، ئەوە لێرە ئاخر نسیبەتم بوو...

سبەینێ پێچوو، غاریدا، شیری لە کالانێ هینا دەرێ و لۆ سەرم هات. ئەمیش ئوهەم کردێ دەستم وە چەقوی کەت، نەخۆ فکرم لەسەرەخۆ نەمابوو... ئەمیش

---

1– چەلاو: گۆشتاو

2– بوگری: بتان گرێ

3– لێرەدا دانەر ڕۆڵی ون دەبێت و هەر هەقایەتبێژەو بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی و چۆنیەتی کارتێکردنی دەقەکە و هونەرمەندانەی خۆی دەربڕین بۆ دەقەکە زیاد دەکات و ئەم دەربڕینەیش بەشێکە لەم شێوازە, بۆ زیاتر زانیاریی و هێنانەوەی نموونەی خودی ئەم دەربڕینە بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی بەندە بەناوی (ڕۆڵی هەقایەتبێژ لە پێشخستنی هەقایەتدا، هێمن عومەر خۆشناو، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە 31یساڵی 2007، لا20–29.

ڕووبوومە چەقویٚ کە ئەو لۆ من دەهات، ئەمن چەقوم لۆ وی ڕەوانە کرد، ئەکشاوە. پشتی خۆی وە دیواریەدا. هەتا پیٚشی بەیانی ئەوە حاریٚ مە بوو، خوا وەیهینا ئەو مەلعوونە بۆرژا،[1] بۆرژاو کزوەکم[2] کردیٚ، چەقوەکم لە بنی زگی دا و هەرزڕا. وەسەری گەڕام بە شیری و سەرم بڕی...

ئاخ... ئاییهە... خوشك و موشکم لەبیر چووینە، نازانم حالاتی وی چییە... چ ڕۆژە؟ شەویٚ جومعەیە، سبەینیٚ هاتم دەرکە و مەرکەم کلیل دانەوە و وەکی خۆ قەیمم کردن و هاتمە ناو بازاڕی و مەلای دەست بە کەباریٚ[3] کرد و سەلاوات و.. وەڵا لیٚمدا لۆ مزگەفتیٚ ڕۆیشتم. شیریٚ کابراشم وا دە پیلی کردیە و وەکی شیٚتان... خوتبە دەستی پیٚکرد و عالەم کەس نەما هەموو چووە ژۆریٚ، ئەمیش لە پشت دەرکیٚ. کە عالەم نیهایی[4] هات، دەرکیٚ پیٚشان بە دۆریخە[5] بوون. دۆریخەم داهیٚخست و کلیلەم لیٚ هینا دەریٚ و بەخۆ بە شیری ڕووت لە پشت دەرکیٚ ڕاوەستام.

خوتبە خەلاس بوو مەلای سەلام داوە و عالەم غرووی کەتیٚ کە بیٚت بڕوا و ڕاست بچنۆوە لۆ ماریٚ خۆ.

شرق شرق شرق، کوڕە گۆتیان: دەرکە کلیل درایە.

کوڕە کیٚ کلیل دایە... کیٚ کلیل دایە؟

سەرم دە کونیٚ دەرکیٚ نا گۆتم:

هەی مەلعوونینە... هەی کافرینە، ئەنگۆش بەخۆریٚن[6] ئیسلام، ئەنگۆ ئیسلامن، وەڵاهی وەبیلاهی هەرچی دەست لۆ دۆریخیٚ دەرکیٚ بینی، بەو شیرەی باسکی پەلەکەم.

یاڕەببی خوایە... بووە غەوغا لە ژۆریٚ، هەرایەك، مەپرسە. خەبەریان دا پاشای، گۆتیان: ئیٚکی شیٚت دەرکەی کلیل دایە، قوتە شیرەکیشی ئەوا ویٚیە، سوندی خواردییە ئەریٚ هەرچی دەست لۆ دۆریخیٚ بینی، بەو شیرەی باسکی شەقەکەم. وەرە کاکە داخوا هەڕوو قەت عیلاجەکی دەگەر ناکەی. ئەو عالەمە هەموو دە مزگەفتیٚ دا بە هیلاك چوو.

---

1- بۆرژا: چاوگەکەی (بۆرژان)ە: خەوبردنەوە، چۆرت دان، خەوەکوتی، وەنەوزە کوتیٚ.

2- کزوکردن: دەست بۆ بردن

3- کەبار: وەك نەریتیٚك باوە لەناو کوردەواریدا پیٚش دەستپیٚکردن بە وتار و نویٚژی هەینی، بە نیو کاتژمیٚریٚك کەبار دەدریٚ. هەرچی کەبار و سەڵای بەیانیانیشە بە چارەکیٚك پیٚش بانگی بەیانی بۆ لەخەوهەڵسان کەبارەکە لیٚدەدریٚ.

4- نیهایی: نیهایەت، کۆتایی، تەواوبوون

5- دۆریخە: سیٚ مانای هەیە: یەکەم: جۆرە گیایەکە. دووەم: سەر بۆیەی شینایی (جۆگە) سیٚیەم: دەرگەی جاران شیشەیەکیان پیٚوە بوو، دەچووە ناو دولکەکەی، بەوە دەگوترا (دۆریخە) کە لیٚرەدا مەبەستی هەقایەتبیٚژ ئەمەیانە.

6- بەخۆریٚن: بەخۆ ئەڵیٚن، بە خۆتان دەڵیٚن

پاشا هات گۆتی: کوڕم ئەتوو چی و چت دەوێ؟
گۆتم: ئەتوو کێی؟
گۆتی: وەڵا ئەمن پاشای ئەو شارەیمە.
کو گۆتم ئەنگۆ ئیسلامن؟
گۆتی: ئەستەغفیرەڵڵا، ئەرێوەڵا کوڕم ئەمە ئیسلامین و بسولمانەتییە و قورئان خویندن و بابەکەم. کوڕم وەرە دەرکێ بکەوە، چشت دەوێ، هەتا بتدەمێ.
گۆتم: مەلعونینە ئەنگۆ بسولمان نینە، ئەنگۆ هەموو کافرن.
کوڕە گۆتی: ئەستەغفیرەڵڵا ئاخر لۆ بسولمان نینە؟
گۆتم پاشا بسولمانەتی و وەدەرەکەوی. دەرکێ هەر هەندی ئەکەمەوە شەخسی خۆت بێیە دەرێ، ئەوجا هەنگێ وێ ئەکەوین وە ئیسلامەتیێ خۆو نائیسلامەتیێ خۆ. وەڵا کلیلم هاویتێ و دەرکەم کردۆوە و پاشا هاتە دەرێ. هەتا هاتە دەرێ نیوەی گۆشت و پەراسوانی بە دەرکەی وەچوو، دەرکەم ڕاکێشا و کلیلم داوە و کلیلم هینا دەرێ و دەبەر پشتێم نا.
پاشای گۆتی: چییە، چ قەومایە؟
گۆتم: پاشا ئەنگۆ لەکنەخۆ ئەرێن ئەمە ئیسلامین، ئەوی لە ناوەنگۆ کرایە، ئەوە لە کوڕڕەی عەرزی[1] نەبووە و نەکرایە...
– کوڕە چ کرایە؟
گۆتم: پاشا! خزمێ خۆت ئێ لە پێش،[2] کی لە ژۆرێیە بانگی دوو کەسان بکە، ئەوانیش بێنە دەرێ، ئەوجا ئەچین مەوزوعەکەی ببینە.
وەڵا بانگی کرد فران کەس!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: فران کەس!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: وەرنە دەرێ.
بەخۆ بە پاشای دەرکەن بە حەستەم زەلاند و هەردووک هاتنە دەرێ و گۆتم پاشا ئەوە پێت ئەرێم، بەو خوایەی ئەمەی خەلق کردییە هەتا دێینەوە یەک بەشەر لەو مزگەفتەی بێتە دەرێ، بەو شیرەی سەرتەبڕم.

1– کوڕڕەی عەرزی: گۆی زەوی
2– ئێ لەپێش: خزمی نزیک، خزمی لەپێش

پاشای گۆتی: ئەوە پێوەرێم[1] دەرکیٚ نەکەنەوە، هەتا ئەمە دێینەوە بزانین ئەوە چ بووە، ئەو کابرایەی چ لێقەومایە.

پاشا وەپێش کەت و ئەمیش وە پێش پاشای کەتم و هاتین دەرکەی دوو دەرییێی دەرێن[2] کردەوە و ئی ژۆرێن کردەوە و ئەسکو[3] بە دارێوە و گۆتم پاشا ئەو ئەسکوەی بینە. ئەمیش تەشتم هینا و دامنا. گۆتم پاشا ئەسکوەکی لەو مەنجەرەی بدە، داخوا چی تێدایە؟

پاشای ئەسکوەك دەبەر هەردا. هەمووی سەرکە زەلام و لاق و باسك و پیست[4] و...

گۆتی: کوڕم ئەوە چییە؟

وەڵا گۆتم پاشا، ئەنگۆ ئەزانن، ئەمن غەریبەمە، لیٚم قەومایە، ئۆتی[5] دونیٚ هێواریٚ هاتیمە. گەیشتمە سۆفییەکی زۆری بەخێر هینام. ئەمنی هینایە تەسلیمی ئێرەی کردم، ئەو مەلعوونەی ئەبینی کە سەرم بڕییە و کوشتیتم، ئەوشۆ بی، ئەمن خەوم لە ترسان لە چاوان نەکەتییە، بەین بەینە بەخۆ بەشیری هجوومی سەری ئەکردم، ئەمن چەقوم وێبوو لۆ بن زگیم ڕەوانە کرد، ئەچوو پشتیٚ خۆی وەدیواریەدا. ئاخیری خوا وەیهینا خەوی بەسەر دا هات، بۆرژا... کزوەکم کردیٚ، ئەوە کەرخیٚ[6] چەقویٚ دیارە، چەقوەکم لەبنی زگی دا. هەرم زڕاندییە[7] هەتا سەر دریٚ و وەرگەڕا، بە شیریشم تەواو کرد. ئەنگۆش بەخۆرێن ئیسلامین ئەمە!؟

پاشای گۆتی: ئەجا ئەتوو ئەو سۆفییەی ئەناسییەوە کە ئوهەی کردییە؟

گۆتم: ئەدی قابیلە نەیناسمەوە!

گەڕاینەوە. دەجا گۆتمە هەردوو خزمیٚ پاشای، گۆتم ئەوە پێوەرێم:[8] ئێك ئێك هەرچی لۆ دەریٚ هات پیلی ئەگرن تەماشێی ئەکەم، ئەوجا با بڕوا. وەڵا دەی ئەوی ئیزن دەو، ئەوە هەو نییە و ئەوە هەوە و ئەوە هەونییە، هەتا ئاخیری، سۆفی ما. کیٚ مایە لە ژۆریٚ؟

---

1- پێوەرێم: پێتان دەڵێم، پێو دەڵێم

2- دەریٚ: دەرەوە

3- ئەسکو: ئەسکویٚ، کەوچکی گەورەی کلك درێژ

4- پیست: پێست

5- ئۆتی: ئەوەتەی، لەوەتەی، لەوکاتەوە

6- کەرخ: شوون، بۆ هۆکاریش بەکاردێت، کە دەگوترێت (کەرخیٚ هەندێیە) واتە لەبەر هەندێیە.

7- هەڵم زڕاندییە: چاوگەکەی هەڵزراندن، قڵیشاندن

8- پێوەرێم: پێتان دەڵێم

**گۆتیان: کاکە هەر مام غەلیفە لە ژۆرێیە ئەویش ئەوە لە میحرابێیە سونەتان[1] ئەکا.**

**پاشای گۆ گۆتی: پێی برێن بێتە دەرێ!**

**هایهو هایهوو گۆتی: پاشا لێناگەڕێ عالەم لۆ خۆ عیبابەتی[2] خواش بکا! چیشی[3] بە منە پاشای، کاکە؟**

**گۆتیان: ئەوە ئەمرەکا بێتە دەرێ.**

**وەڵا سۆفی هات لۆ دەرکێ، گۆتم پاشام خۆشبی، بیگرن ئەوە هەوە.**

**– مەعلووم!**

**– گۆتم: بەرێ**

**وەڵا غەلیفەیان هینا دەرێ شیرەکیان لە ئەسکوردێ[4] دا و سەکەتیان کرد.[5]**

**ئەجا پاشای گۆ: کوڕم ئەتوو چت دەوێ؟ سەرت دەوێ مارت دەوێ؟ هەرچی دەتهەوێ ئەمە ساحێب مار نینە.**

**گۆتم پاشا ئەمن چم لەنگۆ ناوێ، ڕەفیقەکم دەگەر دایە، دوو نانانم لۆ بینن بیبەم بەخۆ بەوی لۆخۆ پێکەوە بخۆین. نەخۆ چی دیم لە توو ناوێ.**

**گۆتی: کوڕم ئەوە لە گۆڕێ نییە، وەرە ئەچینۆ.**

**وەڵا دەگەر پاشای چوومۆوە و خوانچەیان پڕ خواردەمەنی هینا و دایاننا و: دە فەرموو بابم نانی بخۆ!**

**گۆتم: کاکم ئەمن ڕەفیقم هەیە، ئەمن نانی ناخۆم.**

**گۆتی: کوڕم ئەلعان ئەنێرم ڕەفیقەکەشت بێ.**

**گۆتم: ئاخر ڕەفیقێ من ئافرەتە.**

**گۆتی: ئەتوو حاقت نەبی، ئەلعان ئەمن مار و عائیلەی خۆ ئەنێرم لەوێ لە پشتێی بکەن هەتا ئێرە.**

**بانگی ئاغاژنێی کرد، گۆتی: ئاغەژن!**

**گۆتی: ئەمرکە پاشا.**

---

1– **سونەت: نوێژی سونەت، ئەو نوێژانەی واجب نین، واتە جگە لە پێنج نوێژە فەرزەکە.**

2– **عیبابەت: عیبادەت، عیبابەت**

3– **چیشی: چ ئیش، چ ئیشێکی**

4– **ئەسکورد: سکورد، مل، گەردن**

5–**سەکەت بوون: سەقەت، مردن، ئەم وشەیە زیاتر بۆ کەڵك بڕان و فەوتان و مردنی ماڵات و گیاندار دێت، بە تایبەتیش بۆ ڕەشەوڵاخ دێت کاتێ لە بن باردا ئەزیەتی دەبێت.**

گۆتی: وەرە هەروو، ئافرەتەك لەناو غەریٚ قەبرستانییە، ئەوا پیٚوەریٚم قورعان بە حاقت بە ساحیٚبت[1] بیٚرن بە پیٚیان بڕواتن، بیٚتەوە، سەروەبڕم. لە پشتیٚی ئەکەن هەتا دەیهیننەوە ئیٚرە.

ئەجا بابە دەرویٚش! عائیلەیان زۆر پیٚ نەچوو، ئیٚك گەڕاوە خەروەکی[2] دەگە پاشای کرد، پاشای گۆ گۆتی: برام مردن حەقە. ئەو ڕەفیقیٚ توو ئەمری خوای کردیە. هەستە با بچین.

وەڵا چووینە ویٚ دارەبازن هەربەست و ئافرەتەکەن هیناوە و پوخت و خاویٚن و بە گیٚرەی شەرع و ئایینی ئیسلامەتی شوشتیان و تەرقینیان دا و بردنە سەر قەبران و ئەجا شاردنەوە.

پاشای گۆ، گۆتی: کوڕم ئەتوو خەرکی کیٚندەری؟

وەڵاهی گۆتم: پاشا ئەمن خەرکی بەغداییٚمە.

– کوڕە بەغدا کانی؟ کاکە ئەمە ناوبانگی بەغدا و عیٚراقیٚن هەر نەزانییە.

گۆتم پاشام خۆش بی. ئەمن خەرکی بەغداییٚمە و شاری بەغداییٚ شارەکی ئەوهەیە و عیٚراق مەملەکەتەکی خۆشە و بە والیدات و ئەلعانیٚش پاشا ئەمن چم لەنگۆ ناویٚ. دەلیلەکم بدیٚ کە بمگەینیتۆ عیٚراقیٚ.

جا گۆتی: کوڕم بەخوای ئەمەی خەلق کردییە، ناوبانگیٚ عیٚراقیٚن هەر نەزانییە. ئەمما سەبریٚ بگرە، خوا کەریمە، هەتا ڕۆژیٚ پیٚنجشەم.

هەنگیٚ پیٚی گۆتم: بابم وەرە ئەوە ئەچینە مزگەفتیٚ کە جەماعەت دابەسترا و هات نویٚژ دابەستریٚ و دانەبەستریٚ قامەت ئەکریٚ، ئیٚکی بۆرەکۆکە دیٚ، وەپیٚش ئەکەوی لە میحرابیٚ خوتبەن لۆ ئەخوینیتۆوە. هەر کە لە خوتبەی بۆوە، وەکی پاشی خوتبەی دوو سونەتان ئەکا، هەتا عالەمەکە کەس نامینیٚ هەنگیٚ لە دەرکیٚ مزگەفتیٚ دیٚتە دەریٚ و بزرەبیتن[3]، ئەوجا ئەمە نزانین کیٚواچی[4]. ئەگەر بەویت[5] چارە بکریٚ دەنا بە منت چ چارە ناکریٚ.

---

1– قورعان بە حەقت بە ساحیٚبت: سویٚندیٚکی لیٚکدراوە بە قورئان و بە خاوەنەکەی کە خوایە.

2– خەروە: خەلوە، خەروەکی لەگەر کرد: پستەپست و قسەی نهیٚنی لەگەڵ کرد.

3– بزرەبیتن: بزر دەبیٚ، ون دەبیٚ، دیار نامیٚنیٚ

4– کیٚواچی: کیٚوە ئەچی، بۆ کویٚ دەچی، بەرەو کویٚ دەڕۆی؟

5– بەویت: بە ئەوت

وەڵا بابە دەروێش ئەوجا جومعە داهات و جومعەن کرد و کە سەلامن داوە لە دەرکیٚ خۆم دەبن حەسیرەکی نا... هەتا عالەم هەموو ڕۆویی، کەس نەما. بەس ئەو زەلامە بۆرەکۆکە لە دوڕ میحرابیٚ مابۆوە. سەلامی داوە و لۆ دەرکەی هات، ئامێزم تێوەرینا.

گۆتی: کوڕە بابم چت دەویٚ تو؟ چت لێقەومایە؟

گۆتم: بکە لە ڕاهی خوای لە ڕاهی پێغەمبەری، ئەمن خەرکی بەغداییێمە. بەو خودایەی یان ئەمکوژی یان ئەتکوژم یان دەبی وەبکەی ئەمن ڕەوانی بەغداییٚ کەیوە.

وەڵا بابە دەروێش، کابرای بۆرەکۆکە گرژیەوە و گۆتی: کوڕم وەرە، وەرە پێت لەسەر پاشپانییٚ پێم دانیٚ!

وەڵا پێم لەسەر پێیان دانا و گۆتی: چاوان بوقچینە!

چاوم قوچاندن. ئۆندەم گیٚ لێبوو گۆتی: قوم بیئیزنیللا. کە چاوم هەرینا، لەناو شاری بەغداییٚ بووم.

ئەوجا بابە دەروێش هاتمەوە ئێرانە، کوم ڕدێن سپی نەبی، کو غەریب نەبم؟! چەند ماوەکی لە ماریٚ، هاتمەوە ماریٚ و کن برایی و پێك شاد بووینەوە و سەرو ڕدێنیٚ خۆم تراشیی و بڕەك وەخۆ کەتمەوە و گۆتم ئەوجارە ئەمن داکیٚ جووی ئەگێم.

چوومەوە مەیدانیٚ عەینی جووی گۆرین بانگی ڕاهێشت: گۆتی: بابم ئەمن دە ڕۆژانم ئیشی عەمەلەم هەیە، هەرچی لۆ من بیٚ، شەوو ڕۆژ لیرەکی ئەدەمیٚ.

ئەمیش گۆ: جووە ئەمن دێم.

وکی وەمگۆ، فکرەکی لێکردم. وەڵا هەر کوی هەبوو نەناسی کردم. گۆتی: وەرە.

هاتمەوە عەینی کیژی گۆرینی لە دوڕ دەرکیٚ نانی ئەکرد. هەر کە چاوی وەمن کەت ئەمنی ناسییەوە... ئاخەکی هەرکێشا. وەڵا چووین دە شەوو دە ڕۆژان خزمەتی کردم و گۆتی: بسولمان ئەجا ئەوڕۆ سبەینیٚ، بەیانی بدا و نەدا وەخۆ کەوە و ئەڕۆین.

گۆتم: بەسەرچاو جووە.

وەڵا بابە دەروێش لێندا ڕۆیشتین. وراغن بردن چووینەوە سەر زێر زەمینیٚ گۆرینی.

لەوێندەریٚ جا گۆتی: وەرە بسولمان، خرارانت ئێك ئێك لۆ هەرەدەم، ئەوی تێیدابی ئەتوو حاقت نەبی تاریکە، تێکە و دەرکیان ببەستە و کندری ڕاوەشینە، ئەمن وەسەدێخمۆوە. چووم سەرم بەسەر زێر زەمینیٚ داگرت، پاش و پاش کشامەوە گۆتم جووە بەو خوایەی ئەمەی خەلق کردیە، هەموو دونیاییێشم بدەییٚ، ئەمن نەوێرم بچمە ناویٚ!

گۆتی: کوڕە بسولمان! بسولمان کەنگی هەندە بیٚخیرەت بووینە و کوڕە وەرە هەڕوو بابم. وەرە هەڕووە ناویٚ، ئەمن ئۆ دە ڕۆژە ئەتوو خزمەتەکەم.

گۆتم بە خودای جووە ئەمن ناچم، ئەگەر ئەتوو بە خۆ ئەچی هەتا گوریسانت تێبکەم و هەڕوو چی تێدایە داگرەو وەسەر دێخمۆوە و هەنگێش کندرت لۆ هەرەدەم و بەخۆش وەسەکەوە.

گۆتی: ئای ی ی بسولمان کەللە ڕەقن!!

وەڵا جووم داهێشتە خوارێ، هەتا هەر دە بارم تەواو کردن، وراغم هینان و دولکەکم هیناو دامە بەر لابارێ دیکە و چار تام برند کردن و بە گوریسانم قەیم کرد و زۆر پوخت و خاوێن هەنگێ گەڕامۆوە سەر جووی.

گۆتی: دەی دە زووبە بسولمان! دە کندری هەردۆوە تا وەسەکەومەوە.

گۆتم دایکەکەت (ئەگ..م) وەسەرئەکەویەوە؟! هەی نۆ قەدان دایك و بابت (بگ...م)، گۆتی: کوڕە بسولمان کوڕە لە ڕاهی خوای.

گۆتم وەڵا دەبی تێدا بتۆپی. وەڵا دەوێمدا بەجێ هێشت. گەنج و خەزنەکەشم هیناوە، کیژێ جووشم مارە کرد، ئەو خانییەش خانیێ جوویە، بەخۆ بە برای مارن گواستیتەوە و ئەوا لەسەری داکوتایە.

ئەرێ کە لە خۆ بوونەوەو بابە دەروێش گیزیان[1] خوارد و هاتنەوە. سبەینێ ئەرێ زەرفەکی لۆ ناردن گۆتی: برێنە ڕدێن ڕەش و ڕدێن سپی:

سوڵتان ئەمری کردیە بێنە ئێرە.

ئەو نزانن ئۆ سوڵتان بوون. وەڵا چوون سەلاموعەلەیکوم!

عەلەیکومەسەلام بەخێر بێن، یاخوا بەخێر بێن و گۆتی: ئەو دەروێشەی دونێ ڕدێن سپی، ئەمن بووم بەخۆ بە حەسەن مەمەندی، ئەلعانیش بابم! ئەو هەموو مار و خەزنە و گەنجینە، ئاخر ئەتوو نەدەیە مالییەی حوکمەتی، ئەدی حوکمەت بە چ حوکمەتایەتیێ بکا؟! ئەلعانیش بڕۆن بیکەنە نیوە، نیوەی لۆ خۆ بگێڕنەوە نیوەش تەسلیمی مالییەی حوکمەتی بکەنەوە. وەڵا ئەوجا مارەکەیان کردە دوو جێ و جێیەکیان هیناوە لۆ سولتانی و جێیەکیشیان لۆ خۆ گێڕاوە.

ئەمیش کالەشم دڕاو ڕێ و ڕێ گەڕامەوە.

---

1- گیز: گوێز

# سوڵتان و شای پەرییان[1]–[2]

ئەریٚ ڕۆژەکی، سوڵتان مەحموود بەخۆ بە حەسەن مەمەندی، زستان بوو ڕۆیین لۆ ڕاویٚ، تاو و سامار بوو، لە ڕۆخ شاری گەیینە شوانەکی: مام شوان ماندینەبی!

گۆتی: خواعافتکە یاڕەببی ئەنگۆ ماندی نەبن.

گۆتی: خواعافتکە یاخوا.

ئەریٚ گۆتی: ئاووهەوای کووە؟

وەڵاهی گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، ئەگەر لە من سوئالیٚ ئەکەی، بەخودای ناگاتە نیوڕانیٚ، وکی ئەکاتە باوو باران.

گۆتی: کوڕە خوا بتگری، ئۆ تاوو سامارە و پتکە هەورەکی دەبەر نییەو.[3]

گۆتی: وەڵاهی ئەجا لە گویٚرەی کلکیٚ بزنیٚ، ئەوهایە حیسابی مە.[4]

ئەریٚ لیٚیاندا ڕۆیشتن بە دەشتیٚ وەربوون، کەتە بەرە بەری نیوڕانیٚ، برا! پتکە هەورەکی هینا بەری حاسمانیٚ، ڕایدا بەفریٚ[5]، چاو چاوی نادیت، چەندی حەسەن مەمەندی بوو، شارەزا بوو، ئەو گەڕاوە لۆ شاری. چەندی سوڵتان مەحموود بوو ڕیٚی لیٚ غەرەت بوو، ئەریٚ گەڕا سووڕا، بەسە کاولە ئاشەکی هەربوو، کاولە ئاش چۆڵ و هۆلە... وراغی خۆی کیٚشا ژۆریٚ و چووە ژۆریٚ لەسەر بەرداشەکەی دانیشت. کەتە سە مەغریبیٚ تەماشای کردیٚ، فانۆسەك لە دور ڕا دەهات لۆ ئاشی، گۆتی: باشە ئیشاڵڵا ئاوەدانییەکم لۆ پەیابی هەتا سبەینیٚ، بزانین خوا چ ڕوحمەکا.

وەڵا هات وەژۆریٚ کەت: سەلاموعەلەیك!

گۆتی: عەلەیکەسەلام، بەخیٚریٚی یاخوا بەخیٚریٚی.

سوڵتانی گۆ: ئەتوو کیٚی یاخوا بەخیٚریٚی؟

گۆتی: وەڵا سوڵتانم خۆشبی، ئەمن شای ئەجندانم.

– ئەدی خیٚرە لە چا گەڕیٚی؟

---

1– ئەم هەقایەتەم لە دەمی (مام ئەنوەر حەسەن عومەر گەرەوەیی) لە 2007/5/25 لە شەقڵاوە وەرگرتووە.

2– ئەم ئەفسانەیە لە ژمارە 38ی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ساڵی 2008 بلاْوبووەتەوە.

3– ئۆ تاوو سامارە و پتکە هەورەکی دەبەر نییەو: ئەوە تاو (هەتاو) و ساو (سامالْ– سایەقە)یە و پتك (تنۆك– پارچە) هەوریٚکی پیٚوە نییە.

4– جاران بەهۆی بزنەوە دەیانزانی کە بەیانی بەفر دەباریٚت، نیشانەیەکی هەبوو کاتیٚك بزن بەلاپالْ شاخیٚکدا ملی ڕیگای دەگرت بۆ ماڵەوە, ئەوسا نیشانە بوو بۆ بەفربارین و ڕۆژیٚکی تووش.

5– ڕایدا بەفریٚ: هەڵی کردە بەفر، بەفر تەواو هەڵی کرد، دەستی بە بەفربارینیٚکی زۆر کرد.

گۆتی: وەڵاهی شرعەکن هەیە لەکنە توو.

ئێ گۆتی: دانیشە بەخێرێی.

بەینەك پێچوو، فانۆسەکی دیکەش لەولای ڕا هات، ئەویش هات لۆ ئاشی: سەلاموعەلەیك!

گۆتی: عەلەیکومەسەلام بەخێر بێی یاخوا بەخێرێی، ئەتوو کێی؟

گۆتی: وەڵا ئەمن کیژێ شاماری پەرییانم...

– ئێهـ لە چا گەڕێن؟

گۆتی: وەڵاهی سوڵتانم خۆشبی ئەوە چەن سارە، ئەوە کوڕی شای ئەجندانە، ئەمیش کیژێ شای پەریانم، ئەوی تەماعی دە من دایە، ئەمیش چ تەماع دە وی دا نییە.[1] گۆتی: ئەوجا هاتیمە شرعەکن لۆ بکەی؟

ئێهـ گۆتی: باشە چ دابمەزرینین؟ چ بکەین؟

گۆتی: دامەی بینن، هەرچی سێ دەستانی دۆڕاند، مەعنای وەیە ئەو تاوانبار ئەبی.

ئەرێ هینایان لەسەر ڕۆخی بەرداشی و دامەیان دامەزراند و وەدووری نێخین،[2] ئەرێ هەر سێ دەستان کیژێ شای پەریان لە کوڕێ شای ئەجندان بردەوە، سوڵتانیش، کوڕەکە ئۆندە گەنج و لاوچاك و لایەق بوو، زۆری سوو لێبۆوە.[3] لەسەر ئەوەش پێك هاتبوون ئەگەر بدۆڕینیتن، سەری ببڕی. ئەویش ئەگەر دۆڕاندی لەسەر دەستی سوڵتانی مێردی پێ بکا.

کوڕەی دۆڕاند. کچەی گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، دۆڕاندی یان نەیدۆڕاندییە؟

گۆتی: وەڵاهی کیژێ شاماری پەریان فێرت لێ کرد.

گۆتی: کوڕە حەقنەبێژ، ئەتوو لۆ حەقێ نارێی؟ ئەوە لە پێش چاوێ توو، ئەلعانێش ئەتوو ئەرێی وەڵا فێرت لێ کرد. ئەوە ڕۆیشتم، ئەمما لەوڕۆ بەولایوە خودا دەیزانی هەموو ڕۆژێ چارشەوەکی[4] ئەستوورکان نەنێرییە فران قەبرستانی، کێلەکی برندی

---

1– ئەمیش چ تەماع دە وی دا نییە: لێرەدا تەنها جێناوی سەربەخۆ بەکارهاتووەو جێناوی لکاوی (م) دەرنەکەوتووە، کە ئەمە دیاردەیەکی زۆر تایبەتی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتییە و لەناو زمانەوانیدا بە ئێرگەتیڤ ناسراوەو لە شێوەزاری بادینی یشدا ئەم دیاردەیە هەیە. بۆ وێنە من نانم خوارد، لە خۆشناوەتیدا لە هەندێك شوێن دەبێتە ئەمن نان خوارد، لێرەشدا (م) جێناوی لکاو دەرنەکەوت.

2– وەدووری نێخین: بە دووری نەخەینەوە، دووری نەکەینەوە، درێژەی پێ نەدەین (ئەمە قسەی حەکایەتخوانە)

3– زۆری سوو لێبۆوە: زۆری سوێ تێ چووبوو، زۆری حەز لێ کردبوو. سوو: سوێ، حەزی

4– چارشەوەکی: چارشێو، چارشۆ: ئەو جاجمەی نوێنی تێوە دەپێچرێ، بەڵام لێرەدا بەمانای ئەو پارچە پەڕۆیەی نان و ئەستورکی تێدا دەخرێ.

**لێیە بەوێ وەنەکرێتن ئێکە وەت پێ بکەم،[1] بەخۆش نزانی چت بەسەهاتییە. ئەرێ فانۆسی دەستکردێ و لێی دا ڕۆیی.**

**ماوە کوڕێ شای ئەجندان بەخۆ بەوی هەتا بەیانی گفتوگۆیان کرد، هەنگێش کوڕێ شای ئەجندان، گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، قۆدییەکی لە باغەرێ هینا دەرێ و دوو سێ داوە مووی پرچێ خۆی دەرینا و دەناو قۆدییەکی ناو ئەستێو بەردەکی[2] دەناو دابوون، گۆتی: لە هەر جێیەکی تەنگاویت لێ پەیدا بوو، مووەکان بدە بەر ئەستێو بەردان، دوو جاری لێ بدە بۆن زووری[3] لێ پەیدا بوو، ئەمن لە کنە توو حازرم.**

**ئەرێ سبەینێ ئەویش ئیزنی خواست، لێی دا ڕۆیی چۆوە. سوڵتانیش سبەینێ تاو و سامار[4] و خۆش و، بەفر هەتا ئێرە کەتییە، سواری وراغی خۆ بوو، هاتۆ و گەڕاوە لۆ بەغدایێ.**

**بانگی کەچەرەکی کرد، گۆتی: بابم ئەتوو چیشەکەی؟**

**گۆتی: وەڵا سوڵتانم خۆشبی، چیشناکەم.**

**گۆتی: بابم ئەمن مانگانەت هەندەیەدەمێ،[5] هەموو هێواران وەرە چارشەوەکی ئەستورکان ببە لە فران قەبرستانی،[6] کێلەکی برندی لێیە بە کێلێی وەکە، سبەینانیش هەڕوو چارشەوەکەی بینەوە و وەزیفەت ئەوەندە بی.**

**ئێ گۆتی: وەڵا زۆر باشە.**

**ئەرێ فڕنیچی[7] تێگەیاند هەموو ڕۆژێ چارشەوەکی پڕوپڕی ئەستوورکی ئەکرد و کەچەر ئەچوو لەخۆی هەرەدا و ئەیبرد بە کێلێی واکرد، دەهاتەوە و سبەینێ ئەچوو چارشەوەکی بەتار و حەتار لێرە بوو. ڕۆژەك نەبوو مانگەك نەبوو، کەچەری گۆ، گۆتی: برام خۆ مردی نانی ناخۆن، ئەو نانە چ لێدێ؟[8] چارشەوەکەی بە کێلێ وەکرد و غەرەك لەوێ بوو، چوو خۆی دەناو غەرێ نا، گۆتی: دەبی وێبکەوم[9] ئەو سڕڕە چییە؟**

---

1– ئێکە وەت پێ بکەم: شتێکی وات پێ بکەم، کارێکی وەهات بەسەر بێنم

2– ئەستێو بەردەکی: ئەو بەردو ئامرازەی کە لە کۆندا ئاگری لێ پەیدا دەکرا.

3– بۆن زوور: بۆن کرووز، بۆنسۆ، بۆنی سووتاوی

4– تاو و سامار: تاو و ساو، ساو و تاو، هەتاو و ساماڵ، هەتاو و سایەقە. تاو: هەتاو. سامار: ساماڵ، ساو، هەساو (ئاسمانی بێ هەور و هەڵا)

5– هەندەیەدەمێ: هێندەت دەدەمێ، ئەوەندەت دەدەمێ (مەبست لە زۆر پێدانە)

6– قەبستان: قەبرستان، گۆڕستان

7– فڕنیچی: نانەوا

8– چ لێدێ: چی بەسەردێت، چی لێ دێت

9– وێبکەوم: پێ بکەوم،بزانم، سۆراغی بزانم

هـات دنیـا غـەور بـوو، تەماشـای لـێ کـردێ ژنـەك بـەناو قەبرسـتانێدا هـەربوو، چارشـەوەکی وێبـوو ڕایهێخسـت و چارشـەوێ ئەسـتوورکانی لەسـەر ڕووکـرد و گرێـی داو چارشەوەکەی بەسەر کێلێ دادا و ئەستوورکەکەی لەخۆ هەردان و لێی دا ڕۆیی.

ئەرێ کەچەر کەتە دووی، نە وەی کرد[1] بیگاتێ، نە وەی کرد کەس بزری بکا، چەند ماوەکی ڕۆیشـتن، ئـەرێ گۆڕاییـەك بـوو، لـە گۆڕاییەکـەی ژنەکە بـزر بـوو. کەچـەریش بگەڕێ بسووڕێ، تەماشای لێکردێ زێـر زەمینـەك دەعاردی دابوو، دوو عاردی لۆ بن عـاردی ئـەڕۆیی. هـەتا چـاوی سـەرەدەری[2] کـرد، قادرمـە بـوون پێـدا چـووە خـوارێ. لەپاشان بووە تاریکایی کەچەر هەردێرا، ڕمبەی هات کەتە بنی.

بەینـەك پێچـوو کەچـەر وەخـۆ هاتـەوە، تەماشـای کـردێ، ئاغەژنـەك لەسـەر تـەختی دانیشـتییە و چـل کێلکـەری لـە دەورەیـە و نانەکـەیان بـردە کـن ئاغـەژنێ بـە سـڕە[3] تەوزیعی کرد و ئەو چل بوون، ڕۆژان ئەیکردە چل بەش، ئـەو ڕۆژی کردیـە چـل و یـەك بـەش، هـەر کـەس حیسـێ[4] خـۆی هـەرگرت. کەچـەریش خـۆی بـە قورنیسـکۆکەکی هەرپەساردبوو، ئاغەژنێ گۆتی: کەچەر!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەتوش حیسە نانی خۆ هەگرە.

ئەویش هات بە بێدەنگی، حیسە نانێ خۆی هەرگرت و چۆوە جێی خۆ، ملی دەبە خواردنێ نا.

ئاغەژنێ گۆتی: کەچەر وەرە پێش.

گۆتی: بەرێ

لە درێ خۆ گۆتی دیارە سەرم ئەبڕی، ئاخر لەو بن عاردەی و ئەو ژنی ئەوهە کۆك و چل کێلکەر لە دەورە، تازە ئیشم خەلاس.

هاتە پێش گۆتی کەچەر وەرە: چل کێلکەرەکەت دەوێ یان ئاغاژنت دەوێ؟

---

1- وەی کرد: وای کرد

2- سەرەدەر: مەودای بینینی چاو

3- سڕە: نۆرە

4- حیسە: (حیصە)، بەش، پشك

گۆتی: ئاغەژن ئەمن کابرایەکی فەقیرم لێم قەومایە، ڕێم کەتیتە ئێرانە لۆچم گەما پێکەی؟[1]

گۆتی: بەسەری توو گەمانت پێناکەم، هەر چل کێلکەرت دەویٚ یان ئاغە ژنت دەویٚ؟!

(پیاو ئێکی ئوهەی لۆ ڕێك کەتبا!)[2]

دیسان گۆتی: ئاغەژن بە خودای گەمانم پیٚ مەکە و خوا نسیبی هینایمە ئێرانە و سبەینیٚ وە بکە لۆ خۆ وەسە بکەوم و ئەچمەوە.

گۆتی: ئاخر کەچەر ئۆ جاری سێیەمە بەو خودایەی ڕاستییەکەی جوابەدەیۆ، نەخۆ[3] ئەلێرەت سەریە برِم. هەر چل کێلکەرت دەویٚ یان ئاغەژنت دەویٚ؟

کەچەری لێك داوە گۆتی: برا ئەمن چل شەوی هەر لەزگ کیژ و کاران ئەبم، وەڵاهی چل کێلکەرەکە باشترە.

گۆتی: وەڵا ئاغەژن چل کێلکەرەکەم دەویٚ.

– مەعلووم؟

گۆتی: بەریٚ

بانگی سەرۆکی کێلکەرانی کرد گۆتی: فران کەس!

گۆتی: بەریٚ ئاغەژن.

گۆتی: ئەوشۆ نۆبەتی تووە کەچەری لەگەرەخۆ بێژەدەی.[4]

ئەریٚ سەرۆکی کێلکەران پڕی دەوی ئاو بوو لە خەنی و خۆشیان، بردی هەتا سبەینیٚ لەگەری دا بوو، پێی ناویٚ بە سرە پێدا هات، هەتا شەویٚ چلیٚ خەلاس بوو، شەویٚ چلە کەچەر تێر نەبوو، گۆتی: برا ئەمن سەهوەکی گەلەك گەورەم کرد، ئەگەر ئاغەژنم لیٚ هەرگربا، ئەو چل کێلکەرەش ئەبووە ئیٚ من. وەڵاهی گۆتی با لۆ لای ئاغەژنیٚ بچم، ئۆ شەوە درەنگ.

ئەریٚ لۆ لای ئاغەژنیٚ چوو دەستی گەیاندە پێی، برند بوو ڕوو بووە باسکی.

گۆتی: کێیە؟

گۆتی: وەڵا ئەمنم.

---

1– لۆچم گەما پێکەی: لۆچی گەمەم پیٚ ئەکەی، بۆچی گاڵتەم پیٚ دەکەیت. لە هەندیٚ گوندی خۆشناوەتی بە کاریگەری نزیکایەتی لەگەڵ سورچییەکان، (ن)ی پاڵ (ان)ی کۆ دەسوێت، بۆ نمونە لۆ جونام پێدەی، واتە بۆ جنێوانم پیٚ دەدەی، یان وەك ئەم نمونەیەی سەرەوە کە (ن)ی وشەی گەمان سواوە.

2– قسەی هەقایەتخوانە واتە پیاو شتێکی ئاوهای بۆ هەڵبکەویٚ.

3– جوابەدەیۆ، نەخۆ: جواب ئەدەیتەوە یان نا؟

4– بێژەدەی: واتە لەگەڵ خۆتی دەخەوێنی

- کەچەر چییە لە چاگەڕێی؟

گۆتی: وەڵاهی ئاغەژن ئەوا چم دەست بە ئاو بگەینم، ئەوە ڕێم لێ غەرەت بووە.

بانگی کێلکەرەکەی کرد و گۆتی: (قاح..ـە)، بێناموس، نابی ئاگات لە مێردی خۆ بی و تاریکە و ڕێی لێ گۆڕایە، وەرە بیبەوە سەر ئاودەستێ.

کێلکەر کە بانگی کردێ و بردیەوە سەر جێی و گۆتی: ئاغەژن بە خودای ئاگام لێنەبووە بانگی نەکردیمێ، نەکو کو ئەمن لێ ئەگەڕێم بە تەنێ بێ!؟

ئەرێ چوو کەچەر خۆی دەبن جێی ناوە، تازە دالغەی هاتە مێشکی، هەرقر قرا[1]، هەر قر قرا کێلکەری خەو لێکەتەوە. لە پاری هاتە دەرێ دیسان، لۆ لای ئاغەژنێ چۆوە، دەستی گەیاندە پێی...

- کێی؟

گۆتی: وەڵا ئەمنم.

- کەچەر لە چا گەڕێی؟

وەڵاهی گۆتی: ئاغەژن ئۆتی[2] هێوارێ زگم دێشی، ئەویش ڕێم لێ غەرەت بوویتەوە لۆ سەر ئاودەستێ چم.

دیسان بانگی کێلکەرێی کرد، گەلەکی جون دانێ، گۆتی: بە خودای ئاگام لێ نەبووە ئاغە ژن.

بردی، کەچەری دەمەکێ قنە قن[3] گرتەوە و (کەچەر بڕەکیش سەگن) وەڵا بردیەوە سەر جێی و دانیشت، درێژ بوون بەخۆ بە کێلکەرێ ماوەکی زۆر، کێلکەرێ بەخۆ خەو لێکەتەوە، دیسان کەچەری خۆ دزیەوە لۆ کن ئاغەژنێ، دەستی گەیاندە پێی، دیسان ئاغەژن ڕوبووە باسکی، گۆتی: کەچەر وەرە، ئەتوو بە بەلاش نییە ئەوە سێ جار بێی، وەرە ڕاستییەکەم پێ برێ، بەوخودایەی نەخۆ سەرت بەو شیرەی شەقەکەم.

وەڵاهی گۆتی: ئاغەژن ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەمن سەهوەکی گەلەك گەورەم کرد، ئەگەر ئەوەللم ئەتوو لێ هەرگربایە، چل کێلکەرەکەش هەر ئێ من بوون. ئەلعانیش پشێمانی بوویمەوە ئەوا هاتیمە لۆ کنە توو.

ئێ گۆتی: قەیدی نییە بەخێرێی.

دە گۆتی: دەرپێی خۆ لەپێکە.[4]

---

1- هەرقرقرا: دوودڵ بوو و بیری دەکردەوە.

2- ئۆتی: لەوەتی، لەوەتەی، لەوکاتەی

3- قنەقن: قنەی لەدوی یەك

4- لەپێکە: لە پێتی بکەوە، لە خۆتی بکەرەوە، دایکەنە

دەرپێی لەپێ کرد و ئاغەژنێ خۆ تەنها کرد و لۆ ناو لاقانی چوو پێلەقەکی لەبن زگی دا گۆتی: قوم بیئیزنیللا، لە بەینی سوڵتانی و ئاغەژنێ وەعاردی بکەوی.

ئاغاژنێ و سوڵتانیش ئەوا لە هۆدێ خۆنە، پرخ و هۆڕێ خەوێیتیان، هەر هەندەیان هاگا لێبوو ڕمبژنەك[1] هات، دەگەر ڕمبژنێ سوڵتان وێوە تێپەڕی،[2] ئاغەژن وێوە دەرپەڕی. سوڵتان هەشیاری بۆوە، تەماشاکا کەچەر بە ڕووتی ئەوا لەناو ماڕێ ڕاوەستایە، کوڕە کەچەر قاحپەباب، ئەتوو ئەوە لێرە چاکەی؟

وەڵاهی گۆتی: سوڵتانم خۆشبی دوو قسەم هەنە، ئەوجا هەنگینێ سەرمەبڕی، چم لێ کەی کەیفی خۆتە.

گۆتی: وەرە دانیشە.

شەرواڕێ خۆی وێدا و هات دانیشت، گۆتی: باشە ئەتوو بەو نیوەشەوەی کو گەیشتیە ئێرە؟

وەڵاهی گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، حار و مەسەلە و حیسابم ئەوهە بوو، ئەوشۆش ئۆتی هێوارێ دوو جار چویمە کن ئاغەژنێ، دەگەر کێلکەرێی ناردیمۆ بن جێی. جاری سێییەم چوومە کنی باسکی گرتم، گۆتی وەرە، ڕاستییەکەم لۆ برێ ئەمیش پێم گۆ، وەڵاهی ئاغەژن! ئەمن سەهوم کرد، دەبوو ئەوەلم ئەتوو هەرگربا، ئەلعانیش پشێمان بوویمەوە و هاتیمە کنەتوو، دەگۆتی خۆ تەنهاکە، خۆم تەنها کرد و ئەویش خۆ تەنها کرد و لۆ کنی چووم، هەر هەندەم هاگا لەخۆ بوو، دەنگەکی لێوە هات و ئەلعانیش ئەبینم ئۆ لێرەمە لە کنە توو.

– پێ زانیەوە ئەوجێی کەوا ئەتوو چووی؟!

گۆتی: ئەرێوەڵا سوڵتانم خۆشبی.

گۆتی: ئێ قەیدی ناکا.

چوو جێیەکی لە هۆدەکی لۆ کردۆوە و کەچەر نووست. هەتا سبەینێ و سبەینێ بووە عەسر. بەرە بەری مەغریبێ و گۆتی: بڕۆ ئەستوورکان بینە. ئەستوورکی لەخۆ هەردان و کەچەر وە پێش کەت و سوڵتانیشی کەتە دوێ. چوو لەناو قەبرستانێ نانەکەیان بە کێلێ وەکرد و بەخۆ بە سوڵتانی چوون خۆیان دەنا و غەرێ ناو چوون خۆیان مات کرد.

---

1– ڕمبژن:گرمژن، ڕمبە، دەنگێکی زۆر و گەورە

2– وێوە: بەم لادا

کەتە سەر مەغریبەکی تاخیر، کەونە ژنیٚ کەچەری، ئێك هات نانەکەی ڕووکرد و پەڕۆکی لەسەر کێلیٚ داناوە، کەتنە دووی نە وەیان کرد بزری کەن، نە وەشیان کرد بیانبینن، هەتا گەینە گۆڕاییەکەی، کەچەر شارەزا بوو گۆتی: سولٚتانم خۆشبی، بێرەدا ئەچینە خواریٚ ئاغەژن ئەوا لە بنییە. چەندی کەچەر بوو بڕەك شارەزا بوو، بە قادرمان دا ڕۆییە خواریٚ. چەندی سولٚتان بوو گەییە نیوەی هەردێرا، ڕمبەی لێوە هات کەتە بنی.

هەرستا خۆی بە قوڕنیسکەکی هەرپەسارد و کەچەریش خۆ بە قوڕنیسکەکی هەرپەسارد و ڕۆژان نانی ئەکردە چل و یەك بەش، ئەو هێواری کردیە چل و دوو بەش. هەرکەس چوو نانی خۆی هینا و کەچەر چوو نانیٚ خۆی هینا و بانگی کرد: گۆتی: سولٚتان هەق نەبێژ وەرە نانی خۆ ببە. ئەویش نانەکەی خۆی هینا و نانەکەی خوارد و ئاغەژنیٚ گۆ وەرە پێم بریٚ لە چا گەڕێی؟ وەلاٚهی گۆتی: ئاغەژن بەخۆش نزانم[1] لە چا گەڕێم، ڕێم کەتە ئێرانە.

نا... نا گۆتی: فکرەکت هەیە، وەلاٚ وەبیلا وەتیلاهی هەنکە وەختی خەویٚ دادیٚ، ئەمن ئەچم لەسەر قەرەوێلیٚ خۆ درێژەبم، نە بانگم بکەییٚ نە دەستم بگەینییٚ، نە قسانم دەگە بکەی، ئەگەر سیٚ جارت واگا[2] هینام هەرچی ئەتوو برێی بە گێت ئەکەم، ئەگەر واگاشت نەینام، شەرتبی لە شەرتیٚ پیاوان خۆ شیری ئەبینی، بەو شیرەی سەرتەبڕم...

(یاڕەببی خودایە زۆر شوکر.)

ئەریٚ وەختی خەویٚ داهات و هەرکەسە چووە سەر جێی خۆ و کەچەر چوو ملی بە تەڕە... خۆ ناوە و سولٚتان کەتە بارەکی غەمان. گۆتی: باشە دەستی نەکەمیٚ و بانگی نەکەمیٚ و قسەی دەگە نەکەم و باشە مالۆس[3] دەبن جێیدا غەزریە کو بە من هەرەستیتەوە؟! هەر دالٚغەی کرد... هەر دالٚغەی کرد، کوڕە گۆتی: ئەمن ئەدی قۆدییٚ شای ئەجندانم وێنیە، داخوا چاکا، ئەگەر ئەوڕۆم دە هانایٚ وەنیٚ، ئەدی لۆ چمە. ئەستێو بەردی هینانە دەریٚ و لێکی دان و بۆن زوور پەیا بوو، کوڕیٚ شای ئەجندان گەیشتیٚ: سەلاموعەلەیەك سولٚتانم خۆشبی.

گۆتی: عەلەیکومەسەلام بەخێرێی.

– چت لێقەومایە؟

---

1– نزانم: نازانم

2– واگا: وە ئاگا، بە ئاگا، بە خەبەر

3– مالۆس: بەرازی مێینە

گۆتی: کوڕە وەڵاهـی ئـەوی ئـەوجارەم لێقەومایە بە حـەیاتی لـێم نەقەومایـە، ئاخیر دەرەجەیتم.[1]

گۆتی: چییە؟

گۆتی: نابینی مالۆسیٚ خۆ دەبن جێی نایە، سوندیشی لیٚ خواردیمە ئەریٚ سیٚ جارت واگاهینام چی بڕێی بە گوێتەکەم. واگاشم نەینی بەو شیرەت سبەینیٚ سەرتەبڕم...

ئەجا گۆتی: لۆییێشم[2] ئەستێو بەرد لێك دان، کە بێی تەگبیرەکی بکەین.

گۆتی: سەهلە سەهل خەمت نەبی.

گـۆتی: سـوڵتانم خۆشبی، ئـەمن ئەواچـم خـۆ دەبـن بـالیفیٚ ئاغـەژنیٚ نـێم، ئـەتوش لـەولای وەرە بـریٚ ئەسســەلاموعەلەیکوم ئـەی پارســەریٚ[3] خـاتوونیٚ. ئـەمیش وارێـم عەلەیکومەسسەلام بەخێرێی سوڵتانم خۆشبی.

گۆتی: هێواریٚ زانیتم هاتی ئۆ لۆ دیارنەبووی؟

بـریٚ وەڵاهـی بـەڕێوە هـاتبووم بـڕەك مانـدی ببـووم و لەبـەر هەنـدیٚ نـەمتوانی هـەتا ئـەلعان، ئـەلعانیش ئـەوا هاتیمـە. ئـەمیش ئـەرێم یـاخوا بـەخێرێی گەلـەك بـەخێرێی. هـەنگیٚ ئـەترێمیٚ:[4] سـوڵتانم خۆشـبی ئـەتوو لەسـەر دنیـاییٚ گەلـەك سـەرو سـەربردەت دیتیە، دەبی مەسەلەکە خۆشم[5] لۆ بگێڕیـەوە. هـەنگیٚ ئـەتوش بـریٚ وەڵاهـی پارسـەریٚ خاتونیٚ ڕاستە ئەمن زۆرم سەربردە بەسـەهاتینە، بەرا وەڵاهـی هەند ماندیمە هەنـد لـە قەلبیٚ خۆ وەڕەز بوویمە، مێوانیٚ توشـم، دەبـی ئـەتوم مەسـەلەکی لـۆ بگێڕیـەوە. ئـەمما گۆتی: کە گەییە سەر حەقیٚ بە ناحەقیٚ جوابیٚ بدەوە، ئەو بە ناحەقیٚ هەرەستیتۆ.

ئێــە... چــوو خــۆی دەبــن پارســـەریٚ نــا و ســـوڵتان لـــەولای ڕا هــات. گــۆتی: ئەسەلاموعەلەیکوم ئەی پارسەریٚ خاتونیٚ.

وەی گۆتی: عەلەیکومەسەلام بەخێربێی سوڵتانم خۆشبی، یـاخوا بـەخێرێی، ئـۆتیٚ[6] هێواریٚ زانیتم هاتی چاوم هە لە ڕێییٚ بوون، ئۆ لۆ هەندە درەنگ هاتی؟

---

1- ئاخیر دەرەجەیتم: ئاخیر دەرەجەمە، مەبەستی خراپترین لێقەومان

2- لوییێشم: لۆیەشم، بۆیەشم، لەبەرئەوەش، لەبەرئەمەش

3- پارسەر: پاڵ سەر، سەرین، بالیف

4- ئەترێمیٚ: پێت دەڵێم

5- مەسـەلەکە خۆش: مەسـەلەکی خـۆش، لـە هەنـدێك ناوچـەی خۆشـناوەتیدا (ی)ی خستنەسـەری دوو وشـە، دەبێتە (ە)، ئەمەش بۆ مێیە وەك کچێکی چاك دەبێتە کچەکە چاك.

6- ئۆتیٚ: ئەوەتەی، لەوەتەی، لەو کاتەوەی

گۆتی: وەڵاهـی پارسـەرێ خـاتوونێ مانـدی بـووم و بـەڕێوە هـاتبووم و قـەلبم زۆر دێشا، لەبەر هەندێ تاخیر بووم.

یاخوا بەخێرێی دە دانیشە. وەڵا سوڵتان دانیشت و ئاغەژنیش ئەوا دەبن جێی دا. ئەوا درانان[1] ئەکرۆژی لـە حـەیفێ بالیفێ: چـەند سار و زەمانـە وەرە بیشۆ و خزمـەتی بکە شەوەکی قسەکی دەگەرە من نەکردییە. بڕۆنێ دەگە سوڵتانی هەقنەبێژ کو کەتتە گفتوگۆ؟! بەرا گۆتی با وەبی.

گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، دەبی ئەتوم مەسەلەکی خۆش لۆ بگێڕیەوە.

ئـەویش گـۆ، گـۆتی: وەڵاهـی پارسـەرێ خـاتوونێ، بـە خـودای هەنـد ماندیمـە چ مەسـەلەم پـێ ناگەڕێنـەوە. مێـوانی توشـم دەبـی ئـەتوم مەسـەلەکی لـۆ بگێڕیـەوە. شـەو دوور و درێژە و ئەوا دانیشتینەو...

ئێهـ گۆتی: دە دانیشە.

گۆتی: سـوڵتانم خۆشـبی مەلایـەك وەخـۆ کـەت، ڕەوەنـد لـۆ کوێستانێ ڕۆیـی، مـەلا وەخۆ کـەت، دەسـتە بوقچـەکی کتێبـانی دە سـەر دار عەسـای هینـا و کەتـە ڕێ. گـۆتی ئەچـم لـۆ خـۆ هـەتا پـایزێ لۆخـۆ لـە هۆبـەکی دائەمـەزرێم و پـایزێش هەنـدەك ژاژی و پـەنیری و هەنـدەك پـارە و مـارەی وەرەگـرم و دێمـۆوە، گـۆتی ڕۆیـی، لـە ڕێیـێ گەییـە کابرایەکی مەکینۆکەکی لە پشتێ خۆ هەردابوو: کاکە ماندی نەبی!

گۆتی: خوا عافوت کە یاخوا. برا توو کێوا چی؟

وەڵاهی گۆتی: مامۆستا ئەچمە کوێستانێ لۆ خۆ لەناو هۆبەکی کاسبیێ کەم، هەتا پایزێ، پایزێش هەندەك ژاژی و پـەنیری و هەنـدەك پـارە و مـارەی پەیاکـەم و هەنگێش دێمەوە.

– ئەدی ئەتوو کێواچی مامۆستا؟

– وەڵاهی دەنا ئەمیش ئۆ لۆ ناو ڕەوەندی ئەچم.

– دەبا بڕۆین.

لە ڕێیێ گەیینە نەجاڕەکی تەپشولۆکەك[2] و مشارەکی دە بە پشـتێ دابـوو، گۆتیـان: ماندی نەبی؟

گۆتی: خواعافت کا یاخوا مامۆستا ئەنگۆ ماندی نەبن.

گۆتی: خواعافوت کە یاخوا. مامۆستا خێرە کێواچن؟

---

1–دران: ددان، دان

2– تەپشولۆکەك: تەپشوو: تەشوو، تەشوێ. تەپشولوکەك: تەشوێیەکی بچووك

گۆتی: وەڵاهی برا، ئەمن ئەوا چم لۆ مەلایەتییێ، ئەو برایەش ئەوا دێ لۆخۆ خەیاتییێ کا، ئەشتاق[1] ڕێ لە ئیشی ئەشتاقێ ناگرن. برا ئەدی ئەتوو کێوا چی؟

وەڵاهی گۆتی: ئەمیش تەپشوو و مشارم هینایـنە، لەوێندەرێ چەرەغە[2] ڕەشمارانیان لۆکەم و گۆپارانیان لۆ دادینمەوە تا پاییزێ، ئەمیش هەندەك ڕسق و مسقی خڕەکەمەوە، پاشی دێمەوە.

وەڵاهی گۆتی: مەعنای وێیە، ئەمە بووینە ڕەفیق.

گۆتی: زۆر باشە، ئەشتاقیش ڕێی ئەشتاقێ ناگرن، ئەتوانین هەموو لە هۆبەکی دابمەزرێین.

لێیاندا ڕۆیشتن هەتا کەتە بەرە بەری مەغریبێ، بەرە بەری مەغریبێ ئەرێ گەیینە سەر کانییەکی.

مامۆستای گۆ: براینە، لێرە بەولایوە نەخۆ نەگەینە چ کانی و ئاوان، با ئەوشۆ لەسەر ئەو ئاوەی بین، نوێژێ خۆ کەین و نانێ خۆ خۆین و سبەینێش ئەجا سەبر سەبرە ئەکەوینە ڕێ...

ئێمە گۆتیان: وەڵاهی ئیشەکی باشت کرد.

ئەرێ نانیان خوارد و ئەوی وێیان بوو و خوا بە نسیبی کردبوو خواردیان، هەتا وەختی خۆی داهات و مامۆستای گۆ: براینە، ئێرە ئاوە، ئاوەدانی لۆ پەیا هەرەبی، نەبادا ئەمە هەرسێك بنووین، خوێرییەك توێرییەك[3] بێ، ئەشتەکن لێ بدزی، گۆتی: حەیان ئەچی. باشتر وەیە ئەمە بکەینە نۆبەت، هەر بەینە ئێك هەشیاری بین و دوێ دی[4] بنووین.

ئێ دە گۆتی: کی دانیشی؟

نەجاڕی گۆ: مامەستا ئەمن دائەنیشم ئەنگۆ بنوون، وەکی خەویشم هات، بانگی خەیاتی ئەکەم ئەویش با هەستیتەوە، هەنگێش شەو ڕائەشکێ، ئەوی خەوی هات، با بانگی توو کا.

گۆتیان: زۆر باشە

---

1- ئەشتاق: شتاق، هیچ

2-چەرەغە: ئەو دارەی کە لە دەرەوەی ڕەشماڵ، ڕەشماڵی پێ توند دەکرێ، هەرچی دارە بەرزەکانی نێو ڕەشماڵەکەیە کە ڕەشماڵی پێ هەڵکراوە، پێی دەگوترێت: چەرەگ

3- توێری: تۆڕی

4- دوێ دی: دووەکانی تر، دووەکانی دی

ئەرێ مامۆستا بەخۆ بە خەیاتی لێ کەتنە خەوێ و کابرای نەجاڕیش داری خڕ کردنەوە و ئاگری لێنێ و هەڕوو وەرە و شەو درێژن نابڕێ، گۆتی: برا وەڵاهی شەو بەو نەوعەی نابڕێ، کۆلکە دارەك لەولای بوو، چوو بە مشاری بڕیەوە و هینایە بەر ئاگری و کەتە بەرێ لە هەیکەلی بەشەری هەرێخستبوو، بردی لێدێهێی[1] چەقاند و دوو بەردی دانەپارێ و: خەیات خەیات!

گۆتی: ها

گۆتی: دە هەستە وەڵاهی ئۆ خەومادێ[2] و لەخۆ وەڕەز بوویمە، ئەتوش هەستۆوە ئێك دوو سعاتان، هەتا هەنگێش شەو شڕەبی، ئەجا بانگی مامەستای کە.

گۆتی: برا ئەتوو بنوو ئەمن ئەوا هەرەستم.

ئەرێ، نەجاڕ خەوی لەخۆ هێخست و درێژ بووو خەوی لێکەت. خەیاتیش هەستاوە هەندەك چیلك و میلکی هینان و وەسە ئاگری نان و وەریگێڕان و گوڕی برند بوو، تەماشاکا برا زەلامەك ئەوا لەوێندەرێ ڕووت و قووت ڕاوەستایە.

– ئای کوڕە ئەوە چییە؟

هە[3] لێچووە پێش، هە لێچووە پێش، تەماشاکا کۆلکە. هەی گۆتی: بابت بە سەی بگێم نەجاڕ، ئەتوو بتوانی کۆلکە داری هەرێخی، ئەمن نەتوانم دەستە جلکەکی لۆ بدرووم و دەبەری کەم!؟

مەکینەی هینا گۆڕێ، هەندەك پارچە و پرووچی خڕکردنەوە و تێکی بردنەوە و کراس و کەوێیەك و دەگەر چارۆگەکی لۆ دروست کرد و بردی دەبەری کردن و چەقاندیەوە و دوو بەردی بە پار وەنان: مامۆستا مامۆستا!

گۆتی: ها

گۆتی: وەڵاهی خەومەوا[4] دێ، با نۆبەتێ توو بی، ئەتوو هەرەستی؟

ئەرێ مامەستاش هەرستاوە و پەلامیزەکی کرد و هەندە چیلك و میلکی خڕکردنەوە و ئاگر خۆش بوو، تەماشاکا برا! ئۆ ژنەك لەو گۆڕەیە. ئای گۆتی: مارم کاول بی، بەو بوارەی ئەو حوڕمە داخوە ئۆتی کەنگین ڕاوەستابی! لە شەرمانیش،

---

1– لێدێهێ: لێرێهێ، ئەم شێوە ئاخاوتنە کاریگەری هەرووتیەکانی بەسەرەوەیە، زێدی ئەم هەقایەتخوانە گوندی گەرەوانە و بە سنوور نزیکایەتی لەگەڵ گوندەکانی هەرووتییدا هەیە, ڕەنگە ئەم کاریگەرییەی بەسەر جێمابێت.

2– خەومادێ: خەوم وا دێ، وا خەوم دێ

3– هە: هەر

4– خەومەوا: خەوم ئەوا

شەرمی کردییە بێتە بەر ئاگری. گۆتی: کیژم، خوشکم، داکم لۆ خۆ وەرە بەر ئاگری، ئەمەش وەکی باب و برایێ توینە.

ئەرێ چ جوابی نەداوە...

بەرێ گۆتی: شەرمێ کا، مامەستا ڕووی خۆی دەولای کرد، گۆتی: کیژم ئەمن ئەوا ڕوێ خۆم وەرگێڕایە، لۆ خۆ وەرە بەر ئاگری.

دەمەك چوو، دوو چوو، ئاوڕیەدانەوە،[1] ژنە هەر لە جێ خۆیە. گۆتی: کچێ داکم ئەتوو لۆ نایێ بەر ئاگری، ئەمەش وکی باب و برایێ توینە، لۆ خۆ وەرە بەر ئاگری بەو سەرمایەی هەنکە سڕ بووی لە سەرمان؟!

دیسان مەلای لمۆزێ خۆ دەولای کرد بەینەکی، تەماشای کردێ: دایکێت بە سەی بگێم، ئەتوو ئۆ دیارە گەمان بە ما کەی؟

ڕوبووە دار عەسای، خۆی لە کۆلکەداری ئەولاو ئەولا گرت، هەتا خوا گرتی چەند دار عەسای لێ دان، کۆلکەدار وەپشتێ گەڕا...

ئەلحەمدولیللا مەلای گۆ بە قوڕعان مومکینە ئۆتی هێوارێ لەوێیە، زمانی شکایە، پێی عاردی نەگرتینە، ئۆ قەتلیشم توش بوو، یاڕەببی خوایە ئەلحەمدولیللاهی.

مەلاش ئەجا ئەگەر بە سەگایەتی بوو، ئەگەر لۆ خوای بوو، ویستی دەستی لەسەر درو مرێ بدا، تەماشاکا کۆلکەدارە: هەی گۆتی: بابت بە سەی بگێم نەجاڕ، ئەتوو بتوانی کۆلکەداری لە هەیکەلی بەشەری دروست بکەی، خەیاتی قاحپەباب ئەتوو بتوانی دەستە جلکەکی دەبەر کۆلکەداری بکەی، یەعنی ئەمن نەتوانم دەست نوێژەکی هەربگرم، سەرێ لە سەجدێ کێل نەکەمەوە، هەتتا خوا ڕوحی داوێتە بەر بەدەنێ ئەو کۆلکەدارەی...

ئاغەژنیش ئەوا لێوان ئەکرۆژیتەوە لە حەیفێ بالیفێ و ئەو مەسەلەی.

ئەرێ مامەستای دەست نوێژەك هەرگرت و نوێژەکی کرد و سەری بردە سوجدەی و سوندی خوارد، گۆتی: خوایە هەتا توو ڕوحێ ناوێیە بەر بەدەنێ ئەو کۆلکەدارەی، ئەمن سەر لە سەجدەی کێل نەکەمەوە.

خوا ئەمری کرد ڕوح چووە بەر بەدەنێی، ژنە هات بانگی کردێ، گۆتی: مامۆستا مامۆستا، سەرێ خۆ کێل کەوە، با نوێژێ بکەین.

مامۆستای سەرێ خۆ کێل کردەوە چوو دەستنوێژی شوشت و نوێژی کرد و...

ئەجا گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، لۆم ساغ بکەوە ئەو ژنە ئەبیتە ئی کێ؟

سوڵتانی گۆ وەڵاهی ما ئەوەللی ئەساسەکەیە، ئەبیتە ئێ نەجاڕی.

---

1- ئاوڕیەدانەوە: ئاوڕی دەدایەوە، هەر ئاوڕی دەدانەوە

ئاغەژن برند بوو گۆتی: وەڵا دەدوڕ قوڕیٚ خۆو بابیٚ خۆت بنێن،[1] هەی هەقنەبێژی قاحپەباب، با ئەو کۆلکە داری بتراشی، با ئەو جلکانی دەبە[2] بکا، لۆ نابیتە ئیٚ مەلای کە خوا ڕوحی وەبەر هینایە.

وەڵاهی گۆتی: ئاغەژن لە لای مە شەرعەن هەر واکریٚ[3] و...

سوڵتان ڕۆیی و چووە جێی خۆو ئەویش برند بوو، لە بالیفیٚ و لێك و پێکی هەرپچکوڕی.[4] گۆتی: ئەوە چەند سارە ئەمن خزمەتیٚ توە کەم، ئەوەتی هێواریٚ، دەگە سوڵتانی حەقنەبێژی قاحپەباب کەتییە گفتوگۆ. پارچە پارچەی کرد و فڕەی دا.

ئەریٚ خۆی دەبن جێی ناوە، ئەوجارە دیسان کوڕیٚ شای ئەجندان بەولای دا سوڕاوە چۆوە کن سوڵتانی، گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، ئەوە ئێك...

گۆتی: ئەوجارە، ئەچمە دوڕ گوم گومیٚ کە مەسینەیە، لە پشت سەریٚ خۆی دانایە، ئەچمە وێندەریٚ. هەر کە هاتی سەلامیٚ بکە و سەلامێت لیٚ وەرەگرمەوە و یاخوا بەخێرێی یاخوا بەخێرێی، گەلەکت بەخێر هاتنیٚ کەم و هەنگیٚ ئەرێم سوڵتانم خۆشبی، دەبی ئەتوو مەسەلەکی خۆشم لۆ بگێڕیەوە، وەبریٚ وەڵاهی گوم گومەی ئاغەژنیٚ، وەڵاهی زۆرم سەربردە بەسەرهاتینە، بەرا وەڵاهی هەموو قەلبم تێك چووە و بە پێیان زۆر گەڕایمە و بە پێیانیش هاتیمە ئێرانە، دەبی ئەتوم مەسەلەکی خۆش لۆ بگێڕیەوە. ئەجا هەنگیٚ دانیشە ئەمنت مەسەلەکی دیکە لۆ گێڕمەوە، بەرا کە گەییە سە هەقیٚ، بە ناهەق جوابیٚ بدەوە.

ئاغەژنیش ئەوا لێوان ئەکرۆژیتەوە، ئەریٚ تەماشاکە گوم گومە، چەند سارە نەمهێشتیە تۆزی لیٚ بنیشی.. نەمهێشتیە پیس بی، بنۆڕە کو دەگەر سوڵتانی حەقنەبێژی کەتتە قسە و گفتوگۆ، بەرا سەبرت هەبی، ئەگەر نەمرم ئیشتەزانم[5]. ئەوجا هات دانیشت و گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، دەبی مەسەلەکم لۆ بگێڕیەوە؟

ئەویش گۆ، وەڵاهی گوم گومەی ئاغەژنیٚ گەلەك ماندیمە قالبم زۆر دێشی، هاتیمە دەبی ئەتوو مەسەلەکی خۆش لۆ من بگێڕیەوە.

---

1- دە دوڕ قوڕیٚ خۆت و بابت بنێم: (ئیدیۆمە) لە وەڵامی درۆی کەسێکدا بەکاردێت. واتە درۆ دەکەی.

2- دەبە: دەبەر، لەبەر

3- لە لای مە شەرعەن هەر واکریٚ: لەلای ئێمە شەرعمان ئاوا بکریٚ، داب و دەستووری ئێمە ئاوەهایە.

4- هەرپچکوڕی: هەڵپچکوڕی، لێك داماڵین

5- ئیشتەزانم: ئیشت ئەزانم، خۆم ئەزانم چۆن چارت دەکەم، وەڵامێکی هەڕەشە ئامێزە.

ئێجا گۆتی: دانیشە، عادەتیش هەروەیە، هەر مێوان بێ، دەبی خانوخۆ[1] مەسەلەکی لۆ مێوانی بگێڕیتەوە.

ئەرێ دانیشت کورتە مەسەلەکی دیشی لۆ گێڕاوە، هەتا گەییە سەری، کە گەییە سەری، دیسان گۆتی: سوڵتانم خۆشبی، باشە ئەو شتە ئەبیتە ئێ ئەو شەخسەی، یان ئەبیتە ئێ فرانی؟

وەڵاهی گۆتی: گوم گومەی ئاغەژنێ لە لای مە هەر ئوهە عادەت بووە، ئەبیتە ئی فران کەسی!

دیسان ئاغەژن لێی ڕاست بۆوە گۆتی: کوڕە دوڕ قوڕێت نێن،[2] لۆ نابێتە ئی ئەو شەخسەی لۆ ئەبیتە ئی فرانی ئەوشتە؟

وەڵا گۆتی: ئاغەژن لای مە هەر ئوهە بووە. ئەوجارەی جارێ سێیەمیش واگا هینا.

هەنگێ گۆتی: سوڵتان وەرە ئەتوو کو ئەرێی تازە واگات هینام شەرتیشم کردییە، ئەتوو چارێی تا بە قسێت بکەم؟

وەڵاهی گۆتی: ئەگەر بە قسێم ئەکەی لۆ خاتری من دەبی کوڕی شای ئەجندان بکەی. ئەوجا ئەرێ لە کوڕێ شای ئەجندانی مارە کرد و سبەینێ کوڕێ شای ئەجندان وەگەر سوڵتانی کەت هەتا بردیۆ بەغدایێ و لەوێندەرێش ئەجا گەڕاوە و ئاغەژنەشی مارەکرد و پێك شادبوونەوە و ئەمیش کارەشم دڕا و گەڕامەوە.

---

1- خانوخۆ: خانەخوێ، خاوەن ماڵ.

2- دوڕ قوڕێت نێن: لەناو قوڕت بنێن. بە واتای ئەوەی درۆ دەکەی

# ئەحمەد پاشا[1]–[2]

ئەریٚ پاشایەك هەبوو لە شارەکی، سیٚ کوڕ و سیٚ کچی هەبوون، کوڕەکانی یەك ناوی ئەحمەد بوو، یەك ناوی مەحموود بوو، یەکیش ناوی حەسەن بوو. پاشا پێشی بمری گۆتی: وەسیەت بی لەنگۆ ئەمن قۆدیەکم هەیە، ئەگەر مردم ئەو قۆدیەی تەسمیلی ئەحمەدی کەن و لە شارێی وەدەریٚ نێن و میراتی دیکەش هەموو لۆنگۆ.[3]

وەکی پاشا مرد، حەمەد و مەحمووودان، ئەحمەد و سیٚ کچەکەیان دەرکردن لەشاری و قۆدیەکەیان دایێ، ئەوانیش ڕۆیشتن گەیشتنە چیایەکی، ئەشکەفتەکی لێبوو، لەوێندەرێکانە شەویان لیٚ بەسەر داهات، چوونە ئەشکەفتەکەی، لەویٚ کێروشکەکی[4] لاق شکایان لیٚ پەیدا بوو، ئەحمەدی پەلارەکی ڕاوەشاندیٚ و کوشتی. خوشکەکان هەندی دەمیٚ کەوریان[5] کرد و لەناو مەنجەرێیاندا سۆر کردۆوە. ئەریٚ لە هیکڕا[6] دەروێشەك وەژۆریٚ کەت. گۆتی: سەلاموعەلەیك!

گۆتی: سەلام بەخێراتی.

گۆتی: ئەحمەد هاتیمە دەبی خوشکیٚ گەورەم دەییٚ.

ئەحمەدی گۆت: ئاخر کوەبی؟

گۆتی: هەنکە ئەگەر ئەمدەییٚ، ئەگەر نا هورتتەکەمە[7] سەر یەکدی.

وەلاّ خوشکەکی دایێ و ڕۆوی. بەینەك پێچوو لەزگبوو نانی تێکەن بخۆن، یەشکە[8] وەژۆریٚ کەت.

---

1– ئەم هەقایەتەم لە دەمی (حەمەدەمین مەلا قادر حەمەدەمین بالیسانی) لە شەوی 2006/12/7 لە شەقلاّوە وەرگرتووە. ناوبراو لە ساڵی 1956 لە گوندی بالیسان لەدایك بووە و نەچووەتە قوتابخانە، بەلاّم خوێندەوارییەکی کەمی هەیە و ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

ئەم هەقایەتە بە شێوازێکی تر و بەهەمان ناوەرۆکەوە، بلاّو بووەتەوە بڕوانە (دێو، چیرۆکی فۆلکلۆری– بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەی: خالید جووتیار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، چ "سەردەم"، ل3–16)

2– ئەم ئەفسانەیە لە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) ژمارە 37ی ساڵی 2008 بلاّوبووەتەوە.

3– لۆنگۆ: لۆ ئێوە، بۆ ئێوە

4– کێروشکەك: کەروێشکەك، کەروێشکێك

5– هەندی دەمیٚ کەوریان: هەر زوو کەوڵیان کرد، چاکیان کرد، ئامادەیان کرد بۆ لێنان

6– لە هیکڕا: لەناکاو، لەپڕ

7– هورتتەکەمە: وردت دەکەم، پارچە پارچەت دەکەم

8– یەشکە: ئێشکە، یەکێکی تر

گۆتی: ئەحمەد پاشا دەبی کوت خوشکەك دایتە دەروێشی دی، دەبی ئەوهەش بدەیە من.

– ئاخر کەسم نامینی لە ڕێی خوای دەروێش ئەنگۆ چارێن، ئاخر کو وابی؟

مەجبوور بوو هەستا خوشکێ ناوەندیێ دایێ. هەندەی پێنەچوو دەروێشەشکەش[1] وەژۆرێ کەت، بە ناچاری خوشکێ دیکەشی دایێ.

بە تاقی تەنێ ماوە. ئەو خواردنەی هەیبوو خواردی و دەستی لە چۆکان وەریناو کەتە بارەکی خەمان. سبەینە داهات هەر ڕۆیی هەر ڕۆیی، دیتی لە دامەن شاری، گاوانەك دیارە لەکن گاڕانێ، چووە کنی، گۆتی: ماندی نەبی مام گاوان!

– خوا عافت کا یاڕەببی.

مام گاوانی گۆتی: ئەتوو کێی؟

گۆتی: ئەمن کابرایەکم دەربەدەر بوویمە ئەوهەو ئەوهەم بەسەرهاتییە. حار و مەسەلەکەی لۆ گێڕاوە.

گۆتی: ئەمن دەگەرەتوو لەکن گاڕانێ بم.

مام گاوانی گۆتی: کو وەیە؟!

مادەم وەبی، هێواریێ دەگەرەمن وەرۆوە ماریێ مە، ئەمن ناوم حەسەن گاوانە دوو ژنم هەنە. لەماریێ مە وەبریێ:[2] ئەمن برای حەسەن گاوانیمە، بە گچکۆکەیی بزر بوویمە، ئەلعان وەدەرکەتیمەوە. بە قەستی[3] تا باوەڕ کەن.

گۆتی: زۆر باشە.

مام گاوانی گۆتی: با سینگت لەبەر تاوێ نەسۆتێ ئەتوو ناسکی، ئەمن هەموو سینگم لەبەر تاوێ سۆتایە، ئەتوو هەڕووە ماریێ مە پرسیار بکە، وە ماریێ مە ئەکەوی،[4] کوم پێ گۆتی ئەوهارێی؟[5]

گۆتی: باشە.

وەڵا ڕۆیشت، گۆتی: ماریێ حەسەن گاوانی لە کێیە؟

گۆتیان: لە فران جێیە.

هاتەوە گۆتی: سەلاموعەلەیك!

---

1– دەروێشەشکەش: دەروێشێکی دیکەش، دەروێشێکی تریش

2– وەبریێ: ئاوا بڵێ

3– قەستی: بەگاڵتە

4– وە ماریێ مە ئەکەوی: ماڵی ئێمە دەدۆزییەوە، پێدەزانی

5– ئەوهارێی: ئەوها دەڵێی، وەها دەڵێی

– سەلام بەخێراتی.

گۆتی: ئەمن برایێ حەسەن گاوانیمە، بە گچکۆکەیی بزر بوویمە، ئەلعانیش هاتیمەوە.

وەڵا دوو ژنەکان زۆریان بەخێر هینا، نانیان لۆ هینا، ئا ئەشمری لە برسان.[1] تێری نان خوارد.

هێواریێ حەسەن گاوان هاتەوە لەبەر چاوی ژنەکان ئێگدیان[2] ماچ کرد و ئەحمەد پاشای وەگۆتە حەسەن گاوانی: حەسەن گاوان!

گۆتی: چییە؟

گۆتی: دەبی وراغەکی زینم لۆ پەیا کەی، بە ڕۆژ ئەچمە ڕاوێ، هێوارانیش دێمەوە ئێرە.

گۆتی: باشە.

هەستا وراغەکی لۆ پەیا کرد و لۆی زین کرد، هێواران ئەچوو، ئەجا کێریشک با، مامز با، شوور[3] با ئەیگرت و بە وراغی وا کرد،[4] دەیهیناوە.

هێوارەکی حەسەنی وەگۆ ئەحمەدی: قسەکت لۆ بکەم، ڕاستیم پێ بریێ، ئەگەر هێواران هاتیەوە بە پێش دەرکێ ماریێ پاشای دا مێوە.[5]

گۆتی: لۆ؟

گۆتی: پاشای کچەکی هەیە هەن شەیتانە هەن شەیتانە، بەوێ دا بێیەوە شتەکت ئەخێورینتیێ[6] یان چینەکت لیێ دا.

گۆتی: باشە.

وەڵا ڕۆژەکی لەسەر وراغی کە دێتەوە خەوی لێکەوی، وراغیش بە پێش دەرکیێ ماریێ پاشایدا دێتەوە... کچیێ پاشای لەسەر قەسریێ یە، شفتییێ ئەخوا، کەرتەکی[7] ئەخوا کەرتەکیش ڕاوەشینتە ئەحمەدی لە ئەسکوردێی ئەدا. ئەحمەد لەسەر وراغی ئەکەویتە خواریێ... هەرەستیتەوە سەری برندەکا، ئەبینی کچیێ پاشای هەن جوانە

---

1– ئا ئەشمری لە برسان: خەریکە لە برسان دەشمریێ...

2– ئێگدیان: ئێکدیان، یەکتریان

3– شوور: کەڵەکێوی

4– بە وراغی وا کرد: بە وڵاخی هەڵدەواسی

5– مێوە: مەیەوە، مەیەرەوە

6– ئەخێورینتیێ: پێدا دەدا، لێی دەدا. لەچاوگی (خێواندن)ە وە هاتووە و بۆ ناکاو و نائاگایی بەکاردێت. بۆ نمونە دەڵێ: گۆپارەکم خێواندە فلان کەسی.

7– کەرت: لەت، کوزی، پارچەك

هەند جوانە، کەس در نایێ تەماشێی کا. ڕاست بەرەبیتەوە و ئەکەویتە ئەو گۆڕەیی و لەخۆچی.[1] وراغەکە ئەچتەوە ماریێ، کوێریشکەکەی لێکەنەوە و چاکەن و لێنێن و ئەرێن لۆ ئەحمەد نەهاتەوە؟! ئەدی کانی ئەحمەد؟

حەسەن گاوان ئەریێ هەبی و نەبی بە پێش ماریێ پاشای دا هاتتەوە. ئەچی تەماشا کات، دەناو تۆزیێ دایە. وەخۆ دێتەوە و دێتەوە ماریێ...

پاشی دەمەکیێ ئەریێ حەسەن قسەکت بریمی[2]؟ دەبی ئیلللا لۆم بچیە داخوازییێ کچیێ پاشای...

حەسەن ئەریێ ئاخر کوەبی ئەمەو ماریێ پاشایان گۆتییە؟!

ئەریێ ئەگەر نا لێرەت ئەدەمە بەر گۆپاران... ئەمن ئۆ چمە کن گاڕانیێ لە باتی توو، ئەتوش هەڕووە دیوەخانیێ و لۆم داخوازی بکە.

حەسەن چووە دیوەخانیێ لەسەر پێراوان دانیشت، چونکو شەرمی ئەکرد بچیتە لای سەرەوە لە ترسیێ پاشای و قەتیشی ناو مەدریسان نەدیتبوو... لەسەر پێراوان دانیشت و چ قسەی نەکرد تا هێواریێ... هێواریێ هاتەوە ماریێ، ئەحمەد هاتەوە، گۆتی: ها چت کرد حەسەن گاوان؟

گۆتی: وەڵا هیچ.

وەیگۆ سبەینێش برۆ. ئەوجارەش چوو عەینی حیساب بوو، نەوێرا چ قسان بکا ئەو هێوارەش ئەحمەد هاتەوە لێی دەهری بوو، لە ڕکان حەسەنی دا بەر گۆپاران و گۆتی: کەیفیێ خۆتە دەبی هەر لۆم بخوازی...

حەسەن زۆری خەفەت خوارد، لەکن ژنەکان وەیگۆ (براشم نەبوو کردمە برام) ژنەکان کە گوێیان لێ بوو تووڕە بوون، وەیانگۆ مادەم برات نییە، ئەدی چەند لەمێژە ئەو پیاوە بێگانەت لۆ هینایتەوە ماریێ، شەرمیێ ناکەی!؟ هەستان ڕۆیشتن، ئەحمەد بە پەلە چوو وەیگۆ وەرنەوە، برا لێکیش ئەدەن و تووڕەش ئەبن.

سبەینیێ دیسانەکە حەسەن چۆوە دیوەخانیێ، هەر دانیشت هەر دانیشت، پاشا لێی پرسی: ئەریێ حەسەن سیێ ڕۆژە دێیە ئێرە بیێ دەنگی، ئەتوو لۆ چ هاتی؟

گۆتی: پاشام خۆش بی، ئەمن برایەکم هەبوو بە گچکۆکەیی بزرم کردبوو، هاتیتەوە و ئەلعانیش عاشقیێ کچیێ توو بووە...

پاشا تووڕە بوو، گۆتی: بیهینن لە سەری بدەن، کو ئەو کارەی ئەکا؟!

---

1- لەخۆچی: لەهۆش خۆی دەچیێ، دەبوورێتەوە

2- بریمیێ: پیێ بلێم

وەزیرەکانی لە دەورەی بوون، گۆتیان: جەنابی پاشا ئەوهە یەکسەر برێی لەسەری بدەن لۆ توو جوان نییە، سێ بەهانانی پێ بڕێ، ئەگەر کردی، ئەگەر نا لەسەری بدە...

پاشا گۆتی: بە مەرجەکی ڕازی ئەبم، کە ئەو سێ شتانە جێبەجێ بکا: دەبی قەسرەکی دروست بکەی، خشتەك لە زیوی خشتەك لە زێڕی... شترە[1] بیان لە دەورەی بچینی شینە شینیان تا سبەینێ بێت و هەر چار دەورەشی قیتاری حوشتران، لا بارەك زیو، لا بارەك زێڕ بسوڕێنەوە. شۆقێ لەو شارەی بڕی. ئەگەر ئەوەی پێ دروست ئەکرێ، ئەگەر نا دەبی بڕوا لە شاری...

مام حەسەن چۆوە مارێ بە غەمباری. گۆتی: ژنینە مارێ تێك نێن دەبی بڕۆین... ئەحمەد هاتەوە وەیگۆ چییە؟

گۆتی: حارو مەسەلە بەو نەوعەیە. ئەحمەدی قۆدی لە باغەرێ دەرهینا و بە عاردی دادا، عەبدەکی ڕەشی لێ هاتە دەرێ، گۆتی: ئەحمەد پاشا چت دەوێ، کێندەرت لۆ چا بکەم کێندەرت لۆ خەرابکەم؟

ئەحمەدی گۆتی: وەڵا پاشای ئەوهە گۆتییە.

عەبدی گۆتی: ئەحمەد پاشا ئەتوو بنوو خەمت نەبی، شتەکی ڕاوەشاند، چەند جندووکە هەبوو هەموو خڕ بوونەوە، گۆتیە جندووکەکان دەبی قەسرەکم لۆ دروست کەن خشتەك لە زیوی خشتەك لە زێڕی، هەندەی پێنەچوو لۆ نیوەی شەوێ قەسر دروست بوو، شترە بیان چاند شینە شینی هات تا سبەینێ، هەر چار دەورەی قەسرێش حوشتر بە دەورەیدا ئەسوڕانەوە.

عەبدەکە گۆتی: ئەچمۆوە ناو قۆدی، قۆدی دە باغەرێ ناوە، سبەینێ ئەحمەد پاشا چووە کن حەسەن گاوانی، گۆتی: مارێ تێك مەنێن و ناشڕۆین ئەوە قەسریشم دروست کرد، حەسەن تەماشای کرد قەسرەکە شۆقی لە شۆقێ قەسرێ پاشای بڕییە.

ئەحمەد چووە کن گاڕانێ، حەسەن گاوانیش چووە کن پاشای، گۆتی: قوربان دروستم کردییە. مەلای سێ جار غەڵەت کردیە، ئەمیش هاتمەوە خزمەت جەنابت. پاشای تەماشاکرد قەسرەکە شۆقی لە قەسرێ وی بڕییە و لەوی چاکترە، گۆتی: گرەوەکەت بردەوە.

هەرستا کچەکەی بە مەلای لە ئەحمەدی مارە کرد و حەفت شەو و حەفت ڕۆژیش دۆر و زوڕنا[2] کوترا. پاشی چەند مانگان لە بووك و زاواییێ خوا مندارەکی دانێ...

---

1- شتر: شتلێ

2- دۆر و زورنا: دەهۆڵ و زوڕنا

هـەنگینیێ پاشـای وەگۆتـە ئەحمـەدی: پیرەژنـەك لـە فـران جێـی هەیـە، بـە زنجـیرانم داکوتییە، قەسری لە من تێك دایە، هەموو جاریێ بەس بەوێدا مێوە[1] ئەوە داکە دێوە، خۆ بە پیرەژن پێشانەدا. گۆتی: ڕەجاییێ لۆ مەکە هەرچی ئەتوو بڕێی بەسەرچاوی، بەس ڕەجاییێ ئەویم لێ مەکە.

ڕۆژەکـی ئەحمـەد بـە وێـدا هاتـە خـواریێ، دیتـی پـیرەژن داکوترایـە، پیرەژنـیێ وەگـۆ ئەحمەد پاشا! توخوا وەبریێ پاشای بەرەڵلام کات، چوو ئامێزی تیێ وەرینا، ئەویش چـووە کـن پاشـی، پاشـای گـۆتی: ئەحمـەد! بـەس ڕەجـاییێ پیرەژنـێم لێ مەکـە، ئـەمن ئەیناسم دەنا زەرەریێ کەی.

گۆتی: پاشام ئەو ڕەجایەم هەیە، گۆتی: درم نایێ بێ دریت کەم، دەنا چەند جاران قەسری تێك دایە. کوڕیێ دێوی، کوڕیێ پاشای لە بانی هەردابوو، پاشاش کوڕەکەی کوشتبوو، پیرەژنیشی بەستبۆوە... دواییێ بەریاندا.

ئەریێ بەریانـدا، هاتـەوە مـاریێ ئەحمـەد پاشـای، لانکی ئەژاند و گێسکی لـیێ ئـەدا و خزمەتیێ ژنیێ ئەحمەدی ئەکرد، ژنیێ ئەحمەدیش لەسەر تەختی دانیشتبوو، ڕۆژەکیێ ئەحمەد ئەچووە ڕاویێ، جلکی لەسەر وراغی لە خۆ بە کـەلی هینـا، لـە بیری چوو قۆدی دەربینی، ئەحمد ڕۆیشت. پیرەژنیێ جلك هەرگرتنەوە، قۆدی کردەوە، عەبدەکی ڕەشی لێهاتە دەریێ، عەبدی گۆتی: چت دەویێ لۆت بکەم؟

پیرەژنـیێ وەگـۆ: ئـەو قەسـرەی لـە بنەڕەتـەوە لـۆم دەربینـی و لـۆم لـە بـەینی حـەفت بەحران دانێی.

وەڵا قەسری هەرگرت، بردی لە بەینی حەفت بەحرانی دانا. وەکی هێوارە داهات، ئەبینی قەسر نەمابوو، خەرك هەموو دەستیان بە گریانیێ کرد، پاشای وەگۆ چەندی وەمگـۆ ئەحمـەد پیرەژنـیێ بـەرەڵلا مەکـە، ئـەوە قەسریشـی فەوتانـد، منـدار و ژنـیێ ئەحمەدیشی لەگەرەخۆ بردییە.

ئەحمەد هاتەوە گۆتی: کا قەسر؟

گۆتیان: ئەو دێوە سیحربازە بزانی، چەندم ڕەجا لێکردی بەرینادەم، هەر گۆتت بەریدە.

گۆتی: کێوە چوو؟

گۆتیان: بێرەدا ڕۆیشت.

---

1- مێوە: مەیەوە، مەگەڕێوە

ئەحمەد پاشا ڕۆیشت، هەر ڕۆیشت هەر ڕۆیشت، تا گەیشتە شارەکی. دیتی ژنەك ڕیخیَ خڕەکاتەوە لۆ داران کە لێی نەزیك بۆوە، ژنەکە برایێ خۆی ناسییەوە، گۆتی: ئەحمەد برام ئۆ چاکەی لێرە؟

گۆتی: خوشکم ئەوە ئەتووی؟

ژنەکەی وەگۆ: کووە هاتییە ئێرانە؟ ئێرە شاری دێوانە.

ئەحمەدی وەگۆ: ئەدی دەروێش نەبوون دێویَ چ؟

گۆتی: ناوەڵا، وەرە وراغی ئەشارمەوە لەگەرەتوو هەتا نەتبینن.

دێو هاتەوە گۆتی: بۆن دیَ بۆنیَ بێگانان دیَ لەو عارد و مسکان[1] دیَ، ئەگەر ئەحمەد و مەحموود بن لەسەر چاوانی خۆی دانێم.

ژنەکە ئەحمەدی برای هینا، دێویَ گۆتی: ئۆ چت لێهاتییە، کوە هاتییە ئێرە؟

گۆتی: قەسرم لیَ بزر بووە. دێویَ وەگۆ ژنیَ: نانی حەفت شەو و حەفت ڕۆژانم لۆ بکە. نانەکەی لۆ کرد، ڕۆویی، هەموو محاری[2] خۆی نۆڕی، نەیدیتەوە. هاتەوە گۆتی: نەمدیتەوە، بەرام هەڕوە کن برای ناوەندیَ ئەوی خوشکت دایتیَ، چوو نێزیك بۆوە ژنەکەی وەگۆ: ئەی برام ئۆ لێرە چاکەی، خۆ ئەمنت دابووە دێوان، نەتدابوومە دەروێشان؟

گۆتی: با بتشارمەوە. خۆی شاردەوە.

دێو هاتەوە گۆتی: بۆن دیَ بۆنیَ بێگانان دیَ لەو عارد و مسکان دیَ، ئەگەر ئەحمەد و مەحموود بن لەسەر چاویَ خۆیان دانێم. ژنەکەی گۆتی: وەڵا ئەحمەدە.

گۆتی: با بیَ.

وەڵا هات دێویَ وەگۆ: ئۆ چت لێقەومایە؟

گۆتی: قەسرم لیَ بزر بووە و حار و مەسەلەم بەو نەوعەیە.

دێویَ وەگۆ ژنیَ: نانی چاردە شەو و چاردە ڕۆژانم لۆ بکە. ئەریَ ڕۆیشت، هەموو محاری خۆی نۆڕی، نەیدیتەوە. هاتەوە گۆتی: نەمدیتەوە بەرام بڕۆ کن برای گەورەم ئەوی خوشکیَ گەورەی توی لە کنە. هەر ڕۆیشت گەیشتە ویَ، دیتی خوشکی لە پێش دەرکەیە، خوشکیَ گۆتی: ئەی برام کووت ئێرە پێزانی؟ ئۆ چاکەی لێرە؟

ئەویشی شاردەوە.

دێو هاتەوە گۆتی: بۆن دیَ بۆنیَ بێگانان دیَ لەو عارد و مسکان دیَ، کیَ هاتیتە ئێرە؟ ئەگەر ئەحمەد و مەحموود بن، لە سەر چاویَ خۆی دانێم.

---

1- مسکان: مەسکەن، شوێن. ئەمە لە زۆر هەقایەتان دەگوترێ و بۆتە دەربڕینێکی سەروادار.

2- محار: ئاقار، شوێن. لە خۆشناوەتیدا سنووری هەر گوندێك پێی دەگوترێت محاری فلان گوند

خوشکێی، ئەحمەدی پشانی دێویٚ دا، حار و مەسەلەیان لۆ دێویٚ گێڕاوە. دێویٚ وەگۆ ژنیٚ: نانی بیست و چار شەو و بیست و چار ڕۆژانم لۆ دروست بکە. چونکە محاری وی زۆر بوو، ڕۆیشت هەمووی گەڕا نەیدیتەوە. دوابیيٚ برایەکان هەر سیٚ دێو خڕ بوونەوە، وەیانگۆ تەیرەك هەیە ناوی سیمرغە یەك بارە داری ئەبا، هەند گەورەیە... تەیرەکەیان هینا، گۆتی: ڕانە گۆشتەکم لۆ بینە، هەر جارەی وەیەگۆ[1] گۆشتم لۆ بینە، کابرا لەسەر پشتێی دائەنیشت، ڕۆیشت... لە مەعبەینی حەفت بەحرانی دانا، گۆتی: محاری من تا ئێرەیە، بەرام ئەها قەسرەك لێرێهیٚ دیارە، ئەمن لێرە نەتوانم یەك شەقاویش بڕۆم.

ئەحمەد ڕۆیشت تا گەیشتە بن قەسرەکەی لە پەنجەریٚ دیتی، پیرەژن بە دەسکە شورکان هەندی لە ژنیٚ ئەحمەدی ئەداو وێیەرێتیٚ:[2] ئەگەر دێیە سەر دینی مە؟!

ئەویش واریٚ:[3] پاشی دینی ئەحمەد پاشای نایەمە سەر چ دینان.

ژنە زەعیف ببوو، ئەحمەد پاشا ئەچتە سەر پەنجەریٚ تەماشاکات قۆدیە لەوێیە، ئیشارەتەکی ئەداتە ژنیٚ، ئەویش بە حارە حار خۆ گەینتە قۆدییەی لۆی هەرەدا. ئەویش قۆدی لێکەکاتەوە،[4] عەبدەکە دێتە دەریٚ، واریٚ: کێندەرت لۆ چا بکەم و کێندەرت لۆ خەرا کەم؟

ئەحمەدیش شەقەکی لەپشتی عەبدی ڕەش ئەدا واریٚ: عەیب ناکەی بە قسیٚ پیرەژنیٚ قەسرم دینییە ئێرە؟

ئەویش واریٚ: چ بکەم ئەگەر ئەحمەدی کوڕی پاشای نابووی، ئەمزانی چم لێکردی! بەرام دەستی پاشای ڕەحمەتی بابتم شکایە. ئەحمەد واریٚ بینە ئەو قەسرەت لە کیٚ بردیە لۆم لەوجێی دانێوە.

تەیرە سیمرغەکەش گەڕابۆوە کن دێوان، گۆتبووی قەسریٚ ئەحمەد پاشام دیتەوە. دێوەکانیش هەر یەکی فەردە زێڕەکی لۆ ئەحمدی دینن.

ئەحمد وارێتە عەبدی، پیرەژنم لۆ لە ناوەندیٚ قەسریٚ داکوتی، گازەکیشم لۆ بینن دەبی هەموو ڕۆژیٚ بە گازی گۆشتی لە پیرەژنیٚ کەمەوە. لانکەکیشم لۆ بینە پڕی لۆکەی بکە و دختۆرەکیش بینی هەموو ڕۆژیٚ کچێم و ژنێم دەرمان کا.

---

1- وەیگۆ: وای دەگوت، دەیگوت، وای دەوت

2- وێیەرێتیٚ: پێی دەڵیٚ

3- واریٚ: وا ئەڵیٚ، بەمشێوەیە وەڵامی ئەداتەوە

4- لێکەکاتەوە: لێك دەکاتەوە، چاوگەکەی لێك کردنەوەیە

عەبد قەسرەکەی ئەباتەوە جێی خۆی. سبەینێ پاشا هەرەستی، ئەبینی شاری ڕووناک بوویتەوە، ئەرێ هەبی و نەبی ئەحمەدی قەسر هینایتۆوە.[1] حەفت شەو و حەفت ڕۆژان دۆرو زوڕنای ئەکوتن، ژنەکە چاکەبیتەوە، دێوەکانیش بەخۆ بە ژنەوە کە خوشکێ ئەحمەدینە، دێن حەفتەکی لەوێ داکوتن[2]، لە خۆشییان و پاشی دواییێش عەبدیش چۆوە ناو قۆدی...

ئەمیش هەقایەتم بڕاو چم پێ نەبڕا.

---

1- هینایتۆوە: هێنایتەوە، هێناویەتەوە

2- داکوتن: دائەکوتن، دەمێننەوە (وەك میوان)

# فەقیری دان کەسك و چل برا[1]

ئەریٚ کابرایەك هەبوو، زۆر فەقیر بوو، ئەیانگۆ فەقیری دان کەسك. دانەکی لە پیٚشەوە کەسك بوو، هیچی نەبوو فەقیری دان کەسك، برایەکی هەبوو یەکەم دەورەمەند بوو، باراشیان نەبوو، چووە کن برایەکەی، گۆتی: کاکۆ سبەینیٚم کەریٚ ویٚدەی ئەچمە ئاشی؟

وەلاٚ گۆتی: برا بەخۆ چم.

– مادەم ئەچی، کاکە ئەمیش تەنەکەکم هەیە لۆم لیٚ بار کە.

گۆتی: چقەیدییە، سبەینیٚ وەرە کن ماریٚ مە، تەنەکە گەنمەکەی بینە، ویٚکڕا ئەچین.

سبەینیٚ زوو زوو، برا دەورەمەندەکەی بارەکەی خۆی لیٚنا بوو، برای فەقیری بەجیٚ هیٚشتبوو، شەویٚ ڕۆیی بوو، فەقیری دان کەسکیش تەنەکە گەنمی لەخۆ هەردا چووە ماریٚ برای.

گۆتی: براژن ئەدی برام کیٚوە چوو؟

گۆتی: وەلاٚ چوویتە ئاشی.

گۆتی: دەنا قەول بوو ئەمیش دەگەرە خۆبا و تەنەکە گەنمەکم لۆ هەگری!

وەلاٚ گۆتی: هەر شەویٚ ڕۆیی.

فەقیری دان کەسکیش تەنەکە گەنمی لە پشتیٚ خۆ هەردا و ڕۆیشت بە دوویدا، لە ڕیٚییٚ گەیشتۆوە وی: ماندی نەبی!

– خواعافتکا، ئەتوو ماندی نەبی.

وەینەگۆ بینە گەنمەکەی لەسەر کەریٚ دانیٚ، ئەو باری لە کەریٚ بوو، ئەویش تەنەکە گەنمی لە پشتیٚ خۆ هەردابوو، ئەڕۆیشتن سەبر سەبرە. وەینەگۆتی برام ئەتوو ماندی بووی وەرە گەنمی لە کەریٚ نیٚ. هەتا چوونە ئاشی، هەر کەس باراشی خۆیان لیٚکرد و لە گەڕانەویٚش وەینەگۆ بینە لە کەریٚ من نیٚ.

ئەو باری لە کەریٚ نا، ئەویش ئی خۆ لە کەریٚ نا. پیٚکەوە هاتنەوە، هاتنەوە قسە بە قسە... شەو داهات، ئەویٚ شەویٚ لەیلەتولقەدر بوو بە ئەمریٚ خوای، کابرای دەورەمەند گۆتی: یاڕەببی خوایە هەتا ئەچمەوە، ژنیٚ من بەس بە خاکەناسان زیٚڕان هەرداتە ژۆریٚ، خوایە!

---

1– ئەم هەقایەتە لە دەمی (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد)ەوە وەرگیراوە.

فەقیری دان کەسکیش گۆتی: خوایە! هەتا ئەچمەوە، ژنیٚ من چل کوڕی بوو بی، هەردووکان دوعا قبوور[1] بوون، ئەو چۆوە تەماشاکا ژنیٚ بە خاکەنازان زیٚڕان هەرەداتە ژۆریٚ، ئەویش چۆوە چل کوڕی بوو بوو ژنیٚی.

یەککو گۆتی: باشە ئەمن ئەو دوعایە لۆ کرد؟ تەنەکە گەنمم هەتا پەیاکردییە گیانم چووە. باشە ئەو چل کوڕەی بە چ بەخیٚوکەم؟ وەڵا وە بیللاهی وەتیللاهی گۆتی: ئەڕۆم. ڕاست باراشی فڕیٚ دا و لیٚی دا ڕۆیی، تەرکی مەملەکەتی کرد.[2] منداری بەجیٚ هیٚشتن. ژنەکەش فەقیرەی ئەو چل منداره و چل مەمە و ئەو هەموو شتەی، کو پیٚ پەیا بی؟!

دەی دەی، ڕۆژیٚ هەتا هیٚواریٚ، ئەو ژنەی دەرۆزەی ئەکرد، داتۆوە دەیدا ئەو مندارانە. ئەو مندارانە گەورە بوون، پارچەرە[3] بوون، بە پیٚیانەڕۆیشتن. دوایێ ژیکەلە بوون، بوونە چارساری و پیٚنج ساری و شەش ساری و شەیتان بوون، گۆتیان: دایە!

گۆتی: ها

گۆتیان: ئەمە بابن نییە؟

وەڵا گۆتی: کوڕم بەریٚوەڵا، بەرا بابو هەرات.

ئەدی گۆتی: مام؟ برا؟

گۆتی: وەڵا مامەکی دەورەمەندو هەیە.

گۆتیان: کیٚ؟

حاجی مستەفا مامی نگۆیە، یەکەم دەورەمەندە.

گۆتیان: بە ڕاست واریٚی؟

گۆتی: ئا.

هەر چل وەگەر ئیٚك کەتن، گۆتیان: وەرن با بچینە ماریٚ مامی.

غاریاندا ماریٚ مامی، چوون، ڕاست لە دەرکەیان دا، سەلاموعەلەیك!

– سەلام بەخیٚریٚن.

گۆتیان: مامە لۆ هەرناستی لەبەرن؟

هەرنەستا. هەر چل دانیشتن بە ڕیٚز،[4] چل کەس، چل مندار، گۆتیان: ئامۆژن[5] دەبی چل خەنجەرن لۆ بکڕی.

---

1– قبوور: قبولٚ، گیرا

2– تەرکی مەملەکەتی کرد: وڵاتی بەجیٚ هیٚشت.

3– پارچەرە: پارچەڵە، قۆناغیٚکی تەمەنی منداڵییە.

4– بەڕیٚز: بە ڕیز، یەك لە دوای یەك

5– ئامۆژن: مامۆژن، ژنی مام. هەروەها بۆ خەسووش بەکاردیٚت.

مامەکەی خۆی عیز کردبۆوە، یەك هەستی ناکرد.

ئامۆژنیٚ گۆتی: کوڕم چقەیدیە، چل خەنجەر و لۆ کڕم.

پارەی برد ئامۆژنیٚ، عەبای بە خۆ دادا چل خەنجەری لۆ کڕین.

دەبەر پشتێیان نا، لەو بازاڕەی ئەسووڕان، عالەمیٚ واگۆ: حەمیدی[1] واگۆتە کوڕیٚ خۆ قسانیان دەگەر نەکەن ها، جونانیان نەدەنیٚ بە قورعان دەوکوژن.

کەس ناوێرا، هەموو عالەمیٚ مندار تەبلیغ کردبوون، چل خەنجەریان دەبەر دابوو، چل مندار بەو کۆرانانەدا، کەس ناوێرا یەك دەنگی بکا.

وەڵا وەختەکیٚ، سیٚ ڕۆژان گەڕان، گۆتیان: خەنجەر چنیە، با بچینە کن ئامۆژنیٚ، شیر، شیر باشە شیرانن لۆ بکڕن. چوونە کن ئامۆژنیٚ: سەلاموعەلەیك!

بیژی[2] سەگانی،[3] مامەکە لە جیٚ خۆ برند نابوو.

– ئامۆژن دەبی چل شیرن لۆ بکڕی.

مامەکەش واگۆ: لێیانگەڕیٚ.

– پیاوەکە ئەوانە جێی چاوانیان هەیە[4] ئەوانە برازاییٚ تونە، سبەینیٚ بەو خوایەی لەبەرەوانە کەس نەوێریٚ غەدریٚ لە توش بکا، ئەتوو کابرایەکی دەورەمەندی، سەد کەس غەدرێت لێکا، لەبەر ئەوانە نەوێرن غەدرێت لیٚ بکەن.

ئامۆژن! گۆتیان: ئەمە شیرن دەوێن.

گۆتی: کوڕم شیرانو لۆ کڕم.

چوو ئێکی شیری لۆ کڕین، دە ملی خۆیان کرد، لەو بازاڕەی دات و ئەچوون.

هەمووش لە دووئێك، سیٚ ڕۆژان گەڕان، لاقیان شل بوون، ئێکی وەگۆ بابە ئەوە بە کەلك ناییٚ، شیر چییە؟ ئەدی نابی وراغن هەبی سوار بین؟!

گۆتیان: بەرێوەڵا.

چوونەوە کن ئامۆژنیٚ: سەلاموعەلەیك!

ئەویش گۆتی: سەلام بەخێرێن.

گۆتیان: ئامۆژن! وەڵا ئەمە لاقن شل بووینە هەندی هەموو ڕۆژیٚ ئەگەڕێین، شیرن دە ملی دانە، وەختە بمرین. ئێکو وراغن وێدە.

گۆتی: بەسەرچاو.

---

1– هەقایەتخوان بۆ تێگەیشتن ئەم ناوەی وەك نموونە هێناوە.

2– بیژی: بیژو، زۆڵ، باوك نادیار

3– سەگانی: سەیانی، وەك سەگە

4– جێی چاوانیان هەنە: ئازان، هومێدی ئازایەتییان لیٚ دەکرێت.

چووە مەیدانیٚ ئێك و ئەسپی لۆ كڕین و سوار بوون كاكە لە ئەسپان، ڕۆژیٚ هەتا هێواریٚ تێئەگەڕان، كوڕە عالەمیٚ واگۆ لێیانگەڕێن هەتیم ئۆ چنە؟!

ئەچوونە دەریٚ لە شاری كەروێشك و مەروێشكیان ئەگرت و هێواریٚ داتنەوە.

وەڵا گۆتیان: فشەیە، وەڵا ئەمە ژنن نەبی، هەر بە كەلك نایێ، ئەوە چییە، هەموو ڕۆژیٚ بچینە ڕاویٚ، وەرەو بڕۆ، بینەو چییە؟ ئەچینە كن ئامۆژنیٚ دەبی ژنێن لۆ بینی.

بە سواری وراغان هەموو وراغیان لە دەركیٚ ماریٚ مامی بەستنەوە و وەسەكەتن لە قادرمان: سەلاموعەلەیكوم!

سەلام بەخێرێن.

گۆتی: ئامۆژن ئەمە ئەوهە ئیدارە ناكەین!

گۆتی: لۆ؟

گۆتی: وەڵا ئامۆژن، نە ژنن هەیە و نە كەس هەیە نانن لۆ عازركا و پیرەداك وەختە بمری، ئەمە دەبی ژنیٚ بینین.

گۆتی: كوڕم ژنیٚ و لۆ دینم، بەس خۆ ژن وەكی وراغان نییە بچم لە مەیدانیٚ لۆو بكڕم.

گۆتی: ئەوڕۆ لۆ سێیان دینم، پاشی دە ڕۆژی دیكە لۆ پێنجان دینم.

گۆتیان: ئامۆژن! دەبی وەكی مە هەر چل لە داك و بابەكی بی هەر چل خوشك بن.

وەڵاهی گۆتی: ئەنگۆ پیاو نینە، لەكم[1] وەبوو پیاون، بەس پیاوەتی دە قالبینگۆ دانییە، باشە چی ئەمن زەلامی چار چەپم پیرەژنەكی وەكی من، بچم وە دوو ژنان بكەوم، ببینمەوە لە مەملەكەتان هەر چل لە داك و بابەكی! بەس ئەنگۆ پیاو نینە، ئەگەر پیاو بانە نەداتنە كنە من! ژنەكان و ئەدیتنەوە، ئەمیش لۆم ئەخواستن.

ئەشەدوبیللا گۆتیان: قسیٚ مامۆژنێیە، یەڵلا با بڕۆین.

یاڵلا... ڕۆیشتن. پەرتەیان كرد[2] دەو جادانەدا.

– كێواچن، كێوەناچن؟

گۆتیان: ئەرۆین.

جا گۆتی: كی هەیە پەنجیٚ خۆ لە پەنجیٚ مەدا، چل كەس پێكەوە؟

ڕاست ڕۆیشتن. بڕۆ. كردیانە غار، ئەوی گچكە ناوی ئەحمەد بوو، وراغەكەشی شڕ شڕ بوو[3]، ناگەیشتە وراغی وان، ئەوان ڕۆیشتن، ئەویش بەجیٚ ما، بەجیٚ ما، گەیشتە پیرەمێردەكی، گۆتی: كاك ئەحمەد چۆنی باشی؟

---

1– لەكم (لەكم وەبو)، لەلام وەبوو، پێم وابوو

2– پەرتەیان كرد: بڵاوەیان كرد.

3– شڕ: بێهێز، لاواز، نەخۆش

گۆتی: خواعافتکا مامە.

گۆتی: کوڕم دابەزە، دابەزە!

دابەزی پیلی ماچ کرد و گۆتی: کاکە ئەحمەد!

گۆتی: بەریَ

گۆتی: شای چینیَ، پاشای چینیَ، چل کچی هەیە لە داك و بابەکی. بەس خۆ بگەینە برایێ خۆ، ئەوە دوو ڕێنە، بە ڕێیێ ڕاستێدا با نەڕوا، بە ڕێیێ چەپێدا بڕوا. بە ڕێیێ ڕاستیێ حەفت ڕۆژە ڕێیە، ئەگەنە چینیێ، ڕێیێ دیش حەفت مانگە ڕیێ، ئەگەنە چینیێ. بەس ڕێیێ حەفت ڕۆژە ڕیێ، خەتەرە، هەموو تەلەسماتە، بەوێدا مەچوو.

دە گۆتی: مامە دەستەکم لە پشتێدە، هەر مەیدانەکی و هەر شەڕەکی ئەمن بچم ناجیح بم.

دەستەکی لە پشتیێ دا، گۆتی: خوایە هەر شەڕەکی ئەتوو بچی، ناجیح بی.

پیرەمێرد بزر بوو لە پێش چاوانی ڕۆیی. بە لنگە شلە و وراغی غاریدا، کوڕە گۆتی: مەحموودی برا ڕاوەستن ڕا!

ڕاوەستان، گۆتی: چییە؟

کوڕە گۆتی: بەو ڕێیەیدا نەڕۆی؟

گۆتی: لۆ؟

گۆتی: ئەوە هەموو تەلەسماتە و ژنەکانیش لە چینێنە و هەموو لە داك و بابەکینە.

(بەرا گۆتی: کوڕم، ئەو ڕێیەی حەفت مانگە ڕێیە هیچی لە پێش نییە. ئەو ڕێیەی حەفت ڕۆژە ڕێیە، هەموو تەلەسماتە.)

کوڕە گۆتیان: توخوا دەگە[1] وس نەبی، مارت خەرا نەبی! ئەمە چل کەس بین، تەلەسماتی قوندەر چییە؟ لێیەدەین و دەیشکینین.

کوڕە گۆتی: بە قسیێ من بکەن مەڕۆن.

بە قورعان گۆتیان: ئیللا بەو ڕێیەی داچین، خوێڕی...

ڕاست بەو ڕێی داچوون، بە حەفت ڕۆژە ڕێیێ دا چوون، ڕۆیشتن، قەسرەکی سپی وەك هێلکەی وەدەرکەت، گەیشتنە قەسریێ و دەرکە پۆرایە[2]، یەك ڕمیان لێدا و دەرکەیان شکاند چوونە ژۆریێ، باقچەك بوو، ئەنواع تەعامی تێدا بوو، کانی و

1- دەگە: ئەگە، ئەگەر

2- پۆرا: پۆلا

کانیاوەکی سارد هەمووی گیا، ئەو وراغەیان هەموو بەرهەردانە[1] ناو ئەو گیایەی لەناو باغی، لەناو ئەو کانیانە لێ دانیشتن، ئەو تەعامانەیان لێ کردەوە و دەیانخوارد.

ئەحمەدیش گۆتی: باشە ئەو قەسر و قسوورە ئەو تەعاماتە، خۆ بێ ساحێب نییە؟ غێر ساحێبەکی هەیە، باشە ئەوانە هەموو خۆیان تەنها کردبوو بە بێجامان لەبن ئەو دارانە، یا لێلیان گاز ئەکرد.

بە کەلامێ خوای، گۆتی: ئێستا ئەشتەکن لێ پەیا بی، هەمانن ئەکوژن. ئەویش چەك و ئەسلەحەی لەخۆ نەکردەوە ئەسوورا.

شەو داهات و میوەجاتیان خوارد، نانیان خوارد و هەر کەس لە ڕاستی خۆی لێی پارداوە.

ئەویش باشە گۆتی: ئەوانە نە حەڕەسیاتی دانێن، نەچێ؟ لەناو ئەو باغەی لێکەتینە خەوێ. هەر سووڕا، هەر سووڕا، تەماشای کرد عەزیایەك هات، زاری ئۆندە بوو، هەر ڕاست بە شیرەوە، چی پێ نەما هەر ڕاست خۆی هەردا ناو زاری عەزیای. عەزیا هەریلووشی، هەر هەریلووشی و شیر شەقیە کرد.[2] هەتا سەر کلکێی شەق کرد. دم و لووتی عەزیایەکەی بڕین و ئەجا داروکەکی[3] هەبوو دەناوی نا، کلکێ عەزیای گرت و لە قەسرەکەی بردە دەرێ و دوور فڕەی دا. بە سواری وراغی لەناو ئەو باغەی هەر سووڕا هەر سووڕا، هەتا سبەینێ نەوێرا بنوی. وەڵا ڕۆژ داهات، هەر کەس لە ڕاستی خۆی هەستاو خۆی لێك کێشاوە و قاتیان دەبەر کردنۆوە و نانیان خوارد و سوار بوون. ئەویش شەوێ نەنووستبوو، وەختبوو بمری لە خەوان.

باشە گۆتیان: ئۆ دەرێی شێتی، ترسنۆکی، ئۆ نەنووستی شەوێ؟! ئۆ لۆ نەنووستی ترسنۆك، عەمرت نەمینێ! داوەشێی.

ڕۆیشتن و ڕۆیشتن، قەسرەشکە[4] وەدیارکەت، لێیان دا لە دەرکێ، کاکە لێیان پارداوە، ئەویش نەوێرا بنوی، هەتا خەویان لێکەت، خەویان لێکەت، سواری وراغی بوو، وەختەکێ نەڕەی دێوەکی هات و لەناو قەسرێ نیشت، دەستی دا خۆرێ[5]، پێیان داکا. شیرەکی لێدا سەری لێکردەوە، دێوی ڕاکێشا لە قەسرێی بردە دەرێ و دم و

---

1- بەرهەردان: بەرهەڵدان، بەرەڵڵاکردن
2- شەقیە کرد: شەقی کرد، لەتی کرد، قاشی کرد.
3- داروکە: دارێکی بچووك، کەد یان لقەدارێکی بچووك
4- قەسرەشکە: قەسرێکی کە، قەسرێکی دیکەش.
5- خۆرێ: خۆلی، خۆڵ

لووتی بڕین و دەناو جانتای نا. نەوێرا بنوی، هەتا سبەینێ لەناو ئەو قەسرەی سووڕا. ئەوە دوو شەوە نەنوی.

ئەجا سەرو نێشینم سەرونێشینم،[1] هەتا شەش شەوان هەموو شەوێی دێوەك كوشت. شەوێ حەفتێ، ئەوەندەی خەو دات، ئەوەندە عادز بوو، ئەوەندە ماندی بوو. باشە گۆتی: توخواكەی ئەمن لۆ كێ ئەكەم؟ هەموو سبەینانیش جوونانم[2] ئەدەنێ: ترسنۆك! نەنووستی؟ ئەوە ئەترسێی؟ باشە ئەمە چەند شەوە دێین لەو قەسرانە ئەنووین، باشە كەس وەگۆتییە لێرە مەبە، لۆ نانوی؟

وەڵا گۆتی: برام خەوم نایێ.

دە گۆتی: هەرگرەوە.

پووت پووت[3] بووبوو لە خەوان.

شەرت بی گۆتی: ئەوشەو دێم بابەكەیان بە سەی دەگێم، بەجێیان دێرم.

هەموو نووستن، سواری وراغی خۆ بوو لە قەسرێ چۆ دەرێ و قۆرتاییەك بوو لە دووری قەسرێ لەوێ ڕاست، هەوساری وراغی دە گێیێ دەستی[4] خۆ هێخست و ڕاستەن نووست. جا نەنووستییە، شەش شەوە نەنووستییە، ڕاست خەوی لێكەت، دێوەك هات چەنگە زیخەكی پێداكردن و گۆتی: لە نییەت بی هەموو ببنە بەرد. هەمووی بە وراغ و بە شیر و بە ڕمەوە لەناو قەسرێ هەموو بوونە بەرد.

دێویش ڕۆیشتەوە، ئەویش هەتا نیوڕانێ وەخەبەر نەهات، تاوێ لێدا سۆری كردەوە، ئەجا وەخەبەر هات. وەڵا خۆی هاویشت سواری وراغی بوو، چۆ ناو قەسرێ و تەماشاكا هەر هەموو بووینە بەرد: پەككوو! بە خوای گۆتی: ئیشەكی خەرابم كرد، باشە ئەمن شەش شەوە حەڕەسیاتم لێ گرتینە، ئەوشەوم لۆ حەڕەسیات لێ ناگرتن؟!

دەستی بە گریانێ كرد. گریان، گریان فایدەی نییە. بوونە بەرد، هەتا هێوارێ شەو داهات گریا لەسەر ئەو بەردانە.

شەو داهات، تەماشای كرد لەسەر گردەكی شاخەكی برند، ئاگرەك هەركرابوو، گۆتی: تازە چ لە بەردان بكەم، دۆم بە دانیشتنێ مار وێرانە،[5] بڕۆم باشترە.

---

1- سەرو نێشینم: سەرتان نەیەشینم، هەقایەتخوان بۆ جوانتركردنی دەربڕین و بە ئاگاهێنانەوەی گوێگر ئەم دەربڕینە بەكاردێنێت.

2- جوون: جنێو

3- پووت: شل، شەكەت

4- گێیێ دەستی: گەیە، زەندە، جومگەی دەست

5- پەندێكی كوردییە بۆ ئەو كەسانە بەكاردێت كە كار ناكەن

**لێــی دا ڕۆیــی وەســەر شــاخی کــەت. وەکــی چــوو، پیرەژنــە دێــوەك و دوو دێــو دانیشتبوون لەبەر ئاگری، ئەویش گۆتی: سەلاموعەلەیکوم!**

**ئـۆ هـۆ هـۆ گۆتیـان: عەلەیکومەسـەلام بـەخێراتی، بـە خـوای برسـیتی، وەرە وەرە ئادەمی، وەرە با لە شیشت دەین، بتخۆین.**

**کوڕە گۆتی: خوا ماریێ و کۆرکاتەوە، ئەمن میوانێنگۆمە،[1] وەرە لە شیشت دەین و وەرە بتخۆین! ئیێ دە بەخێرهاتنەکم بکەن، داخوا لە دوو چمە، بزانە چیشم هەیە لۆ چ هاتیمە؟!**

**دە گۆتیان: وەرە دانیشە.**

**وەڵا دانیشت، ئێك ناوی کەڕکەڕ بوو، ئێکیش ناوی سەڕسەڕ بوو، دەگەر پیرەداکی: فەرموو ئادەمی چت لێقەومایە؟**

**گۆتی: وەڵاهی لە فران باغی سی و نۆ برام بووینە بەرد، بە وراغ و بە هەموو شتەوە.**

**هۆ هۆ! گۆتیان: ئەوە ئیشی دێوی سۆرەیە، کردینییە بەرد.**

**وەڵا گۆتی: برام ئەوە زەحمەتە.**

**گۆتی: کو زەحمەتە؟**

**گۆتی: وەڵاهی زەحمەتە، کەڕکەڕی گۆتی: ئەزانی چییە؟**

**گۆتی: چییە؟**

**گۆتی: ئەمن لۆت چاکەکەمەوە، ئیشەکم لۆ بکە.**

**گۆتی: چیش؟**

**گۆتی: ئەوشارەی ئەبینی، ئەو شارە گەورە؟**

**گۆتی: ئا**

**گۆتی: کچیێ پاشای ئەو شارەم لۆ بینە، ناوی چل کەزییە،[2] برایانت لۆ چاکەمۆ.**

**دە گۆتی: وەڵاهی وەبیللاهی وەتیڵڵاهی لۆت دینم.**

**گۆتی: لۆم دینی؟**

**گۆتی: ئا**

**گۆتی: شەرت؟**

---

1- **میوانێنگۆمە: میوانی ئەنگۆمە، میوانی ئێوەمە، میوانی ئێوەم**

2- **چل: یەکێك لەو ژمارانەیە کە لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر بەکارهاتووە... هەر لەم کتێبەدا هەندێ لە شتەکان (چل)ن و هەر لەم ئەفسانەیەشدا (چل)ی زۆر تێدایە... لەهەمان کاتدا وشەی (چل کەزی) کە بە مانای (چل بسك- هۆنینەوەی پرچی ئافرەت بە چل قەد) دێت و کتێبێکی فۆلکلۆریش بەم ناوەوە هەیە: بڕوانە: چل کەزی- کۆمەڵێك هەقایەتێکی کوردی، کۆکردنەوەی: تارق جامباز، لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چ (ڕۆشنبیری و لاوان)، 1990**

گۆتی: شەرت

دە گۆتی: با پێت برێم دێوی سۆر ئۆتە لەو شاخە برندەیە، دەناو ئەو ئەشکەفتە سۆرێهیێ دایە، بە شەویێ ئەڕوا بە ڕۆژێ ئەنوی. ئێستا نووستییە، سبەینیێ وەکی لە خەویێ هەستای، نووستییە، شیرەکی لێدە جەرگەکەی دەربینە، بڕۆ ئەو جەرگەی پشك پشك بە بەردەکان دادە، هەر پشکە وەبەردەکی ئەکەوی بەخۆ زیندییەبنەوە. بەس لەبیرت نەچی، دەبی لۆم بینی؟

گۆتی: شەرت بی لۆت دینم.

لێی دا ڕۆیی لۆ شاخی سۆر، وەکی چوو دێوی خەو لێکەتبوو، شیرەکی لێدا دێوی کوشت، زگی هەندە بوو، شیرەکی لێدا جەرگەکەی دەرینا و ڕۆیی لۆ باغی، هەر بەردەکی پشکەکی بەسەردا بەرەداوە و قیتەبۆوە[1]، چ هەسپ با، شیر با چ با، ڕاستەن ڕاستەبۆوە، ئەوەلی برا گەورەی زیندی کردەوە، پشکەکی بەسەردا بەرداوە زیندی بۆوە، تەماشای کرد ئەحمەد هەر پشکەکی بەسەردا بەرەداتەوە، زیندی ئەبیتەوە.

پەککو گۆتی: ئەوە هەموو بووینە بەرد، بە قورعان لەبەرئەوەی نەبایە، لێرە ئەفەوتاین، هەمووی زیندی کردنەوە.

گۆتیان: برام ئەحمەد ئەمە کرد، ئەتوو نەکەی؟ بەو خوایەی لەبەرەتوو نەبا!

کوڕە گۆتی: کەسی کاکیێ، هەر شەش شەوانم هەموو شەویێ دێوەك کوشتییە، دم و لووتانی دێوەکەو پێشان دەم[2]؟ تەماشای عەزیام کوشتییە و پێنج دێویشم کوشتینە. بەس لە خەفەتانگۆ[3] ئەویێ شەویێ حەڕەسیاتم لێ نەگرتن بە قەستی.

کاکە گۆتیان: ئەجا ئەتوو برا گەورە، ئەمە برا گچکە، شەرت بی لە قسێت لانادەین.

ئیێ گۆتی: با بڕۆین.

وەڵا ڕۆیشتن، ڕۆیشتن چوونە شاری چینیێ. ئیێ چل کچەکەی لێیە، وەکی چوون هەر چار دەوری شاری گیرا بوو:

پەککوو! خێمە خێمەی چنی بوو، شەڕەك بوو، کاکە شەڕی ئەوها (ئێستا ئەوە لە غەززەی هەیە ئەو شەڕە)[4] ئەگەرنا، نەبوو.

---

1- قیتەبۆوە: قیت دەبۆوە، ڕاست دەبووەوە، هەڵدەستایەوە ز زیندوو دەبووەوە.

2- پێشاندەم: نیشانتان بدەم.

3- خەفەتانگۆ: خەفەتی ئێوە، لە خۆشناوەتی خەفەتێنگۆ و خەفەتانگۆ و خەفەتینگۆ بەکاردێت.

4- مەبەست لە شەڕی ساڵی 2006ـە.

ئەوانیش چل کەسن ئەو شەڕە گەورە. ئەویش چوون لە جێیەکی دوو سێ خێمۆکەیان هەردان و چوونە بن خێمان دانیشتن و گۆتیان باشە ئەو شەڕە چییە؟ لە مندارەکیان پرسی گۆتیان: ئەو شەڕە چییە؟

وەڵا گۆتی: ئەوە پاشایەك بەسەر شاری چینێی دا دادایە و دەسەر پاشای کردییە، کە ئەو چل کچەی بداتێ.

هۆوو! گۆتی: دەنا ئەمەش لۆ ئەو چل کچەی هاتینەوە؟!

قاقەزەکیان لۆ پاشای نووسی، ئەحمەدی: نووسی جەنابی پاشای، ئەمە چل کوڕین لە داك و بابەکی، هاتینە لۆ چل کچێ توو لە داك و بابەکی.

پاشا گۆتی: پیاح! هەر چار دەورەی شاری گیرایە، ئەوان تازە چل کەسن، بە تەمای چل کەسی؟!

گۆتیان: پاشا چقەیدییە قاقەزەکی لۆ بنێرە ئەمە چیدی شەڕی ناکەین، با ئەو لۆ خۆ شەڕی بکەن. ئەو چل کەسە دەگەر ئەو هەموو قەوەتەی با شەڕی بکەن.

پاشای قاقەزەك نووسی: کاك ئەحمەدی بەڕێز! ئەگەر لۆ چل کچێ من هاتینە، ئەنگۆ چل کەسن، ئەو لەشکرەی بشکێنن وەرن چل کچێ من لۆ خۆ بەن.

ئەحمەدی گۆتی: سەرچاو.

ئەحمەد شەوێ سعات ئێکی شەوێ، چوو وەناو ئەو خێمانە کەت، ئێکی لێرە ئاگرەدان. دوو کەسی لێرە کوشتن، دوو کەس لە کن ماریێ (ئەمیری)[1] دوو خێمەی لەولای ئەسوتاندن، دوو خێمەی لەولای ئەسووتاندن، ئەو لەشکرە خۆ بە خۆ وەناو ئێك کەت، یەك تاقەواریان[2] لێکدی نێشت.

ئەحمەدیش لەناو چۆ دەرێ و چۆوە کن خێمێ خۆ، ئەو کەلەشە هەموو لەو گۆڕەی کەتن.

سبەینێ قاقەزەکی لۆ پاشای نووسی، گۆتی: پاشا قەت کەسم نێشت، لەشکرم تەفر و تونا کردییە و کچەکان عازرکە.

گۆتی: کچەکان عازرن. ئێکی ئێکی لێ مارەکردن،[3] تەسمیلی کردن و بوونە هەشتا کەس. چل کچ، چل کوڕ هەشتا کەس، هەشتا کەس گەڕانەوە گەیشتنە ڕاستی کەڕکەڕ و سەڕسەڕان، وەبیری هاتەوە گۆتی: براینە!

گۆتی: بەرێ

---

1- لێرەدا هەقایەتبێژ ئاماژە بۆ ماڵی کەسێك دەکات، کە ناوی (ئەمیر)ە و لە نزیك ماڵی هەقایەتبێژە.

2- یەك تاقەوار: یەك کەس

3- ئێکی ئێکی: بۆ هەر یەکێك لە کوڕەکان یەك لە کچەکانی لێ مارە کردن، لە هەر کوڕێکیان کچێکی مارە کرد.

گۆتی: ئەمن قەولەکم دایە، ئەنگۆ بڕۆنەوە ماریٚ، ئەمیش پاشی دوو ڕۆژ سیٚی دیکە، ئیشاڵڵا دیٚم.

گۆتیان: زۆر چاکە.

ئەوان ڕۆیشتن. ئەحمەد بەتەنیٚ گەڕاوە، چووە سەر چیای، وەکی چوو بەس کەڕکەڕ مابوو، ئەوی گفتەکەی پیٚ دا، ئەوی دی هەردووك تۆپی بوون.

کوڕە گۆتی: کاکە بریا ئەتوو لە جیٚی وان تۆپی بای.

گۆتی: وەعدەکەت وەبیرە؟

گۆتی: ئا

گۆتی: ئەحمەد لۆم دینی؟

گۆتی: ئا

دە گۆتی: مادەم وایە ها دوو مویٚ پرچیٚ خۆت ویٚدەم، هەردوو موان هەردەمای[1] بسۆتینی، ئەمن لەکنت عازرەبم.

دوو مویٚ سەری خۆی ویٚدا و دە باغەریٚ خۆی نا و ڕۆیی گەیشتە نیٚزیکی شاری، کانییەك بوو لەسەر کانییٚ دابەزی. چوو نویٚژیٚ بکا، تەماشای کرد، کۆرە میٚرووەك[2] لەسەر کانییٚ بوو، داتنە دەریٚ لۆوەی بپەڕنەوە هەموو ئەکەتنە ئاویٚ.

ئەویش وەکی لە نویٚژیٚ بۆوە، کەدە چیلکەکی بەسەر ئاوەکەی دادا و بەسەر کەدە چیلکەکەی ئەپەڕینەوە.

وەڵا چووە شاری، وەکی چوو داخیلی شاری بوو، ئەو کچە، شەش شەرتی هەبوو پاشای،[3] ئەو شەش شەرتانە هەرچی بکا، کچەکەی ئەداتیٚ.

گۆتی: بەریٚ پاشا، شەرتەکان چنە ئەمن ئەکەم.

دەیکەی گۆتی؟

ئەیکەم گۆتی.

دە هۆدەکیان کرد و سیٚ تەنەکە گەنم و سیٚ تەنەکە جۆو سیٚ تەنەکە نیسك و سیٚ تەنەکە نۆکیان تیٚکەر کردن و لیٚکیان دان و تیٚکیان وەردان و دەرکەیان لەسەر گارەداو[4] گۆتیان: هەتا سبەینیٚ لیٚکیان جوایەزکەوە. نیسك بە تەنیٚ، گەنم بە تەنیٚ و جۆ بە تەنیٚ...

---

1- هەردەمای: هەر کاتیٚك

2- کۆرەمیٚروو: کونەمیٚروو، شارەمیٚرووله

3- پاشا: مەبەست لە کچە پاشاکەیە.

4- گارەدان: گاڵەدان، داخستن

(ئەو ماموەستایەی ئەمن گویّم لیّ بووە)، میّروو دەبن دەرکیّ دەهاتنە ژۆریّ، پیاوەتییەکی وەی دەگەر میّرووان کرد، میّروو هاتن، تاقمە میّرووەکی گەنم هاتن، تاقمەکی جۆ، تاقمەکی نیسك، تاقمەکی نۆك، هەتا سبەینیّ ئەو میّروانە هەموویان لیّك جوایەز کردۆوە، ڕۆیشتن جەللاد هاتن، گۆتیان: وەرە دەریّ. ئەوجا وەکی هاتن هەمووی لیّك جوایەز کردبۆوە.

کوڕە غاریاندا گۆتیان: پاشا! کوڕە هەمووی لیّك جوایەز کردینەوە.

– کوڕە کوو وەیە؟!

گۆتی: ئەریّ بە قورعان

پاشا هات، هەموو لیّك جوایەز کرایتەوە، گۆتی: قەیناکا ئەوە چنیە ئەوشۆ دەیکوژم. دە مەنجەریّ دانووانیشی[1] شیو لۆ لیّنا. دە مەنجەریّ دانووان، مەنجەرەك کفتە و مەنجەرەك دۆرمە و مەنجەرەك برنج و مەنجەرەك نۆك و مەنجەرەك نیسك و مەنجەری لۆ لە هۆدیّ دانان و دەرکەیان لەسەر پیّوەدان.

گۆتیان: ئەو دە مەنجەرە شیوانە دەبی بخۆی.

ئەویش دوو مویّ دیّوی دەرینان و سوتاندی و دیّو خۆی کردە تیرە مارەك و هاتە ژۆریّ: گۆتی: ئاغا چت دەویّ؟

گۆتی: ئەو شیوەم لۆ بخۆ.

هەر دە مەنجەری خواردن. دیّوی بەو شینە زمانەی هەمووشی لیّستنەوە و وەکی خۆی لیّکردن. دیّویّ خۆ کردەوە مارو چووە دەریّ.

سبەینیّ بانگی کرد و گۆتی: دەرکەم لیّوەکەن لە برسان مردم!

گۆتیان: لە برسان مردی؟ دە مەنجەرە شیوت لەکنە چ لە برسان مردی!

دەرکەیان لیّکردەوە هەندی بە زمانان لیّستبوونەوە، دەتگۆ شوورراینە.

کوڕە گۆتیان: پاشا بە قورعان هەر دە مەنجەرە شیوی خواردینە، خەبەریان لۆ کچەکەی نارد گۆتیان: وەڵا دوو بەهانەی کردینە ئیّکی مایە.

– ئەو بەهانە چییە؟

گۆتیان: یەك جامی ئاویّ لەسەر دەستان دانیّین، ئەو ئەسپیندارەی دەبی بچییە سەریّ و بیّیە خواریّ، نابی قلەك ئاو بڕژیّ.

ئەوەی زۆر لەکن زەحمەت بوو، گۆتی: پاشا سیّ ڕۆژ ئیجازەم دیّ، زۆر ماندیمە ئەو هەموو شیوەم خواردیە، ئەو هەموو شتەم لیّك جوایەز کردیتەوە، سیّ ڕۆژ ئیجازە.

---

1– دانوو: گەنم لە کاتی کوڵاندندا پیّی دەگوتریّت دانوو.

گۆتی: باشە

وەڵاهی گۆتی: ئەو شەو خۆدزمەوە، خۆ گەینمە ئەو کچەی، داخوا ئەو کچە چییە؟ چ کچەکە؟ شەویٚ خۆی دزییەوە، چۆ کن کچەی لە قەسریٚ.

گۆتی: ئەتوو هەوی دوو بەهانەت کردینە؟

گۆتی: ئا

گۆتی: ئەدی ئەوی دیت مایە؟

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: ئەوی دی ئاسانە.

گۆتی: چییە؟

گۆتی: ئەمن ئەو حەلقەی خۆت ویٚدەم. وکی جاماویان[1] لەسەر دەستی دانای حەلقەکەی هەردە ناویٚ، وەکی شەختەی دەیبەستی، عەزیٚکەی[2] هەریدە ناو باغەریٚ خۆ، یەك قلە ئاویش نارژیٚ.

گۆتی: دەمادەم ئەمن پسایمە، سبەینیٚ واریٚمە پاشای ئەوەش ئەکەم. حالقەکەی لیٚ وەرگرت و سبەینیٚ گۆتی: پاشا یاڵڵا.

گۆتی: لۆ ئەدی ئەتوو وەتنەگۆ سیٚ ڕۆژ؟

گۆتی: نا، با ئەوەش لەکۆر کەمەوە.

جامە ئاویان لەسەر دەستی دانا، لەبن ئەو ئەسپیندارەش قاقەزیان ڕاهیٚخستن. نەخۆ درۆپە ئاوەك بەربیتەوە.

جاماوی لەسەر دەستی خۆ دانا و ئاڵقەکەی هەردا ناوی و بەستای. ناڕژیٚ، بشلەقیٚ ناڕژیٚ. چۆ سەر ئەسپینداریٚ ئەوانیش هەر چاویان لە عاردی بوو، داخوا پشکاوەك[3] ئەڕژیٚ، یان نا؟

پاشا گۆتی: بەسە وەرە خواریٚ.

ئاو نەڕژا و ئالقەکەی دەرینا و جامەکەی ویٚدانەوە.

وەڵا کچەکەیان دایێ و هینای، لە ڕیٚییٚ وەیگۆتە کچەی، وەیگۆ ئەتوم وەڵاهی لۆ خۆ نییە.

گۆتی: ئەدیٚ؟

گۆتی: وەڵاهی ئەتوم لۆ کەرکەری دیٚوە!

---

1- جاماو: جامە ئاو

2- عەزیٚکەی: حەزدەکەی

3- پشکاوەك: پشکە ئاویٚك، دلۆپە ئاویٚك

**دە گۆتی: سەرت بە ڕەشێ بابی،[1] ئەمن ئی دێوانم؟ ئەمنت هینا!**
**بەخوای گۆتی: خوا کەریمە.**
**وەڵا چوو لۆ کەڕکەڕی برد. کەڕکەڕیش چاو وەو کچەی کەت، لە شاییان هەن پێکەنی، هەن پێکەنی، ئەو (ماموەستایەی ئەمن گویێ لێ بووە)، دێو سەختەقالبی گرت، ڕاست مرد.**
**وەڵا ژنەکەی لۆ ماوە، وەڵا ئەو ژنەشی لەپاشەخۆ سوار کرد و هینایەوە و هاتەوە مارێ و هەقایەتم بڕاو چم پێ نەبڕا.**

---

1- سەرت بە ڕەشێ بابی: جنێوێکە

# خورشیدی خاوەر زەمین[1]–[2]

**پاشایەك هەبوو لە خاوەر زەمینیٚ دانیشت، ناوی فەخفوور شا بوو، پاشایەکی چاك بوو، کوڕەکی هەبوو ناوی خورشید بوو (خورشیدی خاوەر زەمین). ئەو خورشیدە پارەوانەکی زۆر بەهێز بوو. ڕۆژیٚ ئەچووە ڕاوو شکاری، هێوارانیش داتەوە. ڕۆژەکیٚ تەقدیری خوای دەروێشەکی لیٚ پەیا بوو لە ڕاویٚ، بانگی کرد، گۆتی: بابە دەروێش!**

**گۆتی: بەریٚ**

**گۆتی: وەرە.**

**بابە دەروێش هات، دانیشتن، گۆتی: بابە دەروێش!**

**گۆتی: بەریٚ**

**گۆتی: ئەتوو ئەگەڕێی لەو دونیایەی، لەو دونیایەی ئەگەڕێی، کیت قابیلی من دیتییە پێم بریٚ.**

**ئەویش گۆتی: کاك خورشید ئەمن دنیا نەمایە نەگەڕێم. دنیاییٚ هەمووی گەڕایمە، بەس کەسم قابیلی تۆ نەدیتییە، ئیللا خەرامانی چینیٚ نەبی!**

**گۆتی: ئەمیش شەیدای خەرامانیٚ چینیٚ بوویمە، دیتیتم. ڕسمەکی خەرامانیٚ چینێم گرتییە دە باغەریٚ خۆم نایە.**

**گۆتی: بابە دەروێش یان ئەو ڕسمە بدە نیشانم، یان توخوا بەدەستی خۆت بکێشە گیانم.**

**بابە دەروێش ڕسمەکەی دەرینا و پێشانی خورشیدی دا و جا خورشید تەماشای ڕسمەکەی کرد بیٚ هۆش بوو دری لەخۆ بۆوە. سوارەکان ئەو دەست و پێوەندەی دەگەریان دابوو، زۆر مشەوەش بوون، ئاویان بەسەرو چاوان داکرد، هەر کوەکی هەبی وەخۆ هاتەوە گۆتی: ڕاویٚ بەتار کەن، بمبەنەوە ماریٚ.**

**بردیانەوە ماریٚ، مشەوەش بوو فەخفوور شا: کوڕە لۆ وەت لێهاتییە کوڕم؟**

---

1– ئەم هەقایەتە لە دەمی (حەسەن حەمەدەمین خدر سکتانی)یەوە وەرگیراوە کە ناوبراو لە ساڵیٚ 1932 لە گوندی سکتان لەدایك بووە و نەخوێندەوارە و ئێستا دانیشتووی هەولێرە.

2– لە ناوچەی خۆشناوەتی لە نێوان گوندی بێتواتە و دواوەدا شوێنەوارێك هەیە پێی دەگوترێت (تەختی خاوەر زەمین)، دوور نییە ناوی ئەم هەقایەتەش مەبەست لەو شوێنە نەبێت. عەبدولسەلام حەیدەری لەبارەی سەربردە و مێژووی تەختی خاوەر زەمینەوە دوواوە، بڕوانە: چەند لایەنێکی ونبوو لە مێژووی کورد، نووسینی: عەبدولسەلام محەممەد حەیدەری (خۆشناو)، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، چاپی یەکەم، چ (خاك)، سلێمانی، 2002

**گۆتی: بابە حار و مەسەلە و کەفیەت ئەوەیە. ئەمن ئاشقی خەرامانیێ چینیێ بوویم و هیچ چارەم نییە و دەبی بڕۆم.**

**ئەویش گۆتی: کوڕم خەرامانی چینیێ هەر ناوبانگی نییە و کەس نەیبیستینە و کەس نازانیێ لەکوێیە و ئەوا چ زۆرە ژن زۆرن لە مەنتیقەی مە و چەند کچە پاشا هەنە و چیشت لە خەرامانیێ چینیێ دایە؟**

**گۆتی: بابە مەحالە دەبی هەر بچم.**

**چەندی ئەهد و چاری کرد گۆتی: هەر دەچم. سواری وراغی خۆی بوو، لێی دا ڕۆیی، بەریێ خۆی دەچۆلی کرد و پشتی دە ئاوەدانییێ کرد و ڕۆیی. ڕۆیی چەند شەوو ڕۆژان ڕۆیی. ڕێی کەتە دەربەندەکی حاسیێ، شاخەك بوو دەبوا بەناو شاخەکەیدا بڕوا، گەیشتە ناوەندیێ چیای، نارە نارەك دات لە ئەشکەفتەکی! گۆتی خوایە دەبی ئەو نارە نارە چ بی؟**

**لۆ لای ئەشکەفتیێ ڕۆیی، وراغەکەی بەستەوە، چووە ناو ئەشکەفتەکەی گۆتی: ئەتوو دێوی؟ درنجی؟ بنیادەمی؟ ئەتوو چی لەناو ئەشکەفتە تاریکەی نارە نارتە؟**

**کچەك لەسەر تەختەکییە زنجیر کرایە، تەماشای کرد ئەو کچە نازدارە لەسەر ئەو تەختەی بە زنجیران دەست و لاقی بەسترابنە، لەویێ سجن کرایە.**

**گۆتی: ئەتوو کێی؟**

**گۆتی: بنیادەم.**

**– ئادەمی ئەتوو لۆ هاتیە ئێرە؟**

**دێوی ئەمن هینایتە ئێرە. حەفت سارە ئەمن زیندانیمە لێرە. هەتا ئەو قسانەیان کرد دێو لە شەقەی بارانی داو لەپێش دەرکیێ ئەشکەفتیێ نیشتەوە.**

**خورشید چووە دەرەوەی ئەشکەفتیێ و لەگەر دێوی بەشەڕ هات و دێوی کوشت. هاتەوە ژۆریێ.**

**کچەی گۆتی: کوڕە دێو بێتەوە بەو خوایەی هەلا هەلات ئەکا.**

**گۆتی: خانم ئەمن دێوم کوشتییە.**

**– کوت کوشتییە؟**

**گۆتی: بەریێ لە زارکی ئەشکەفتیێ دێوم کوشتەوە و خەتەرەت نەبی.**

**دەست و لاقیێ کچەکەی کردنەوە و کچە هاتە زارکی ئەشکەفتیێ، تەماشای کرد دێو لەویێ سەری بڕایە. ئامێزی دە خورشیدی وەرینا گۆتی: بەقوربانت بم. ئەتوو لە کێرا لۆ من هاتی؟ ئەتوو کێندەری؟ بەس گۆتی: زۆر حەزدەکەم لەو چۆلەوانییەی بە خوشکیێ خۆم قبولێ کەی، لەبەرئەوەی ئەمن دەزگیرانم هەیە و دەزگیرانەکەشم ئامۆزای**

خۆمـه، نـاوی (بـەهرۆز شـا)یە حـەفت سـارە ئـەمن دزرایمـە، دەسـتم لێنـەدەی و بـە خوشکێ خۆم قبوڵ کەی.

گۆتی: ئەتوو خوشکێ منی فەرموو با بڕۆین.

هینایـە دەرێ و لـەو مەنتیقانـە وراغـەکی لـۆ پـەیا کـرد و سـواری کـرد و بـەخۆش سواری وراغی خۆیە و بەجۆتە سوارە سەبر سەبرە ڕۆیشتن.

گۆتی: ئەتوو ئی کێندەرێی؟

گۆتی: ئەمن کچێ پاشای خەرتـەن زەمینێمـە، بـابم نـاوی شـارەخ[1] شایە، دەزگیرانم ناوی (بەهرۆز)ە، ئامۆزای خۆیتم.

گۆتی: مارێخۆ پێزانییەوە؟

گۆتی: نەوەڵاهی پێ نزانمەوە، لەبەرئەوەی ئەمن حەفت سارە دزرایمە.

گۆتی: کێشە نییە با بڕۆین.

ڕۆیشتن سەبر سەبر... بڕۆ، وەختەکێ قەسرەکی گەورە وەدەرکەت، کچەکە ناوی قەمەرناز بوو گۆتی: قەمەرناز!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئـەتوو لـەبن ئـەو دارەی دانیشـە، هـەتا ئـەمن ئەچم کەشفەکی ئـەو قەسـرەی ئەکەم، بزانم ئەوە دۆستە دوژمنە چییە؟

گۆتی: باشە.

خورشـید بـەرەو قەسـرێ ڕۆیـی لـە دەرکـەی قەسـرێی دا، دەرکـەیان نـەکردەوە، گـورزەکی لـە دەرکـەی دا، دەرکەکـەی شـکاند و چـۆ ژۆرێ، غاریانـدایێ پاسـەوانان غاردایێ، دەورەیـان لـە خورشـیدی دا. خورشـیدیش ڕای کێشـا شـیری سـێ چارەکی سەربڕین. پارەوانـەکی بانگ کرد، پارەوانی وەگۆ، گۆتی: کاکە ئـەتوو لۆ بـەبێ ئیـزن هاتیـە نـاو ئـەو قەسـرەیی و ئـەو باغـەی؟ نزانـی ئـەوە بـاغی بـەهرۆز شـایە. بەهرۆز شا ئێستا بێتەوە، وەڵاهی پەرەم بە پەرەمت[2] ئەکا.

گۆتی: بەهرۆز شا کییە؟

گۆتی: بەهرۆز شا پاشای مەیە و ئێستا لە ڕاوێیە و بێتەوە بەڕاستی لێت قبوور ناکا.

تەماشای کرد پێنج شەش سوار وەدەرکەتن، باغەوانەکەی گۆتی: وەڵا ئەوە بـەهرۆز شا هاتەوە. بەهرۆز شا هاتەوە، تەماشای کرد سێ چار کـەس لەوێنـدەرێ سـەر بڕاینـە

---

1- شارەخ: شارووخ، شاهرووخ

2- پەرەم: پارچە پارچە، کوت کوت

و کابرا لەناو باغی غەزرییە و بانگی کرد گۆتی: پارەوان! هەی گێلی نەفام، بیٚ ئیزن لۆ هاتییە ناو باغی من؟

گۆتی: ئەمن میوانم! لەباتی دەرکەم لێوەکەن و میوانداریێم کەن، ئێستاش دەورەیان لەمن دایە و ئەمیش ئەو سیٚ چار کەسانەم کوشتینە و ئەگەر زۆر زۆر مەمنون نی، فەرموو ئەمن و توو مەیدان.

گۆتی: فەرموو مەیدان!

سواری وراغان بوون بەهرۆز شا و خورشیدی خاوەر زەمین، لەو مەیدانەی ملیان دەبەر ملی ئێك نا هەتا نوێژیٚ نیوڕانێش ئەشتاقان[1] زەفەر بە ئەشتاقان نەبرد. نوێژیٚ نیوڕانیٚ خورشیدی کەمەندەکی هاویشتیٚ و هێخستییە ناو عەلقەی کەمەندیٚ و لەسەر زینی هینایە خواریٚ و گرتی. چۆکی لەسەر سینگی دانا و هەریکێشا خەنجەریٚ سەری بڕی. بەهرۆز شای دەستی بە گریانیٚ کرد.

گۆتی: هەی داوەشێی توخوا ئەتوو پیاوی؟ توخوا ئەتوو لۆ پشکە خوینەکی ئەپاڕێیوە؟

گۆتی: نا بەخوای ئەمن خوا دەزانی لە کوشتنیٚ خۆ نییە، بەس کەسەرەکم دەدری دایە، مەراقەکم دە دری دایە نەگەیشتیمە ئاواتی خۆم.

گۆتی: ئاواتی توو چییە؟

وەڵاهی گۆتی: ئەمن دەزگیرانم بزر بووە حەفت سارە، دێوی بردییە حەفت سارە، ئەو قەسرەم لێرە کردیە، دنیا نەما نەنوڕم، پرسیار نەما نەکەم. بەڕاستی وەکی چاوم وە دەزگیرانیٚ خۆ نەکەتەوە لەبەرئەوەی ئەمن ئەگرییێم و ئەو مەراقەم دەدری دایە.

گۆتی: هەستە، هەستە ناتکوژم، عەفووم کردی، لەبەر خاتری ئەو کەسەم عافوو کردی کە ڕەفیقمە، ئەوا دەگەرەمن دایە.

گۆتی: ڕەفیقی توو کییە؟

گۆتی: ڕەفیقەکم دەگەردایە، دوو سواران بنێرن با بچن بیهینن.

– لەکێندەرە؟

گۆتی: ئەوە لێرەیە لەو ڕێیە، لەو دیوی ئەو گردەم بەجیٚ هێشتییە، بڕۆن بیهینن.

دوو سوار چوون تەماشایان کرد ژنە. نەیانناسییەوە سوارەکان، حەفت سارە بزر بووە، گۆتیان: خوشکە ئەتوو ناوت چییە؟

گۆتی: ناوم قەمەرنازە.

---

1- ئەشتەقان: هیچیان، هیچکام

گۆتیان: ئەوە ڕەفیقەکەت لە باغییە لەکن بەهرۆز شای، گۆتی: بابێ.

گۆتی: بەهرۆز شا!

قەمەرناز سواری وراغی بوو، دەگەر دوو سوارەکان هات داخیلی باغی بوو، تەبعەن بە پیری وەچوون، خورشید و بەهرۆز شا بەپیری وەچوون. بەهرۆز شا تەماشاکا ئەوا قەمەرنازە دەزگیرانێ خۆیتی. قەمەرناز تەماشاکا ئەوە بەهرۆز شا دەزگیرانێ خۆی بە پیرەوە دێ. لە وراغی دابەزی، دەستیان دەملی ئێك کرد، ئێکدیان ماچ کرد تێر.

گۆتی: کاك خورشید ئەتوو ئەوە لەکێت هینایتەوە؟

گۆتی: وەڵا ئەوە لەدەست دێوی گومڕا، دێوی گومڕام کوشت و نەجاتم دا و دەگەرەخۆم هینایتۆوە، بە خوشکێ خۆم قبوڵ کردیە.

کاکە جارچی جاڕی دا، خەبەردرا پاشای بابی قەمەرنازی، گۆتیان: لەهەموو کوچە و کۆرانان دۆرو زوڕنا بگەڕێ. میوانەك هاتییە ناوی خورشیدە، خورشیدی خاوەر زەمین لە خاوەر زەمینێ ڕاهاتییە، دێوی کوشتییە، قەمەرنازیشی نەجات دایە، دەگەرەخۆی هینایتەوە.

لە خەرتەن زەمینێ بووە دۆرو زوڕناکوتان. شارەخشا بەخۆ بەهەموو لەشکری خۆ هات لۆ ناو قەسرێ بەهرۆزی. هاتن و دانیشتن و میواندارییەکی زۆر، ڕێزو حورمەتی خورشیدیان گرت: ئەتوو کو پێیا بووی؟[1]

لەکێ ڕاهاتی؟

ئەتوو خەرکی کێندەری؟

ئەو کچەت کو هینایتۆوە کوت دەرباز کردیە؟

گۆتی: کاکە ئەمن خورشیدم خەرکی خاوەرزەمینێمە و ئەمن ئەو کچەم هینایتۆوە.

زۆریان بەخێر هینا ڕێزەکی زۆریان لێ گرت، میواندارییەکی چاکیان کرد. حەفت شەوو ڕۆژان دۆرو زوڕنا کوترا قەمەرناز هاتیتەوە.

جا خورشیدی گۆتی: قەمەرناز!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەنگۆ پێك شادبوونەوە. دۆرو زوڕنا ئەکوترێ کەس بە کەس نییە، کەس لەمن ناپرسی ئەمن کێندەریمە، ئاخر کێواچم؟ لەدوو چمە؟ بە بابت برێ ئیزنم دا ئەگەر ڕووخسەت بی ئەمن ئەڕۆم.

قەمەرنازیش غاریدا کن شارەخشای گۆتی: بابە گیان!

---

1- کو پێیا بووی: چۆن پەیدا بووی، لە کوێوە هاتی، چۆن بوو بۆ ئێرە هاتی.

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: میوانەکەمان کاك خورشید دەریٚ ئەمن دەڕۆم.

گۆتی: چیٚ! ئەچتە کیٚندەریٚ؟

گۆتی: وەلاٚ دەریٚ ئەمن دەڕۆم.

وەلاٚ هاتنەوە گۆتیان: کاك خورشید کیٚواچی؟ لە چاگەریٚی؟ کیٚواچی بە تاقەسوارەکی؟!

گۆتی: وەلاٚهی جەنابی پاشای، ئەمن ئەچمە شاری چینیٚ، ئاشقیٚ خەرامانی چینیٚ بوویمە، ئەچم بیهینم.

گۆتی: کوڕم دیتیتت؟

گۆتی: ناوەلاٚ

گۆتی: ئەدی؟

گۆتی: وەلاٚهی بەس ڕسمەکم دیتییە، ئاشقی بوویمە، دەبی بچم بیهینم.

گۆتی: کوڕم با پیٚت بریٚم، خەرامانی چینیٚ کچەکی زۆر بەفیزە، زۆر بەدەعیەیە. لە ئەسلاٚ حیساب لۆ کەس ناکا. چەند پاشاو گەدا چووینە داخوازییٚ، ئەو کچە حیساب لۆ کەس ناکا.

وەلاٚهی گۆتی: جەنابی شارەخشای، ئەمن حیسابم لۆ بکا، یان لۆ نەکا، ئەمن دەبی هەر بچم دنیا هەستی.

گۆتی: کوڕم لە شاری من لەو شارانەی لەبەر حوکمیٚ منن، چ کچەکی چ ژنەکی دەست لەسەر دانیٚی، میٚردیشی هەبی، دەبی لۆت تەراق دەم. بەس مەچوو زۆر زەحمەتە...

گۆتی: وەلاٚهی سەرەکم هینایە نایگیٚڕمەوە، دەبی بچم دنیا هەستی.

بەهرۆز شای لیٚ وەرگرتەوە، گۆتی: مامەگیان!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: ئەمیش لەخزمەتی ئەچم.

خورشیدی گۆتی: میٚ[1]

گۆتی: بەخوای دیٚم.

ئیٚ گۆتی: مادام بشهیٚی، دەزگیرانیٚ خۆت بگویٚزەوە ئەوجا وەرە.

---

1- میٚ: مەییٚ، مەیە، نەیەیت.

گۆتی: قورعان بە حەقت بە ساحێبت، ئەمن ناگوێزمەوە، ئەمن ئەو دەزگیرانەم ڵێ حەرام بی هەتا خەرامانێ چینێش لۆ توو نەینم. ئەمن نان[1] ئەفەوتێم، یان دەبی دەگەرت بێم چارە نەما.

شارەخشای گۆتی: کوڕم بەو نەوعەی نابی! دەمەوێ ئەوهە نەچن، دەمەوێ وەکی توجاڕان قافلەکی ڕێك بێخن، چەند ئەموال و کوتاڵی چاك و گران بەها هەیە، بۆتان دەکڕم. دە باران بارکەن، بە هێستران بارکەن، لە کوتاڵی جوان، چ کوتارەك نییە لە چینێ، ئەو نەوعەی بەن. خۆ کەشف مەکەن، مەشرێن ئەمە لۆ خەرامانێ هاتینە و فران کەسین و هەڕوون بە شکلی توجاڕی لەوێ کوتاری خۆ بفرۆشن و هەتا وەختەکێ سەرو بە ئامانجەکی ئەگا، بزانن کوو بەچ شێوەکی لۆو ڕێکەکەوی، بیهینن.

گۆتیان: زۆر باشە.

شارەخشای دە بارە کوتاری گران، چ کوتار و ئەموالەك گران بوو، لۆی کڕین و لۆی لە هێستران بار کردن و لە دە هێستران و بارەکیشی زێڕ لە هێسترەکی نان، بەرگەکی زێڕیش دروست کرد لۆ خورشیدی، بەرگەکی زیویشی دروست کرد لۆ بەهرۆزی.

گۆتی: کوڕم بەهرۆز! بەرگی وی با زێڕ بی، ئەتوو خۆ بە پیاوی دانێ. مەرێ ئەمن فران کەسم و کوڕی فرانیمە، برێ ئەمن پیاوی ویمە و خورامی ویمە. ئەوەش پاشا.

خورشیدی بەرگی زێڕ دەبەر کرد و بەهرۆزی بەرگی زیوی دەبەرکرد و دە هێستریان لە کوتاری بار کرد و هێسترەکیشیان لە زێڕی بار کرد و خورشید وەپێش کەت بە سواری ئەسپی و بەهرۆزیش هێستری لێخوڕی. لێیان خوڕی ڕۆیشتن. دوورو درێژی نەدەینێ، داخیلی شاری چینێ بوون، تاقیبی (خانێ)[2] یان کرد، چوونە خانێ. بارەکانیان هێختن و ئەو خەرکە هەموو سەری سوڕما. باشە ئەوانە بەرگی زێڕو بەرگی زیو! ئەوە دەستووری مەملەکەتی وان نینە، ئەوە دەبی چ بن؟

دەنگ کەتە شاری، گۆتیان: دوو توجاڕ هاتینە، ئێکی بەرگی زێڕە، ئێکی بەرگی زیوە. کوتاری وەیان وێیە[3] قەت ئەشتی وەهە[4] لەیەك حوکمەتی نییە. خەرك دات[5] تەماشای ئەکرد و هەبوو پێی ناکڕا هەند گران بوو، هەبوو دەیکڕی و خەبەر لۆ خەرامانێ چینێ چوو.

---

1- نان: یان، ئانکو

2- خان: شوێنی تاقەتکردن و حەوانە و ڕاگرتنی وڵاخی سواری.

3- وێیە: پێیە

4- وەهە: وها، وەها، ئاواها، ئاوها

5- دات: دەهات

گۆتیان: خەرامان دوو توجاڕباشی هاتینە هەتا ئێستا زەلامی ئەوهە سپۆڕت لەیەك جێی نینە.

گۆتی: بەرگی زێڕە ئێك، ئێکیش بەرگی زیوە. کوتاریشیان وێیە، کوتاری ئەوهە، ئی ژن و پیاوانیان وێیەن نەوعی نییە.

ئێھ... دەرێ خەرامانیش پیرەژنەکی هەبوو لە مندارییەوە بەخێوی کردبوو، داکێ خۆی نەبوو. ئەو پیرەژنە دایەنی بوو، پیرەژنەکی زۆر عاقر بوو.

گۆتی: پیرەداك!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: وەرە.

گۆتی: چییە؟

گۆتی: هەستە وەرە.

گۆتی: وەرە ئەمن هەندەك ڕسمان ئەگرم ببە بازاڕی بفرۆشە.

خەرامان هەرستا ئەو سەردەمی ئەجا چ نەوعە مسەوەرەك هەبووە. چوو ڕسمی خۆی گرتن دووسەد سێسەد ڕسمەك وەپیرەژنێی دان و گۆتی: بڕۆ بفرۆشە. داخوا بزانم کیت لێکڕی، بەرا هەڕوە خانێش!

گۆتی: باشە.

(با جغارەکی پێکەم لۆوەی هەقایەتەکە چاتر ڕێك کەوی)

لێی دا ڕۆیی، پیرەژن گەڕا لە کوچە و کۆرانان، بگەڕێ، بسوڕێ. ئەوێ ڕۆژێ خورشید چووبووە ڕاوو ڕاوشکارێ. بەس بەهرۆز لە خانێ بوو، پیرەژنێ ڕسم لەسەر سەری نا، لەسەر سینییەکی دانایە: ڕسمی خەرامانێ، ڕسمی خەرامانێ.

بەهرۆز شا بانگی کرد، گۆتی: پیرەژن ئەوە چنە؟

گۆتی: ئەوە ڕسمن، ڕسمان ئەفرۆشم، ڕسمی خەرامانێ.

گۆتی: بەچەندییە؟

گۆتی: ڕسمی بە لیرەکی.

گۆتی: کا بینە.

بەهرۆز شا ڕسمەکی لێ وەرگرت، ئەو سینییەی ڕسمی لەسەر دانا بوون، لۆی پڕو پڕی زێڕ کرد.

گۆتی: ئەو ڕسمە هەدیەیە لۆ ئاغای خۆم، ئاغام لە مارێ نییە. بەیادی خورشیدی خاوەر زەمین.

پیرەژن شێت بوو. سینییەی پڕی زێڕ کرد، پیرەژن ڕاست گەڕاوە، چیدی زێڕ پێ هەرناگیرێ.

گەڕاوە لۆ مارێ، سینییەی لەپێش خەرامانێ دانا.

گۆتی: ئەوە چییەوە؟ چەند ڕسمت فرۆشتینە؟

گۆتی: یەك

گۆتی: داتە کێ؟

وەڵاهی گۆتی: خانم! ئەمن چوومە خانێ، کابرایەکی لێبوو بەرگی زیو بوو، ڕسمەکی لێ وەرگرتم لەسەر سەری خۆی دانا ئەو سینییەی پڕی زێڕ کرد، گۆتی: بە یادی ئاغای خۆم هەدیەیە لۆ خورشیدی خاوەر زەمین. بزانم بەس ئەوە لە ئاغان گەلەك ئاغاتر بوو. گۆتی بە یادی ئاغای خۆم ئاغەکە لەوێ نەبوو، ئەگەر خورام ئەوهە بی، دەبی ئاغا کو بی؟

ئێهـ گۆتی: زۆر باشە.

خورشید هێوارێ هاتەوە لە ڕاوو ڕاووشکارێ، بەهرۆزشای گۆتی: خورشید!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ڕسمەکم لۆ کڕی.

گۆتی: لەکێندەرێ؟

گۆتی: پیرەژن ڕسمی ئەفرۆشتن، ڕسمی خەرامانێ چینێ. ڕسمەکم لۆ کڕی بە دیاری لۆ توو.

گۆتی: ئەجا کوت لێ کڕی؟

گۆتی: یەك سینییەشم لۆ پڕی زێڕ کرد لۆ پیرەژنێ.

ڕسمەکەی وێدا ماچی کرد، ڕاست بێ هۆش بوو. بێهۆش بوو کەتە گۆڕێ، دختۆر و مختۆر ئەگەر چ هەبوون لۆی هینان، دەرزیان لێدا حەبیان دانێ، هەتا بڕەك وەخۆ هاتەوە.

گۆتی: خورشید!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: وەکی ئەتوو ئەکەی وەنابی! ئەتوو چاوت وە ڕسمی بکەوی بێ هۆش بی، سبەینێ ئەگەر چاوت بەوی بکەوی، هەر حەیا و ناموسیشم ئەچی. ئەمن بتبەمە کنەوی، یان مەسەلەن ئەو بێتە ئێرە، ئەتوو هەر لەخۆ بچی، ئەوە نابی، عەیبە و خۆتو ئەوە نی؟

گۆتی: بەهرۆز شا، خوا دەزانی چاوم وێ بکەوی، لاقم عاردی ناگرن، ئەجا کەیفێ خۆتە.

گۆتی: خوا دەزانی ببینم دولبەرم... هۆشم دەرئەچیٚ لە کەللەی سەرم. ئەوجا وازیشم لیٚ بینە و پیٚم ناکریٚ و تەواو.

ئێە سبەینیٚ خەرامانیٚ بانگی پیرەژنیٚ کرد، گۆتی: پیرەژن وەرە.

چییە گۆتی؟

گۆتی: وەرە بڕۆ بەو توجاڕانە بریٚ، سبەینیٚ هێواریٚ دەعوەتی منن و ئەموال و کوتاری هەشیتیان، هەر هەمووی دەگەرە خۆ بینن.

پیرەژن چوو سەلامی لیٚ کردن و سەلامیان لیٚ وەرگرتەوە و گۆتیان: فەرموو پیرەداك.

گۆتی: ڕۆرە خەرامانیٚ وەگۆتیە بێنە باغی من (باغەکی هەبوو باغی ڕۆستەم زایان پیٚ ئەگۆ، ئەو باغە تەنیا باغی خەرامانیٚ بوو، هەموو هەفتان ئەچووە ناو باغی...)

گۆتی: بێنە ناو باغی هەردووکیان مێوانن، چەند ئەموال و کوتاریشیان هەیە، هەمووی دەگەرە خۆ بینن.

ئەجا ئەو سەردەمی سەیارە نەبوون تەبعەن، عارەبانە و ئەشتی وها هەبوون. هەموو ئەموالەکەیان هێواریٚ بار کرد و لێیان دا ڕۆیشتن.

لە ڕێییٚ گۆتی: خورشید!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: یەك قسەی نەکەی.

گۆتی: باشە

چوونە باغی و دانیشتن و بەخێرهاتنی لیٚ کردن و گۆتی: ئەتوو ناوت چییە؟

گۆتی: ئەمن ناوم خورشیدی خاوەر زەمینە.

گۆتی: ئەدی ئەتو؟

گۆتی: ئەمیش ناوم بەهرۆزە، خەرکی خەرتەن زەمینێمە.

ئا گۆتی: بەهرۆز شا بیستیتم، قەمەرناز دێوان دزییە، ئەریٚ چی لێهات؟

وەڵا گۆتی: کاك خورشید لە دێوی ستاندیتەوە و دێوەکەی کوشتبوو، هینایتییەوە.

ئاهە باشە. دەگۆتی: کوتارەکەتان بزانم چییە؟

کوتارەکەیان دەرینا و ئەوە بەچەندی و ئەوە بەچەندی؟

خورشید نەیهینا و نەیبرد، گۆتی: خانم هەمووی بەقوربانی سایی گەردنیٚ توو بی، هەمووت لۆ خۆ.

خانم تووڕەبوو... خەرامان، گۆتی: کوڕی بابم چما ئەمن چ نەدیتکەمە،[1] ئەمن کچێ پاشای چینێمە، سەد پاشازادە لۆمن شێت و هار بووە. هەستن ئەشتی خۆ بپێچنەوە لێرە نەمینن دەی!

ڕاستی دەرکردن، چوونەوە خانێ.

بەهرۆزی گۆتی: خورشید! ئەمن پێتەرێم قسان مەکە، ئاخر ئەو ژنە ژنەکی کەللە ڕەقە مامیشم پێی گۆتی ژنەکی سەرکێش و کەللە ڕەقە. ئەتوو قسان لۆ چ ئەکەی؟ کاکە ئەگەر بە لیرەکی با بە دوو لیرانت ئەدایێ، ئەتوو ئەرێی هەموو پێشکێشی توو بی. ئاخر ئەتوو قسان لۆچ ئەکەی؟

وەڵا دەریکردن. بەس وەکی دەریکردن، پشێمان بۆوە گۆتی: بەو خودایەی ئەمن ئیشەکی خەرابم کرد.

گۆتی: پیرەداك!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: قەرەم و قاغەزان بینە.

قەرەم و قاغەزیان هینان. قاقەزەکی نویسی لۆ خورشیدی خاوەر زەمین ڕازاندیەوە، دوعا و سەلام و لەپاشی دوعا و سەلامی:

غەدرم کرد دەرم کردی، غەدرم کرد و دەبی ئێستاش سەرفی نەزەر بکەن و عافوم کەن. مۆری کرد و ئیمزای لێداو پیرەژن بردی و وەخورشیدی دا.

خورشیدی گۆتی: بەهرۆز شا جوابی نامەی لۆ بنووسە.

جوابی قاقەزی نووسی، دوعاو سەلامی لۆ نووسین و نووسی: خەرامانێ چینێ، غەدرەکی گەورەت کرد دەرت کردین، قاوەکیشت نەداینێ، چایەکیشت نەداینێ، دەرت کردین. خۆ نابی ژن ئێگجار ئەوها سەرکێش و تووڕە و تریاك بی، عەقەلەن[2] هەر قاوەکت داباینێ... ئیمزای کرد و بە ئیمزای خورشیدی خاوەرو وە پیرەژنێیان دا و سەد لیرەشیان دا پیرەژنێ.

پیرەژنێ گۆ: ئەو سەد لیرە چییە؟

گۆتی: پیرەداك ئەوە لۆخۆت.

ئەویش گۆتی: بەقوربان و بم، خورشید بەقوربانت بم، وەڵاهی دەبی لۆت وەلێبکەم وەلێبکەم، نەزانی چییە!

---

1- نەدیتکە: هیچ نەدیو، فەقیر و نەشارەزا

2- عەقەلەن: عەلەقەن، هەر نەبێ. لێرەدا هەقایەتبێژ جێگۆرکێی بە دەنگەکان کردووە.

پـیرەژن چـۆوە. چـۆوە قاقەزەكـەی وێـداو لەسـەر چـاوانی دانـا و ماچـی كـرد و خویندیەوە بۆ بەڕێزمان خەرامان!

دەرت كـردین لـە بـاغی خۆتـان، خـۆ دەبا بمانخواردبایـە، لەسـەر سفرەت نـان، خـۆ نانەكیشت نەداینێ.

خویندییەوە قاقەزەكە و لەسەر چاوی دانا و گۆتی: پیرەداك!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: بڕۆ بگەڕێوە. بڕۆ بە خورشیدی برێ سبەی هێوارێ دەعوەتی منە بەتەنێ.

پیرەژنێ غاردا: سەلاموعەلەیكوم!

– عەلەیكومە سەلام بەخێرێی.

گۆتی: ها پیرەداك چییە؟

گۆتی: ڕۆرە، خەرامانێ وەگۆتییە، خورشید سبەینێ هێوارێ دەعوەتە.

گۆتی: سەرچاو، سەت لیرەی دیان دا پیرەژنێ.

گۆتی: بەقوربانت بم دەسەرت بگەڕێم، خەمت نەبی هیچ.

پیرەژن گەڕاوە. بەهرۆزی گۆتی: خورشید ئەوە ئەچی، پێت برێم یەك قسەی غەرەت نەكەی؟

وەڵاهی گۆتی: بەهرۆز شا، قورعان بەحاقت بە ساحێبت، وەكی چاوم وێ ئەكەوی، وەختە ڕاست شێت و هار بم.

سبەی هێوارێ بانگی مەغریبێ، ڕەختی خۆی دەرینا، زین و پەرداخی كرد و پێی لـە ڕكێفـێ نـاو سـوار بـوو لـۆ مـارێ وەسـەركەت و تـەخت و قەنەفـە ڕازاینـەوە. لەسـەر تەخت و قەنەفان دانیشت و نانی هێوارێیان خوارد و دەستیان دەملی ئێك كرد هـەتا سبەینێ.

سبەینێ خەبەر چوو لۆ پاشای چینێ، گۆتیـان: بـەرگی نوێـت لێ مومبـارەك نـەبی، باش توجارەك هاتییە ئەوا دەپار كچێت دایە.

– كوڕە كو وەیە؟

گۆتیان: ئەرێوەڵا.

یەڵڵا گازی بیست سواری كرد، گۆتی: هەستن.

بیست سواری ڕێك هێخست، گۆتی: هەستن بڕۆن بیگرن و دەست و لاقانی بەستن و ڕایكێشن بیهیننە ئێرە.

هەر بیست سوارەکە چوو، خەرامان لەسەر باروگەی[1] قەسرێی تەماشا کرد، بیست سوار بەغار ئەوا دێ. لەزیرژنی[2] داو بەغار چووە خوارێ.

گۆتی: خورشید!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: لێم قەوما، خوا دەزانی بابم زانیتی، بیست پارەوان ئەوا هات، ئێستا دەست و لاقانت ئەبەستن و ئەتبەن، ئەمیش ئەکوژن!

خورشیدیش پێکەنی، گۆتی: وەللاهی خەرامان لەبەرچاوی توو نەبی ئەو بیست پارەوانە لەکنم وەیە بیست پێشکەیە[3]. بیست پێشکە غارەدا. ئەگەر ئیزنیشم دەی، بە دە دەققان ئەگەر هەر بیستم نەکوشت، بزانە ئەمن خورشید نیمە.

دە گۆتی: بەقوربانت بم کار لەکاران ترازایە ئێستا. بتبینم چۆ خوارێ و ئەسپی زین کرد و پێی لە ڕکێفێ ناو سوار بوو، سوار بوو غاریدانێ، هەر بیستی لە حەوای سەربڕین، خەبەر چوو لۆ پاشای، گۆتیان: پاشا بەرگی نوێت لێ مومبارك نەبی، هەر بیست پارەوانی کوشتن.

– کوڕە کوی کوشتن؟

گۆتی: وەلا کوشتنی.

ئەوجا پاشای چینێ دەی لە لەشکرێ خۆ کرد، هەر چار دەوری قەسرێیان گرت، خێمەی سمی لە هەر لاو چاردەورەی.

خەرامانێ دەست بە گریانێ کرد، گۆتی: خورشید لێم گەڕێن قەوما لەکەس نەقەومێ.

– وەلاهی خەرامان لەبەرتو نەبی، لەبەر دری توو نەبی، بەس ترسێ توم هەیە، دەنا بەس خوا دەزانێ ئێکیان لێ نایەرم.

گۆتی: خورشید بتبینم.

خورشید پێی لە ڕکێفێ نا، ڕۆژێ هەتا هێوارێ ئەوە شەڕیەکرد،[4] چل پەنجا کەسی ئەکوشت و هێوارانیش داتەوە قەسرێ.

بەهرۆز شا پێی نەزانییە، ئەوا لە خانییێیە. ڕۆژەك نەبوو دوو نەبوو سێ نەبوو، وەختەکی خەبەر دە شاری گەڕا گۆتیان: بابە باش توجاڕەك هاتییە، چویتە قەسرێ

---

1– باروگە: ئەو شوێنە بەرزەی کە با دەگرێتەوە

2– زیرژن: زیرە و قیژاندن و هاوارکردنی ژنانە.

3– پێشکە: چێشکە، چۆلەکە، چوێلەکە

4– شەڕیەکرد: شەڕی دەکرد.

خەرامانێ، لەوێ هەر چار دەورێ قەسرێ گیرایە، ئەوە شەڕە لەگەر ئەو باش توجاڕەی. چوویتە کن خەرامانێ و هیچ چارەشی نییە و کوشتارەکی گەلەك زۆریشی کردییە.

بەهرۆز شای زانی، بەهرۆز شاش بەرگی ئاو زیوی دەبەر کرد، سواری ئەسپی خۆی بوو لێی دا ڕۆیی. وەکی چوو، شەڕە، ئەویش وەناو کەت، چووە لای خورشیدی و وەناویان کەتن، بووە شەڕەك نەبیتەوە. ڕۆژێ هەتا هێوارێ ئەوە شەڕە.

قاقەزەکیان نووسی زەلامەکیان پەیا کرد، قاقەزەکی نووسی لۆ شارەخشای، قووەتی بینی. قاقەز ڕۆیی لۆ شارەخشای. شارەخشاش قەوەتی خۆی هینا، بەرامبەری شاری خێمە و چادریان هەردان. شەڕەکە نەبیتەوە! دەستیان بە کوشتاری کردن، نە ڕۆژەك، نە دوو، نە سێ! وەیان لێکرد کەس نەبوو بێتە مەیدانێ... سبەینان تەپلی حەڕبیان لێ ئەدا، کەس نەبوو بێتە مەیدانێ، دوایێ بەهرۆز و خورشید وەناو شاری کەتن، دەرکەی دیوارخانێیان لە شای چینێ گرت و دەریان نەهینا و پەتکەکیان لە ملی کردن، ڕایان کێشا لۆ قەسرێ خەرامانێ.

گۆتی: خەرامان!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئۆ نەمکوشتییە، لەبەر درێ توو هینایتم.

پاشا شارەخشاش بەخۆ بە جەماعەتە سوارەکی هاتن. هاتنە قەسرێ خەرامانێ، دانیشتن و بە پاشای چینێی گۆ: گۆتی: پاشا!

گۆتی: بەرێ

ئەو کوشتارەت بەلاش کرد، ئێستا زۆر حەزەکەم عافوشت ئەکەین، ئەگەر کچەکەی بدەییێ؟

گۆتی: کاکە عافوم کەن، ئەوا کچەکەم پێشکێش کرد.

وەڵا مەلایەکیان هینا لێیان مارە کرد و بووە دۆر و زوڕنا و کوتان.

ئەوجا گەڕانەوە. گەڕانەوە هاتنەوە خەرتەن زەمینێ، بووە دۆر و زوڕنا و کوتانەك، نەبیتەوە.

بەهرۆز شا گۆتی: یەڵڵا ژنێ بگوێزەوە!

گۆتی: بەقورعان بەقورعان بەهرۆز شا هەتا ئەتوو نەگوێزییەوە، ئەمن نایگوێزمەوە.

– ئەمن ئەگوێزمەوە، ئەتوو ناگوێزیەوە.

شارەخشای گۆتی: کاکە جلك و خشری هەردووکان ئەکەم و هەردووکانیش بەیەك ڕۆژی لۆ ئەگوێزمەوە، کێشەی پەیا مەکەن.

وەڵا هەردووكیان جلك و خشر كردن و گواستیانەوە، حەفت شەو و حەفت ڕۆژان شایی و لۆغانە.[1] شایی خەلاس بوو، هیچ لە گۆڕێ نەما، دانیشتن... خورشیدی بانگی قەمەرنازی كرد، گۆتی: قەمەرناز!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەمن بابم پاشایە و بابم ئیختیار بووە لە خاوەر زەمینێ. داخوا ئەلعان چ بەسەر مەملەكەتی مە هاتبی، ئەگەر ڕووخستەكی لە بابت بخوازی، ئەمن دەبی بگەڕێمەوە.

– ئەگەڕێیەوە كێندەر؟

گۆتی: وەڵاهی دەبی بگەڕێمەوە بچمەوە.

گۆتی: بابە! ئەوە خورشید ئەرێ ئەگەڕێمەوە.

كوڕە گۆتی: كوڕم، كێوا[2] ئەگەڕێیەوە، ئەوە لێرەیی و ئەتوش كوڕی مەی.

– بەخوای پاشا دەبی بگەڕێمەوە.

هەرستا ئێكو سواری وراغەكی بوون بەخۆ بە خێزانی خۆ (خەرامانێ) و هاتن، بە جۆتە سوارە هاتن، هەتا گەیشتنە ئەشكەفتێ دێوی. گۆتی: خەرامان دێوەكە ئۆتە ئەلێرەم كوشتییە.

دەگۆتی: با بچینە ئەو ئەشكەفتەی چی لێیە!

وەكی چوون ئەو دێوەی زێڕی دنیاییێ هینا بوو، ئێك و هەگبە زێڕەكیان بار كرد و بەجۆتە سوارە هەوراز هاتن، هەتا هاتنەوە مارێ.

خەبەریان دا خاوەر زەمینێ، گۆتیان: خورشید هاتەوە و خەرامانیشی هینایە، بەپیریان وەهاتن. دووسەد سێسەد سواریان بەپیروە هات و دەست و دمی ئێكدیان ماچ كرد و فەخفوور شا هاتە پێشوارزی و هاتنە خوارێ و دەست و دمی ئێكدیان ماچ كرد و هاتنەوە شاری بە ئێكدی شادبوونەوە و ئەجا ئەمیش هەقایەتم بڕا و چشم پێ نەبڕا.

---

1- لۆغان: بەزم و ئاهەنگ

2- كێوا: كێوە، بەرەو كوێ

# فەقێ ئەحمەدی تارانێ[1]

شای تارانێ قاوەچییەکی هەبوو، ناوی فەقێ ئەحمەد بوو، ئەو قاوەچییە هیچ شتەکی نازانی لە قاوەچییاتیێ زیاتر. ئەو سەردەمی سینی و مینی نەبووینە، ئە لێرەی فنجان دانان، هەتا ئەگەیشتە ئێرە[2]، بە مەدریسی[3] دا دات، ئێك و قاوەی وێ ئەدان. بەس ئەو فەقێ ئەحمەدە هیچی نازانی بەس قاوەچیاتی ئەزانی، هیچی نازانی.

شەوەکێ خەونەکی دیت، لەکنی وابوو ڕۆژی[4] هاتە باغەرێ ڕاستێ، مانگی[5] هاتە باغەرێ چۆپی[6]–[7]، هەردووکی لە باغەرێ چوونەوە دەرێ و چوونەوە ئاسمانێ. سبەینێ لە خەوێ هەستا، نە قاوەی وەبیرما و نە شای تارانێی وەبیرما و ڕۆیی لۆ مزگەفتێ تارانێ، مزگەفتێ گەورە.

گۆتی: مامۆستا بە قوربانت بم وەرە خەونم دیتیە!

گۆتی: چییە!

گۆتی: مامۆستا لە خەونێم وا بوو ڕۆژم هاتە باغەرێ ڕاستێ، مانگم هاتە باغەرێ چۆپێ، هەردووك چوونەوە ئاسمانێ.

گۆتی: بۆو خوایەی کاکە ئەمن ئەو خەونەی نزانم.

چەند مزگەفت هەبوون لەو تارانەی، هەمووی کردن، هەرچی مەلا بوو نەیزانی تەعبیری ئەو خەونەی لێك بداتەوە. شێت بوو، لە شاری چۆ دەرێ، گەیشتە پیرەمێردەکی.

گۆتی: ها فەقێ ئەحمەد! لە تەعبیرێ خەونێ ئەگەڕێی؟

توندی پیرەمێرد گرت، گۆتی: وەرە نەڕۆیی! مادەم بزانی فەقێ ئەحمەدم، مادەم بزانی لە تەعبیرێ خەونێ ئەگەڕێم، ئەشزانی خەونێ من چییە!

---

1– ئەم هەقایەتە لەدەمی (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی) یەوە وەرگیراوە.

2– لێرەدا هەقایەتبێژ بە دەست ئاماژە دەکات.

3– مەدریس: مەجلیس، کۆڕی دانیشتن، دیوەخان

4– ڕۆژ: خۆر

5– مانگ: مەبەست لە (مانگ)ی ئاسمانە.

6– چۆپێ: چەپێ، چەپی

7– ئەمە کاریگەری ئایینی ئیسلامی بەسەرەوەیە, بەتایبەتی لە خەونەکەی ئەبوبەکری سددیق کاتێك ڕۆژ هاتە باوەشی, یان فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ) کاتێك فەرمووی ئەگەر ڕۆژ بێتە شانی ڕاستەم و مانگیش بێتە شانی چەپەم واز لەو ئایینە ناهێنم.

گۆتی: بۆو خوایەی ئەمن نازانم. بەس گۆتی: مەلای میسریێ، مەلای مزگەفتیێ گەورەی میسریێ، تەعبیریێ خەونیێ توو ئەزانی.

پیرەمێردیش بزر بوو لەپێش چاوانی.

پەککو گۆتی: ئۆ چ بوو خوایە! ئەجا باشە تاران لە کیێ و میسر لە کیێ و ئەمن کوەگەمە[1] میسریێ و کن مەلای میسریێ و تەعبیریێ خەونێم لۆ لێك داتەوە؟

شێت بوو، گۆتی: ئیللا ئەچم. ئەودەمیش سێیارە و مێیارە نەبووە، بە پێیان، وکی دەروێشان بەو شارو بەو گوندانەدا ڕۆیی بەرەو میسریێ.

ئاقر و بەختی فەقیێ ئەحمەدیش بەشەڕ هاتن، ئاقری گۆتی: بەخت! ئەمن نێم چ و پیێ ناکریێ؟

کوڕە گۆتی: بڕۆ، ئەمن ئەگەر ئەتوش نەبی، دنیاییێ لۆ ئەکەمە زێڕ.

کوڕە گۆتی: دونیایەکی لۆ بکەیە زێڕ، ئەمن دەگەرت دانەبم، سەرت ئەچتە قوڕیێ.

گۆتی: وەڵا هیچ منەتت نەبی.

دە گۆتی: ئەمن ئۆوە نەهاتم.

ئاقری فەقیێ ئەحمەدی ئاقری لە کەللەی چۆ دەریێ، بە بیێ ئاقری ڕۆیی، بەس بەختەکی هەبوو، بەختی ئەوهە کەس کەس نەبوو، بڕۆ... وەکی شێتان ئەڕۆیی، هیچ ئاقری نەبوو. بڕڕڕۆ بڕڕڕۆ هەتا گەیشتە میسریێ، بانگی مەغریبیێ، چۆ مزگەفتیێ میسریێ و نوێژی بە جەماعەت کرد لە دوو مەلایەکەی و چۆوە ماریێ: سەلاموعەلەیك!

سەلام بەخێرێی، فەرموو کاکە!

گۆتی: میوانم.

گۆتی: فەرموو دانیشە.

نانیان خوارد و گۆتی ماموەستا ئەمن خەونم دیتییە!

گۆتی: ئەتوو خەرکی کێندەری؟

گۆتی: ئەمن ئی تارانێمە.

گۆتی: چیێ؟

گۆتی: بەو قورعان لۆ تەعبیریێ خەونیێ لە نەفسی[2] تارانیێ هاتیمە کنە توو تەعبیرێم لۆ لێکدەوە.

گۆتی: کوڕم چییە؟

---

1- کوگەمە: کو بگەمە، چۆن بگەم بە...

2- لە نەفسی تارانیێ: لە خودی تارانیێ، لەناو تارانیێ

گـۆتی: مامۆسـتا ڕۆژم هاتـە باغـەرێ ڕاسـتێ، مانگیشـم هاتـە باغـەرێ چـۆپێ. هەردووکیشم لە باغەرێ چوونە دەرێ، چوونەوە بەری حاسمانێ.

وەکـی مامۆسـتای تەماشـای تـەعبیرنامێ[1] کـرد، کچـێ پاشـای تـارانێی بـە نسـیب ئـەبی، کچـێ مـەلیکێ حیجازێشـی بەنسـیب ئـەبی، کچـێ مـەلای میسرێشـی بەنسـیب ئەبی، حەفت کوپە زێڕانیش ئەبینیتەوە.

وەڵا بەینەکی ڕاوەستا و گۆتی: مامۆستا لۆ ڕاوەستای؟ تەعبیرێم لۆ لێبدەوە.

مامۆستای فکری کرد، گۆتی ئێستا برێم کچێ شای تارانێت بە نسیب ئەبی و کچێ مەلیکێ حیجازێت بە نسیب ئەبی و کچێ منیشت بە نسیب ئەبی و حەفت کوپە زێڕانیش ئەبینیەوە، ئەو کابرایە لە کنە من نابی ئەڕوا، حەفت کوپە زێڕەکە بە نسیبی من نابن، وەچاکە پێی برێم کوڕم ئەتوو کچێ منت بە نسیب ئەبی و دەبی ئەلعان لێت مارە بکەم. گۆتی ئەوهە نەبی ئەو پیاوە لە کنەمن نامینێتەوە، ئەڕوا، کوپە زێڕەکە لۆ من نابن...

هۆو گۆتی: کوڕم فەقێ ئەحمەد، ئۆ کێ ناردییە ئێرە؟

– وەڵا پیرەمێردەك بوو گۆتی هەڕوە کنەوی.

ئۆ گۆتی: کوڕم پیرەمێردی زانییە زانییە، تەعبیری خەونێ توو ئەزانی چییە؟

گۆتی: چییە؟

گۆتی: کچێ منت بەنسیب ئەبی، دەبی ئێستا لێت مارە بکەم.

کوڕە گۆتی: مامۆستا هەر ئەوەندە ئەمن لە تارانێ ڕا هاتیمە؟

ئێ گۆتی: کوڕم چ بکەم، خەونەکەت ئەوەندەیە.

ئێ گۆتی: وەڵا مامۆستا ئەوە چ نییە.

گۆتی: کوڕم دەبی لێت مارە کەم.

هەرستان، بەخۆ مەلایە، لێی مارە کرد و قەسرەکی زۆر جوانی لۆ کڕی و ژنـی لۆ گواسـتەوە نـاو قەسـرێ، بووکیـان دە پـەردێ کـرد و فـەقێ ئەحمـەد چـۆ ژۆرێ و لـەکن پێراوان قاپووتی خۆی ڕایەخست و لەسەر، لێی پارداوە.

بووکێش گۆتی: فەقێ ئەحمەد! ئـەدی ئـەمن خێزانـی تـوو نیمـە، بوویمـە بـووك و لـۆ توو هاتیمە، لۆ نایە ئێرە؟ لۆ ناکشێیە سەرەوە؟

نا گۆتی: جێم خۆشە، ئەتوو لۆ خۆت بنوو.

عاقری نەبوو بچتە کن بووکێ، عاقری دەگەر نەهاتبوو، لێی پارداوە.

---

1– تەعبیرنامە: کتێبی لێکدانەوەی خەونان

بووکێ گۆتی: تەح[1] بابی وەڵا مێردی لۆ من دیتەوە، توخوا ئەوە پیاوە؟ ئەوە لە زارکی دەرکیٚ؟!

کوڕە گۆتی: لۆ نایە کنە من بنوی؟

گۆتی: نا نا ئەتوو بنوو، جێم خۆشە. لەوێ لێ نووست.

سبەینێ چووە بازاڕی هیچ ئیشەکی ناکا، فەقێ ئەحمەد نزانی، هێوارێ هاتەوە دیسان شەوێ چووە کن بووکێ، لەسەر پێراوان لێ نووست، بووکێ واگۆ کوڕە ئەتوو لۆ نایە سەرەوە؟

نا وەیەگۆ: لۆخۆ بنوو جێم خۆشە عەیبم نییە، لۆ خۆ ئەتوو بنوو... لەسەر پێراوان لێ ئەنووست.

ڕۆژەك نەبوو، دوو نەبوو، سێ نەبوو، مانگەك نەبوو دوو نەبوو، دە باشە مەلای گۆتی: حەفت کوپە زێڕان لە کێ ئەبینتەوە، لە بازاڕی! هەر بگەڕێ و بسووڕێ و بخوا و خزمەتی کەم، ناموێ وەباشە ئیشەکی لۆ وەبینم، بەشکەم زێڕەکان ببینتەوە، گۆتی: کوڕم فەقێ ئەحمەد، ئەتوو ئیشەکی ناکەی؟

ناوەڵا گۆتی: ئەمن هیچ نزانم! ئەمن قاوەچی بوویمە و تەواو هیچ نزانم.

نا گۆتی: کوڕم ئەمن جۆتە هێسترەکی چاکم هەیە و ئەوسار هەندەك گەنمی ئەکەین.

گۆتی: ماموەستا دەبی دەگەرم بێی؟!

گۆتی: دەگەرت دێم.

هەرستا دوو تەنەکە گەنمی لە هێسترێ نان و فەقێ ئەحمەد سواری هێسترەکی بوو، ئەویش سواری هێسترەکی بوو، چوو لە کن عاردی خۆ جۆتی لۆ فەقێ ئەحمەدی دابەست و گۆتی: کوڕم ئەوها دەستەندووی[2] بگرە و بڕۆ.

فەقێ ئەحمەدیش نەیەزانی، لات لات[3] لێ بڕیتەوە، ئەوسەر و ئەوسەری عاردەکەی لێ ئەخوڕی، عاردەکەش یەك کیلۆمەتر بوو، لێیەخوڕی بەس خەتەکی ئەکرد هەتا هێوارێ، ماموەستاش گۆتی: قەیدی نییە، ماموەستای لۆ گەنمی نەبوو، هەر لۆ

---

1–تەح: تیاح، پیاح، ئامرازێکە بۆ سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن بەکاردێت.

2– دەستەندوو: دەستەمستە، دارێکە بە قونکی هەوجار دەخرێ، بۆ ڕاستکردنەوەی هەوجار لەکاتی جووت کردن لەناو خەتی جووتدا بەکاردێت

3– لات لات: پارچەیەکی بچووکی جووتکردن.

هەندێی بوو بەشکەم ببینیتەوە. وەیەگۆ کوڕم فەقیٚ ئەحمەد ئەتوو لۆ هەندەی، سەدەی[1] هەندە درێژە؟

وێیەگۆ[2]: ماموەستا ئەمن ئەوها ئەزانم ئەوهە باشە. ئەوسەرو ئەوسەری لیٚ ئەخوڕی.

ماموەستای گۆتی: دەی کوڕم قەیدی نییە، ئەمن ئەچمەوە. ماموەستا چۆوە و وەختەکیٚ لە ناوەندیٚ خەتیٚ گاسن زرینگەی هات، دە کوپە زێڕەکی ئارا،[3] ئەو زێڕانە هاتنە دەریٚ. فەقیٚ ئەحمەدی ئاقری نەبوو، ئای گۆتی: ئۆ بەردی دۆرمانن،[4] چەند جوانن، ئەو بەردە دۆرمانە هەمان[5] لۆ مەلاژنیٚ ئەبەمەوە، بەو خوایەی مەلاژن هێواریٚ نییە ئەوەندەم خزمەت ئەکا. جۆڕکیٚ هێسترانی پڕ کردۆوە، ئەو جۆڕکەی کا و جۆی تێکا لۆ هێستران ئەوی پڕکردن لە زێڕی.

لە هێسترێی قەیم کردن، هێواریٚ چۆوە، مەلاژن چوو تێڕ[6] و توران لە هێستریٚ وەکا، وەکی تەماشای کرد جۆڕکەکان گەلەك گرانن، لە هێسترێی کردنەوە، تەماشاکا پڕی زێڕە. غاریدا کن مەلای، گۆتی: ماموەستا! کوڕە گۆتی: وەرە!

گۆتی: چییە؟

کوڕە گۆتی: وەرە مارویێران، ئەوە دوو جۆڕکی پڕ زێڕ هینایینەوە.

کچیٚ گۆتی: لێی گەڕیٚ حەفت کوپن، حەفت! لێی گەڕیٚ، ئا ئا. بریٚ ئەگەر لێینی، بینەوە.[7]

گۆتی: کوڕم فەقیٚ ئەحمەد، ئۆ چنە هینایتتەوە؟

وەڵا گۆتی: ئامۆژن ئەوە بەردی دۆرمانن، گۆتم لۆی ببەمەوە لۆ دۆرمان.

گۆتی: کوڕم ئەگەر لێینی بینەوە، ئەمن دەستە خوشکم هەنە، دەبی هەندەکیان دەمیٚ و وەڵاهی ژنەکی قون لێکەتیشم[8] لەوانەیە لێم بزر بن، ئەگەر بینی.

وەڵا گۆتی: ئامۆژن هەندی لێنە.

---

1- سەدە: خەتە جۆت

2- وێیەگۆ: وەیەگۆ، وای دەگوتیٚ، وای پیٚ دەگوت، دەیگوت، وای دەوت

3- ئارا: ئالاٚ، گیر بوو

4- دۆرمە: دۆڵمە، یاپراخ، بەردی سەر یاپراخ

5- هەمان: هەمووان، هەموویان

6-تێڕ: بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل لەسەر پشتی وڵاخ دادەنریٚ، دوولا، یان دووتای هەیە، جاران بۆ هەڵگرتنی گلٚو کەلوپەل بەکاردەهات، بۆ تێکردنی ئاویش پێیان دەگوت ڕاوییە.

7- بریٚ ئەگەر لێینی، بینەوە: پێی بلٚیٚ ئەگەر لێیەتی، هی دیکەش بهێنێتەوە.

8- قون لێکەتی: (ئیدیۆمە) بۆ کەسێکی بێسەروبەر و شەپڕێو کە لە ماڵەوە تەنبەڵ بێت بەکاردێت.

گۆتی: هەمووان بینەوە.

گۆتی: هەموو ڕۆژێت دوو جۆڕکان لۆ دینمەوە.

بێ عاقر بوو، هەموو ڕۆژێ دوو جۆڕکی پڕ زێڕی دەینانەوە. حەفت کوپە زێڕ، پێنج کوپی خەلاس کردن، کوپێ شەشەی شکاند، قۆرتەکی لێدا، بنی هەریکۆری هەریکۆری، تەماشای کرد زین و لغاوەکی زێڕی تێدا لەناو کوپەی. ئەوەندە ئاقرۆکەی پێدا شکا: وەڵا گۆتی: ئی شای تارانێ لە ئەسپی ئەکرد، ئەوە هەوە، هەموو جارێ وەکی ئەچووە ڕاوێ، وای ئەلعان ئێك هەبا لۆ شای تارانێ بە دیاری لۆ ناردبام!

دەو دەمی دا، کاروانەکی قاچاغی ئەچوون ئەشتی[1] ئێرانێ بینن، دەوێدا هات، بانگی کردن فەقێ ئەحمەدی: هۆ کاکە ئەنگۆ کێواچن؟

وەڵا گۆتیان: خارە ئەچینە ئێرانێ.

دە گۆتی: ئەو دیاریەم لۆ شای تارانێ لۆ نابەن بە دیاری؟

گۆتیان: سەرچاو، بینە.

هەر ساقۆی[2] خۆی هینا و لەناو ساقۆی خۆی ناو، بە سوژنێی درووی و خڕ خڕ[3] و وێیدا، قاقەزۆکەکیشی نووسی گۆتی: ئەوە لە لایەن فەقێ ئەحمەدەوە هاتییە لە شاری میسرێ.

کاروانەکەش نەیانزانی ئەوە چییە، بردیان داخیلی ئێرانێ بوون و چوونە تارانێ، چوونە کن پاشای و گۆتیان: شا! کابرایەکە ناوی فەقێ ئەحمەدە لە میسرێ، ئەو هەدیەی لۆ توو ناردییە.

ئەویش شکاندی، تەماشاکا[4]، زین و لغاوی زێڕن؟! گۆتی نەیبینە[5] وەزیرینە! باشە ئەمن چ بکەم ئێستا، ئەمن چ لەو کابرایەی بکەم؟ ئەو کابرایە ئەمن نەیناسم، ئەمن میسرم بە حەیاتی نەشدیتیە، ئەو کابرایە ناوی فەقێ ئەحمەدە لە شاری میسر، ئەو شتەی لۆ من ناردییە، ئەمن چی لۆ بنێرم ئێستا؟ باشە خۆ تابیلی[6] ماری دنیایێ نییە، ئەمن لۆی بنێرم، زێڕ و گەوهەری ناوێ، زین و لغاوی لێرە لۆ من ناردینە.

---

1- ئەشتی: شتی، شتومەکەکی..

2- ساقۆ: باڵتۆ، پاڵتۆ، قاپووت

3- خرخڕ: پێچایەوە

4- تەماشاکا: تەماشا دەکات، سەیر دەکات.

5- نەیب: نائیب، نوێنەر

6- تابیل: تالیب، داوا، لە خۆشناوەتیدا هەندێ وشە جێگۆڕکێی بە دەنگەکان دەکرێ، وەك: جومعە=جوعمە و ڕوبع=روعب... تد

گۆتیان: جەنابی پاشای، گورەکت هەیە لە باغی، لۆی لەناو کەژاوەکی دانیٚ، ئەتوش لۆی بە دیاری بنێرە.

ئەشەدوبیللا گۆتی: قسەی توو.

بانگی کاروانەکەی کرد گۆتی: وەرن! ئەگەڕێنەوە؟

گۆتیان: بەریٚ سبەینیٚ.

گۆتی: سبەینیٚ ئەو کەژاوەم لۆ تەسمیلی ئەو کابرایەی ئەکەن، ئی هەدیەکە و لەکن هینایە!

گۆتیان: بەسەرچاو.

کچەی لەناو کەژاوەی دانا، پاشای و چەند خشلٚ و زێڕی دونیاییٚ هەیە پێیوەکرد، لەناو کەژاوەی دانا و لە ئەسپەکیان قەیم کرد و وەگەر کاروانی هێخست.

کاروان ڕۆیی، فەقیٚ ئەحمەد ئا ئەوسەر و ئەوسەر جۆتی ئەکا، لە ڕاستی فەقیٚ ئەحمەدی گۆتیان: هۆ کاك فەقیٚ ئەحمەد!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: ئەوە شای تارانێش ئەو هەدیەی لۆ توو ناردییە.

گۆتی: لەوێی دانێن، ئەنگۆ بڕۆن.

چوون کەژاوەیان لەویٚ دانا و ڕۆیشتن، هەتا خەتەکەی کرد، هەتا هێواریٚ خەتەکەی ئەکا، ئۆ هەر لەناو کەژاوەیە. هێواریٚ چوو دەریهینا لەناو کەژاوەی، سواری هێسترەکی کرد، ژن بە حەیاتی، کچیٚ شای تارانیٚ دیویٚ دەرێی نەدیتییە. سواری هێسترێی کرد و لۆ ماریٚ. گەیشتەوە حەوشیٚ ماریٚ مەلای، مەلاژنیٚ چاو وەژنیٚ کەت، ئەو ژنە ئشتی ئەوهە نییە، ئشتی وەهە جوان نییە، غارە لۆ کن مەلای، گۆتی: مەلا وەرە دەریٚ، عەمری شاقەلانت نەمینیٚ. وەڵا وەبیللاهی وەتیللاهی ژنەکی هینایە، ئشتی ئەوهەم نەدیتییە.

کچیٚ گۆتی: بینە دایبەزینە کچیٚ شای تارانێیە، بڕۆ بیبە کن کچیٚ خۆ، بە حورمەتی ڕاگرە بڕۆ.

کچەیان هینا خواریٚ و بردیانە کن کچیٚ مەلای، کچیٚ مەلای گۆتی: خوشکە ئۆ لە کیٚ ڕاهاتی ئەتو؟

گۆتی: ئەمن کچیٚ شای تارانێمە.

بەخوا گۆتی: حاری من خۆشە، نۆبەتیٚ کچیٚ شای تارانێیە بیٚ! بە خوا فەقیٚ ئەحمەدەکی جوانە! با هەر ژنی لۆ بینن.

فەقێ ئەحمەدیش هێواریێ هاتە سەر پێراوان و ئۆ دوو بووك داندراینە، هێواریێ هاتەوە قاپووتی ڕاهێخستن و لە زارکی دەرکەی و لەسەر نووست و هەردوو بووك ئەو دوو کچە شازانە، فەقێ ئەحمەد لۆ نایە کنەمە؟

نا نا گۆتی: ئەنگۆ لۆ خۆ بنوون جێم خۆشە.

پیاح وەڵا گۆتیان: بابە!

ئێه سبەینێ چۆوە جۆتی، هەریکۆری[1] ئەو عاردە، کوپەکی دیکەی دەرینا، تەماشای کرد ئەویش زین و لغاوەکی زێڕی تێدانە، گۆتی: ئەوانە جوانن، وارێن مەلیك هەیە لە حیجازێ، بریا ئەوەشم لۆ وی ناردبا. کابرایەکی زۆر بە عەدالەتە.

عاجی ئەچوونە عەجێ، بانگیەکردن: مام عاجی!

گۆتیان: ئۆ چینە عەجێ.

گۆتی: مام عاجی لۆ ئەو هەدیەم لۆ مەلیکی حیجازێ لۆ نابەن؟

گۆتیان: بەسەرچاو ئەمە عاجینە و بینە و وێندە و ئەبەین.

زەمانی خۆش بە سواری حوشتر و ئەسپ و ئەشتی وەهە بووە،[2] سەیارە و تەیارە نەبووە. وەڵا لەسەر وراغەکیان قەیم کرد و بردیان. گەیشتنە حیجازو لۆ مەلیکیان برد، مەلیکیش لەناو مەدریسێ نەیب و وەزیر و گزیر دانیشتینە. لێکی کردەوە، تەماشای کرد زین و لغاوی زێڕە، فەقێ ئەحمەد ناردیتی لە شاری میسرێ.

پەککوو گۆتی: وەڵاهی وەبیللاهی وەزیرینە، ئەمن ئەو فەقێ ئەحمەدەی نەناسم، میسرم هەر نەشدیتیە، دەبی ئەوە برادەر بی، دەبی ئەوە باشە لۆچی لۆ من ناردبی؟!

وەڵا گۆتیان: پاشا دیارە ئۆ دەتناسی.

جا گۆتی: باشە چ شایستەی ئەو کابرایە ئەمن لۆی بنێرم؟

وەڵا گۆتیان: پاشا خۆ ئەو ماری دنیاییێ ناوێ، زین و لغاوی زێڕی لۆ توو ناردیە، گورەکت هەیە لە باغی لۆی بنێرە و تەواو، ئەتوو پیاوەتییێ خۆ ڕاستەکەیوە.

ئەویش کچێ خۆی ڕازاندەوە و زێڕ و خشلی دنیاییێ[3] پێوەکرد، لەناو کەژاوەکی دانا و تەسلیمی عاجیانی کرد. گۆتی: لە کێ و هینا بوو هەدیەکە، لۆم ئەبەنەوە وێ.

گۆتیان: بەسەرچاو مەلیکی گەورە.

کەژاوەیان هینا هەتا ڕاستی فەقێ ئەحمەدی: هۆ کاك فەقێ ئەحمەد! ئەوە هەدیەکەی لۆ ناردی مەلیکی حیجازێ.

---

1- هەریکۆری: هەڵیکۆڵی

2- ئەشتی وەهوە بووە: شتی ئاوا بووە، شتی ئاوەها بووە.

3- دنیاییێ: واتە زێڕ و خشلێکی زۆر

گۆتی: لەوێی دانێن ئەنگۆ بڕۆن.

ڕۆیشتن و ئەویش هێواریٚ خەتەکەی تەواو کرد، بووکی هینا دەریٚ و سواری هێستریٚی کرد و لۆ ماریٚ، مەلاژنیٚ چاو وێکەت و غاریدا دەریٚ: کوڕە گۆتی: مەلا بەرگی نوێت لیٚ مومبارك نەبی، سەرت بە ڕەشیٚ بابی،[1] وەرە ئێکی دیکەی هینایە نەوعی نییە.

کچیٚ گۆتی: بڕۆ دایبەزینە، کچیٚ مەلیکی حیجازە. بڕۆ یەڵڵا.

وەلاٚ دایبەزاند و ئەویشیان بردە کن بووکیٚ دی، دایاننا، کچیٚ مەلای گۆتی: پیاح حارن خۆشە، با هەر خڕ بنەوە، باشە بە چاچی[2] با هەر خڕببنەوە،[3] چییە؟

فەقیٚ ئەحمەد شەویٚ هاتە کن بووکان و لەسەر زارکی دەرکەی قاپووتی ڕاهێخست و لەسەر لێی پارداوە، گۆتیان: فەقیٚ ئەحمەد لۆ هەرناکشێیە کنەمە؟

نا گۆتی: جێم خۆشە، ئەنگۆ لۆ خۆ بنوون. جێم خۆشە بنوون.

ئەو نووست لەسەر قاپووتی، ئەوانیش نووستن، فەقیرانە!

ئێه، ماوەك پێچوو، شای تارانیٚ گازی نەیب و وەزیرانی کرد: گۆتی: نەیب و وەزیرینە!

گۆتیان: بەریٚ.

گۆتی: لۆ سەفەرەکی میسریٚ نەکەین؟ کن فەقیٚ ئەحمەدی زاوامان. خۆ ئەمن کچیٚ خۆم لۆ ناردیە، زاوای خۆم نەدیتیە. کچم ئەوەندە سارە نەمدیتییە!

گۆتیان: گەورەم ئەمرە.[4]

گۆتی: ئەچین سبەینیٚ، سبەینیٚ ئەڕۆین.

تاقم و تەدارەکیان[5] وەخۆ هێخستن و سبەینیٚ لە تارانیٚ وەڕێکەتن.

مەلیکی حیجازیش بەو دەستوورەی گازی نەیب و وەزیرانی کرد، سبەینیٚ وەخۆ کەون ئەچینە میسریٚ، سەرەکی لە زاوای خۆ ئەدەم!

– ئەمرەکەی.

ئەویش بەڕێکەت، عاقری فەقیٚ ئەحمەدی گۆتی: بەختی گەواد پێم گۆتی: دێم، گۆتت میٚ، منەتت نەبی، ئێستا بیٚ ئەوهانە بێنە کنی و کابرا جۆتیارە، کەللەی نییە

---

1– سەرت بە ڕەشیٚ بابی: جنێوێکە

2– بەچاچی: بە چی دەچی، نرخ و بەهای نییە.

3– خڕببنەوە:کۆببنەوە.

4– ئەمرە: فەرمان دەکەی

5– تەدارەك: کەلوپەل

هیچ نزانی، باشە ئەو دوو پاشایەی بچنە کنێ ئەو فەقیرە، ئێ شێتەکە لەو گۆڕەی، چەندی گۆتم دێم، گۆتیان بێ منەت بە، بەو خوایەی فەقێ ئەحمەدی بەستەزمان حەیای ئەچی. وەچاکە بچم خۆی بگەینمێ، خوا دەزانی ئەو کابرایە نامووسی ئەچی.

عاقر هات وەك مەردان، هات هاتە میسرێ، لە کونێ دەرکەی چۆ ژۆرێ، چووە ناو مێشکی فەقێ ئەحمەدی هەر ڕاست وەخەبەر هات، ئەوهەی کردێ، تەماشاکا سێ ژن درێژ بووینە، ئەشتی ئەوهەی نەدیتینە...

تەهـ گۆتی: ئۆ چییەوە! باشە ئەمن دەبی لە کێندەر بم؟ چییەوە؟ ئەمن ئەو هەموو بەردە دۆرمانەم هینانەوە ئەو هەموو زێڕانە، ئەوە مەلای ئەمن پێ کەر بوو، بابی بە سەی ئەگێم. ڕاست چووە دەرێ، تەق لە دەرکەی مەلای دا بەو نیوەشەوەی: مامۆستا!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: وەرە دەرێ.

بەونیوەشەوەی، بەو خوایەی گۆتی: دەمکوژی، هەتا ئەلعان بڕەك گێلۆکە بوو، ئەلعان شێت بووە.

گۆتی: مەلا وەرە دەرێ، قورعان بە حاقت بە ساحێبت، نێیە دەرێ دەتکوژم.

مەلا بە لەرزین هاتە دەرێ، کوڕە گۆتی: فەقێ ئەحمەد چییە؟ لێت شێوایە؟

گۆتی: مامۆستا!

گۆتی: ها

گۆتی: بە بارانم زێڕ هینانەوە، ئەتوو ئەمنت پێ خەشیمە. بڕۆ بانگ دە، جەماعەتیش لۆ خەرکی بکە، وەرەوە ئێرە، تا مەحکەمەت بکەم زوو.

وەڵا چوو بانگی دا و جەماعەتی کرد و چێشتێ[1] زوو هاتەوە مارێ: فەرموو!

گۆتی: مامۆستا!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەو شارە چەندە؟

گۆتی: دوو هەزارە.

گۆتی: چار هەزار قاپی زێڕم لۆ دروستەکەی! ئەجا لە چار هەزاری دەبی پتر بی، چار هەزار و پێنجسەت قاپی زێڕ لۆم دروستەکەی، دەنا خوا لە ژۆری سەرییە دەتکوژم.

گۆتی: کوڕم، سەرچاو.

---

1- چێشتێ: چێشتەنگاو، پێش نیوەڕۆ

گۆتی: ئەو قەسرەشم ناوێ، قەسرەکم دەبی لۆ بکڕی، سەت لەوەی چاتر بی.

گۆتی: کوڕم بەسەرچاو.

قەسرەکی لۆ کڕی، پارەیە! دوو هەزار و پێنجسەت قاپی زێڕی بە زێڕینگران دروست کرد، ئەوانە درەنگ دێن، ئەوانە بەڕێوەن، تاران لە کێ و میسر لە کێ، ئەوانە زۆریان پێ چی.

پاشای شاری لۆ نەمرد! بازی هەرداوێن، بازیان هەراویشت، لەسەر سەری فەقێ ئەحمەدی هەرنیشت:

کاکە ئەوە زاوای مەلایە و ئەو بەستەزمانەیان چییە هینایتە ئێرە و...

کاکە لاکۆ مەلا بیبەوە ئەو گێلۆکە چییە، خۆ نایکەینە پاشا؟!

سێ جاریان باز هەراویشت، هەر سێ جار لەسەر سەری فەقێ ئەحمەدی نیشت، کوڕە گۆتیان: پاشایە و خەلاس و بڕێتەوە.

فەقێ ئەحمەد بووە پاشا، ژنێ پاشاشیان لێ مارە کرد. بوونە چار، ئەو نەچوویتە کنیان هیچ. ئەگەر دە ڕۆژ پێچوو، مانگەك پێچوو، ئۆردی و بارەگای شای تارانێ ئۆردی و بارەگای مەلیکی حیجازێ، لە دەورەی شاری میسرێ گەیشتنە یەك: چۆنی، چاکی!

گۆتی: ئەتوو چۆنی!

گۆتی: ئی کێندەری؟

گۆتی: مەلیکی حیجازم.

گۆتی: ئەتوو کی؟

گۆتی: شای تارانم.

گۆتی: کێواچی؟

وەلاهی ئەمن کچم بە دیاری ناردبوو بە هەدیە لۆ فەقێ ئەحمەدی لە شاری میسرێ...

مەلیکی حیجازێ گۆتی: بە قورعان دەنا ئەمیش کچێ خۆم ناردییە لۆ فەقێ ئەحمەدی لە شاری میسرێ، ئەو زین و لغاوەی لۆ ناردیمە.

گۆتی: ئەو زین و لغاوە زێڕەشی لۆ من ناردییە.

دە گۆتی: بەو خوایەی ئەمە زاوای هەردووکان ئێك زاوایە. دەبی زاوامان شوان بی گاوان بی، پاشا بی؟

کوڕە گۆتیان: پاشایە، پاشا. دەنا زین و لغاوی زێڕی کا هەنە!

دە گۆتیان: دوو کەسان بنێرنە شاری، خەبەرێ بینن.

دوو کەس چوونە شاری، گۆتیان: کاکە فەقێ ئەحمەد لەو شارەی هەیە؟

گۆتی: بەرێ، تازە بوویتە پاشا.
ئۆه گۆتیان: هەوە.
چوونە دیوارخانێ، سەلامیان کرد و سەلامیان لێ وەرگرتەوە و گۆتیان: فەقێ ئەحمەد!
گۆتی: بەرێ
گۆتیان: شای تارانێ و مەلیکی حیجاز، سبەی نیوڕانێ لێرە میوانن.
- سەرچاوم بەخێربێن، بەخێرێن.
گاسی[1] مەلای کرد گۆتی: مامۆستا!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: لە هەموو شتەکی سەتی سەر ببڕە، نەك سەت، بزن سەت، گۆلك سەت... نەکەی، بە قورعان هەلا هەلات[2] ئەکەم، مەولوودەکم لۆ کەی، هەموو شارم لۆ بانگەکەی، مەولوودەکەش، نان خواردنەکەش،[3] لە دەرەوەی شارییە.
گۆتی: سەرچاو.
کوشتنیانەوە و مەولوودەکی کرد، سبەی نیوڕانێ چەند خەرکی ئەو شارەی هەیە، هەموو دەعوەتی فەقێ ئەحمەدی بوون. هەموو شیویش لە قاپی زێڕ ئەبی.
گۆتیان: کاکە شای تارانێ و مەلیکی حیجازی هاتن، فەقێ ئەحمەد سواری وراغی بوو بە پیریان وەچوو لەگەر تاقمەی خۆ، دایانبەزاندن و هاتن دانیشتن و شیو تێکراو هەمووی قاپ زێڕە، نان خوراو، فەقێ ئەحمەد هەستا سەر پێیان، گۆتی: خەرکینە هەر کەس قاپی لۆ خۆی دە باغەرێ نێ و باتەوە.
هەر بابا بوو قاپێ خۆی دە باغەرێ نا. بەرام مەلیکی حیجازێ و شای تارانێ شەرمیان کرد، بانگی دوو پیاوێ خۆیان کرد، گۆتیان: قاپێ مەش بەنەوە هاگاو[4] لێ بی ها!
گۆتیان: باشە جەنابی پاشای.
خورامەکان ئێك و قاپیان لۆ مەلیکی حیجاز و لۆ شای تارانێ دە باغەرێ نا.
گۆتی ئیمە و لەبیر نەچی ئەمە عەیبە دەباغەرێ نێین.
نان خوراو گۆتیان: کاکە فەقێ ئەحمەد!
گۆتی: بەرێ

1- گاس: گاز، بانگ
2- هەلا هەلا: پارچە پارچە
3- مەولوودێکی بەنان و شیو، واتە خواردنی لەگەڵدایە
4- هاگاو: ئاگاو، ئاگاتان

گۆتیان: دەمانەوێ کچەکانمان ببینین و بگەڕێینەوە.
گۆتی: سەرچاو ئۆ لە قەسرێنە.
شای تارانێ چووە دوو کچێ خۆ، مەلیکی حیجازێش چووە کن کچێ خۆ:
– کچم کوونە، باشن!
وەڵا بابە زۆر باشین و...
گۆتی: مێردەکە و کوە؟
گۆتیان: وەڵا بابە مێردەکەن هیچ نییە.
کو هیچ نییە؟ ئۆ پاشایە و ئەو دەوڵەتە گەورە هەموو ئی وییە و...
وەڵا گۆتیان: بابە هیچ نییە، بەس بە ڕاستی تەواو نییە.
– کو وەیە؟
گۆتی: نا بەخوای.
گۆتی: کچم تەواو نییە قەیناکا، ئەمە دەوبەینەوە، ناونێرینەوە، وەشمەرێن[1] ئەوە پیاو نییە و یان ئەشتەکی وای بەسەر هاتییە، با عالەم فکرێ نەکا و ناوی با بە سووک نەڕوا. بەحس مەکە.
هاتنە خوارێ لە قەسرێ و گۆتیان: کاك فەقێ ئەحمەد ئەجا ئەما ئەگەڕێینەوە، کچەکانیش ئەبەینەوە بەس نایاننێرینەوە، وەڵاهی حەسەب ئەوەی کە عالەم باسەکا، ئەتوو بەڕاستی پیاو نی.
گۆتی: لۆ؟
گۆتی: وەڵا ئەمە کچەکانمان چەند سارە ناردینە، هەر وەکی خۆ کچن.
جا گۆتی: گەوادینە ئەنگۆ لە منو مارە کردییە؟ ئەمنو دیتییە؟
گۆتی: ناوەڵا.
شایەد هەبووینە ئەو ژنانەم ئەوا لەو کابرایەی مارە کرد و بگوێزنەوە؟
گۆتی: ناوەڵا.
– ئەنگۆ بە هەدیە و لۆ منو ناردینە، ئەمن کو دە کچێ نگۆ ژووم،[2] ئەدی نابی لێم مارە کەن.
وەڵاهی گۆتیان: شەرت بی ڕاستەکەی.
– ماموەستا!

---

1– وەشمەرێن: واش مەڵێن، واش مەڵێن
2– ژووم: بووەژەنم، تێوەژەنم، بکوتم

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: وەرە لێی مارەکە.

لێیان مارە کرد. مامۆستا هات ئەجا هەر چاری لیٚ مارەکردن.

وەڵا فەقیٚ ئەحمەد شەویٚ چووە کن هەر چاران و شەویٚ گۆتیان: کچم کوە مێردەکە و...؟

وەڵا گۆتیان: بابە زۆر چاکە.

ئیٚ گۆتیان: باشە موبارەکە.

وەڵا ئەجا دەست و دمی کاک ئەحمەدیان ماچ کرد و فەقیٚ ئەحمەدیان بەجیٚ هێشت. بووە پاشاو بووە ساحێبی چار ژنان و قەسر و قسوورو...

ئەمیش لەوسەری هاتمەوە هەقایەتم بڕا و تەواو ببڕێتەوە.

# کاروباری ماریٚ ژن بەڕێوابا[1]

جەماعات گویٚ لیٚ ڕابگرن، درۆپان[2] مەکەن.

دوو برادەر هەبوون، ئەو دوو برادەرە دار فرۆش بوون، دارفرۆشتنیان ئەکرد بە دایمی، ئێکیان ناوی حەمەد بوو، ئێکیان ناوی مەحموود بوو. کاك حەمەد پیرەداکەکی هەبوو مەحموودیش هیچی نەبوو، ئیشی وانە دارفرۆشتن بوو. ئەجا بڕێن ئەو دارانەیان ئەبردنە جێیەکی وەکی ڕانییٚ، هەولێریٚ. ئەلمهیم لە گوندی وان ئەو شارە نێزیك بوو، شارەکەش پاشایەکی گەورەی لێبوو، تەقدیریٚ خوای ڕۆژەکیٚ پاشای شاری، گازی ژنیٚ خۆی کرد گۆتی: ژنیٚ!

گۆتی: بەریٚ!

نەیب و وەزیریش دانیشتینە، قازی دانیشتینە. گۆتی: ژنیٚ!

گۆتی: ها

گۆتی: ئەمن ئیشەکم بە تووە!

گۆتی: فەرموو.

گۆتی: کاروباری ماریٚ ژن بەڕێوە ئەبا یان پیاو؟

ژنەکە لەبەر خاتری ئەو جەماعەتەی نەیب و وەزیر و گزیران شەرمی کرد لە ڕووی مێردی خۆدا بریٚ کاروباری ماریٚ ژن بەڕێوابا.

دووەم جاری لیٚ پرسی دیسان شەرمی کرد، سێیەم جار کچەکی عەزەبی هەبوو سەری لە پەنجەریٚ هینا دەریٚ، گۆتی: بابە کاروباری ماریٚ ژن بەڕێوابا نەك پیاو!

پاشا بانگی دوو جەللادانی کرد گۆتی: جەللاد!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: وەرن بڕۆن ئەو کچەی بەنە دەرەوەی شاری و بیکوژن و جلکیٚ بە خوینیشم لۆ بیننەوە.

جەللادەکان دەستی کچەکەیان بەستاو بردیانە دەرەوەی شاری، بەو شەوەی تەقدیریٚ خوای، حەمەد و مەحموودیش لە دوو داران بوون گەیبوونە ناو شاری و نەگەیبوونیٚ.

ئەو دوو جەللادانەش گۆتیان: شەرتبی ئەمە ئەو کچە جوانەی ناکوژین، ئەووەل کەس بگەینە کیٚ ئەو کچەی ئەدەینە وی.

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی)یەوە وەرگیراوە.

2- درۆپە: لێرەدا بۆ چرپەچرپ و پستەپست بەکاردێت، واتە هەموو گویٚ بگرن و دەنگەدەنگ مەکەن.

**تەقدیرێ خوای گەیشتنە حەمەد و مەحموودان، بانگیان کردێ جەللادان، گۆتیان: دارفرۆشینە وەرن!**

**هەرچی مەحموود بوو، زۆر ترسنۆك بوو، مەحموود هەرات کەری بەجێ هێشتن و هەرات، حەمەدیش گۆتی: باشە ئەوانە خۆ نامکوژن، خۆ دار قاچاغ نینە؟ دارێ مە ئیشکەنە[1]، دەبا بچم داخوا چارێن[2].**

**گۆتیان: کاکە ئەتوو دارفرۆشی؟**

**گۆتی: بەرێ**

**گۆتی: کاکە ئەمری ئیعدامێ لۆ ئەو کچەی دەرچووە، کچێ پاشای شاریشە. ئێستاش ئەمە پێن عەیبە ئەو کچەی بکوژین، کچەکی گەلەك جوان و ڕێك و پێکە، سوندیشم خواردیە ئەووەل کەس بگەینە کێ، ئەمە دەیدەینێ. ئێستاش ئەو کچەی ئەدەینە توو، بەس ئەتوو مەیهینەوە ئەو شارەی.**

**گۆتی: سەرچاو، دە بینن.**

**جلکەکەیان لەبەر کچەکەی کردن[3] و بن کراسەکیان دەبەر دا هێشت و ئەجا ئەگەر مریشك بوو چ بوو، ئەو دوو جەللادانە کڕیان و کوشتیانەوە و جلکەکەیان دە خوینەکەی وەردان و لۆ پاشایان بردنەوە و گۆتیان: پاشا کچەکەن کوشت.**

**حەمەدیش دارەکانی فرۆشتن و، خۆش[4]، کچەکەی سواری کەرەکەی کرد و بە خۆش سواری کەرەکی بوو ڕاست لۆ ماریێ.**

**مەحموود ترسنۆکیش بزر بوو، چۆو ماریێ پیرەداکەکیش هەبوو، گۆتی: کوڕم ئۆ بە خۆ بەڕێوە ناچی، ئەو ژنە چییە؟**

**وەڵا گۆتی: دایە ئەو کچە کچێ پاشای شاریە و دایتیانە من لۆ خۆم هینایتەوە.**

**کچەکە دابەزی لە کەرێ و گەسکۆکەکی لە ماریێ دا و یاتاغەکانی بڕەك داوەشاندن و ئەگەر چیان هەبوو لێی ناو خواردیان.**

**گۆتی: حەمەد!**

**گۆتی: بەرێ**

**گۆتی: ڕاستی ئێرە بە کەلکەمە[5] نایێ، ماریێ خۆ ئەبەینە شاری.**

---

1- ئیشکەنە: ئیشکە، وشکە

2- چارێن: چ دەڵێن، چی ئەڵێن؟

3- جلکەکەیان لەبەر کچەکەی کردن: جلکیان لەبەر کچەکەی کردەوە، جلکەکانیان لێ داکەند

4- خۆش: خێرا. خۆشکە: خێراکە.

5- بە کەلکەمە: بە کەڵکی ئێمە، بە مەسڵەحەتی ئێمە

(کچەکە ناوی فاتم بوو) گۆتی: فاتم ئەمن ئیشی شاریم پیٚ ناکریٚ، بەڕاستی بە حەیاتی ئیشی شاریم نەکردییە، ئیشی من بەس دارفرۆشتن بووە، ئیٚستا ئەمن بچمە شاری چیش[1] بکەم؟

کوڕە گۆتی: خوا کەریمە ئەچینە شاری، شار باشترە.

دە گۆتی: مادەم وەیە سبەینیٚ داکیٚ خۆ بنیٚرە شاری، ئەو پیرە داکەی بنیٚرە شاری، با بچی دووسەد مەترەکی عاردی لە شارەوانی بکڕیت و لە سەرەخۆی تاپۆ کاو بیٚتەوە، ئەوجا ئەچین.

ئەجا گۆتی: ئەمە پارەن لە کیٚ بوو؟

گۆتی: ئەمە پارەن هەیە، پیٚنج لیرەی وە پیرەژنیٚ دان.

فاتمیٚ کچە پاشایە، هەندەك پارەی دەگەرە خۆ هینا بوو، پیرەژن بە سواری کەریٚ چووە شاری، دووسەد مەترەکی کڕی و لەسەرە خۆی تاپۆ کرد و هاتەوە، گۆتی: چ بوو؟

گۆتی: کڕیم.

دە گۆتی: با بارکەین.

چیان نەبوو هەندەك جل و جۆریان هەبوو لە کەریٚیان نان.

وە دوو کەران کەتن، چوونە شاری و لە نیٚزیکی عاردەکەی، کەچە غورفە خانییەکیان بە کریٚ گرت و چوونە ناویٚ.

فاتم گۆتی: حەمەد!

گۆتی: ها

گۆتی: بڕۆ مەلایەکی بینە.

مەلایەکی هینا و فاتمی لە خۆ مارەکرد، لە خۆی مارە کرد و فاتمیٚ گۆتی: بڕۆ هەندەك خوری و شت و دەرمانیٚ ڕەنگ و شتی وهام لۆ بکڕە.

گۆتی: لۆ چتە؟

گۆتی: ئیشم پیٚیە.

فاتم ئەو کورکەی[2] کردە بەن و ڕیٚستی و مافوورەکی جوانی لیٚ دروست کرد، لەو سەردەمی مافووری ئەوهە نەبوون، گۆتی: حەمەد!

گۆتی: ها

گۆتی: ئەو مافوورەی بە، بفرۆشە[3]، بەس لە هەزاری کەمتری مەدە.

---

1- چیش: چ ئیش، چ ئیشیٚك

2- کورك: کوڵك، خوری چاك نەکراو، خوری نەڕیٚسراو، موو

3- ئەو مافوورەی بە: ئەو مافوورەی ببە

ئیٚ گوٚتی: فاتم، ئاخر ئەوە هەزاری ناکا، هەزار لیرە زوٚرە و گوٚتی: لە هەزاری کەمتری مەدە، زیاتریشی مەدە.

خوایە... مافووری بەسەر ملی خوٚ داداو، چووە لای دەلالخانیٚ، گەڕا سووڕا: ئەو مافوورە چاکە! ئەو مافوورە باشە!

ئێهـ... وەڵا هەرستا کابرایەکی دەورەمەند، گوٚتی: بەچەندی؟

گوٚتی: هەزار

گوٚتی: زوٚر نییە؟

گوٚتی: نەئ، لە هەزاری نە کەمتر نە زیاتر.

گوٚتی: ئەوە هەزار.

وەڵا هەزار لیرەی دایێ و حەمەد گەڕاوە خەنی بوو. گوٚتی: بەو خوایەی ژنیٚ من ئەو مافوورانە دروست کا، ئەما ئەبینیٚ.[1]

لە ڕێییٚ کابرایەکی بانگی ڕاهێشت: نیسحەتەکم هەیە ئەفروٚشم، هەرچی بکڕی، ئەمن ئیحتاجم دەیفروٚشم ها بە هەزار لیرەی. ئیحتاجم نەبی بە سیٚ هەزاریشە. بەس بە هەزار لیرەی دەیدەم.

حەمەدیش چوو گوٚتی: نیسحەتەکە چییە؟

– بینە پارەی هەتا پێت برێم.

حەمەدیش پارەکەی دوڕ دەستی نا هەزار لیرەی مافوریٚ.

گوٚتی: چییە؟

گوٚتی: کاکە ئەگەر دوو شتیان هینایە کنیٚ، دوو ژن، دوو سێیارە، دوو شتەکی بی، ئەگەر ئێکی لە ئێکی چاتر بوو. کابرا گوٚتی: ئەریٚ کیهە چاترە؟ مەریٚ ئەو چاکە باشترە، بریٚ شەرتی دری خوٚتە.

ئەجا گوٚتی: ئەوە چییە؟ ئەوە نیسحەتە بە هەزار لیرەی؟

گوٚتی: ئەوە نیسحەتە، فروٚشتم تازە تەواو.

وەڵا وەبیللا گوٚتی: ئەوە نیسحەت نەبوو، پارەکەشم بەلاش ڕوٚیی، ئەلعان بچمەوە فاتم چاریٚ؟

چوٚوە زوٚر عێجز بوو.

فاتم گوٚتی: ها حەمەد مافوورەکەت نەفروٚشت؟

گوٚتی: بەرێوەڵا

---

1– ئەما ئەبینیٚ: ئێمە دەبینیٚ، ئێمە پێدەگەین، ئێمە دەوڵەمەند دەبین.

ئەدی گۆتی: لۆ وەها عێجزی،[1] پارەکەت لێیان دزی، لێت کەتییە؟
ناوەڵا گۆتی؟
– ئەدی؟
وەڵاهی گۆتی: کابرایەکی بانگ ڕادێشت، نیسحەتەکی ئەفرۆشم، ئەمیش چووم لێم کڕی، نیسحەتەکەش چ نەبوو.
گۆتی: نیسحەتەکە چییە؟
گۆتی: وەڵا ئەگەر دوو شتیشیان پێشان دای، ئێکی لە ئێکی چاتر بوو، مەریٚ ئەوە لەوەی چاترە، بریٚ کابرای، شەرتی دری خۆتە.
ئێه... وەڵاهی گۆتی: نیسحەتەکی چاکە، ئیشەکی چاکت کردییە، چابوو کڕیت.
حەمەدی گۆتی: بەخوای ئەو نیسحەتە باش بوو، چا نەبوو کڕیم ئۆ فاتمیش واریٚ باشە.
سیٚ چار ڕۆژی پیٚ چوون، ئەگەر دە ڕۆژ، ئەگەر مانگەك، مافوورەشکەی[2] دروست کرد، گۆتی: حەمەد ئەو مافوورەش ببە، بەس لە دوو هەزاری کەمتری مەدە؟
گۆتی: باشە
ئەوجار زانی ئەفرۆشیٚ، زانی ئەو مافوورانەش بە قیمەتن، ئەوجا شارەزاش بوو... چۆوە جێی خۆش ڕاوەستا. گۆتی: مافووری چاك، ئەو مافوورە دوو هەزار، کاکە دوو هەزار دەورەیان لێدا، کەمتر زیاتر؟!
گۆتی: دوو هەزارە
ڕاست دوو هەزاریان وێداو گەڕاوە، لە گەڕانەویٚ دیسان گەیشتەوە جێی خۆ، کابرای بانگ ڕاهێشت: کی بی نیسحەتەکم لیٚ بکڕی؟ ئەو نیسحەتە چاکە؟
وەڵا گۆتی: ئەکڕم. فاتمیٚ جاریٚ دی زۆر پیٚ خۆش بوو نیسحەتم کڕی، شەرت بی ئەو نیسحەتەش ئەکڕم. گۆتی: کاکە نیسحەتەکە چییە؟
گۆتی: بینە پارەی؟
دوو هەزارەکەی وێداو...
گۆتی: نیسحەتەکە ئەزانی چییە؟
گۆتی: چییە؟

---

1– عێجز: عاجز، نیگەران
2– مافوورەشکەی: مافوورێکی کەشی، مافوورێکی دیکەشی، مافوورێکی تریش

گۆتی: ئەگەر خوشكت جوانە، ژنت جوانە، داكت جوانە و مێردی نەمایە، عالەم وەشیگۆ عیزە، دزە، ئەوهایە ئەوهایە! بە كەس بڕوا مەكە، هەتا بە چاویٚ خۆ نەبینی! ئەوەش نیسحەت.

جا گۆتی: ئەوە ئەمیش ئەزانم.

كوڕە گۆتی: ئەتوو سوانی[1] نیسحەتەو تەواو.

بە قورعان گۆتی: پارەكەم بەلاش زەرەر كرد، ئەو نیسحەتە هەر نیسحەت نەبوو، دوو هەزار لیرە گەلەك زۆرە.

چۆوە دیسان عاجز بوو، فاتمیٚ گۆتی: چییەوە دیسان؟

گۆتی: وەڵاهی دیسان نیسحەتەكەم كڕییە.

گۆتی: چییە؟

گۆتی: وەڵاهی پێیان گۆتم، خوشكت، ژنت جوانە، لە ماریٚ سەت كەس وەبریٚ عیزە، دزە، بڕوا مەكە هەتا بە چاویٚ خۆ نەبینی.

بەخوا گۆتی: نیسحەتی چاكە، چاكت كردییە كڕیتت!

ئێە. ماوەشكە[2] پیٚ چوو، مافوورەشكەی دروست كرد. گۆتی: حەمەد ئەو مافوورەی بە سیٚ هەزاری بدە، نیسحەتان مەكڕە چیدی، ئەگەر پیاو، پیاو بی نیسحەتەكی بەسە. نیسحەتت لۆ چنە، تازە تەواو.

گۆتی: باشە. لێی دا ڕۆیی و عەینی وەكی جاران شارەزا بوو، چوو مافووری فرۆشت و بە سیٚ هەزاری، لە گەڕانەویٚ كابرایەشكە[3] بانگ ڕادێشت جووەكی: كی بی چل ڕۆژی وەگەرە من[4] كەوی، شەو و ڕۆژ وەگەرە من كەوی؟ هەر ڕۆژیٚ چل لیرەی ئەدەمی.

پارەی چاكە، گۆتی: كاكە ئەمن ئەبی بێم؟

گۆتی: ئا.

دە گۆتی: هەتا ماریٚ ئەچمەوە دیٚم.

گۆتی: چەندت پیٚ چی؟

گۆتی: بیست دەقە.

گۆتی: زۆرە.

گۆتی: دە دەققە.

---

1- سوانی: صوانی، چووزانی، چزوانی، چسوانی، چۆن دەزانی؟

2- ماوەشكە: ماوەیەكی كەش، ماوەیەكی تریش، كاتێكی تریش

3- كابرایەشكە: كابرایەكی كەش، كابرایەكی دیكەش

4- وەگەرە من: بەگەڵ من، لەگەڵ من بیٚ

گۆتی: بڕۆ زوو وەرە.

بەغار لۆ ماریٚ چوو، شەویش بوو گۆتی: فاتم ها سیٚ هەزارەکەی، ئەمنەواڕۆم.[1]

– کیٚ واچی، وەرە کیٚ واچی؟

گۆتی: وەڵاهی ئەمن ئۆ ڕۆم[2] سەفەرەکم لە پیٚشە، چل ڕۆژم پیٚ چی. شەوو ڕۆژیش چل لیرەم ئەدەنیٚ، ئەچمە کاروانی دەگەر کابرایەکی.

کوڕە گۆتی: مەچوو ناکریٚ، نابی!

گۆتی: وەڵاهی هەر ئەچم.

دە گۆتی: بڕۆ هاگات لە خۆ بی.

لیٚی دا ڕۆیی، چوو، کابرا ناوی خواجە حەسەن بوو، گۆتی: کاکە ئەتوو ناوت چییە؟

گۆتی: ناوم حەمەدە.

گۆتی: کاك حەمەد فەرموو، با بچینە خانیٚ.

چوونە خانیٚ، گۆتی: حەمەد!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: ئەمن نۆ کەسم دەگەر دانە، ئیٚکی دوو هیٚسترن ویٚنە،[3] ئەتووش ئی دەیەی دوو هیٚسترت ویٚنە، دە کەسن بیست هیٚستر، ئەمیش سواری وراغیمە، دە پیٚشەنگۆ داڕۆم و سەرقافلە باشیمە، ئەنگۆش لە دوومن ئەڕۆن و دوو هیٚستری خۆت عایدن و باران بارەکەن و دیٚخن و ئالیکی ئەدەیە وراغی خۆو ئەڕۆی.

حەمەدیش بە ژیانی خۆی دارفرۆش بووە لە بارلیٚنانیٚ ئازایە، هەر خۆش دوو باری خۆی بارکردن. باریان کردن و ڕۆیشتن. کەتنە ڕیٚ.

گەیشتنە قۆناغیٚ هیٚخستیان و هەتا ئەوان بارەکەیان دیٚخست، حەمەدی سیٚ چار باری دیٚخستن، چای لیٚنا لۆ هەمان، نانی لۆ ڕشاندن و نانیەدانیٚ[4] و زۆریان خۆشەویست، گۆتیان: کوڕەکی چاکە و ئۆتی[5] ئەمە بووینە، ئیٚکەکی ئەوهەن[6] وەدەست نەکەتییە.

---

1– ئەمنەواڕۆم: ئەمن ئەوە ئەڕۆم، وا ئەمن دەڕۆم.

2– ئۆ ڕۆم: ئەوە ئەڕۆم، ئەوە ڕۆیشتم

3– ویٚنە: پیٚنە، پیٚمانە، پیٚیە

4– نانیەدانیٚ: نانی دانیٚ، نانی پیٚدان

5– ئۆتی: ئەوەتەی، لەوەتەی، لەو کاتەوەی

6– ئەوهەن: ئەوهان، ئەوهامان، ئاوامان

وەلحاسلی کەلام سەرو نێشینم، ڕۆیشتن هەتا ئاخیر قۆناغ، ئاخیر قۆناغیش خواجە حەسەن هەموو جارێ زەلامەکی بەو فێرەی دینی،[1] بیرەکیان لە کنە، ئاو نییە، شۆڕیەکاتەوە لۆ ناو ئەو بیرەی، ئاوێی پێ هەرەکێشی و وکی هەریان کێشاوە، تەلەسماتی لێیە، شتەك دێ وە کندەرەکی[2] ئەکەوی و ئەکەویتەوە ناو بیرێ، ئەو زەلامە نایەتەوە دەرێ.

خواجە حەسەنیش پێی زۆر شتەکی ئەوە بوو، ئەو کابرایەی باوێتە ناو بیرێ و نێتەوە دەرێ؟!

گۆتی: حەمەد!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: بەو خوایەی هەموو جارێ ئەمن زەلامەکی بەو فێرەی بە کرێ گرم، هەرەیدەمە ناو ئەو بیرەی و نایەتەوە دەرێ، ئەتوشم لۆ هەندێ هینایە، پیاوەکی هەن چاکیشی، درم نایێ بەو خوایەی هەرتدەمە ناو ئەو بیرەی. ئێستا ئەمن بانگ ڕادێرم ئەتوو جوابێ مەدەوە.

گۆتی: لۆ؟

گۆتی: وەڵاهی هەرچی بینێرمە ناوێ، نایەتەوە دەرێ.

ئەجا گۆتی: مادەم بینێرمە ناوێ و نێتەوە دەرێ، با هەر ئەمن نێمەوە دەرێ، فەرقەی چییە، چ ئەمن نێمەوە دەرێ، چ ئەتوو نێیەوە دەرێ، چ ئەوی دی نێتەوە دەرێ، فەرقەی نییە، ئەمنەچم.[3]

کوڕە گۆتی: بیکە ڕاهی خوا!

گۆتی: بەو خوایەی ئەمنەچم.

وەڵا دۆلکەیان هینا و حەمەدیان هەردا ناو دۆلکەی و شۆڕیان کردەوە ناو بیرێ، خواجە حەسەنیش گۆتی: خوا دەزانی ئاوێ حەفت شەو و ڕۆژان هەرەکێشم، هەتتا بزانم ئەو کابرایە لەناو ئەو بیرەی چ لێهاتییە، ئەمن لەسەر ئەو بیرەی ناڕۆم.

ئاویان پێ هەرکێشا هەموو شتیان پڕ کرد، گۆتیان: حەمەد ئاو بەسسە، هەڕوە ناو دۆلکەی هەرتەکێشین.[4]

---

1- دینی: دەینی، دەهێنێ

2- کندەرەکی: کەندڕ، ئەو کەند و گردە بچکۆلانەی کە ئاوی ڕووبار و باران بەشێکی بردوون

3- ئەمنەچم: ئەمن دەچم.

4- هەرتەکێشین: هەڵت ئەکێشن، بەزرت ئەکەنەوە.

حەمـەد چووە نـاو دۆلکـەی هەریانکێشا، شێرەك هـات وە کنـدری کـەت و حەمـەد کەتۆوە خواریێ، حەمەد نەکەتە جێی ئاویێ، کەتـە خـوارتر، وەعـاردی کـەت، دری لـەخۆ بۆوە،[1] تەقریبەن سعاتەکێ بێ هۆش بوو. پاش سعاتەکەی وەخۆ هاتەوە، تەماشای کـرد دێـوەکی لەسـەر سـەری ڕاوەسـتایە، بـە شـێری ڕووتـی. کچەکیشـی بەرامبـەر دانیشـتیە لەسـەر تەختـەکی جـوانی وەهـە نییـە، عەوزەکیشـی[2] لێیـە ئـاوەکی پیسـی تێدایە، بۆقەکی پیس لەسەر ئەو ئاوەی مەلەی ئەکا.

دێویێ گۆتی: حەمەد ئەو کچە جوانترە یان ئەو بۆقە؟

حەمەدی نیسحەتی وەبیر نەما بوو، دەمەکی ڕاوەستا؟!

گۆتی: پێم بریێ کیهە جوانترە؟

حەمەدی خۆو بەخت گۆتی: شەرتی دری خۆتە.

ئەوی وەگۆ، دێو لە خەفەتان ڕاقەناو[3] کچەکە لەسەر تەختی هەستا پێیان.[4]

کوڕە گۆتی: حەمەد شیرەکەی لێوەگرە لێی دە.

حەمـەدی شـێر لـە دەسـتی دێـوی دەرینـا و دوو سـێ شـێری لەسـەری دان، سـەری لێکردەوە، کچەکە لە تەختی هاتە خواریێ، حەمەدی ماچ کرد، گۆتی: بە قوربـان ئـەنگۆ لە کێ پێیا بوون، هەرچی هاتبیتـە نـاو ئـەو بیرەی، ئەو دێـوەی لێـی پرسـیبی گۆتیتی ئەو کچە جوانترە یان ئەو بۆقە؟ گۆتبیتی ئەو کچە. دێـوە شـێرەکی لەسـەریەداو سـەری لێئەکردەوە، ئەتوو کوت زانی برێی شەرتی دری خۆتە؟

گـۆتی: وەڵا نیسحەتەکم بە دووهەزار لیرەی کڕی بوو، بە هەزار لیرەی بوو، ئەوم وەبیر نەما بوو، خۆو بەختم وەگۆ.

گـۆتی: حەمـەد بـەو خوایـەی ئـەمن قـابیلی تومـە، بـەس ئـەو بۆقـەی ئـەبینی ئـەوە ئامۆزاشمە و دەزگیرانیشمە، دەنا ئەمن مێردم ئیللا بە تووە کرد بە کەسم ناکرد، بەس چـارە نییـە، ئـەوە ئامۆزامـە دەزگیرانیشـیتم، حـەفت سـارە ئەمـەی هینایتـە ئێـرە، برایەکیشی هەیە دێوی سۆر، لە چیای ڕەشە، سیحربازە ئەو بەوی کردیتـە بـۆق،[5] ئـەو

---

1- دری لەخۆ بۆوە: دڵی لەخۆ بۆوە، بوورایەوە، لە هۆش خۆی چوو

2- عەوز: حەوز، حەوزی ئاو

3- ڕاقەنا: ڕاچڵەکا، شڵەژا

4- هەستا پێیان: هەستایە سەر پێیان، هەستاسەر پێیەکانی

5- ئەو بەوی کردیتە بۆق: ئەو (دێوە کوژراوەکە) بە وی (بە دێوی سوور) کردیتە بۆق (دەزگیرانەکەمی کردووە بە بۆق)... واتە: دێوی کوژراو بە دێوی سوور ئامۆزاکەی منی کردووە بە بۆق.

سیحربازە. ئێستاش هەتا دێوی سۆر نەکوژرێ، ئامۆزای من نابیتەوە زەلامی جاران، دەمەوێ بە خوشکی خۆم قبول کەی.

گۆتی: خوشکێ منی، چ لە گۆڕێ نییە.

گۆتی: ئەتوو چی ئەدی، کو هاتییە ئێرە؟

نەیگۆ ئەمن کاروانچیمە و بە کرێ هاتیمە، گۆتی: ئەمن سەرقافلە باشیمە، قافلەم وێیە.

ئەدی گۆتی: مادەم قافلەت وێیە، کو بە خۆ هاتی ئاوێ بەی؟

ئیدی گۆتی: کەس نەوێرا بێتە خوارێ، ئەمن بە خۆ هاتم.

دە گۆتی: ئەگەر ڕاستە بڕۆ بانگیان کە، بێرەدا هەڕوو جێی ئاوێ، بانگیان کە داخوا لەوێ ماینە؟!

حەمەد چۆوە سەرێ بە قاردماندا بانگی کرد خواجە حەسەن! هۆ خواجە حەسەن!

گۆتی: حەمەد مای؟

گۆتی: ئا. کندران دابێرن[1] مایمە.

کچەکە گۆتی: حەمەد!

گۆتی: ها

گۆتی: دێوی هەندی هەنار هینایە، دوو فەردانیان لۆ دە کندران بێخە، با لۆ خۆ لە سەرێ بخۆن. دوو فەردە هەناریان تێهێخستن، دە کندران هەریانکێشا.

خواجە حەسەنی گۆتی: حەمەد ئەمە هەنار ناوێن، خۆ دە کندران بێخە، ئەمە ئەتوو هەرەکێشینەوە، هەنارت لۆ چنە، مارویێران وەرۆوە[2] سەرێ.

کچەکەی گۆتی: حەمەد!

گۆتی: ها

گۆتی: سێ هەنارانیشت ئەدەمێ، بەس لە کن خەرکی مەخۆ بە تەنیایان بخۆ.

سێ هەناری هینان لەناو پەڕۆیەکی نان و وە حەمەدی دانەوە و حەمەدیش دە پشتێندێ خۆی قەیم کردن.

گۆتی: حەمەد ئەو شارەی ئەلعان ئەنگۆ ئەچنێ، بابی من پاشای ئەو شارەیە، قاقەزەکت لۆ نووسم، وێیەدەم،[3] وێیدە و ئەتوو حاقی هیچت نەبی.

گۆتی: زۆر باشە.

---

1- دابێرن: هەڵدەنەخوارەوە، شۆڕبکەنەوە

2- وەرۆوە: وەرەوە

3- وێیەدەم: وێت ئەدەم، پێت دەدەم، دەتدەمێ

قاقەزەکـەی نووسـی (بابـە گیـان ئـەمن لـە فـران بـیری، کاکەحمـەد ئەگـەر نـەهاتبا بەڕاستی کـەس ئـەمن نادیتـەوە، ئەو کاکەحمـەدە دێوی کوشتییە و ئـەمنی لـە دەست دێوی ڕزگار کردییـە و بچن لـە چیای ڕەش دێوی سۆر بکوژن و ئامۆزایەکەم بوویتـە بۆق، هەڕوون هەریکێشنەوە.)

حەمەدی قاقەزەکەی دە بەریێ نا[1] و سێ هەنارەکەشی لەناو پەڕۆی لە پشتێ خۆ بەسـتن و دوعـابوونی لـە کچـەکەی خواسـت و خـۆی دە کنـدرەکان هێخسـت و هەریانکێشـاوە لـە سـەرێ خواجـە حەسـەن و ئـەو هـەموو کاروانچییانە دەستیان بـە هەرپەڕینێ کرد لە شاییێ[2] حەمەدی، حەمەد هاتەوە.

خواجە حەسـەنی هـات گۆتی: حەمـەد چـت دیـت؟ چـت نـەدیت؟ مـارویێران کـوڕە هـەر جارەی ئەمن هاتبم زەلامەك چووبیتە ناو ئێرە، نایەتەوە دەرێ، ئەتوو کو هاتیەوە دەرێ؟

گۆتی: هیچی لێ نەبوو کندر پسا، ئەنگۆ ئەمن و هەرنەکێشاوە.

گۆتی: موشکیلە نییە حەمەد مادەم هاتیەوە دەرێ. دەبی ئەتوو سواری ئەسپی بی، ئەمن بە پێیان ئەڕۆم.

حەمەدیش گۆ: خواجە حەسەن کو دەبی ئەتوو بە پێیان بڕۆی؟ سـواری ئەسـپی مـن بە و بڕۆ شاری و بڕۆ خانێ و برێ خانچی،[3] خواجـە حەسـەن هـات خـانێ چـۆڵ کـە و خاوێن کەوە...

حەمەد فێرە سواری وراغییە، خۆی هەردا سەر خانێ زینی و لێیخوڕی، ئەوان هـەتا باریان بارکردن و وەخۆ کـەتن، حەمـەد ئاوزەنگـەکی لـێ دا و گـەیشتە شـاری، تـاقیبێ خانێی کرد، چووە خانێ و خانچی گۆتی: کاکە!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەدی خواجە حەسەن؟

وەڵا گۆتی: خواجە حەسـەن لـە دوایـێ منـە و دە پێشـدا هاتیمـە، خواجـە حەسـەنی گۆتی: خانێ خاوێن کەوە و ئەوا گەیشتینێ.

گۆتی: زۆر باشە. ئەوەش وراغی خواجە حەسەنییە و کا و ئالیکێ بدێ.

گۆتی: باشە.

وەڵا ئیدی حەمەدی گۆتی: خانچی!

گۆتی: بەرێ

---

1- دە بەریێ نا: دە بەرکی نا، لە گیرفان (باخەڵ)ی خست.

2- لە شاییێ: لە خۆشیێ

3- خانچی: ئەو کەسەی کاروباری خان بەڕێوە دەبات

گۆتی: غورفەکیش بدە من بە تەنیٚ.

فەرمووو گۆتی: ئەوە کلیل و بڕۆ ئەو غورفەی.

حەمەد چوو دەرکەی کردەوە و چۆ ژۆریٚ گۆتی: دەبا هەنارەکی بخۆم لە ژۆریٚ کەسی لیٚ نییە، ئەو کچە گۆتی ئەو هەنارانە لەکن کەس مەخۆ. چەقوو و مەقوو نەبوو، هەنارەکەی دا بەر دانی، نەشکا، هەنارەکەی لە عاردی دا شکا، پیٚنج شەش دنك لە هەنارەکەی بەربوونەوە، دنکەکی هاویشتە زاری ڕەق بوو، گۆتی: وەڵا ئۆ هەنار نینە، دەبی چ بن؟! بەس هەنارەکە وەك گلۆپی شۆقیان ئەدا.

وەڵا پیٚنج شەش دینکەکەی هەر دانە بەریٚ و هەنارەکە دووکەرتکەکەشی پیٚك وەنا دەگەر دوو هەنارەکانییٚ دی، لە دەلاقەکی دانان و گۆتی: ئەوە هەنار نینە، لیٚی دا ڕۆیی.

ڕۆیی، گۆتی: خانچی!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: هەتا کاروان دیٚ پیاسەکی بازاڕیەکەم.

گۆتی: بڕۆ.

چووە بازاڕی، دەستووری ئەو شارەش نەبوو، حوکمەتەشکە[1] بوو، لە جیٚیەشکە ڕاهاتبوو، قات و لیباسەکەشی وەکی ئەو حوکمەتەی نەبوو، خەرك بەس تەماشایان ئەکرد لەناو شاری، کارەك و گۆری[2] هەتا ئیٚرە، پیٚدا ڕۆییە خواریٚ وشت![3]

وەڵا ڕۆیی تەماشای کرد دووکانەك هەبوو ئارایەکی[4] لەسەر بوو مافوورەکیش لەسەر جادەی ڕاهیٚختڕابوو، سەری مافوورەکەش چوو بووە ناو دوکانەکەی. خەرك بەسەر ئەو مافوورەی دا ئەڕۆیی، بە پیٚی بە قوڕ و بە پیٚی بە ڕیخ و حەمەدیش ڕاست چووە دوکانەکەی. وەکی چوو، عاجیەك لە دوکانیٚ دانیشتبوو، میٚزەکی لەپیٚش بوو، قاپەك لەسەر میٚزەکەی بوو، خاولییەکیان پیٚدا دابوو، دوکانەکە هیچی تیٚدا نەبوو، گۆتی: مام حاجی!

گۆتی: بەریٚ

1- حوکمەتەشکە: حوکمەتیٚکی کەش بوو، حکوومەتیٚکی تر بوو.

2- کارەك و گۆری: کارەك لە پیستی گا دروست دەکرا، جۆریٚکی تریش هەبوو لە ئاوریشم دروست دەکرا پیٚی دەگوترا کارەکی ڕشتی، شیٚوەی پیٚڵاوی هەبوو، گۆرییەی چۆکانیشی لەسەر دەبەر دەکرا، ئەگەر گۆرییەکە ژیٚرەوەی نەبووبا پیٚی دەگوترا (ساق)

3- هەقایەتبیٚژ ئەم دەربڕینە وەك فیکەیەك بەکاردیٚنیٚ، ئاماژەیە بۆ خیٚرایی ڕۆیشتنی کەسەکە.

4- ئارا: ئاڵا، لە خۆشناوەتیدا، لە وشەی ئاڵا و هەندیٚ وشەی هاوشیٚوەیدا، دەنگی (ڵ) گۆ ناکریٚت و دەنگیٚك لەنیٚوان دەنگی (ڕ) و دەنگی (ل) دا گۆ دەکریٚت، کە زیاتر لە دەنگی (ڕ)ەوە نزیکە.

**گۆتی: ئەتوو حاجی، یان تاجی؟**

**گۆتی: لۆ بابم؟**

**گۆتی: ئەو مافوورەت لۆ لە دەرێ ڕاهێخستییە، هەی خوا بتگری؟! سەت کەس ئەوا بە پێیێ بە قوڕ ئەوا بەسەر دا ڕوا. کەس کەس چ دەورەمەندان لە دنیایێ ئەو مافوورە نییە، ئەتوو لۆ لە دەرێت ڕاهێخستییە؟**

**گۆتی: کوڕم ئەتوو ئارایێ نابینی لەسەر دوکانێم هەردایە، ئۆ ئارای لۆرتایەتییێیە،[1] ئەمن لۆرتی ئەو شارەیمە.**

**گۆتی: ئەتوو بە چ لۆرتی؟**

**خاولەکەی لابرد، سێ چار دنک دەنا و قاپەکی دا بوون، لەوی لەناو هەنارێی دەرینانینە، گۆتی: کوڕم ئەوانە بینی؟**

**گۆتی: بەرێ**

**گۆتی: ئەوە دنکەك لەوانە، ئەو شارەی پێ ئەکڕێ و پێ ئەفرۆشرێ.**

**حەمەدیش ئۆ وێینی[2] لەناو هەنارێ، دەستی دەبەریێ ڕاکرد و سێ چار دنکەکەی دەرینان و لۆ مام عاجی هەردانە ناو قاپی.**

**گۆتی: مام عاجی ئەوە چنە؟ ئەمن بیست بارم لەوانە هەیە، کەس هەر ناشکڕی.**

**مام عاجی دەستی بە لەرزینێ کرد، گۆتی: کاکۆ ئەو دینکانە هەگرەوە.**

**گۆتی: ناموێن.**

**مام عاجی دەستی بە لەرزینێ کرد، گۆتی: کاکۆ ئەو دینکانە هەگرەوە.**

**گۆتی: ناموێن، لۆ خۆت بن. ڕاستیش[3] ڕۆیی حەمەد، حاجی بەجێ هێشت.**

**عاجی گۆتی: خوا دەزانی ئەمن لۆرتم، بوومە لۆرت، خۆ پێنج شەش دنکی هەر بەلاش دامێ، ڕۆیشتیش.**

**عاجی چوو مافوورەکی خڕ کردۆوە و هینایەوە دوکانێ، چوو بایێ پێنج شەش هەزار لیرەی کوتار کڕی، دەستی بە کڕین و فرۆشتنێ جاران کردەوە، گۆتی: خوا دەزانی ئەمن لۆرتم.**

**جا حەمەد گۆتی: با بچمە مارێ پاشای، قاقەزەکەش لۆ پاشای بەم.**

**حەمەد ڕۆیی، تەماشای کرد حەڕەس و مەڕەس دیار بوون، دیار بوو قەسرەکی گەورە بوو، مارێ پاشای بوو. گەیشتە حەڕەس و مەڕەسان، حەڕەسان دەنگیان دا: کێی زەلام؟**

---

1– لۆرتایەتییێیە: لۆرتایەتییە، هی دەوڵەمەندییە، نیشانەی دەوڵەمەندیمە.

2– ئۆ وێینی: ئەوە پێینی، ئەوە پێیەتی.

3– ڕاست: ڕێك، یەکسەر

گۆتی: ئەمنم.
- فەرموو کێواچی؟[1]
گۆتی: ئەچمە کن پاشای.
گۆتی: لۆ؟
گۆتی: ئیشم هەیە.
- ئاخر ڕاوەستە بزانین پاشا نووستییە، دانیشتییە!
گۆتی: کاکە ئیشم هەیە.
ڕایان گرت و ناڕۆم، ئەڕۆم، ناڕۆم!
گۆتی: بەخوای هەرەچم.
لەو غڕبە غڕبەی پاشا هاتە دەرێ، گۆتی: ئۆ چییەوە؟
گۆتیان: پاشا! ئەو پیاوە ڕاناوەستی، ئەرێ ئیللا ئەچمە کن پاشای.
گۆتی: لێیگەڕێن با بێ.

وەڵا حەمەد چوو لە پاشای وەپشت کەت، لەسەری ژۆرێ دانیشت و لاقی لەسەر لاقی دانان.

پاشا گۆتی: وەڵا وەبیللاهی ئۆ ئەرێی شێتە! چییەوە؟ گۆتی: کاکە ئەتوو چی؟

گۆتی: وەڵا ئەمن سەرقافلە باشیمە، هەندەك کوتاڵ و موتالم هەیە، هینایتمە ئەو شارەی، قاقەزەکیشم لۆ توو هینایە.

قاقەزەکەی وێدا و پاشای خویندیەوە، گۆتی: ئەتوو کچێ منت دیتییە؟

گۆتی: ئەرێوەڵاهی لەناو بیرێیە، ئەمن دێوەکەشم کوشت.

حەمەدی ماچ کرد گۆتی: بەقوربان، حەفت دەگە سارە[2]، ئەمن لە کچێ نۆڕم، کوت دیتەوە؟

- دیتیتمۆوە[3].
گۆتی: ئەدی ئەکا[4] کاروان و قافلە و مافلەت؟
گۆتی: وەڵا لە ڕێیێنە، هێشتا نەگەیشتتە شاری.
پاشای گازی سریە عەسکەرەکی کرد گۆتی: وەرن!
- چییە!

---

1- کێواچی: کێوە دەچی، بۆ کوێ دەچی؟
2- حەفت دەگە سارە: حەوت دانە ساڵە، حەوت ساڵە
3- دیتیتمۆوە: دیتوومەتەوە، دۆزیومەتەوە.
4- ئەکا: ئەکوانێ، کوا، دەی کوا؟

گۆتی: وەرن کاروانەك دێتە ناو شاری، هەڕوون لە ڕێیێ لەپێش کاروانی ڕاوەستن، مارەکەی هەمووی بکەنە خێرێ مەولوودێ پێغەمبەری کچ و برازاییێ من.

خواجە حەسەنیش برای ئەو کاك حەمەدەیە بیهیننە ئێرە و هێسترەکانیش ببەنە خانێ، کاو و ئالیکانی بدەنێ، نەفەرەکانیش بەنە خانێ.

سریە عەسکەرەك چوو لەسەر ڕێیێ کاروانی ڕاوەستا، کاروان گەیشتێ و لێیان ڕاکێشا: نەبزوون، نەڕۆن کێنە؟

بەقورعان خواجە حەسەنی گۆتی: هەبی و نەبی ئەوە موخبیریێ[1] حەسەنییە، بە حەیاتی خۆی ئەمن نەگیرایمە.

یەڵڵا گۆتی: کاکە، کیهە خواجە حەسەنە؟

گۆتی: ئەمنم.

گۆتی: فەرموو پێشم کەنەوە.

گۆتی: کاکە ئەمن چ نەکردییە و مارە و کوتارە و هینایتم.

گۆتی: یەڵڵا وەپێش کەوە، پاشا ئیشی پێتە برام.

ئێـە... مارەکـەش دوو باریـان لـەو کۆرانـەی دێخسـتن، بـانگی عالـەمێیان ئـەکرد وێیانەگۆ، لۆ خۆ بەن. دوو باریان لەو کۆرانێ دی دێخستن. عالەم لۆ خۆیان ئەبرد، خواجە حەسەنیش واگۆ کاکە ئەو مارەی لۆ وەلێکەن، کاکە پارەم پێدایە؟!

- پارێ چ بابە؟ ئەمرێ پاشایە هەمووی کرایتە خێر.

ئەو وراغانەیان هەموو بردە خانێ و خواجە حەسەنیان وەپێشەخۆ داو بردیانە کن پاشای و خواجە حەسەنی تەماشای کرد، حەمەد لەسەرەوە ئۆ دانیشتیە و لاقی لەسەر لاقییە.

گۆتی: نەمگۆ موخبیری لێ کردیمە، خوا بکام ئیعدامیش نەکرێم، بەو خوایەی ئەو سەگبابە ئیشەکی خەرابی کرد.

حەمەد هەرستا پێیان لەبەر خواجە حەسەنی، حەمەدی گۆتی: جەنابی پاشای!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: براگەورەم خواجە حەسەن.

گۆتی: فەرموو خواجە حەسەن.

خواجە حەسەنی لە مەعبەینی خۆو حەمەدی دانا پاشای، جغارەکیان وێدا و خواجەحەسنی سەر دە بنی گوێی حەمەدی نا و گۆتی: حەمەد!

---

1- موخبیر: هەواڵگر، جاسووس

گۆتی: ها

گۆتی: مارەکەی منیان هەموو کردە خێر، هەموویان تەوزیع کرد، هەر عالەم تیٚ ڕوودات[1] و دەیانبرد.

گۆتی: دوایێ پارەکەت ئەدەمێ، فرۆشتیتم.

– نایانەفرۆشت[2] نا، هەر بابایە فەردەکی پڕە دایێ و هەردات.

گۆتی: نا دوایێ پارەکەی وەرەگری، خەمت نەبی.

کاکە سەرو نێشینم، پاشا تاجی لەسەر سەری خۆ لابرد و لەسەر سەری حەمەدی دانا: حەمەد!

گۆتی: بەریێ

گۆتی: هەتا دێمەوە لەو سەفەری ئەتوو لێرە پاشا بە.

گۆتی: بەریێ

پاشا دە پازدە بیست سوارەکی وەگەرەخۆ دا و لێی دا ڕۆیی لۆ دوو دێوی سۆر، دێوی سۆر بکوژی.

خواجە حەسەنی گۆتی: حەمەد ئەوە پاشا ڕۆیی، ماری من چ لێهات؟

گۆتی: خواجە حەسەن دوایێ شتەکەت لۆ وەرەگرم.

ئێه... حەمەد گۆتی: باشە ئەمن لێرەمە، ژنم بەجێ هێشتییە، لە شاری خۆ دە کەچە خانیدا، ئەمن وەمگۆتە فاتمێ خێزانێ خۆ، ئەمن چل ڕۆژم پێ چی، ئێستاش لەوانەیە ئەمن چار پێنج مانگم پێ بچن، وەچاکە ئەمن کاغەزەکی لۆ ژنێ خۆ بنێرم، ئەو دوو سێ هەنارانەشی لۆ بنێرمەوە.

چوو لە بازاڕی سندووقەکیان لۆ دروست کرد، هەر سێ هەنارەکەی هەردانە ناویێ، کاغەزەکیشی نووسی هەریدا ناو سندووقەکی و گارەیداو[3] لەسەر سندوقەکەی نووسی و ڕەقەم و شتی خانی خۆی لێداو هاویشتیانە بەرید و سندوق ڕۆیی...

فاتمێش هەندی مافوور دروست کردبوون، دووسەد مەترە عاردەکەی کردبووە قەسرەکی خۆش، لە کاولە خانی باری کرد، ئەو سندوقەش ڕۆیی لۆ شاری وان، ڕەقەمێ خانی لێیە، ڕەقەمی ئەو کەچە خانییەی لێیە، کە چوون دە دەوروپشتی خانی گەڕا؟! ئەو خانییە کەسی لێ نییە. فاتم لەسەر قەسرێی تەماشا کرد، گۆتی: کاکی شورتە ئەوە چییە ئەوە؟

---

1– تیٚ ڕوودات: تێی ڕۆ دێ، پەلاماری دەدات، لێی هەڵدەگری، دەیبات.

2– نایانەفرۆشت: نەیان دەفرۆشت.

3– گارەیدا: گاڵەیدا، دایخست.

وەڵا گۆتی: خوشکە ئەو قاقەزە و ئەو سندوقە هاتییە، بەرا ئەو خانییەی کەس تێدا نییە.

گۆتی: بینە ئی مەیە.[1]

سندووقەکەی وە فاتمێ داوە و فاتم سندوقەکەی شکاند، تەماشای کرد سێ هەناری تێدانە، هەر دنکەکی لەو هەنارانە ئەو شارەی پێ ئەکڕێ و پێ ئەفرۆشرێ.

پەککو! گۆتی: مێردی من بە کاغەز ئۆندەی بنێریتەوە، ئەدی بەخۆ بێتەوە دەبی چەندی بینیتەوە؟! ئەوە دەبی گەیشتبیتە کێندەرێ[2] ئەو مارویێرانە؟

وەڵا سەد لیرەی دا شورتەی، شورتەکەی گۆتی: خوشکم ئۆ چییە وە؟

گۆتی: ئەوە لۆ خۆت هەدیە.

گۆتی: خوشکە ئەمن سارەکیشم معاش ئۆندە نییە، دوو سارانیش!

گۆتی: ئۆ لۆ خۆت، ئەگەر قاقەزەکیش هات بینێرە کاکە.

گۆتی: یاڕەببی هەموو ڕۆژێت قاقەزەك لۆ بێ، ڕاست دینمە ئێرە.

فاتم تازە بۆیێ.

***

بێینە سەر حیسابی مەحموودی.

وەختی خۆی مەحموود دەگەری دارفرۆش بوو. مەحموود ترسنۆك چۆوە گوندی خۆ، پرسی لە خەرکی، ئەرێ حەمەد، برادەری من بوو، دەگەرە من دارفرۆش بوو، چی لێهات؟

کوڕە بابە گۆتیان: ژنی هینا چووە شاری.

– کێندەرێ؟

گۆتیان: چووە شاری.

بەدووی داهات، پرسیار، بگەڕێ، سۆراغ، وەڵا کابرایەکی گۆتی: کاکە هاتە ئێرە. بەرا حەمەد بزر بوو، ژنەکەشی ئەوەتە قەسرەکی دروست کردییە، لەناو قەسرێیە، ژنەکی جوانە و ژنی ئەوهە نینە. بەس حەمەد لەمێژە بزر بووە.

مەحموود ترسنۆکیش تەماشای کرد، پیرەژنەك لە قەسرێ داتە دەرێ، مەحموود چووە بەرایێ پیرەژنێ، گۆتی: پیرەداك ئۆ لە کێ بووی؟

1– ئی مەیە: هی ئێمەیە، هی مەیە

2– کێندەرێ: کوێندەرێ، چ شوێنێك؟

گۆتی: وەڵا ئۆ لەکن فاتمیٚ بووم، ژنەکی گەلەك چاکە، ڕۆژێ لۆ خۆ نانیەخۆم و ئەشتەکیشم ئەداتیٚ.

وەڵاهی گۆتی: پیرەژن ئۆ براژنیٚ منە، براشم بزر بووە، کاغەزەکت وێدەم، وێیدە داخوا مێردم پیٚ ناکاتەوە؟!

پیرەژنیش گۆتی: چقەیدییە،[1] بنووسە لۆت وێدەم.

وەڵا مەحموودی کاغەزەك نووسی: فاتمە خان ئەتوو براژنیٚ منی، برام بزر بووە، ئەگەر مێردم پیٚ بکەیوە، دێمەوە سەر ماریٚ.

پیرەژنیٚ کاغەز برد، فاتمیٚ گۆتی: ها پیرەژن لۆ گەڕایوە؟

وەڵا گۆتی: ڕۆرە ئەو کاغەزۆکەم هینایە.

فاتمیٚ گۆتی: لەوانەیە ئەو کاغەزەش هەر حەمەدی ناردبی.

دە گۆتی: وێم دە.

فاتم کاغەزی ئەخوینتۆ، پیاح!

گۆتی: پیرەژنیٚ هەردەنە خواریٚ لە قادرمیٚ.

پیرەژنیان لە هەموو قادرمان هەردا خواریٚ... زەمانی خۆش،[2] قاپ قاپیٚ[3] دار هەبوون، پیرەژنێش قاپ قاپەك لێ بەجیٚ ما، وەکی هەریاندا خواریٚ، ئێکی وێما،[4] دە پاشە خۆی گرت قاپ قاپەك، مەحموود ترسنۆکیش ئەوا ئینتزاریەکا، داخوا چ خەبەرکی لۆ دیٚ؟

مەحموودی غاردا بەراییٚ گۆتی: پیرەداك! شێری، یان ڕیوی؟

گۆتی: ڕۆرە ڕاوەستە شێرم، لێی وەنێزیك کەت، هەتا قاپ قاپە ئەگری لە نیو چاوانیٚ مەحموود ترسنۆکی دا. گۆتی: سەگباب، قاحپەبابی سەگباب، ئۆ کو مێردی بە تووە کا، هەی گەواد، نانی منیشت بڕی. هەی سەگی سەگباب.

مەحموود ترسنۆکیش گۆتی: شەرت بی مادەم وەی کرد، دەبی شەیتانییەکی لە مەعبەینیٚ بکەم، مێردی بێتەوە دەبی ئیللا بە کوشتنی بدەم.

چووە دەرێی شاری، ئینتیزاری ئەوەی ئەکا حەمەد بێتەوە، شەیتانییەکی لە مەعبەینی حەمەدی و ئەو ژنەی بکا. مەحموود ترسنۆکیش بووە حەرەس لەسەر ڕێییٚ حەمەدی.

---

1- چقەیدییە: قەیچییەکا، قەیناکا

2- زەمانی خۆش: زەمانی خۆیش، جاران

3- قاپ قاپ: پێڵاوی لە داردروستکراو

4- وێما: بەجێما

ئەوجا بچینەوە کن حەمەدی.

پاشا چوو دێوی سۆریان کوشت، چوون لەناو بیرێ کچەکە و برازایەکەی هەرکێشانەوە و هینانیانەوە و بووە دۆر و زوڕنا و کوتانەك لە شاری، لە شاییا ئەو کچەی کە دیتیتیانەوە.

خواجە حەسەنیش هەر واگۆ: حەمەد کاکی خۆم ئەمن چیشم بەو حارەی دایە، ئەمن مارم هەموو چوو.[1]

کوڕە گۆتی: دە ڕاوەستە مارت خەرا نەبی، ئەمن پارەکەت هەمووەدەمێ[2] بە زیادەوە.

کچە پاشایان گواستەوە لۆ کابرای و لۆ ئامۆزای خۆ، شایی خەلاس بوو، داوەت خەلاس بوو، پاشا هاتەوە، جا تانجی[3] لە حەمەدی ستاندەوە و لە سەری خۆی داناوە و گۆتی: کاك حەمەد، ئێستا ئەمن ئەو شتەی لەتوەزانم، ئەمە سێ برواینە وەکی یەك.

پاشا هەرستا مارێ خۆی هەرچی هەیبوو، کردیە پارە. خواجە حەسەنی بیست بارە زێڕ وەبەرکەت.

گۆتی: خواجە حەسەن بیست بار بەسە؟

کوڕە گۆتی: ماری من بایێ نیو باریش نا بوو، بیست بار!؟

گۆتی: بیست بارە زێڕە.

بیست بارە زێڕی بار کرد خواجە حەسەنی، گۆتیان: ئەتوو خواحافیزت بی.

خواجە حەسەن ڕۆیی، حەمەدیش بیست باری وەبەرکەت. بیست هێستریان لۆ هینا، بیست باریان لۆ بارکرد، ئەسپەکی چاکی وە حەمەدی دا گۆتی: ئەتوو سوار بە، دە کەسیشی وێدان گۆتی: مارێ خۆ بگەینە وێ و ئەو دە کەسانەش بنێرەوە بە وراغەوە و خواحافیزت بی.

دەست و دمی پاشای ماچ کرد و حەمەد سواری ئەسپی بوو، کەتە پێش قافلەی، هاتن، هاتن هەتا نێزیکی شاری، نێزیك بوو حەمەد، گۆتی: وەڵاهی ئێستا ئەمن (نەیزانی ژنێی قەسر دروست کردییە، لەکنی وەبوو هەر دە کۆریتەکەی دانە) گۆتی: ئێستا ئەمن ئەو مارەی، ئەو بیست بارە زێڕەی بەمەوە ئەو کەچە خانییەی، جێی پێنج بارانیش نابی، دیسان ئەوانە بەمە مارێ خۆ، ئەچن لۆیەگێڕنەوە، ئەرێن پاشا

1- چوو: ڕۆیشت، لەدەستچوو

2- هەمووەدەمێ: هەمووت ئەدەمێ، هەموویت دەدەمێ.

3- تانج: تاج

حەمەدی خۆ هیچی نەبوو خانیشی نەبوو... وە چاکە دە پێشدا ئەمن بڕۆم، بچم دوو هۆدە خانیان بە کرێ ئەگرم، ئەو بیست بارە زێڕەی ئەبەمە ناوێ، ئەوانەش لە بازاڕی نانیان لۆکڕم، ئێکی سەت لیرەکیان ئەدەمێ و ڕەوانیان ئەکەمەوە، دوایێ وەکی خانیەکەم دروست کرد ماری خۆ ئەبەمەوە ناو خانی.

گۆتی: ئەرێ جەماعەت!

گۆتیان: بەرێ

گۆتی: ئەمن دە پێشدا ڕۆم، ئەنگۆ سەبر سەبرە وەرن، دوایێ دەوهێمەوە بەرایێ.[1]

گۆتیان: زۆر چاکە.

حەمەد ئاوزەنگەکی لێدا، ڕۆیی لۆ ناو شاری، دوو غورفە خانی بە کرێ گرتن و گەڕاوە بەرایێ.

گەڕاوە، ئەجا دە پێشیاندا سەبر سەبرە ئەڕۆیی، گەیشتنە ناو شاری و نەگەنە ناو شاری، مەحموود ڕاوەستا. چاوی وە مەحموودی کەت حەمەدی، برادەری قەدیمە برادەرێ خۆشەویست بوون، پێکەوە دار فرۆش بوون. حەمەد لە وراغی هاتە خوارێ و ئامێزی لە مەحموودی دا، کوڕە گۆتی: مەحموود ئۆ لە کێ بووی؟

کوڕە گۆتی: مارت کۆر نەبیتەوە نزانم، ئەدی ئەتوو ئۆ چت کردییە؟ ئەو بیست بارە هەموو زێڕە؟

ئێ گۆتی: بارەکی ببە، خانییەکی پێ بکە، ژنەکی پێ بینە.

گۆتی: برام ئەمن زێڕ لۆ چییە، لە تاوا توو ئەمن مردیمە؟! ئۆتی ئەتوو ڕۆیشتی، ژنەکەت قەسرەك دروست کردییە، ڕۆژێ هەتا هێوارێ بیست ئەچی، بیست دێتە خوارێ، بیست ئەچی، بیست دێتە خوارێ.

حەمەدی پێی بڕوا کرد، چونکە برادەرەکی هەند دڵسۆز بوو، پێی بڕوا کرد، گۆتی: مەحموود بارەکی لۆ خۆ ببە، ئەتوو حاقی هەندێت نەبی.

گۆتی: وەڵا برا بەخوای ئەمن ناموێ.

مەحموود بزر بوو، حەمەدی هەر بیست باری برد، لە غورفەکان تەوزیعی کرد و دەرکەکانی گارەدان و ئەو دە پیاوەی بردن لە بازاڕی نانی لۆ کڕین و نانی دانێ و ئێکی سەت لیرەی دانێ و بەڕێی کردن، چۆ بازاڕی و خەنجەرەکی ئۆندەی کڕی. (ئەوە نیسحەتیشی کڕییە بە دوو هەزاری، هەتا بە چاوێ خۆ نەبینی).

---

1- دەوهێمەوە بەرایێ: دووبارە دێمەوە بەراییتان، دێمەوە پێشتان، دێمەوە بەرەو پیرتان

چاوی تاری بوون، فاتمیٚ زانی حەمەد هاتیتەوە، بانگی کارەکەرەکەی کرد، گۆتی: دەرکەکەی بکەوە، هەندەڕێیە با ڕاست بێتە ژۆریٚ. حەمەد وە ژۆریٚ کەت، لە قاتی بنی چۆ سەریٚ، تەماشای کرد فاتم لەسەر قەنەفەی دانیشتییە، بازنیٚ دەستی گرت و حەفت خەنجەری لێدان، ڕاستی لە هەموو قەسریٚ هەردا خواریٚ.

گۆتی: ئەوە ئەوەم کوشت، با بچمە دوو مەحموودیش، مەحموودیش بکوژم، ئەوی ئەوە بە من کرد، گۆتی: خوا دەزانی هەتا مەحموود ترسنۆکی گەوادیش نەکوژم، نێمەوە ئەو خاکەی.

مەحموودیش هەستی کرد، گۆتیان: مەحموود، حەمەدی ژنیٚ خۆ کوشتییە، مەحموود ترسنۆك هەرات، هەرات نەگەڕاوە، حەمەدیش لەو گوندی لۆ ئەو گوندی، لەو شاریش لۆ ئەو شاری، کەتە دوی، ئەو ژنە لە قەسریٚ کەتە خواریٚ، جووەك جیرانیٚ ماریٚ حەمەدی بوو، ئامێزەکی لە فاتمیٚ دا و بردیەوە ماریٚ خۆ.

تەماشای کرد مایە، چوو دختۆری هینان، چ دختۆرەك چا بوو پەیای کرد.

گۆتی: دختۆرینە!

گۆتیان: بەریٚ.

گۆتی: ئەو ژنەم لۆ چاکەنەوە، چەندی بوهەویٚ، دەودەمیٚ[1]. وەکی عەمەلیاتی ئێستا بە سەت وەرەقەی دوو سەت وەرەقەیە.

گۆتیان: سەرچاو.

هینایان عەمەلیات و دروونەوە و بینە و بەردە و دەرزی لیٚ دە و دەرمانی کە، بە موددەی مانگەك دوو مانگان، فاتم وەکی جاران لیٚ هاتەوە، خوا هەجەلی نەدابوو، بەس هەموو ماریٚ خۆی لیٚ سەرف کرد جووەی.

دختۆرەکانی پارە دانیٚ و بەڕێی کردن و گۆتی: فاتم!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: ئەمن هەموو ماری خۆم لەسەرەتۆ دانا، ئێستاش دەبی مێردم پیٚ بکەی.

گۆتی: سبەینیٚ پیاسەکی ئەکەین لۆ دم شەتی،[2] خۆ شۆین لەویٚ، هێواریش دێینەوە، ئەمن بووك ئەتوو زاوا.

گۆتی: زۆر باشە.

---

1- چەندی بوهەویٚ، دەودەمیٚ: چەندی بتانەویٚ، دەتاندەمیٚ، چیتان بویٚ پێتان دەدەم.

2- دم شەتی: دەم دەریای، کەنار دەریای

سبەینێ دوو مەنجەریان دەست دانێ و چوونە سەر شەتی و فاتمێ لێرە مەنجەر وەسەرنا و داری دانا و جووش لێرێهێ[1] مەنجەری وەسەرنا و داری دانا و جوو لە زگ خۆ شوتنێ بوو، فاتم خۆی نەشوت، پێدا ڕۆییە خوارێ، ناو ئەو زێیە هەر بیشە و قەمیشەران بوو... بەناو قەمیشان داچوو، وەختەکێ گەییە کەرەکەکی[2] (جاران چەپەرەکیان ئەکرد و دوو چوپیان لەبن دائەنان).

فاتم سوار بوو دوو سمبەی[3] لێدان و ڕۆیی، بە زێیێ دا چووە خوارێ، جوو ئۆ لەزگ خۆشوتنێ یە، خەنی ببوو هێوارێ بووکی لۆ دێ. دوو سعات سێ سعاتان لەزگەخۆ بوو، هەندی بە لیفکە و سابوونان خۆ بشوا.

فاتم ڕۆیی، ڕۆیی، جوو لە خۆ بۆوە، جلکی دەبەرە خۆ کردەوە، چوو، وەکی چوو چ فاتم لەوێ نەماینە، بە بیشەی دا چووە خوارێ، لۆ سەرێ ڕۆیی لۆ خوارێ ڕۆیی، بانگی کرد، ئەویش لە تاوا فاتمێ و لە تاوا پارەی لە فاتمێی دایە، ئەویش وەکی حەمەد و مەحموودان وە دنیایێ کەت، شێت بوو.

فاتم ڕۆیی هەتا شەو داهات، جەزیرگەك بوو دابەزی، ئەگەر تەڕاش[4] بوو، بنە زی[5] بوو، شەو بوو چووە ناوێ. خۆی مات کرد. گۆتی: لێرە لەبەر دەعبا و مەعبای، خۆی تەقەت[6] کرد.

سبەینێ فاتم تەماشای کرد، پێنج شەش سوار و وراغ لە خوارێ ڕا داتن، لە ڕاوێ بوون، تاژییان غاردا بۆنیان کرد، غاریاندا سەر سەری فاتمێ، دەستیان بە چەقە چەقێ کرد تاژییان. سوارەکان هاتن تەماشایان کردێ: ژنەکە، جوانی وەهە نییە.

ئەو کوڕە پاشایە تەبعەن لە ڕاوێیە، گۆتی: بابە ئەتوو چی لێرە؟

گۆتی: ئەمیش بنیادەمم و غەریبەمە لێم قەومایە کەتیمە ئێرە.

گۆتی: بتبەمەوە مارێ، مێردم پێ ناکەی؟

– بەرێوەلا لۆ مێردت پێ ناکەم.

وەلا کوڕە پاشای هەریدا پاشە خۆو گۆتی: یەڵڵا با بڕۆین لۆ مارێ.

---

1– لێرێهێ: لەوێ، لەولا

2– کەرەك: کەڵەك، کەڵەکی سەر ئاو کە بۆ هاتوچۆی سەر ئاو بەکاردێت و سەرەوەی تەختەیە و ژێریشی چەند (چووپ)ێکی ناو تایەی سەیارەیە...

3– سمبە: ئامێری کونکردن

4–تەڕاش: تەلاش، دارێك کە بڕدرابێت و ڕوابێتەوە، یان لە سەرەتای ڕوانی کە بچووك و پارچەڵەیە.

5–زی: دڕك، قەرەم

6– تەقەت:مات، شاردەوە

ئەو سوارانە گۆتیان: تەماشا ئەو سەگبابەی تەماشا چەند بە بەختە؟! وەرە لەو مەیدانەی ئەو ژنە جوانەی لۆ خۆ دیتەوە، برام ئەگەر بەخت هەبی ئەوەیە!

بردیەوە ماریێ و دە گۆتی: ئەجا مەلای بینن مارەت کەم، گۆتی: وەڵاهی ئەمن پێم خۆشە، هەتا بیست ڕۆژان دەنگان نەکەی، عادەتەکەن وەیە، ئەمە خۆ مارە ناکەین، بەس پێم خۆشە نۆزدە کچانم وەگەر بێخی، ئی جوان، ئەمیش بە خۆم ئی بیستیێ بم، هەتا بیست ڕۆژان پیاسەی ئەکەین لەناو شاری و وەکی بیست ڕۆژ تەواو بوو مارەم کە و...

گۆتی: زۆر باشە.

کچیێ وەزیری هینا و کچیێ نەیبی هینا و کچیێ وی و کچیێ من و کچیێ وی... نۆزدە کچی خڕکردەوە، وەگەری هێخستن. بەس گۆتی: دەبی دەستووری موکەررەمیش بم لەو شارەی. بچمە هەر مەتعەمەکی، بچمە کن هەر قوماش فرۆشەکی، هەر مەکسیەکی، هەر ئەشتەکی؟

گۆتی: بڕۆ بچیە هەر جێیەکی ئەمن شاری تیێ ئەگەینم... بیێ منەت بخۆو بلەوەڕیێ.

فاتم وەکی سەرکردەی ئەو کچانە وە پێشیان ئەکەت لەو بازاڕەی، خواردن! چ ئەشتەکی زەوقیان لیێ با دەیانخوارد، کەس نەبوو، عایدی پاشایە.

ڕۆژەکی وەیگۆتە کچەکان: لۆ نەچینە دم زێییێ؟

گۆتیان: با بچین.

چوونە دم زێییێ، پاپۆڕەك لەویێ بوو گۆتی: داخوا بڕەکی سوار بین.

گۆتیان: ئەزانی لیێ خوڕی؟

گۆتی: ئا ئا ئەزانم، سوار بن.

وەڵا سوار بوون، فاتم چووە جێی سایەقی سلفی لیێ داو لێی خوڕی، بە زێییێدا ڕۆییە خواریێ.

کچیێ گۆتیان: ئەوە کێواچی؟

گۆتی: با بڕۆین لەناو شەتی دەمەکیێ پیاسەی ئەکەین.

ڕۆیی، وەختەکیێ تەماشایان کرد سەیتەڕەك داندرایە، وەکی سەیتەڕەی ئێستا، کندرەك لەوبەری شەتی لۆ ئەو بەری.

کاکە گۆتیان: ئەنگۆ چنە؟

گۆتیان: وەڵاهی ئێرە سەیتەڕەیە و دەبی باجیێ بدەن.

گۆتی: باج چەندە؟

گۆتی: ئەنگۆ وەرنە ئەوبەری.

هاتنە ئەو بەرەی، گۆتی: فەرموو دابەزن: ئەنگۆ چنە؟

گۆتی: وەڵا ئەمە کچین و پیاسەی ئەکەین.

وەڵا گۆتی: ئەمە لەنگۆن باج ناویٚ، ئەمەش بیست کەسین لێرە، ئەنگۆش بیستن، ئەمە ئێکی ئێکن و تەواو.

فاتمیٚ گۆتی: بابە ئێکی ئێکی چیٚ؟ باج و چەندە، سەیتەڕە چەندی دەویٚ، گومرگ چەندە ئەمە دەیدەین؟

وەڵا گۆتی: گومرگ و مومرگ ناخوا، هەر بیست لۆمە و تەواو.

چاریان نەبوو، کچەکان دەست بە گریانیٚ کرد، گۆتیان: ئەتوو ئەمەت تووشی بەرایی کرد، ئاخر ئەمەت لۆ لە شاری خۆ ڕاهینا، ئاخر ئەمەت تووشی چ کرد!

گۆتی: مەترسێن، دانیشن، لە قسیٚ من دەرنەچوون دانیشن.

فاتمیٚ گۆتی: ئەنگۆ کی و مەسولە؟

ئێکی گۆتی: ئەمن.

ئیٚ دە گۆتی: نانەك، چ هەیە؟ قاوەك؟

وەڵا گۆتی: ئەمە بەس گۆشت ماسی ئەخۆین، گۆشت ماسی و لۆ بینین؟

گۆتی: ناوەڵا گۆشت ماسی لە کنەمە حەڕامە، ناخۆین، هەڕوون برنجەك گۆشتەك، ئەشتەکی بینن.

گۆتیان: ئەمە چن لەکن نییە.

ئەدی گۆتی: لێرە شارەك، ئەشتەك؟

بەرێوەڵا گۆتی: شار لێرەیە.

دە گۆتی: ئەتوو مەنسوولی[1] ئەو پیاوەنەی و ئەمن مەنسولی ئەو ژنانەم، وەرە بەخۆ بە توو با بچین شتی ئەکڕین و دێینەوە لێنێین.

گۆتی: زۆر چاکە.

وەیگۆتە کچەکان لێرە بن، ئێستا دێینەوە. فاتم وەگەر کابرای کەت و چوونە شاری.

چوونە شاری و شتیان کڕی و زەمانی سەیارەی نەبوو، عارەبانەکیان بە کریٚ گرت و شتەکەیان هەموو هاویشتە سەر عارەبانەکەی و فاتم بە دوی چووە سەر توکانەکی و بیست چەقووی کڕین، دەگەر هەندەك دەرمانی بیٚ هۆشییێ کڕی، ئەوی بە دزی هینا، هاتنەوە... هاتنەوە گازی کچیٚ نەیبی کرد فاتمیٚ، گۆتی: کچیٚ نەیبی!

گۆتی: بەریٚ

1- مەنسوول: مەسئول، بەرپرس

گۆتی: مەنجەرە شیوەکی لێ نێ، ئەو دەرمانەی هەمووی تێ کە، وەکی وەمگۆ شیوێ تێکە، لۆ پیاوەکان تێکە، یەك قاپی نەینیە بەرێ من.

بانگی کچێ وەزیری کرد، گۆتی: کچێ وەزیری!

گۆتی: ها

گۆتی: ئەتوش یەك مەنجەری لێنێ، وەکی تێت کرد بەس لۆ کچەکان تێکە، پیاوەکان لەوبەری دائەنیشین، ژنەکانیش لەوبەری. وەکی تێ تکرد یەك و قاپیان لۆ تێکە، ئەتوش یەك و قاپ لۆمە تێکە و...

کچێ نەیبی دەرمانەکەی تێکرد و برنجەکەی لێنا و کچێ وەزیریش برنجی خۆ لێنا و: وێڕاگەییە گۆتی!

گۆتی: ئا

دێمی دایە؟

گۆتی: بەرێ

یەڵا گۆتی: تێکەن.

کچێ نەیبی بیست قاپ تێکرد و هەر ئێکی لەبەرێ پیاوەکی دانان و، کچێ وەزیری بیست تێکرد، هەر ئێکی لە بەرێ ژنەکی دانا. یەڵڵا گۆتی: بیسمیللاهی..

پیاوەکان ئێکی پارەکیان خوارد. هەر ئێکی بە لایەکیدا کەتن، هەر یەك و چەقوی وێدان، گۆتی: یەڵڵا هەر ئێك و سەری ئێکی لێوەکەن.

هەر ئێکی سەری پیاوەکیان لێکردەوە.

گۆتی: یەڵڵا جلکێ لەبەرکەن و فڕەدەن، جلکێ پیاوەکان دەبەر کەن.

هەر نۆزدە ژنەکان جلك لەبەرکردن و جلکێ پیاوەکانیان دەبەرخۆ کرد.

یەڵڵا گۆتی: ئەو کندرە سەیتەڕەی هەربڕن. کندری سەیتەڕەیان هەربڕی، سواری پاپۆڕێ بوون لێخوڕە، هەتا ئاو خەلاس بوو لێیان خوڕی، ئاو خەلاس بوو، پاپۆڕ ئیشی ناکا, دابەزین و بە پێیان، بەو پێیە ناسکۆکانە، هەموو بە پێیان، بڕڕۆ بڕڕۆ بەو بەڕیەیدا[1]، بڕڕۆ هەر بڕڕۆ ئەو کەچە پێراوانەی زەمانی ئێستا ئەو قاپ قاپۆکانە هەموو لەپار ئێك هەروەشان. بە پێخواسی مانەوە بە پێخواسی ڕۆیشتن، هەر جونیان ئەدانێ، چت لەمە کرد؟ باشە گۆتیان: ئەتوو کێوا چی، ئەمە کێوا بەی؟

1- بەو بەڕیەیدا: بەو دەشتاییەدا، بەڕی: وشەیەکی عەرەبییە.

گۆتی: وەرن. جلکێ پیاوانیان دەبەر کردبوون، ڕۆیشتن شارەك دوور دیار بوو، چوونە شارەکەی، تەماشایان کرد لەو شارەی پاشا مردییە، بازێ هەرداوێ، نۆزدە کەسی لە دوونە، حیمایەینی.

چۆ ناو خەرکەکەی بازیان هەراویشت، لەسەر سەری فاتمێ هەرنیشت.

غاریاندا گۆتیان: کاکە ئەتوو چی لێرە؟

گۆتی: ئەمن ڕیَو بارم.[1]

گۆتیان: ئەمە بازێ هەرداوێین پاشان لۆ دێ.

گۆتی: کاکە بازێ هەراوێن، ئەمن حاقم چییە، ئەمن ئەوا ڕۆم.

دیسان بازیان هەراویشت، چوو لەسەر سەرێ وی نیشتەوە. سێ جاریان باز هەراویشت، هەر سێ جار لەسەر سەری فاتمێ نیشت.

گۆتیان: یەڵا ئەتوو پاشای.

فاتم بووە پاشا.

کوڕی پاشاش ئی[2] نۆزدە کچی وێدایـنە، عالەمی چۆ سەرسەری گۆتیان: بابە پیرەژنەکت لەولای ڕاهینایە، کچێ مەشت هەموو ئەوە کرد، کاکە کچەکانن لۆ بینەوە، ئەتوو کچەکان چ لێکەی؟!

کوڕی پاشای شێت بوو، وەکی حەمەد و مەحموود و جووان ئەویش وە دنیایێ کەت، ئەویش لە دوو فاتمێ، فاتم بووە پاشا، تانجی لەسەر سەری دانا، بەس پاشایەك! وەکی ئەو مەلیکۆکانی مە نەبوو ئەلعان، وکی ئەو حوکمەتۆکێ مە، حوکمەتایەتییەکی وەی کرد، فەقیری لەو شارەی نەهێشت: ئەی گۆتیان: یاخوا بەخێرێی ئەشەدومبیللا پاشایە.

دوو ڕەسمی خۆشی گرتن، جلکێ ژنانی دەبەرەخۆ کردن، دوو ڕیسمی خۆی گرتن، گەورەی کردن، ڕسمی جوان، شارەکە دوو دەرکەی هەبوون، ڕسمەکی لەو دەرکەی دا. عالەم پێدا دێتە ژۆرێ، ڕسمەکیشی لەو دەرکەی دا عالەم پێدا دێتە دەرێ. کچەکانیشی ئێك کردە وەزیر و ئێك کردە نەیب و دووی لەو دەرکێ عالەم پێدا ئەچتە دەرێ، دەگەر زەلامان داینا، وەیگۆتە کچەکان: هەر کەسەکی هات چاوی لەو ڕسمەی کرد و چاوەکی هەرینا و یان ئاخەکی هەرکێشا، یان قسەکی کرد، بیگرن، بیهینن.

پاشا، ئەمما پاشا، پاشای ئەوهە نەبوو...

---

1- ڕێوبارم: ڕێبوارم.

2- ئی: ئەوەی

ئەو کچانەی لەگەردانە خەنی بووینە، ئێك وەزیرە و ئێك نەیبە و ئێك ئامیر حەرەسە لەو دەرکەی و ئێك ئامیر حەرەسە لە دەرکێ دووەم و کەس ناوێرا قسەیان لەبەر بکا.

ڕۆژەکێ تەقدیرێ خوای مەحموود ترسنۆك لۆ ڕێی دەو شاری ناکەوی. مەحموود ترسنۆکی سەر برند کرد، چاوی وە ڕسمی فاتمێ کەت، گۆتی: ئاییش غەدرەکی کوم لیٚ کرد!

ئەوی وەیگۆ، پێچایانەوە. پێچایانەوە و دایانە بەر مەترەقان. لێدە بە قامچییان، هەتا بردیانە پێش پاشای. گۆتیان: جەنابی پاشای!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەو کابرایە چاوی وەو ڕسمەی کەتییە و دەستی بە قسان کردییە، دەستی بە ئاخ و ئۆفێ کردییە.

گۆتی: سجنی کەن.

بووە هەرا، وەکی ئێستا و کنەمە گۆتیان: ئۆ ئەوهە نییە و پاشا ئەوڕۆ ئێکی گرتییە و کوڕە بابە فەقیرەی چاوی لە ڕسمی کردییە، چقەیدییە؟

وەڵا بابە، پاشا دەیویٚ بڕەك خۆ خەراب کا.

بووە دیعایە، دیعایە لەناو شاری پەیا بوو.

ئەگەر مانگەك، ئەگەر دوو مانگ، حەمەدیش لۆ ڕێی دەو شارەی کەت، ئۆ لە دوو مەحموودی ئەگەڕێ، بیبینتەوە و بیکوژی، چاوی وە ڕسمی ژنێ خۆ کەت، گۆتی: ئاااخ، ئەیییش، ئەی دەستم شکێ، ئەرێوەڵا بە قسێ مەحموودی، توخوا ئەمن کوم ئەتوو کوشت؟!

ڕاست پێچایانەوە. پێچایانەوە و لێدە بە قامچیان، گۆتیان: جەنابی پاشای، ئەوەش ئەوهەی گۆتییە!

چاوی وێکەت، مێردی خۆیتی، بەس حەمەد ئەوی نەناسیتەوە، ئۆ پاشایە و حەمەد سوانی ژنێ وییە و لەو هەموو دنیایەی هاتییە بویتە پاشا؟!

ئێهـ... گۆتی: مەیبەنە سجنەکەی دیکە، بیبەنە سجنەشکە خزمەتی کەن، هاگاو لێبی.

بووە دیعایە لە شاری، گۆتیان: بابە ئۆ چییە وە؟ هەرچی چاو لە ڕسمی بکا و بیگرن و لێدە و بوکتە و ئەوە کووە بی ئەوە!

سارەك پێچوو، مانگەك پێچوو، پاشایەکی چاکە، جووش هەراوا سوڕێ لە دوو ئەو ژنەی. جوو گەیشتە شاری و تەماشای ڕسمی کرد و گۆتی: ئەییش سەریشم چوو، ماریشم چوو، فاتمیشم چوو، پارەکەشم چوو.

هەر گرتیان و دایانە بەر قامچییان: سەگباب!

**لێدە بوکتە، هینایانە پێش پاشای گۆتیان: جەنابی پاشای. ئەوەش...**
**وەکی چاوی وێکەت، جوو بوو، جووشی زۆر دەگەر چا بوو، چاکی کردبۆوە، گۆتی: مەیبەنە کنەوانە سجنی کەن، خزمەتەکی چاکی کەن. بەس چاکی خزمەت کەن.**
**ئەویش سجن بوو. عالەم دیسان کەتە زەنبێ[1] پاشای: کوڕە بابە وەڵا پاشا ئی چاکە، بەس ئەو خەرکەی بە ناحەق ئەگری بە قورعان.**
**بە قورعان ئەو خەرکەی بە ناحەق ئەگری، ئۆ چییە وە؟**
**پاشاش قسەی لۆ داتنەوە،[2] دەیزانی عالەم ئەوە هەرایتی، وەکی کچەکان داتن، دەیانگۆ پاشا عالەمێ هەرایە لە شاری، وێیەگۆ: لێیان گەڕێن.**
**سارەك پێچوو، مانگەك پێچوو، دوو پێچوو، کوڕی پاشاش ئەواگەڕێ،[3] کچەکانی بردراینە، ژنەکەشی چوو، کچەکانیشی ڕۆیشتینە.**
**گەیشتە شاری، چاوی وە ڕسمەکەی کەت، گۆتی: ئۆهـ... ئاااخ... دەبی خوایە... ئەوە هەوە، دەبی چی لێهاتبی؟!**
**گرتیان دایانە بەرێ. گۆتیان: وەرە هەی سەگی سەگباب. ئەویشیان بردە کن پاشای.**
**گۆتیان: پاشا ئەوەش دەستی بە قسان کرد کە گەیشتە ئەو ڕسمەی.**
**گۆتی: بڕۆن ئەوەی سجن کەن، مەیبەنە کنەوانی دی، هەر ئێکی لە سجنەکی.**
**ئەوجا خەرك هات، ڕیش سپی و ئەنجوومەن و موختار و ئاغا گۆتیان: جەنابی پاشای خوا قبوور ناکا و ئاخر وەڵاهی مەعنای نییە و ئەتوو ئەو عالەمەی ئەگری بەلاش و ئێ کو دەبی ئاخر ئەتو؟**
**گۆتی: کاکە ڕۆژێ جومعە کەس لە ماریێ نەچتە دەرێ، مەحکەمەیە لە دەرەوەی شاری. مەحکەمەی ئەو چار کەسانە ئەکەین. ئەگەر ئەمن حەق بووم، ئەوانە تاوانبارن.**
**خەرك هەبوو وەڵا نۆبەتە ئیشەکی زۆر عوزری هەبوو، نۆبەتە گاڕانی هەبوو، ناچوو، وێیەگۆ دەبی ئیللا ئەمن ئەو مەحکەمەی ببینم، بزانم ئەوە لەسەر چ گیراینە؟!**
**پاشا، وەکی ئێستا حەفلە ئەکرێ و مەسرەح و کامێرا و شت دێ. هەموو شتی گۆتی: بانگ کە. مەحموود ترسنۆك بێتە سەر مەسرەحی!**
**مەحموود ترسنۆك هاتە سەر مەسرەحی، ڕاوەستا و پاشا لێی پرسی، گۆتی: ناوت چییە؟**
**گۆتی: ناوم مەحموودە.**

---

1- زەنب: زەم، قسەپێگوتن و لۆمەکردن و تاوانبارکردن
2- داتنەوە: دەهاتنەوە، دەهاتەوە
3- ئەواگەڕێ: ئەوا ئەگەڕێ، ئەوە دەگەڕێ، خەریکی گەڕانە

گۆتی: كاك مەحموود ئەتوو چاوت وە ڕسمێ ئەو ژنەی كەت، لۆ ئاخت هەركێشان و دەستت بە قسان كرد؟

گۆتی: جەنابی پاشای (عالەم هەموو ڕاوەستایە، گوێی لێ ڕاگرتییە) مستەحەقم بە كوشتنێ.

گۆتی: لۆ؟ لەبەرچێ؟

گۆتی: جەنابی پاشای، شەیتانییەكم لە مەعبەینێ ئەو ژنەی ئەبینی (ڕسمەكە) فاتمێ و مێردەكەی كردییە، چوومە بەرایێ مێردەكەی. چووم گۆتم ژنت خوێڕییە و ئەویش بە قسێ من حەفت خەنجەر لێدان و كوشتی. ئەلعانەكانێش ئەمن تاوانبارم بە كوشتنێ فاتمێ.

پاشا هەستا پێیان گۆتی: چارێن؟

هەرستانە سەر پێیان لە چەپرەیان داو گۆتیان: بیكوژن، ئیعدامی كەن، ئیعدام. ئیعدامی كەن ئەو شەیتانییەی كو كردییە ئەو سەگبابەی!

گۆتی: ئەنگۆ وەوگۆتە من، ئەتوو پاشایەكی خەرابی، خەركی بەلاش ئەگری، ئێستا وارێن ئیعدامی كەن. ڕاوەست، ڕاوەستن جارێ.

مەحموودیان لێرێهێ ڕاگرت. ئۆ كەلەبچە كرایە.

ئەوی دیكە دێ. دەیناسی پاشا، مێردی خۆیتی، گۆتی: ناوت چییە؟

گۆتی: ناوم حەمەدە.

گۆتی: فەرموو كاك حەمەدی بەڕێز. ئەتوو لۆ چاو لەو ڕسمەی كردییە و دەستت بە ئاخ و ئۆفێ كردییە؟

گۆتی: پاشا مستەحەقم بە كوشتنێ، بمكوژن مستەحەقم، ئۆ خێزانی منە، ژنێ منە، ئەو ڕسمە. نیسحەتەكیشم كڕی بوو بە دوو هەزاری لە گوێم نەگرت، ئەو خوێڕییەی ئەبینی، ئۆ لە دوو وی ئەگەڕام، بە قسێ ئەوەم حەفت خەنجەر لێدان، كوشتم. ئەلعانیش وە دنیایێ كەتیمە ئەوەی بوكژم.[1]

خەرك گۆتی: پاشا بیكوژن، كو بە قسێ خەركی لە ژنێ خۆی دایە، كوشتیتی، بیكوژن، بیكوژن.

نا گۆتی: مەیكوژن، ڕایگرن. ئەدی گۆتی: خەركینە لۆ وارێنە من ئەو خەركە و بە ناحەق گرتییە، بە ناحەق كەس ناگرم.

وەڵاهی گۆتیان: پاشا ئەوانە زۆر تاوانبارن.

---

1- بوكژم: بكوژم، جێگۆڕكێی دەنگە

یەڵا گۆتی: جووی بینن. جووە فەرموو... بریٚ.

وەڵاهی گۆتی: پاشا چ بریٚم، هیچم نەما، وە دەرۆژیٚ کەتم، دە فلوسم نەمان، وەکی حەفت خەنجەریان لیٚدان، ئەمن بردمۆوە ماریٚ، دختۆری دنیاییٚم لەسەر خڕ کردنەوە، چاکم کردەوە. دوایێ خۆی لیٚ دزیمەوە، هەرات، ئەمن فلوسم نەما، هەمووم لەوی دا،[1] ئەمن هەراتم گۆتم خۆی لیٚ بزر کردیمە.

گۆتی: باشە، چەندت لیٚدابی لەو ژنەی، ئەمە ویٚتەدەینەوە.[2]

کوڕی پاشایان هینا، فەرموو ئەتوو چت هەیە؟

کوڕە گۆتی: پاشا مارم کۆربوویتەوە. نەویٚرم بچمەوە شاری، ئەو ژنە نۆزدە کچم ویٚداینە، کچێ نەیب و وەزیری و سوڵتانی و... هەمووی بردن و ڕۆیشتن و لەبەر ئەو خەرکەی ئەمن نەویٚرم بچمەوە شاری، ئەلعان ئەگەر ئەمن کچەکان نەبینمەوە، ناچمەوە شاری.

باشە گۆتی: ئەگەر بیٚت و کچەکانت ویٚبدەینەوە هەر نۆزدان، ئەتوو حاقت نییە لەسەر ئەو ژنەی؟

گۆتی: نەوەڵا نەوەڵا، هەر کچەکانم ویٚدەنەوە، لۆ ساحیٚبی ببەمەوە، بە خوای ئەمن حاشا لەو فاتمەی ئەمن ناموێ.

گۆتی: بابە، ویٚتەدەینەوە.

بانگی کچەکانی کرد و گۆتی: جلکێ ژنان دەبەرکەن، وەڵا چوون ئەو جلکەیان لەبەرکردن و جلکێ ژنانیان دەبەرکرد. خەرکی گۆتی: کوڕە ئۆ هەموو کچ بوون ئەوانە، ئەوە نەیبو وەزیرو گزیر ئەوە هەموو کچ بوون.

وەڵا کوڕی پاشای لیٚی دا ڕۆیی.

جوو چەندت خەرج کردییە؟

ئەجا هەندەکی هاویشتە سەریٚ، گۆتی: دوو ملیۆن لیرەم سەرف کردیە.

یەڵلا گۆتی: بڕۆنە خەزیٚنەی. دوو ملیۆن لیرەیان دایێ. گۆتیان: خۆ چت نەما.

گۆتی: ئەمن هیچ حەقم نەما، خواحافیز، ئەویش ڕۆیی.

حەمەد و مەحموودیان لەکن ئێك ڕاگرتن. پاشای گۆتی: یەك سەبری بگرن، فاتم چوو جلکێ ژنانی دەبەر کرد و هاتەوە لە جێی خۆ ڕاوەستا.

کوڕە گۆتیان: خۆ ئەو پاشایە، ژن بوو!

حەمەدی چاو ویٚکەت، بە قورعان گۆتی: ئەوە فاتمە.

---

1- لەویدا: لیٚم خەرج کرد، لەوم سەرف کرد

2- ویٚتەدەینەوە: پیٚت دەدەینەوە، دەتدەینەوە

گۆتی: فاتم!

گۆتی: وسس، یەك قسەی نەکەی، ئەدی ئەتوو نیسحەتت نەکڕین بە دوو هەزاری، کو بە قسێی وی ئەچی حەفت خەنجەران لە من ئەدەی؟

گۆتی: ئاخر چ برێم ئەلعان؟

گۆتی: مەحموودی عافوەکەی؟

گۆتی: نا، ئیللا دەیکوژم.

گۆتی: ئەگەر عافویەکەی...

مەحموودی گۆتی: بەقوربانت بم فاتم خێرتەگاتیٚ، با عافوم کا.

گۆتی: عەفووی کە دەی!

وەڵا ڕاست دەستی لەناو دەستی ناو گۆتی: مەحموود خواحافیزت بی، جارەشکە[1] ئەو شەیتانیانە نەکەی، بڕۆ.

ئەویش ڕۆیی. ئەوجا گۆتی: خەرکینە! چارێن ئەنگۆ؟ ئەمن ئەو کارەساتەم بەسەرهاتییە، گەیشتیمە ئێرە، ئەمن دەبی بگەڕێمەوە لەگەر مێردی خۆ، کێش ئەرێن بە پاشا، هەتا داینێمەوە.

کوڕی پاشای بڕەك گەورە و ژیکەلە بوو، کوڕی پاشای قەدیمیان داناوە بە پاشا و ئەوجا فاتم لەگەر حەمەدی هاتن، هاتن شار بە شارو دیٚ بە دیٚ، هەتا گەیشتنەوە شاری خۆ.

ئەوجا گۆتی: حەمەد بارە زێڕەکەشیان بردەوە و قەدەرێکی[2] دانیشتن، گۆتی: حەمەد ئەوجا بابیشم بڕەك ئیختیار بووە، بەرا ئەمن دەبی بابی خۆ بەسەر کەمەوە.

وەختی خۆی گۆتی: بڕۆن بیکوژن، لەسەر ئەوەی گۆتم کاروباری ماریٚ، ژن بەڕێوابا.

گۆتی: کاروباری دەرێش ژن بەڕێوابا، ئەمن ئەو هەموو دنیایەم کرد هاتمەوە ئێرەش...

گۆتی: بابم دەبی دەعوەت کەی! هەموو خەرکی شاری دەعوەتکەی.

دەورەمەندە، مەولوودەکی کرد، نە سەری دیار بوو نە بن، پاشاش لەگەر نەیبو وەزیران جێی وان لەلای سەریٚ بوو. نان خوراو فاتم بەخۆ بە مەسینە و دەستشۆران، ڕاست لە پێش بابی دانا، لەناو ئەو هەموو خەرکەی، پاشای گۆتی: کچیٚ لەناو ئەو

---

1- جارەشکە: جارێکی کەش، نۆرەیەکی دیکە

2- قەدەرەکی: ماوەیەکی

**هەموو خەرکەی دێی ئاویٚ لە دەستی من ئەکەی، ئەتوو چییە وە؟ ئەمن نەفەری خۆم هەیە ڕاست دیٚ دەستانم ئەشواو ئەڕوا.**

**گۆتی: بابە گیان ئەگەر کچ دەستی بابی خۆ بشوا، چ لە گۆڕیٚ نییە، ئەتوو بابی منی.**

**گۆتی: لۆ بابی تومە.**

**گۆتی: ئەدی ئەتوو وەتنەگۆ بڕۆن بیکوژن. ئەوەی کاروباری ماریٚ ژن بەڕێوابا، ئەمن فاتمم.**

**گۆتی: چیٚ؟! گۆتی: ئەمن فاتمم، ئەوەش مێردمە.**

**وەکی وەینەگۆ، پاشا یەك پیٚ[1] برند بوو، ماچی کرد، گۆتی: حەمەد! حەمەدیش هات.**

**گۆتی: بابە ئەتوو ئەمنت بە کوشتن دا، ئێستا ئەوە قەسریٚ مەیە و ئەوەش مێردیٚ منە. ئەوجا دەست و دمی ئێکدیان ماچ کرد و پێك شاد بوونەوە. پاشاش تانجی لەسەر سەری خۆ لابرد و لەسەر سەری حەمەدی دانا.**

**گۆتی: کوڕم ئەمن پیر بوویمە، ئەتوو پاشای لە جێی من. حەمەد بووە پاشا لە جێی بابی.**

**هەقایەتم بڕاو چم پیٚ نەبڕا.[2]**

---

1- یەك پیٚ: یەکسەر، بیٚ سیٚ و دوو

2- چیرۆکێکی تری نزیك بەم چیرۆکە هەیە، بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: خورجێن- لێکۆڵینەوە و بابەتی فۆلکلۆری، ئەحمەد محەممەد میرزا ڕۆستەمی، لەبڵاوکراوەکانی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، چ (کەمال)، 2012، ل99

# کەچەری قازەوان[1]

دەرێ کەچەرەك هەبوو، ئەو کەچەرە هیچی نەبوو. پیرە داکەکی پیری هەبوو، پیرەداکی مرد. کەچەر سێ مریشکی هەبوون. گۆتی: ئەمن تازە پیرەداکم مرد، هیچ چارەم نییە، چیش[2] و کاریشم لەو گوندەی نییە. خوا دەزانی ڕاست ئەڕۆم.

هەر سێ مریشکەکەی کوشتنەوە و سۆری کردنەوە و یەکی لەناو نانەکی دانان، لەناو توورەگەکی نان و دە ملی کردن و ڕاست ڕۆیی. ڕۆیی وەختەکێ برسی بوو، گۆتی: با مریشکەکی بخۆم، گەیشتە سەر ئاوەکی و مریشکەکی لەناو تورەگەی دەرینا و داینا هەتا دەستی شووشتن، تەیرەك هات دە مریشکەکەی ڕووهات و بردی: هۆئ، هۆئ، هەککوو وەڵاهی بە نسیبم نەبوو. با بڕۆم فایدەی نییە.

تورەگەی دە ملی کردەوە و ڕۆیی. مەودایەشکە[3] ڕۆیی... بڕڕۆ بڕڕۆ، برسی بوو گۆتی: وەڵاهی قلەکی بخۆم. چاوی گێڕان لەولا و لەولای، هیچ دیار نەبوو، دەنگێ هیچ نەدات، مریشکەکی دەرینا، هەتا دەستی شووتن، تەیرەك هات، تێ ڕووهات مریشکەکەیدیشی[4] برد: پەککو گۆتی: وەڵاهی بیللاهی وەتیللاهی زۆر سەیرە، ئەوجا ناخۆم هەتا نەگەمە جێیەکی چۆڵ، یەك قل مایە.

گەیشتە سەر کانییەکی دانیشت، خافرا، مریشکەکی دەرینا، خافرا، تەیرەك هات دەو مریشکیش ڕووهات و بردی. هیچی نەما. ماری کۆربۆوە. لێی دا ڕۆیی چووە شارەکی، تەماشای کرد دنیا هەستایە لەو شارەی. عالەم هەموو خڕ بوویتەوە، ئەویش چوو گۆتی: ئەوە چییە ئەوە؟!

کوڕە گۆتیان: عاشق خڕ بووینەوە، پاشا سێ بەهانان بە کابرایەکا،[5] ئەگەر پێی کران، ڕاست کچێ خۆی ئەداتێ.

وەڵاهی گۆتی: شەرت بی لە شەرتێ خوای، ئەمن لۆ هەندێ چاکم. ئەگەر پێم کرا ئەوە کچێ خۆم ئەداتێ و ئەگەر پێشم نەکرا، ئەوە دەمکوژی، خەلاس ئەمن خۆ ئەستێرەم لە ئاسمانێ نەمان.

چووە پێش، هەر چووە پێش، هەر چووە پێش، گۆتی: پاشا!

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی)یەوە وەرگیراوە.

2- چیش: چ ئیش، هیچ ئیش

3- مەودایەشکە: مەودایەکی کەش، مەودایەکی تریش، ماوەیەکی کەش،

4- مریشکەکەیدیش: مریشکەکەی کەش، مریشکێکی دیکەش، مریشکێکی تریش

5- بە کابرایەکا: بە کابرای دەکا

– بەرێ، کوڕە کەچەر ئەتوو ئی هەندێی؟
گۆتی: پاشا لۆ چ قەیدیە[1] ئەمن، پێم برێ هەتا بیکەم.
کوڕە گۆتی: کەچەر ئاخر دەتکوژم، هالا[2] ئەگەر پێت نەکرێ؟!
گۆتی: پاشا ئەگەر پێم نەکرا، بمکوژە.
یەك گۆتی: بیوری[3] لۆ بینن، بیوریان لۆ هینا و دارەکی گەورە لەناو حەوشێ ماریێ پاشای بوو، گۆتی: کەچەر!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: تا وێ[4] وەرە ئەو دارەی بڕە.
گۆتی: ئەوە چییە؟!
لێدە و بوکتە و لێدە لەو دارەی دەی دەی دەی، وەختەکێ هەتا نیوڕانێ دار ئەلەقا.
پاشای گۆتی: بە خوای ئەو کەچەرە بەریشی نەداتەوە؟!
گۆتی: کەچەر!
گۆتی: ها
گۆتی: ئیسراحەتەکی بکە، وەرە ئاوەکی بخۆ.
کەچەر هات ئاوەکی بخواتەوە، دەستی داوە بیوری وەکی چوو دارێ وەکی خۆ لێهاتتەوە، دەرێی یەك بیوریشی لێ نەدرایە.
کەچەری دەستی بیورەکەی دانا، گۆتی: پاشا ئەوڕۆ لێگەڕێ، سبەینێ دەیبڕمەوە.
گۆتی: کەچەر کو سبەینێ دەیبڕییەوە؟
گۆتی: وەڵاهی ئەمن پاشا سبەینێ دەیبڕمەوە، ئەوڕۆ ئیسراحەتم.
کەچەری لە درێ خۆ گۆتی: پاشای فێرێ خۆ لە من کرد، خوا دەزانی ئەمیش فێرێ خۆ لەوی نەکەمەوە، فشەیە. گۆتی: پاشا سبەینێ دەیبڕمەوە.
کوڕە گۆتی: کو کەچەر چە[5] لەمێژە لەزگی لە سبەینێوە، ئەتوو لە دارێ ئەدەی!
گۆتی: بە خوای پاشا سبەینێ ئەمن ئەو دارەی ئەبڕمەوە. لێگەڕا.

---

1– چ قەیدیە: قەیناکا، قەیچییەکا
2– هالا: هاوەڵڵا
3– بیور: تەور، باڵتە
4– تا وێ: تا ئەوێ
5– چە: چەند

سبەینێ دەستی دا بیوری و گۆتی: پاشا سەت جاریشم بانگ کا ناچم، دەستی دا بیوری، لێدە، بەس ئەوێ شەوێ تا سبەینێ بەس بیوری سوی. لێدە لێدە هەتا نیوڕانێ دار ئەهەژا.

پاشای گۆتی: کەچەر! دە وەرە نانەکی، چایەکی بخۆ.

گۆتی: پاشا نان و چای چێ، خوا دەزانی هەتا بەری نەدەمەوە، هەموو شت لەمن حەرام بی.

لێدە هەتا بەرە بەری عەسرێ داری بەرداوە. ئەو شارە هەموو ڕاوەستایە، بووە چەپرە لێدان گۆتیان: ئەشەدوبیللا پیاوی، داری بەرداوە. خەبەر لۆ کچێ پاشای چوو، گۆتیان: کەچەرەك پەیا بووە، بۆگەنی لێدێ، وەکی سەی، داریشی بەرداوە.

حەککو گۆتی: جا من ببمە ئی ئەو کەچەرەی؟! وەڵاهی ئەشتەکی خەرابە.

سبەینێ گۆتی: پاشا فەرموو برێ.

گۆتی: چ برێم؟

گۆتی: برێ، چت هەیە؟

گۆتی: کەچەر! سی قازت وێدەم هەتا سی ڕۆژی نابی ئەو قازە نە بریندار بی نە بمری نە کورکیشی لێ بیتەوە.

سی قازیان هینا، هەمووی سەر پشتێ قازەکانیان سۆر کرد بە دەرمانی و بە بۆیاغی و هەر سی قازیان تەسلیم کرد.

چۆ کن قازان ڕۆژێ، هەتا لەناو شاری ئەیبردنە دەرێ، وەك ئەوەی ئەسوڕا هەتا ئەیبردنە دەرێ، ئەیبردنە ناو مێرگەکی لەکنیان دائەنیشت هەتا هێوارێ. هێوارێ دەیهینانەوە. حەرەس ڕاوەستایە تەسلیمی ئەکردن، قل قل: خۆ هیچیان لێ نەهاتییە؟

وێیانەگۆ: نەئ هیچیان لێ نەهاتییە.

دە ژۆرێیانە کرد هەتا سبەینێ، عایدی وی نینە. سبەینان قل قل تەسلیمیان ئەکردن و هەمووی ئەبردنە دەرەوەی شاری و دەیلەوەڕاندن هەتا هێوارێ. بیست ڕۆژ ڕۆیی، کچێ پاشای تەنگاو بوو، گۆتی: خوا دەزانی ئەو سەگبابە، ئەمن ئەبمە ئی وی! ئەلعان ئەمن چ بکەم؟!

بانگی کچێ نەیب و وەزیری کرد و گۆتی: کچێ نەیبی!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەتوو زەوقت بە کوڕی وەزیری دێ، کچێ وەزیریش زەوقی بە کوڕی نەیبی دێ. لێبگەڕێن ئەمن ببمە ئی ئەو کەچەرەی نایەرم ئەنگۆش ببنە ئی وان، نە ئی کوڕی نەیبی، نە ئی کوڕی وەزیری. ئەجا وەرن عیلاجەکم لێ بکەن.

ئێجا گۆتیان: ئاغەژن ئەمە چت لێ بکەین؟!
گۆتی: وەرن عیلاجەکم لێ بکەن... هەتا ئەو کێشە و بەرەیان کرد سێ ڕۆژی ما بوون. بیست و حەفتان چوو بووە کن قازان.
گۆتی: کچێ نەیبی!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: بڕۆ هەڕوە کنی، مریشکەکی سۆرکراوەی لۆ ببە، پرتەقار و سێو و مۆز و ئەسبابی لۆ برد، گۆتی لەکنی دانێ. پێی برێ کەچەر کچێ پاشای نەخۆشە، نجوم دارانیش، نجوم گرتیتەوە، بە قازێ توو نەبی چا نابیتەوە. ئیستا دەبی قازەکی لۆ بنێری دەنا کچێ پاشای ئەمری.
– زۆر چاکە.
کچێ نەیبی قاپە شیوەکی داگرت و مریشکەکی سۆرکراوەی لەسەر دانا و پرتەقال و سێو و لالەنگیی و ئەسپابی لەسەر دانا و لەسەر سەری خۆی دانا و پەشتەمارەکی پێدادا و ڕۆیی.
قازەوان ئەوا لە دەرەوەی شارییە: سەلاموعەلەیکوم!
– عەلەیکومە سەلام بەخێربێی.
کچێ نەیبی خۆی ڕازاندیتەوە جوانی ئەوهە نینە. شیوەکەی لە بەرێ دانا... کەچەر تێری خوارد. بە یەك مریشکی سۆرکراوە، تێر بوو.
گۆتی: کەچەر!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: کچێ پاشای گەلەك نەخۆشە نجوم دارانیش نجوم گرتیتەوە، بە قازێ توو نەبی چا نابیتەوە. هاتیمە قازەکم بدەیێ.
وەڵاهی گۆتی: کچێ نەیبی ئەمن قازەکت بدەمێ هێوارێ ئەمن لەسەرم ئەدرێ خۆ توو ئەزانی لەسەرم ئەدرێ!
گۆتی: بەرێوەڵا
– ئەجا ئەمن قازێت بدەمێ هێوارێ لەسەرم بدرێ، ئەمرم!
گۆتی: ئەرێوەڵا
گۆتی: وەڵا ئەمن قازێت نادەمێ.
کوڕە گۆتی: کچێ پاشای ئەمری؟!

گوتی: وەڵاهی بشمری، نایدەمێ، بەس ئەگەر ماچەکم بدەیێ، وەڵا قازەکت ئەدەمێ، قیرسی[1] ئەمن ماچەکی لە توو بکەم، با ئەمن هێواریێ لەسەرم بدریێ، قیرسی.

گوتی: وەرە.

وەڵا بردی و ماچەکی لیێ کرد و قازەکی دایێ، قازی برد ڕۆیی.

وەختەکێ قازی دەبن کەوشێ دایە، ماندی بوو دانیشت، ئەو تەیرە ئەها مریشکێ کەچەری بردینە، تەیرەکە هات دە قازی ڕووهات و بردی، فڕی. چەندی کچێ نەیبی: نەکەی! بردی.

گوتی: کەچەر!

گوتی: ها

گوتی: ئەمن غەدرەکی گەورەم لە توو کرد. ها ئەوە ئێك.

وەڵا لاقێ قازەکەی کردەوە و وەگەر قازانی هێخست و ڕۆیی.

کچێ نەیبی گەڕاوە، گوتی: کەچەر! قازەکەت بردیتەوە؟

گوتی: قازێ چێ بابە؟ وەڵا وەبیلاهی لاقم بەست، ئەلێرە تەسمیلی توم کرد، ئەمن نەهاتیمە دوو توو.

وەڵاهی گوتی: تەیرەك هات تیێ ڕووهات و بردی لۆ توی هینایتەوە.

گوتی: تەیری هینا، ئەمن چ بکەم بابە.

چارەی نەبوو هاتەوە.

کچێ پاشای گوتی: چ بوو؟

گوتی: نادا، واریێ[2] ئەمن قازێ نادەم.

گوتی: کچێ وەزیری! ئەتوو سبەینێ هەڕوو بزانە عیلاجەکی ناکەی!

کچێ وەزیری سبەینێ مریشکەکی سوورکراوە و خواردنەکی چاکی لۆ هینا و پەشتەمارەکی بەسەردا دا و لەسەر سەری خۆی دانا و لەسەر سینییێ و هات: سەلاموعەلەیك!

– عەلەیکەسەلام بەخێرێی.

شیوی لەبەریێ کەچەری دانا و کەچەری نانی خۆ خوارد و مریشکەکەی هەموو خوارد و تێری خوارد.

گوتی: کەچەر!

1- قیرسی: قیروسیا، قەیناکا، قەیدێناکا، قەیچییەکا

2- واریێ: وا دەڵێ، دەڵێ

گۆتی: ها

گۆتی: ئەمن هاتیمە دەبی قازەکم بدەیێ، لۆ کچێ پاشای نەخۆشە. نجوم داران نجوم گرتیتەوە، بە قازێ توو نەبی، چا نابی.

ئێجا گۆتی: کچێ وەزیری، ئەمن قازەکت دەمێ، هێوارێ پاشا لەسەرمەدا.

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتی: ئاخر قازێت کو بدەمێ!؟

ناتدەمێ، ئەتدەمێ! گۆتی: وەڵاهی کچێ وەزیری ئەگەر ماچەکم دەیێ، شەرتبی قازەکت ئەدەمێ قیرسی.

دە گۆتی: ها ماچەکی دایێ، قازی لاق بەست و دەبن کەوشێی ناو ڕۆیی. ڕۆیی بەینەکێ ڕۆیی، کچە ماندی بوو، قازی دانا، تەیر هات تێ ڕووهات، تێ ڕووهات و بردی.

بردی گۆتی: کەچەر!

گۆتی: ها

ئەوە ماوە ئێك، قازەکەی لاق کردنەوە و وەگەر قازانی هێخستنەوە.

کچێ وەزیری گەڕاوە، گۆتی: کەچەر! قازەکە هاتەوە، گۆتی: قاز و ماز نییە، خوا حافیزت بی.

کچێ وەزیری وەختەکێ هاتەوە، گۆتی: چ بوو؟

گۆتی: وەڵا نەیدا.

کچێ پاشای ناعیلاج بەخۆ هات. گۆتی: کەچەر!

گۆتی: ها

گۆتی: کچێ وەزیرم نارد کچێ نەیبم نارد، ئەمن ئۆ نەخۆشم، بە قازێ توو چاکەبم، لۆ قازەکت لۆ نەناردم؟

وەڵا گۆتی: کچێ پاشای ئەمن قازەکت دەمێ ئەلعان، وێمدابانە، هێوارێ بابی توو لەسەرمەدا. ئەمن بەڕاستی قازێ نادەم. بەرام ئەگەر ماچەکیشم دەیێ ئەتوو، قیرسی قازەکت ئەدەمێ.

کچێ پاشای گۆتی: ماچ چییە، ئەگەر بە ماچێ پێك بێ، ئەرێوەڵا هێوارێی لەسەری دەن، ئەمن قازەکی با ببەم.

وەڵا ماچەکی دایێ و قازی دەبن کەوشێ نا، وەختەکێ داینا. تەیر هات دەوی ڕووهات و گۆتی: کەچەر ئەوە خەلاس. ماری خۆم وێدایەوە.

گۆتی: مەمنوون.

کچێ پاشای گەڕاوە: کەچەر ئەتوو قازەکەت دزیتەوە و بردت؟

گۆتی: بەخوا قاز نییە.

کچێ پاشاش ناعیلاج چۆوە، کەچەر هێوارێی قاز هینانەوە و گۆتی: حەرەسینە وەرن، خۆ یەك نەقوستانی نییە؟

گۆتیان: نەئ.

گۆتیان: پاشا دوو بەهانەی کردینە، ئێك مایە.

ئێه گۆتیان: کەچەر بە سعاتەکێ دەبی فەردەکی قسان بکەی.

– فەردەکی قسان ئەجا کو؟

گۆتیان: ئەمە فەردەکی گیزان[1] ڕووەکەین، هەر قسەکت کرد و گویزەکی هەرەدەینە ناو گوشی. بە سعاتەکی دەبی فەردەکە پڕ بیتەوە. فەردەکی پڕ پڕی گوشەکیان هینا دەرك[2] دروای. ڕوویان کردن گویز. گوشی بەتاریان دانا. کەچەر قسەکی بکا و قلە گویزەکی هەردەنە ناو گوشی. بە سعاتەکێ فەردە قسەکی بکا.

گۆتی: زۆر چاکە. نایەرم سعاتەکی پێ بچی، یەك فەردە قسەی ئەکەم قسە چنە.

گۆتی: یەللا دانێن.

ئەو نەیب و وەزیر و هەموو دانیشتینە، کەچەر فەردە قسەکی بکا. گۆتی: جەنابی پاشای بیست و حەفت دەگە[3] ڕۆژان چوومە بەر قازان. ڕۆژەکی وابینم کچێ نەیبی هاتییە خۆی لۆ من ڕازاندیتەوە ئەچی و دێ، مریشکەکی سۆرکراوەی هینایە، لەبەرێی دانام و گۆتی: کەچەر قازەکم دێ! ئەمیش وەگۆ وەڵا ماچەکم دێ، قازەکت ئەدەمێ. (گویزەکیان هەرەدا ناوێ هەموو جارێ) نەیبی گۆتی: ئۆ چارێی؟ کەچەر ئۆ چارێی؟

قسان ئەکەم. گۆتی: ماچەکم لێکرد. تەیرەکیش هات قازەکەی لۆ دینام. سبەینێ لۆ کچێ وەزیری... (وەزیری گۆ وس! بێ ئەدەبیان نەکەی ها)

گۆتی: جەنابی قازی ئەمن قسان ئەکەم، چیشم بە ئەوەی دا. کچێ وەزیری خۆ ڕازاندیتەوە زێڕی دنیایێی دەبەر کردییە. مریشکەکی سۆرکراوەی لۆ هینایمە، تا تێرو پڕم خوارد و وەڵا قازەکم بدێ! ئەمیش گۆ ماچەکم بدێ، ئەجا قازەکت ئەدەمێ. وەزیری واگۆ وسبە کوڕە بێ ئەدەب!

گۆتی: ماچەکیشم لە کچێ وەزیری کرد، عەینی تەیریش قازی لۆ دینامەوە.

گۆتی: سبەینێ لۆ کچێ پاشای... پاشای توند دەست گرت گۆتی: خەلاس فەردەکە تەواو یەك قسەی نەکەی.

---

1– گیزان: گیز، گویز، گوێز

2– دەرك: زارك، دەم

3– دەگ: ڕەبەق، تەواو

گۆتی: ئەوە هەر سێکی ماچ کردینە، وەرە نەیب و وەزیرینە: وس با حەیام نەچی.
هەرسێکی لێ مارە کردن، گۆتی: ئەوە قابیلی تونە، وەڵاه پیاوی، هەمووی دە گویزیان هەرنەدابوونێ، گۆتی: یەك فەردە قسەت کردییە.
وەڵا هەرسێکیان لێ مارە کردن و خواحافیز و خۆش هاتن. کەچەر بووە ساحێبی سێ ژنان.

# سەگەبۆر[1]

**جارەکی کابرایەکی ژنەکی ئەبی، ئامۆزای خۆیتی، زۆریان ئێکدی خۆشدەویست، دەناو تۆقیّ[2] دائەنیشتن. کلیلی تۆقەکەشی دەناو باغەریّ خۆ ئەنا. زۆریان ئێکدی خۆشدەویست، ژنەکەش برادەرەکی هەبوو، شەوان لەناو تۆقیّ داتە دەریّ و ئەچووە کن برادەرەکەی.**

**شەوەکیّ زستانەبی، ژنەکەی دەست دە بەرییّ[3] مێردی ڕائەکا، دەناو تۆقەکەی کلیلەکی دینیتە دەریّ، تۆقەکەی ئەکاتەوە (و وەکی کیسە خەویّ ئێستا). ئەچتە کن برادەرەکەی و دێتەوە ناو تۆقیّ.**

**خشروخاراتی ئەو ژنەی سارد بووە لەدەریّ، وەقالبی مێردەکەی ئەکەوی. مێردەکەی ئەریّ خوایە ئەو قالبی ئەو ژنەی من لۆ هەندە ساردە! دەستی ئەداتیّ زۆر ساردە. سەرمابووە جلکەکانی ساردبووینە. شەرت بی ئەریّ ئەشتەك هەیە. شەرت بی شەوەشکە نانووم.**

**شەوەکی دی دەناو تۆقێدا ئەنوون. کابرا نانوی، ژنەکە دەست دەبەرییّ مێردی ڕائەکا و کلیلەکەی دەردینی و تۆقەکەی ئەکاتەوە و ئەڕوا. کابراش لەناو تۆقیّ دێتە دەریّ و بەدووی دا دیّ. تەماشاکا ژنەکە ئەچتە کن برادەرەکەیی و ئەچی و دەستی دەگەر تێکەر کردییە و دەستی کرد بە گەمە و سوعبەتیّ.**

**تێر گەمە و سوعبەت ئەبن. ژنەکە ئەگەڕێتەوە و کابرا ئەچی سەری دۆستیّ ژنیّ خۆ ڕاست ئەبڕی، بەغار دەپێش ژنەکەیدا دێتەوە و بە ڕێیەشکەدا دێتەوە ناو تۆقیّ.**

**کابرا خەوی لەخۆ دێخیتەوە و ژنەکە دێتەوە ناو تۆقیّ. تۆقەکەی گاراداتەوە و کلیلەکەی هەرەداتەوە بەرییّ مێردی. کابرا هەستیّ ناکا.**

**شەوەشکە ژنەکە دێتە دەریّ، ئەچتە کن کابرای، وەکی ئەچی کابرا کوژرایە.**

**دێتەوە ماریّ، ژنەکە سیحربازە. شوڕکەکی لە مێردیّ خۆدا، گۆتی: لە نییەتی ببیە یەك سەگە بۆرە. ڕاست مێردەکەی ئەبیتە سەگە بۆرە.**

**سەگە بۆرە، ژنە سەیانی وەدوودێخی.[1] ئەو پیاوە بەستەزمانە هەردیّ لەگوندی ئەچتە دەریّ. لەگوندی ئەچتە دەریّ و هەردیّ و ڕوو دە شارەکی ئەکا. ئەو سەیە**

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی)یەوە وەرگیراوە.

2- تۆق: شوێنێك بووە لە شێوەی کەپرێکی بازنەیی

3- بەری:گیرفان، باخەڵ

بەستەزمانە لەو شارەی ئەسووڕیٚ، ئەگەڕیٚ، ئەچێتە قەسابخانان، لە قەسابخانان هەرئەکەوی، ئاقری هەیە، گیٚی لەهەموو شتەکییە، بەس سەیە، بویتە سە. قەسابەك هەندەك گۆشتی هەرەداتە پیٚش، ناخوا.

پەککو ئەریٚ ئۆ لۆ ناخوا ئەو گۆشتەی؟

ئەو ئەریٚ ئەو سەیە لۆ من، ئەو ئەریٚ ئەو سەیە لۆ من!

قەساب ئەریٚ کاکە ئەو ئی منە و هیٚواریٚ سەی دەگەرەخۆ ئەباتەوە ماریٚ. دەگەرەخۆی ئەباتەوە و سە لەدووی ئەچی، ئەو سارەش شتەکی پیٚ فیٚر ببوو، بە سڕە بە گەڕەکیٚ دادیٚ، هەموو شەویٚ زەلامەکی ئەخوا. ئەویٚ شەویٚ سڕە، سڕەی ماریٚ قەسابییە. قەساب ئەریٚ سەگە بۆرە ئەو شەو سڕەی ماریٚ مەیە. بتبینم بەشقەم[2] ئەو دەعبایە بیٚ، بیخۆی!

سەگە بۆرەش ئاقری هەیە، ئەریٚ بەو خوایەی تووش بووم، ئەو دەعبایە بی دەمخوا. سەگە بۆرەی ئەبەستیتەوە. سەگە بۆرەش لەترسان بەستەزمانەی، قونیٚ خۆ لەترسان، بە دەرکیٚ خانی وانیٚ[3] و هەرئەکەوی. وەختەکیٚ سعات ئیٚکی شەویٚ، دەعبایەك دیٚ، ڕاست سەگە بۆرەی بەستەزمان لەتاوا ڕوحیٚ خۆ، خۆ دە دەعبای ئەکا. ئەوکیٚی[4] ئەگری لیٚی نابیتەوە... ئەو دەعبایە دەیسووڕینی و بەدیواری دادا و بە دەرکەی دادا لەتاوا ڕووحیٚ خۆ. ئەویش قورگی بەرهەرنادا توندی ئەگری، هەرچەندی بە دەرکە و دیوارانی دادا لیٚی نابیتەوە. دانانی پیٚداباتە خواریٚ هەتا دەعبای ئەکوژی. دەعبای کوشت و لەکن دەعبای هەستا.

سبەینیٚ بەیانی کابرای قەساب نەویٚری دەرکەی وەکا. عالەم هەموو بە بازاڕی وەرەبی. بە کۆرانان وەرەبی. وەختەکی لە پەنجەریٚ سەری دینیتە دەریٚ. سەگە بۆرە هەراوا لەویٚ ئەگەڕیٚ و ئەسووڕیٚ.

قەساب دیٚ دەرکەی ئەکاتەوە. تەماشاکا چ تەماشاکا؟ سەگەبۆرەی دەعبا خنکاندییە. بانگی دەرو جیران و خەرك هات خڕ بۆوە ئەو دەعبایە!

کەس نزانی ئەو دەعبایە چییە؟

پاشا و وەزیر و گزیر هاتن، گۆتیان: قەساب ئەتوو ئەو سەیەت لە کیٚ پەیاکردییە؟!

---

1- وەدوو دیٚخی: بەدوادەخا، دەخاتە دوایان

2- بەشقەم: بەشکوم، بەڵکو

3- وانیٚ: ئەنیٚ، پیٚوەی دەنیٚ، خۆی لیٚ نزیك دەکاتەوە.

4- ئەوك: هەوك، قورگ

**گۆتی: وەڵاهی ئەو سەیەم دونێ هێوارێ هاتە کن دوکانێ من، ئەمن هەندەك گۆشت هەردا پێش نەیخوارد، دەگەرەخۆم هینایتەوە. ئەوشەو دەعبای خنکاندییە.**

**پاشای گۆتی: ئەو سەگە بۆرە مخەوەلە هەر دووکانەکی بچتێ. هەر مەتعەمەکی بچتێ، هەر جێیەکی بچتێ. هەر ئەشتەکی بخوا. کەس نابی دەخلی ئەو سەگەی بکا.**

**سەگە بۆرە خەنی بوو، هەر کەبابخانەکی ئەچوو، دوو سێ کەبابیان وێدان و لەپێش سەگە بۆرەیان دانا. هێوارانیش داتەوە.**

**وەختەکی پاشا شوان و موانی هەبوون. شوانەکان هاتنە کن پاشای گۆتیان: جەنابی پاشای!**

**گۆتی: بەرێ**

**گۆتیان: گورگ بە مەڕی فێر بووە، هەموو شەوێ یەك دووەکان ئەخوا. ئەگەر بێتو سەگەبۆرەن لۆ وەربگری لە قەسابی، دەگەرن بنێری.**

**وەڵاهی ئەویش گۆتی: شوانینە بەڕاستی ئەمن سەگە بۆرە ئیشەکی زۆر چاکی دەگەرە من کردییە، ئەمن وەڵاهی پێم شتەکی جەریمەیە سەگە بۆرەی بنێرم دەگەرەنگۆ، بەس داواش لە قەسابی ئەکەم.**

**پاشا لەدوو قەسابی نارد، گۆتی: قەساب، ئەرێ گۆتی: حارەکی ئەوهەیە، گورگن بە مەڕی فێربووە، زۆر حەزدەکەم ئەگەر دوو سێ شەوان سەگە بۆرەن وێدەی!**

**سەگە بۆرەش ئەوا لەوێ هەرکەتییە.[1]**

**وەڵاهی گۆتی: جەنابی پاشای بەڕاستی ئەمن لەڕووم نایێ سەگەبۆرەی بنێرم، بەس سەگە بۆرەش دەبی بەخۆ بێ، با شوان بانگی بکەن. ئەگەر بچی ئەوە با بچی! ئەگەر نەشچی، بەڕاستی ئەمن نایئێرم.**

**سەگەبۆرەی فەقیریش تێئەگا، وەڵا شوانان بانگ کرد، سەگە بۆرەش گۆتی: وەڵاهی بەتەمای خوای ئەچم، یان ئەوەتا گورگ ئەمخۆن یان بەشقەم ناجیح بم ئەوجاریش!**

**بانگیان کرد، سەگەبۆرە وەدوویان کەت.**

**وەدوویان کەت بردیان، سەگە بۆرە چووە ناو مەڕێ. دوو سەی دیکەشیان هەبوون بانگی مەغریبێی دا، سەیەکی سۆر بوو بانگی گورگییەکرد،[2] وێیەگۆ[3] سەگە بۆرەیان هینایە، بەس بە فران جێیدا وەرە و خەمت نەبی![1]**

---

1- هەرکەت: خۆ مات کردنی سەگ بە بێ دەنگی لە شوێنێك، یان کاتێك سەگ لەسەر گوجیلەکانی دەکەوێت پێی دەگوترێت هەرکەتییە.

2- گورگییەکرد: گورگی دەکرد.

3- وێیەگۆ: پێی دەگۆ، پێی دەگوت.

سەگەبۆرەش دە قسەی سەیان ئەگەیشت، کێندەرێی لۆ دانا بەوێدا وەرە. چوو لەوێ هەرکەت، خۆی مات کرد. وەختەکێ گورگ هات. ڕاست پڕیدا گورگی، پڕیدا گورگی و گەوزەك لەوی و ئێك لەوی و گورگی دەبنەخۆ ناو وەڵا ڕاست گورگی خنکاند.

وەڵا گورگی خنکاند و لەبن گورگی لێی پارداوە.

ئەرێ شەوێ چ مەڕ نەخوران و مەڕ نەڕەوییەوە و چ لە گۆڕێ نەبوو. شوان هەرستا.

بانگیان کرد و سەگە بۆرە، سەگە بۆرە! تەماشایان کرد لەخوارێ کلکی ڕاوەشینی، چەند بانگیان کرد نەهات. وەڵا شوانەك چوو، کوڕە وەکی تەماشای کرد گورگی لەوێ خنکاندییە. کوڕە بانگی شوانانی کرد وەیگۆ وەرن! بەو خوایەی سەگەبۆرە گورگی خنکاندییە.

وەڵا سەگە بۆرەی گورگی خنکاند، ناوی دەرچوو لەناو ناوان.

شەش حەفت ڕۆژانیان لەکن بوو، دوایێ سەگە بۆرەیان ناردەوە. سەگەبۆرەیان ناردەوە، پاشای دوو کچی هەبوون چوونە کورێ[2]. ئەگەر ڕووبار بوو، ئەگەر زێ بوو، چوونە سەر زێیێ. سەگەبۆرەش لەکن کچەکان هەرکەت. تەماشای کچە گەورەکەی ئەکرد، خۆی ڕووت کردبۆوە. کچەکەی وەکی تەماشای کرد، گۆتی: سەگە بۆرە بەو خوایەی چاوت وەچاوێ بەشەران ئەچی. هەند بە عیزیم تەماشاکەی! ئەگەر بەشەری، هەڕۆوە ناو گوندی تا ئەمن لە کورێ ئەبمەوە. لەکورێ ببمەوە شەرت بی چاکت ئەکەمەوە. سەگەبۆرەی کلکی لەسەر پشتێ دانا و چووە پەنا گردی.

کچەکە لەکورێ بۆوە و کچەکە سیحرباز بوو، حەفت شوڕکی بڕین، گۆتی: سەگە بۆرە حەفت شوڕکانت لێئەدەم، نوقەی نەکەی، نوقەی بکەی چا نابیەوە! سەگەبۆرەش گۆتی خوا بکەم لێمەدا. وەڵاهـ نابی نوقەی بکەم.

حەفت شوڕکی لێدان کچەی، هەر ڕاست سەگەبۆرە چابۆوە و بۆوە زەلامی جاران. وەڵا دەگەر کچێ پاشای چۆوە و پاشا گۆتی: کچم ئەدی سەگە بۆرە، دەگەرەنگۆ نەهاتبوو؟

گۆتی: سەگەبۆرەی چێ بابە؟ ئەوە سەگەبۆرەیە!

گۆتی: چێ؟

گۆتی: ئەوە سەگەبۆرەیە؟

کچێ گۆتی: کچم سەگەبۆرەی چێ؟

گۆتی: بابۆ ئەوە سە نەبوو، بەشەر بوو، ژنێ خۆ کردبووە سە.

---

1- واتە سەگە سوورەکە ڕێوشوێنی بۆ گورگەکان داناوە.

2- کور:کۆر، کوڵ، جل شتن

– بەڕاست وارێی؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتی: ئێستاش سەگەبۆرە!

گۆتی: چییە!

ناوی حەسەن بوو، گۆتی: کاك حەسەن!

گۆتی: بەریێ

گۆتی: شوڕکەکت وێدەم. بڕۆ ژنت لەمارێیـە، لەپاشڕا با نـەتبینی، شوڕکەکی لێدە بەکەیفێ خۆ، دەیکەیە چ، بیکە ئەوە.

کچەکەی شوڕکەکی وێدا و لێی دا ڕۆیی. چۆوە مارێ. وەکی چوو ژنـەی نانـەکرد. هاگای لێ نەبوو یەك شوڕکی لێداو گۆتی: لەنیەتم ببیە هێستر.

ژنەکە بووە هێستر، بانگی خەرکی کرد، گۆتی: خەرکینە!

گۆتی: بەریێ

گۆتی: ئەمن ئەو هێسترەم هەیە، هەر کی ئیشی پێیە، بابێ لۆ خۆ بیبا، بـەس چی نەداتێ هێوارانی بینتەوە مارێ من.

ڕۆژێ عالـەم دەیـانبردە ئیشـێ و هیچـیان نـادایێ و هێوارانیشـیان دەینـاوە پـێش دەرکێ مارێ حەسەنی.

بە حەفت ڕۆژان هێستر، چی نەخوارد، ئیشیشیان پێ ئەکرد، هێستر تۆپی، ئەوجا گەڕاوە مارێ پاشای.

پاشا گۆتی: کاك حەسەن کچێ گەورەت لێ ماراکەم.[1]

کچێ گـەورەیان بـە ئـەمری شرعی لێ مارە کرد و کـاك حەسـەن ئیسـراحەتی کـرد و لەمارێ پاشای ماوە و خانیەکیان لۆ کرد و دایانێ و کاك حەسەن ئیسراحەتی کـرد و ژنەکەشی لەکۆر بۆوە و ئەمنیش لەوسەری هاتمەوە، یاخوا هەزار ڕەحمەتتان لێ بی.

---

1– ماراکەم: مارە دەکەم

# هەرچی خوا نەکا ناکرێ[1]

جارەکی هەیاسی گۆتی: ماشەڵڵا هەرچی خوا نەکا ناکرێ.

سبەینێ لە دیوەخانێ گۆتی: هەرچی خوانەکا ناکرێ.

سوڵتانی گۆتی: هەیاس ئۆ چتە ئەتو؟

گۆتی: وەڵاهی سوڵتانم خۆشبی، هەرچی خوانەکا ناکرێ.

گۆتی: هەیاس ئەمن هەوەسم لێ بی، شتەکی ئەکەم بەکەیفی خۆ.

گۆتی: کو؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتی: فەرموو بابڕۆین.

هەردوك سواری وراغی خۆ بوون و یەکی چوونە شارەکی.

گۆتی: هەیاس: ئەتوو ئەرێی هەرچی خوانەکا ناکرێ. ئەمن ئێستا ئەچمە مارەکی دەورەمەند دەورەمەند، خوا داخوا دەمباتە مارەکی فەقیر!؟

گۆتی: فەرموو. دەرکەکەی زێڕبوو. قەسرەکەی زۆر خۆشبوو. ڕووی دە قەسرەکەی کرد و لەدەرکەی دا.

گۆتی: ئەمن ئۆ ئەچمە ئەو قەسرە گەورەی. قەسری ئەوهە لەو شارەی نییە، دەرکەشی زێڕە.

دەگۆتی: فەرموو بڕۆ ژۆرێ.

لە دەرکەیان دا، دەرکەیان لێکردنەوە و چوونە ژۆرێ و گۆتی: فەرموون.

وەکی چون ڕایەخەکی خراپی لێڕاێخرابوو، لەسەر ڕایەخەکەی دانیشتن. کابرا نانەکی ڕەقی هێنا لەپێشی دانان لەسەر سنی، گۆتی: فەرموون بخۆن.

هەیاسی گۆتی: فەرموو پاشا بخۆ! هاتییە مارەکی دەورەمەند.

نانەکەیان خوارد. وەختەکێ ژنێ پاشای حەملی هەبوو منداریەبوو. ئەرێ شەوێ ئەوان لەوێ بوون منداری بوو. سبەینێ هەستان بڕۆن هەیاسی گۆتی: سوڵتان کۆچکەکی لۆ زاوای خۆ بکرە.

گۆتی: زاوای چیٚ؟

گۆتی: ئەو کوڕەی ئەوشەو بووە، ئەبیتە زاوای توو.

گۆتی: هەیاس!

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی)یەوە وەرگیراوە.

گۆتی: بەریَ

گۆتی: کچیَ من عەزەبە ئەو مندارەش ئەوشەو بووە، کووەبیتە[1] زاوای من؟

گۆتی: وەللاّ ئەبیتە زاوای توو.

گۆتی: هەیاس لە ئێستاوە ئەتوو دەگەرە من دانی و دەگەرەمیش نابی.

گۆتی: فەرموو سولّتانم. هەیاس ڕۆیشت و سولّتانیش خۆ بەجیَ هێشت.

بانگی کابرای کرد، گۆتی: کاکە!

گۆتی: بەریَ

گۆتی: ئەو مندارەی ئەوشەو بووە، دەبی بدەنە من.

گۆتی: کاکە وەلاّهی ماری خۆم هەموو کردە خێر و خێرات، بەس ئەو دەرکەم مایە، دەرکەی قەسریَ بکەمە خێر، بەس خوا ئەولادەکم بداتیَ، خوا ئەو ئەولادەی دایمیَ. بیکە ڕاهی خوای، لێم مەستینە.

گۆتی: خوا دەزانی، نەمدەییَ لەسەرت ئەدەم.

سولّتانیش مەلۆتکەکەی پێچاوە و ڕاستی برد. بردی لە چیایەکی، چیایەکی دوور لە ئاوەدانی فڕەی دا. گۆتی لێرەی فڕادەم ئەوشەو ئەمری. فڕەیدا، بەجێی هێشت، بە ئەمری خوای حەیوانەك. حەیوانەکی کیوی سبەینان و هێواران و نیوڕانان، دات مەمکی خۆی دە زاری ئەو مەلۆتکەی ئەنا. تەقدیریَ خوای، ڕاوکەرەکیش لە ڕاویَ بوو، تەماشای کرد حەیوانەك دیارە تفەنگەکی هاویشتە حەیوانەکەی، حەیوانەکە هەرات لەبن دەست و پێی حەیوانەکەی مندارەکە غلۆربۆوە[2] و دەستی بە زیڕە زیڕیَ کرد.

ڕاوچییەکە غاریدا تەماشای کرد: مەلۆتکەك لەویَ کەتییە. گۆتی ماشەڵلاّ خودایە دەبی ئەو مەلۆتکە ئی ئەو حەیوانەی بیَ! ئەوە حەیوانە کیوییە و ئەوە مندارە و بەشەرە و وەلاّهی وەبیللاهی گۆتی نزانم چ بریم. مندارەکەی هەرگت و هینایەوە ماریَ، ژنەکەی ڕاوکەرەکەی گۆتی: ئەو مندارە چییە؟

گۆتی: ژنەکە چت لێوەشێرم، ئێستا قسەکی بکەم، پێم باوەڕ ناکەی.

گۆتی: لۆ؟

گۆتی: وەلاّهی سوانم!

گۆتی: چییە؟

---

1- کووەبیتە: کو دەبێتە، چۆن دەبێتە

2- غلۆربۆوە: تل بۆوە، تەپاوتلی کرد

گۆتی: ئەوڕۆ لە ڕاویٚ بووم، حەیوانەك ڕاوەستا بوو، تفەنگەكم هاویتیٚ. حەیوان هەرات، ئەو مندارەی لەبن دەست و پێیان غلۆر بۆوە، دەستی بە گریانیٚ كرد، وەكی ئەواچم،[1] ئەو مندارە لەویٚ كەتییە. گۆتی: ئەجا ئەمن نازانم ئەو مندارە ئی ئەو حەیوانەیە، ئەو مندارە لۆ لەو شاخەی كەتبوو؟!

گۆتی: پیاوەكە هەموو شتەك ئەبی. مندارەكەیان بەخێو كرد، سارەك نەبوو، دوو نەبوو، سیٚ نەبوو، مندار ژیكەلە بوو، مندار گەورە بوو، كردیانە جۆتیار، ژیكەلۆكە بوو...

هەیاس و سوڵتان ئەگەڕان. سوڵتان تەبعەن دەپێش دابوو، پاشا بوو، گەیشتنە ڕاستی جۆتیاری.

هەیاسی گۆتی: جەنابی سوڵتانی لۆ ماندی بوونیٚ لە زاوای خۆ ناكەی؟

سوڵتانیش گۆتی: ئەمن چەند سارە ئەو مندارەم فڕە دایە، ئەو مندارە هەو نییە! گۆتی: هەیاس دیسان دەستت پێكردەوە.

گۆتی: وەڵاهی ئەو مندارە ئەبیتە زاوای توو.

گۆتی: هەیاس وازم لیٚ بینە، بڕۆ خواحافیزت بی. ئەمن چیدی دەگەرەتو ناڕۆم.

هەیاس ڕۆیی، سوڵتانیش چووە كن جۆتیارەكەی، گۆتی: كاكە ئەتوو كوڕی كێی؟

گۆتی: وەڵا ئەمن كوڕی فران ڕاوكەریمە.

گۆتی: كاكە ئەتوو قاقەزەكت لۆ ئەنووسم لۆ شاری (غەزنە)ی، پێنج لیرانت بدەنیٚ.

جۆتیاری گۆتی: باشە بەس با گایەكان بەمەوە ماریٚ، پرسیش بە بابم ئەكەم، ئەوجا. وەڵا گایەكەی بردن.

گۆتی: بابە!

گۆتی: ها

گۆتی: پیاوەك هاتییە ئەریٚ كاغەزەكم لۆ ببە شاری خۆ (شاری غەزنە)ی، پێنج لیرانت ئەدەمیٚ. ئەمن ئەچم كاغەزەكی لۆ ئەبەم.

گۆتی: كوڕم هەڕوو بەس زوو وەرەوە.

وەڵا هاتە كن سوڵتانی و سوڵتانی كاغەزەكە نووسی و حەسەن مەمەند تەبعەن لەمارێیە وەكیلیتی. وەكیلی سوڵتانییە. قاقەزەكەی لۆ حەسەن مەمەندی نووسی، گۆتی: جەنابی حەسەن مەمەندی! هەڵگری نامە ئەو كوڕە جاحێرە كە هاتە شاری، كاغەزەكی وێدای، ڕاست سەری ببڕە و بیشێرنەوە.

كوڕەكەش خویندەواری نەبوو، ڕاست كاغەزەكەی دە بەرییٚ ناو ڕۆیشت.

---

1- ئەواچم: ئەوە دەچم، وا دەچم

ڕۆیی، دوور و نێزیك گەیشتە شاری غەزنەی. کچێ پاشای. کچێ سوڵتانی لەسەر باروگەی قەسرێ، بە دووربینی تەماشای کرد: ئەو کوڕە جاحێرەی با بێتە مارێ. کارەکەرەکە چووە بەرایێ کوڕەکەی و گۆتی: کاکە ئۆ کێوا چی؟

گۆتی: ئەچمە دیوەخانێ حەسەن مەمەندی! سوڵتانی ئەو کاغەزە وێدایمە لۆ حەسەن مەمەندی.

دەگۆتی: لادە ئەو قەسرەی ئۆ کچێ حەسەن مەمەندییە، ئیشی پێتە.

گۆتی: ئاخر با بچم کاغەزەکەی بەم، ئەجا ئەچم.

نا نا گۆتی: هەتا ئێرە وەرە ئەجا بڕۆ.

وەڵا لای دا و لە قەسرێ وەسەرکەت و کچێ حەسەن مەمەندی، یەك پێ لەبەری برند بوو گەورە بوو کچە، گۆتی: کاکە کێوا چی؟

گۆتی: وەڵا ئەچمە کن حەسەن مەمەندی، ئەو کاغەزە سوڵتانی وێدایمە لۆی بەم.

کا گۆتی: کاغەزەکەم وێدە.

ئاخر گۆتی: کاغەزەکەی مەشکینە.

گۆتی: وەمن دە. کاکە حاقت نەبی.

وەڵا کچەکە کاغەزەکەی لێ وەگرت، تەماشای کردێ نووسرایە: ئەو کوڕە گەیشتە شاری بیکوژن و بیشێرنەوە. کچەکەش عاشقی ئەو کوڕەی بووە، کە چاوی وێکەت. کاغەزەکەی دڕاند. نووسی حەسەن مەمەند، ئەو کوڕە گەیشتە شاری و کچێ منی لێ مارەکەن و دەپاری کەن.

کاغەزەکەی وێداوە و کوڕەش کاغەزەکەی برد لۆ حەسەن مەمەندی و وێی دا و حەسەن مەمەندی بانگی مەلای کرد و کچێ سوڵتانی لێ ماره کرد و خانییەکیان لۆ گرتن و ڕاست دەپاری کردن.

پێنج شەش ڕۆژ پێچوون، هەیاس ئەزانی مەسەلە چییە. هاتنەوە گەیشتنەوە شاری و گەیشتنەوە دیوەخانێ و گۆتی: حەسەن مەمەند!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەو کاغەزەی لۆم ناردی، ئیشەکەت جێبەجێ کرد؟!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: کوشتت؟!

گۆتی: کوشتنێ چی پاشا؟

ئەدی گۆتی: ئەمن کاغەزەکم وە کوڕەکەی دا، کە گەیشتە شاری مە بیکوژن.

گۆتی: وەڵاهی جەنابی پاشای، کاغەزەکە نووسرابوو وەکی گەیشتە شاری کچیٚ منی لیٚ مارە کەن و دەپاری کەن. ئەمەش خانییەکن ئۆ لۆ گرتییە...

هەیاس پیٚکەنی، گۆتی: جەنابی پاشای! پیٚت ئەریٚم هەرچی خوا نەکا ناکریٚ.

گۆتی: صەددەق صەددەق هەیاس، ئەشەدوبیللا قسیٚ تووە، هەرچی خوا نەکا ناکریٚ.

# ئەحمەدی خویندەوار[1]

پیاوەك هەبوو، خویندەوار بوو. سەفی شەشی متەوەستەی خویندبوو. ژنەكەشی سەفی شەشی متەوەستەی خویندبوو. ئەو سەردەمی سەفی شەشی متەوەستە بە موهەندیسەكی هەبوو. ئەو ژن و پیاوە هیچیان نەبوو. نانیان نەبوو بخۆن. ڕۆژێ ئەچوو پشتییە چیلكەكی[2] دەینا، ئەو پشتییە چیلكەی ئەفرۆشت لە بازاڕی. بە دوو نانانی ئەدا و دەیانخوارد. ئەو پیاوەش بە ژیانی خۆی بەس خویندبووی، هیچ ئیشوكار و كاسبی نەكردبوو لە خویندنێ زیاتر. ڕۆژەكێ چووە چیای پشتە چیلكەكی هینا، گەیشتە ناو شاری و نەگەییە ناو شاری، بەربۆوە دری لە خۆ بۆوە.

بەینەكی بەهۆش خۆ هاتەوە. جووەكی گەیشتێ، گۆتی: كاكە!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەتوو چیش ئەكەی؟

گۆتی: وەڵاهی ئەمن ڕۆژێ پشتە چیلكەی دینم. دار و باری دەینمە شاری ئەیفرۆشم, لۆ ئەو فڕنیانە، ئەودارانە دەیاندەمێ، چار ئەستوكانم ئەدەنێ. كوڕەك و كچەكم هەیە دەگەر ژنێ، ئێكی ئێكی ئەخۆین. ڕۆژانە ئیشی من ئەوەیە.

گۆتی: لۆنایەی لەكنە من ئیشی بكەی.

گۆتی: ئیشی چێ؟

گۆتی: لەكنە من ئیشی بكە بەنان و زگ هیچت نادەمێ. هیچیشت پارە نادەمێ. بەس بەنان و زگی مارومنداری من چاخوا ئی توش ئەوی.

ئەو پیاوە ناوی ئەحمەد بوو، بەرا هیچی بێ ژنێ ناكرد، بەبێ ژنێ خۆی هیچ ناكرد, وەڵاهی گۆتی: جووە ئەمن لەخۆم گەورەتر هەیە. هەتا پرسێی پێ نەكەم، ئیشی ناكەم.

گۆتی: چ قەیدییەكە.

– لە كێندەرێ، لە چ محەلەكی؟

گۆتی: لە فران محەلەیمە.

– ئەگەر ئی لە خۆت گەورەتر ئیزنی دای، وەرە.

گۆتی: زۆر چاكە.

---

1– ئەم هەقایەتە لەدەمی(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سكتانی)یەوە وەرگیراوە.

2– پشتە چیلكە: كۆڵە چیلكە، كۆڵێك چیلكە و دار

پشـتە چـیلکەکەی فرۆشـت و بـە چـار ئەسـتوکانی دان، لـۆ مـار و منـداری خـۆی بردەوە، بانگی ژنیٚ خۆی کرد. گۆتی: ژنەکەم!

گۆتی: بەریٚ!

گۆتی: ئەمن جووەکی ئێقە گرتیمە. ئیشـی لـۆ بکـەم. بەنان و زگ, مـار و منـداری چ بخوا، ئی میش ئەوی بخوا.

ژنەکـەی نـاوی فـاتم بـوو گـۆتی: پیاوەکـە نـە ئـەرێم هـەڕوو، نەئـەرێم مەچـوو. خـۆ و زەوقی خۆتە.

گۆتی: ئەچم. لەبەر ئەوەی چیدی ئەو دارانە بە من نایەن. ئەچم.

خەڵاس دەگۆتی: هەڕوو.

چوو محەللەی دیتەوە, سەلامی لەجووی کرد و سەلامی لێوەرگرتەوە.

گۆتی: جووە هاتم!

گۆتی: یاخوا بەخێربێی.

گۆتی: کاکە ئـەمن ئـەو دوکانـەم ئـەویٚ. ئـەوا ئـەو کوتـارەی لێیـە کـە ئـەتوو ئـەیفرۆشـی، ئەمیش ئەگەر خەلاس بوو لـۆت دەینمـەوە. هەسـتا دەسـتە جلکـەکی سـپۆڕتی لـۆ کـڕی لـۆ ئەحمەدی, سەرو ڕدێنی تراشی و خۆی حەمام لـەمیش کرد و لەسـەر دوکـانیٚ دانیشـت. دوکانەکە کوتاری هەبوو، بیست سار بوو. تۆپە کوتار هەبوو تێیـدا بـوو مۆدیلی نـەمابوو. ئەحمەد خوێندەواربوو. ملی دەبەرنا، فرۆشتی. بینـە و بـەردە، دەی دەی ئـەوی لـەدوکانیٚ بوو هەمووی فرۆشت. سبەینیٚ جوو هات گۆتی: ئەحمەد کا کوتار و شتەکە.

گۆتی: فرۆشتم.

بەقورعان جووی گۆتی: ئـەوە کابرایـەکی سـەر بـە ڕزقـە. بەحـەقی پێغەمبـەری گـۆتی ئەمن بوومیٚ. چوو کوتار و ئەموالی کڕی مۆدیلی تازە, لۆی دانـا. سـبەینیٚ جـوو هـات, سەرەکی لە ئەحمەدی دا. تەماشای کرد عالەم سرەی گرتبوو, ئەحمەدیش لە وەرەقەی دەینووسی کا چەندەکا؟[1] ئەوەندەی وێیەدا. نابی ئەمن ئەنویسـم سـیٚ مـەترەکا ئۆنـدە، لۆیە نوویسم ئەزانم چەندەکا!

گۆتی: کو ئەتوو خویندەواریشت هەیە؟!

گۆتی: ئەدی کو.

دە گۆتی: باشە.

---

1- چـەندەکا: چـەند دەکـا. تێبینـی دەکـەین هـەموو ئـەو هەقایەتانـەی (ئەحمـەد سـکتانی) دەیانگێڕێتـەوە، کاریگەری شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەکانی کۆیەیان لەسەرە. چونکە بەشێك لەو خۆشناوانەی کە لە ڕانیە و کۆیە و هەولێرەوە نزیکن، (دە)ی نیشانەی ڕانەبردوو لە جیاتی (ئە) بەکاردەهێنن.

به موددەی سارەکیٚ جووی وەلیٚهات، ناوی خوٚی لە دەورەمەندییٚ بزر کرد. ئەوە ئیشی لوٚکا بە نان و زگ. ئەحمەدیش دەکیٚندەر دایە؟ دەخانییەکی دایە، کوٚریتە سەیەکە، سەی تەنگاوکەی ناچیتە ناوی. بەتانییەکیشی زیاتر نییە، بەتانیەکەش بیست کونی زیاتر تیٚدایە، بەس ئوٚندەش هەیە هیچی نییە. هیٚواران جوو هەندەکی لوٚ دەناو عەللاگان ئەکا، ئەباتەوە لوٚ مندارەکان و ئەخوٚن.

خەبەر دەرچوو لەو شارەی، گوٚتیان: ئەحمەدەك پەیا بووە، دوکانەکی هەیە بوغازە و کوتاری وەی هەیە شتی وەها نییە. کچیٚ پاشای شاری، پیٚی زانی بانگی کارەکەرەکی کرد گوٚتی: داخوا هەڕوو چییە وە؟

کارەکەرەکە چوو. ئەحمەد گەنجەکی سپوٚرتە، چاوی ویٚکەت. وەخت بوو شیٚت بی. ڕوٚیی، کارەکەر چووە پیٚش دوکانیٚ، چاوی وە ئەحمەدی کەت، دری لەخوٚ بوٚوە، سعاتەك نەهاتەوە. دوو سعات کارەکەرشکەی[1] نارد. ئەویش واقی وڕما، کچیٚ پاشای بەخوٚ چوو، وکی چوو، کارەکەر لەویٚ موٚلەق ڕاوەستاینە، کچیٚ گوٚتی: هەستن بڕوٚن. ئەمن ئەنگوٚم لوٚ چ ناردیە؟

گوٚتیان: ماخەرا[2]، جوانە ئەو پیاوە!

گوٚتی: وەرنە دواییٚ، ئاغەژنیٚ[3] چاو ویٚکەت، کچیٚ پاشای ئاشقی بوو ئاشقی ئەحمەدی.

کچیٚ پاشای چوٚوە گوٚتی: کارەکەر وەرە!

گوٚتی: چییە؟

گوٚتی: هیٚواریٚ ئەو ئەحمەدە دەرکیٚ دوکانیٚی قەپات کرد، لەدوی ئەچی هەتا ماریٚ دەرکەیان موٚر ئەکەی و دیٚیەوە.

ئەحمەد بانگی مەغریبیٚ دوکانی قەپات کرد و کارەکەرەکە عەبای بەخوٚ دادا، گەڕا داخوا ماری لەکیٚیە. کچیٚ پاشای دەیویٚ[4] ماریٚی پیٚ بزانی. ماری دیتەوە. ئەحمەد چوٚوە کەچە خانییەکی کەلاوە.

کچیٚ پاشای گوٚتی حەککو ئەو زەلامە سپوٚڕتە ئەو گەنجە جوانە، ئەو کەچە خانییە! بەو خوایەی گوٚتی ئەو خانییە ئی وی نییە. بەرا دەرکەی موٚر کرد. بەردوکەکی[1] پانی لە دیوارەکەی دیتەوە موٚروٚکەکی لیٚ دا.

---

1- کارەکەرشکەی: کارەکەریٚکی کەش، خزمەتکاریٚکی دیکەش

2- ماخەرا: ماڵ خەراپ، ماڵویٚران (بوٚ سەرسووڕمان)

3- ئاغەژن: هەر مەبەست لە کچی پاشایە.

4- دەیویٚ: دەیەویٚ

هاتەوە. کچیٚ پاشای گۆتی: دەرکەت مۆرکرد؟

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: لێی گەڕیٚ ئەجا.

بێینە سەر حیسابی جووی.

جوو گۆتی: ئەحمەد!

گۆتی: ها

گۆتی: وەڵاهی ئەتوو ئەو خویندەوارییەت زۆر باشە. باشە ناکریٚ ئەمیش فێرکەی؟!

کوڕە گۆتی: جوو چما دەبی ئەمن غورفەك هەبی مەکتەب بی دانێین ئەمن ڕۆژیٚ دوو سعاتان دەرسێت پیٚ بڕیم. ئەتوو ئەوهە فێر نابی.

جا گۆتی: کاکە مار و منداریٚ توو دەینینە خانی من، خانی من زۆرە، دوو هۆدان ئەدەمە توو، دوو هۆدە لۆ خۆم، هۆدەکیش ئەکەینە مەکتەب.

گۆتی: زۆرباشە. زۆر چاکە.

هەرستا جوو چووە ماریٚ ئەحمەدی و مار و مندارەکان هیچیان نەبوو، یەك کەچە بەتانی بیست کونی تێدا بوو، ئەحمەدی بەتانییەکەی بەجیٚ هێشت، خڕی کردەوە سەر یەك و دەبن کاریتەکی[2] نا. گۆتی: ئەو بەتانییە زۆرم نمەك پێوەنایە، با لێم بزر نەبی.

ئەحمەدی گواستەوە ماریٚ خۆ و ماری بردەوە کن ماریٚ خۆ و ڕۆژیٚ سەعاتەك دوو سەعاتان دەرسی بەجووی ئەریٚ. هۆدەکیان کردە مەکتەب.

بێینەوە سەرحیسابی کچیٚ پاشای.

گۆتی: کارەکەر!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: دەرکەت مۆرکردییە؟ گۆتی: وەپێشکەوە, بانگی مەغریبێیە وە پێشکەوە, بانگی مەغریبێیە ئەحمەد لە خانی خۆ نەمایە لەکەچە خانی. ماری بردتە ماری جووی.

ڕۆیی. دە ققولبابی[3] دەرکەیان کرد، کەچە دەرکەی دار.

کارەکەر گۆتی: ئێرە هەوە؟

گۆتی: ئا.

گۆتی: درۆی ئەکەی، ئێرە هەونیە.

---

1– بەردوکە: بەردێکی بچووك، پەلە بەرد

2– کاریتە: شاتیر، دیرەك، داری خانوو

3– دەققولباب: لەدەرگادان

گۆتی: وەڵاهی ئێرە هەوە.

گۆتی: ئێرە هەو نییە. ئاخر ئەو کابرایە دەورەمەندە. ئەو کەچە خانییە، ئەو بوخازەی[1] هەیە، ئاخر ئۆ کو ئەو خانییەی هەیە؟

وەڵاهی گۆتی: ئاغەژن بەو قورعانەی. هەتا نەهاتە ژۆریٚ ئەمن دەرکەم مۆر نەکردییە.

نا گۆتی: ئەتوو لەبەر خوێڕییایەتی ئاگات لیٚ نەبووە. چوویتە قەسرەکی گەورە ئێرە ئی وی نییە.

وەڵاهی گۆتی: ئی وییە بەو خوایەی.

گۆتی: موشکیلە نییە.

گەڕانەوە چوونەوە ماریٚ.

سبەینیٚ گۆتی: کارەکەر!

گۆتی: بەریٚ

کچیٚ پاشای گوستیلەکی هەبوو. لەسەری نووسرابوو ئەو شارەی پیٚ ئەکڕی.

گۆتی: ئەو ئەنگوستیلەیەی لۆ ئەحمەدی بە، بەدیاری.

گۆتی: بەسەرچاو.

کارەکەر ئەنگوستیلەی دەستداییٚ و چووە دوکانیٚ.

گۆتی: سەلاموعەلەیکوم!

گۆتی: سەلام بەخێربێی.

گۆتی: ئاغەژن ئەو ئەو ئەنگوستیلەیەی لۆ ناردی.

ئەحمەدیش تەماشای کرد خویندەوارە. لەسەری نووسرایە ئەو شارەی پیٚ ئەکڕی.

زگی بەخۆ سووتا. باشە ئەمن ئەنگوستیلەی لۆ ناردیمە ئەو شارەی پیٚ ئەکڕیٚ. ئەمیش هیچم نییە چی لۆی بنێرمەوە؟

گۆتی: کارەکەر!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: لۆ کچیٚ پاشای بەوە. بریٚ ئەموالم باییٚ هەندیٚ لەکن نییە. دواییٚ کە ئەموالی چاکم لۆهات، شتەکی لۆ ئەنێرم. کارەکەر گوستیلەکەی بردەوە.

کچیٚ پاشای گۆتی: ئۆ لۆ هیناتەوە؟

وەڵاهی گۆتی: ئەمن هیچم لەکن نییە و دواییٚ لۆی ئەگۆڕمەوە.

---

1- بوخازە: بوغازە، جل و کوتاڵ

گۆتی: برۆ بیدێ بیدێ. دوو چوکلاتانم لۆ بینە، بڕۆ بیدێ تەواو. ئەمن هەدیەم کردییە.

کارەکەریش چوو گۆتی: ئەحمەد ئاغە ژنی گۆتی ئەمن هەدیەم کردییە بیگێڕەوە.

گۆتی: موشکیلە نییە. گێڕایەوە و لەدەستی خۆی نەکرد. هەریدا ناو دەخیلەی جووی، ئەنگوستیلەکە.

زۆر عاجز بوو ئەحمەد وەخت بوو شێت بی. جوو هات ئاگای لەخۆ نەبوو.

– مەتری ئەوێهێ بەچەندییە ئەو قوماشێهێ بەچەندە. ئەو تۆپێهێ بەچەندییە؟!

هیچ ئاگای لێ نەبوو. جوو هات تەماشاکا. ئەو خەرکە ڕاوەستایە و معامەلەی کوتاری ئەکا، ئەحمەد هەر هۆشی لەخۆ نییە. جوو گۆتی: ئەحمەد ئۆ چییە وە؟

وەڵاهی گۆتی: جووە بەو قورعانەی ئەزانی چییە؟ وەختە شێتبم لەتاوانی، لەخەفەتان.

– چییە ئاخر؟

ئەنگوستیلەکەی لە دەخیلەی دەرینا...

ها گۆتی: ئەو ئەنگوستیلەی لۆ ناردیمە کچێ پاشای. لەسەری نووسرایە ئەو شارەی پێ ئەکڕێ. ئەمیش هیچم نییە ئەلقەکیشم لە دەستی دا نییە، ئی زیویش لۆی بنێرم. لەبەر هەندێ لە مەراقان وەختە بمرم.

هەی گۆتی: داوەشێی.

جوو چوو غاریدا لە مارێی، ئۆندەی یاقووت و دوڕ هیناو گازی زێڕینگرەکی کرد و گۆتی: وەرە، ئەو ئەنگوستیلەی ئەبینی کو دروست کرایە؟

گۆتی: بەرێ

گۆتی: لەو زێڕەم ئەنگوستیلەکی ئەوهە لۆ دروستەکەی. لەسەرەنووسی ئەو شارەی پێ ئەکڕێ. لە بنیشی ئەنووسی ئەو شارەی پێ ئەفرۆشرێ. بەس لە چەشنی ئەو ئەنگوستیلەی بی!

گۆتی: بەسەرچاو.

وەیگۆتە زێڕینگری، گۆتی: هەر ئەوڕۆشم لۆ دروستکە، ئەلعان هیچ ئیشەکی ناکەی، هەتا ئەنگوستیلەی من دروستەکەی. چەندیش برێی زێڕی، دەتدەمێ.

گۆتی: بەسەرچاو.

زێڕەکەی برد و بایێ ئەنگوستیلەکی لێکردەوە و یەك ئەنگوستیلەی لۆ دروست کرد، سەت لەوی جوانتر، لەسەری نووسی پێی ئەکڕێ. لە بنیشی نووسی پێی ئەفرۆشێ.

گۆتی: فەرموو ئەحمەد ئەوەی لۆ بنێرە، مارت خەرانەبی.

**ئـەوجا ئەنگوسـتیلەی کچـێ پاشـای دە دەسـتی خـۆ کـرد و هـەموو دەمـێش، کارەکەریان لە بەینی دات و ئەچوو، وێی دا، وە کارەکەرەکەی دا وەیگۆ ها ئەوەی وە ئاغەژنێ دە. وەکی لۆی برد، ئاغەژن تەماشای کرد لە چەشنی ئی خۆیتی. بەس لە سـەرێی نووسـرایە ئـەو شـارەی پـێ ئـەکرێ، لـە بنـی نووسـرایە ئـەو شـارەی پـێ ئەفرۆشـێ؟! بـەو خوایـەی کچـێ پاشـای گـۆتی: ئـەوی ئـەمن لـە دووی ئەگـەڕێم ئـەوە هەوە،[1] هەوە کارەکەر!**

**گۆتی: ها!**

**گۆتی: بڕۆ. برێ ئەوڕۆ هێوارێ میوانی منە.**

**کارەکەر غاریدا: سەلاموعەلەیك.**

**– عەلەیکومەسەلام بەخێرێی.**

**گۆتی: ئاغەژن وەیگۆتییە هێوارێ دەعوەتی منی.**

**گۆتی: وەڵاهـی بە ئاغـەژنێ بـرێ، ئـەمن ئـی لـەخۆم گـەورەتر هەیـە، هێـوارێ دەچمەوە پرسێی پێ ئەکەم، ئەگەر ئیزنی دام دێم. ئەگەر ئیزنی نەدام نایەم. ئەگەر ئیزنی دام ئەوڕۆ هێوارێ نا، ئەوڕۆ هێوارێ پرسێی پێکەم، سبەی هێوارێ ئەگەر ئیزنی دام لەکنەویمە.**

**گۆتی: باشە.**

**کارەکەر چۆوە.**

**ئاغەژنێ گۆتی: چ بوو؟**

**گۆتی: وەیگۆ ئی لە خۆم گەورەتر هەیە پرسێی پێکەم، ئەگەر ئیزنی دام، دێم، دەنا نایەم.**

**گۆتی: موشکیلە نییە.**

**ئەحمەد هێوارێ چۆوە مارێ، لەکن مارێ جوویە، چۆوە مارێ گۆتی: فاتم!**

**گۆتی: بەرێ**

**گۆتی: وەڵاهی کچێ پاشای ئەو شارەی دەعوەتی کردیمە. ئەتوو ڕەئیت چییە؟ بچم یان نەچم.**

**گۆتی: هەڕوو. هەڕوو کچێ پاشای یەك پرسیارت لێ ئەکا زیاتر نا.**

**گۆتی: چییە؟**

**گۆتی: ئەرێ دەگەر ماری دنیایێ کوی؟**

---

1– هەوە: خۆیەتی

بـرێ نیـوەی ئـەو شـارەی ئـی منـە. چـیدیش مـەرێ، یـەك قسـەی دیكـە نەكـەی. ئەوەندەشـت لێ ئەپرسـی: ئـەرێ ئەحمـەد دەگـەر ماری دنیـایێ كوی؟ بـرێ نیـوەی ئـەو شارەی ئی منە، زیاتر مەرێ و كەمتر مەرێ.

گۆتی: باشە.

كارەكەر سبەینێ هات گۆتی: كاكەحمەد دێی؟

گۆتی: بەرێ ئی لەخۆم گەورەتر ڕێی پێدایمە بێم، دێم. هێوارێ دێم.

كچێ پاشاش قەسری ڕازاندتۆوە و بۆنخۆشی كرد، تاقم و قەنەفەی دامەزراندن. هێوارێ ئەحمەد دەققولبابی كرد و دەركەیان لێ كردۆوە و وەسەركەت. دوو كورسییان لۆ دانان، ئێك لۆ وی و ئێك لۆ ئاغەژنێ.

گۆتی: ئەحمەد لەگەر ماری دونیایێ كوی؟

گۆتی: نیوەی ئەو شارەی ئی منە.

گۆتی: تەواوە.

دەستیان دە ملی ئێك كرد. تا سبەینێ، سبەینێ نانی سبەینێی دایێ و ڕاست گەڕاوە سەر دوكانێ.

گەڕاوە سەر دوكانێ و ئیشی خۆیەكرد، شەوێ دوو سعاتان دەرسی بە جووی گۆت و نانیان خوارد و نووستن. ژنێ جووی نیوەی شەوێ بوو چووە هۆدێ ئەحمەدی گۆتی: ئەحمەد!

گۆتی: ها

گۆتی: هەستە.

گۆتی: ژنێ جووی لۆ هاتییە ئێرە؟

گۆتی: ئەحمەد وەختە لۆت شێت بم.

گۆتی: بابە ئەمن نمەكێ ئەو مارەم كردییە، ئەمن كابرایەكم مسوڵمانم، ئەتوو ئێستا لێرە ئاخر ئەمن بە نانی ئەو كابرایەی ئەژیم. ئاخر ئەمن... نابە!

گۆتی: ئیشەكی ئەوهەم لەگەر نەكەی، ئەمن بەڕاستی لێت لە هەرادەم.[1]

بانگی فاتمێی كرد. گۆتی: فاتم!

گۆتی: چییە؟

گۆتی: ئەو ژنە بەرۆكی گرتیمە، نزانم چ بكەم؟

گۆتی: شتی وا نەكەی هەستە با بڕۆین.

---

1- لە هەرادەم: لە هەڵا دەدەم، دەیكەمە هەڵڵا

فاتمێ گۆتی: هەستە با بڕۆین... هەستە با بڕۆین. ئێکی مندارەکیان لە ئامێزێ کرد و ڕاست ماریان بەجێ هێشت. چوونەوە کاولە خانیێ خۆ.

بەتانیۆکەیان لەبەر کاریتێ هینا دەرێ و ڕایانهێخست و چوون لەسەری پاریانداوە. جووش هاگای لەو وەزعەی نییە.

جوو سبەینێ هەستا چووە دوکانێ، دوکان قەپات بوو. ئۆه. چووە مارێ وەیگۆتە ژنێ خۆ: کا ئەحمەد؟ چووە ژۆرێ ئەحمەدی کەسی لێ نییە. کچێ گۆتی: ئەکانی[1] ئەحمەد؟

ژنیشی گۆ گۆتی: نزانم.

چوو غاریدا لۆ کاولە خانی، وەکی چوو لەوێ لەسەر کەچە بەتانیێ دانیشتینە.

گۆتی: ئەحمەد ئۆ چاکەی لێرە؟ ئەدی ئەتوو لەسەر دوکانێ...؟

وەڵاهی گۆتی: جووە، نەیگۆ ژنێ توو ئەوها کردییە یان نا. گۆتی: وەڵاهی ئەو ئیشە بەمن ناکرێ و...

گۆتی: ئەحمەد ئەمن فکرم وەیە معاشت لۆ ببڕمەوە هەتا ئێستا بە نان و زگ بوو. ئێستا مانگانەت ئەدەمێ، چەندی دەتوێ، مانگێ دەتدەمێ، بەس ئیش کە.

وەڵاهی گۆتی: جوو پێم ناکرێ.

وەرە دوکانەکەی بە نیوی بکە. نیوەك لۆ من نیوەك لۆ توو.

وەڵا گۆتی: جوو پێم ناکرێ. چەندی ئەهد و چاری کرد، گۆتی: پێم ناکرێ و ئیشی من نییە و تەواو.

وەڵا جوو گەڕاوە، چوو دوکانی بە خۆ کردەوە و کەس نایەتە کنەوی، کچێ پاشاش هەرچەندی هات و چوو کارەکەری ئەنارد لۆ دوکانێ. ئەحمەد لەوێ نییە. بیست و چار سعاتی خوای، کارەکەر دە ڕێیێ دایە ئەحمەد لەوێ نییە. خوایە ئەو پیاوە نیوەی ئەو شارەی ئی وییە، باشە چی لێهات؟ دەبی چووبیتە محەلەکی دیکە، ئەو دوکانەی فرۆشتبی؟

ئەحمەد نەما. کچێ پاشای وەخت بوو شێت بی، ئەحمەد نەما.

ئەحمەدیش ڕۆژەك نەبوو دوو نەبوو، لە کاولە خانی، وەکی هیچ نەبی بخۆن، لە برسان ئەمرن.

فاتمێ گۆتی: ئەحمەد ئەمە ئەوهە ئیدارە ناکەین، ئیشەکی نەکەین؟

---

1- ئەکانی: ئە کوانێ، لە کوێیە

کچیَ گۆتی: چ بکەم جاران باش بوو چیلکۆکەن ئەفرۆشتن، ئێستا ئەویش بەڕاستی نافرۆشیَ، بەخوای قیمەتیَ ناکا. بەخوا نەفت و بەنزین و ئەشت پێیا بوو... کی داران ئەکڕی...

ئەدی گۆتی: بابە ئەمە لە برسان ئەمرین، بڕۆ ئیشی مەیدانیَ.

گۆتی: ئەوڕۆ ئەچمە مەیدانیَ.

وەڵا چووە مەیدانیَ فەقیرەی هەر ڕاوەستا، هەر ڕاوەستا کەس نەبوو بیباتە ئیشی. جووەك لەولای ڕا هات، گۆتی: کی بی خویندەواری هەبی لۆ من بێتە ئیشی؟

ئەحمەدی گۆتی: ئەوە چاکە ئەمن خویندەوارم هەیە. خویندەواری وەکی وی کەم بوو. نەبوو لەو شارەی هەر نەبوو.

بەریَ گۆتی: ئەمن خویندەوارم.

گۆتی: وەرە، خویندەوارەکی چاکت هەیە؟

گۆتی: چاك

– تا صەفی چەند؟

گۆتی: شەشم تەواو کردییە.

دە گۆتی: تەواوە، وەرە ئەمن ئیشم بە تووە. حیساباتم هەیە لە ماریَ.

گۆتی: باشە.

وە دوو جووی کەت، وەدوو جووی کەت بڕۆ بڕۆ لە محەلەی لۆ ئەو محەلەی، گەیشتە قەسرەکی دوو قات، ناوی جووی لەسەر قەسرەکەی نووسرابوو، جووی دەرکەی کردەوە و چووە ژۆریَ.

عەوزەکی گەورە لەناو حەوشیَ جووی بوو، عەوزەکەی بەرەڵلا کرد جووی، لەناو عەوزەکەی سەرقاپەکی لەسەر بوو هەریداوە. قادرمە بوون پێداچوونە خواریَ. وەکی چوونەخواریَ، بن ئەو قەسرەی ژێرزەمین بوو ژێرزەمینەکی گەورەبوو، چەند پارەی دنیاییَ هەیە لێیتی.

چەند پارەی دنیاییَ هەیە لەو ژێرزەمینەی بوو.

گۆتی: کاکە ئەتوو ناوت چییە؟

گۆتی: ئەحمەد.

گۆتی: کاکە ئەحمەد ئەگەر خویندەوارییەکی چاکت هەیە. ئەو پارەی ئەبینی؟

گۆتی: بەریَ

گۆتی: هەتا حەفت ڕۆژان لۆم حیسابەکەی، داخوا چەندە. بە قەرەم و دەفتەر لۆم بکە. ئەمن پاش حەفت ڕۆژی تکە[1] دێمەوە، دەبی حیسابەکەت کردبی. حەقی خۆشت چەندە دەتدەمێ.

وەڵا جووش ڕاست بەقادرمەکان دا وەسەرکەتۆوە و سەر قاپەکەشی بەسەرداداو. حەوزەکەشی پڕ ئاو کردۆوە. ئەو لەوێ حەپس بوو تازە بەسەر قادرمەکانیش هەوراز چی سەرقاپەکەی بەسەرداداوە، حەوز پڕی ئاوە پێشی ناکرێ بچتە دەرێ. ئەحمەدیش وەکی تەماشای پارەکەی کرد، ئەگەر بە دە زەلامان بە خاکەناسان بە پشتە گوشان بەن[2] لێرە. لێرێهێ ڕووکەن. حیساب ناکرێ پارەکە.

بەو خوایەی گۆتی: توشبووم. بەحەقی پێغەمبەری ئەوە داو بوو لۆ من داندرابۆوە. ئەو پارە حیساب ناکرێ. خوایە گۆتی: تووشی چ بووم.

بەقادرمەکان داچوو سەری لەسەرە. پڕی ئاویش کرایە. لە سەرێ گارە درایە، پڕی ئاو کرایە. پێی ناکرێ بچتە دەرێ. بە حەقی خوای گۆتی: ئەمن دەو ژێرزەمینەیدا ئەمرم.

گۆتی: خوا وەکیلە ئۆ فێربوو لەمنی کرد ئەو سەگبابەی. نەشی ئەزانی نەشەوە نەڕۆژە. لەبن ئێرە. نزانی تاریکە. ڕووناکایی لێ نییە، چرایەك ئەشتەك، بەس نزانی نەشەوە نەڕۆژە.

دانیشت, وەختەکی خەوی هات، خەوی لێکەت. خەوی دێت.

بانگیان کرد گۆتیان: ئەحمەد, هەستە, هەستە, بەخۆ بە منداران. ئەو جووە هەجەلی بەدەستی خوێندەوارەکی دێ. ناوی ئەحمەدە, هەموو خوێندەوارێ دنیایێ لەناو بردینە دەو زیندانەیدا. ئەتووشی لۆ هەندێ هینایە لەناوت با. هەجەلی بەدەستێ خوێندەواران هاتییە, ئەگەر بێت ئەتوو ئەو جووەی لەناو بەی، موڵك و ئەموال و پارەی، ئەو قەسرە، هەموو ئەبیتە ئی توو. ئەو جووەی کەس کەسی نییە. نە برا, نە باب, نە خزم, نە کەس, میراتگرەکە ئەتوی. پارە و موڵك و قەسر هەموو ئەبیتە ئی توو... دێتەوە پاشی حەفت ڕۆژان دێتەوە. بەئەحمەدی ئەرێ: ئەحمەد حیسابت کردییە, پێت حیساب ناکرێ. برێ ناوەڵا.

ئەویش ئەرێ ئەتوو خوێندەوار نی. وەرە دەتبەمەوە شاری، خوێندەوارەشکە دینم، ئەتوو خوێندەوار نی.

---

1- ڕۆژی تکە: ڕۆژی دیکە، ڕۆژی تر

2- بەن: ببەن

گۆتی بەسەرێت دا نابا.[1] ژێر زەمینەك لە خوارێ هەیە قادرمەیە، وەپێشە خۆت ئەدا، پارەکت پێوانێ.[2] چەند خویندەواری ئەوا تێدا بۆگەنی بووینە. نەکەویە ناو ئەوان. جووی وە پێشە خۆ بێخە، پارەکی پێوە نێ، ئەو لە سەرێ عەوزەکەی بەتار کردییە پێدا هاتیتە خوارێ. ئەلعان ئەوێ ڕێیەکە ئاچووغە،[3] هەریدە خوارێ و کە هەرتدا خوارێ و بڕۆوە سەرێ و عەینەن سەر قاپەکەی بەسەر عەوزێ دادەوە و عەوزەکەی پڕی ئاو کەوە و قەتعەکەی جووی لەسەر دەرێی جووی بکەوە و ناوێ جووی لابە و لەسەری بنووسە قەسرێ ئەحمەد پاشای و ڕەقەم و تاریخێ خۆ لەو قەسرەی دەو هەڕوو مار و منداری خۆ بینە ناو قەسرێ. ئەبیتە ئی توو.[4]

وەخەبەر هات...

بسمیللاهی، یارەسولەڵڵا، پەککو گۆتی بەو خوایەی ئەمن تێ چووم.

بەینەك پێ چوو سعاتەك دوو سعات دە سعات، خەوی لێکەتەوە. دیسان خەونی دیتەوە. کوڕە گۆتیان: ئەحمەد هەستە ئێستا دێتەوە. وە پێشە خۆت دێخی. پارەکت پێوانێ، هەرتەداتە خوارێ، ئەتوو ئەوی وەپێشە خۆ بێخە، پارەکی پێوەنێ، ناوێ خوای بینە، هەریدە خوارێ، ئەو مارە هەموو ئەبیتە ئی توو.

وە خەبەر هاتەوە، وەخەبەر هاتەوە و تەپە تەپێ جووی هات، هاتە خوارێ لە قادرمان.

گۆتی: ئەحمەد ئەوە حیسابت نەکردییە؟

کوڕە گۆتی: ناوەڵا جوو، ئەوە نەك بە خویندەوارەکی وەکی من، بیست خویندەواری بینی بە کرێی بگری هەمووش لەکن ئێك بین، ئەمە پێن حیساب ناکرێ.

نەوەڵا گۆتی: خویندەوار نی، ئەتوو خویندەوار نی، وەرە بتبەمەوە شاری. حەقی خۆشت تا بدەمێ وەرە. بتبەمەوە شاری ئەچم ئێشکە[5] دینم. ئەحمەدیش لۆ لای سەرێ ڕۆیی بە قادرمێ سەرێ دا.

گۆتی: وەرە وەرە ئەحمەد ئەوێ چنییە، بێرەدا چین، بێرە شار نێزیکترە، ئەو قادرمە. لەناو باغچێ، ئەحمەدیش خەونی دیتییە، گۆتی: فەرموو کاکە ئەحمەد وەپێش کەوە.

وەڵا گۆتی: جووە ئەمن بێرەدا شارەزا نیمە، لۆ بە سەرێ دا نەچین؟

---

1– واتە لەسەرەوەی ژێرزەمینەکەوە ناتباتە دەرەوە

2– پارەکت پێوانێ: پاڵێکت پێوە دەنێ، پاڵت پێوە دەنێ

3– ئاچووغ: چۆڵ، بەرەڵا

4– ئی تو: هی تۆ

5– ئێشکە: ئێکێکی دیکە، یەکێکی تر

**نا نا گۆتی: ئێره باشتره.**

**وەڵا گۆتی: جوو بەڕاستی ئەمن شارەزا نیمە. ئەتوو هەڕوو. ئەتوو وەپێش کەوە.**

**دەی جووش گۆتی: با ئەمن دوو سیٚ قادرمان وە پێش کەوم هەتا شارەزایەکەم، دوایی خۆ وەپاش دێخم و پارەکی پێوا نێم.**

**جوو وەپێش کەت، دوو قادرمان نەڕۆیی. ئەحمەدی ناویٚ خوا و پێغەمبەران هینا، یەك پاری پێوە نا، برا ڕاست ڕۆییە خواریٚ لۆ زینداniٚ خواریٚ. لۆ ناو خویندەواران. چووە ویٚ.**

**چەندی گۆتی: ئەمن کرد، ئەتوو نەکەی.**

**گۆتی: بابت بە سەی بگێم بڕۆ. ڕۆییە خواریٚ.**

**ئەوجا ویٚ هەرگەڕاوە چۆوە سەریٚ بە قادرمان سەر قاپەی بەسەر داداوە و عەوزی پڕ ئاو کردۆوە و ڕەقەم و تاریخی جووی لەسەر دەریٚ دەرکەی کردۆوە و ئی خۆی لێدا، خویندەوار بوو. دەرکەکەی گارەدا و تف و[1] لۆ ماریٚ. چۆوە ماریٚ حەفت ڕۆژە نەچوویتەوە. وەکی چۆوە لە کاولە خانییٚ ژنی نازکەی[2] دیٚ، مندارەکانی نازکەیان دیٚ، لە برسان وەختە بمرن.**

**گۆتی: فاتم!**

**گۆتی: بەریٚ**

**گۆتی: هەستە!**

**گۆتی: کوڕە ئەتوو لە کێندەریێ، کوڕە ئەتوو لە کێندەریٚ بووی. خوا مارێت کۆر کاتەوە، کوڕە لە برسان مردین.**

**کچیٚ گۆتی: هەستە، هەستە هەستە.**

**گۆتی: پێم ناکریٚ، بەخوای بڕۆم لە برسان پێم ناکریٚ بڕۆم.**

**گۆتی: هەستە هەستە بڕۆ.**

**ئێك و منداریان هەرگرت، فاتمیٚ پیٚ هەرنەگیرا، ئەوی هەردووك هەگرتن.**

---

1– تفو: تفی کرد، مەبەست ئەمەیە کە بەخێرایی بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. لێرەدا هەقایەتخوان وەك دابێکی کۆننی کوردی، دەستی خۆی دەنوشتێنێتەوەو بە دەمی خۆی دەنووسێنێت و گوایە تفێکی تێدەکا لەشێوەی فوویەك دا و ئینجا دەستی بەردەدات، ئەمە بۆ خێرا ڕۆیشتن دەکرێت. ئەم (تف) کردنە جۆرە دابێکی کۆنی کوردییە، هەروەها وەك یارییەکی منداڵانیش دەکرا، کاتێك دوو منداڵ پێشبڕکێی (ڕاکردن)یان دەکرد، یەکێك تفێکی دەکرد و دەیگوت ڕاکەن، یان باوك و دایك کە منداڵیان بۆ کارێك دەنارد، دەیانگوت ئەوە تفم کردووە، بزانم زوو دێیتەوە؟

2– نازکە: نووزە، دەنگی مرۆڤی بێهێز

گۆتی: کچێ وه دووم کەوه وەدوو، مارت خەرا نەبی. بڕەك هیممەتێ بده بەرەخۆ وەدووم کەوه.

ژنه به لاقه لاق به لانکه لانك، لەو کۆرانەی لۆ ئەو کۆرانی، گەیشته بن قەسرەکەی، فاتمێ ئەوهه سەری برند کرد نووسرایه قەسرێ ئەحمەد پاشای.

گۆتی: ئەحمەد ئۆ چییه وه؟

گۆتی: قەسرێ ئەحمەد پاشای.

کوڕه گۆتی: ئەحمەد پاشای چێ؟

گۆتی: بەسەری توو قەسرێ ئەحمەد پاشایه. چسوانی بابه. جا چت دیتییه؟! بڕۆ ژۆرێ!

چوونه ژۆرێ و غورفەی قەنەفه و مەنەفانیان کردۆوه و دانیشتن، جا غورفەی نۆم و غورفەی قەنەفان و غورفەی مێوانان و ئەجا چەند غورفه زێڕ و زیو.

گۆتی: ئەوه هەموو ئی مەیه؟

جا گۆتی: چت دیتییە؟ وەره با بە لەغەمێ[1] دا بچینه خوارێ لۆ ژێر زەمینێ خوارێ. ئەو هەموو پاره سەفت کرایه.

گۆتی: ئەحمەد ئەوه چییه ئەوه؟

گۆتی: هەموو ئی خۆمه.

کوڕه گۆتی: شێتم مەکه، چییه وه ئەتوو نانت نییه، چ ئی خۆت؟

گۆتی: قورعان به حاقت به ساحێبت، له من زیاتر هەرچی ساحێبه نیتی. هەمووم ئی خۆیه.

- به ڕاست وارێی؟

گۆتی: بەخوای

چوونەوه سەرێ و عەوزیان پڕی ئاو کردەوه و کەس ئەو جێیەی پێ نزانی، لەبەر ئەو ئاوەی، عەوز بوو، عەوز بەتاره کرا، سەر قاپەکەیان لابرد قادرمه بوون ئەچوونه خوارێ. که عەوزیان پڕی ئاوه کردۆوه کەس ناچوو، دزیش بچووبانه، نەیانەزانی ئەو پاره لەوێیه. بەس ئەو ڕێیەی هەبوو، ڕێش عەوزی ئاوێیه.

ئەحمەد چوو لیرەکی برد چوو کەباب و ئشتی لۆ هینان و دەمەکیان خوارد و چوون لەسەر قەنەفان لێدانیشتن و گۆتی: ئەحمەد ئەوه هەموو ئی مەیه.

گۆتی: ئادی هەموو ئیمەیه.

---

1- لەغەم: لەغمه، تونێل، ڕێگا به بن عەرز

گۆتی: ئەحمەد ئەمە مادەم تازە خەلاس.
گۆتی: ئەمن هەتا حەیاتم مایە، بچمە مەیدانیٚ عەمەلان، تازە خەلاس.
گۆتی: مادەم وەیە ئەحمەد ئەزانی چ بکە؟
گۆتی: چ بکەم؟
گۆتی: ڕۆژیٚ هەڕووە بازاڕی هەموو ڕۆژیٚ سەد لیرەی بە، بدە فەقیران و هێواران وەرەوە، بەس سعاتەکی ڕۆژ بمینیٚ وەرەوە. چونکی ئەتوو پارەی بدەیە فەقیران و ئەوهە... عالەم ئەریٚ دەبی ئەوە چ ئەوەك بی، دوو چەقوانت لە کۆرانەکی لیٚ بدەن، سعاتەکی ڕۆژ بمینیٚ وەرەوە.
گۆتی: باشە.
هەموو ڕۆژیٚ ئەحمەد سەد لیرەی دەبەریێ ئەنا، ئەچووە بازاڕی و لیرەکی ئەدا فەقیری و دووی ئەداو سێی ئەداو، هێوارانیش داتەوە.

***

بێینە سەر حیسابی کچیٚ پاشای شاری.
کچیٚ پاشای شاری، ئەوا ئەگەڕیٚ:
باشە ئەو ئەحمەدە گۆتی نیوەی شاری ئی منە، چی لێهات؟
(بیلفیعلیش ئەوە نیوەی شاری ببووە ئی وی.)
ئەگەڕا لە عالەمێی ئەپرسی، وێیانەگۆ: ئەحمەدەك پەیا بووە، ڕۆژیٚ بەس پارەی ئەداتە خەرکی.
کوڕە گۆتی: کو وەیە؟
گۆتی: بەخوای.
گۆتی: لە کێندەرە؟
گۆتی: لەو محەللەی ئەو لایە، ئەگەڕیٚ ناوی ئەحمەدە، گەنجەکی سپۆرتە، واریٚ ڕۆژیٚ نییە هەرچی فەقیرەکی بگاتیٚ دوو لیرە و سیٚ لیرە و پێنج لیرانی ئەداتیٚ.
شەرت بی گۆتی: هەموو نیوەی شاری ئی وییە، ئەوە هەوە.
گەڕا دیتییەوە، کچیٚ پاشای جلکیٚ پیاوانی دەبەر کردبوون، لەویٚ لە دووی ئەگەڕا، دیتییەوە.
گۆتی: چۆنی!
ئەحمەدیش نەیزانی ئەوە ژنە.
گۆتی: خۆشبی ئەتوو چۆنی.

ئەنگوستیلەکەشی فکر نەکرد، ئی وی ئا[1] دە دەستی کچیێ پاشای دایە و ئی کچیێ پاشاش دە دەستی وی دایە، ئەحمەدی فکری هەندیێ نەکرد، بەس ئەو ئەنگوستیلەی خۆی ئەناسییەوە.

وەڵا گۆتی: باشم، دەبا بچینە ئەو چایەخانەی!

ئەحمەدیش وە پێش کەت، چوونە چایەخانەی دۆمینەکی با بکەین.

دۆمینەکیان کرد.

وەیگۆ: توخوا وەرە ئەو مندارە پیسکە لەمنە باتەوە! کچیێ پاشای لێیەبردەوە[2] نە دەستەك، نە دوو، نە سیێ.

جا وەرە وێیەگۆ دۆمینە زانی وەکی من نییە، خویندەواری وەکی من نییە، ئەوە لەمنە باتەوە، لێی بووە مەرەق، ئەلعانیش ئەبیتە مەراق لێی، لێی بووە مەراق گۆتی: خوا دەزانی ئەمن لێی نەبەمەوە، ئەمرم. وەختەکیێ هەر دەگەری کرد، هەر دەگەری کرد، نیو سەعاتی ڕۆژ ما. ئەوهەی کردیێ گۆتی: بە قورعان دەبی ئەمن بڕۆم.

چەندی کچیێ پاشای گۆتی: کێوا چی، کوڕە شەویێ لێرەش ئەنوین فندەقە!

گۆتی: ناوەڵا بەخوای دەبی بڕۆم، ئەمن ئی لەخۆم گەورەتر هەیە، گۆتیتی سعاتەکی بمینیێ، دەبی بێیەوە.

تف و غاریدا. غاریدا لۆ ماریێ لە دەرکەی دا.

فاتمیێ گۆتی: ناکەمەوە. گۆتی: ناکەمەوە.

گۆتی: لۆ ناکەیەوە؟

گۆتی: ناکەمەوە، پێم نەگۆتی یەك سعاتی بمینیێ، دەبی بێیەوە؟

گۆتی: فاتم بەو قورعانەی تا حەیاتی من مایە، ئەمن سعاتەکی بمینیێ دێمەوە.

دەرکەی لێکردەوە سەد لیرەکەشی هەر ویێ بوو. ئەویێ ڕۆژیێ هەندی دۆمینە کردبوو، لیرەکەی نەدابووە کەس. سبەینیێ لە خەویێ هەستاوە، سەد لیرەکەشی دە بەریێ ناو چوو لۆ بازاڕی، مەراقی بوو چۆ عەینی جیێ، کن چایخانەکەی. تەماشای کرد هات.

– کاك ئەحمەد با بچین دۆمینەکەی بکەین!

گۆتی: با بچین.

دەگەری کرد هەتا بانگی مەغریبیێ لێینەبردۆوە:

---

1– ئا: وا، ئەمە تایبەتمەندییەکەو لە خۆشناوەتی بەشی دۆڵی بالیسان بە زۆری بەکاردێت و خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە ڕووی زمانەوانییەوە هەڵدەگریێ.

2– لێیەبردەوە: لێی دەبردەوە، لێی دەبردەوە

ئایی وەڵاهی گۆتی: سەیرە... ئۆه گۆتی بەقورعان لەبیرم چوو...

گۆتی: دانیشە دا، ئەلعان نانن لۆ دیٚ.

گۆتی: بە قورعان مەوعیدم تەواو بوو.

چوو لیٚدە لیٚدە لە دەرکەی، فاتمیٚ گۆتی: بیللاهیلعەزیم گفتم نەدەییٚ، لیٚت ناکەمەوە دنیا هەرستی.

گۆتی: ئەهد[1] بی لە ئەهدیٚ پیاوان، هەتا حەیاتم مایە تاخیر نەبم.

ئەویٚ شەویٚشی دەرکە لیٚکردەوە، ئەوە دوو سەد لیرەکەشی هەر ویٚیە. سبەینیٚ سەتیدیشی دەبەرییٚ نا. ناداتە کەس هەر ئەچتە گازینۆی. چۆوە گازینۆی دیسان. کچەکەش هات.

گۆتی: کاکەئەحمەد ئەوڕۆ لە دڵخوازا!

گۆتی: کو؟

گۆتی: ئەمن و توو ئەکەین، ئەگەر ئەمن لە توم بردەوە، چت پیٚریٚم دەبی وە بکەی، ئەتوش لەمن بەیەوە، شەرت بی لە شەرتیٚ پیاوان چ بریٚی لۆت واکەم.

گۆتی: شەرت؟!

گۆتی: شەرت.

وەڵا گۆتی: ئیشاڵڵا لیٚی ئەبەمەوە.

کچیٚ پاشای سیٚ دەستانی لە ئەحمەدی بردەوە.

فەرموو گۆتی: کاکە چت لەمن دەویٚ (لەکنی وەبوو کاکەیە نەیەزانی ژنە)

ئەوەکەی لەسەری خۆ لابرد و تەماشاکا گۆتی: ئەنگوستیلەی من نابینی تەماشاکا، ئەدی ئەمن ئەوە نەدایتە توو، ئەتوش ئەوە نەدایتە من؟!

– دەمەویٚ بمخوازی.

ئاخر گۆتی: ئەمن ژنم هەیە.

گۆتی: جا چ قەیدیە ژنت هەیە. ئەمن زەوقم بە توو دیٚ و دەمەویٚ بمخوازی.

گۆتی: زۆر چاکە ئەوا چمەوە ماریٚ، ئی لەخۆم گەورەتر هەیە، پرسیٚی پیٚکەم، ئەگەر ڕەئی لەسەر بوو، دەتهینم، ڕەئیشی لەسەر نەبوو، بەخوای ئەمن ناتهینم.

گۆتی: زۆر چاکە.

وەڵا هەر نیوڕان بوو ئەوجا چۆوە... لیٚی بردەوە نیوڕان بوو چۆوە.

فاتمیٚ گۆتی: هەندە زوو لۆ هاتییەوە؟

---

1– ئەهد: عەهد، پەیمان

وەڵاهی گۆتی: فاتم خەرابم لێ قەوما.

گۆتی: چ؟

کوڕە گۆتی: ئۆ دوو ڕۆژە ئەمن دەگەر ئێکی دۆمینەی ئەکەم، لێی نابەمەوە. بە ژنیش دەرچوو، کچێ پاشای ئەو شارەیە. سێ دەستانی لەسەر یەك لێ بردمەوە، شتەکەش بە عەهد و پەیمان بوو گۆتی دەبی بمخوازی، ئێستاش ئەمن نازانم چ بکەم.

گۆتی: ئەوشەو ئەچم لۆت ئەخوازم، خەمت نەبی دانیشە.

هێوارێ فاتم هەستا هەنبانەکی زێڕانی داگرت و عەبای بەخۆ داداو هەنبانێ زێڕانی دە بن عەبای ناو لێی دا ڕۆیی، لۆ مارێ پاشای.

حەرەس و مەڕەسان گۆتیان: کێیە، کێ نییە؟

گۆتی: بابە ئەمنم ئیشم بە پاشایە.

گۆتیان: فەرموو خوشکم.

چووە کن پاشای و هەنبانە زێڕەکەی لەکن پاشای دانا و گۆتی: پاشا!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: هاتیمە کچێ خۆم بدەیێ، لۆ مێردی خۆم.

گۆتی: چێ چێ؟

گۆتی: کچەکەم بدێ لۆ مێردێ خۆیتم.

ئێجا[1] باشە گۆتی: کچێ من کو مێردی توو ئەکا؟ ژنەکی وەکی توو جوان...

گۆتی: ئەمن هاتیمە ئەو هەنبانە زێڕەشم لۆ هینای. ئەگەر کچێ توش مێردی من نەکا، مێردی من بە درەمەکیشی ناوێ.

پاشا بانگی کچێی کرد، گۆتی: وەرە.

گۆتی: چییە!

گۆتی: مێردی ئەو ژنەت دەوێ.

گۆتی: بەرێ بابە ئەو نەبی کەسم ناوێ.

گۆتی: هەستە وەگەری کەوە، ئەتوو کچێ من نی، هەستە وەگەری کەوە. ڕاست وەگەری کەت.

وەڵا فاتمێ هینایەوە و لە دەرکەی دا، ئەحمەدی گۆتی: شێری یان ڕیوی؟

---

1- ئێجا: ئینجا، باشە

گۆتی: بکەوە شێرم لۆ هینای، وەکی هاتنە ژۆرێ کچەکەی لەگەردایە، ئەحمەد گۆتی: بڕۆ مەلایەکی گاس کە، مەلایەکی گاس کرد و لێی مارە کرد و فاتمێ گۆتی: هەتا حەفت ڕۆژان لە خانی نایەنە دەرێ. نان و شیویش و لۆ دێتە پێش.

حەفت ڕۆژان، پاشی حەفت ڕۆژان کچێ پاشای هاتە دەرێ، گۆتی: ئەحمەد!

گۆتی: فاتم!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەحمەد ئەمن مێردم لۆیێ بەتو نەکردییە. جووەك هەبوو لەو شارەی هەجەڵێ ئەو جووەی بە دەستێ ئەحمەدەکی دات خویندەوار بوو. ئەتووش ئەحمەدەکی خویندەوار بووی، ئەو قەسرە ئی توو نییە، ئی جوییە بویتە ئی توو، ئەمیش لۆ هەندێ مێرد بە توو کردییە، ئەو جووەی سێ برا و سێ خوشکی منی بردینە، سزنی[1] کردینە، ئە لێرە ئا لەو قەسرەینە، ئەجا نزانم نەماینە نە نا؟

– بە ڕاست وارێی؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

گەڕان سووڕان، هۆدەکانیان ئەوی پێیان نەبۆوە شکاندیان، تەماشایان کرد شەش جەنازە لە غورفەکینە، دوو ماینە بە حەستەم ئەوا نازکەیان دێ. چاریش مردینە، ئەوە هەر شەش خوشك و برایێ منن. وەڵا دووەکانی دی ما بوون، هینانیانە دەرێ و دختۆر و موختۆریان هینانە سەرێ، چا بوونەوە، ئەوانیێ دیشیان شاردنەوە.

گۆتی: ئەحمەد ئەمن لەبەر ئەوانەم مێرد بە توو کردییە، ئێستاش بابی من ئەمنی وەدەرێنا لە کنی وەبوو داخوا کوم مێرد بە توو کردییە. دەبی بچینەوە مارێ بابم.

گۆتی: باشە.

هەستا ئەحمەد وەپێش هەردوو ژنان کەت و چوونە مارێ پاشای: سەلاموعەلەیك!

– سەلام بەخێرێی و ئەو دوو خوشك و برایەکەی ما بوون چاکیان کردنۆوو ئەویشیان وەگەرەخۆ دان.

– گۆتی: ئەنگۆ کێنە؟

گۆتی: بابە ئەمن کچێ تومە.

گۆتی: ئەمن کچم نەبووە. شەش مندارم هەبوون سێ کچ و سێ کوڕ، جووی بردن نەماینە، کچەکی خوێڕیشم هەبوو، ئەویش دامە کابرایەکی.

1– سزن: سجن، بەند، زیندانی

گۆتی: ئەمن هەوم. ئەوەش هەردوك كچ و كوڕێ تونە، ماینە. ئەوانیێ دیش مردینە. ئەمن لۆییێم مێرد بەو كابرایەی كرد ئەو خوشك و برایانە ڕزگار كەم. ئەلعانیش چار مردینە و هەر ئەو دووە ماینە، ئەو دووەشم هینایەنەوە. ئەو كابرایە خویندەوارەكەیە هەجەلی ئەو جووەی بە دەستی وەی هاتبوو. ئەمن لۆییێم مێرد پێكردییە، هەجەلێ جووی بە دەستی وەی هاتبوو.

ئەجا دەست و دمیێ كچێی ماچ كرد و گۆتی: مەمنوونتم. پیرۆزتبی، ئەو پیاوە و تانجیشی لەسەرەخۆ لابرد پاشای، لەسەر سەرێ ئەحمەدی دانا و ئەحمەد لەوێ بووە پاشاو ئەو هەموو پارە و پوولەشی هەموو كەتە بەر دەستان و هەقایەتم بڕا چم پیێ نەبڕا.

# لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری[1]_[2]

دەریٚ جارەکیٚ لە جاران ئەحمەد بەگ، خوشکی خۆی لەگەردابوو. لە ڕاوو شکاریٚ دەگەڕا. تەماشای کردیٚ لەبن بی و بیشەرانەکی عەیب نەبی لەسەر ئاویٚ دانیشت بوو. خوشکەکەشی لەکن بوو. ئەحمەد بەگ لە مەنتیقەی شارەزووری دائەنیشت. لە ڕاویٚ دەهاتەوە، تەماشای کردیٚ شێخی عارەبان لە ڕاویٚ بوو. ئەو شێخە هەسپەکی قەراریٚ بەحری ویٚ بوو.ماینیٚ ئەحمەد بەگی لە فار بوو،[3] ئیدی دوور و تەمسیلی نەدەینیٚ، ئەحمەد بەگ زۆر زۆری حەز لەو ئەسپەی بوو، دوو جاری باوێتە سەر مایینیٚ.

گۆتی: وەڵاهی خوشکم ئەچم تەکلیفەکی لەو عارەبەی ئەکەم، نازانم داخوا شێخە یان شێخ نییە، ئەمن نازانم، تەکلیفەکی لەو عارەبەی ئەکەم، بزانم دوو دەستانم وێنادا، ئەو ئەسپەی باوێمە ماینیٚ؟

گۆتی: دە هەڕوو.

چوو، گۆتی: یا شێخ و مەرحەبایان کرد و گۆتی: زۆر حەزەکەم ئەگەر دوو دەستان عەیب نەبی ئەو ئەسپەی وەمن دەی، لۆ سەر ئەو ماینەی. ماینەکەم لە فارە. زۆرم تەماحی دەو ئەسپە ڕەشەیە.

وەڵاهی گۆتی: کاکە هەسپی من، هەسپەکی چاکە، بەس ئەوە کییە دەگەرت دایە؟

گۆتی: خوشکمە.

گۆتی: دەبی خوشکت ماچەکم داتیٚ، ئەوجا هەسپت وێدەم.

ئەحمەد بەگ زۆر تێك چوو، زۆر تەریق بۆوە. ئەو پیاوی ئوهە ماقوول، مەملەکەتەکی عاید[4] بوو. هاتەوە کن خوشکیٚ، گۆتی: چ بوو برا لۆ نەتهینا؟

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی(حەسەن حەمەدەمین خدر سکتانی)یەوە وەرگیراوە.

2- لە کۆمەڵە چیرۆکی (دێو، چیرۆکی فۆلکلۆری، کۆکردنەوەی: خالید جووتیار، بەرگی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2007، ل17-32)دا گەرچی ئەم چیرۆکە هاتووە و لە ڕووی ناوەرۆکەوە زۆر لێك دەچن، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕووی شێوەی گێڕانەوە و زاراوەوە لەیەك جیاوازن بەپێویست زانرا بڵاوبکرێتەوە. هەروەها لە زۆر کتێبی تردا چیرۆك و بەیتی (لاس و خەزاڵ) هەیە کە ئەوەی زۆرتر لەمەوە نزیك بێت لە کتێبی (سێ بەیتی فۆلکلۆری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: جەلال مەلا حەسەن خۆشناو، چاپی یەکەم، چ "سەرکەوتن" سلێمانی، 1984)... (بەشی چاپ و لێکۆڵینەوەی ئنستیتیوت)

3- فار:فال، کاتی جووتبوونی ماین و ئەسپ، بۆ سەگ (دێرەبەبا) و بۆ چێڵ (چێڵە بەکەڵ) و بۆ بزن (هاتیتە نێری) و بۆ مەڕ (هاتتە بەران)... تد بەکاردێت.

4- مەملەکەتەکی عایدبوو: مەملەکەتەکی لە ئەستۆبوو.

وەڵاهی گۆتی: تەکلیفەکی ئەوتۆی لێکردیمە، یەعنی ئەمن نییە، نازانم برێم چی؟

گۆتی: چ بوو؟

وەڵا گۆتی: تا خوشکت ماچ نەکەم، وێت نادەم.

ئیٚ باشە گۆتی: ئەمە لە کوردستان و ئەو لە عەرەبستانی و قاحپەبابەی خۆ نانبینیتۆوە، ماچەکی ئەدەمیٚ چییە، قابیلە چم لێدیٚ.

وەڵاهی دەنا گۆتی: خۆ لۆ من زۆر سوکایەتییە، بەس ئۆندەشم حەز لەو ئەسپەیە یەعنی نەبیتەوە، بەراستی زۆر تامەزرۆی ئەو ئەسپەیمە.

کوڕە گۆتی: ئەو لە عەرەبستان و ئەمە لە کوردستان و کێشە نییە، موشکیلە نییە، با دوو جارم ماچ کا.

ئیدی گۆتی: یا شێخ موشکیلە نییە، وەرە عەیب نەبی هەسپەکەی بینە.

هەسپەکەی وێدا، دوو جاری هاویشتە ماینیٚ و دە گۆتی: ئەمن لە کنە توو کچیٚ ماچ ناکەم، با بچتە ئەو پەنایەی ماچیٚ خۆ ئەکەم و ڕاست ئەڕۆم. سواری وراغی خۆ بوو. گۆتی: با بێتە سەر ئەو بەردێهیٚ. ئەمن هەر لەوێندەریٚ خۆی لۆ شۆڕەکەمەوە. نیازی خەراب بوو!

ئەریٚ خوشکی بڕەك لەوی وە دوور کەت، هەتا دەست هەرینی[1] کەرەگەت. ڕەش ئەسمەرەك بوو تاکی نەبوو، ئەحمەد بەگ ڕووی لیٚ وەرگێڕا، عارەبی سەگباب، ڕاست دەستی کچەی گرت و هاویشتییە پشتە خۆو ئاوزەنگی لێدا. هەتا ئاوڕی داوە ئەحمەد بەگی لە باسکی ئاوا بوو، سواری قۆڕە ماینیٚ بوو عەن عەن عەن عەن... تۆزیشی نەشکاند. گەڕاوە، عارەب گەڕاوە گۆتی: گوناهکاریش ئەبم، با ئەمن پێی برێم، حاری کەم، ناگاتەوە من تازە. عارەب گەڕاوە گۆتی: ئەحمەد بەگ لەویٚ ڕاوەستە، چیتکە میٚ[2] پێش.

گۆتی: بریٚ!

گۆتی: توو شەڕەفت ئەوە ویزدانە؟![3]

گۆتی: ویزدان و میزدان ناخوا، ئەوە تازە لۆ خۆم، ئەو ماینەی خزمەت کە، کەنگینیٚ هەسپەکی هینا، ئەو هەسپەی خزمەت کە بە ڕێکوپێکی، وەرە هەنگینیٚ وەرە خوشکیٚ خۆ بەوە. ئەمن شێخیٚ عارەبانم لە فرانکە مەنتیقەیمە و فرانکە مەنتیقە عایدی خۆمە. خوا حافیز!

خواحافیز. ڕۆیی، خۆ دەگەری دەرناچی.

---

1- دەست هەرینی: دەست هەڵێنی، دەست بەرزبکەیتەوە

2- میٚ: مەیە

3- ویزدان: ویژدان

عەیب نەبی، بازی هەسپی شێخی عارەبانی پیوا، چەند مەترە! قیاسەکەی دەناو بەڕێ ناو لە مارێی دانا، ماینەکەی لەگەر گاوانی کرد، گۆتی: گاوان زۆرت هاگا لەو ماینەی بی، هەتا سارەکی دی ئەوڕۆ، ئەو ماینە وەختەکێ هەسپەکی بوو، هەسپەکی لاوازی ڕەق و تەقی درێژ، بە قورعان گۆتی: ئەوە لە ئەسپی شێخی عارەبان نییە، ئەمن تازە قانێ[1] خۆ ڕاست ناکەمەوە، دەی دەی هەتا یەك دوو مانگی بە سەرچوون، ئەو هەسپە ڕسکا، ڕسکا. گۆتی: تەواوە. ئیدی گەیشتە سارەوەختی، فێرە پشتی کرد، سەرت نێشینم کاکە! زین و پەرداخەکی لۆ دروست کرد و وردە وردە لە دم[2] بەحرێ تڕای[3] پێ ئەکرد. ڕۆژەکی لە ڕۆژان شیلاقەکی لێدا و ئاوزەنگەکی لێدا لە هەسپی، قیاسی هەسپی شێخی عارەبانی گرتبوو چەند مەترە، دوو مەترانیش لەوی پتر برد. گۆتی: تەواوە.

ئەوجا تەدارەکێ سەفەرێی عازر کرد ئەحمەد بەگی و سواری هەسپێ خۆ بوو، شیری خۆی حەمایل کرد و ڕۆیی، ڕۆیی، مەنتیقەکی زۆر بڕۆی، شێخی عارەبانیش زانی ئەحمەد بەگ دێ، چوو هەشتا سواری لەسەر ڕێی وی دانا کە بێت بکەویتە کەمینی.

ئەو ڕێی کە ئەو هەشتا سوارەی لێ دانیشتبوو، ئەحمەد بەگی ڕێی خەرەت[4] کرد، گەیشتە مەنتیقەی شێخی عارەبان. تەماشای کردێ، بە دیمەن و بە هەموو هەیکەل ئەوە یان کچیتی، یان خوشکیتی لەسەر کانیێ دانیشتبوو لەسەر کورسییەکی. کارەکەریشی لە دەورە، قاپ و ماپیان ئەشوتن. سەلامەکی لێ کرد و بەس ئەحمەد بەگ، ناوەناوە قل قلۆکەکی[5] لێ پەیا بوو، ویستی. ژنی نەینایە!

سەرت نێشینم لەوێندەرێ سەلامی لەوانە کرد و سەلامیان لێ وەرگرتەوە کیژ و کاران. دە گۆتی: ئەوەی لەسەر کورسیێ دانیشتییە وەك مەردان هەستە ئاوەکم وێدە. ئەو بادیەی لەو دەست ڕەشە عارەبە پیسانە، جامەکی جوان بشۆوە و بە جوانیێ خۆت ئاوەکم لۆ بینە. ئەویش دری نەشکاند. جامەکەی جوان شووشت و لێی وەگرت و جوانی شووشت و پڕی کرد و لە کانیێ و لەسەر دەستی خۆی دانا و لۆ ئەحمەد بەگی برد. کە لۆی برد، ڕووی لێ وەرگێڕا کچەکەی. گۆتی: ئەهد بی لە ئەهدی پیاوان مادەم ئەتوو ڕووت لە من وەرگێڕا، هەتا ئەوێ ڕۆژێ ئەتوو بە خۆ دۆخینێ من ئەکەیوە

---

1- قان: نۆرە، نۆبەت

2- دم: دەم، کەنار، ڕۆخ

3- تڕای: ڕاهێنان

4- خەرەت: هەڵە

5- قل قلۆکە: ختوکە

خۆت تێنەگەینم، ئەو شەرتەی دەناو زگی خۆی کرد، دەستی کچیٚ شێخی عارەبانی گرت و هاویشتییە پشتە خۆ.

ئاوزەنگەکی لێدا و ڕۆیی. عالەم مشەوەش بوو: کوڕە یا شێخ کچەکەیان بردی...!

ئەوە شێخی عارەبان ژنەشکەشی هەیە. گۆتی: لێیگەڕێن ئەوە حەقی خۆی کردەوە، لێی گەڕێن با بڕوا، نایگرن، وازی لیٚ بینن.

ئێه... سەرو نێشینم.. ئەحمەد چۆوە مەنتیقەی خۆی. ئەگەر مانگەك بوو ئەگەر دوو مانگ بوو ئەگەر سیٚ مانگ بوو، لەکنی بوو شەویٚ هەتا ڕۆژی لێدەردەهات وەخت بوو حەیاتی لیٚ ببڕیٚ، خۆی تێنەگەیاند (هەقایەتەکە وەها ئەریٚ.)

داکی ئەو کچەی، هەموو ڕۆژیٚ بۆرە بۆری بوو لەگەر شێخی عارەبان: کو وەیە ئەتوو ئەو کچەی من هەتیمچەکی[1] بردییە و ئەتوو باشە کو دەبی ئەوهەو؟؟ وەرە بچینە سەردانێی و وەلحاصل هەر بۆرە بۆری بوو.

ڕۆژەکی گۆتی: ئەچین، تەدارەکی سەفەریٚ عازرکەن و ئەڕۆین.

– باشە، چاکە.

ئەریٚ خەبەری لۆ ئەحمەد بەگی نارد. گۆتی: ئەمن دێمە سەردانیٚ. ئەحمەد بەگیش پیاوە، لە مەنتیقەی خۆ زۆر پیاو بوو، سەرلەشکری شای گەورەی عێلییە.

ئەریٚ شێخی عارەبان وەخۆ کەت تەدارەکی سەفەرێیان عازر کرد و یەك دوو نەفەری دەگەر هاتن و لێیاندا هاتن، بە قۆناغ. دوورە ڕێیەکە، کە هاتن، ئەحمەد بەگ چوو چی کرد؟ (ئۆبار بەو ماموەستایەی ئەمن گویٚم لیٚ بووە)[2] حەفت جوانەگا حەفت مەڕ، حەفت بزن، بردنیە سەر ڕێیی. ئەوبەر و ئەوبەریشی تێگەیاند، گەری[3] بوو دەهات. ڕێیەکە بەناو گەری دادەهات. ئەو عالەمەی هەر هەموو تێگەیاند گۆتی: هەڕوونە پێشوازی، ئەوانەشی هەموو لەپێش بکوژنەوە[4]. شێخی عارەبان دیٚ.

تەماشای کردیٚ، شێخی عارەبان گۆتی: حورمیٚ ئەوە لەمە پیاوترە. گەلەك لەمە پیاوترە. تەماشای چ لۆ ماکەن.[5]

---

1– هەتیمچە: هیچ و پووچ و کەس نەناس، بۆ کوڕ بەکاردێت و چەتیمیش کە لە کچە هەتیمەوە هاتووە بۆ کچ بەکاردێت.

2– ئەم دەربڕینە زۆر جار لە هەقایەتی کوردی دەبینریٚ، بەو واتایەی کە ئەگەر شتێکی ناڕاستی تێدا بێت، هەقایەتبێژ لە سەر خۆی لادەبات و ناوەرۆکەکەی بە مل مامۆستاکەیدا دادێنیٚ، کە گوێی لەو بووە.

3– گەری: گەلی

4– بکوژنەوە: سەربڕن.

5– لۆ ماکەن: لۆ ئێمە دەکەن، بۆ ئێمە دەکەن

ئەریٚ دابەزی شیٚخی عارەبان، هیٚشتا ماوەکی ما بوو بگاتیٚ. دابەزی و وراغیان لیٚ وەرگرت و بە پیل ئەحمەد بەگی وەهاتن و ئیٚکدیان ماچ کرد و زۆریان بەخیٚر هینا: فەرموو!

چوونە دیوەخانیٚ دانیشتن، حەفت شەو و حەفت ڕۆژانی خزمەت کردن، لیٚنەگەڕا بیٚنە دەریٚ، بەس خزمەتی کردن. ڕۆژیٚ هەشتەی. شیٚخی عارەبان گۆتی: ئەحمەد بەگ ئەما ئەچینەوە.

گۆتی: ئەچییەوە سەرچاوم، ناچییەوە تا خزمەتت کەین.

گۆتی: ناوەڵا هەتا لیٚرە بین ماریٚ خۆیتن. بەس دەبی بچینەوە.

ئەریٚ بە خۆ بە پیرەژنیٚ و دوو نەفەریشیان لەگەردا بوون، سواری وراغان بوون، هاتنەوە مەنتیقەی خۆ.

دیسان پیرەژن هەر بۆرە بۆری بوو: ئۆ چییەوە دایتتە ئەو کابرایەی و ئەو کابرایە هیٚشتا خۆی تیٚنەگەیاندییە و؟!

گۆتی: هەر دیٚ، ئەوە شیٚر ئاغی[1] بووە لەناو بیٚشەرانیٚ، شیٚر ئاغی بووە. ڕاست تووشی شیٚری ئەکەین، با تیٚکی بشکینی ئەو قاحپەبابە، مادەم هەندە ناپیاوە و ئەو کچە لە کنەوییە و هەر کچە. خۆت ڕاگرە هەر دیٚت.

ئەگەر مانگەکی پیٚ چوو، ئەگەر دووی پیٚ چوو، ڕۆژەکیٚ لە ڕۆژان کچیٚ گۆتییە ئەحمەد بەگی لۆ نامبەیوە[2] سەرەکی، تازە ئەمە بووینە زاوا و خەزوریٚ ئیٚکدی، لۆ نامبەیوە؟

گۆتی: سبەینیٚ تەدارەکیٚ سەفەریٚ عازرکە، ئەتبەمەوە.

ناوی خەجیجە، خوشکیٚ ویش ناوی فاتمە، سەرت نیٚشینم تەدارەکیٚ سەفەریٚیان عازر کرد، سواری وراغان بوون، لە پشتە خۆی سوار کرد و هاتن، هاتن سوتفە داخیلی ناو ئەو هەشتا سوارەی بوون، ئەو هەشتا سوارەشی تیٚگەیاند بوو کەنگینیٚ ئەحمەد بەگ هاتە ئیٚرانە، ژنەکەی لیٚ بستینن و ڕاست ئەحمەد بەگی بکوژن. کە داخیلیان بوو، تەماشای کردیٚ، مشەوەش بوون ئەوبەروئەوبەریان گرتن...

گۆتی: خەجیج، ئەتوو دابەزە!

گۆتی: لۆ دابەزم؟

---

1- ئاغی: یاغی، یاخی

2- نامبەیوە: نامبەیەوە، نامبەیتەوە.

گۆتی: ئەو سوارانە غایەیان خەرابە. ئەتوو لەولای دابەزە، لەویٚ دانیشە نەخۆ چاوت وە خوینیٚ بکەوی قەلبت تیٚك چی. یان لە پشتە من بی بەرببیەوە، لەویٚ دابەزە، ئەوانە ئەگەر پیاو بن نایەنە سەر ڕیٚییٚ من، ئەگەر زانیم شەڕیشم دەگەرەکەن، ئەوە بیٚ منەتیان ئەکەم.

دەریٚ چووە ناویان، تەماشای کردیٚ غایەیان خەراب بوو، دەیانویست بە دزی لیٚیدەن. ئەریٚ ئەحمەد بەگ شیری هەرکیٚشا وەناویان کەت (ئۆبار بەو ماموەستایەی ئەمن گویٚم لیٚ بوو) یەکی بە ساغی نەهیٚشت. هەندەك کەلوکۆم[1] کران، هەندەك هەراتن. ئیدی کەسی لیٚ نەما خیٚمە و میٚمەکەشی تیٚکوپیٚك دان. ئاگری تیٚ بەردا.

هاتەوە و خەجیجی لە پشتەخۆ سوارکردەوە و نە گۆتی: ئازا بووم، نە گۆتی: ڕەشید بووم، یەك قسەی لە زاری نەهاتە دەریٚ. مەتحی خۆی نەکرد، سواری هەسپی کردەوە و ڕۆیشتن.

ئیٚهـ.. ئەریٚ ڕۆیشتن وەکی تەماشایان کردیٚ، شیٚخی عارەبان کچی دیٚ، ئەویش وەکی وی ئەو بەزمەی دامەزراند، دیوەخانیان ڕازاندەوە و زۆریان بەخیٚر هینا. هیٚواریٚ زۆر عیٚجز بوون هەر هەموویان. گۆتی: یا شیٚخ لۆ هەندە عیٚجزی؟

وەللاهی گۆتی: ئەحمەد بەگ ئەمە، ڕاستی ڕاستی،[2] لە تون[3] ڕەشیدتر پەیا نابی. شیٚرەکن ئەوە چەند سارە لەناو ئەو بیٚشەرانەی لیٚ ئاغی بووە، یەعنی کەس نەویٚری بە مەنتیقەش دا بڕوا، ئەگەر بچی ئەو شیٚرەن لۆ بکوژی، بە ڕاستی لە منەتی توو قەت قەت دەرناچم لە پیاوەتی تو!

ئەوە چییە ئەو شەوەکانیٚ ئەچم ئەیکوژم. چییە؟

- زۆر چاکە.

نان و مانیان لۆ عازر کرد، هیٚواریٚ نانیان خوارد و ئەریٚ شیری لە خۆ حەمایل کرد و سواری وراغی خۆ بوو، ئەحمەد چووە ناو بیٚشەرانیٚ، عالەمیٚ وەگۆ تازە ڕۆیی، شیٚری خواردییە.

برازایەکی هەبوو شیٚخی عارەبان، کچەکەی لە برازای خۆ مارە کرد بە ئەمری شرعی، هەر ئەو شەوی تاولەکیان لۆ هەردا و هەر ئەوشەویان گواستەوە و کچەیان لۆ دە پەردیٚ کرد، هەندەك شیرنایەتی و میرنایەتی لەسەر سینییان لۆ دانان و لە پیٚشیان دانان، وەبی شەرمیان لیٚك بشکیٚ. وەختەکیٚ مشك بە ویٚندەریٚ دا ڕۆیی:

---

1- کەل و کۆم: خیٚچ و خوار، واتە لەشی ساغیان نەما.

2- ڕاستی ڕاستی: بەڕاستی بەڕاستی، لیٚرەدا (بە) سواوە.

3- لە تون: لە تۆمان

**قاحپە بابی سەگباب تیر و کەوانی هەبوو، تیری لەناو کەوانی داناو سێرەی لە مشکی گرت و تەقەی لێوە هینا، ڕاست مشکی کوشت. گۆتی: تەماشاکە شێرەکم کوشت.**

**گۆتی: شێرت کوشت؟**

**گۆتی: ئەرێوەڵا نابینی؟**

**گۆتی: باشە.**

**لەناو دریٚ خۆ گۆتی: وەعد بی لە وەعدی پیاوان یان دەبی ئەو شێرە ئەمن بخوا، یان ئەوەتەیە ئەمن لۆ توو نابم سەگی سەگباب. هەشتا سواری کەل‌و کۆم کرد لەوێندەریٚ نە گۆتی دەرد نە گۆتی بەرد. ئەتوو مشکت کوشتییە وارێی شێرم کوشتییە، ئەمن کو لە کنە توو دانیشم؟!**

**خەریك بوو سوعبەتی بکەن، گۆتی: با بچم تەنگاوم دەست بە ئاو ئەگەینم دێمەوە. مەسینەی برد و مەسینەکەی لەولای دەناو بەردان داناو ڕاست ڕۆیی. ڕۆیی عەیب نەبی چووە جێی وراغان (تەویلەی)، وراغەکەی بەرگ کرد و زینی کرد، سواری وراغی بوو، بەو شەوەی بەس حەرەس هەبوو، چونکە کی ئەوێری بچتە ماریٚ شێخی عارەبان لەبەر حەرەسان. ئەریٚ ڕۆیی لۆ کن ئەحمەد بەگی. ئەحمەد بەگیش هەسپی بەرەڵڵا کرد لەناو بیشیٚ، سنگ‌و سنگ ڕۆیی، لۆ شێری چوو، شێری کوشت. شێرەکەی کەور کرد، بەو شەوەی کەوری کرد و ڕایهێخست و لەسەر کەوری شێری، ڕاست خەو لێکەت.**

**تاریك و ڕۆنی[1] بەیانی ئەوها سە و گورگی[2] بوو، کچە لەویٚ دابەزی. تەماشای کردیٚ وراغەکە ئەوا لەوێندەریٚ ئەلەوەڕیٚ. گۆتی: ئۆ لێرەی بە قوربانت بم، ئۆ ساحێبەکەت لەکێیە؟**

**برەك ڕۆیی تەماشای کردیٚ شتەکی سۆر سۆر دیار بوو، وەکی گەیشتە پێش، گۆتی: ئای بە قوربانت بم کوڕە شێریشی کوشتییە، کەوریشی کردییە. ئۆ گۆشتی شێرییە با دەستی بینی. ئەریٚ ڕۆیی تەماشای کردیٚ پرخە پرخی دات لە خەویٚ، تەماشای کردیٚ دیتیەوە. گۆتی: ئەی بابی خۆت دەبەر مری، کەوریشت کردییە، لەسەر پشتیٚ شێریشت پاردایتەوە. وەعد بی خۆ هاگای لیٚ نییە، دۆخینێی بکەمەوە بزانم پیاوە یان ژنە، لە ڕەشیدییێی تێدا نەهێشتتەوە، لە ئازاییێ تێدا نەهێشتتەوە. لە پیاوەتییێی تێدا نەهێشتتەوە، وەکی دیش ئەوهە دەگەرە من ئەکا.**

**ڕاستی دۆخین کردۆوە، دۆخینی کردەوە و ئەحمەدی گۆتی: کێی؟!**

---

1- تاریك و ڕۆن: تاریك و ڕوون، بەری بەیان، بوومەلێڵ، بوولێڵ

2- (ئیدیۆمە) بۆ تاریك و ڕوونی بەیانیان بەکاردێت. سەو گورگەکە بەو مانایە دێت کە لەو کاتەدا سەگ بە دوای گورگ دەکەوێت.

گۆتی: ئەوە ئەمنم، نزانی کیمە؟

– ئەدی لۆ هاتییە ئێرە؟

کوڕە پاشی توو، ئەمنیان لە ئامۆزای خۆ مارە کرد و لۆیان دە پەردێ کردم و لەبەر تەلانی خەیمەیان هەردا بوو، شیرنایەتییان لە پێشە من و زاوای دانا بوو، ئەمن بووک، ئەویش زاوا، تەماشام کردێ، مشك بە سەر سینیێ شیرنایەتییێدا خۆ هەردا، تیر و کەوانی هینا دەرێ و شرپەی لێوە هینا. گۆتی تەماشا چ شێرەکم کوشت؟ توخوا ئەو قاحپەبابە یەعنی مشکی کوشتییە، کردیتیە شێر، ئەحمەد بەگ هاتۆوە هەشتا و چار کەسی کوشت، نە گۆتی دەرد، نەگۆتی بەرد،[1] هەمووی کەل و کۆم کردن. ئەلعانیش شێرت کەور کردییە، هاتی لۆ شێری، گۆتم شەرت بی دەبی شێر ئەمیش بخوا. هاتیمە و دۆخینیشم کردییەوە و بزانم داخوا ئەتوو پیاوی یان ژنی؟

کچێ گۆتی: هەی خوا لەناوت با، ئەمن هەتا شەوم لێ ڕۆژەبۆوە، وەخت بوو حەیاتم لێ ببڕێ، ئەمن ڕۆژی خۆی وەکی بادییە ئاوەکەت لە دەستی کچە عارەبەکانت لۆ من هینا، گۆتم وێمدە، کە ئەتوو ئەوهە کردێ، لۆ چت ڕوو دەولای کرد؟

گۆتی: وەڵاهی هەموو تەیرەك لە داوی ڕەش ئەوەی ئەکا، ئەوەی ئەکا. ئافرەت لە داوی سپی. گۆتی تەماشا ئەوانەم کرد، قەرتەلۆکەی لێ پەیا بوون لەبەر هەندێ شەرمم لە داوەکان کرد و ڕووم دەولای کرد. ئەگەر نا ئەتوو تانجی سەری منی. ئەجا هەر ڕاست شرپەی لێوە هینا...

سبەینێ ئەو عالەمە هەموو هات، گۆتی: ئەو کچە ڕۆییە، ئەوی گۆتی: لۆ ڕۆییە؟ زاوای سەگباب کردییە هەرا نیوەی شەوێ، گۆتیان: نەمایە. چوویتە دەرێ و نەهاتیتەوە، هاتنە کن مەیتەری گۆتیان: کەس هاتییە ئەوشەو وراغی ببا؟

گۆتی: ئەرێوەڵا کچەك هات، وەکی زانیم کچێ تووە، دەنگم نەکرد، بردی.

هەهۆ! گۆتیان: لێی گەڕێ ئەشقی کودەی بووە. بەخوا گۆتی: ئاشقی کودەی بووە، کەلکێ مەی نەمایە، با ئەویش بڕوا.

سبەینێ ئەو هەموو عالەمە هات، عەلاساس[2] بچن جەنازەکەی بیننەوە، سۆراغەك تاقیبەك. وەکی تەماشاکەنێ، ئەوا لەسەر کەوری شێری ئەوا ئیسراحەتیان کردییە، شێری کەور کردییە، کوشتیتی، وراغەکەش ئەوا لەوێندەرێ ئەلەوەڕێ.

کو گۆتی: شەوێشت کوشتییە؟

---

1– نە گۆتی دەرد نە گۆتی بەرد: (ئیدیۆمە) بۆ کەسێك بەکاردێت کە کڕ و بێدەنگ بێت.

2– عەلاساس: گوایە

گۆتی: ئەرێوەڵا

ئەوجا ما سەر لە نو[1] عەینەن نویَ بۆوە، خەزورایەتی و زاوایەتییان نویَ بۆوە. ئەوجا خزمەتەکی کردن، چاکی خزمەت کردن. داکی وەگۆتە کچەی: کچ! کوە ئێستا؟

گۆتی: دایە بابی من چ حەدی هەیە وەکی ئەو پیاوەی بی؟ ئەوە پیاوە خۆ فشە نییە، ئەمن زانیبام ئەوەیە هەر زووم واکرد. بەس ئەمن نەمەزانی.

گۆتی: کچم ئەگەر ئەتوو ڕازی بی، ئەمە ڕازین.

لاسی ئەحمەد بەگی لەسەر ئەو کەورەی پەیدا بووە، کوڕەکیان بوو ناوی لێنا لاس.

سەرت نێشینم، لاس هەر ڕۆژەکی لیَ وە دوو ڕۆژان بوو، کارەکەر و کێلکەر هەبوون خزمەتیان ئەکرد، یەعنی لێناگەڕان داینێننە عاردی. لاسی ئەحمەد بەگی، ناوو ناوبانگی زۆر بوو.

لەو دەقەیەوە ئەمەش دەست بە لاسی ئەکەین.

لاسی ئەحمەد بەگی وەی لێهات جاحێر بوو. جاحێر بوو بە تەنیَ دیوەخانیَ خۆی هەبوو، پێنج شەش خورامی خۆی هەبوون، بە تاقی تەنیَ خزمەتیان ئەکرد. ڕاو و شکار و تاژی و تولی هەبوون، ئەچوونە ڕاویَ. ڕۆژەکیَ لە ڕۆژان دەروێشەك ئەگەڕا، دەروێش لە فەقیری ئەگەڕا، کەشکۆڵەکی ویَ بوو، دەفەکی ویَ بوو، لێیەدا. ئەریَ خەزاریَ مەلا نەبییانیش، گەورە کچ بوو لە ماریَ بابی بوو، بە بیَ دەردەداری. سولحیان پیَ کردبوو، لە جیاتی نۆ خینان[2]. کابرا هەموو ڕۆژیَ دەهات، خەزار دری ناگرت و خوا قسمەتی ناکرد. ئەو دەروێش عەلی هەرکی لە ماریَ خەزاریَ میوان بوو. ئەریَ زۆری خزمەت کرد خەزاریَ.

گۆتی: دەروێش عەلی، بابە دەروێش ئەتوو بزانە لە قۆناغان ئەگەڕێی، زەلامەکی نابینیەوە، قابیل بە بەژن و بارای من بی؟!

گۆتی: ئیشاڵڵا دەبی یەکت لۆ پەیا کەم.

بابە دەروێش لە خزمەت خەزاریَ بوو، خەزارە شۆڕ دەیگۆ بابە دەروێش ئەتوو ئەگەڕێی لە قۆناغان، لە جێیان یەکەکی قابیل بە بەژنیَ من ببینەوە.

گۆتی: خەمت نەبی ئیشاڵڵا دەبی بگەڕێم هۆبە بە هۆبە، تا لۆت پەیاکەم.

بابە دەروێش ئەو شەوەی لەکن خەزاریَ بوو، زۆری خزمەت کرد. سبەینیَ هەندەك پارەی دایَ و ڕۆیی دەروێش. ڕۆیی سوتفە قۆناغ بە قۆناغ، هات لە دیوەخانیَ لاسی

---

1- نو: نویَ، تازە

2- خین: خوێن. لەناو خۆشناوەتیدا لە هەندیَ شوێن (خین) بەکاردێت و لە هەندێکیش (خوین)

ئەحمەد بەگی میوان بوو. حەق و حووەکی برد، حەق حووی[1] دەروێشی، کاکە لاسیش هەندەك پارەی دایێ، بەرام ئی خەزارێ پتر بوو، تێیهەرداوە.

گۆتی: چ بوو؟

گۆتی: کچەك لە مارێ بابی بی، دوو هەندی توی دایمێ، ئەتوو یەعنی ئۆندە پارەی ئەدەیە من؟

گۆتی: ئاخر ئۆ کییە؟

گۆتی: با بچینە ژۆرێ ئەمن ئەوشەو لە خزمەتت پێت ئەرێم.

دە گۆتی: وەرە.

ئەو برێین دەی دابوونێ ئەوی بیست دایێ، یەعنی کاکە لاسی دە لیرەی زیاتر دانێ. ئەوێ شەوێ هەقایەتی ئەو خەزارەی لۆ گێڕاوە، هەتا سعات یەکی شەوێ خەلاس نەبوو.

خەجیجە خان هات تەماشای کردێ دەروێش و لاس، گۆتی: ڕەببی بەخێر نێ ئەو دەروێشە، خەوی لە کوڕی من حەرام کرد، ئەوشەوەکانێ ئەو سەگبابە لۆ پەیا بوو؟

داکی زۆری خەم بوو. ئەرێ بەرە بەری بەیانی خەویان لێکەت. دەروێش هەستا نوێژی خۆی کرد و هات لە دیوەخانێ ئەحمەد بەگی دانیشت و ئەگەر قاوە، شتەکی لۆ بینن بخۆن. لای سعات نۆی ڕۆژێ، کاکە لاسیش لە خەوێ هەستا. هەستا گۆتی: دەروێش کێوە چوو؟

گۆتی: وەڵا دەروێش چویتە کن بابی؟

گۆتی: باشە.

گۆتی: بابە دەروێش ئەتوو کو ئەمن دەبەی دەگەرە خۆ لۆ کن خەزاری؟

گۆتی: ئەمن دەبی ئەوجار بە تەنێ بچم، بەحسی توی لۆ بکەم، ئەوجا دێمەوە دەگەرە خۆت ئەبەم.

دە گۆتی: باشە، چەندت پێ ئەچی؟

– وەڵا حەفتەکم پێ ئەچی.

دە گۆتی: مادەم وایە... سبەینێ زوو سواری کوچەکەری[2] بەغدایێ بوو، کەرێ سپی، دەروێش بە پێیان ناگەڕا.

---

1– حەق حوو، حەق و حوو: های و هوو

2– کوچەکەر: جاشکە کەر

ئەریٚ کاکە لاسی بەجیٚ هیٚشت، هاتەوە خزمەت خەزاریٚ، لە خزمەت خەزاریٚ، گۆتی: بابە دەرویٚش شیٚری یان ڕیوی؟

گۆتی: وەڵا شیٚرم، یەکەکم پەیا کردییە لاسی ئەحمەد بەگی، مەنتیقەی شارەزووری هەموو عایدی وییە.

وەڵا گۆتی: هەزار جاران واز لەو مەڕەی بینم چیدی کە مەڕی نەدۆشم، بەس کە وەسفی کرد عاشقی بوو. بەس ئەوەم لە فکر چوو کە لە کن خەزاریٚ هاتەوە کن لاسی، قۆدیە زیوی شاماری هەیە، خەزاریٚ بڕەکی لە پەرچەمیٚ خۆی قوت[1] کرد، وە دەرویٚشی دا. کە پرچەکەی تەسلیم کرد و قۆدیەکەی تەسلیم کرد، یەکجاری سەرخۆش بوو.

گۆتی: حارو مەسەلە و کەفیەتی لاسی ئەوهەیە، ئشتی ئەوهە نییە.

گۆتی: مادەم وەیە، هەڕوو بیهینە. بیهینە با بیٚ بزانم چییە؟

گۆتی: زۆر چاکە.

ئەریٚ بابە دەرویٚش ئەو شەوەی لە کنەوی بوو، سبەینیٚ قاوەی بەیانی خوارد و سواری کەریٚ بوو، ئەو هەر دیٚ و ئەچی، هاتەوە خزمەتی لاسی ئەحمەد بەگی، بە دە ڕۆژان چوو بە حەفتەکی هاتەوە، هەقایەتی وەدوور نیٚخین.

هات، لاسی گۆتی: بابە دەرویٚش هاتییەوە؟

گۆتی: ئەریٚوەڵا

گۆتی: وەرە بزانە پیٚت گۆت؟

گۆتی: ئەریٚوەڵاهی هەناوی وەکی برقیٚ مەنجەری ساواری ئەکوری.

– کەنگی بڕۆین دەگەرە خۆم ئەبەی؟

گۆتی: کاکە لاس ئاخر ئەتوو قەت نەگەڕای، ئاخر کو دەبی بە بەرگی دەرویٚشایەتی لە گەرە من بیٚی، خۆ نابی سواری وراغی خۆ بی و چل سواری دەگەرە خۆ بینی و ئەوهە نابی.

گۆتی: بەرگی دەرویٚشان دەبەرەکەم.

گۆتی: زۆر چاکە.

بابی ڕازی بوو، داکی گۆتی: کوڕم لاقت ئەستوورەبن دە پیٚراویٚ دا، ئەتوو نەگەڕای بە پیٚیان، هەر بە سواری گەڕای، وراغی خۆ دەگەرە خۆ بە.

گۆتی: دایە نابی. ئیللا بە دەرویٚشایەتی بچم دەنا لەوانەیە نەبی، ئۆ لە جیاتی نۆ خوینان درایە.

---

1– قوت: لیٚرەدا بە واتای (بڕین) دیٚت، وەك: مریشکەکەی قووت کرد، واتە کلکی مریشکەکەی لیٚ کردەوە.

عەلاکوللین و عەلاکوردین،[1] ئیتیفاقیان کرد کە پێکەوە لە گەر دەروێشی بڕوا، بەین بەینە سواری کەرێی کرد، بەرام چ نەبوو، تەدارەکی سەفەرێی عازر کرد و دەستی داکیێ خۆی ماچ کرد، ئی خەجیجە خانێ عارەبێ و چاوی سەعیدی قاوەچی ماچ کرد و قاوەچی خۆی بوو سەعید، خاس ئی خۆی.

ئەرێ لێیاندا بەخۆ بە بابە دەروێشی هاتن، مەنتیقەیان بەجێ هێشت، هاتن. تەماشایان کردێ عێلی مەلا نەبییان مێگەل مێگەلی چنییە. گۆتی: خارە ئەوە هەموو ئی وانە؟

گۆتی: بەرێ ئەوە هەموو ئی وانە. هەموو ئی مەلا نەبییە.

سەرت نێشینم! تەسلیمی دیوەخانێ مەلا نەبی بوون. سەلامیان کرد و سەلامیان لێ وەرگرتنەوە و زۆریان بەخێر هینا. ئەو ڕۆژەی نیوڕانەکەی دۆینەیان لێنابوو. کاکە لاسی دۆینە نەخوارد. بەخۆ بە مەلا نەبی دانیشتبوون، دۆینەیان لۆ هات، دوو مراکی لە دەوی خۆ نان، بەگزادەی ئەخوازی دری وی، دۆینی نەخوارد.

گۆتی: باشە بابە دەروێش ئەتوو ئەو دەروێشە چییە دەگەرە خۆی ئەگێڕی، ئەوە تەعام نییە لەو تەعامەی خۆشتر! بەهاران پونگ، پونگێ کۆسرەتییە. وەیسی بە دیاری لۆ خەزارێ ناردییە، دۆش دۆی حەمە ڕەشە، خەزارێش مەشکەی ژاندییە لۆ ناخۆی؟

نەیخوارد. خەزار چوو شتەشکەی لۆ عازر کرد. وەکی بەحسی دۆینەکەی کرد، هەر دری گێڕا، چونکە ئەو ڕکی لە وەیسی ئەبیتەوە.

ئەرێ هێوارێ سی و نۆ شوان دەورەیان لەو بابە دەروێشەی دا، هەموو گۆپاریان لە تەنیشت ئێکدی دانا. لەوێندەرێ کردیانە گەڕەلاوژە لەبەر خاتری لاسی نەیانزانی لاسە. دەروێشە و دەگەر ئەو دەروێشەی دایە.

کردیانە گەڕەلاوژە هەر ئێکی مەقامەکی گۆ، گەیشتە سەر کاکە لاسی، لاسیش گۆتی: ئەمن هەرچی بریم نابی، ئەنگۆ تووڕە بن، گۆتیان: کو تووڕابین کاکە ئەتوو میوانی؟ ئەمە تووڕە نابین.

وەڵاهی گۆتی: ئەوڕۆ هاتیمە خوارێ بەسەر کۆسرەت و کۆسرەت بەگییاندا، ئەو بەژن و بارایەی لەکن خەزارە شۆڕێ مەلا نەبیانم چاو وێکەتییە، ئەشتاقە[2] کیژە ئاغە و بەگلەر نەیاندیتییە.

---

1- عەلاکوردین: دەربڕینێکی تایبەتی هەقایەتبێژە

2- ئەشتاق: شتاق، هیچیان، هیچ کام

شوان گۆپاریان هەرسوڕاندە سەر یەکدی، خەریك بوو هەریکوتنە سەری، گۆتیان: سەگبابینە لێی نەدەن کو دەبی؟

ئەوجا گۆتی: کاکی من بیدایەتەکەی پێم گۆتن نابی تووڕە بن. ئەمن ئۆ بەندە لۆخۆ دەیرێم:

بریا ئەمن دارەك بامە لە داری سێوییا،

وەستا و وەستاکار ئەمنیان بڕی باوە بە حوکمی مشار و تەوشیا،

ئەمنیان کردبامە تیرۆکەکی چەند ڕەنگاو ڕەنگی دۆمانی.

دۆمیش ئەمنیان فرۆشتبایە دابایانە ئەو خەزارە شۆڕەی.

خەزاریش نانی پیێ بکردباما، جار جاریش کەتبامە سەر شلکەی دە ڕانی.

دیسانەکانێ، کەڕکانە کەچەر هەبوو، گۆچانی سوڕاندە سەریەکدی تاوی دایێ.

خولاسەی کەلام، ئەو شوانانە ڕۆیشتن. نیوەی شەوێ کاکە لاسم بەنی ڕەنگا و ڕەنگی بڕی خۆی هەردا ناو باوەشێ خەزارێ. هەندی بەتانی بە مەلا نەبی دادا و گۆتی: با جولەی نەکا. هەتا بەرەبەری بەیانی کارەکەران خەو لێ حەرام ببوو. کەڕکانەکەچەریش هاگای لەو مشت و مڕەی لە هەمووی هەبوو، هەتا سبەینێ کە چییان ئەگۆ چییان ناگۆ.

باشە گۆتی: کاکە لاسم ئەتوو ئەگەر نێیەوە دوو من و نەمبەی، دیارە مووی پیاوان لەتو نەهاتییە، بەس کەنگێ دێی؟

گۆتی: ئەمن بچمەوە ئیسراحەتەکی بکەم لە ماریێ، دێم چ بە هیممەت بوو، چ بە قیمەت بوو، دەتبەم خەمێ ئەوەت نەبی. ئیشاڵڵا ئەتوو ئی گری بی یان ئی منی،[1] ئەگەر ئی گری نەبی، ئی منی.

ئیدی کاکە لاسم هاتەوە. بابە دەروێش هینایەوە مەنتیقەی خۆو ئەرێ بە بیست و یەك ڕۆژی وەعدەی پێدا ئەگەر بیست و یەك ڕۆژی دیکە نێم، نەتبەم، دیارە مووی پیاوان لە من نەهاتییە.

حەڤدە ڕۆژان کەتە جێی، ئەو لاقەی هەموو ئەستوور ببوون لەناو پێراوێ، ئاخر نەگەڕایە! کەت[2] فەقیرەی. حەڤدە ڕۆژ بوو کەت بوو، پاش ئەو حەڤدە ڕۆژەی بڕەك دەهاتە دەرێ و ئەچووە ژۆرێ، یەعنی وە نەبوو بچتە سەرێ مەیدانێ.

---

1- ئی گری یان ئی منی: (هی گلّم یان هی تۆم) واتە کەسم ناوێ جگە لە تۆ.

2- کەت: کەوت

ئـەریٚ سـبەینیٚ کـە ڕۆژ دانـەهات و بـریٚین کەرکانەکەچـەر مـەڕی ڕانـەدابوو لـە هەویٚزیٚ[1]!

ئەویش گۆتیان: کەرکان ئەتوو لۆ ئەو مەڕەی ڕانادەی؟ شوانیٚ ماریٚ مەلا نەبییە.

گۆتی: نانیٚ گەنمم نەدەنیٚ ئەمن مەڕی نابەمە چیای و لیٚی ناخوڕم. خەزاریش دوو گۆپاری بە هەموو قەوەتیٚ خۆ لە پشتی کەڕکانی دان، گۆتی: سەگی سەگباب لیٚرە ڕانەوەستی دەی. بڕۆ لیٚرە.

دەری کرد، هەتا کن وەیسی گیر نەبوو، گۆتی: وەیساغا! ئەوشەوەکانیٚ دەرویٚشەك هەیـە هەتیمـەکی دەو ڕووتـی دەگـەر دابـوو، هـەتا سـبەینیٚ دەگـەر خـەزاریٚ تـوو نووستییە.

– کو وەیە؟

گۆتی: ئەریٚوەڵا

گۆتی: لیٚرەبە معاش و لۆ بڕمەوە.

معاشی لۆ کەڕکانی بڕییەوە و مووچەی خۆی لۆ دانا. دوو پیاو و ژنەکی ناردن وەیساغا، گۆتی: بـڕۆن بریٚنـە مـەلا نـەبی، حـەراریٚ خـۆیتم، لـە جیـاتی نـۆ خینـانم وەگرتییە.[2] بزانم ویٚمەدا بە خۆشی، ئەگەر نا بە ترشی.

دوو پیاو و ژنەکی ناردن هاتنە دیوەخانیٚ مەلا نەبی، سەلامیان کرد و سەلامیان ستاندەوە.

گۆتیان: مامە مەلا نەبییە. وەیساغای ئەمە ناردییە ئەگەر خەزاریٚی تەسلیم کەی بە بووکایەتی.

وەڵا جا گۆتی: خەزار خۆ دە دەستە من دانیە. بانگی ئەکەین.

بـانگی خـەزاریٚیان کـرد، گۆتیـان: خـاتوون خـەزار! ئـۆ لـۆ تـوو هاتینـە و حـەقی خۆشیتی وەیساغا دەزگیرانی خۆیتی... ئەتوو چاریٚی؟

گۆتی: پاشی بیست و یەك ڕۆژی مەوعید دانا بوو ئەویش عەینەن بیست و یەك ڕۆژەکەی دانا. سەری بیست و دویٚ ئەنگۆ وەرن ئەمن ببەن.

گۆتی: زۆر چاکە.

بەرا مەلا نەبی گۆتی: کچیٚ من کچیٚ هەتیمچە نییە، دەبی گەلـەکی چەك و زیٚڕانی ویٚ بیٚخن.

---

1– هەویٚز: شویٚنی ڕاوەستانی مەڕ و ماڵات لە شەواندا، ئیدیۆمیٚکی خۆشناوەتی هەیە لەو بارەیەوە کە دەڵیٚ: ئەگەر مەڕم نەدیتبی لە پەریٚزان، کشپلم دیتین لە هەویٚزان.

2– حەراریٚ خۆیتم، لە جیاتی، نۆ خینانم وەگرتییە: حەڵاڵی خۆمە لە بری، خویٚنی نۆ کەس وەرمگرتووە.

ئەریٚ گۆتی: چەك و زێڕی ویٚ بێخن. یەکیان ناردە موسریٚ، یەکەکیان ناردە ڕواندزیٚ، یەکەکیان برێن ناردە هەولێریٚ. گۆتی: چەك و زێڕی لۆ ئەو کچەی بکڕن. مەعلوومە لێی خەسار نییە.

ئەریٚ بە چاردە ڕۆژانیان هەر هەموو شتەکە تەواو کرد. نەگەیشتە بیست و یەك ڕۆژی، ئەوە شایی و لۆغانە، هەر چار دەورەی قەسریٚ، کەسك و سۆران و لاوان نرکە نرکە.

سەرت نێشینم بیست و یەك ڕۆژ بوو، ڕۆژیٚ بیست و یەك ڕۆژی لۆ سبەینێی بیبەن، بەربووك هاتە ماریٚ مەلا نەبی، تەشتەکیان خەنە لە ئاویٚ کرد لۆ خەزاریٚ. یەك تەشتی کامل، خەزار هێواریٚ جلکیٚ خۆیی و بوقچیٚ خۆی پێچاوە، دیار نییە بیٚ، نەخۆشە، کابرا کەتییە!

بوقچەکەی پێچاوە، ڕێك ڕۆیی لۆ کن خانزادیٚ میری سۆران، ڕێی هەریر و هەریر بەگیانی گرت و چووە کنی و دەخالەتی پیٚ کرد.

سبەینیٚ تەماشاکەتیٚ خەزار دیار نییە.

کابرایەك گۆتی: وەڵاهی ئەمن دوو مەڕم بزر کردبوو، عارد شلە ببوو، تاریك داهاتبوو، ژنەکم دی، بوقچەکی ویٚ بوو، ڕێی هەریرو هەریر بەگیانی گرتییە، مەعلوومە چووە خۆی دەخالەتی خانزادیٚ کردییە.

گۆتی: خودایە ئەمن چ جوابیٚ وەیسی بدەمەوە، ئەوە مەعلوومە لە ماریٚ دانیشتییە. قاسیدەکی لۆ وەیساغای هەنارد، گۆتی: برێن ئەو بووکە نەخۆشە. هەتا حەفتەشکە[1] با تەعجیلی بکاتەوە.

ئێه... کوڕە شەیتان زۆرن، خەبەریان دا وەیسی، گۆتیان: بە کوردی ڕۆییە.

وەیساغا لەشکری خۆی تێگەیاند هاتە سەر سەری ماریٚ مەلا نەبی. ماریٚ مەلا نەبیش گەورە و گچکەیان خڕ کردنەوە، ئەوەی کەونە سیکانیشی هەبوو هات. ئەو عەسکەری خۆی بەرامبەری وی کرد و ئەویش بەرامبەری وی کرد و لە دووری گوندی خیوەتیان هەردان و لەوێندەریٚ شەڕ بوو، دوو سیٚ نەفەر ئەچنە مەیدانیٚ و ئەکوژرێن.

خانزادیش گۆتی: کیژیٚ ئەتوو ئەو قەباعەتانەت[2] لۆ کردییە؟ وەیساغا ئاخر ساحێب مەملەکەتە و ساحێب عەشیرەتە و لۆ چت ئەو ئیشە کردییە؟

گۆتی: خانزاد ئەوەی ئەمن چاوم وێکەتییە، ئەو بەژن و بارایەی لەکن لاسە شۆڕی، ئەو ڕوحەی خۆی بە قوربانەکەی.

---

1- هەفتەشکە: هەفتەیەکی دیکە، هەفتەیەکی تر

2- قەباعەت: قەباحەت، کاری خراپ

کوڕە گۆتی: بڕۆ هەزاری وەکی لاسی لە کنە مە قیمەتی نییە.
ئێم گۆتی: ببینە ئەگەر خۆتت بە قوربان نەکرد حاقت هەبی.
گۆتی: باشە بزانم وەیە.

مەلا نەبی دوو زەلامی دەگەرە خۆ هینان، هاتن هێواریێ، بچن بە هەر فێرەکی هەبی خەزاریان بردەوە، بردیانەوە. برێین سبەینە بوو سەری سەحەری هێشتا مەلا نەبی نەهاتبوو. خاتوون خەزار هاتە دەرێ، تەماشاکا فەقێیەك ئەوا دەورێ کاتەوە لە کتێبێ، لەسەر تاتان[1] دانیشتییە.

گۆتی: فەقێ دەستێ منت دامێن بی، هانێ چەند ڕوپیەت[2] دەوێ بتدەمێ، کاغەزەکم لۆ بنووسە.

کاغەزەکی لۆ نووسی، گۆتی: بریێ:

سەلام لە کاکە لاسی خۆشەویستم، یەکەمین شت ئەتوو بیست و یەك ڕۆژت وەعدە دابوو، ئەو بیست و یەك ڕۆژە ڕۆیشتییە. وەیساغا ئەوا شەڕی دامەزراندییە، لەوبەر و لەوبەران. ئەتوو نە حەیای میش[3] بە، ئەتوو لۆ چت ئەو ئیشە دەگەرە من کردییە؟! هەر کەسەکی ئەو قاقەزەشی لۆ توو نارد، بیدێ ماینەکی بە جوانی لە نەتەوەی شێخ خەزاری.

ئەرێ فەقێ قاقەزەکەی نووسی و لە ترسان فەقێ هەرات. تەماشای کردێ زەلامەك دوور دەهات، کراو و جەمەدانی دەبن هەنگرێ[4] خۆ گرتبوو، وەك بای دەهات، چووە بەراییێ، گۆتی: ئەتوو کێی؟

گۆتی: ناوی من کەریمی سورچییە!
گۆتی: ئەتوو خەریکی چی؟

گۆتی: وەڵاهی دوو بارگینم هەبووینە لە بن جۆتییە، یەکەکیانم بزر کردییە، ئەوجا هاتیمە لۆ سۆراغی بارگینی.

گۆتی: واز بینە لە بارگینی. هانێ ئەو قاقەزەی لۆ دیوەخانێ لاسی ئەحمەد بەگی بە لە شارەزووری، قەرار وایە ئەگەر ئەو قاقەزەی لۆ بەی، ماینەکت بداتێ لە نەتەوەی شێخ خەزاری.

1- تات: بەردێکی پان و لووس و درێژە بۆ نوێژکردن یان بۆ مردوو شوشتن بەکاردێت.
2- ڕوپیە: دراوێکە
3- میش: منیش، دەنگی نوون لە هەندێ حالەتی وادا دەسوێ.
4- هەنگر: هەنگڵ، بن باخەڵ

دە گۆتی: وەی هەزار جارە، دەبا مەحتەل[1] بی جۆتی کەریمی سورچییە. قاقەزی لە لیچکە جەمەدانی قەیم کردییە، بە سەری ڕووتی و بە پێی پێخواسی ڕووی دە شارەزووری کردییە.

بە شەوو ڕۆژکێ گەیشتێ، قاقەزەکەی لە دیوەخانێ وە لاسی دا و خویندییەوە و گۆتی: صەددەقت[2] و تەواو.

گۆتی: دە بڕۆن ماینەکی بدەنێ.

ماینەکیان دایێ و کەریم خەنی بوو لە شاییان، کاکە لاسیشم ئەوە ڕۆژانە حەفت نەفەر هەشت نەفەر ئەکوژرێ، لەولاو و لەولایان. برینداره بی و ئەکوژرێ و شەڕە. کاکە لاسیشم سواری شینکەی شێخەزاری بوو.

تەدارەکی سەفەرێی عازر کرد. دوعابوونی لەو عەشیرەتەی خۆی خواست. دەستی داکێ خۆی ماچ کرد و ناوێ خوا و پێغەمبەرانی هینا، ڕووی دە مەنتیقەی بارەکایەتیێ کرد. خانزادی میری سۆرانیش ئەویش دوو سواری دانان لە گولەکی و لە باویان[3]. دوو سواریشی دانانەوە لەسەر ڕێی زینەتیری.[4]

گۆتی: ئەگەر ئەو نەفەرە هات با بێتە کن من، نەڕوا. بزانم داخوا جوانە. عاشقی بوو.

ئەرێ سوتفە ئەو دوو نەفەرانە داخیلی کن ئەو نەفەرانە بوون. سەلامیان کرد و سەلامیان ستاندەوە گۆتی: کێواچی!

گۆتی: ئەمن لاسم، لاسی ئەحمەد بەگیمە، ئی شارەزووری، لە هەناوی خەجیجە خانێ وەپاشکەتیمە... زۆری بە شان و باری خۆدا هەرگۆ[5].

گۆتی: خاتوون خانزادی ئەتوی تەڵەب کردییە لە دیوەخانێ، دیارە ئیشی پێی.

گۆتی: ئەمانەتەکم لە کنەوییە. دیارە هەر لەوێ مایە.

گۆتی: ئەمە نازانین وەرە لەکنی میوان بە، دەگەرەوان هاتەوە. هاتەوە ئەوە سی و چەند سارە ئەو دیوارخانەی میر سولەیمان بەگی لۆ هەرچی بەشەرە کلیلی نەدایتە کەس. ئەوێ ڕۆژێ کورسی جەواهیر بەندی لێ دانایە، دەرکەی کردیتەوە، هەر چار دەورەی بە گوراوێ[6] ڕشاندییە.

---

1- مەحتەل: ماتڵ

2- صەددەقتە: ڕاست دەکەی.

3- گولەکیان و باویان: دوو گوندی هەرووتییانن لە نزیك هەریر

4- زینەتیر: ناوی شاخێکە لە نێوان هەریر و دۆڵی بالیسان

5- هەرگۆ: هەڵگوت

6- گوراو: گولاو

کاکە لاس وەکی نەهات، ڕاست تیرێ عەشق جگەرێ ویشی بڕی ئی خانزادی.

گۆتی: وەڵاهی ئەشەدوبیللا ڕاستە.

ئـەرێ دابـەزی کاکـە لاس، وراغەکـەیان لێ وەرگـرت و سـەلامی کـرد و سـەلامی ستاندەوە لە عازریان و سەرت نێشینم، هەردووکیان دەستیان لۆ نا و دەستی ئێکدی هینایە و هەردوکان دمیان لۆ کن دمی ئێکدی هینایە و چاك و خۆشییەکی گەرمیان کرد و گۆتی: فەرموو.

ئەرێ چووە سەر تـەختی میر سلێمان بەگی دانیشت، ئەگەر قاوەبوو ئەگەر چایە بـوو، لـۆی هـات. چـاوی دەگێـڕان، چـاوی دەگێـڕان، گـۆتی: چـاو لـە چـاگێڕی خۆشەویستی لە دری خانزادێ...؟

گۆتی: تاقە گورەکم بە ئەمانەتی لەکنەتو جێهێشتییە، هەندی چاوەگێڕم دیار نییە.

گـۆتی: دەزانم دەگـەر کێتـە. دەگـەر خـەزارە شـۆڕێ کیـژی مـەلا نـەبیانیتت، هـەزار مەشکە دۆی بەسەر لاقونان داڕژایە، کەس نازانی نە دۆمە نـە خێلەکییـە، نـە بلباسـە و نە هەرکییە.

گۆتی: وەڵاهی ئەمن ئیللا ئەوم دەوێ، کەسی دیکەم ناوێ، پاشی وی حەرام بی.

گۆتی: کاکە لاس، وەرە ئەمن مارە بکە بە ئەمری شرعییە، واز لە خەزارێ بینە.

گـۆتی: وەڵاهـی گفتێـت پـێ نـادەم هـەتا نەچـم ئـەوی دی جێبـەجێ نەکـەم. ئەگـەر هاتمەوە.

گۆتی: وەعد بی وەرە لێرە دانیشە، بە خۆت مەچوو، ئەچم خەزارت لۆ دینمە ئێرە، بەس مارەم بکە.

هەر قەبوڵی نەکرد، قەبوڵی نەکرد.

گۆتی: دیـارە کەللـەت گەلـەك گەرمـە، ئەگـەر بـە دەسـتێ وسـو کاکیشیان نەهاتییـە کوشتن ئەتوو، دیارە خانزادێ سۆران عاقری لە دنیایێ بزر کردییە.

ئەرێ دوعابوونی لەوی نەخواست، تـووڕە بـوو ڕۆیـی. ڕۆیـی تەماشـای کـردێ ئـەوە شەڕ دامەزرایـە. گـەری بـوو بـەو گەرییەیـدا دەهاتـە خـوارێ، چرکنی چاوڕەشـی خـاری وەیسـی لەسـەر ڕێـی ڕمـی داکوتایـە، هاتنـە کنـە وی، سـەلامی کـرد و سـەلامی لێ ستاندەوە. گۆتی: دیـارە گەلـەك نـەجیب زادەی و لـە ڕێیـەکی گەلـەك دوور هـاتی. ئەو شەڕەی بزانە بەو مەلا نەبییەی بەتار ناکەی؟[1]

گۆتی: ئەو شەڕە لەسەر چییە ئەوە؟ عەیب ناکەن ئەنگۆ شەڕیەکەن.

---

1- بەتار: ڕاگرتن، پووچەڵ کردنەوە

کوڕە گۆتی: ئەویٚ مەلا نەبییان کچەکی بەناو خەزاری هەیە، لەو خوارزایەی من مارەکرایە لە جیاتی نۆ خوینان. ئیٚستاش ئەریٚن عەزی لە هەتیمەکی دەو ڕووتی[1] شارەزووریٚ کردییە.

کوڕە گۆتی: وەڵا ئەگەر ئەز بم لە جیاتی خوارزای توو، چەتیمە[2] خەزاریٚ بە بەلاشی لۆ تەراقەدەم، لۆ لاسی ئەحمەد بەگی.

وەیسی توڕە بوو، گۆتی: ئەو ئیشە ئیشی خویٚڕییان نییە، ئیشی پیاوانە، بڕۆ بە بەرپیٚی خۆت دا بڕۆ.

لاسی گۆتی: ئەگەر خویٚڕی هەبن خویٚڕی ئەتوی. وەیسییە، ئەگەر ئەمن بم لە جیاتی نۆ خوینانیش بی، وەڵاهی بەلاشی لۆ تەراقەدەم.

بەرا گۆتی: ئەمن لاسم سبەینیٚ مەیدانیٚ من و تۆ لە گۆڕیٚ سپییە، ئەو شەڕەش بەتارکە دەی.

ڕاست لەشکری خۆی کیٚشاوە، وەیسی سبەینیٚ دەبی بیٚتە مەیدانیٚ، تازە هیچ چارەی نییە. گەیشتە مەلا نەبیش مەلا نەبی لە لایەکی مەڕە و لە لایەکی ئەوە لەویٚندەریٚ شەڕی دامەزراندییە و بیٚ سەرایە[3] زۆر، دەبی قارە قاریٚ کاوڕانە بەرخۆکان.

سەلامەکی لە عاجییان کرد، لەویٚندەریٚش مام مەلا نەبی دەستی ماچ کردییەو: دابەزە ڕوحەکەی شیرینم، ئەتوو دیارە شەڕت بە وەیسی بەتار کردییە.

گۆتی: ئەمن بابە دەرویٚش کە ئەمنی لەگەردا بووم، ئەمن هەوم، ئەمن لاسی ئەحمەد بەگیمە، کچیٚ توو عەشقی من بووە، ئەمن سبەینیٚ مەیدانیٚ من و وەیسی لەو گۆڕەی وەدیار کەوی. ئەوەی لەکنە توشە با بچیتەوە ماریٚ.

کوڕ و پیرەژن خەنی بوون ئەو کوڕانەیان چوونەوە ماریٚ. چونکە هەموو ڕۆژیٚ عالەم ئەکوژرا، شەڕەکی گەرم بوو. شەڕەکەیان پیٚ بەتار کرد و ئەویٚ شەویٚ، هاتنەوە لۆ گوندی بیٚنەوە، ئەسمەرە، ئەستییە، ڕابییە، خوبییە، چار کارەکەری هەنە خەزاریٚ.

ئەسمەریٚ گۆتی: خاتوون خەزار ئەگەر لاس هات، ئەتوو چمان ئەدەییٚ لە مزگینی، ئەگەر مزگینیت بدەینیٚ.

گۆتی: گەردەنەکم کڕییە بە پیٚنجسەد و پیٚنجە مەجیدییا،[1] ئەوا لەلای ماریٚ بە تیخی گور و مەتارانم وەکردییە، ئەگەر هەرچی خەبەرم داتیٚ ئەو گەردەنە زیٚڕەی ئەدەمیٚ لە مزگینی.

---

1– دەورووت: دەم ڕووت، موو لیٚنەهاتوو، بۆ سووک کردن (تحقیر) بەکاردیٚت.

2– چەتیم: لە کچە هەتیمەوە هاتووەو بۆ سوکایەتی (تحقیر) بەکاردیٚت و تەنها بۆ کچانە.

3– بیٚ سەرا: سەرقاڵ، بیٚ سەروبەر

ئەو چوو گەردنیٚ خۆی دە ملی کرد ئەوجا خەبەریشی دا خەزاریٚ، گۆتی: وەڵاٚ خۆشەویستەکەی توو ئەوا هات هێشتا دانەبەزییە، ئەوا لە سیلەی دیوەخانیٚ ڕاوەستایە. سەری خۆی لەبن دونگیٚ مەڕی هینا دەریٚ، مەنجەریٚ شیری دە گۆڕیٚ وەرکرد. بە سەری کۆتی و بەپێی پیٚ خواسی، سیلیٚ[2] دیوەخانیٚ لاسی گرتییە، ئەریٚ گەزەك خۆی لۆ لاسی شۆڕ کردەوە، سی و نۆ ماچی لێکردن هەمووی مژاردن،[3] ناترسا نە لە پڕو پیرەژنان نە لە شوانان، نە لە شەنگەبێرییان.

ئەریٚ گۆتی: دە دابەزە ڕووحەکەی شیرینم، مەلا نەبی و حەمەد و وەیست هەرسێك بە قوربانی سینگی بن.

دابەزی، سەرت نێشینم ئەویٚ شەوێی خزمەتەکی چاکی کرد هەتا سبەینیٚ. سبەینیٚ سواری شینکەی سیٚ غەزاری بوو، چوو لە مەیدانی چەقی.

مەلا نەبی گۆتی: ئەوە لۆمەی قەبر و عەبدییە، با ئەمیش لەشکری خۆ بەم، هەر چار دەورەی بگرم.

ماریٚ وسوکاکیشیانی هەر هەموو هاتن گەورە و گچکە:
وەیس سواری هەسپەکی چار پەل سپییە،
دوو ئاوێنەی لە قەپووزی قەیم کردییە.
تەماشای کردیٚ کاکە لاس خۆی لەبەرچاوی نەکەتییە،
چونکە گۆتی:
ئەوەی لە کنەوی قەیم کرایە، هەمووی جەلەبییە،
ئی من هەمووی دەستکردی وەستا ڕەجەبی ڕواندزییە،
زۆری مەحت کرد، هەتا هەگبەی چێشتەنگاوی،
شتاقان زەفەری بە شتاقیٚ نەبردییە.
هەردوك پارەوان بوون نوێژیٚ نیوڕانیٚ چوو،

کاکە لاسم گۆتی: کاکە وەیسییە! وەرە لۆم هەریٚ لەسەر مەیدانیٚ خەزارت بەلاش لۆ تەراقەدەم.

ئەوی گۆتی: ئەتوو هەریٚ.[4]
ئەوی گۆتی: ئەتوو هەریٚ.

---

1- مەجیدی: دراوێکی عوسمانیەکان بوو هی سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید
2- سیلە: گۆشەی دیوار
3- مژاردن: ژماردن، بژاردن، ئەژماری کردن.
4- هەریٚ: ڕابکە

گۆتی: نەئ، وەرە بە ڕاستییە با دابەزین لە وراغان،
دەستی چۆپەمان[1] باوێینە ناو دەستی ئێکدییە،
بە دەستی ڕاستێیان ئێکدی دا بەر خەنجەران، ئەوی مرد ڕوحی بردییە،
ئەوەی ما، خەزاریٚ چاو بەرەك لۆ وییە.

ئەو شەرتەیان دانا، نانی نیوڕانێیان خوارد و قاوەلتییەکیان کرد، پاش نوێژیٚ لیٚ برند بوونەوە دەستی چۆپێیان لەناو دەستی ئێکدی قایم کرد، بە دەستی ڕاستە ئێکدیان دا بەر خەنجەران، هەرچی وەیسە بیست و چار خەنجەری لە لاسی دابوون، هەمووی سەرچیخ ڕۆیشتییە لە مشەوەشییان.

هەرچی کاکە لاسە،
هەژدە خەنجەری لێدایە لەناو عەینی سینگی دایە،
لە پشتێی وەدەرکەتییە،
کۆجە باریکە لەناوی ئاودیو کردییە.

وەیسیش تۆپی، کافرە. وەیسی تۆپی مرد، ئەوییان بردۆوە، کاکە لاسیشم بەتاقی تەنیٚ لەویٚ بوو، وەکی ئەو عالەمە ئەو کارەساتەیان دی، هەمووی هەرات مەیدان چۆل بوو، کاکە لاسیشم کەس نەبوو قومەك ئاوی بداتیٚ، کەس نەبوو خەبەر بداتە خەزاریٚ. هەر قومەك ئاوی لۆ بینی.

ئەسمەر و ئەستی و ڕابی و خوبی گۆتیان: خەزارە شۆڕ! باشە ئەتوو ئەوە کاکە لاست کەتییە لەوێندەریٚ. کەسەك نییە قوماوەکی[2] بداتیٚ، ئەوە شەو داهات شێخەزاری مار وێرانیش هەر ماینە و زمانی نییە، هەر سیبەری لیٚ ئەکرد و وەکی خورامان لە دەوری ئەسوڕا.

خەزار وەکی ئەو قسەی بیست، هەر یەکی یەك دوو دۆلکە ئاوی هەرگرت و هاتن لۆ کن مەیدانیٚ، تەماشایان کردیٚ، بە تاقی تەنیٚ هەر ئۆتەیە[3] نوزکەی مایە. سەری لاسی لەسەر ڕانیٚ خۆی دانا، ئەوانی دیکەش هەر ئێکی تەرتیباتیان لۆ کرد. شتیان لیٚ بەست، مەیتەکیان هیناوە، هینایانەوە لە ماریٚ، حەکیمەکی گەیاندیٚ، گۆتی: بە بیست و یەك ڕۆژی ئەمن دەبی برینەکانی هەموو قەتماغەکەم.

حەکیمی دیکە دەگەیشتیٚ دەیگۆ بە چاردە ڕۆژان ئەمن، بەس پارەکی چاکم دەویٚ.

---

1−چۆپە: چەپە
2− قوماو: قومە ئاو
3− ئۆتەیە: ئەوەتەیە

گۆتیان: هەر زار هەرینە[1] و لۆم چاکەوە، خەمێ پارەت نەبی، بە چاردە ڕۆژان برینەکانی هەموو قەتماغی گرت، ئەوجا وەخۆ کەت کە بێتەوە مەنتیقەی خۆ.

ئەرێ لەناو کاکیشیان، چرکنی چاوڕەش خاری وەیسییە (شەیتان و لۆمەکار گەلەك زۆرن) خەبەریان دایێ گۆتیان: سبەینێ خەزار و لاس ئەچنەوە مەنتیقەی خۆ، ئەگەر بچی لەسەر ڕێیێ دابنیشی.

چرکنی چاوڕەشیش لەناو کاکیشیان تیرەندازەکە قەت تاکی نییە، چوو لەسەر ڕێیێ ئەو ڕێیە هەموو لۆفەیە پێچ پێچە، چیایە دێتە خوارێ، چوو قۆرتەکی هەرقەراند و تیرەکی لەناو کەوانی دانا و گۆتی دەبی لاسی ئەحمەدبەگی پێ بکوژم. هەندەك پوشیشی بەسەر سەر و چاوێ خۆ دادا و ئۆ لەوێندەرێ غەزرییە.[2]

بێینەوە سەر بەحسی لاسی: لۆ لاسیش تەدارەکی سەفەرێیان حازر کرد، کەژاوەکیان لۆ ڕازاندەوە، ئەرێ لەگەر خەزارێ هاتن کەتنە ڕێیێ بێنەوە مەنتیقەی خۆیان.

دوور و تەمسیلی نەدەینێ، گەیشتنە ئەو لۆفانە کە پێچ پێچە دێتە خوارێ وەکی دەرە شیرێ.[3] گەیشتە ڕاستی چرکنی، تیرەکی هاویشتێ لە عەینی دەرێ سینگی داو لە پشتێی هاتە دەرێ. ئەرێ کاکە لاسم دابەزی هەریکێشا تیری، شیرەکی لە ملی چرکنی دا ڕاست لەوێندەرێ حەییاتی لێ بڕا، ئەویشی تۆپاند، لەو شاخەی هاتە خوارێ، برینەکەی ساردبۆوە، گۆتی: کەلکی نییە، نابی بڕۆین بە شەو ڕێیان ئەبڕی، بە ڕۆژیش لەبەر گەرمایێ خۆیان لە ئەشکەفتان ماتەکرد[4]. هەتا نۆ شەوو نۆ ڕۆژان خینی لە بەدەنی هات، گەیشتنەوە مەنتیقەی، تەماشای کردێ لاس هۆشی نییە، لەبەر دەردێ برینەکەی، بەس خەزار تەماشای ئەو مەنتیقەی کرد، خەرکەکە هەموو ڕەشپۆشە.

لە ژنەکی پرسی گۆتی: ئەو ڕەشپۆشیە چییە؟

گۆتی: دەرێی ئی ئەو مەنتیقەی نی؟

گۆتی: ناوەڵا ئەمن ماشوقەی[5] لاسیمە، ئەمنی هینایە لەناو خەیلانی و هەرکییان...

گۆتی: بابی لاسی ئەمرێ خوای کردییە (ئەحمەد بەگ)، ئەو خەبەرەش مەدەنەوە لاسی، با دری پێ تێك نەچی.

– زۆر چاکە.

---

1– زار هەرینە: زار هەڵێنە، (ئیدیۆمە) بە واتای ئەوە دێت کە بە ئارەزووی خۆت نرخ دیار بکە.

2– غەزری: مان گرتوو، (وەك بەرازی غەزرییە) (ئیدیۆمە)

3– دەرە شیر: دەرە یان دەرگەی گوندی (شیرێ)ی خۆشناوەتی کە ڕێگاکەی پێچاوپێچ و سەختە.

4– خۆ مات کردن: خۆشاردنەوە

5– ماشووقە: مەعشووقە، دڵبەر

**له دیوەخانێ دابەزین و خەجیجە خانیش چاوی کۆرە ببوون، لە حەژمەت لاسی، ئیدی پێی ناوێ، لەوێندەرێ ئەو برینەی لێ بوو تیراوە، چانەبۆوە، چانەبۆوە.**

**ڕۆژەکی ملی کاکە لاسی لەسەر ڕانێ خەزارێ بوو، گۆتی: بریا خەزارە شۆڕ ئەمن چابووبام بچوبامە ڕاوێ کەروێشکەکم کوشتبا، ئەتوو لێت نابایە، وەلحاصل هەندەك بەند و بالۆرەی پێدا هەرگۆتن. ئەمری دا عازریان.[1]**

**خەزار حەفت ساران لە مارێ ئەحمەد بەگی بە بێوەژنی ماوە، پاشی حەفت ساران خەجیجەخانێ گۆتی: هەڕوە مەنتیقەی خۆ، لێرە ئیستیفادەی توی نییە، ئێك[2] دوو نەفەری دەگەر ناردن، هینایانەوە مارێ مەلا نەبی، تەماشای کردێ مەلا نەبیش نەما بوو، حەمەدی مەلا نەبی گەورەی عێلی بوو، سەرت نێشینم لەوێندەرێ حەفت سارانیش لە مارێ بابی دانیشت، پاشی ئەو حەفت سارانە، لاسە شۆڕەك پەیدا بوو لەناو کاکیشیان. هەموو ڕۆژێ دەیناردە داخوازیێ خەزارێ.**

**خەزاریش دەیگۆ ئەمن مێردی پێ ناکەم، نە جوانیشە وەکی لاسی و نە ڕەشیدیشە وەکی لاسی، دوایێ گۆتی: وەڵاهی مێردی پێ بکەم باشە، چونکە ناوی لاسە.**

**ئەرێ مێردی پێ کرد حەفت سارانش لە کنەوی بوو، شتاقە[3] ئەولادی لێ وەپاش نەکەتن.**

**لاس و خەزارم تەواو کرد لەبەر خاتری کاکەئەحمەدی.**
**ئەگ[4] بەخێرێیەوە و قەلبت ساغ بی.**
**وەڵا برام سەریعم گۆت، چ بکەم.**

---

1– **ئەمری دا عازریان: وەفاتی کرد، گیانی سپارد، (ئیدیۆمە) بە ڕێزەوە بۆ مردنی کەسێك بەکاردێت.**

2– **ئێك: یەك، ئەمە لە شێوەزاری بادینی بەکاردێت، بەتایبەتی لەو وشانەی بە (ی) دەست پێدەکەن، وەك یەکانە: ئێکانە**

3– **شتاق: ئەشتاق، هیچ، چش، چ**

4– **ئەگ: دەگ، ئامرازێکە لە شێوەی (ئەی، یاخوا...) بەکاردێت.**

# فاتمێ حەفت برایان[1]-[2]-[3]

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو کەس لە پێغەمبەری بەرێزتر نەبوو. فاتم و حەفت برا هەبوون هەموو ڕۆژێ حەفت برایەکانی ئەچوونە ڕاوێ، هەتا حەفت برا داتنەوە، فاتمێ هەموو ڕۆژێ شیوی لۆ لێنان و نانی لۆ عازرەکردن، ڕۆژکێ فاتمێ، پشیلە هات میزی لێ بە ئاگری داکرد، فاتم هەر گەڕا هەر گەڕا شقارتە نەبوو ئاگری لۆ برایان پێهەرکا، هەر ڕۆیی هەر ڕۆیی تریسکە ئاگرەکی لەناو چیای لێ دیار بوو، وەدوو تریسکە ئاگرەکەی داچوو. وەکی چوو پیرەژنە دێوەك نووستبوو، مەمکی ڕاستی هاویشتبووە سەر پیلی چۆپەی و مەمکی چۆپەی هاویشتبووە سەر پیلی ڕاستەی، دیتی دوو ژن دانیشتینە باوەشینەی لێکەن، ئێك لە سەرینگانێ ئێك لە بەرینگانێ.[4]

وێیانگۆ: کچێ ئەتوو لەچاگەڕێی، ئەلعان دێو هەستی لە بن کلۆرێ دانی خۆتەنێ؟

وەیگۆ: هاتیمە هەندوکەکی ئاگرم دەنێ، ئەمن خوشکێ حەفت برایانم، چ نییە ئاگریان لۆ پێهەرکەم.

وەڵا قیچۆکەکی ئاگریان لۆ لێکردەوە، وێیانگۆتی: هەستە لێرە نەمینێی، ئەلعان دێو لە خەوێ هەرەستی.

هەر فاتم ڕۆیی و دێو هەستا لە خەوێ. دێو هەستا وەیگۆ:

بۆن دێ، بۆنێ بێگانان دێ، لەو عارد و مسکان[5] دێ، کی هاتیتە ئۆندەرانە.

فاتم هەرکە ڕۆیی بۆوە[6] لۆ مارێ، تۆپە بەنەکی لە ئەشکەفتێ ڕا لێکەتبوو تا مارێ. دێو هەستا ڕۆیی دەورەی ئەشکەفتێ نۆڕی، تۆپە بەنەکەی هەرگرتۆو بە دویدا ڕۆیی تا گەیشتە کن فاتمێ.

وەکی چوو وەیگۆتە فاتمێ:

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی (نەجیبە ڕەسول تۆفیق)ی دایکمەوە وەرگیراوە و ناوبراو لە ساڵی 1965 لە گوندی کونەفلوسەی سەر بە ناحیەی هیران لەدایك بووەو نەخوێندەوارە و ئێستا لە شەقلاوە دەژی.

2- ئەم ئەفسانەیە لە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە 24ی ساڵی 2007 بلاوبووەتەوە.

3- بە شێوەو شێوازێکی تر، بە ناوونیشانی (فاتمۆکەی حەوت برا) لە ژمارە (9)ی ئاسۆی فۆلکلۆر-ی ساڵی 2005، ل110-112 لە کۆکردنەوەی ئەبوبەکر ئیسماعیل مەلا سەعید (هەژار باغەمرەیی) یە.

4- بەرینگان: لای خوارەوە، لای بەرەوە. پێچەوانەی سەرینگانە.

5- مسکان: مەسکەنان، مەکانان، شوێنان، ئەم شوێنانە...

6- ڕۆیی بۆوە: ڕۆیشتبۆوە.

فـاتمیٚ عەنبـەر چـیان، نەخشـت ئەکـەم بـە دەرزیـان، حـەفت برایانـت بوکـڕم یـان ئەنگوستۆکێت بمژم.

فاتمێش وەگـۆ ڕاوەسـتە دەسـتیٚ خـۆ شـۆم، حـەفت برایـانم مـەکوژە، ئەنگوسـتۆکێم بمژە. هەموو ڕۆژیٚ بەو نەوعەی دات، وێیەگۆتە فاتمیٚ.

ڕۆژەکیٚ برایە گچکەکەی وەیگۆتـە فـاتمیٚ: لـۆچ هەنـدە عێجـز و زەعیـف بـووی ئەمـە هەر شتی دەینینەوە، نابی بزانین ئەتوو لەبەر چ ئەوهە زەعیفە بی؟

فاتمیٚ وەگۆ: ڕاوەستیٚ چت لیٚ وەشێرم[1] برام، هەموو ڕۆژیٚ دێوەك دیٚ واریٚ:

فـاتمیٚ عەنبەرچـیان، نەخشـت دەکـەم بـە دەرزیـان، حـەفت برایانـت بوکـڕم یـان ئەنگوستۆکێت بمژم.

ئەمیش وارێم: حەفت برایانم مەگوژە، ئەنگوستۆکێم بمژە.

هاویشتە سەریٚ، وەیگۆ وەکی سبەینیٚ دێو هات، وەبریٚ وەرە سەر ئێرە دانیشە.

دێو هاتەوە سبەینیٚ زوو. فاتمیٚ وەگۆ: وەرە سەر ئێرە دانیشە تا دەستیٚ خۆ شۆم.

وەکی دێو هات لەسەر دانیشت، ڕاست نەخوون بۆوە نـاو بیریٚ، دێـو کەتـە نـاویٚ... وەیگۆ فاتم: ئەجا تەڕە پیوازانت لۆ دەم، بەرام مەخۆن ئەوی بخوا ئەبیتە مەڕ.

ڕۆژەکـیٚ فـاتمیٚ چـاوی لێکـرد تـەڕە پیـوازیٚ، هـەن جـوانی پێوەنـە، چـوو دەسـکەکی لێکردنـەوە، بـرای هاتنـەوە لـۆی لەسـەر شـیویٚ دانـان، نانیـان خـوارد پاشـی دوایـیٚ هەندەك بوونە مەڕ هەندەك بوونە بەراز، وەکی بوونە ئەو شتانە، فاتمیٚ چار نەما ڕۆژیٚ دەستییەکردە دارەکی ئەچووە کنیان، ڕۆشکیٚ[2] لـە کنیـان بـوو لـە نـاو ئاقـاری، پیـاوەك بەکنیان داهات وەیگۆ: ئۆ چاکەی لەکن مەڕان؟

فاتمیٚ قسیٚ خۆ لۆ گێڕاوە هەرکە بە چییان وە لێهاتییە.

کابرای وەگـۆ: هـەمانت لـۆ چاکـەمۆ، بـەو شـەرتەی لەکنـە تـوو لێیانـەدەم، بـەرا نـابی دەنگان بکەی.

چـوو حـەفت شـوڕکە هـەناری بـڕین وەیگـۆ: ڕاوەسـتە دێـم ئێکـی حـەفت شـوڕکە هەناریان لێدەم بەرا دەنگیٚ مەکە، ئێکی حەفت شوڕکە هەناری لێدان بوونـەوە برایـیٚ جاران. فاتمیٚ برا گچکەی زۆر خۆشەویست وەکی لێی دا، لە هاواریـدا نیـوە بـووە مـەڕ نیوەش بووە بەشەر، چونکە دەنگی کرد.

لە تۆریٚ هەندیٚ، برایەکان فاتمیان دا کابرای.

---

1- لیٚ وەشێرم: لێت بشارمەوە.

2- ڕۆشکیٚ: ڕۆژەکیٚ

# سێ کۆسە[1]_[2]_[3]

ئەرێ سێ کۆسە بە ڕێیەکی دا ئەڕۆیشتن، ئەو سێ کۆسانە زۆر عاقر بوون. پیاوەك ژنی لێ بزر ببوو، ژنەکەشی سواری وراغی بوبو. پیاوەکە گەییە سێ کۆسەکان، گۆتی: ئەگەر بزانن چ ژن و نەدیتییە؟

گۆتی: ئێکی وەگۆ لە سێ کۆسەکان: ژنێ توو حامیلەیە؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

ئیدی کە وەگۆ: ئەدی وراغەکەش چاوی کۆرەیە؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

– دانەکیشی کەتییە وراغەکەی؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

– دوو تای لێنە وراغەکەی، تایەکی دۆشاوە تایەکی ڕوونە؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتیان: وەڵا نەندیتییە.

گۆتی: کو نەودیتییە؟ وەڵا دەبی پێم برێن دەنا شکایەتێ و لێکەم.

گۆتیان: دەبڕۆ با بچین بە شرع بکەین، عەزێکەی[4] با بچینە ئەو گوندەی.

ئەرێ چوونە گوندەکەی لەکن پاشای قسەکەی لۆ گێڕانەوە.

کابرا گۆتی: پاشام خۆشبی، ژنم سواری وراغی بووە بزربووە. ئەلعانەکە ئەوانە هەموو نیشانەکانیان لێ هەردانە. گۆتی کۆرەیە، گۆتم ئا. گۆتی دانەکی کەتییە، گۆتم ئا. گۆتی ژنەکە حامیلەیە، گۆتم ئا؟!

گۆتی: وراغەکە دوو تای پێوەنە، تایەکی ڕوونە تایەکی دۆشاوە. گۆتیتم ئا؟!

پاشاش گۆتی: وەرن ئەنگۆ کۆسەینە ئەگەر شتەکان و دەلیلەکان و ڕاست بوون، ئیزن و ئەدەم، ئەگەر نا دەبی لۆی بیننەوە، ئەگەر نا دیارە ئەنگۆ ئەشتەك و لەو وراغەی کردییە.

---

1– ئەم هەقایەتە لەدەمی (عومەر ئەحمەد محەمەدئەمین)ی بابمەوە وەرگیراوە کە ناوبراو لە ساڵی 1956 لە گوندی کونەفلوسەی سەر بە ناحیەی هیران لە دایك بووەو پیشەکەی پێشنوێژو وتارخوێنە.

2–چل کەزی (کۆمەڵێك هەقایەتێکی کوردی)، تارق جامباز، سەرچاوەی پێشوو،... ل35–42

3– ئەم دەقە لە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە 32ی ساڵی 2007 بلاۆبووەتەوە.

4– عەزێکەی: حەزێکەی، حەز دەکەی

گۆتیان: پاشام خۆشبی، ئەمە لەبەر ئەو شتانە زانیبون، ئەمە بە فکر ئەزانین. ئەو وراغە لۆییٚ زانین کۆرەیە، کە بە ڕێییٚ دا ڕۆیشتبوو هەر لە لایەکی ڕێیەکەی ڕۆیشتبوو و لە لایەکی لەوەڕابوو، لۆیێن زانی کۆرەیە.

لەبەر هەندێن زانی دانەکی کەتییە، چونکە هەر قەپارەی لە گیای دابوو، هەموو جاریٚ بڕکە گیایەك بەجیٚ ئەما لە جێی قەپارەکەی، گۆتن ئەو وراغە دانەکیشی کەتییە. لۆییێن زانی هەر کە ئەو دوو تایەی[1] پێوەنە یەکیان دۆشاوە و یەکیان ڕوونە، پشکە ڕوونەکان کە ڕژابوون مێروو دەورەی لێئەدەن. لۆییێشن زانی دۆشاوە، دائیمە مێش لە دۆشاوی وەردێن، دیتن مێش تێوەرهاتبوون. لۆییێشن زانی ئەو ژنە حامیلەیە لە جێیەکی هاتبووە خواریٚ ئاوی خواردبۆوە زگی کەتبووە عاردی قوڕەکەی پان کردبۆوە لەبەر هەندێشن ئەوە زانی. بەخوای پاشام ئەمە نەندیتییە، ئەمە بەفکر لەبەر ئەو شتانەن زانی.

پاشای وەگۆ: مادام وێیە کابرا بڕۆ هیچ حەق و حقووقەکت لەسەر ئەوانە نییە.

پاشا فکری کردەوە گۆتی: ئەوانە کو هەندە زانانە؟ مادەم وێیە هەندەك سرپیياتم هەنە، داخوە ئەشتەکیان لۆ بکەم، ئەوانە ئەزانن.

ئەریٚ پاشا ڕەزەکی دانابوو لەسەر قەبرستانی، بە مێوژی ئەو ڕەزەی شەربەتەکی لۆ کردن. مەڕەکیشی هەبوو دائیمە ئەو مەڕە دەگەر گوجوولەکان[2] شیری سەی ئەخوارد، ئەو مەڕەی لۆ کۆسان کوشتۆوە، شەربەتی ترێی ڕەزەکەشی لۆ عازرکردن. لۆی دانان هێواریٚ، بە خۆشییان لەکن نەبوو.[3]

گۆتی: ئەنگۆ نانی خۆ بخۆن. بە خۆش چوو خانیەکە کلاوکەکی[4] تێدا بوو، چوو لە کلاوکەکەی خۆ مات کرد. گۆتی: بزانم ئەوانە چارێن؟

ئێك لە کۆسان فڕەکی لە شەربەتەکەی دا، گۆتی: ئەو شەربەتە تام مردی لێدیٚ، ئەوە تام مردییە. ئیدیکەش هەندەك گۆشتی خوارد گۆتی: ئەو گۆشتەش دەرێی گۆشتی سەیە، وە گۆشتی سەی ئەچی.

ئەویدیکە لە سیٚ کۆسان گۆتی: وەڵا دەنا پاشاشن پیاونییە ژنە.

پاشا زۆری پیٚ عەنتیکە بوو، ڕاست چووە ژۆریٚ کنیان، گۆتی: ئەمن ئەنگۆم دەعوەت کردییە باشە کو و زانی ئەو سیٚ شتانە. کوو و زانی ئەو شەربەتە تام مردییە؟

---

1- تا: لابار

2- گوجوولە: گوجیلە، بێچوە سەگ، بەچکەی سەگ

3- بە خۆشییان لەکن نەبوو: خۆشی (پاشا) لەلایان نەمایەوە.

4- کلاوکە: کلاورۆژنە، کونێك لەسەر بان و هەندێك جار بە بچووکی لە دیواریش دەکرێت و ڕووناکایی دەداتە ژوورەوە.

گۆتی: وەڵا پاشام دائیمەن ئینسان ئەگەر شەربەتێ مێوژی بخواتەوە، زەوقی پەیدا ئەبی، دری خۆشئەبی. ئەمە ڕاست فکرێ مردنێن کردەوە، گۆتن ئەو ڕەزە دەبی ئیللا لەسەر قەبرستانەکی داندرابی، لۆیێ تام مردی لێدێ. گۆتی: گۆشتی حەیوانانیش دائیمە بەزی لەبنەوەیە، بەرامما ئەوە بەزی لەسەرەوە بوو، سەش بەزی لەسەرەوەیە، لۆیێ دائیمە سە هەناسەی سوارە و گەرماشیتی. لۆیێ گۆتن تام گۆشتی سەیە.

پاشای گۆ ئەدی ئی من و کو زانی؟ هەتا ئەلعانەکە کەس ئەو شتەی نەزانییە، تا ئەلعان پاشا بوویمە خەرك هەر لەیانوابی ئەمن پیاوم.

گۆتی: لەبەر ئەوەن زانی، چونکە ئەگەر پیاو پیاو بی، دەگەر میوانی نانی ئەخوا، ئەتووش نانت لۆمە دانا و ئەمەت بەجێ هێشت لەسەر نانی، زانین کە ئەتوو پیاو نی.

پاشا گۆتی: ئەشتەکە و هەموو تەواون وەڵا عامفەریم لۆنگۆ.

# کوڕە پاشا و سەرقافلەچی[1]-[2]

پاشایەك هەبوو، کوڕەکی هەبوو، پاشای وەگۆ: کوڕم نانت هەر گەنم بی، ژنت هەر بووك بی، ماینت هەر جوان بی.

پاشا ئەمری خوای کرد، کوڕەکەی کوڕەکی زۆر چاك بوو، هەستا چی کرد؟ بە قسەی بابی هەر جومعە جومعە، مانگ مانگ، ماینەکەی ئەگۆڕی، بەراما ئی ژنێ نا، چل سواریشی ڕاگرتبوو، هەموو بەرگەکەی وەکی خۆی، وەکی سوارە بوو، کەس نایزانی پاشایە، چل سواری لەگەڵ دابوو. ئەو کوڕەی هیچی نەما، ژنی هەبوو دەگەر دوو کوڕان.

گۆتی: ژنێ ئەمن لێرە کوڕە پاشامە، عەیبە لێرە ئیشی بکەین، ئەچینە شارەکی کەس نەنناسی، لەوێ ئیشی ئەکەین.

ئەرێ کوڕەکە بە خۆ بە ژنێ دانیشتبوو، شەو بوو ئاگری کردبۆوە، دیتی قافلەك هات، وەکی قافلەکە هات، ئێکیان لۆ ئاگری هات، تا ئاگری لە کن کوڕە پاشای ببا. وەکی چۆوە گۆتییە سەر توجاڕەکەی ئەو کابرایە ژنەکی هەیە هەن جوانە هەن جوانە، کەس دری نایێ تەماشای کا. سەرتوجاڕەکە قاسیدەکی نارد هاتە کن کوڕە پاشاکەی گۆتی: ئەمە ژنەکن لەگەردایە منداریەبی، ئەمەش هەموو پیاوین عەیبە بچینە کنی، با ژنت بێتە کنی تا ڕزگاریەبی.

کوڕەکە گۆتی: هەستە ژنێ لەگەری بڕۆ!

گۆتی: پیاوەکە مەمنێرە لەوانەیە فێرەك بی.

گۆتی: مادام ژنەکیان لەگەرە هەڕوو.

پیاوەکە بە خۆ لە کن مندارەکان ماوە، مندارەکان تەنها دوو کوڕ بوون.

هەنگینێ وەکی ژنیش چوو، قافلەچی ژنەکەیان دە سندوقێ ناو سەریان قەپات کرد و لێیان دا و ڕۆیشتن.

ژنە هەر نەهاتەوە هەر نەهاتەوە، کابرا گۆتی: خوایە ئەو ژنە لۆ نەهاتەوە، بە غار غاریدا کەس لەوێ نەمابوو گۆتی: خوایە لەپاشایەتی چم لێهات، هیچم نەما، چیش نەبوو بکەم، ئەوە ژنەکەشم چوو.

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی (حاجی عوسمان حەمەدەمین حەسەن قادیانی)یەوە لە ڕێکەوتی 2006/12/6 وەرگیراوە کە ناوبراو لەساڵی 1932 لە گوندی قادیانە لەدایك بووە و نەخوێندەوارەو پیشەکەی کاسبە و ئێستا لە شەقڵاوە دەژی.

2- ئەم دەقە لە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) ژمارە 27ی ساڵی 2007 بڵاوبووەتەوە.

هەرستا بە خۆ بە هەردوو منداران ڕۆیشت، ڕووبارەکی لە پێش بوو، ڕووبارەکە گەلەك زۆر بوو کوڕەکی لە ئامێزێ کرد، یەکیشی بە جێهێشت، مندارەکان پارچەرە بوون. گۆتی: کوڕم هەتا ئەپەڕمەوە ئەجا دێم ئەتووش ئەپەڕینمەوە، لە ناوەندێ ڕووباری جێی ئاو بەقووەتە، ئاوڕی داوە لە کوڕەکەی دی، دیتی گورگەك هات دە کوڕی ڕووهات، لە تاوێ کوڕی، ئەو کوڕەی وێشی بوو،[1] ئەویش بە ئاوێ دا چوو.

ئێك گورگی برد و ئێکیش بە ئاوێدا چوو.. ئەجا هەنگینێکە زۆر لە دووریتر کابرایەك گەیشتە گورگەکەی مندارەکەی لێستاند و لۆ خۆی بردەوە گۆتی: داخوا گورگی ئەو مندارە لە کێ هینایە، کابرایەکی وەجاغ کۆریش (چ منداری نەبوو بە خۆ بە ژنێ بوو) تۆڕچی بوو، ماسی بە تۆڕێ داگرتن لەو ڕووبارەی، ئەبینی مندارەك بە ئاوێ دادێ، لەسەر ئاوێ یە، تۆڕی داوێ مندارەکەی گرتەوە، ئەبینی نەمردییە.

کوڕە پاشا، پاش ئەوەی ژنەکە و هەردوو مندارەکەی چوون، لە خەفەتان ئەچیتە شاری هەولێرێ، دەبینی قەرەباڵغیەك و هەرایەکە هەموو عالەم خڕ بوویتەوە، گۆتی با بچم داخوا ئەو قەرەباڵغیە چییە؟

وەکی چوو دیتی بازیان هەرداویشت باز لەسەر کێ بنیشی ئەویەکەنە[2] پاشا. پاشا مردبوو، ئەویش چووە ڕێزێ ڕاوەستا، هەندەی پێنەچوو باز لەسەری وی هەرنیشت، لەوێ پیاوی گەورە گەورە دانیشتبوون، گۆتیان: بازی غەرەت کردییە، دەنا کو لەسەر وی هەر دەنیشی.

کابرایان لە هۆدەکی شاردەوە و بازیان هەراویتەوە،[3] هەر سوڕا هەر سوڕا لەسەر سەرێ کەس هەر نەنیشت، کابرایان هینا دەرێ، ڕاست لەسەر سەرێ وی نیشت.

ئەو جارە گۆتیان: ئەو کابرایە بە کەل[4] پاشایەتیێ نایێ، ئەو جارەش شاردیانەوە، بازیان هینا و دووبارە لەسەری نیشت.

دوایێ گۆتیان: دیارە ئەو کابرایە قابیلییە و دەبی ببیتە پاشا، وەڵا بووە پاشا.

حوکمی ئەگێڕا... لەلای دیش کوڕەکانی گەورە بوون، ڕۆژەکیان بە نەینۆکیان[5] تەماشا خۆ کرد گۆتیان: ئەمە لەو پیاوەی نینە (چونکو کوڕە پاشا جودانە لەگەڵ

---

1- ئەو کوڕەی وێشی بوو: ئەو کوڕەی پێشی بوو. وێشی: پێشی

2- ئەویەکەنە: ئەوی دەکەنە

3-هەراویتەوە: هەڵدایەوە، هەراویشتەوە. لێرەدا دەنگی (ش) نامێنێ.

4- بە کەل: بە کەڵك

5- نەینۆك: ئاوێنە

خەڵکی) ئەوی گورگی خواردی گۆتی: ئەمنەڕۆم[1] ئەچمە جێیەکی کاسبیەکی ئەکەم، بە ئیرادێ ڕەببلعالەمینی ئەوی دیش ڕۆیشت، گۆتی: ئەڕۆم ئەچمە کاسبییەکی.

هەردووك لە ڕێیێ گەیشتنە یەکدی، نشزانن برای یەکیشن، هێوارێ چوونە مارێ پاشای (پاشای بابێ وان) هەردوو کوڕ مێوانێ پاشاینە، کابرای ڕەئیس قافلە، کە داکێ وانی بردبوو، بەینەکی پێچوو هاتە وێندەرێ. وەکی چوونە کن پاشای، پاشای گۆتە هەردوو کوڕەکان گۆتی: هەڕوون نۆبەتێ لە ئەشمەکی ئەو قافلەچییەی بگرن.

وەکی نانیان خوارد و چوونە وێ، ئێکی گۆتە ئێکی، ئەتوو چ مەسەلان نزانی؟

گۆتی: بەرێوەڵا ئەمن مەسەلەکی ئەزانم، گۆتی: ئەمە دوو برا بووین بابن پاشا بوو، سەر قافڵەچییەك هات داکێ مەی برد، ڕووباریش هات، ئەمن گورگێ بردم و ئەویش بە ئاوێ دا چوو، ئەوی دی گۆتی: ئەوی بە ئاوێ دا چوو ئەمن هەوم، ئەوی دیش گۆتی: ئەوی گورگخواردیش ئەمنم.

پاریان وە ئەشمەکی دابوو، داکێ لەناو سندووقی ئەشمەکی گێی لە قسان بوو، گۆتی: کوڕم وەرن ئەمن بیننە دەرێ. ئەمن داکێنگۆمە.

هینایانە دەرێ و پێك شادبوونەوە و لەکن ئێك دانیشتن هەتا خەویان هات. کابرای سەرقافڵە شەوێ چوو سەری لە ئەشمەکی بدات، ئەبینی هەردوو کوڕ ئێك لەولای ژنەکەی ئێکیش لەولای درێژبووینە، هەر سێکیان خەویان لێکەتییە.

قافلەچی گەڕاوە لۆ کن پاشای: گۆتی: پاشا ئەتوو ئەوانەت ناردینە نۆبەتی لە ئەشمەکی من بگرن؟ ئەوە هەردووك لەگەر ژنێ من نووستینە.

پاشا ئێکەکی نارد بڕوای لەسەر بی، ئەبینی ڕاستە، پاشا گۆتی: هەڕوون ئەو هەردوو میوانانە بیننەوە...

پاشای گۆتی: کوڕم ئەمن ئەنگۆم ناردبوو چاوو لە مارێ سەرقافلەچی بی، یان لەگەر ژنێ وی بنوون؟ ئەو ئیشەو لۆ چ کرد؟

گۆتی: جەللاد لەسەری هەردووکان بدە.

گۆتیان: پاشام ئەگەر مەجال بی ئەمە قسەکی ئەکەین، ئەگەر بڕوان پێ بکەی.

گۆتی: ئەمە دەگەر ژنێ وی نەنووستینە، ئەوە داکێ مەی هەردووکانە.

کو گۆتی: داکێ نگۆیە؟

گۆتیان: وەڵڵا داکێ مەیە.

---

1- ئەمنەڕۆم: ئەمن دەڕۆم، من دەڕۆم

ژنەکەیان هینا، گۆتی: ئەرێوەڵا ئەوانە کوڕی منن، ئەو مەسەلەم کو لۆ توو گێڕاوە لەسەری تا بنی، لۆ پاشای گێڕاوە. پاشا بەخۆی زانی مەسەلەکە کو بووە، گۆتی: دەرکەی قەپات کەن!

دەرکەیان قەپات کرد. گۆتییە قافلەچی ئەوانە کوڕی منن، ئەوەش ژنێ منە و ئەمنیش بابێ[1] وانەمە. ئەتووش ژنێ من بردییە، ئەوە ئەمن بووم کە توو ئەو جاری هاتی بە ناوی مامانیێ لۆ منداری، ئەمن ژنێ خۆم ناردە لاینگۆ، ئەنگۆش خیانەت و کرد و لەمن و دزی.

پاشا لەسەری قافلەچی دا و مارەکەی هەموو لۆ بەجێما. ئەمنیش حەکایەتم بڕا و چم پێ نەبڕا.

---

1- لە خۆشناوەتیدا بە هەردوو شێوە بەکار دێت، بابێ وانم، بابی وانم

# شێخ و مەرقەدی جاشکە کەرێ[1]

ئەرێ شێخەك لە مەنتیقەی بوو، تەشبیهات نەبی وەکی...[2] شێخ، شێخ عالەمی دونیای ئەچووە کنێ. شێتیان ئەبردن نوشتەیان بەو شێخەی ئەکرد، ناوبانگی دەرکردبوو.

کابرایەکی فەقیر، زۆر فەقیر بوو، بە پێیان حەتارۆکە و مەتارۆکەی[3] لە پشتێ هەرەدان،[4] ئەگەڕا لە گوندان ئەشتی ئەفرۆشت. هەند هیلاك بوو هەن هیلاك بوو، لایدا لە ماڕێ شێخی، گۆتی: یاشێخ!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: دە دوعایەکم لۆ بکە، وەڵاهی وەبیللاهی چەند سارە پسسام بە پێیان، مار و مندارم پێ بەڕێوە ناچی بە پێیان.

جاشکە کەرەکی هەبوو سێ ساری بوو، گۆتی: فەقێ ئەو جاشکە کەرەی لۆ خۆ بە، چیدی بە پێیان مەڕۆ.

خەنی بوو، سواری جاشکەکەرێ بوو، حەتارۆکەی لە کەرێ ناو گەڕا لۆ خۆ لە مەنتیقان، سارەك دوو سارانی لۆ خۆ حەتاریی کرد. دەورەمەند بوو بە کەرێ شێخی.

ڕۆژەکێ لە دەشتەکی، کەر نەخۆش بوو، کەر نەخۆش بوو، کەر بەربۆوە، دەستی بە گریانێ کرد لۆ کەرێ تۆپی... کەر تۆپی، دری نەدات کەرێ بەجێ بێری، هەندی نەفع لێ دیت بوو، دری نەدات. قۆرتەکی لێدا کەری هەردا ناوێ، گری[5] وەسەر کرد و غەرەکیشی لە دەورە کرد، دوو ئاراشی لەسەر چەقاند.

لەسەر ئەو چەقە ڕێیەی، هەرچی بەوێدا دەهات، درهەمەك، دوو درهەمی لەسەر دائەنا. لە کنیان وابی داخوا چ پیاوچاکەکە لەوێ شەهید بووە، مردییە، کەریش بوو!

سبەینانیش فەقیر ئەچوو پارەکەی لەسەری بوو، هەمووی لۆ خۆ دەیناوە. دەیگۆ بە قوربانت بم، بە مردیشت نەفع هەیە، بە مردی!

---

1- ئەم هەقایەتە لەدەمی (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی)یەوە وەرگیراوە.

2- لەوێدا ناوی شێخێکی بەناوبانگ دەهێنێ کە پێمان باش بوو ناوەکەی تۆماربکەین...

3- حەتارۆکە و مەتارۆکە: حەتار: عەتار، مەبەست لەو کەسانەیە کە هەندێ کەلوپەلی وردەواڵەیان پێ بوو و بە گوندەکاندا دەگەڕان و دەیان فرۆشت... مەتاریش وەك دووبارە بەکارهێنانەوەی (عەتار- حەتار)ە کە لە کاتی ڕەوانبێژی قسەکردندا، هەندێ وشە بە گۆڕینی تیپی سەرەتاکەی بە تیپی (میم) دووبارە دەبێتەوە: کەروێشك و مەروێشك، کەڵەباب و مەڵەباب، خانوو و مانوو، خورما و مورما...

4- لەپشتی هەرەدان: واتە لەسەر پشتی دادەنان و وەك کۆڵەپشتێك دەیگێڕا.

5- گر:گڵ، خۆڵ

هەموو سبەینان، هەموو سبەینان، ئەو فەقیرە ئەچوو پارەکی زۆر لەسەر ئەو مەرقەدەی بوو، دەیهیناوە لۆ خۆ. وەیلێهات هەند دەورەمەند بوو، ناوی لە خۆنا شێخ، شێخ شێخ هەند دەورەمەند بوو لە هەموو شتیٚ هەزاری هەبوو، ئەو شێخەی جاشکەکەری دابوییٚ، بانگی دەروێش و موریدانی کرد گۆتی: ئەریٚ ئەو شێخێهیٚ پەیا بووە لە فران گوندی ئەوە کییە؟

گۆتیان: یا شێخ دەستی لە توو ستاندییە بە قورعان! ئەلعان شێت و مێتان هەر ئەبەنە کنەوی.

کوڕە گۆتی: کاکە دەبا سەردانی بکەین، داخوا ئەو شێخە لۆ پەیا بوو، وەلاّ وەبیللا نانم بڕا.

وەلاّ شێخ چۆ کنی: سەلاموعەلەیك.

گۆتی: سەلام بەخێرێی.

میواندارییەکی چاکی کرد و ئەریٚ گۆتی: یا شێخ ئەتوو کووە پەیابووی، بە چ گەیشتییٚ، بە چ پەیابووی؟

کوڕە گۆتی: یا شێخ ئەتوو جاشکەکەرت نەدامیٚ!؟

گۆتی: با

گۆتی: وەلاّ وەبیللا وە تیللا، بە جاشکەکەریٚ توو ئەمن دەورەمەند بوویمە.

شێخیش گۆتی: بەو قورعانەی دەنا ئەمنیش بە داکیٚ ئەو جاشکەکەرەی بوویمە شێخ و ئەوهە دەورەمەند بوویمە.

کوڕە گۆتی: کو؟[1]

گۆتی: ئەریٚ بەخوای، ئەتوو بە کەریٚ، ئەمیش بە داکیٚ ئەو جاشکەکەرەی بوویمە شێخ.

گۆتی: دە وەلاّهی ئەمیش بە جاشکەکەریٚ توو بوویمە شێخ.

دە گۆتی: وسبە، هەر بەحس مەکە، با کەسن پێنەزانی، هەر لۆ خۆ ئەوهە ئیشەکەی بکەین و تەواو...

---

1- کو: چۆن

# حوسێنی غازی[1]

**وەسفی حوسێنی غازی و لۆ بکەم، حوسێنی غازی کابرایەك بوو، سەحابە بوو، لە شاری مەراتویٚ دادەنیشت، کە ئەو شارە ئێستا ناحیەی سکتانە.[2] حوسێنی غازی ژنەکی هەبوو، کوڕەکی لەو ژنەی هەبوو لەبەر خویندنێی دانابوو. باپیرەکیشی هەبوو (پیری مومبارەك) دەناو قەفەزیٚ بوو زۆر ئیختیار بوو، بیٚ غایەت ئیختیار بوو. ئەو شارە کاسبییان نەبوو. حوسێنی غازی ئەچووە ناو گاورستانیٚ و کافرستانیٚ، خەزرە و تارانی دەینا، دەیهینا بەسەر گوندەکەیدا دابەش دەکرد و ژیان و بژێوی وان لەسەر دەستی ئەو حوسێنی غازییەی بوو. برایەکی هەبوو حوسێنی غازی، بەردەکی مەڕمەڕیان لەپێش دەرکەی بوو گورزی لە بەردیەدا، ئەگەر تۆزی لیٚ هەستابا ئەچوو لۆ غەزاییٚ، تۆزی لیٚ هەرنەستابا ناچوو.**

**تەقدیریٚ خوای، گورزی لە بەردی دا، تۆزی نەدا. پیری مومبارەك لەناو قەفەزیٚ گۆتی: کوڕم نەچی! نەهاتیتت.**

**دانیشت حەفت ساران نەچوو، پاشی حەفت ساران خەرکەکە ژیانی ناخۆش بوو.**

**گۆتی: باپیر! نەهات بی هەرەچم،[3] هات بی هەر ئەچم لەبەرئەوەی خەرکەکە هەموو لە برسان ئەمری.**

**لێی دا ڕۆیی چوو. برادەرەکیشی هەبوو لە سەلماسی (ئێستا لە دەشتی هەولێریٚ گوندەك هەیە ناوی سەلماسە.) ئەو برادەرەی هەبوو لە سەلماسی، ناوی سەلماس بوو. ئێستا گوندەکەشیان ناوی سەلماسی لێنایە بەناوی ئەو کابرایەی.**

**ئەو سەلماسە بەدزی موسلمان بوو. حەموو جاریٚ کە چووبا، ئەچوو لەکن ئەو سەلماسەی میوانە بوو.**

**چۆ کن سەلماسی و دانیشت. تۆزەك وەدەرکەت، گۆتی: سەلماس ئەو تۆزە چییە؟**

---

1– ئەم هەقایەتەم لە دەمی (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد سکتانی)یەوە وەرگرتووە کە ناوبراو لە ساڵی 1956 لە ناحیەی سکتان–ی سەر بە قەزای کۆیە لەدایك بووە و خوێندەوارەو تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووەو پیشەکەی کاسبەو ئێستاش لەو گوندە دادەنیشیٚ.

2– سکتان: گوندێکی ناوچەی خۆشناوەتییە و چەند ساڵێکە بووە بە ناحیە و سەر بە قەزای کۆیەیە.

3– هەرەچم: هەر ئەچم، هەر دەچم

گۆتی: حوسێنی غازی! نانی خۆ بخۆ ئێره گاورستانییه. خۆ چاردەڕیانه، ئەنواع و ئەشکال خەرك بێرەدا تێپەڕ دەبی. ئەتوو چیشت[1] نەبی!

گۆتی: خوا دەزانی[2] نانت ناخۆم هەتا پێم نەرێی.

گۆتی: حوسێنی غازی چت لێ وەشێرم،[3] ئەوە پاڵەوانەکی سەرهەنگی شامێیە، هەموو حەفت ساران خەرجەی[4] لەو هەموو مەنتیقەی مە ئەستینی، لۆ سەرهەنگی شامێی بە دیاری ئەباتەوە.

وەڵاهی گۆتی: دەنا ئەمن مادەم وەیە، ئەچمە بەرایی ئەو پارەوانەی یان دەمکوژی، یان دەیکوژم.

گۆتی: حوسێنی غازی نەچی، ئەو پارەوانە سواری فیلەکیە بە کورینگانی[5] لێ ئەخوڕی. ئاگر ئۆندە لە زاری فیلی دێتە دەرێ. بچی، دەتکوژی.

گۆتی: وەڵاهی هەر ئەچم.

تەقدیری خوای وەبوو، چوو لەبەر ڕێیێ ڕاوەستا، ئەو پارەوانە سواری فیلەکی ببوو گورزەکی[6] لە حوسێنی غازی دا شەهیدی کرد. بەربۆوە لە وراغی، وراغی کلك دە پشتێ نا[7] هەتا شاری ماراتویێ. گەیشتەوە شاری، خێزانی حوسێنی غازی وەکی چاوی وە ئەسپەکەی کەت سەر زینی هەموو بە خوینە. دەستی بە گریانێ کرد. حوسێنی غازی برایەکی هەبوو وەکی زانی برای شەهید کرایە، چوو، مارێ حوسێنی غازی تاران کرد و هەمووی بردەوە سەر مارێ خۆ. هیچی دە مارێدا نەهێشت. هیچی دە مارێدا نێشتن.[8]

---

1- چیشت: چ ئیشت، چ ئیشێکت

2- خوا دەزانی: الله اعلم، مەعلومە، ئەم دەربڕینە زۆر بەکاردێت, لەباتی ئەوەی بگوترێ وابزانم کارەکە ڕادەستی خودا دەکرێت.

3- وەشێرم: بشێرمەوە

4- خەرجە: باج و سەرانە

5- کورینگ: ئامێرێکە دمکەکەی تیژە و بۆ لێدان و هەڵکۆڵینی شوێنێکی ڕەق و شاخاوی بەکاردێت.

6- گورز: ئامێرێکی گەورەی پاڵەوانان بووە و بۆ شەڕ بەکارهاتووە.

7- کلکی لە پشتێ نا: ڕای کرد (ئیدیۆمە)

8- نێشتن: نەهێشتن، دووبارەکردنەوەکە بۆ جەخت کردنە

حوسێنی غازی نەما، خەرك شینی لۆ دانا، ئەو خەرکە هەموو لە برسان ئەمری.
حوسێنی غازی نەما ئەوانە کار و کاسبیان نییە. ژیانی وان لەسەر دەستی حوسێنی غازی بوو. کە ئەویش نەما تازە ئەو خەرکە هەموو برسی ئەبی. فەقیرەبی. شین و تازیەکی گەرمیان لۆ دانا.
ماوەکی پێ چوو کوڕەکی هەیە لەبەر خویندنێی دانایە، کتابەکی زۆر گەورەی تەواو کردبوو. گۆتیان: فەقێ جەفحەر[1] مامۆستای گەورە وەگۆ لەگەر سوختەکان[2] و موستەعیدەکان.[3]
گۆتیان: فەقێ جەفحەر! ئەتوو ئەو کتابە گەورەت تەواو کردییە، کاکە نابی ئەتوو دەعوەتەکن لۆ بکەی؟
گۆتی: کاکە دەعوەتەکو لۆکەم.
بانگی سوختەکی گچکەی کرد، گۆتی: وەرە بڕۆ ماریێ مە، بە داکم بریێ سەلامیشی لێ بکە. بریێ نانەکی چاکن لۆ عازر کا، لۆن بنێریتە فران جێی، کتابەکی گەورەم تەواو کردییە لۆ مامۆستا و موستەعید و سوختانە.
گۆتی: زۆر چاکە.
سوختەکە چوو لە دەرکەی ماریێ فەقێ جەفحەری دا، گۆتی: داکێ فەقێ جەفحەری...
وەکی وەیگۆ، داکێ فەقێ جەفحەری، ئاگری دە هەناوان بەر بوو.
گۆتی: فەرموو کوڕم داکێ فەقێ جەفحەرت بەقوربان بی، چت دەویێ؟
گۆتی: فەقێ جەفحەری وەگۆتیە نانەکی چاکن لۆ عازر کا، لۆن بنێریتە فران جێی و کتابەکی مومبارکم تەواو کردییە، بەبۆنەی تەواوکردنی ئەو کتابەی نانەکی چاکن لۆ عازر کا.
ئەویش هیچیان نەمایە، برای حوسێنی غازی هەمووی بردۆوە سەر ماریێ خۆ، ماری تاران کردن. چەندی کردی نەیزانی چ بکا. گوستیلەکی زێڕی دە دەستی دابوو، داکێ فەقێ جەفحەری لە دەستی خۆی کردەوە، گۆتی: کوڕم! هەڕوو لە بازاڕی بایێ ئەو

---

1- جەفحەر: جەعفەر
2- سوختە: قۆناغی یەکەمی خوێندنی فەقێیەتی، کە پاشان فەقێ و موستەعید دێت.
3- موستەعید: قۆناغی کۆتایی فەقێیایەتییە و پێش ئیجازە وەرگرتنی زانستییە.

ئەنگوستیلەی خواردنەکەی چەندی پێهات خواردنێ بکڕەو لۆیان بە، بە مامۆستای گەورەش بڕێ، حوسێنی غازی شەهید کرایە.
گۆتی: زۆر باشە.
وەڵا چوو لە بازاڕی ئەنگوستیلەکەی فرۆشت، بایێ ئەوەندە پارەی خواردنی کڕی و چوو لەکنی دانا و سەری دەبنی گوێی مامۆستای گەورە ناو گۆتی: مامۆستا!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: بابی فەقێ جەفحەری شەهید کرایە، لە کەرکی[1] حوسێنی غازی.
نانەکەیان خوارد، مامۆستای فاتیحایەك هەدیە کرد. ئەوی گۆت مامۆستا چییە؟ ئەو موستەعیدی گۆتی: مامۆستا چییە؟
گۆتی: کوڕم فەقێ جەفحەر بابیشت خوای لێخۆشبێ شەهید کرایە.
دەستی بە گریانێ کرد، مامۆستای گۆتی: کوڕم مەگریێ عەیبە، گۆتی: ئەتوو خویندنت تەواو کردییە لە هەموو شتت تەواوە، بڕۆ ماریێ خۆ داکێ خۆ بەخێوکە و خەلاس و بڕێتەوە[2] و ئەوەی پێ ناوێ.
دەستی بە گریانێ کرد دەست و دمی مامۆستای گەورە و سوختە و موستەعیدانی ماچ کرد و دوعابوونی لێ خواستن و بەرەو ماریێ هاتەوە.
لە دەرکەی دا، داکێ دەرکە لێ کردەوە، دەستی دە ملی کرد: ڕۆرە بەخێرێیەوە.
گۆتی: دایە ئەدی ئۆ لۆ ئەمە هیچن نییە، ڕایەخەك، قاپەك، مراکەك، ئەشتەك؟
وەڵا گۆتی: کوڕم وەکی وراغی بابت هاتەوە بە سەر زینی بە خوینەوە، مامت هات هەموو شتی بردەوە لۆ خۆ، تارانی کردین.
ڕاست لۆ ماریێ مامی ڕۆیی، لە قادرمان وەسەرکەت: گۆتی: مامە زۆر عەیبە لۆ تو! مردبای چاتر بوو، باشتر بوو لەوەی نەکو ئەتوو ماریێ مە تاران کەی. خۆ بابی من ئەگەر کوڕەکیشی لەپاش بەجێ نەمابوو، خۆ کچەکی مابوو قەت شەرمت بەخۆ نییە لەباتی بچی خوینی برای بکەیەوە، ماریێشن تارانەکەی[3]؟

---

1- کەرك: شێوەی دۆڵاییەکە، بەڵام زۆر قووڵ نییە، ڕەنگە کەلەکە بەردیشی لێ بێت.
2- بڕێتەوە: بیڕێتەوە، کۆتایی پێ بێت
3- تارانەکەی: تاران ئەکەی، تاڵان دەکەیت

**بانگی دوو پیاوانی کرد گۆتی: تێیهەردەن دەو خوێڕییەی، با بچی خوینیٚ بابی خۆ بکاتەوە.**

**هەریاندا خواریٚ لە قادرمان.**

**هاتەوە گۆتی: دایە! وراغەك، شیرەك، ڕمەك، ئەشتەك، ئی بابم؟**

**گۆتی: کوڕم ئەمن چ نزانم، پیری مومبارەك لەو دیوی دوڕ قەفەزیٚ دایە، بڕۆ کنەوی بزانە چ هەیە. دەرکەی کردەوە و دە قەفەزێدا داندرایە. سەلامی لیٚ کرد و پیری مومبارەك دەنا و قەفەزیٚ برند بوو لەبەری.**

**گۆتی: کوڕم هاتی!**

**گۆتی: بەریٚ**

**گۆتی: کوڕم نابوا هاتبای، گەلەك منداری.**

**گۆتی: مندار نیمە باپیرە، منداریٚ چیٚ. چ هەیە، شیرەك، ڕمەك، ئاخر وراغەك شتەك؟**

**گۆتی: کوڕم بڕۆ تەویلیٚ، وراغەکەم لۆ دانای، چار ماریە،[1] شیر و ڕم و مەتارە و هەموو شتیشی لەکنە، زین و پەرداخ.**

**لێی دا ڕۆیی دەرکەی کردەوە و وراغ غروور بوو، برا غاریداییٚ، ڕاست غاریدا فەقیٚ جەفحەری، فەقیٚ جەفحەری مستەك لە نیوچاوانیٚ وراغی دا، وراغ قون و قون کشاوە، وراغی گویٚ بەخۆدا بەردانەوە و زین و پەرداغی کرد و ڕم و چەك و ئەسلەحەی لەخۆ بەست و پێی لە ڕکێفی نا و سوار بوو. دوو سەران بە پێش ماریٚ مامی دا هات و چوو.**

**مامەکەی گۆتی: ئەوە کێیە ئەو سوارە؟**

**گۆتیان: ئەوە برازاتە.**

**گۆتی: مامە وەڵاهـ وەڵاهـ نە چشت ئەدەمیٚ، نە چشت لێستینمەوە. بەس خوا دەزانی هیچت نادەمیٚ. ئەوی لە ماریٚ مەشت بردیە و تاران کردیە، لێشت ناستینمەوە.**

**پیری مومبارەك گاسی[2] کرد گۆتی: کوڕم، وەکی بابی خۆ نەکەی. گورزەکی لە بەردی دە!**

**گورزەکی لەبەردی دا. تۆز و تەمتومانی لیٚ برند بوو.**

---

**1- چارمارییە: خۆشڕەو، بۆ وڵاخێکی خۆشڕۆ بەکاردێت**

**2- گاس: بانگ**

گۆتی: کوڕم خواحافیزت بی، خوا پشتیوانت بی، بڕۆ!
لێی دا ڕۆیی. بە حەیاتی خۆی سواری ئەسپی نەبووە. شەڕی نەدیتییە، دنیای نەدیتییە، مەملەکەتەکی نەدیتییە، ئەوە ئەڕوا، ڕۆیی پشتێ خۆی دە ئاوەدانی کرد و بەرێ خۆی دە چۆلی کرد و پێی لێنا. حوسێنی غازی هیممەت و بەرەکەتی لێرە عازر بی[1] هاتە خەونی سەلماسی. گۆتی: سەلماس، سبەینێ کوڕی منت لێ میوانە بی، خزمەتەکی زۆر چاکی بکە، فێرە دەست و ڕمبازی و شەڕی کە. سەلماس دە خەونێدا وەخەبەر هات، گۆتی: خوایە دەبی کوڕی هەبی، نەبی؟
قەتی وەنەگۆتییە کوڕم هەیە.
سەلماس هەستا گۆتی: ژنەکە!
گۆتی: ها
گۆتی: هەستە.
گۆتی: چییە؟
گۆتی: هەستە نانەکی چاك حازر کە، کوڕی حوسێنی غازیم لێ میوانە بی.
کوڕە گۆتی: مردیت مری[2] کوڕی حوسێنی غازی چیێ، حوسێنی غازی کەنگی کوڕی هەبووە؟
گۆتی: هەستە نانی عازرکە.
ژنێی بەو نیوەشەوەی هەستاند و نانەکی زۆر چاکی عازر کرد.
بەرە بەری بەیانی سەلماس چۆوە سەر باروگەی قەسرێ خۆ، دووربینی دا بەر چاوی، تەماشای کرد تاقە سوارێك دات،[3] تۆز بەری حاسمانێی گرت. خوا دەزانی گۆتی: کوڕیشی هەیە، ئەوە هەوە.
فەقێ جەفحەریش جەلەوی[4] وراغی خۆی شۆڕ کرد، گۆتی: خوا دەزانی وراغی من ڕوو دە کێ کا، ئەچمەوێ.[1] بە ئەمرێ ئەو خوایەی وراغی ڕاست ڕوو دەمارێ سەلماسی کرد.

---

1- هیممەت و بەرەکەتی لێرە حازر بی: هەقایەتبێژ زۆر جار بۆ کارەکتەرە پیرۆزەکان ئەم وتەیە دێننەوە.
2- مردیت مریێ: مردووت بمرێ (ئیدیۆمە)
3- دات: دەهات
4-جەلەو: جڵەو

سەلماس لە قادرمان هاتە خواریٚ، جەلەوی گرت و دایبەزاند. دایبەزاند و نانی لەپێش دانا. بە ئەمریٚ ئەو خودایەی نانی لەپێش دانا، تۆزەك وەدەركەت، گۆتی: سەلماس ئەو تۆزە چییە؟

گۆتی: كوڕە وەكی بابی خۆ مەكە نانی خۆ بخۆ.

گۆتی: سەلماس پێم بریٚ، خوا دەزانی پێم نەرێی پاریٚ[2] نانی ناخۆم.

گۆتی: كوڕم چت لیٚ بشێرمەوە، ئەوی بابی توی كوشتییە، ئەوە هەوە. حەفت سارە بابی توی كوشتییە، ئەوە حەفت سارە ئەوە هاتەوە خەرجەی بستینی لەو مەملەكەتەی باجیان لیٚ وەگری.

جا گۆتی: سەلماس خۆ من لۆ هەندیٚ نەهاتیمە جەم و جەمكاریانم لۆ بكەی. دەعوەتانم لۆ بكەی. ئەمن هاتیمە خوینی بابی خۆ بكەمەوە.

كوڕە گۆتی: بیكە ڕاهی خوای، كوڕە گۆتی: كوڕم ئەتوو قەت شەڕەكت نەكردییە، قەت دنیات نەدیتییە، ئەتوو كو ئەچییە بەراییٚ ئەو كابرایەی؟ ئەوە سواری فیلی بووە. بەكورینگان لێخوڕی ئاگر لە زاری فیلی دێتە دەریٚ، نەچی!

گۆتی: خوا دەزانی ئەچم، پێی لە ڕكێفی ناو...

گۆتی: كوڕم ڕاوەستە! ڕاوەستە نیسحەتەكت لێكەم!

گۆتی: نیسحەتەكە چییە؟

گۆتی: كوڕم ئەوە سواری فیلی بووە، ئەتوش بە سواری وراغی خۆ هەڕۆوە پشتەوان، هەڕووە ناو ئەو جەماعەتەی، سواری وراغی دەگەر سواری وان خۆ لێكدە. نێزیك بەوە، پڕدە كلكیٚ فیلی، ئەگەر پێت ڕاوەستا، ئاوڕەكت لێداتەوە، واریٚ، ئەو مندارەی لابەن لەو ناوەی.

چۆ ناو ئەو قووەتەی هەر نێزیك بوو، تا نێزیكە فیلی بوو، بە دەستەكی كلكیٚ فیلی ڕاكێشا، بە دەستیشی لێدا، لێی دا و كردییە دوو لەت، ئەو هەموو وراغانەی تێوەرهاتن، هەمووی كوشتن و خەزرە و تارانی هینا، چوو لەسەر جەبەل حەمرینی لێی دا، گاوان با، شوان با، هەرچی هەبا، حوشترەوان با، گامێشەوان با، دەیكوشت و دەیهینا. تەقریبەی دوو سیٚ هەزار سەر مەڕ، دوو سیٚ هەزار مانگا و گامێش هەمووی

---

1– ئەچمەویٚ: دەچمە ئەویٚ، بۆ ئەویٚ دەچم

2– پاریٚ: پاروویٚ، پارووی، بابۆڵە

وەگەر یەکدا، ئەو هەموو وراغە سەر زین بە خوینانە، هەمووی وەگەر هێخست و هات، هات لۆ سەلماسی، گوندی سەلماسی، گۆتی: مام سەلماس!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: چەندت پێدەوێ لۆ خۆ بگێڕەوە؟ ئەویدی هەتا ببەم لۆ شاری ماراتوێ. چاردە سارە عەزراباتیان[1] نەدیتییە. ئەوی سەت سەرە مەڕەك سەت مانگایەکی لۆ خۆ گێڕاوە –زۆری میوان دێن– ئەوی دی ڕێکدا بەسەریەکدا، عوربانەکە (تۆز بەری عاسمانێی گرتییە) دە دەورە هەرەسوڕێ بە وراغی خۆو دەیانبا، هەر دە دەورە هەرە سوڕێ و دەیانبا.

لە شاری ماراتوێ عالەم هاتە سەربانان، گۆتیان: خوا دەزانی فەقێ جەفحەریشیان کوشتییە، کافر ئەوا هاتن لۆ سەرە مە، با بارکەین، ماران بارکەین لە شاری ماراتوێ لە ترسان. تۆز بەری حاسمانێی گرتییە، هەندەك ماران بار کرد، ڕۆیشتن لۆ چیای، هەندەکان بارەکرد، هەندەك لەزگ بار لێنانێ بوون، مندارەك چووە سەر باروگەی قەراتەکی، کوڕە گۆتی: بیللا وەتیللاهی ئەوە فەقێ جەفحەرە.

خەرکەکە سەنگراوە[2] و گەڕاوە، تەماشایان کرد، چ تەماشاکەن!، فەقێ جەفحەر ئەوە لەدوو ئەو عوربانەیە، سەری عوربانیش گەیشتە ناو شاری ماراتوێ، وەپێش کەت و هاتە ناو شاری، گۆتی: مامە! قورعان بە حەقت بە ساحێبت یەك تیسکە[3] مووی لەیەك مەڕی بکێشی هەردوو چاوانت دەردینم، نەچشت ئەدەمێ، نەچشت لێستینمەوە.

ئەو مەڕ و مارەی بەسەر ئەو شارەیدا تەوزیع کرد و بەگوێرەی نەفەر –وەکی بایەعی ئێستا–، خەرکەکە بوژاوە، خەرکەکە ئیسراحەتیان کرد، گۆتیان: خوایە ئەو کابرایەی چ لێنێ.[4]

دوو ڕۆژ سێ ڕۆژان ئیسراحەتی کرد لە مارێ دانیشت، گۆتی: باپیرە!

گۆتی: ها

گۆتی: دۆم بە دانیشتنێ مار وێرانە.[1] بەخوای ئەو جاریش ئەڕۆم.

---

1– عەزرابات: حەشتەبا، هیچ

2– سەنگراوە: سڵەمییەوە

3–تیسك: تاڵ

4– چ لێنێ: هیچی لێ نەیەت، هەر ساغ بێت.

**گۆتی: کوڕم گورزی لەبەردی دە.**

**گورزەکی لە بەردی دا. (ئەو مامۆستای ئەمن گویم لێ بوو)[2] هەتا هێواریٚ بووە تۆز و تەمتومان.**

**گۆتی: کوڕم بڕۆ خوا ئاگادارت بی.**

**لێی دا ڕۆیی، ئەوجا شارەزایە، چۆوە کن سەلماسی، چۆوە کن سەلماسی و نانی لەپێش دانا تۆزەك وەدەرکەت، گۆتی: سەلماس ئەو هەموو عوربانە ئەوە چییە؟ پێم بریٚ.**

**گۆتی: کوڕم وەڵا ئۆ لۆ کوڕی قەراری فەرەنگانیٚ بەن، کچیٚ سەرهەنگی شامێیە لۆ کوڕی قەراری فەرەنگانی بە بووك ئەبەن.**

**گۆتی: سەلماس ئەمن ژنم نییە، بەخوای بەخوای ئەمن لێیان ئەستینم.**

**کوڕە کوڕم نابی. بابی من ئاخر ئەتوو جاریٚ دی ئەو هەمووە سیٚ چار هەزار پارەوان بوون، کوشتینە، پارەوان سواری فیلی بوو کوشتیتت، ئەو جاریش ئەوە سیٚ چار هەزار کەس ئەوە بوکیٚ ئەبەن، کچیٚ سەرهەنگی شامیٚ بە بووك ئەبەن، ئەتوو بچی ئەوانەش هەمان تێك بشکینی، ئاخر بەخوای بەخوای، لێت خۆش نابن.**

**گۆتی: خوا دەزانی ئەمن ژنم نییە، دەبی بچم لێیان بستینم (تەبعەن ئەلعانیش دەگەر دابی بووك بە سەیاران جلیتانیٚ کەن وەکی ئەچنە دوو بوکیٚ) هەنگینێش بە ئەسپان جلیتانەیان[3] ئەکرد.**

**دوو جاحێر هاتن گۆتیان: هەتیم ئۆ لۆ لێرە ڕاوەستای؟**

**کوڕە گۆتی: ئۆ چاکەن[4] ئەنگۆ؟**

**گۆتی: ئەمە بوکیٚ بەین.**

**ئیٚ گۆتی: ئەمیش سوارەك دەویٚ، بەرکەم[5] بوکیش وەبەرەمن کەویٚ.**

---

1- مەسەلەیەکە بۆ ئەوە دەگوترێت کە دانیشتن و ئیش نەکردن ماڵوێرانی بەدواوەیە.

2- ئەم دەربڕینە بۆ لەسەرخۆ لابردنە لە ڕاستیی و ناڕاستی ڕووداوەکە.

3- جلیتانە: ڕاکردن بۆ خۆشی، وەك ئەوەی وڵاغێك بەرەڵڵا بێت و بێت و بچیٚ بە غاردا.

4- چاکەن: چی دەکەن

5- بەرکەم: بەڵکەم، بەڵکو

ئای گۆتیان: لەو بێ ئاقرەی بەتاقی تەنێ. سێ هەزار کەسین بوکێ ئەبەین، ئەرێ لە دوو سوارانم سوارەك دەوێ.
گۆتی: بڕۆن بە ئاغای خۆ بڕێن، ئەمن لە دوو سوارانم سوارەك دەوێ.
وەللا چوون بە پارەوانی گەورەیان گۆ، گۆتیان: جەناب قوربان، ئاغا! مندارەك لەسەر ڕێی ڕاوەستایە، ئەرێ لە دوو سوارانم سوارەك دەوێ.
کوڕە گۆتی: هەی بێ مێشکینە، بە چازانی ژنی نەمردییە، بە چازانی خانی پێ ناکرێ، بە چازانی ماری نەسۆتایە، ئەوە بووکە کچێ سەرهەنگی شامێیە لۆ کوڕی قەراری ئەبەن، سەت فەقیر دێتە بەرایێ، دەبڕۆن ئەو جۆڕکە پارەی وێدەن بڕێن ڕێیێ بەردە. جۆڕکە پارەك بوو پێنج سەت لیرە ئەبوو. دوو سوارەکان هینایان و...
گۆتیان: کاکە ئەو پارەن لۆ هینای.
گۆتی: هۆوەرە گویێم گرانە بزانم.
گۆتی: کاکە ئەو پارە ئاغای مە لۆ هینای.
گۆتی: دە هەوۆەرە کاکە هۆوەرە گویێم گرانن بزانم ئۆ چارێن[1] ئەنگۆ؟
گۆتی: کاکە ها ئەو جۆڕکە پارەی.
فەقێ جەفحەری جۆڕکە پارەکەی لێ وەرگرت، لەبنی گوێی ئێکی دا. فەقێ جەفحەر پارەوانە چ شەقێ لە زەلامی دا سەری لێکاتەوە. دەگەر جۆڕکە پارەکەی لەبنی گوێیدا ڕاست بەسەر وراغیدا بەربۆوە، ئەویدی لەزگبوو هەرێ، گرتی، هەردوو گوێی بڕین و گوێیەکەی دە دەست نان، گۆتی: بڕۆ کن ئاغای خۆ، بڕێ لە دوو سوارانم سوارەك دەوێ.
وەلا بە لۆرە لۆر[2] و بە گریان گۆتی: ئاغا گوێشی بڕیم و ئەوی دیشی کوشت و ئەمن پێم گۆتن ئەوە عینادە لەسەر قسێ خۆ، بەخوای لە دوو سوارانی سوارەك دەوێ. ئەو پارەوانەی دەگەریان دابوو بنە ئەسپیندارەکی وێبوو پەنجا مەتر درێژ بوو، دوو بەرداشی وەسەری هێخستبوون، شەڕی بەوەی ئەکرد دەیسوڕاند گڕڕەی دات وەك تەیارەی.

---

1- چارێن: چی دەڵێن؟
2- لۆرە لۆر: شین و گریان

فەقێ جەفحەریش گۆتی: بەقورعان ئەمن شەڕی عاردم زانیە، بەس شەڕی حاسمانێم نەزانییە. ئەوە چییە ئەوە دەیسوڕاند؟

فەقێ جەفحەریش چاوی لە حەوای بوو داخوا کەنگێ ئەو دوو بەرداشە گەورەی بەسەردا بەرەبنەوە. گڕەیان دات[1] وەك تەیارەی ئەو بەرداشانە، ئەویش ئەوهە بای ئەدا ئەو بنە ئەسپینداره و لە نەکاوەکی بەسەریدا بەرداوە و فەقێ جەفحەر ڕکێفەکی لێ قەیم کرد و دە پشتی سوڕاو شیرەکی لێداو کوشتی.

کوشتی وەناو ئەوانی دی کەت، سەلماس بە سواری وراغی خۆ دات، دەیگۆت فەقێ جەفحەر مادەم ئەوت کوشت، ئەوانە لۆ من چ نینە. ئەویشی هاتە یاری،[2] دانیانە بەرێ یەك بەشەریان نێشت، تەنیا ئەو کەسەیان هێشت ئەوی سەری بوکێی ڕاکێشا، یەڵڵا گۆتیان: سەری بوکێ ڕاکێشە و لۆ ماریێ سەلماسی، بوکیان بردە ماریێ سەلماسی کەژاوەو، شیرەکەشی لەسەری ئەوی بوکی ڕاکێشا... داو ئەویشی کوشت. ئەو هەموو وراغە سەر زین بەخوینانە لەو مەیدانەی مانەوە، سەلماس گۆتی: فەقێ جەحفەر ئیشەکی خەرابت کرد، گۆتی: ئێستا خۆ من ناترسێم، ئەمن بە دزی موسڵمانم، ئەوانە نزانن ئەمن موسڵمانم، بەس ئیشەکی خەرابت کرد ئەوە شەش حەفت هەزار کەس لە سەرهەنگی شامێ کوڕی قەراری فەڕەنگان بکوژرێ لەوانەیە حەملەکت لۆ بکەن، لەوانەیە لەشکری خڕکەنەوە دەورەی شاری ماراتوێت لێ بگرن. ئەتوو یەك کەس یەك تاقە سواری ها! گۆتی: ئێستا پێم خۆشە ئەو کەژاوەی لۆ والی بەغدایێ بە دیاری بەی، پێی برێ ئەمن لەگەر سەرهەنگی شامێم لێ قەومایە، والی بەغدایێ موسڵمانە، عەسکەری چاکی هەیە، کەژاوەکەی بە دیاری لۆ ببەو پێی برێ والی ئەمن لەگەر سەرهەنگی شامێم لێ قەومایە، ئەگەر هاتوو بووە شەڕ لەشکرم بدەیێو یارمەتیم بدەی.

فەقێ جەحفەریش لەدری خۆدا گۆتی: باشە ئەمن کەژاوەکەم لۆخۆ لێستاندینە، باشە ئەمن لۆ لۆ والی بەغدایێ بە دیاری بەم، بەس چ بکەم لە قسێ سەلماسی خۆ دەرناچم،

---

1- دات: دەهات

2- هاتە یاری: هاتە هاوکاریی و یارمەتیدانی...

برادەری بابم بووە و موسڵمانە و وەڵاهی لە قسێی دەرناچم قیڕسی،[1] کەژاوەکەی ئەبەمە بەغدایێ لۆ والی بەغدایێ بە دیاری ئەبەم.
ئەو ژنەی نەدیتییە لە ناو کەژاوەیە، ئەو ژنەی کەژاوەکەی نەکردیتەوە تەماشای کا، دە دوو وراغی خۆی هێخست و کەژاوە و لێی دا ڕۆیی لۆ بەغدایێ، وەرە ئەو ئیشە بێ سەروبەرەی ئەتوو کەژاوەی لۆ خۆ لێ بستینی!! سەلماس وەیگۆ دەبی لۆ والی بەغدایێ بە دیاری بەی، پێی برێ ئەگەر لێم قەوما، بووە شەڕ هەندەك لەشکرم دێ، دەستی بە غەزەلان کرد، تەبعەن کۆلکە مەلایە، مەلایە، دەستی بە غەزەلان کرد لە سەر وراغی ئەو کەژاوەش گوێی لێ ڕاگرتییە، ئەو ژنەی لە ناو کەژاوەی ناوی پیرۆزخانە، بەس پیرۆز، چ پیرۆز! نە بکەی نە بخۆی، تێیوەڕامینێی.
لێی دا ڕۆیی لۆ بەغدایێ. گەیشتە بەغدایێ و تاقیبی ماریێ والی بەغدایێی کرد، گۆتیان: ئەوە ماریتی. چوو سەلامی لە والی کرد، سەلامی لێ وەرگرتەوە و گۆتی: جەنابی والی!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: ئەو کەژاوەم بە دیاری لۆ هینای.
دە گۆتی: لێی وەگرن، بیبەنەوە دیوی ژنان.
ژنەکەی دەرینا لەناو کەژاوەی. پیرۆز خانیان بردە دیوی ژنان، فەقێ جەفحەریش گۆتی: پیاسەکی بازاڕی ئەکەم، چووە بازاڕی وراغەکەیان لێ وەرگرت بردیانە تەویلێ، پیاسەکی بازاڕی بکا.
والیدە و وەقەبەقازی کوڕ و بابن، سەرهەنگی شامێ پێنج سەت پارەوانی وێداینە بچن بەغدایێ وەرگێڕن. ئیسلامەتی نەبی، والی بەغدایێ هاگا لێ نییە. والیدە و وەقەبەقازی لەکن والی بەغدایێ دەستووری موکەڕڕەمن، وەزیرن، والی بەغدایێ نازانی لە شامێ پێنج سەت پارەوانیان هینایە بەغدایێ بن کۆرەکەن[2]. والیدە و وەقەبەقازیان وەکی چاوی بە فەقێ جەفحەری کەت، ناسیان، زانیان هەنگین بە مسولمانانیان ئەگۆ سوننی مەزهەب، زانیان ئەوە سوننی مەزهەبە، گۆتی: والیدە کوڕم!
گۆتی: بەرێ

1- قیڕسی: قیروسیا، چش..
2- بن کۆر: ژێر کۆڵین، ژێرهەڵکۆڵین

گۆتی: لۆ ئەو کەژاوەی نەدزین؟
گۆتی: دەبا بدزین.
هەرستا کەژاوەیان دزی، پێنج سەت پارەوان ئەوا بن بەغدایێ بنکۆرەکەن.
کەژاوەشیان بردە کن پێنج سەت پارەوانەکەی. هاتنەوە کن والی، گۆتیان: والی ئەو سوننی مەزهەبەی کەژاوەی بەدیاری لۆ تۆ هینایە، گەتکەك[1] بوو بەتوی کرد، لۆی هینای لێشی دزیەوە.
والی گۆتی: کا هەڕوونە دیوی ماریێ.
وەکی چوونە دیوی ماریێ، هیچی لێ نییە، کەژاوەی چێ؟
باشە گۆتیان: ئەو کابرایە کو کەژاوەی هینا بەدیاری و لێشی دزیمەوە، ئەوە گەتکە بە منی کردیە.
فێرەکی گەورەیان لە فەقێ جەفحەری دامەزراند، ئەو والیدە و وەقەبەقازیانە، فەننەکیان لێ دامەزراند بە کوشتی دەن.
گۆتیان: والی ئێستا ئەچی دەیبینییەوە لە بازاڕی، بەس بە فێرەکی ئەو سوننی مەزەبە خۆ دەبەر دەستان نەجات ئەدا، نێری[2] نەجاتدا خۆ! گۆتی: ئەدی چ بکەم؟
گۆتی: ئیزنی نەدەی هەتا کەفیلەکی لێ وەرنەگری.
گۆتی: ئەجا کەفیلی کێ ناسی لەبەغدایێ ئەوە؟
گۆتی: شەرتێی پێ بکە بچی پیری مومبارەك لە شاری ماراتوێ بینی. لێرە بە کەفیل دانێ ئەجا ئیزنی دە، دەنا ئیزنی نەدەی.
ئەو فەننە گەورەیان دامەزراند.
یەڵڵا گۆتی: بڕۆن، جاڕچی غاردەن لە بازاڕی، غارە بڕۆ، بگەڕێ بڕۆ، دیتیانەوە: کاکە وەرە والی ئیشی بەتووە.
هات سەلامی لە والی کرد و گۆتی: فەرموو!
والی گۆتی: کوڕم ئەتوو ئەمن ئەناسی؟
گۆتی: ناوەڵا.
گۆتی: ئەمن ئەتوەناسم؟[1]

---

1- گەتك: هەتك
2- نێری: نەهێڵی

گۆتی: ناوەڵا.
ئەدی گۆتی: کوڕم کو ئەتوو کەژاوەت لۆ من هینا دەمێدی و کووشت دزیتەوە؟
گۆتی: بەو خوایەی پێی مسوڵمانین، ئەمن ئۆتی کەژاوەم لێرە دانایە، چاوم وێ نەکەتیتەوە، بەس مۆرەتم بدە بە موددەی یەك سعاتی ئەمن کەژاوەت لۆ دینمەوە ئێرە.
گۆتی: ناوەڵا ئەمن ئیزنت نادەم.
والیدە و وەقەبەقازیان ڕێیان لۆ والی دانایە کوی ئیزن دا.
ناوەڵا گۆتی: ئیزنت نادەم.
گۆتی: وەت ئیزنەدەم کەفیلەکی بینی.
ئێجا گۆتی: والی بەخوای ئەمن کەس لە بەغدایێ نەناسم، بەژیانم بەغدام نەدیتییە، ئۆ یەکەمجارە ئەمن هاتیمە ئێرە.
نا گۆتی: کەفیلم دەوێ.
گۆتی: کەس نەناسم.
گۆتی: کەس نەناسی؟
گۆتی: ئەرێوەڵا
گۆتی: شەرتێم لۆ بکە، بڕۆ پیری مومبارك لە شاری ماراتوێ بینە، بینە لێرە بە کەفیلی دانێ، ئەمن ئیزنت ئەدەم، دەنا ئیزنت نادەم.
گۆتی: شەرت بی ئەواچم دەیهینم.
سواری وراغی خۆ بوو فەقێ جەحفەر و لۆ شاری ماراتوێ، بچی پیری مومبارەك بینی.
والیدە و وەقەبەقازیان پیری مومبارکیان لۆ چ بوو بری[1]؟ بەهرەکی دەنا و گەروێ دابوو بەهرەکەی لێ بستینن، کە بەهرەکەشیان لێستاند، هەوەستی لێ بی خۆکاتە ژن. هەوەستی لێ بی خۆکاتە پیاو، هەوەستی لێ بی خۆ کاتە مار، ئەو بەهرەت بێتە ناو گەروێ. والیدەو وەقەبەقازیان پیری مومبارکیان لۆ هەندێ بوو، ئەو بەهرەی لێ بستینن.

---

1- ئەتوەناسم: ئەتۆ دەناسم، تۆ دەناسم

فـەقیێ جەفحـەری هاگـای لـەو مەوزووعـەی نییـە، والیـدەو وەقەبـەقازی پێـنج سـەت پارەوانیـان هینایە بەغدایێ وەرگێڕن و والـیش هاگا لێ نییە. ئەوانە خۆیـان کردیتە موسلمانەکی چاك لەوێ و کردینیە وەزیر و بەغدایێ وەرگێڕن.

چوو گەیشتەوە شاری ماراتوێ، دەستی دا قەفەزێ، پیری مومبارك گۆتی: ها کوڕم چییە؟ کێم وابەی[1]؟

وەڵا گۆتی: باپیرە دەبی بتبەم لە بەغدایێ بە کەفیلت دانێم.

ئۆهوهەهۆ، گۆتی: ئەو کافرانە ئەو فەننەشیان دامەزراندییە، گۆتی: کوڕم دەمبەی بەس نامهێنییەوە.

– باپیرە کوتناینمەوە؟

گۆتی: کوڕم ئەزانم ئەمنیان لۆ چییە؟ بەهرەکم لەناو گەروێیە، ئەو کافرانە دەیانوێ ئەو بەهرەی لەمن بستینن و بیتە ئی وان، کوڕی من دەمبەی بەرا نامهێنییەوە، زاری بـەش کـەوە[2] بەهرەکـەت دەمـێ، فـەقیێ جەفحـەری زاری بـەش کـردەوە و یـەك نەرمـە کۆخەی کرد، بەهرەکە چووە ناو گەروێ فەقیێ جەفحەری.

گۆتی: کوڕم ئەتوو فەقیێ جەفحەری؟

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەمن ئەو بەهرەم دا توو، ناوی لەخۆ بگۆڕە، با نەتفەوتینن.

گۆتی: باپیرە ناوی چ لەخۆنێم؟

گۆتی: ناوی لە خۆنێ سەیدی بەتار، خەلاس فەقیێ جەفحەری لەسەرەخۆ ڕەشکەوە.

ناوی لەخۆنێ سەیدی بەتار.

ناوی لەخۆنا سەیدی بەتار، ئەوجا با لـە فەقیێ جەفحـەری گـەڕێین، نـاوی لـەخۆ گـۆڕی بووە سەیدی بەتار.

سـەیدی بـەتار قەفەزی دەست دایـێ و بەهرەکەشـی دوڕ گـەروێ کرد. قەفـەزی دەست دایێ و هاتۆوە بەغدایێ، گۆتی: والی!

گۆتی: بەرێ

1– کێموابەی: کێوەم ئەبەی، بۆ کوێم دەبەی

2– بەش کەوە: لێك بکەوە، بکەرەوە

گۆتی: ئەوە پیری مومبارك، بێمەوە یەك مووی لە قەلبی کەم بووبی، خوا دەزانی سەرت دە لاشەی جیا ئەکەمەوە.
گۆتی: خەمت نەبی، داینیٚ.
داینا و (ئەوە بە کەفیلی دانا) و سەیدی بەتار ڕۆیی. ئۆ ناون لێنا سەیدی بەتار.
والیدە و وەقەبەقازیان هاتن گۆتیان: والی! ئەو پیرەمێردە لە دیوارخانیٚ ئەمری، نە کەسەك ئاوەکی داتیٚ و نە کەسەك دەسنوێژێی پیٚ هەگری و ئاخر نە کەسەك بیباتە ئاودەستیٚ و ئەمە دەبی بیبەینە ماریٚ خۆ و خزمەتی کەین و سبەینیٚ بێتەوە شتەکی لیٚ هاتبیٚ دەنکوژی.
گۆتی: دەوەقەبەقازی بیبەن، بەرا هاگاو لیٚ بی ها، بە قورعان بێتەوە...
نا نا گۆتیان: والی خەمت نەبی، قەفەزیان دەست دایی و ئەویشیان بردە بن لەغەمیٚ کن پێنج سەت پارەوانی و کن کەژاوەی. لە قەفەزێیان دەرینا و سەراوبنیان بەداریٚ وەکرد. (کا)شیان دەبن کونە تفنکاندا[1] سۆتاند. هەر دەیان گۆ پیری مومبارك ئەو بەهرەکەی لە کنتە بماندیٚ.
ئەویش واگۆ: وەڵا وەڵا ئۆتی دونیٚ هێواریٚ دایتمە فەقیٚ جەفحەری. ئەوە قسیٚ وان ئەوە بوو لێیان ئەدا بە مەترەقان. کەژاوەش ئۆوە لەوێیە پێنج سەت پارەوانیش ئەوە ئیشیەکا[2] بەغداییٚ بن کۆرکەن.
بێینە سەر حیسابی سەیدی بەتار.
سەیدی بەتار سواری ئەسپی بوو، لە شاری بەغداییٚ چووە دەریٚ، تەماشای کرد سوار وراغەك هات بەرگی ڕەشی دەبەردایە. قاقەزەکی دەبەر سەری دایە، ئەویش سەیدی بەتارە، تازە ئیسمەکی لۆ خۆ خویند. قاقەزەکی هاتە بەر سەری: کاکە ماندینەبی؟
– خۆشبی ئەتوو ماندینەبی.
گۆتی: ئەتوو کێوا چی کاکە؟
وەڵا گۆتی: ئەچمە کن ماریٚ دەوەقەبەقازیان حەفت سارە پێنجسەت پارەوانن وێداینە بەغداییٚ وەرگێڕن، وەریش ناگێڕن، پێنجسەت پارەوانەکەشن لۆ نانێرنەوە.
هەهۆ سەیدی بەتار گۆتی: ئەوە خەلەلەکە لێرەیە.

---

1- تفنك: لووت
2- ئیشیەکا: ئیش دەکا، خەریکن.

**دە گۆتی: کاکە، ئەمیش ئەوە لەکن والیدە و وەقەبەقازیان ڕادێم، ئەو کاغەزەی خۆ وەمن دە، ئەمیش ئەوە لە کن والیدە و وەقەبەقازیان ڕادێم، ئەو کاغەزەی خۆ وەمن دە، ئەمیش ئی خۆ وە تووەدەم[1] پێی ناویٚ بچی، زۆر نەمایە سیٚ ڕۆژی دیکە بەغدا وەرەگەڕیٚ.**

**کابرا پێی بڕوا کرد، کاغەزی خۆی وێدا ئەویش ئی خۆ وەوی دا و سەیدی بەتار بەکاغەزیدا نۆڕی، لە فران جیٚ لەغەم لێدرایە و بن کۆر کرایە و جێیەکەی دیتەوە بە دوو قاقەزی داهات. تەماشای کرد کونەك کرایە بە کونەکەیدا پێنجسەت پارەوانەکە چوویتە خواریٚ و ئەوا بەغدایی بن کۆرەکەن. سەیدی بەتار لەسەر کونەکەی وراغەکەی خۆی بەستەوەو بە کونەکەیدا بەشیرەوە چۆوە خواریٚ وەکی چوو، چ بچی؟ تەور کارییە. ئەو پارەوانانە ویٚ ڕستینە.[2]**

**پێداهات، لێیدان هەر پێنجسەتی سەربڕین. تەماشای کرد کەژاوەکەش لەویٚ داندرایە. چڕە دوکەرەك لەسەر ڕێییٚ بوو، لۆ دوکەریٚ ڕۆیی تەماشای کرد، پیری مومبارەکیان سەروابن بە داریٚ وەکردیە، ئەوا بە قامچیانی لێئەدەن. هەر ئەرێن ئەو بەهرەکەی لەناو گەرووتە، وێتە بماندیٚ. ئەویش واگۆ: وەڵا دایتمە فەقیٚ جەفحەری.**

**وەکی چاوی ویٚ نەکەتن! ڕاست دنیای لەپێش چاوی تاریك بوو، ڕاسەن غاری دانیٚ. هەرچی والیدە بوو عەیار بوو، وەکی فرتکەی ئەکرد جۆتکەی لە عاردیەدا و برند ئەبوو، لۆ حەوایی و ئەچوو لێرێهیٚ وەعاردی ئەکەت. والیدە جۆتکەکی لە عاردی داو بەسەر سەری سەیدی بەتاردا خۆی ئاودیو کرد و هەرات. وەقەبەقازی هەند لە گوڕ هات، سەیدی بەتار چاوی تاریك بوو چەنگەکی لە چاواندا، ئەوی پیست بی لەسەر دموچاوانی نەهێشت. پیستی سەر دموچاوانی لابرد و گڕە بوو.[3] ئەویش هەرات، ئەویش دەرچوو تەبعەن ئەوانە سڕیان کەشف بوو، پێنجسەت پارەوان کوژرا، نابی بچنەوە کن والی بەغدایی، دەبی لۆ خۆ هەرێن.**

1- وەتووەدەم: بە تۆ ئەدەم، پێت دەدەم

2- ویٚ ڕستینە: تێبەربووینە، هەر خەریکی شەڕن

3- گڕە: (دەم و چاوی گڕە بووە): دەم و چاوی گڕن گڕن بووە بە ڕنۆك و چەپەرۆکان.

هەراتن هەتا چوونەوە شامێ. کن سەرهەنگی. پیری مومبارکی لە دارێ کردەوە و سەری لەسەر ڕانی خۆ دانا و ئاسینەکی[1] لەسەر خویند، تەواو بوو. ئەو پێنجسەت پارەوانە هەمووی کوژرایە. پیری مومبارك لەوێ مردیە. کەژاوە لەوێیە هاتە دەرێ لە کونەکەی و چوو پیلی والی گرت. لەسەر تەختی پیلی گرت و ڕایکێشا. ئەو هەموو عەسکەرەی وەدوو کەت. ڕایکێشا هەتا هینایە ناو کونێ.

گۆتی: فەرموو والی بەغدایێ. ئۆ وەزعە! باشە ئەمن کەژاوەم لۆ توو هینا، لێیان دزی. پیری مومبارکم بە کەفیل دانایە، لێیان دزی و لەناو لەغەمێ کوشتیتیان. پێنجسەت پارەوانیان هینایە، بەغدایێ لەتو وەرگێڕن. ئەتوو هەردووکت کردینە نەیبی دەستە ڕاستت و نەیبی دەستە چەپی، هاگات لەخۆ نییە، ئۆ بەغدایان وەرگێڕایە؟

گۆتی: ناوت چییە؟

گۆتی: سەیدی بەتار.

گۆتی: کاك سەیدی بەتار دەمکوژی خوینی منت لێ حەرار بی، ئەشەدەمبیللا ئەتوو حەقی، ناحەق نی. تازە چ دەستەراتم نییە، چم پێ ناکرێ، باپیرشت مردییە ئەمن چ بکەم؟ ئەگەر ئەتوو نەهاتبای بەخوای ئەمن ئەو هەموو بەغدایە، هەموو تێك و پێك ئەچوو، معامەرەیان[2] لێ دامەزراندبوو، گۆتی: ئێستاش کاکە دەمکوژی گەردەنت ئازا بی، نامکوژی هەر گەردەنت ئازابی.

وەڵاهی گۆتی: ئەتوو مسولمانی لەبەر هەندێت ناکوژم، دەنا ئەمکوشتی.

دە گۆتی: کاکە هەرچی ئەرێی ئەمن ئامادەمە. شەڕیەکەی دەگەر کافران ئامادەمە! پێشی هەمان دێم، هەرچی دەتوێ ئامادەمە. کەژاوەکەشت لۆ خۆ، ئەمن نامەوێ، مومبارکی خۆت بی.

وەڵا چوونە سەر قەبران، پیری مومبارکیان شاردەوە و کونەکەیان گرتەوە و ئەو پێنجسەت پارەوانە دەوێدا لێیگەڕان، کەژاوەکەشیان گۆتی: کاکە ئەمن نامەوێ، لۆ خۆ بەوە،[3] مومبارکی خۆت بی.

ئەوجا کەژاوەی دە دو خۆ هێخستەوە و بەرەو مارێ هاتەوە کن سەلماسی.

---

1- ئاسین: یاسین (مەبەست لە سوورەتی یاسینە)

2- معامەرە: موئامەرە، پیلان

3- لۆ خۆ بەوە: لۆ خۆتی ببەوە، بۆ خۆتی ببە.

سەلماسی گۆتی: لۆ هەندە عێدزی؟

گۆتی: سەلماس ئیشەکی خەرابت بە من کرد، ئەمن کەژاوەم نارد ئەوهەم بەسەرهات.

سەلماس گۆتی: سەیدی بەتار پێشی ئەتوو بچی لۆ بەغدایێ، ئەمن وەحیم لۆ هاتبوو، پیری مومبارك لە بەغدایێ شەهیدەبی. درت هیچ غەل و غەشی نەکا، خواحافیزت بی، کەژاوەی لۆ خۆ بەوەو خەلاس.

کەژاوەی دەدوو خۆ هێخست هەتا هاتەوە شاری ماراتوێ و پیرۆز خانی لەناو کەژاوێ دەرینا و گۆتی: پیرۆز خان!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: حارو مەسەلێ من بەو نەوعەیە، ئەمن سەیدی بەتارم، دوژمنی بابی تومە، ئەگەر مێردم پێکەی و مسولمانەبی، هەتا مارەت کەم؟ ئەگەر مێردیشم پێناکەی، لە کێندەر هاتی ئەتبەمەوە ئەوێ داتەنێم.

گۆتی: وەڵاهی ئەمن ئەتوم قبوورە و ئەتوم دەوێ.

وەڵا لەخۆی مارەکرد، حەفت ساران دانیشت و کوڕەك و کچەکی لە پیرۆزخانێ پەیابوو.

***

بێینەوە سەر حیسابی سەرهەنگی شامێ.

سەرهەنگی شامێ، گۆتی: کوڕینە بەو هەموو پارەوان و بەو هەموو خەرکەی، ئەنگۆ یەك سوننی مەزەب و پێ لەناو ناچی، کی بی بچی لەناوی با؟

والیدەی گۆتی: ئەمن!

گۆتی: چێ؟

گۆتی: ئەمن ئەچم ئەیفەوتینم.

گۆتی: بڕۆ ئەتوو ئەو سوننی مەزەبەی بفەوتینی، هەرچی برێی لۆت ئەکەم.

گۆتی: سەرهەنگ ئەمنەچم، ئەمن بەدوعا. لێی دا ڕۆیی.

لێی دا ڕۆیی سەر و ڕدێنی خۆی تراشین و خۆی خاوێن و باوێن ڕاگرت و جلکەکی چاکی دەبەرکرد و دوو سێ دەسبیحی دە ملی کردن و دەستی بە (لا الە الا اللە محمد ڕسول اللە) و دەستی بە سەلاوات لێدانێ کرد، ڕۆیی هەتا هاتە شاری ماراتوێ.

ئەو والیدە، والیدە عەیار بوو، جۆتکەی لە عاردیەدا، لێرە ئەچووە سەرجادەی وەعاردیەکەت، چوو سەیدی بەتار لە ڕاوێ بوو، مەمکی داکێ سەیدی بەتاری مشت. دەستی دا مەمکی و مشتی. گۆتی: ڕۆرە ئەتوو کی؟

گۆتی: وەڵاهی پیرەداك ئەمن والیدۆکەمە، هاتیمە مسولمان بوویمە، خێرتەگاتێ[1] سەیدی بەتار عافوم کا، لۆ خۆ مسولمان بوویمە و لەناو گاورستانیێ هەراتم.

– یاخوا بەخێرێی کوڕم، مادام مسولمان بووی، کو دێرم بتکوژی!

وەڵا دەو کەین و بەینەی دابوون، سەیدی بەتاریش هاتەوە.

گۆتی: دایە ئەوە چییە لێرە؟

گۆتی: کوڕم ئۆ والیدۆکەیە و هەراتییە و ڕوحمێ خوای چویتە زگی و مسولمان بووە و لەناو گاورستانێ هەراتییە و هاتییە خۆی دە ماریێ مە نایە و لۆ خۆ مسولمان بووە.

کچێ گۆتی: دایە ئەوە کو مسولمانەبی؟ لاکەوە با شیرەکی لەسەری دەم سەری پەڕینم.

گۆتی: کوڕم شیری مەمکی منت لێ حەرام بی، ئەگەر دەستی بدەیێ، ئەوە مسولمان بووە.

گۆتی: دایە هەریەگریەوە،[2] دەستەراتی توم نییە، دەنا ئەوە ئی هەندێ نییە هەر لە مارێشت بی.

ئێە. والیدە لەوێ ماوە، نوێژیەکردن[3] بە پستە پست و جومعەیەکردن و جەماعەتیەکردن و گەسکی لەمارێ داو ماری خاوێنەکردەوە و... پیرەداکێ گۆتی: کوڕم نابی لۆمەش چەند باشە! مانگەك نەبوو، دوو نەبوو، سێ نەبوو لەبەری سابوونەوە[4]. تەقدیرێ خوای ڕۆژەکێ جومعە بوو ئەچوونە جومعەی لە ڕێیێ سەیدی بەتار زۆری برسی بوو، ئەچنە جومعەی، زۆر برسی بوو، گۆتی: والیدە!

گۆتی: بەرێ

---

1– خێرەتەگانێ: خێرت ئەگاتێ، خێرت دەگا

2– هەریەگریەوە: هەڵی ئەگریتەوە، گلی دەدەیتەوە

3– نوێژیەکردن: نوێژی دەکرد، نوێژەکانی دەکرد

4– سابوونەوە: حەسابوونەوە، ئاسوودەبوون لە هاتنی..

گۆتی: بگەڕێوە بە پیرۆز خانێ برێ نانەکی چاك عازر کا لۆ نیوڕانێ، بەو خوایەی هەندم برسییە.

– ئێم کاکە ئەدی ما چقەیدییە...

گۆتی: هەڕوو پێی برێ.

گۆتی: کاکە ئاخر...

هەر وێیە گۆتی: کاکە. گۆتی: کاکە بەرا جێم لۆ بگرە لە جومعەی، نەخۆ جێم وەبەر نەکەوی.

– کو جێت وەبەر ناکەوی؟!

گەڕاوە... سەیدی بەتار چووە جومعەی، ئەویش گەڕاوە، گۆتی: پیرۆز خان!

پیرۆز خان گۆتی: ها!

گۆتی: کاکم وەگۆتیە بێنە چار باغی سەیرانە، (وەکی ئێستاو مەسیفی و ئەچنە مەصایفی عالەم هەمووە چنە سەیرانێ بەهاران) پیرۆزیش مستەکی گرێ گرێی گرت لە دەمی والیدەی دا دوو دانی شکاندن.

گۆتی: ئەتوو ئۆ بەڕاست وارێی؟

گۆتی: کابرایەکی ئەوها لە حەیاتی خۆی ئەمنی نەبردیتە مەسایفان، ئەمە ئی مەسایفانین؟ مێردی من ئی مەسایف و ئەو جێیانەیە! درۆیەکەی.

دەستی بە گریانێ کرد چۆ کن پیرەژنێ (خەسوی پیرۆز خانێ). گریا، گۆتی: پیرەداك دەگەرم نایێ و کاکم وەگۆتیە گۆتی: بێنە چارباغی سەیرانە، تەماشای نایێ؟

پیرەژنێ دەست بە بۆرە بۆری[1] کرد (جا خەسوو گەلەك خەراپن هەندەکیان) ئا ئا

گۆتی: کوڕم ئەزانم کیژێ سەرهەنگی شامێیە و ئی کافران بووە، هێشتا خاوێن نەبوویتەوە. خۆشییەکی ناداتە کوڕی من.

پیرۆز تووڕە بوو گۆتی: والیدە وەرە دەگەرت بێم، شەرت بی دەگەرت بێم، ئەشزانم وەنییە، بەس دەگەرت دێم.

وراغی سەیدی بەتاری هینا دەرێ و پیرۆزخانی سوار کرد و کوڕەکەی لەپێش قەیم کرد بە گوریسی و کچەکەشی لەپاش قەیم کرد بە گوریسی.

---

1–بۆرەبۆر: بۆڵە بۆڵ، پرت و بۆڵ

کوڕە گۆتی: والیدە لۆ ئەوهەن ئەبەستییەوە؟
نا نا گۆتی: با ئێك بەرنەبیتەوە، کاکم بمکوژی، توند توندو ئەبەستمەوە.
وراغەکەی وەپێشەخۆ داو عەیارە بەخۆ، وراغی دا بەر شەقان و ڕۆیی لە شاری چۆ دەرێ.
گەیشتە ڕاستی چار باغی و گۆتی: والیدە لۆ لانادەی ئەدی ئۆ چارباغ نییە؟
گۆتی: قوڕت وەسەری جارەشکە[1] چاوت وەکاکم ئەکەویتەوە! هەتا حەیاتت مایە، ئەتوو ڕۆیشتی.
ژنە دەستی بە گریانێ کرد. سەیدی بەتاریش کۆلکە مەلایە، هەتا دەسبێحاتێ[2] کا، پاشی جومعەی و دوو سوننەتان ئەکاو ئەوە والیدەی نارتەوە نانەکی چاك حازرکا، وەختە بمری لە برسان.
هاتەوە بەرەو مار، سەری وەژۆرێ کرد، مارەکی سارد و سڕە، چۆ هۆدەی داکی، گۆتی: دایە، ئەدی پیرۆز خان و والیدە؟
گۆتی: کوڕم ئەدی ئەتوو وەت نەگۆتبوو، بێنە چار باغی سەیرانە!
کچێ گۆتی: دایە حەفت سارە ژنم هینایە، کەنگی ئەمن چوویمە چارباغی؟ ئاخر وەرە بە من برێ دایە؟ ئاخر بزانە چت بە من کرد، گۆتم ئەو کافرە ئی هەندێ نییە بڕواییی پێ بکەی، فەرموو ئۆ ژن و منداریشی بردم، چۆ تەویلێ لەکنی وەبوو وراغی لەوێیە، چۆ تەویلێ وراغەکە نەبوو. بەقورعان گۆتی: وراغیشی بردییە، چەندیشی برسییە، ئەوە نەفەرەکی نارتەوە نانەکی چاك عازر کەن، لە برسان ئۆ ئەمری.
بەو برسیەتییەی ڕاست بە پێیان وەدوو کەت بە پێیان بە برسییەتی وەدوو کەت، بڕۆ بەدوو شونێ وراغی خۆ داڕۆیی، بڕڕۆ بڕڕۆ، چ چیایەك مەشهوورە (وەبی هەموو عالەم بزانی ئەوی ئاوەگردیشی نەدیتبی یان سەفینیشی نەدیتبی) چیایەکی وەکی سەفینی لە پێشیان بوو، والیدەی بارای چیای بوو وراغەکەی وەپێشەخۆ دایە، سەیدی بەتاریش گەیشتە بن چیای، والیدەش لەناو قەدێ چیایە. بانگی کرد: کوڕە گۆتی: هۆ

---

1- جارەشکە: جارێکی کە، کەرەتێکی تر
2-دەسبێحات: تەسبیحات، دەنگی (د) و دەنگی (ت) زۆر جار تێکەڵی یەکتر دەبن، بۆ نموونە هەندێ جار وشەی تەسبیحات دەبێتە دەسبیحات و تەسبیح دەبێتە دەسبیح و دەسحێب...

واليده ئەتوو ئەو وراغ و ژن و مندارەی کێوابەی[1]؟ هەی بێ دینی بێ دین باب، ئەتوو ئۆ کێوا چی؟
گۆتی: هۆو کاکە ئەوە هاتی!
مندار و ژنەکەی لێکردەوە و ژنەکەی و مندارەکەی هینانە خوارێ و یەك جۆتکەی لە ژنەکەیدا لە هەموو شاخی هەردا خوارێ. ژن لەو شاخە برندەی هاتە خوارێ کەتە بنی. هەر پشکەی چووە جێیەکی ئەو ژنەی. زۆری سوو لە ژنەکەی بۆوە، ژنەکی گەلەك چا بوو، ژنەکی گەلەك جوان و چا بوو...
دەمەکی دانیشت لەکن ئەو پشکە گۆشتانە، هەندەك هێسك و مێسك و پشکە گۆشتی خڕ کردەوە و بە نووکی شیری قۆڕتەکی لێدا هەریدانە ناوێ و گری وەسەردان.
پێچەکی دی ڕۆیی بانگی کرد: کوڕە گۆتی: والیدە کوڕە ئەتوو ئەو وراغەیی و ئەو دوو مندارانە کێوابەی؟ وراغەکەشی هینا سەر تیوەڕەکی[2] جۆتکەکی لە وراغەکەی داو سەیدی بەتار دابەزی و تەشتێ کولیچانی لەپێش دانا... (بێی ئەنگۆ ناخۆش) یەکی تێدا نەهێشت هەمووی خواردن...
گۆتی: مام جۆتیار!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: کەست نەدی بێرە دابێ؟
گۆتی: ناوەڵا برا ئەشتەك بە حەوایدا تێپەڕی، زیڕەی مندارانی لە دوو دات.
گۆتی: ئەوە هەوە.
جا گۆتی: کوڕم ئەتوو ئەوەت کو پێگیرێ؟ ئەوە لە حەوای ئەڕوا، ئەتوو لە عاردی ئەڕۆیی.
گۆتی: مام جۆتیار بە حەول و قووەتی خوای دەیگرم ئینشاڵڵا.
بەس گۆتی: مام جۆتیار ئەو وراغەت لەکن بەجێ دێرم هەتا سێ ڕۆژان، ئەگەر هاتمەوە وێمدەوە و ئەگەر نەشهاتمەوە لۆ خۆت بی.

---

1- کێوابەی: کێوە ئەبەی، بۆ کوێیان دەبەی؟!
2- تیوەڕ: شاخێکی بچووکە و لێیەوە بەسەر ناوچەی تردا دەنواڕی.

وەڵا گۆتی: کوڕم ئەتوو نەشهێیەوە ئەمن نەوێرم هەر سواریش بم، قەت سواری ئەسپ و ئەشتیوهە[1] نەبوویمە.

جا گۆتی: با لەکنت بی ئەگەر هاتمۆ وێمدەوە و دەنا چی لێکەی وەی لێبکە.

وراغەکەی لەوێ بەجێ هێشت و ئیسمەکی لەخۆ خویند، خۆی هینا سەر شکلی دیانەکی پیس، ڕۆیی بە دەشتێدا، دێرەکی دیانان دوور دیار بوو، وەکی چووە ناو دێرەکەی تەماشای کرد والیدە لەسەر هەیوانێ لەگەر دوو کەسی دیکە ڕاوەستایە، تەق لە دەرکەی دا، والیدەی گۆتی: دەرکێی لێنەکەنەوە. ئەوە سوننی مەزهەبە. کوڕە گۆتیان: سوننی مەزهەبی چیێ، ئەوە دیانە فەقیرە چەند ساران لەگەرەمە دابووە!

نا نا گۆتی: دەرکەی مەکەنەوە.

خوا سەیدی بەتاری یەسەرکردەوە، داخوا غەفران[2] ئەکا کفران ئەکا، چاکا؟ دەنا هەوەسی لێبا خۆی ئەکردە مارەك و وەدیواری هەرەگەڕاو ئەچووە سەرێ، چەندی ئەهد و چاری کرد[3] خۆی پێنەکرا هیچ. لە دەرکەیدا دەرکەی پێ نابیتەوە. خۆی پێ ناکرا مار، خۆی پێناکرا چوێشیلە[4] خۆی پێناکرا هیچ. لەوێ ماوە بەو شەوەی لەپاش دەرکەی ماوە، ئەوانیش لە هەیوانێ تەماشایان ئەکرد پێی پێئەکەنین. کوڕە وێیانەگۆ والیدە، فەقیرەی کوڕە با بچین دەرکێی لێوەکەین، ئەوشەو لەسەرمان ئەمری!

نا نا گۆتی: ئۆ سوننی مەزهەبە لێی نەکەنەوە.

لێیان نەکردەوە دەرکەشی پێ نەکراوە.

نیوەشەوێ والیدەی گۆتی: دوعایەکی ئەکەم برێن ئامین.

گۆتیان: ئامین.

گۆتی: یاڕەبی دەست بە بەفر بارینێ بکا.

بە دوعایێ وان نەبوو بەس خوا بەسەری ئەکردەوە سەیدی بەتار. دەستی بە بەفر بارینێ کرد، چۆکەك[5] باری. سەیدی بەتاریش گۆتی: خوایە ئەتو ئەمن ئەفەوتینی، لۆ

1- ئەشتیوهە: ئەشتی هەوە، ئە شتی ئاوا، شتی ئاوا

2- غەفر: لە غوفران هاتووە, واتە داوای لێخۆشبوونی کردن

3- ئەهدو چاری کرد: تکاکردن و هەوڵدان بۆ ڕازی نەبوون

4- چوێشیلە: چۆلەکە

5- چۆك: ئەژنۆ، واتە بە ئەندازەی ئەژنۆیەك بەفر باری

ئەو سەگبابانە. دەبی خۆ ڕووت و قووت کەمەوە لەسەر بەفریٚ بنووم، هەتا حەیاتم لیٚ ببڕیٚ بەس دەرپێم لە پێخۆ داهێشت.
لەسەر بەفریٚ نووست، نە گەرماشی بوو، نە سەرما، جلکیشی لەکنەخۆ دانابوون.
سبەینیٚ هەستان گۆتیان: والیدە دە تەماشای حەیاتی لیٚ بڕایە فەقیرەی! کوڕە گۆتم با دەرکێی لێوەکەین. خۆشی ڕووت کردیتەوە مردییە.
دە گۆتی: با بچین با، باگوردانیشی[1] بەسەردا بەردەینەوە.
کوڕە گۆتیان: هەی خواگیر، گۆتی: نەمردییە؟ مادام مردییە با بچین باگوردانیشی بەسەردا بەردەینەوە.
هەرستان (جا باگوردانی ئەو زەمانی دەبی چەند بووبی؟!) هەرستان دەگەریان جۆت کرد باگوردانی، هینایانە سەر زگی، عەزرەتی جوبرائیل هاتە بن سواندەی، باگوردانیان پان کردەوە، عەزرەتی جوبرەئیل شاپەڕەکی خۆی لێدا، نەیهێشت وێی بکەوی، لە تەنیشتی وە عاردی کەت. چەند شلت و شۆڕ و بەفر هەیە وەسەری گەڕا، وەکی لەکنی وەعاردی کەت، دەبن بەفریٚ دا بزر بوو، سەیدی بەتار.
ئەوە گۆتیان: وێی کەت مرد باشە؟! ئەو فەقیرەت کوشتیش.
دە گۆتی: کاکە هەڕوون دەرکێی لیٚ وەکەن، مندارەکی دەبن ئێرە ناو ئێکی دەبن ئێرە ناو موعەللەقەکی لێداو لە هەیوانیٚ دەرپەڕیی و ڕۆیی.
دەگۆتی: هەڕوون لێی وەکەن.
وەڵا چوون دەرکەیان کردەوە و ئەویش جلك و ملکی خۆی دەبەر کردەوە و دوو دیانی لیٚ بوون هەردووکی کوشتن.
گۆتی: باشە ئەنگۆ لۆ دەرکە نەکردەوە؟
گۆتیان: وەڵا نەیهێشت.
ئێك و شیرەکی لێدان هەردووکی کوشتن. چۆوە کن جۆتیاری وراغی لێوەرگرتەوە و سواری ئەسپی بوو ڕۆیی. بڕۆ، نزانی ئەو مەملەکەتە کێندەرێیە، ئەو کابرایە ئەڕوا، لەدوی ئەڕوا، بڕڕۆ دەی دەی بڕڕۆ، ئەویٚ ڕۆژیٚ هەتا نیوڕانیٚ ڕۆیی، چ ئاو نەبوون نوێژی نیوڕانیٚ بکا. چنارەك دوور دیار بوو، وەڵاهی گۆتی: ئەو چنارە ئاوی لێیە.

---

1- باگوردان: باگردێن، شەولەبان

ڕکێفەکی لێدا ڕۆیی چووە کن چناریێ و لغاوی لەسەر وراغی کردەوە و لەسەر قەرپووزی[1] زینی قەیم کرد و وراغەکەی بەرهەردا، گۆتی: لۆ خۆ دەمەکێ بلەوەڕێ. تەماشای کرد لەکن چناریێ بیرەك هەبوو بە قادرماندا[2] پێداچوویە خواریێ. بیرەکە قۆر بوو، ئەوهەی کردێ سەری شۆڕ کردەوە بەسەر بیریێ، تەماشای کردێ والیدە لەبنی بیرێیە، قاپەکی وێیە ئاویێ دەردینی.

سەیدی بەتار لەسەرەخۆ بە قادرمێ بیرێدا چووە خواریێ، ئەوهە لەپەکی لەسەر دانا.

والیدەی گۆتی: ئەریێ کاکە چم لێکەی؟

گۆتی: چت لێناکەم. مندارەکانم وێدەوە چت لێناکەم.

گۆتی: بەشقەم[3] بزانم مندارەکە لە کێیە؟ وەختی نوێژێشە ئیێ باشە چی لێبکا ئەلعان هەتا نوێژیێ بکا!

کندرەکی هینا دەست و لاقی بەستن، کەدەکی[4] لە چناریێ داهیناوە و وەکەدە چنارەکەی هێخست و (وەکی کەدیێ دادەینییەوە دوایێ بەری هەرەدەی ئەچتەوە سەریێ کەد) کەدەکەی داهیناوە، وەکەدەکەی هێخست و کەدەکەی بەرهەردا. کەدەکە چۆوە ناو کەدان وەك دێمکەی بەوێدا شۆڕ بۆوە. ئەوجا چوو دەسنوێژی هەرگرت و (ئەوجا ئەو مەلایە برەك بە وەسوەس و ئێرە پیسەو ئێرە خاوێنە) لە کانییەکەی وە دوور کەت لێرە لۆ جادەی، لەوێی نوێژ دابەست، کاروانەکیش هات بەوێدا مێردمندارەك چووە ناو بیریێ و دمی بە ئاویێ وەنا، والیدەی لەناو کەدان گۆتی: سەگباب نەخۆیەوە. ڕاست دمی دە ئاویێ چەقی، ئەوهەی سەر برند کرد، ئای گۆتی: ئۆ لۆ بە وێیان وەکردی خۆ زندەقی[5] منت برد. وەڵا دێم دەتکوژم.

گۆتی: دەوەرە.

گۆتی: والیدەش بێم بتکوژم.

گۆتی: دەی کیێ بیور وێیە[6]، کیێ تەورداس وێیە؟ کیێ داس وێیە؟ کیێ چەقو وێیە؟

---

1- قەرپووز: قەپۆز، لووت

2- قادرمە: پلیکانە

3- بەشقەم: بەشکو، بەڵکو، بەشکم. لە زۆر وشاندا دەنگی (ق) و دەنگی (ك) جێگای یەکتر دەگرنەوە.

4- کەد: لق، لك

5- زندەق: زنداق، زراو، ترساندن. زندەقی منت برد: زراوت بردم، ترساندمت.

6- وێیە: پێیە

ئێکی گۆتی: ئەمن وێیە.

وەڵا چەقوەکی برد و چووە سەر چناریٚ کندرەکی بڕی و ڕاست بەربۆوە والیدە.

دە گۆتی: وەرە دەست و لاقانیشم بکەوە. نەیانزانی، دەست و لاقیان کردنەوە، یەك جۆتکەی لە عاردی دا ڕاست ڕۆیی. وەکی ڕۆیی سەلامیٚ نویٚژێی دابۆوە. دیتی وەکی بەریان هەردا ڕۆیی غاریدا، گۆتی: ئەنگۆ کافرن یان مسولمانن؟

گۆتیان: وەڵا مە مسولمانین.

گۆتی: باشە ئەنگۆ ئەو کابرایە و لۆ بەرەڵڵا کرد.

وەڵا ئێکی گۆتی: کاکە زەندەقی بردم، دمم بە ئاویٚ وەنا، لەسەر داریٚ گۆتی: نەخۆیوە. دمم دەئاویٚ چەقی لە ترسان، ئەمە سوانیبا[1]، ئەمن چووم کندرەکم بڕی بەربوومەوە و نەشمزانی ئەوهە جۆتکەی لە عاردیەدا ئەفڕی، دەست و لاقیشم کردنەوە و ڕۆیی.

گۆتی: بڕۆن فایدەی نییە، مادەم بسولمانن. برام ئاخر ئەنگۆ ئەو کابرایە و لۆ بەرهەردا، ئەمن ئۆ یەك مانگە لەدوو ئەو کابرایەم، لۆ چووە بەرهەردا؟

وەڵا جا گۆتیان ئەمە نەنزانییە. وەڵا بزر بوو.

بەخوای گۆتی: وراغەکەشی نەبردبی!

ئەو کەندی نۆڕی و ئەو چۆمی نۆڕی و ئەو گردی نۆڕی و وراغی نەدیتەوە. تەماشای کرد سوارەك دات چ سوار، سوارەکی ڕەشپۆش، سیٚ دانەی سنگی ئەوەندەنە.

وەڵاهی گۆتی: ئەچمە کن ئەو سوارەی ئەسپە. داخوا وراغی منی نەدیتیە.

ئەریٚ گۆتی: برادەر کاکە چ وراغت نەدیتینە؟

سوارەکەش لێی نەگەڕاوە، یەك سنگە ئەسپی لە سەیدی بەتاردا، لێرە لۆ دەرێی هەردا،[2] لەویٚ وەعاردیەکەت.[3]

پەککو گۆتی: باشە خۆمن کەلیمیٚ کفریم نەکرد، گۆتم وراغی منت نەدیتیە، باشە ئەو سنگە ئەسپەی لۆ لەمن دا ئەو کابرایەی؟ باشە خۆ من دوژمنی وی نیمە، پرسیارەك

1– سوانیبا: چ سوانی با، چمان زانیبا

2– هەقایەتبێژ کە ئەم هەقایەتەی گێڕایەوە، لە ژوورەوە بوو.

3– وەعاردیەکەت: وە عاردی ئەکەت، بە عاردی ئەکەوت، بە زەوی دەکەوت، دەکەتە سەر زەوی.

بوو لێم کرد، باشە لۆ وەی لەمن کرد؟ لە خەفەتان والیدەی هەر لەبیر چوو، هەر والیدە لە ئەسلا هەر نیشە، لە خەفەتانە و سوارەی، هەر وراغی دیتۆوە و کەتە دووی.

شەرتبی گۆتی: یان دەیکوژم، یان دەمکوژی! شەرت بی لە شەرتێ خوای دەبی ئەمن وەدوو والیدەی نەکەومەوە هەتا ئەوەی نەکوژم.

وەدووی کەت، سوار ئەڕوا و ئەویش ئەوە لە دوویتی. سواریش سوارەکی چاکە و وراغەکی چاکە، سوارەکەش لە سەیدی بەتار بێڕەزاترە.[1] سوارەکی مهیم، گردەك بوو سوارەکە لە گردی وەسەرکەت و ئاوابوو. سەیدی بەتاریش گەیشتە سەر گردی، تەماشای کرد شارەکی گەورەیە. سوارەکەش ئەوا لەناو شاریە.

شەرت بی گۆتی: ئەمیش جەلەوی وراغی خۆ شۆڕەکەم، لەو شارەی وراغی من لاداتە ماریێ ئەو سوارە ڕەشپۆشەی، ئەچمە ماریێ ئەو سوارە ڕەشپۆشەی. سبەینەکی لێرە دێمە بەراییێ، یان دەمکوژی یان دەیکوژم! ڕاست جەلەویێ وراغی خۆی شۆڕ کرد و وراغی ڕوو دە مارەکی کرد و کابرایەك هات جەلەوی گرت، دایبەزاند، بەرانەکی کوشتەوە: حەککو گۆتی: ئۆ چیەوە؟ ئەمن ئەوڕۆ لەو سوارەم پرسی ئی ئەو شارەیە سنگە ئەسپەکی لێدا، میوانی ئەو کابرایەشم، بەرانەکم لۆ ئەکوژیتەوە. چ عەنتیکەیە ئەو شارە! بەرانەکی کوشتەوە و خۆش[2] ڕانەکی دەرینا و لۆی سۆرکردەوە لەپێشی دانا.

پەککو گۆتی: بەخوای پیاوی چاکە.

گۆتی: کاکە ئەتوو ژنت نییە؟!

گۆتی: نەوەڵا!

گۆتی: هەر بەتەنێی؟

گۆتی: وەڵا ژنم نییە.

ئەریێ گۆتی: پرسیارەکت لێ بکەم.

گۆتی: فەرموو.

گۆتی: ئەورۆ سوارەکی ڕەشپۆشم دی ئەوە کوڕی کێیە؟

وەڵا گۆتی: ئەوە دەزگیرانیێ منە.

---

1- بێڕەزا: قەڵەو و بە شان و شەوکەت و بە قەبارە گەورە.

2- خۆش: لێرە بەمانای بەپەلە دێت

گۆتی: چ، دەزگیرانیٚ تووە ئەو سوارە؟ کوڕە کو دەزگیرانیٚ تووە؟
سەیدی بەتار هەر شیٚت بوو، گۆتی: ئەوە دەبی ئەوە ژنە، ئەجا ژن ئەوهەبی، ئەو پیاو بایە هەر ئەمنی ئەکوشت، کوڕە گۆتی: بیکە ڕاهی خوای ئەو سوارە ڕەشەی سواری وراغەکی ڕەش؟
گۆتی: بەریٚ
کچیٚ پاشای ئەو شارەیە، دەزگیرانیتم لە منداری لیٚم مارە کرایە.
ئەدی گۆتی: لۆ نایگوێزیەوە؟
وەڵا گۆتی: واریٚ ناتکەم، هەتا ئەتوو ئەمنت پیٚ لە عاردی نەدریٚ! ئەمنیش پیٚم لە عاردی نادریٚ و هەموو ڕۆژیٚش دوو پارەوانان بە زەبری پارەی بەکریٚ ئەگرم، پیٚیان لە عاردی نادریٚ و لەسەری مەیدانیٚ و هەردووکان ئەکوژی و ئەچتە ڕاویٚ و هیٚوارانیش دیٚتۆ.
گۆتی: بە حەول و قووەتی خوای، ئەمن سبەینیٚ لە ناوەندیٚ ئەو مەیدانەت لۆ لەعاردیەدەم.[1]
گۆتی: خارە گەلەکی وەکی توو وەگۆتییە، جیٚی پاریٚ خۆیان خۆش کردیە.[2]
گۆتی: بەو خوایەی خەللاقە. سبەینیٚت لۆگرم، لۆت وەوکاریتەی خانییٚ دیٚخم.
(غەرەزیٚ خۆی لیٚبوو سەیدی بەتار سینگە ئەسپی لیٚدابوون)
وەکی وەیگۆ بەرانەکی دیشی کوشتەوە. بەرانەکی دیشی کوشتەوە و بە تەنیٚیە و ئەو کابرایە ناوی ئەحمەد تەڕلانە[3] ئەو کچەش ناوی (گردەبان)ە.
ئەحمەد تەڕلان بەرانەشکەی[4] کوشتەوە، کوشتییەوەو لۆی سۆرکردەوە و لەپیٚشی دانا و ئەو وراغەی کا و ئالیك ئەدا هەتا سبەینیٚ. سبەینیٚ گەزەنگیٚ تاویٚ هەرات[5].
گۆتی: کاکی میوان!
گۆتی: بەریٚ

---

1– لۆ عاردیەدەم: لۆ عاردی ئەدەم، لۆت لە عەردی دەدەم، بۆت لە زەوی دەدەم
2– (ئیدیۆمە)
3– تەڕلان: پاڵەوان، ئازا
4– بەرانەشکەی: بەرانیٚکی کەشی، بەرانیٚکی تریشی
5– هەرات: هەڵهات، دەرکەوت

گۆتی: ئەلعان بانگی کەم بەتەنێ لۆ سوارەکی نایەتە مەیدانێ. دەبی ئیللا دوو بن. ئەلعان وەشبرێم سوارەکم هەیە پارەوانەکم هەیە، نایەتە خوارێ بە ئەسپی، ڕاست ئەچتە ڕاوێ.

گۆتی: نا نا ئەتوو بانگی کە بانگ، بانگی کە!

گۆتی: گردەبان!

گۆتی: بەرێ ها ئەحمەد تەرلان چت دەوێ؟

گۆتی: پارەوانەکم هەیە.

گۆتی: ئەمن کو لۆ پارەوانەکی لە وراغی دێمە خوارێ.

سەیدی بەتار گۆتی: ئاخر ئەگەر بوێری لۆ من بێیە مەیدانێ؟!

وەکی وەیگۆ، تووڕە بوو گردەبان. گۆتی: وەرە خوارێ پارەوان، وەرە ملانە[1] نەبی دەگەرەتو ناکەم!

گردەبان لە وراغی دابەزی، ڕمی خۆی داکوتا و وراغی خۆی لێبەستاوە. سەیدی بەتاریش ڕمی خۆی داکوتا و وراغی لێ بەستەوە و خۆیان پێکدادا. خۆیان پێك دادا، نە سعاتەك نە دوو ئەو شارە هەموو خڕ بۆوە، کوڕە گۆتیان: ئەحمەد تەڕلانی پارەوانەك هینایە خوا دەزانی ئەوە سێ سعاتە لەزگ ئێکن[2]، ئێکدیان پێ لەعاردی نادرێ. پاشا و وەزیر و گزیر کەس لەو شارەی نەما، هەموو هاتینە دەوانە وەڕامینن. یەك پارەوان خۆی پێنج دەققان ڕانەگرتییە، ئەوە سێ چار سعاتە ئێکدی دەینن و ئەبەن.

بەرە بەری نیوڕانێ بوو، سەیدی بەتار زۆر ترسا، گۆتی: خوایە ئەمن چ بکەم! خوایە هیدایەتم بدەی لەعاردی بدەم، نوێژێ نیوڕانێم نەچی. خوا هیدایەتی دا برندی کرد و دەعاردی کوتا، سینگ و بەرۆکی ترازاند، جۆتە مەمکەکی سپی وەدەرکەت، خڕی کردەوە سەریەك و پێچایەوە و کندرەکی تێهێخست و کاریتەکی لێ بوو چوو دەو کاریتەی هێخست.

---

1- ملانە: زۆرانبازی بەبێ چەك

2- لەزگ ئێکن: خەریکی یەکترن

گۆتی: فەرموو ئەحمەد تەڕلان ئەمن غەرەزێ خۆم لێبوو غەرەزێ خۆ، سینگە ئەسپەکی لێدابووم، ئۆ لۆم گرتی. ئەجا گۆتی: ئەحمەد تەڕلان ئەمن ئاچمە هۆدێ ئەودیوی ئەنووم لۆخۆ، ئەتووش لەگەر بووکێ بە.
وەڵا دەگەر بووکێی کرد و ئەحمەد تەڕلانی ماروێرانیش، ئۆ بە دارێ وەکرایە دەستەکی گەیاندە گردەبانی، گردەبانی خۆ لێکردەوە، ئەحمەد تەڕلانی خۆ خڕ کردەوە بەجێی خۆی وەکردەوە:
– سەگباب! گۆتی: ئەمن کیم پشتێ لە عاردی دا ئەوم دەوێ، ئەتوم ناوێ، ئەمن ئەو پارەوانەم دەوێ.
سەیدی بەتاریش ئۆ لەودیوی دانیشتیە، وەختەك پێ چوو گردەبان لەپاشڕا خۆی بە سەیدی بەتار وەکرد و تۆڕنی گرت، ئێ ئەوڕۆ تا نیوڕانێیان ئێگدی هیناوە و بردیە پێی لە عاردی نەدرایە. لەپاشڕا خۆی تێکا پێی ناگیرێ، تۆڕنی گرت، سەیدی بەتار ترسا گۆتی: ئەتوو کی؟
گۆتی: گردەبانم، ئەمن گردێ توومە ئەتوو نەبی کەسم ناوێ.
سەیدی بەتار گۆتی: با فێرەکی لێ بکەم هەر بەرم هەردا، گۆتی: کەرە وەرە پێش! ئەمن ئەتوم لۆ خۆ گرتییە.
وەڵا بەری هەردا هاتە پێشێ، یەك مستی لە لغاواندا گۆتی: بێناماووس ئەمن نمەکێ ئەو مارەم کردیە، ئەتوو دەزگیرانێ ئەو پیاوەی، ئەمن ئەتوم ناوێ ئەتوو ئی ئەو کابرایەی.
ئەوجا چوو بەستیەوە، چار سنگی لۆ چەقاندن بەستیەوە و ئەحمەد تەڕلانیشی تێبەردا.
گۆتی: سەگباب ئەجا ئەمن ئاچمە ئەودیوی و ئەتوش ئیشی خۆ بکە...!
ئەوجا ئەحمەد تەڕلان تازە بووە ژنی خۆی، ئیشی خۆی دەگەر کرد و بووە ژنێ خۆی.
گردەبانێ گۆتی: تەڕلان بەگ دە لێم کەوە وەرە لێم کەوە تازە بوومە ماری توو. وەڵا لێی کردەوە گۆتی: بەس با بچینە کن ئەو میوانەی، بزانم ئەو پارەوانە لەکێ ڕاهاتییە.
ئەتوو ئۆ ئەوەت لەکێ ڕا هینایە ئەمنی لەعاردی دایە؟
وەڵا چوون: سەلاموعەلەیکوم.

– عەلەیکەسەلام بەخێربێن، لەبەریان هەستا و لەکنەخۆی دانان و گۆتی: ئیشو تەواو؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتی: خەلاس؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

– بوونە ژن و مێرد؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

بەس گردەبانیٚ گۆتی: بزانم ئەتوو چی؟

گۆتی: وەڵا ئەمن سەیدی بەتارم، خەرکی شاری ماراتویٚ.

هۆوو گۆتی: ئەتوی دوژمنی سەرهەنگی شامیٚ؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

دەنا گۆتی: ئەو شارە شامە. سەرهەنگی شامیٚ لێرە دائەنیشی، باشە ئەتوی پیرۆزخانت برد؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

کوڕە گۆتی: مارکاول ئەتوو هاتییە شاری شامیٚ، ئەتوو کو گەیشتیە ئێرە؟ ئێستا بزانن ئەتوو لێرەی، چی هەلا هەلات ناکەن، مار کاول بەحسی خۆ نەکەی، گۆتی: ئەدی کووە هاتییە ئێرە؟

کچیٚ گۆتی: گردەبان! والیدە ئەدی نەهات ژن و منداری بردم، ژنەکەی کوشت، وراغیشی لیٚ کوشتم، هەردوو منداریشی بردیمە.

گۆتی: کو وەیە؟

گۆتی: ئەرێوەڵا

دەنا گۆتی: والیدە لێرەیە. ئەوڕۆم لێرە دیتیە.

گۆتی: وەقەبەقازیش لێرەیە؟

گۆتی: ئا

دە گۆتی: والیدە و وەقەبەقازیان باپیریشیان کوشتم. کایان دەبن کونە تفنکاندا سۆتاندبوو.

دەگۆتی: سەیدی بەتار، خەمان مەخۆ پیرۆزخان ڕۆیی، فەیرۆزخانی مایە سەرهەنگی، لە پیرۆزخانێ جوانترە. بە موددەی حەفت ڕۆژان فەیرۆزێت لۆ ڕاستەکەم[1] و وەگەرت دێخم. خەمت نەبی ئەو ژن ڕۆیی ئەو، ئەو خوشك نا ئەو، لۆت ڕاستەکەم.

دەگۆتی: گردەبان ئەمیش حەفت ڕۆژان ئیشم بە وەقەبەقازییە، باپیری لێ کوشتیمە، گۆتی: زۆر باشە، ئەتوو هەڕووە دوو ئیشی خۆ دوو وەقەبەقازی، ئەمیش ئەچمە دوو کچەکەی لۆت ڕاستەکەم، خەمت نەبی.

ئێھ سەیدی بەتار ئیسمەکی لەخۆ خویند، خۆی هینا سەر شکلی دیانەکی و چێرەکی کڕی و بردییە مەیدانێ: یەڵڵا مشتەری ئەو چێرەی، یەڵڵا مشتەری ئەو چێرەی!

لێی خڕبوونەوە بە چەندی نا بەچەندی؟

کاکە گۆتی: بە سێ لیرەی، بەرام ئەمن کلکێی نافرۆشم.

ئێھ... قەسابان گۆتیان: بەخوا بێ عاقرە.

گۆتی: ئەنگۆ بێ عاقرن بابە، ماخەرا مارێ خۆمە کلکێی نافرۆشم.

قەسابەکی هەر ڕاست قامەکی لێنا کلکی لەبنی قوت کرد بە زیندی، گۆتی: ها ئەوەت کلك، ها ئەوەشت سی لیرە.

گۆتی: ملت بشکێ ئەمن مارێ خۆمەو وەڵا کلکەکەی هینا و بردیە حەمامێ جوانی شوشت و بزماری کڕین، لێیەدا لە کلکی چێرەکەی، لەولای لەولایە بزمارەکە ئەوەندە داتە دەرێ. هەتا ئەو بزمارەی وەلێکرد وەك شووشەی لێکرد. بەس جێی دەستی هێشتەوە، دەباغەرێ خۆی نا تەماشای کرد وەقەبەقازی (قازیە، قازیێ شامێ، مەحکەمە بەبێ وەقەبەقازی ناکرێ) ژنیشی نییە گڕەیان کردیە دموچاو، وەختی خۆی سەیدی بەتار چەنگەکی لە دم و چاواندا پیستەکی لەسەر لابرد، گڕە بوو کەس نایکا.

سەیدی بەتار ئیسمەکی لەخۆ خویند خۆی هینایە سەر کچەکی جوان ئیوهە هەر نەبوون. لەسەر ڕێی وەقەباقازی کە هێواران داتەوە[2] چووە مارێ پیرەژنەکی و لەکن پیرەژنێ دانیشت سەیدی بەتار.

پیرەژنێ گۆتی: ڕۆرە ئەتوو کچێ کێی؟

---

1- ڕاستەکەم: ڕاست دەکەم، ڕێك دەخەم، ساز و ئامادەی دەکەم

2- داتەوە: دەهاتەوە، زۆر جاران هەردوو دەنگی (ە، هـ) لە دواییەك دەسوێن، بەتایبەتی ئەگەر دەنگی (ا)یان لەدوا بێت.

گۆتی: پیرەداك کچێ تومە.
گۆتی: ڕۆرە ئەمن قەتم کچ نەبووینە.
ئەی گۆتی: پیرەداك ئەمن کچێ تومە و تەواو.
خۆی کردە کچێ پیرەژنێ.
وەقەبەقازی هێواری لە دایرەی هاتەوە، خۆی پیشانداو عیشارەتەکی لۆکرد.
وەقەبەقازی گۆتی: ئەو کچە جوانەم لۆ شێت بووە. سەرهەنگی شامێ هەر ئەرێ ژنت ناکەن، گرم،[1] ژنت ناکەن، ئەدی ئەو کچە لۆ من شێت بووە. ئەوێ شەوێی خەو لێنەکەت هەتا سبەینێ. سبەینێ لۆ دائیرەی هات، سەیدی بەتار خۆی پێشانداوە و عیشارەتەکی لۆکرد. کوڕە گۆتی: بە ناموسم عەزێم لێکا. هەر ڕاستە لە دائیرەی چووە کن سەرهەنگی، گۆتی: سەرهەنگ!
گۆتی: بەرێ
گۆتی: ئەرێی ژنت ناکەن ناکەن گڕە بووی، کچێ فران پیرەژنێ لۆم شێت بووە عەزێم لێکا.
ئێ گۆتی: بڕۆنە کنی. پیرەژن بخوازی ماری دنیایێ، چەندی برێی دەیدەمێ بەس مێردت پێ بکا.
گۆتی: زۆر باشە
سەیدی بەتاریش زانی دەیهێنە داخوازیێ. گۆتی: پیرەداك!
گۆتی: ها
گۆتی: ئەگەر هێواری داخوازیکەرم هاتن، برێ بەیەك گونیەی پڕ لیرە.
ئەجا گۆتی: ڕۆرە یەك گونیە کوەبی، بەردی گەورە عەلامەتی لێنەدانە.
گۆتی: پیرەداك! ئەتوو برێ بەیەك گونیەی، پڕ دوو گونیانیش ئەکەم، بەرا گونیەکی وەگرە و هەتا هەتاییێت بایێ ئەکا، چیدی پەتەومەتان[2] مەکە.
گۆتی: ڕۆرە زۆر باشە
وەڵا هێـــواری نـــەیب و وەزیـــر و گـــەزیر وەخۆکـــەتن لـــۆ مـــاری پیرەژنـــێ هـــاتن: سەلاموعەلەیك!

---

1- گر: پێچەوانەی لووسییە، هەڵتۆقیو لە پێست
2- پەتەو مەتە: پرتەوبۆڵە

سەیدی بەتاریش گیزە و گۆزەی پێك دادان و مارەكەی بڕەك خاوێن كردەوە و جێی لۆ ڕایەخستن و دانیشتن.

گۆتیان: پیرەداك!

گۆتی: بەرێ

گۆتی: ئەمە هاتینە داخوازیێ كچێ توو.

گۆتی: فەرموو.

لۆ وەقەبەقازی، یەكەم قازییە لەو شارەی و گۆتی: كوڕم ئەوەی ناوێ. كچم ئەگەر بیكا ئەمن دەیدەمێ، نەیكا نایدەمێ. بانگیان كرد سەیدی بەتاریش هات و دەسمارۆكەكی كشتی كردیە و: ڕۆرە دەیكەی؟

گۆتی: ئەرێوەڵا دایە دەیكەم.

ئێه گۆتی: زۆر باشە.

پیرەداك بەچەندی نا بەچەندی؟!

گۆتی: وەڵا لە یەك گونیەی كەمتر نادەم.

گۆتی: ئاخر زۆرە!

گۆتی: وەڵاهی لەیەك گونیەی كەمتر نادەم.

گۆتی: بابە گونیەكت ئەدەینێ.

قاسەی سەرهەنگی زۆرە یەك گونیە لیرەیان لۆ پیرەژنێ هیناو لێیان مارە كرد.

لێیان مارەكرد و كەنگێن جیلكان بكەین؟

گۆتی: سبەینێ لۆخۆ جیلكان بكەن، سبەینێ عەزێكەی هەر بشیبەن.

وەڵا جلكیان كردن و سەیدی بەتاریش گۆتی: وەقەبەقازی! ئەمن بە حەزلێكردنم ئەتوو كردیە.

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتی: بەخۆم عیشارەت لۆ كردی!

گۆتی: ئەرێوەڵا

گۆتی: جلكت ئەوا هینایـنە ئێرە داتنایـنە، بەس مندارەكی بنێرە و ئەمن جلكان دەبەرەكەم و قەسرێ تۆم پیشان دەن و ئەچمە ناو قەسرێ

گۆتیان: هەتیم وەڵا وەقەبەقازی بەختی هەیە، ژنی بەخۆ لۆدێ بەخۆ!

وەڵا مندارەکیان نارد و سەیدی بەتار جلکێ بووکێی دەبەرکردن و کلکە چێریشی لەبن جلکان دەباغەرێ نا.

پوختە، مندارەکی وەگەرکەت و قەسری وەقەبەقازیان پێشان داو چۆ ناو قەسرێ و بانگی مندارەکەی کرد گۆتی: برۆ ئەتوو دوو پرێمزانم لۆ بکڕە، دەگەر دوو مەنجەری گەورە.

مندارەکە، چوو دوو مەنجەری گەورەی کڕین و دوو پرێمزی کڕین، پڕی نەفتی کردن و مەنجەری لەسەر پرێمزان دانان و پەمپی لێداو گڕەیان هات.

ئەو ئاوە لە سبەینێوە لەسەر ئاگری ئەکوری. بەردەکیشی هینا، بەردەکی گەورە، بەردە زوورەك لەباتی لیفکەی دانا و، ئەوە ئاو ئەکوری لە سبەینێ هەتا هێوارێ. وەقەبەقازیش لە دائیرەیە لە سبەینێوە مەحکەمەی ئەکا.

عەسرێ قسەی ئەترازاندن، قسەی ئەترازاندن، والی گۆتی: وەقەبەقازی خۆ هەر ئەتوو کچێ پیرەژنەکی نەینایە خوێری، برۆ هەڕۆوە، برۆ هەرەوا قسان ئەرێزی، ئەتوو زاری تێکەر و پێکەرەکەی، برۆ هەڕۆوە برۆ.

وەکی وەیگۆ، زۆری پێ خۆش بوو، وەقەبەقازی کردەوە نەرمە غار لۆ مارێ، لە قادرمان وەسەرکەت و لەزگ بوو خۆی پێدادا. سەیدی بەتار کچەکی جوان، گۆتی: ئۆ چاکەی وەقەبەقازی؟

ئەدی گۆتی: ئەدی بووك نی؟

گۆتی: با ئەمن بووکم، بەس ئەتوو لەوانەیە حەفت سارە خۆت نەشووشتبی، باشە ئەوە ئەمن ئاوم گەرم کردیە، ئێستا ئەتشۆم، جوان و پوختە و نانەکی عازرەکەم، وەڵا جلکی لەبەر کردن، کەین و بەری شەوێ دوورودرێژە و خۆ شەو نەبڕاینە.

ئۆئ گۆتی: بەخوای ژنەکی چاکی. هەر ڕاست جلکی لەبەرکردن،[1] جلکی لەبەرکردن. سەیدی بەتار پارەوانە مەنجەرەکی ئاوێی برند کرد و ئەویشی وەسەرگێڕا. بازنێ دەستی گرت، کلکە چێری هینا دەرێ. گۆتییە وەقەبەقازی: قازی در یان گێچی در خوێنی پیری مومبارك نادەی؟!

---

1- لەبەرکردن: لەبەری کردنەوە، دایکەندن

وەکی وەیگۆ پسا! بە کلکە چێرانیشی لێدا هەتا ئەو هەموو قالبە خوین لە هەمووی هاتە خواریٚ. دوو مەنجەرە ئاو ڕژاینە لە غورفەی ئەو خوینە دەگەر تێکەر بوو، ئەو جەنازەی لەویٚ بەجیٚ هێشت و چۆوە ماریٚ پیرەژنیٚ، چۆوە ماریٚ پیرەژنیٚ و گۆتی: ڕۆرە ئەوە چییە؟

گۆتی: پیرەداك ئەو پیاوە ساحێب دوژمنە بە کەلك نایێ.

سبەینیٚ سعات بووە هەشت نەهاتە دائیرەی، سعات بووە نۆ وەقەبەقازی نەهاتە دائیرەی و ئیٚ ئەوە قازییە لە شاری، مەحکەمە بەبیٚ وی ناکرێن. والیدەش مندارەکانی تەقەت کردینە لە چیای. ڕۆژیٚ دیٚ شتیان لۆ کڕی و لۆیان ئەباتەوە. تەبعەن والیدە کوڕی وەقەبەقازییە، ژنەکی هینایە وەختی خۆی ئەو کوڕەی لیٚ بووە ژنەکەی مردبوو.

گۆتیان: والیدە دەبڕۆ بابم، بابت ئۆ چییە خۆ هەر ئەوی کچیٚ پیرەژنەکی نەهینایە، دە بڕۆ بابم مەحکەمە ناکریٚ با بێتە دائیرەی.

وەکی والیدە چوو، چ بچی! دە بارەکی خوینیٚ دایە، نە مردی نە زیندی! غاریدا...

گۆتی: سەرهەنگ!

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: وەڵا کوشتیتیان.

ئەو هەموو عەسکەر و سەرهەنگ و وەزیر و گزیرە غاریاندا، وەکی چوون، وەقەبەقازی دەنا و بارەکی خوین و ئاوێدایە، دەستیان لەسەر دری دانا، دری لێئەدا، گۆتیان: کاکە هێشتان مایە، بردیان دختۆریان هینان. دختۆریان هینانە سەریٚ و دەرزی و تەداوی و بینە و بەردە و غاریاندا ماریٚ پیرەژنیٚ گۆتیان: هەڕوون داخوا ژنەکە لەوێیە! وەکی چوون ژنە لەوێیە: بابە ئەتوو لۆ هاتیەوە ئێرە؟!

وەڵا گۆتی: ئەمن ئەو پیاوەم ناویٚ.

گۆتی: لۆ؟

وەڵا گۆتی: ساحێب دوژمنە شەویٚ لێی وەژۆریٚ کەتن دایانەبەریٚ، خوا ڕوحمی کرد ئەمن لۆ خۆ دەرچووم. خۆ نان نەبڕایە ئەمن بەخوای ئەو پیاوەم ناویٚ.

وەڵا بابە گۆتیان: حاقیتی ئەو فەقیرەی، چا نەبوو ئەویشیان نەکوشتیە.

بەو فێرەی پیرەژنی دەربازکرد.

سەیدی بەتاری ئیسمەکی لەخۆ خویند، خۆی هیناوە سەر شکلی دیانەکیی و بەناو بازاڕی داهات، هاتە خواریٚ گویٚی لە خەرکی ڕاگرت، ئەوی وەگۆ ئوهە کوشتیتیان، ئیٚکی واگۆ بابە ژن نەبووە، ئیٚکی واگۆ ئەو ژنە بەقەستی وەلیٚکردیە. ئیٚکی واگۆ بابە ئەو ژنە خزم و کەسانی وەلیٚکردییە. کەس نازانی مەسەلە چییە!

ئیٚکی واگۆ: وەلاٚ وەخۆ هاتیتەوە قسانەکا.

پەککو سەیدی بەتار گۆتی: ئۆ کو نەمردیە دوو مەنجەرە ئاوی کورام پیٚداکردینە. بەو بەردە زوورەی هەموو قالبی و بەو کلکە چیٚرەی هەمووم ئەوە کردییە، ئۆ کوو نەمردییە؟

وەلاٚ گۆتیان: نەمردییە.

خۆی هینا سەر شکلی دختۆرەکی، هەندەك مشکی، مشکییٚ ناو سۆبەی داران دەنا و جانتای کرد و گەیبا کۆرەی، هەندەکی دەچاویە کرد چاکە بۆوە. گەیبا گڕووی، هەندەکی پیٚداکرد چاکە بۆوە، گەیبا لاق سەقەتی، هەندەکی پیٚداکرد لاقی چاکە بۆوە.

حەککو گۆتیان: دختۆری چاکە. خەبەریان لۆ سەرهەنگی برد، گۆتیان: سەرهەنگ دختۆرەك پیٚیا بووە ئەشتی وهە نییە!

سەیدی بەتاری خۆ کردە دختۆر، گۆتی: بەو خوایەی بە دختۆرییٚ نەبی نایگەمیٚ، دوو پیاوی ناردن لۆ کن سەیدی بەتار و گۆتیان: بابە وەرە ئەتوو دختۆری!؟

گۆتی: بەریٚ

گۆتی: دە وەرە سەرهەنگ ئیشی پیٚتە.

وەلاٚ چوو سەلامی لە سەرهەنگی کرد و گۆتی: کاکە ئەتوو دختۆری؟

گۆتی: ئەریٚوەلاٚ

گۆتی: بریندارەکن هەیە، ئەتوو پیٚت چاکە بی؟

گۆتی: ئا ئەدی کوم پیٚ چا نابی.

وەلاٚ بردیان و پیٚشانیان دا و ئۆهۆ گۆتی: ئەوە برینیٚ سوننی مەزهەبە.

پەککوو گۆتیان: ئەوە کەرامەتیشی هەنە، مارۆدان[1]. ئۆ کوەزانی؟

گۆتی: وەلاٚ برا ئەوە برینیٚ سوننی مەزهەبانن.

---

1- مارۆدان: ماڵ ئاوەدان (لەم جۆرە کاتانەدا بەکاردیٚت)

گۆتیان: ئەلعان پێت چاکەبی؟
گۆتی: ئەدی کو.
– کو بەچەندی چاکیەکەی[1]؟
گۆتی: بە حەفت ڕۆژان وەی لێکەم بێت لۆ مەحکەمەی، مەحکەمە و لۆ بکا.
وەللاهـ گۆتیان: ئەوە دختۆرە، دختۆرێمە ئێك ئەریٚ بە شەش مانگان و ئێك ئەریٚ بە دە ساران و ئێك ئەریٚ شەلەریٚ ئەگری و ئێك ئەریٚ نزانم چ و؟ ئەتوو دختۆری چاکی، کوون لۆ چاکەی؟
گۆتی: وەللاهی ئەمن وەی چاکەکەم غورفەکم لە دەرەوەی شاری لۆ بکەن، ئەو بریندارەم لۆ ببەنە ویٚ، بە موددەی حەفت ڕۆژان وەی لێکەم بیٚ لە دایرەی مەحکەمەی بکا. ئەگەر چاکیشم نەکرد ڕمم بکەن!
گۆتیان: ئەشەدومبیللا دختۆرە.

چوون غورفەکیان لۆ دروست کرد لە دەرەوەی شاری، قەرەوێلەکیان لەناو غورفەی دانا و بریندار‌یان برد (وەقەبەقازی) لەسەر قەرەوێلەیان دانا و گۆتیان: فەرموو دختۆر چاکی کە!
گۆتی: کاکە دەرمانیٚ من تیژن، دەرمانانی ئەکەم، لەهاوار هاواردا هجومم کەنە سەریٚ، برێن ئۆ ئەوەش سوننی مەزهەبە بمکوژن؟! ئەمن لێرەی دەرمانەکەم.
وێیانگۆ[2]: دەرمانی کە.
بریندار‌یان لەگەر سەیدی بەتار بەجیٚ هێشت، دەرمانی تێدا، مشکی تێدا بە موددەی شەش ڕۆژان وەخۆ هاتەوە و دانیشت و نانی خۆی ئەخوارد و ئیسراحەت.
سبەینیٚ حەفتەمین ڕۆژە دەبی بچیتەوە دائیرەی، شەویٚ سەیدی بەتار گۆتی: وەقەبەقازی قالبت ڕەق نییە؟
گۆتی: بەرێوەلاٚ
گۆتی: وەقەبەقازی سبەینیٚ ئاخیر ڕۆژە، ئەمن ئەچم خەراتی خۆ وەرەگرم، ئەتوش دەبی بچیەوە مەحکەمەی، ئەمن بە موددەی حەفت ڕۆژان، دەبی ئەتوو چاك کەمەوە.

---

1– چاکیەکەی: چاکی دەکەی، چاکی دەکەیتەوە.
2– وێیانگۆ: پێیان گۆ، پێیان وت.

ئەوشەو هەندەك مەرحەمێت دە قالبی ئەدەم، قالبیشت بڕەك نەرم ئەبیتەوە و سبەینێ ئەمن خەراتی خۆ وەرەگرم، ئەتوش وەرەوە دائیرەی خۆ.

گۆتی: بەرێوەلاهی قالبم ڕەقە.

دەگۆتی: خۆ ڕووت کەوە. دەرمانت تێدەم، مەرحەمێ.

وەلا خۆی ڕووتکردەوە و بازنێ دەستی گرت و کلکە چێری دەرهینا. گۆتی: وەقەبەقازی قازی، در یان گێچی در خوینی پیری مومبارك نادەی؟

گۆتی: بەقوربانت بم کاکە چم لێکەی؟

گۆتی: وەلا بابت بە سەی ئەگێم، ئەوجاریشی بە کلکە چێران لێدا، هەتا هێخستییە گۆڕێ. ئەوجاریش وەی زانی مردییە، ئەوجا بەجێی هێشت.

سبەینێ سەرەکی بانگی والیدەی کرد گۆتی: بڕۆ کن دوختۆری ئەدی ئۆ لۆ نایێ؟ با بێتە دائیرەی ئەمن بە موددەی حەفت ڕۆژان دەبی چاکی کەمەوە.

– بڕۆ بابێ.

وەکی چوو دیسان وەکی مەیتی لەوێ کەتییە، غاریدا والیدەی گۆتی: وەلا سەرهەنگ کوشتیتی.

کوڕە کو کوشتیتیان؟

وەلا گۆتی: کوشتیتیان.

وەکی هاتن دیسان دەستیان لەسەر دری دانا، دری لێئەدا. گۆتی: دختۆران بینن. یەك دختۆری بێگانەی نەیننە سەرێ، لە دختۆرێ خۆ زیاتر. یەك دختۆری بێگانە نەیانهێشت بێ.

سەیدی بەتاریش خۆ کردەوە دیانەك بەناو بازاڕی دا چوو، لە عالەمێی ئەپرسی: وەلا گۆتیان: نەمردییە! ئەوە دختۆری لەسەرن.

دیسان گۆتی نەمکوشت.

بەوخودایەی گۆتی: ئەوە پشیلەی حەفت ڕووحە، نامری، چی لێبکەم لەو سەگبابەی؟ تەماشای کرد وەلەکە[1] عەرەبەك سواری ئەسپەکی ببوو، چەفیە و عەگالەکی لەسەریە، بە بازاڕی دا هەوراز هات، سەیدی بەتاری چووە بەرایێ. گۆتی: کاکە چۆنی!

---

1– وەلەکە: هەتیوە عەرەبەك،جنێوێکە

گۆتی: باشم.
گۆتی: ئەمن ئۆ پێنج لیرانت بدەمێ، ئەچییە کن وەقەبەقازی، جێی لێی دەرمانەکەن.
ئەو کلکە چێرەی دەرینی برێی وەقەبەقاز قازی، در یان گێچی در خوینی پیری مومبارك نادەی؟!
گۆتی: ئۆندوکە چەندە دە پێنج لیرانم دێ ئەچم وارێم.
بەس گۆتی: کوڕە تا ئەگەیە وێ، کلکە چێرەکەی دەباغەرێ نێ.
گۆتی: وێم دە دەی؟
کلکە چێری دە بەریێ ناو پێنج لیرەی دانێ و کابرای وەلەکە عەرەب لێی دا ڕۆیی.
چووە جێی وەقەبەقازیان لێ دەرمانەکرد. چووە زارکی هۆدەکەی بە سواری وراغی.
کلکە چێری دەرینا گۆتی: وەقەبەقازی قازی در یان گێچی در خوینێ پیری مومبارك نادەی؟
وەقەبەقازی گۆتی: سەرهەنگ بیگرن، ئەوی لەمنی دا ئەوە هەوە. وەدووی کەتن، نە سەرهەنگ ماو نە دختۆر ماو نە ژن ماو نە پیاو ماو هەموو وەدوو ئەو ئەسپ سوارەی کەتن. کەسی لەکن نەما.
جا سەیدی بەتار گۆتی: ئەوجا باشە، چوو سەری لێکردەوە، سەریشی بە قالبی وەنووساندەوە و بە دیواری هەرپەسارد. سەرەکی لەسەر داناوە، خیارەکی لۆ سپی کرد، دەو دەستەی ناو بالیفی دانە بەرێ. قەننەکیشی لۆ تێکرد، پشکۆیەکیشی لەسەر دانا، دەو دەستەی نا، قەننەکە بالیفەکی دابەرێ، لێویشی ئێگجاری بڕین، دانی وەدەر کەتن، وەکی پێکەنینێ. پێئەکەنی دانی گڕ ئەکران، قەننەشی تێکردبوو، خیاریشی سپی کردبوو دەو دەستەی نابوو، ئەوانیش وەدوو ئەسپ سواری کەتن چوون لە دەرەوەی شاری گرتیان کوشتیان.
هاتنەوە، هاتنەوە غورفەکەی تەماشایان کردێ وەقەبەقازی پێئەکەنی، خیارەکیشی سپی کردییە و قەننەشی تێکردییە. سەرهەنگێ گۆتی: والیدە ئیهی بابت!
کابرای سوننی مەزهەبن کوشتییە ئەوا پێکەنی، بەمە پێکەنی، والیدەش چوو پارەکی بە سەرکی وەنا، سەرك کەتە ئێرێهێ.

کوڕە گۆتی: سەرهەنگ بەخوای ئەوی کوشتت کوڕی فران کەسی بوو، هەتا ئەمە چووین کوشتن، ئەو لێرە بەتەنێ مایتەوە و سەری لێکردیتەوە. با گۆتی: کوڕی فران و بەلاش کوشت. ئەوی کوشت.

***

وەقەبەقازی لەکۆر کردەوە و چووە مارێ تەڕلانی، گۆتی: گردەبان چت کردییە؟
کوڕە گۆتی: کچەکەم ڕاست کردیە، لەسەرەتو مەحتەلین.
– کوڕە کو وەیە؟
گۆتی: ئەرێوەلا
چ بکەین چ نەکەین، ئەوشۆ ئەڕۆین هەر چارن. ئەمە پێن ناکرێ ئەو کچەی وەگەرەتو بێخین. ئەمە بەجێ بمینێین، سبەینێ ئەماکوژن، ئەمەش وەگەرەکەوین.
دە گۆتی: زۆر چاکە.
ئۆ ئەحمەد تەڕلان وراغی خۆی هەیە و گردەبان وراغی خۆی هەیە و سەیدی بەتاریش وراغی خۆ هەیە، وراغەکەشیان لۆ فەیرۆزێ پەیا کرد. سعات دوازدەی شەوێ فەیرۆزیان هینا سواری وراغیان کرد و یەکی سواری وراغەکی بوون و هەر چار لێیان دا ڕۆیشتن. بووە هەرا لەشاری!
وەلا گۆتیان: گردەبان و ئەحمەد تەڕلانیش ڕۆیشتینە و وەقەبەقازیشیان کوشت و کچێ سەرهەنگیشیان هەرگرتییە، بووە هەرا لەشاری!
سەرهەنگی گۆتی: یالا وەدویان کەون، خوا لە ژۆری سەرییە گۆتی: دەرچن، یەکو لێ نایەرم![1]
سێ هەزار سواریان وەدوو کەتن، وەدوویان کەتن دەرنەچوون، گردەکی گەورەبوو هەر چار چوونە سەر گردی، هەرچار دەوری گردیشیان گرت، ئەویش لەسەر گردی مانەوە، مانەوە دوو خێمۆکەیان هەردان، ئێکی دوو گونیۆکەیان لێك دروون و هەریان دان، لۆ مارێ فەیرۆزێ و سەیدی بەتار، ئەویش لۆ تەڕلان و گردەبانی، گردەبان و سەیدی بەتار ڕۆژێ داتنە خوارێ یەکی پێنجسەد پارەوانیان ئەکوشت، هێوارانیش

---

1– دەرچن، یەکو لێ نایەرم: ڕزگاریان ببێت، هەمووتان دەکوژم.

**ئەچوونەوە سەر گردی. هەموو ڕۆژێ لە گردی داتنە خوارێ یەکی پێنجسەدیان ئەکوشت، هێوارانیش ئەچوونەوە سەر گردی.**

**سەرهەنگ شڕ بوو پارەوانی وەی نەمان، کەس ناوێرا بچتە شەڕی، عالەمێ خۆ تەقەت ئەکرد[1]، سەرهەنگی دەست بە گریانێ کرد، پیرەژنەکی گۆتی: ئۆ لۆچ ئەگرییێ؟**

**کچێ گۆتی: پیرەژنێ سە، کو نەگرییێم! کەس ما؟ ئەو سەگبابانە کەسیان هێشت؟**

**گۆتی: عەمرت نەمینێ هەوەسم لێبی سبەینێ سوننی مەزهەبت لۆ ئەگرم، لێرەی بە زیندی دەبەردەستانت ئەنێم.**

**کچێ گۆتی: کو وەیە؟!**

**گۆتی: ئەرێوەڵا سبەینێ هەوەسم لێبی لۆتەگرم. ئەمن پیرەژنیشم، ئەتوو ئەو هەموو پارەوانەت هەنە پێی نەوێری، ئەمن بەتەنێ هەوەسم لێبی، ئەیگرم.**

**دە وەڵاهی گۆتی: ئەتوو لۆم بگری، شەرت بی سەرەکت بە زێڕی هەرەکێشم، ئێکیش بە زیوی.**

**دە گۆتی: زۆر چاکە.**

**گۆتی: سەرهەنگ سبەینێ پەنجا پارەوانی عازرکە. ئەمن لەسەر گردی کلکە چارۆگێ خۆ ڕاوەشاند و هەر پەنجا پارەوان بێتە سەر گردی و بە زیندییان سەیدی بەتار تەسلیم ئەکەم.**

**گۆتی: بەقوربانت بم. بەس ئەو پەنجا سوارە پێیەکیان لە عاردی بی پێیەکیان لەناو ڕکێفێ بی، ئەمن کلکە چارۆگ لەسەر گردی ڕاوەشاند و ئەوان هجوم بکەنە سەر گردی، ڕاستیان بە زیندی وێئەدەمەوە.**

**گۆتی: زۆر باشە.**

**پیرەژنێ چ کرد؟ پرتەقالەکی هینا، لەلەی کرد[2] و پڕو پری دەرمانی کرد، پەلکەکەشی بەسەردا داوە، دە باغەرێی نا و ئەوان ئەوە لە شەڕینە گردەبان و سەیدی بەتار. ئەحمەد تەڕڵان و فەیرۆزخانیش ئەوا لەوێنە لەسەر گردینە. بەو لایەدا چووە سەر گردی، چووە سەر گردی و چوو ڕاستی فەیرۆزخانێ، گۆتی: فەیرۆز خان!**

**گۆتی: پیرەژن ئەوە کو گەیشتیە ئێرە؟**

---

1- **عالەمێ خۆ تەقەت ئەکرد: خەڵك خۆی دەشاردەوە، خەڵك خۆی دەپاراست.**

2- **لەلەی کرد: شەق شەقی کرد**

گۆتی: کوڕم هاتیمە نیسحەتەکت لێبکەم.
گۆتی: ئەگەر هێواریێ ئەوی وەدووی کەتی، هاتەوە جەلەویێ بگرە بە دەستەکی، بە دەستەکیش ئەو پرتەقاڵەی لۆ بگرە، ئەگەر لێی وەرگرتی بتباتەوە مەملەکەتی خۆت، ئەوە ئەتووی دەویێ. لێت وەرنەگری بتباتەوە مەملەکەتی خۆش[1]، دەتکاتە جیێ مار، جێیانت پیێ گەسکەدا.
(جا ئاشاك[2] ژن بیێ ئاقرن)
چووە ناو مێشکی، گۆتی: شەرت بی قسەیتی.
گۆتی: پیرەژن پرتەقارەکەی هەگرە بەس بڕۆ لێرە نەمینی.
پیرەژنیش هەر لەویێ هەندەك دڕی و مڕی بەسەرەخۆ دادان و نەهاتە خواریێ لە گردی.
فەیرۆزخان چۆوە بن کەچە گوشەکان، لەوێی خۆ مات کرد، هێوارە داهات ئەحمەد تەڕڵان و سەیدی بەتار هاتنەوە سەر گردی، فەیرۆزخانیێ بە دەستەکی جەلەو گرت بە دەستەکیش پرتەقالی لۆ ڕاگرت.
گۆتی: فەیرۆزخان ئەو پرتەقالەت پێشکێشی خۆ بی، دەستی بە گریانیێ کرد، وەکی دەستی بە گریانیێ کرد لێی وەرگرت و بۆنی کرد. ڕاست بیێ هۆش بوو کەتە بن دەستیێ وراغی.
پیرەژن لەبن قانگەلاسکان[3] هاتە دەریێ و کلکە چارۆگی ڕاوەشاند، پەنجا پارەوانی ڕاست هجوم کرد، ئەحمەد تەڕڵان و گردەبان هەر کە سواری وراغی خۆ بوون، هەراتن.
فەیرۆز خان و سەیدی بەتاریش. سەیدی بەتار گیرایە بیێ هۆشە. ڕاستیان دە کلکیێ وراغی هێخست و ڕایان کێشا. ئەویدیش هەراتن، شەڕەکە بەتار بوو، خەلاس بوو.
گردەبان و ئەحمەد تەڕڵان هەتا شاری ماراتویێ هەراتن. هەتا وێیان لەشکر کەتە دویێ.
هەر چار دەورەی شاری ماراتوێیان گرت. هەموو ڕۆژیێ گردەبان لە شاری داتە دەریێ شەڕی ئەکرد، هێوارانیش ئەچۆوە ناو شاری، بە تاقی تەنیێ فەقیرەی.

---

1- خۆش: خۆیش
2- ئاشاك: حاشاك، دوور لە ڕووی تۆ، پەرژین بێت
3- قانگەلاسك: دارکی کەنگر و ئەو جۆرە گژوگیایانە لە کاتی وشك بووندا

سەیدی بەتاریشیان برد، فەیرۆزخانیان لە سەرجوندانی مارەکرد، برازای سەرهەنگی شامیٚ بوو، ژنەشکەشی[1] هەبوو، سەرجوندانیش پێی ڕازی نەبوو، هێواران ئەچۆوە وێیەگۆ:

ئەتوو وەدوو سینیان کەتی، بابی تـوو ئەوەڵی ئەتوو نەدا مـن، ئەمن زۆرم عـەز لـە تـوو بوو، ئەلعانیش ئەمن ئەتووم ناویٚ، بەو دەردەت ئەبەم. ئەچۆ کن ژنە کەونەکەی.

سەیدی بەتاریش ئێکی گۆتی: کاکە تیرە بارانیـان کـەین! ئێکـی گۆتی: نەئـ بـە گـازی گۆشتی لێکەینۆ.

ئێکی گۆتی: نەئـ بزانم چ لێکەین، دەیسوۆتینین.

پیرەمێردەکـی گـۆتی: نـاوەڵا زینـدانـەك لـە فـران جێیـە، عەزیایـەکی تێدایـە، هـەڕوون هەریدەنە ناو زیندانیٚ و عەزیا دەیخوات و تەواو.

گۆتیان: زۆرباشە، سبەینیٚ ئەچین هەریەدەینە ناو زیندانیٚ.

حوسێنی غازی هاتە خەونیٚ عەزیای ناو زیندانیٚ، کوڕە گۆتی: عەزیا! سبەینیٚ کوڕی من هەرەدەنە ناو زیندانیٚ، هاگات لیٚ بی، عەزیاش لەناو زیندانیٚ، سیٚ جاری خەون دی.

گۆتی: خوابکەم وەبی، کوڕی تۆ بێتە ئێرە هەرچی بریٚ لۆیەکەم.

سبەینیٚ دە کلکیٚ وراغیـان هێخسـت، سـەیدی بـەتار ڕایان کێشا هـەتا سـەر زینـدانیٚ. هەریانـدا نـاو زینـدانیٚ. بـەردەکی گـەورەش بەسـەر کونەکـەیان دادا. بەردەکـە بەسـەد کەس لاناکەت[2]. سەمووونەکەیان[3] دانا و کونەکەیان گرت. ئەوی بە زینـدانیٚ دا چـووە خـواریٚ. عـەزیا گەلـەك گەورەیـە، وەکـی گەیشـتە بنـی وەپشـتی عـەزیای کـەت وەك ئەسفەنجی هەرزەقییەوە.

تاریکە، ئـەو هـەر لـەپی کوتـان، ئـەو عەزیایـە نەرمـە. سـەیدی بـەتار گـۆتی: نـەرمایی ئەتوو، ئۆچی؟!

گۆتی: ئەمن عەزیامە، بەس ئەتوو چی؟

وەڵا گۆتی: ئەمن سەیدی بەتاری کوڕی حوسێنی غازیمە.

گۆتی: یاخوا بەخێرێی سەرچاوم بەخێرێی، فەرموو بخوازە ماری دنیاییٚ.

---

1- ژنەشکەشی: ژنێکی کەشی، ژنێکی تریشی

2- لاناکەت: لا ناکەوێت، لا نابرێت.

3- سەمووونە: مەبەستی سەر یان قەپاغە

جا گۆتی: ئەمن ماری دنیایێ لۆ چییە؟ عەزیا ئەگەر ئەتوو ڕاستەکەی بمبەوە سەر دنیایێ.
گۆتی: هەر ئەوەندە؟
گۆتی: ئەرێوەڵا
دە وەڵا گۆتی: ئەوەندە هەر چ نییە، گۆتی: دوو قۆچم هەنە، ببینەوە قۆچەکان سواری جۆتکەی ملانم بە. دەستم دە قۆچان بگرە، کوڕە ئەمن وە زیندانێ هەرەگەڕێم، بەرنەبییەوە. جارێ دی وەکی ئەتویان هەردا خوارێ وەمن کەتی وەپشتێ من، ئەمن وەك ئەسفەنجیمە، ئەوجا ئەمن وە زیندانێ هەرەگەڕێم ئەمن وەخوارێ نامینێم. بەربییەوە، ئەمری ها!
وەڵا گۆتی: ئەگەر قۆچت لێ هەربقەنێن، دەنا ئەمن بەرنابمەوە.
خۆی هەردا سەر جۆتکەی ملان و دەستی دە قۆچان گرت و عەزیا وێ هەرگەڕا. عەزیا وێ هەرگەڕا هەتا ئەو کەین و بەینەی کرد شەو داهات.
چۆوە سەر دنیایێ تەماشای کرد مانگە شەوە، بریقەی ئەستێرانە. مانگە شەوە، مانگ لە چاردەیە، گۆتی: عەزیا وەرە دەرێ.
گۆتی: لۆ؟
گۆتی: وەرە دەرێ بتبینم، لە دەرێ بتبینم.
گۆتی: جێم نابێتەوە لەسەر دنیایێ، گەلەك گەورەمە.
گۆتی: وەرە دەرێ، بەخوای دەبی بتبینم.
عەزیا لەبەر دری وی هاتە دەرێ، هەر هاتە دەرێ هەر هاتە دەرێ، دەورەی زیندانێ پڕ بوو، گۆتی: سەیدی بەتار خارەکم لە ناوەندێ پشتێیە. ئەگەر خارەکە دەرکەوت ئەوە نیوەیە. وەکی تەماشاکا تازە خارەکە دەرەکەوی، دەورەی زیندانێی پڕ کردیە.
پەککو گۆتی: عەزیا ئەوە نیوەیە؟
گۆتی: ئەرێوەڵا
گۆتی: جێت ناو زیندانە، نێیە سەر دونیایێ کوڕە! ئەتوو جێت نابیتەوە. ئەدی ئەو خارە چییە؟

گۆتی: وەڵا ئۆ دوپشکەکی پێوەدایمە، هەموو سارێم لێ بیتە تیراوە.[1] پەنجەی خۆی تەڕ کرد و بەخارەکەی وەناو چا بوو. ڕەش بۆوە، دوعابوونی لە عەزیای خواست و عەزیا چۆوە ناو زیندانێ و ئەویش لەسەر زیندانێ تەماشای کرد، گاڕانێ بەرازان هات، (ئەو دیانانە بەرازیان وەختی خۆی هەبووینە بەرازێ کەیی)[2] گاڕانەك هات هەموو بەراز بوون.

گاوانیشیان لەدوو بوو، ئەویش برسی بوو، گۆتی: دەبی ئەو گاوانە نانەکم نەداتێ؟

گاوان هاتە دەورەی زیندانێ، ئەویش چووە کن گاوانی، خۆی هینا سەر شکلی دیانەکی، چۆ کن گاوانی، گۆتی: گاوان ماندی نەبی!

گۆتی: خۆشبی.

گۆتی: گاوان نانەکم نادەیێ؟

گۆتی: نەوەڵاهی گووشت نادەمێ!

گۆتی: لۆ؟

گۆتی: دونێ سوننی مەزهەبەکیان هەردایتە ناو ئەو زیندانەی، ئەو زیندانەی ئەبینی؟ بڕۆ لە شاری شامێ، سەیرانەکە، سەگ پراوو گۆشتی ناخوا.[3] ئەمن دوو نانی ڕەقم وێنە. نانی من لۆچ ئەخۆی، لۆ ناچی لۆ خۆ لە شاری نانی بخۆی؟

گۆتی: گاوان ئەمن چیشم بە گۆشت و پراوی دانییە، یەك نانم دێ؟

گۆتی: بەخوای ناتدەمێ.

ئەتدەمێ، ناتدەمێ؟ لێیان بووە کێشە.

وەڵاهی گۆتی: دەبی شەرت بی بابت بگێم.

لەکنی دانیشت و گۆتی: گاوان ئەو گاڕانە ئی کێیە؟

گۆتی: ئی مارێ سەرجوندانێیە، فەیرۆزخانیشیان لێ مارەکردییە، پێشی ڕازی نییە، هەموو هێواران وەکی دێتەوە مستەکی لێ ئەداو ئەچێتە کن ژنە کەونەکەی. ئەجا ئەمن

---

1- تیراوە: برینێك کە کێم و زوخاوی لێ بێتە دەر

2- کەیی: کەویی، ماڵی؟ چونکە بەرازی کێوییش هەیە.

3- سەگ پراوو گۆشتی ناخوا: (ئیدۆمە) بە مانای ئەوە دێت کە خواردنەکە هێندە زۆرە، تەنانەت سەگیش لێی بێزار بووە و نایخوات.

هێواران وەکی ئەچمەوە گوێی بەرازان ئەگرم و فەیرۆزیش دێ دەیاندۆشی بە چاوێ بە فرمێسك، چەند خۆشە.
گۆتی ئۆ ژنێ منیان لە ئێشکەش مارەکردییە!
ئێ ئێ گۆتی: گاوان ئەو گاڕانەی کو ئەبەیوە؟
گۆتی: خۆ ئەمن خڕیان ناکەمەوە، ئەو مالۆسە[1] شینێهێ ئەبینی؟ ئەو کوتکوکێهێ ئەبینی، هێواران کوتکۆکەکی لێدەم و دەست بە هێڕە هێڕێ ئەکا و هەمووی وەدوو ئەکەون و ئەچنەوە ناو حەوشێ ماریێ سەرجوندانی و ئەمیش ئەچم گێیانیان لۆگرم و فەیرۆزیش دێ دەیاندۆشی بە چاوێ پڕ گریان.
وەڵاهی گۆتی: گاوان! ئەو کوتکۆکەت زۆر عەنتیکە دروست کردیە، گەلەك ژیکەلەیە، هەر ئەوهەی لێ کرد سەیدی بەتار، ئەوهەی لێکردێ کوتکەکی لەبنی گوێی گاوانیدا ڕاست بەربۆوە. بەربۆوە و توورەگەی لە قونێ کردەوە و هەردوو نانەکەی خواردن، ئیسمەکی لەخۆ خویند خۆی هینا سەر شکلی گاوانی. بەردیشی هینان مەیتی گاوانی دەبن بەرداندا بزر کرد. خۆی هینا سەر شکلی گاوانی، هێواریێ هێشتا سێ سعاتی ڕۆژ مابوون، کوتکەکی لە مالۆسە شینەکەی دا، هەردوو نێکی[2] پاشەی شکاندن. مالۆسێ بەستەزمان دەستی بە هێڕە هێڕێ کرد هەموو کودەرە[3] و مودەرەی وەدووکەتن، هەتا ناو حەوشێ ماریێ سەرجوندانی. سەیدی بەتاریش خۆی هینایتە سەر شکلی گاوانی. فەیروزخان نزانی، نزانی مایە، لەکنی وێیە عەزیای خواردیە و هەریاندایتە زیندانێ.
وەڵا چوو بە قسێ گاوانی کرد، گوێی لۆ گرتن و ئەویش دەیدۆشی، هەتا هەمووی دۆشین و وەختەکێ سەرجوندان هاتەوە گۆتی: گاوان بەخێرێیەوە.
گۆتی: خۆشبی سەلامەت بی.
مستەکی لە لووتی فەیرۆزخانێ دا، گۆتی: بێناموس ئەووەڵی زۆرم ئەتوو خۆش دەویست، بەس بابی توو ئەتوی نەدامن، ئێستاش ئەتوو وەدوو سوننی مەزەبان کەتی، ئەمن ئەتوم ناوێ، چۆ کن ژنە کەونەکەی.

---

1- مالۆس: بەرازی مێینە
2- نێك: نك، کەلەکە
3- کودەرە: کودەڵە، بەچکەی بەراز

سەیدی بەتاریش کەچە جلکەك لەبن قادرمان ڕاهێخسترابوو، وەڵاهی گۆتی هەبی و نەبی ئەوە جێی گاوانییە، چوو لەسەر جێیەکەی پاریداوە.
فەیرۆزخان هاتە خواریٚ دەستی بە گریانیٚ کرد.
گۆتی: گاوان!
گۆتی: بەریٚ
گۆتی: تۆبەشقیٚ[1] خوای، ئەو زیندانەی سەیدی بەتاریان هەردایتیٚ پێنزانی؟
گۆتی: بەرێوەڵا
گۆتی: دەوەرە پێشانم دە، یەك کۆتکە زێڕت ئەدەمیٚ.
وەڵا گۆتی: ئەمن نایەم بەو شەوەی ئەمن نایەم.
گۆتی: گاوان دوو کۆتکە زێڕانت ئەدەمیٚ!
گۆتی: وەڵا ئەمن پارە خەوەکی خۆ، بە هەزار کۆتکە زێڕان نادەم، نایەم.
گۆتی: کوڕە گاوان بیکە ڕاهی خوای، ئەمن دە حارەکی زۆر خەراپ دامە، ئەمیش خۆ هەرەدەمە زیندانیٚ، با عەزیا ئەمیش بخوا.
وەڵا گۆتی: ئەمن نایەم، بەس سبەینیٚ وەکی گاڕانم دەرکردە دەریٚ، ئەتوو دەگەر گاوانی وەرە و لەویٚ پێشانت ئەدەم.
گۆتی: زۆر باشە
سەیدی بەتار گۆتی: بزانم بەسەریکەمەوە، خۆ هەرەداتە ناو زیندانیٚ یان نا!؟ ئۆ سوانی فەقیرەی ئەوە سەیدی بەتارە و گاوانی کوشتییە و...
وەڵا سبەینیٚ وەکی گاڕانی دەرکرد، فەیرۆزخان وەگەر گاڕانیٚ کەت، چوونە سەر زیندانیٚ، گۆتی: ئەو کونە هەوە. چەندی کردی نەوێرا خۆ هەرداتیٚ، گۆتی: گاوان!
گۆتی: ها!
گۆتی: ئەواچم چاویٚ خۆ بەستم، نەگۆڕێم تا ئەکەومە ناویٚ.
گۆتی: کەیفیٚ خۆتە.

---

1- تۆبەشقیٚ خوای: سوێندێکە

چاویٚ خۆی بەستن ئەو کچە لە گوڕ دات لەسەر زیندانیٚ، ڕاست پڕیەدا دامەنیٚ و نەیدیٚشت بکەویتە ناویٚ. ڕوحیە چوو نەیدیٚشت بکەویتە ناویٚ. گۆتی: گاوان ئەمن دوو کۆتکە زیٚڕم داینە توو، ئەتوو چیشت بە من دایە ئەمن خۆ هەرەدەمە ناویٚ؟!

– ئیٚستا ئەگەر سەیدی بەتار مابی چاکەی ئەتو؟

گۆتی: سەیدی بەتار مایە؟

گۆتی: ئەگەر مابی!

گۆتی: نەمایە.

گۆتی: ئەجا ئەگەر مابی؟

وەڵا گۆتی: مابی سەری بابی خۆی لۆبڕم و سەری میٚردی خۆی لۆبڕم، ئەجا وەگەری ئەکەوم.

ئیسمەکی لەخۆ خویند و خۆی کردەوە سەیدی بەتار.

گۆتی: ئەتوو سەیدی بەتاری؟ ئەدی ئەکا گاوان؟

گۆتی: وەرە. وەرە بەردەکەی هەردانەوە و گۆتی: ئەوەش مەیتی گاوانی.

گۆتی: باشە ئەتوو کو هاتیە دەریٚ لەو زیندانەی؟!

کوڕە گۆتی: خوا کو ئەمن ئەکوژی لۆ ئەو سەیانە، ئەمن هاتیمەوە دەریٚ.

گۆتی: خۆ بکەوە گاوان.

ئیسمەکی لەخۆ خویند و خۆی کردەوە گاوان. گۆتی: هیواریٚ بەرازان دەینییەوە وەکی جاران ئەمن دەیان دۆشم. وەکی سعات بووە ئیٚکی شەویٚ، میٚرد هاتەوە خەوی لیٚکەت، دەیکوژم. ئەچمە ماریٚ بابی، بابیش ئەکوژم. ئەتوش دوو وراغان لە تەویلیٚ ماریٚ بابی من عازرکە و ئامادەبە.

– ئیٚە باشە.

فەیرۆز خان چۆوە، ئەویش هیٚواریٚ گاڕانی بردۆوە و بەبیٚ هەستی لەجیٚی گاوانی دانیشت و فەیرۆزخان هات دۆشینی و لەسەر جیٚی پاریداوە.

سعات ئیٚکی شەویٚ، فەیرۆزخان وەخەبەرهات و ئەویش چوو دەگەر ژنیٚ کەون نووستبوو. شیرەکی لەسەریدا ڕاست سەری لیٚ کردەوە. ڕۆیی لۆ لای ماریٚ بابی. حەرەسان تیٚخوڕی کیٚیە، کیٚ نییە؟

گۆتی: بەریٚ ئەمنم ئەچمە کن بابم.

ئێ ئاخر کچێ سەرهەنگیە، ئیزنیان دا. چوو، وەکی چوو، بابیشی لەسەر تەختی خەو لێکەتبوو، شیرەکی لەسەریدا سەرێ ویشی لێکردەوە. سەیدی بەتاریش دوو وراغ لە تەویلێ مارێ سەرهەنگی هینانە دەرێ دوو وراغی چاك و یەکی سواری وراغەکی بوون و ڕاست لێیاندا ڕۆیشتن.

بڕڕۆ بووە هەرا. وەڵا گۆتیان: سەیدی بەتار لە زیندانێ هاتیتە دەرێ، فەیرۆزخانیشی برد و سەرهەنگیشی کوشت و سەرجوندانیشی کوشت و ڕۆیشت.

لەشکریان کەتنە دوێ، پێی چ نەبوو ناوە ناوە لێیان ئەگەڕاوە و دە پازدە بیستەکی ئەکوشتن و ڕۆیشتن.

گردەبانیش لەشاری ماراتوێ ئەوەندە ماندی بووە، دوو سێ جار بریندار بووە. شەوێ دەیکردە هەرا توندیان ئەگرت نەیاندێشت بچیتە دەرێ، وێیانەگۆ بەو خوایەی بڕوا شاریش هەموو تارانەکا. گەیشتە کن سەلماسی، سەیدی بەتار نەعرەتەکی لێدا گردەبانی دەخەوێدا گوێ لێبوو. گۆتی: هات. هاتەوە هاتەوە توندیان گرت، ئەحمەد تەڕلان و وان توندیان گرت، گۆتیان: شێت بووە لە شەڕی شێت بووە.

کوڕە گۆتی: با بچم شێت نەبوویمە، هات.

کوڕە گۆتیان: سەیدی بەتاریان هەردایتە زیندانێ، ئەتوو ئۆ دەرێی لێت شێوایە.

گۆتی: بەقورعان هات. ئەوجا نێزیك بوو لە شاری ماراتوێ ئەوجا نەعرەتەکی لێدا، هەموو قەومی شاری ماراتوێ گوێ لێبوو.

گۆتیان: ئەشەدوبیللا شێت نەبووە هات، ئەوجا کاکە هاتنە بەرایێ، بەهۆردوکان[1] وەناو ئەو لەشکرەی کەتن ئێکیان نێشت و هاتنە ناو شاری ماراتوێ و لێ دانیشتن.

ئیسراحەتەکی چاکیان کرد، ئەجا گۆتی: گردەبان ئەدی والیدە؟

خەمی والیدەت نەبی، دەیبینمەوە لە چیایانە.

گۆتی: مادەم سەرهەنگ کوژرا، سەرجوندان کوژرا، وەقەبەقازی کوژرا نەوێری بچتەوە شاری، ئەمن لۆت ئەبینمەوە.

---

1- هۆردوك: هەردوك، هەرتك

گردەبان سبەینێ سواری وراغی بوو ئەو شاخی ئەنۆڕی، ئەو شاخی ئەنۆڕی، هەتا دیتییەوە. جێیەکەش کووە؟ ئەوە شاخە، لێرە کونەك هەبوو سەری هەر هەردێرە، بنی هەر هەردێرە، کەسیشی ناگاتیێ، برندیشە.
گۆتی: دیمەوە، دیمەوە، بەرا هەجەڵێ ئەحمەد تەڕلانی هاتیە گردەبانی وەگۆ.
ئەحمەد تەڕلانی گۆ: لۆ؟
گۆتی: وەلا ئەمن داتەنێم لەخواریێ، مندارەکی فڕەدا بۆ لای توو، پێت ناگیرێتەوە دەتکوژم. پێت نەگیرێتەوە ئەتکوژم.
گۆتی: بەو خوایەی دەنا هەریداتە خواریێ، پێم ناگیرێتەوە.
گۆتی: بەو خوایەی پێت نەگیرێتەوە، ئەتکوژم.
سبەینێ گۆتی: خوایە خێریێ مەولودیێ پێغەمبەرم لەسەر بی، بەس پێم بگیرێتەوە.
سەیدی بەتار و ئەحمەد تەڕلان و گردەبانیشن، گردەبان لەوسەری ڕاوەستا، ئەحمەد تەڕلان لەوسەری ڕاوەستا. سەیدی بەتاریش چۆ سەر شاخی بانگی کا.
بانگی کرد: گۆتی: والیدە، ئەتوو ئەو مندارانە چ لێکەی؟
گۆتی: کاکە ئەتوو هەر وازم لێنایینی، بیگرەوە ئەوە هات. مندارەکی تێفڕێدا لۆ لای خواریێ، لەو هەموو شاخەی هەرداخواریێ. ئەحمەد تەڕلانی بەستەزمان چاوی لەحاسمانێیە بیگریتەوە.
چۆکی لەو بەردیەداو لەو داریەدا هەموو چۆکی بریندابوون. خوا ڕوحمی کرد کەتە ناو ئامێزیێ، گرتییەوە. شادەکی بەحەقی هینا.
ئەوجا بانگی کردەوە دیسان گۆتی: ئەجا والیدە ئۆ ئێکت کوشت ئەوی دی چ لێکەی؟
گۆتی: بیگرە ئەوە هات. لۆ لای گردەبانی فڕێدا، گردەبان بەیەك لەپی گرتییەوە.
گۆتی: ئۆ مندارەکەت کوشتن، ڕوحیێ خۆ کێوابەی؟
لەکنی وەبوو لەخوارێی بانگ ئەکەن، بەروە[1] لای سەرێی خۆ تێفڕێدا ڕاست کەتە ئامێزی سەیدی بەتار، ئەویشی گرتەوە هینایە خواریێ لە شاخی. گردەبانی گۆتییە من، ئەمن مندارەکی لە پێشەخۆ دانێم، ئەحمەد تەڕلانیش مندارەکی لەپێشەخۆ دانیێ،


---

1- بەروە: بەرەو

سـەیدی بـەتار ئـەتوش والیـدەی دە کلکـیٚ وراغـی خـۆ بیٚخـە، بـزانین کیهـە پیٚشـیٚ ئەگەینەوە ماریٚ.

دە کلکـیٚ وراغـی هیٚخسـت، ئـەوانیش ئیٚکـی منـدارەك لەپیٚشـەخۆ دانـا و کردیانـە پیٚشبڕکیٚ. جا سەرکی وەو بەردی ئەکەت، وەو بەردی ئەکەت، هـەتا گەیشتـەوە شـاری مـاراتویٚ، نیـوەی ڕوحیٚـی چـوو. لـەویٚش مەنجەنیقـەکی لـۆ هـەرکرد بـەداران، لـەناو مەنجـەنیقیٚی بەسـتەوە، داریشـی لەسـەر کردنـە بارخانـە، نـەفتی پیٚـدا کـرد و ئـاگری تیٚبەردا.

والیدەش دەویٚدا سۆتا، ئەوانیش پیٚك شادبوونەوە لەویٚ و هەقایەتیشم بڕا و چم پیٚنەبڕا، خواحافیز و خۆش هاتن.




**(ئەم نەخشەیە لە لایەن مامۆستا "کامەران وەلی"یەوە بۆ دکتۆرانامەی (رستە لە شێوەزاری خۆشناوەتی دا)ی مامۆستا "خەسرەو ئەحمەد" وێنە کێشراوە، بە سوپاسەوە بۆ هەردووکیان بۆ یەکەمینجار لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.)**